**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩

١٩٩٣ ـ بەرگی نۆیەم

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

له بڵاوكراوەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
پرۆتۆكۆڵەكان
١٩٩٣ـ بەرگی نۆیەم

چاپی یەكەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان: ٢٠٧

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٦ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٧ ——— ل١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٨ ——— ل٦١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٩ ——— ل١١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/٢ ——— ل١٥٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/٣ ——— ل٢٠٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/٤ ——— ل٢٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/٥ ——— ل٢٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/١٠ ——— ل٣٣٧


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/١٢ ——— ل٣٤٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/١٣ ——— ل٣٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/١٨ ——— ل٣٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/٢٤ ——— ل٤٢٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/٢٥ ——— ل٤٥٩



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێکی
# خولی دووەمی ساڵی (١٩٩٣)

**یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٦**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێکی
# خولی دووەمی ساڵی (١٩٩٣)
## یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٦

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٦ ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی دەسپێکی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە راددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- دەست پێکردنی خولی دووەمی ساڵی (١٩٩٣)ی پەرلەمان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خوشک وبرایانی خۆشەویست، بەبۆنەی دەست پێ کردنی خولی دووەمی ساڵی دووەم، بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەوە بەخێر هاتنێکی گەرمتان دەکەین، هەرچەندە لە ماوەیەکی کورتی خولی دووەمی پێش ئێستا سێ خولمان تەواو کرد، لە خولەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی لەو ماوەیەدا کۆمەڵێ یاساو بریاری گرنگمان لەم ئەنجوومەنە دەر هێناوە، لەو یاسایانەی کە هەمیشە شانازی پێوە دەکەین وەکو ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان، بریاری فیدرالیەت ویاسای دەسەلاتی داد پەروەری و، ئەگەر ئەزموونەکە دروست بێت یاسای شارەوانییەکان و یاسای راگەیاندن وکۆمەڵێک یاساو بریاری گرنگ کە هەر یەکەیان گرنگی مێژوویی خۆی هەیە، هیوادارین لەم خولەشدا چ ئەم یاسایانەی کە ئێستاکە ئامادە کراون چ یاسا و بریارێ کە ئەگاتە ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان بە هەمان پشوو وگیان ئامادە بکرێن. وەکو ئاگادارن خولەکانی پێشتر زیاتر تەرخان کرابوون بۆ ئەو جۆرە یاسایانەی کەپەیوەندیان زیاتر بە دەزگای بەڕێوەبردنەکانی خۆمانەوە هەبوو یان روونتر بڵێین ئەو یاسایەی کە پێویست بوو پەلەی لێ بکەین وەکو یاسای وەزارەتەکان، یاهەندێ یاساو بریاری ترکە زۆر گرنگ وپێویست بوون، بەبۆچوونی ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان لەم خولەدا دەبێ زیاتر جەخت لەسەر پێداویستییەکانی خەڵک بکات، چونکە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری ئەم خەڵکەن، بەپێویستی ئەزانین لەمەودوا زیاتر کێشە و ئازارەکانیان دەست نیشان بکەین و هەوڵ

بدەین بەڕێوەبەرایەتیەکان ودام ودەزگاکان چارەسەریان بکەین. دەبێ لەمەودوا کتلەکان ئیش وکاری خۆیان ڕێک بخەن تاکو هەموو گیروگرفتەکان چارە بکەن وکاروباری خەڵک جێ بەجێ بکەن و بە باشی بەدوای ئیش وکارەکانی حکومەتی هەرێم بکەون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە تازە بابەت نییە، ئێمە هەردوو فراکسیۆن ڕێکەوتووین لەسەر پێک هێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەو دەست درێژیانەی کە گوایا لەسەر ئاشوری یەکان و مەسیحیەکان لەکوردستان کراون. ماوەیەکە هەردوو فراکسیۆن ڕێک کەوتوون کە لیژنەکە پێک دێت تا ئێستا نازانم لەبەر کۆبوونەوەی ئەنجوومەن پێک نەهاتووە ئەمە یەک، تازە بابەتی دووەم ئەگەر دەکرێت ئەوا سەرۆکی ئەنجوومەن ودەستەی سەرۆکایەتی وەزیرانیش لێرەن، من پێشنیار دەکەم برادەرانی نوێنەرانی ناوچەی دهۆک و نوێنەرانی هەردوو فراکسیۆن باسی وەزعی نالەباری ناوچەکە بکەن، بەهۆی ئەوەی کەنزیکەی دوو مانگە کارەبایان نییە، من پێم وایە خراپ نییە، چونکە تا ئێستا نە لە پەرلەمان باسمان کردووە وەکو پێویست، ئەگەر ڕاست بێت لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش باس نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ بابەتی لیژنە پێکهێنان بۆ کێشەی برا ئاشووریەکان، ئەوە دەمێکە بڕیارێکی لەم بابەتە هەیە، ئەو کاتەی کە ئەو بڕیارە درا پەرلەمان لەپشوودان بوو، ئەمە ڕۆژی یەکەمە کە ئەم خوولە دەکرێتەوە، بۆیە لەڕاستیدا بۆ دانانی لیژنە، دەبێ هەردوو فراکسیۆن نوێنەری خۆیان دەست نیشان بکەن بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئەو لیژنەیە دەست بکات بە ئیش وکاری خۆی.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆبوونەوەی ئەمڕۆ کرا ئێمەش کۆمەڵێک تازە بابەتمان هەیە، بەڵام دوامان خستووە بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو، لەبەر ئەوە ئەگەر بێتو ئەو مەسەلانەی کە باس کران هەر چەندە بڕیاری پێشوو هەیە مەسەلەیەکی گرنگە، ئەگەر وا بکەین ئەمڕۆ هەردوو فراکسیۆن ئەو لیژنەیە پێک بهێنن ولەڕۆژانی داهاتوودا گفتوگۆی لەسەر بکەین و هەندێ مەسەلەی تر هەیە بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو. لەبەر ئەوەی ئەو کۆبوونەوەیە دانرا بوو کە کۆبوونەوەی کردنەوە بێت، من حەز دەکەم بە ناوی فراکسیۆنی کەسکەوە بەبۆنەی کردنەوەی خولی نوێی پەرلەمانەوە زۆر بەگەرمی پیرۆز بایی لە خۆمان و لەکۆمەڵانی کوردستان بکەین پێخۆش حاڵی خۆمان دەربڕین وەکو کۆبوونەوەکانمان دەستی پێ کردووە و هیوادارین لەسەر ئەو ئەرک و فەرمانانەی کە لەکۆبوونەوەکانی پێشوودا دەستمان پێ کردووە لە ماوەی ڕابوردو بێگومان کۆمەڵێک یاسا و بڕیار دراوە کە هەنگاوێکی گەورە بوو لەپێناوی چەسپاندنی ئاستی یاسا و فەرمانڕەوایی لە ناوچەکە، هیچ گومانیشم لەوەدا

نیـیـە کە هەندێ لەو یاسـایانە کـەم وکـوڕیان تێدا بووە، گـرنگ ئەوەیە ئەو یاسایانەی بڕیاریان لەسەرە ئەگـەر کـەم وکوڕیان تیـابێ پێویستـە هەوڵ بدەین لە داهاتوودا راستیـان بکەینەوە، کەوا لەلایەن دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە راپەڕێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی /سـەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

گەرمـترین پیرۆزبایی لە خۆمـان وگەلی کورد دەکەین و هیـواداریـن لە خولی دووەمی پەرلەمـانی کوردستـاندا هاوکاری نێـوان حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان و پەرلەمـانی کـوردستـان زیاتر و بە هێزتر بێ وپتەوتر بێت بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەپێناوی سەرخستنی ئەم تاقی کردنەوەیەدا، جێگای شانازی هەمـوومانە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم تاقی کـردنەوەیە بەرەو پێشەوە ببەین بە هاوکاری نێوان حکوومەت وکۆمەڵانی خەڵکی کوردستـان و سەرکردایەتی سیاسی حزبە تێکۆشەرەکان .ئێمە وەکو حکـوومـەتی هەرێمی کـوردستـان ئەمـڕۆ کابینەی دووەمی حکوومـەتی هەرێمی کوردسـتـان (٥) پێنج مـانگە دەست بەکـار بووین، لەو مـاوەیەدا توانیـومـانە زۆربەی زۆری ئەو بەرنامەی ئاراستەی پەرلەمانی بەڕێزمان کرد کە جێبەجێی بکەین چ لە تەرخان کـردنی یارمـەتی بۆ کـەس و کـاری شـەهیـدان و، هەروەها لە هەوڵدان بۆ کـۆنتـرۆڵ کـردنی داهاتی کـوردسـتـان کـە ئێسـتـاکـە دەتوانم بڵـێم زیاتر لە جـاران کـۆنتـرۆڵ کـراوە، ئەگـەر لـەگەڵ پێشـوودا بەراوردی بکەین هەوڵی چاک دراوە بۆ یەکخستنی هێزی پێشمـەرگەی کوردستـان و هەروەها لە باری ئاسـایشـیشـەوە کاری باش کراوە و وەزارەتی ناوخۆ لە هەمـوو پارێزگاکـان کۆبوونەوە وکۆڕی گێڕاوە بۆ ئەوەی باری هێمنی چاک بکرێت و، دەربارەی گـوزەرانی خەڵکی کـوردستـانیش بایەخی زۆری پێـدراوە لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووری یەوە کـە باری خـەڵـک چاک بکەین، هەروەها لە وەزارەتی پیشـەسازیش هەوڵ دەدەین کارگەکانمان چاک بکەینەوە و هەوڵ دراوە کـارگەی چیمـەنتـۆی سەرچنار چاک بکرێتەوە کە ئێستاکە بە بەردەوامی ئیش دەکات، دەتوانم بڵێم ئێستا چیمەنتۆ لە کـوردسـتـان بە شـێوەیەکی باش هەیە کە پێویـستی خۆی پێ جێ بەجێ بکات. باری حکوومـەت لەومـاوەیە بەرەو پێش چووە، هەمـوو خـەڵـکی کـوردسـتـانیش و بەڕێزتـانیش تێبـینیـتـان کـردووە، ئەوەی کـاک فـرەنسـۆ باسی کـرد کـارەبای دهۆک ئێـمـە لەلایەن خـۆمـانەوە لەلایەن سـەرۆکـایەتی ئەنجـوومەنی وەزیرانەوەو لەلایەن وەزارەتی هاوکاری و پەیوەندیەوە چەندین یادداشتـمـان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان وئەنجوومەنی ئاسایش وڕێکخراوە خێر خوازەکان کردووەو لەگەڵ M.C.C قسـەمـان کـردووە و هەوڵی زۆرمـان داوە هەر وەفـدێـک سـەردانی حکـوومـەتی کـردبێ قـسـەی لەگـەڵ کـراوە لەو بارەیەوە، وخـۆشـمـان وەکـو حکوومـەتی کـوردسـتـان هەتا ئێـسـتـاکـە (٤) چوار ملیـۆن دینارمـان سـەرف کـردووە بۆ کـڕینی مـۆتۆڕی کـارەبا بـۆ ئۆردوگاکـانی دەوروبەری دهۆک وناوشـاری دهۆک، بۆ ئەوەی کە بەلایەنی کەمەوە ئاوەکەیان بۆ دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا ئەمە بەرنامەی ئەمڕۆمان بوو، بۆ بەیانی سەعات (١٠) دانیشتنمان دەست پێ دەکات، لەسەر ئەو بەرنامەیەی دەست نیشان کراوە و، ئەو پێشنیارەی کە هەیە باسی هەموار کردنی یاسای ژمارە (٢) بکرێت، هەروەها یاسای هەڵگرتنی چەک کەوا ماوەیەکە تەواو بووە، یاسای چەکیش لەمێژ نییە تەواو بووە ماوەیە کێشەکە گەیشتۆتە پەرلەمان لەو کاتەش کە گەیشت لە پشوودا بووین لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەی یاسا لە کاتی پشوودانی پەرلەمان ئیش و کاری ئەو یاسایەی کرد کە نزیکەی(١٠) ڕۆژە ئامادەیە، هەروەها یاسای حزبەکانیش تەواو بووە. بەم شێوەیەش دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو زۆر سوپاستان ئەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)

دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## کۆبوونەوەی یەکەم/ دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٧

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٧ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە (١) خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردن لەسەر هەموار کردنی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵ ١٩٩٢.***
***٢- بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای چەک.***
***٣- بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای کۆمەڵەی مانگی سوور.***
***٤- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای حزبەکان.***
***٥- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان (٤) خاڵە جگە لە تازە بابەت، وابزانم خاڵی (٢) گەر مۆڵەت هەبێت خاڵی دووەم تەواو بکەین، چونکە پەیوەندی بە کاک (بطرس)ەوە هەیە، کەوا بێت ئەمە پێویستە ئەمە بە زووترین کات تەواو بکەین.

وەکو ئاگادارن وجێگای داخ بوو ئەندامی پەرلەمان کاک فرەنسیس یوسف شابۆ شەهید کراو ئێستا بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لە جیاتی، ئەو بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کاک بطرس سخریە هرمزیان پاڵاوتووە بۆ ئەم جێگایە، ئەمەش دەبێ دەنگی لەسەر بدرێ بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین تا کاک بطرس سخریە هرمز لە جێی ئەو ببێتە ئەندامی پەرلەمان، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە کاک بطرس سەخەریا هورموز ببێتە ئەندامی پەرلەمان؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە زۆربەی دەنگی هێنا و ئێستا با بفەرمووێ سوێندەکەی بخوات.. فەرموو.

**بەڕێز بطرس سخریا:**

«اقسم بالله العظيم ان احافظ علی وحدة شعب و ارض کردستان العراق ومصالحها العليا».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەخێر هاتنی کاک (بطرس

سخريه) دەكەين، هيوادارين ئامادە بوونى لە نێو پەرلەماندا مايەى خێرو بەرەكەت بێت و جێگاى كاك (فرنسيس يوسف) پڕ بكاتەوەو، بەگيانى برايانە و تەبايى كارى خۆى ئەنجام بدات لە پەرلەمانى كوردستاندا دووبارە بەخێرهاتنى دەكەين.
با بگەڕێينەوە سەر بەرنامەى خۆمان، ئەگەر شتێك هەبێت لەلايەن هەردوو فراكسيۆنەكانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەريم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەتازە بابەتدا مامۆستا مەلا تەها ئەيەوێت باسى كێشەى دەرامەت وگرانى بارى ژيان لە هەندێ ناوچەدا بكات، هيوادارم هەندێ بوارى پێ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەريرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەگەر لەسەر تاك ديناريش قسە بكرێت خراپ نييە، چونكە وەكو بيستوومە بانقەكان و كارەباو داهاتى حكومەتى هەرێم، تاك دينارى كاغەز وەرناگرن وباس بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

دوێنێ پێشنيارێك هەبوو دەربارەى ئەوە كە دووبارەى بكەينەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەريرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

دوێنێ (٢) خاڵ هەبوون، يەكێكيان لەسەر پێك هێنانى ليژنەى پەرلەمانى كە بچێت لەوە بكۆڵێتەوە، هى ئەو دەست درێژيەى كرايە سەر مڵك ومالّى ئاشووريەكان و گاورەكانى كوردستان وخالّى دووەم باسى كارەباى دهۆك بكەين و، حەزمان دەكرد لەگەڵ برادەرانى هەردوو فراكسيۆن نەختێك قسە بكەين لەسەر كارەباى دهۆك و وەزعى نالەبارى خەڵكى ئەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئێستاكە چوار خاڵە كە، ئەمانەن: يەكەم دەربارەى بارى ژيانى خەڵكى كوردستان وناوچەكانى كوردستان و،(٢)مەسەلەى تاك دينارييە، (٣) پێك هێنانى ليژنەيەكى پەرلەمانە بۆ لێكۆڵينەوەى كێشەى ئاشووريەكان، (٤) كارەباى دهۆك، بۆ پێك هێنانى ئەم ليژنەيەش، دوێنێ وتمان با هەردوو فراكسيۆن ناوى نوێنەرى خۆيان بدەن بە سەرۆكايەتى بۆ ئەوەى لەگەڵ نوێنەرى ليستى مۆر ببن بەسێ كەس.

**بەڕێز شەمائيل ننو بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەنجوومەنى وەزيران بەسەرۆكايەتى بەڕێز بريكارى وەزيرى كشتوكاڵ وئەندامييەتى لەفراكسيۆنى سەوزدا بڕيارى دا كە من بپاڵێوترێم لەدواى شەهيد بوونى فرنسيس وجێگاى ئەو بگرمەوە،

لیژنەیەکی لاوەکی لەدهۆک پێکهات لەژمارەیەک برادەرانی پسپۆڕ لەکشتوکاڵ وخانووبەرەو ئەندامیەتی قایمقام وسەرۆکی کۆمەڵەی جوتیاران لەدهۆک وئەم لیژنەیە بەردەوامە لەسەر کارەکانی خۆی لەپشکنین ولێکۆڵینەوە لەسەر زۆر لەدێهاتەکان و زۆر راپۆرتیان دەربارەیان نووسیوە، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پێشنیاری ئێمە بۆ ناوچەی دهۆک بەتەنیا نییە، بۆ هەموو ئەم شوێنانەیە کە ئاشووری وگاوری لێنە، ئەوەی بۆ دهۆک پێک هاتووە خۆجێییە بۆ هەندێ شوێنە و ئێمە پێشنیارەکە بۆ هەردوو فراکسیۆن بوو بەتەنیا هی من نییە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەو (٤) خاڵەی بخەینە سەر بۆ ئەوەی بیخەینە ناو بەرنامەوە، بۆ مەسەلەی باس کردن لەسەر بارودۆخی کوردستان، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا..تاک دیناری کێ لەگەڵە باس بکرێت؟ وکێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا .. ئەو لیژنەی کە ئێستا باسکرا بۆ کێشەی برا ئاشووریەکان، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. کارەبای دهۆک بۆ ئەوەی باسی بکەین کێ لەگەڵە؟ وکێ لەگەڵ نییە؟ واتا ئەمیش خرایە بەرنامەی ئەمڕۆ، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا ئێمە کۆمەڵێک شتمان لەپێشە، دەبێت باس بکرێن،کۆمەڵێک پرسیار و تازە بابەتمان هەنە کە ئەبێت ئەوانیش باس بکرێن.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

وەکو ئەزانن کاتی خۆی پرۆژەیەک لەبەر دەست دا بوو، ئێستا ئەم پرۆژەیە پێویستی بە هەندێ گۆڕان و دەست کاری کردن هەیە، بەبیروڕای فراکسیۆنی ئێمە وابزانم لەوەدا کە فراکسیۆنی زەرد بەشداریمان دەکەن تا ئەو پرۆژەیە بە باشی ئامادە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمەش پشتگیری لە برادەران دەکەین و، پێشنیار دەکەین وەک بەڕێز د.کەمال فوئاد داوای کرد کە ماوەیەک دەست نیشان بکرێت بۆ پێشکەش کردنی و دانیشتن بکرێ لە نێوان دەستەی سەرۆکایەتی و هەردوو سەرۆکایەتی فراکسیۆن بۆ ئەوەی لەسەر مادەکەش رێکەون، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئێستا هەردوو فراکسیۆن کۆکن لەسەر خاڵی یەکەم کە گفتوگۆ کردن لەسەری دواخەین و، ئەو پێشنیارە کاک دکتۆر کەمال وکاک فرەنسۆ کردیان و، دەبێ دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ برایانی هەردووک فراکسیۆن دانیشن بۆ ئەوەی ئەویش دیاری بکەن. خاڵی (١) بەم شێوەیە پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئەیـاد حــــاجی نـامـق مـــــەجــــیــــد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

ئەوە شتێک هەبوو بەنیسبەت پرۆژەکە ویستم بیخەمە بەرچاوی بەڕێزتان، ئەویش ئەوەیە کە لە چاپدا هەڵەی تێدایە، کە خۆی یاسای چەکە، کەچی ئاگردار نییە، هەر ئەوەندە ویستمان پێتان رابگەیێنین چونکە چارەسەری یاسای چەکی ئاگردارو بێ ئاگر کراوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

ناونیشانەکە (یاسای چەک)ە (ئاگردار)ەکە نامێنێت.

**بەڕێـز ئەیـاد حــــاجی نـامـق مـــــەجــــیــــد:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) وبناءً على ماعرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني الكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢/١٠/١٩٩٣ اصدار القانون الاتي:

قانون رقم (١٦) لسنة ١٩٩٣

قانون الاسلحة:

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبنية ازاءها لاغراض هذا القانون:

١- الاقليم: اقليم كردستان العراق.

٢- السلاح الناري: المسدس، والبندقية الاعتيادية وغير سريعة الطلقات وبندقية الصيد، ولايشمل المسدسات التي تستعمل في العاب الرياضية والبنادق الهوائية.

٣- السلاح الحربي: السلاح المستعمل من قبل القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي للاقليم عدا ماهو مبين في فقرة (٢) اعلاه.

٤- العتاد: الاطلاقات والخراطيش المستعملة في السلاح الناري وكل جزء من اجزائها.

٥- العتاد الحربي: الذخيرة المستعملة في السلاح الحربي او اجزائها.

٦- السلاح الاثري او الرمزي او التذكاري: السلاح الذي يقتني بدون عتاد للزينة او التذكار او الرمز ويدخل في ذلك الاسلحة الموقوفة او الموجودة في الاماكن المقدسة والمتاحف العامة.

٧- سلطة الاصدار: وزير الداخلية للاقليم او من يخوله وتختص بمنح الاجازات المنصوص عليها في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی (١) با برگە برگە پێدابچینەوە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەمانە؟ (١٠) کەس ئەیەوێت لەسەر ئەم برگەیە قسە بکات:

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لەپێناسەکان هەندێ تێکەلاوی هەستێ پێ دەکرێ، دەڵێ (الاسلحة النارية: المسدس، البندقية الاعتيادية غير سريعة الطلقات)، واتە کلاشینکۆف ناگرێتەوە وەکو ئەوەی وادانرا بێت هی زەمانێک وەختی ئینگلیزی (برنۆ) هەبووە وسريعە الطلقات مەبەستیان رشاش بووە، ئیمرۆ ئەمە لەکوردستاندا هەیە هەموو جۆری (سريعه الطلقات) هەیە، جا هەر بۆیە تێکەلاویەکە لەوەدا دەردەکەوێ (السلاح الحربي، السلاح المستعمل من قبل القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي) لە ولاتی ئێمە کلاشینکۆفەکە تێکەلاو بووە، جا بۆیە لێرەدا پێویستی بە پیاچوونەوە هەیە، دوای ئەوە لە برگە (٦)( السلاح الاثري او التذكاري او الرمزي)، (السلاح الذي يقتني بدون عتاد للزينة او التذكار او الرمز ويدخل في ذلك الاسلحة الموقوفة)، ئایا مەبەست چی یە لە (الموقوفة)؟ بمعنى (الوقف) یان (المتوقفة) ئەگەر مەبەست (عاطل) بێت بگوترێ (العاطله) یان (متوقفه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من سەرنجەکان کۆببنەوە ولەسەربازییەکان پرسیار بکرێ بۆ بابەتی (سريعة الطلقات) کەچۆن تەماشا دەکرێت.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کلاشینکۆف ریزەو رەشاش ریزە، ئەوەی ریز نییە کەفیشەک یەک یەک بەرێ دەکات ئەویش جیایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر قسەی لەسەر ئەمە هەیە؟.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کلاشینکۆف ورەشاش هەردووکیان چەکی ریزن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری دکتۆر ئاشکرایە، واتا زۆربەی چەکەکان تاک بەرێ دەکەن، کلاشینکۆف لە ماڵەوە هەیە، مۆڵەت بدە با لیژنەی یاسا بێتەوە سەر پرسیارەکانی.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە مەبەستی (مشرع) هەر چەندە جارێ پرۆژەیە، چونکە جیاوازی کردووە لە نێوان چەکی ئاگردار وچەکی جەنگی، روون کردنەوەیەکی کردووە کە بە ئانقەستە، بەڕاستی ئێستاکە ئێمە لە رەوشێکی بەدەردااین (استثنائی)، ناکرێت کلاشینکۆف داخل نەکەین، بەڵام دەکرێت چارەی بکەین وەکو لێرە کە لە قانونەکەدا چارە کراوە کە دوو جۆر مۆڵەت پێدان هەیە، مۆڵەتی هەڵگرتن ومۆڵەتی هەبوونی چەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا دوایی دێینەوە سەری. ویستمان هەندێ روونکردنەوە پێشکەش بە ئەندامانی پەرلەمان بکرێت، ئەوجا بێینەوە سەر خاڵەکانی خۆمان.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێشەکی دا کە وتیان وزیری داد و نوسراوی وەزارەتی داد، ئایا ئەمانە جیاوازیان هەیە؟ وتێبینی دووەم لەبارەی یاسای چەک پرسیارێکم هەیە، ئایا تەنیا چەکی ئاگردار دەگرێتەوە یاخود چەقۆو قەمەش دەگرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارم لەسەر (البندقية الاعتيادية غير سريعة الطلقات) هەبوو کە د.رزگار شی کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رایەکەی من کاک د.فوئاد و کاک ئەیاد باسیان کرد، من پێشنیار دەکەم کەمۆڵەت دانی هەبوونی چەک (حیازە) کلاشینکۆف بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەندامی لیژنەی یاسام کە ئەم یاسایە گفتوگۆی لەسەر کرا بوو، من مۆڵەتم لە ئەندامانی لیژنەی قانونی وەرگرتبوو، تێبینی یەکم نووسی بوو لەسەر ئەو ماددەیە و ئێستا مۆڵەتم لە سەید حەسەن وەرگرت ووتم من قسە دەکەم ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، لێرە ببڕێندرێتەوە، بەڕاستی ئەم قانونە کلاشینکۆف ناگرێتەوە کە برادەران باسیان کرد و د.فوئاد باسی کرد ئەمە زۆر گرنگە، دەڵێین ئایا ئێمە بوار بە خەڵک دەدەین کە کلاشینکۆف هەڵگرن یان نەء؟ ئەو یاسایە هەموو لەسەر ئەو بنەڕەتە دەگۆڕدرێت، چونکە هەمووی پەیوەستە بەچەکی ئاگردارو جەنگی، هەتا مادەکان دەگۆڕدرێن، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی (٢) من هەمان تێبینیم هەبوو، بۆئەوەی جیاوازی بیروڕا نەبێ و، بۆ ئەوەی کلاشینکۆف بگرێتەوە، چونکە ئەوەی کە بە زۆری هەیە کلاشینکۆفە، ئەگەر وا بکەین کێشەیەکی زۆر گەورە دروست دەبێت بۆ دەزگای ئاسایش، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو لەسەر بڕگەی (٢) کە باسی لێ کرا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو ئەو لایەنانەی ئەم یاسایە کە باسکران بەلای منەوە بۆ ئەوە بوو کە کێ مۆڵەتی چەکی هەبێ غەیری پێشمەرگە و پۆلیس، بەلای منەوە دەبێت چارەی ئەمە بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو پەیوەندیدارە بەژمارە(٢) کلاشینکۆف زیاتر روونکراوەتەوە بەدەمانچە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی (٢) کە پێناسەی کردووە بەم جۆرە (التي تستعمل في العاب الرياضية والبنادق الهوائية) و جۆرە چەکێکی تر هەیە (الاسلحة المستعملة للأغراض الدرامية) بەوەش وەکو ریاضی جۆرێکە، لەبارەی بڕگەی (٣) (السلاح المستعمل من قبل القوات المسلحة) ئەوا ئەتوانێت پێناسی بکات یان هەڵیگرێت کەجۆرە گروپێک هەیە جۆری چەکی شەڕی پێ دەڵێن، کە زیاتر پێی دەڵێن (الاسلحة الثقيلة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن تەواو بوون، ئەگەر لیژنەی ناوخۆ شتێکیان هەیە لەسەر ئەو چوار بڕگەیە با پێشکەشی بکەن.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەک لیژنەی ناوخۆ گفتوگۆمان لەسەر ئەوە نەکردووە؟ بەڵام مەسەلەی کلاشینکۆفیشی بخرێتە ناو، ئەوە وەک چەکی ئاگردار، چونکە وەک برادەران جەختیان لەسەر کردەوە وایە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ پرسیارێک ئاراستەی کاک سالار بکەم لیژنەی ناوخۆ گفتوگۆی لەسەر ئەم یاسایە نەکردووە؟ ئایا یاساکە وەک پرۆژەیەک نەنێردراوە بۆ لیژنەی ناوخۆ؟ ئەو وەختە بزانین سەرۆکایەتی لەوە بەرپرسیارە یاخود لیژنەی ناوخۆ کۆبوونەوە یاخود نەهاتووە بۆ ئەوەی پرۆژەکە ببینێ؟.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتێک ئەم یاسایە دانراوە، پێویست بوو ئاگاداری لیژنەی ناوخۆ بکەین بۆ ئەوەی کۆببێتەوە، لەدواجاردا یاسای حزبەکان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ، واتا یاسا ولیژنەی ناوخۆ بەڕاستی ئاگادار نەکراوین بۆ ئەوەی یاسایەکی وا هەیە تاکو لیژنەی ناوخۆ گفتوگۆی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە (٧/٢٤) ئەو یاسایە نێراوە بۆلیژنەی کاروباری ناوخۆ بە پێی رای کاک فەرسەت.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم هەیە بۆ سەرۆکایەتی حەز دەکەم ئەو مەسەلەیە روون بکەنەوە، ئایا هەروا بەردەوام دەبین لەسەر شێوەی لێکۆڵینەوەکانمان، هەر ماوەیەک (١٠ ـ ١٥) کەس قسە دەکات، وابزانم ئەگەر وابێ هەموو یاسایەک کە دێتە بەر دەست کاتێکی زۆری دەوێ ولەم بارەیەوە مەرج نییە لەم کۆبوونەوەیە هەموو شت ببڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، بەڵام جەنابت وابزانم ئاگاداری لەو کۆبوونەوەی کە دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ لیژنەی هەردوو فراکسیۆن دانیشتین باسی کۆمەڵێک شتمان کرد، یەکێک لەوانە بابەتی شێوەی پرسیار وشێوەی گفتوگۆ کردن لەسەر یاساکان یان بڕیارەکانی ناو ئەنجوومەن بوو، رای دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەیە ئەگەر بتوانرێ هەر فراکسیۆنێک لەناو خۆیدا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکات کە دەخرێنە پێشی ولێی بکۆڵنەوە چۆنی بە بەرژەوەند دەزانن بەو شێوەیە لەناو پەرلەماندا بیخەینەڕوو.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لێرە وشەی (سريعة الطلقات) هەڵبگرین تا گرفت نەمێنێ (البندقية الاعتيادية) یان شی

کـردنەوەیەکی بخرێتـە سەر (من الذی یحملها الافراد) واتا شـتێکی وەها یاخـود لە پێـڕۆی وەزارەتی ناوخـۆ لەرێنمـاییـدا شی بکاتەوە، چونکە ئەو جـۆرە چەکـانـە زۆر کـۆبوونەتەوە کـە تاک بەرێدەکـەن، ریز (سریعة الطلقات) نەبن، دوای ئەوە لە ئێستاوە یاسایەک دەردەکەین کە کەس پابەندی پێ ناکات، هەتا ئەندامانی پەرلەمان خۆیان، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسا با کەرەم بکەن ئەگەر چ وەڵامیان هەبێ..

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بێگومان کە لیژنەی یاسا دانیشت بۆ هەڵ سنگاندنی ئەم یاسایە وەزعی ئێستای کوردستان ودوا رۆژمان لەپێش چاو بوو و زۆر حەزمان دەکرد برایانی لیژنەی ناوخۆ لەگەڵمان بان، بەڵام کـاتی پشوو بوو بۆ ئێمەش نەدەکرا، دەبوایە لەکاتی پشووەکە ئامادەی بکەین و ئەو خاڵانەی کە هاتوون بەڕێزان کاک دکتۆر فوئاد وکاک حازم و کاک شێخ جەعفەر و کاک کانەبی ئاغا هەمووی لەسەر تفەنگی ریزو(سریعه الطلقات) و(کلاشینکۆف)ن یەک مەبەستیان هەبوو بۆیە ئەم خاڵە دەکەمە دوای خاڵەکانی تر، وەڵامت دەدەمەوە، چونکە وابزانم ئەو خاڵە زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێ، کاک دکتۆر فوئاد دەفەرموێ مەبەست لەو (موقوفە) چی یە؟ مەبەست (وقف) کراوە، (وقف) دەکرێ بۆ لایەنێک ئەوەش فیشەکی (وقف) ناکرێ، کلاشینکۆفێک یان دەمانچەیەک یان شتێک (وقف) دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مەترسییەکی تایبەتیش بۆ ئەمە هەیە..

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڵێ.. کـاک ئەحمەد سالار دەڵێ (الاسلحة الدرامیة، لاغراض درامیة) گـوتمان ئەو چەکـانە گوللەکەیان تیادا نییە تەنیا دەنگەکەیە ئێمەش گوتمان (البنادق الهوائیة) وابزانم بکوژ نییـە، تەنیـا دەنگە، دەمێنێتەوە سەر خاڵی یەکەم گوتمان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان زۆربەی زۆریان لەسەر ئەو رایە بوون کە (سریعة الطلقات) بگرێتەوە، چونکە ئێمە وەک لیژنەی یاسا بەزۆرینەی دەنگ وامـان بە پەسەند زانی، بەڵام تەنیـا بەڕێز کـاک ئەیاد نەبێ کـە لەگەڵ ئەو رایە نەبوو کـە کلاشینکۆفی لەگەڵ نەبێ و کاک حازم کە لەوێ نەبوو حەقی خۆیەتی قسە بکات، هەتا لەگەڵ کاک ئەیادیش وامان پەسەند کرد بەماوەی چەند بتوانین چەک بنبڕ بکەین، لەماڵان ولەشوێنانی تر نەمێنێ چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

کاک حازم باسی خاڵێکی کرد، بەڕاستی دەبێ ئەو خاڵە بایەخێکی زۆری پێ بدرێ، ئێمە ئەگەر هاتوو دەربارەی چەکی ئاگردار دەست کاریمان کرد، مەبەست (الاسلحة غیر الأوتوماتیکیة) بـوو، ئەگەر دەست کاری ئەوەمان کرد مانای ئەوەیە زۆر حوکمی تر هەنە لە یاساکە دەبێ دەست کاری بکرێن بەتایبـەتی لەلانی سزادان و جەزا سـەندن ودەست بەسەرداگرتن، حـوکمی تـایبەتیمـان بۆ داناون، لەهەمان کاتدا چەکی ئاگردار حوکمی تایبەتیمان بۆ داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــەمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**
**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی بەڕێز سید حەسەن فەرمووی کە دەڵێ ئەندامانی پەرلەمان بەدەر (استـثـنـاء) بن لەمۆڵەت پێدان نەک لەجۆری چەک، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەگـەر مـۆڵەت بدەی ئەو لێ بەدەر کـردنە(اسـتـثـنـاء)ە بۆ ئەندامـانی پەرلەمـانە، بۆ ئەنجـوومـەنی وەزیرانە، بۆ بریکاری وەزیرەکانە، بۆ پلە تایبەتییەکانە.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هەریـری:**
**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نازانن کاک حازم پێشنیارەکەی خۆی بەکردەوە نەخستە روو، واتا بۆچوونەکەی لە جێی خۆیەتی ئێـمـە دەبێ لەگـەڵ ئەوە بین کـە مـۆڵەتی(حیـازە) نەک (حـمـل)ی چەک بۆ هەمـوو جـۆرە چەکـێک هەبێ، هیچ نەبێ بۆ ئەوەی بتوانین دەستی بەسەرداگرین و بزانین چەند چەک هەیە لەکوردستـاندا؟ سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئـەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**
**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من دیسـان جەخت لەسەر ئەو مەسەلە دەکەم، مەسەلەکە هەمووی لەسەر کلاشینکۆفە، ئایا مـاوە دەدەن بە خەڵک کلاشینکۆف هەڵگرن؟ من لێرەدا جەخت لەسـەر ئەوە دەکەم کە زۆر حوکمی ئەو قانونە لەسەر ئەم بنەمایە دانراوە و دەبێ پێداچوونەوەیەک بۆ ئەم یاسایە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــیــــروان مـــــحــــمـــــەد نەورۆلی:**
**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پشـتگیری شێخ جەعفەر دەکەم کە بابەتی چەکی سووک وچەکی قورسی جیـاکردەوە، ئەگەر مۆڵەت بە چەکە سووکەکان بدرێ باشترە، چونکە ئەو وەزعەی ئێستـا لەکوردستـان دروست بووە ئێمە ناتوانین ئەو رێگەیە بدەین وبلێین چەکی سووک نابێت کەس هەڵی بگرێت یان کەس نابێت هەیبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سیروان، کاک ئازاد فەرموو با بزانین چەکی قورس وچەکی سووک بە پێی داب ونەریتی سەربازی چی یە وچی دەگرێتەوە؟.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ سێ جۆرە چەک هەنە، چەکی سووک، (دەمانچەیە، تفەنگە، هاونی (٦٠) ملم و قاذفەیە، رەشاشە) ئەمانە چەکی سووکن و، جۆری دووەم ناوەنجییە (متوسط)ە وەک (رەشاشی ناونجی و «١٠٦»و هەمەجۆر، جۆری سێیەم چەکی قورس (هاونی قورس ودوشکە وشتی تر)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەم روونکردنەوەیە لەبارەی چەکی قورس وچەکی سووک، ئەگەر بێت و ئێمە لێبەدەر (استثنا)ی چەک تەسک بکەینەوە، مانای وایە هەتا راددەی (بازووکە و رەشاش وقاذیفە)ش، دەگرێتەوە وابزانم ئەمە شتێکی زۆرە، ئێستاش لێرە یەک پێشنیار هەیە ئەم (غیر)ە هەڵبگرین، (البندقیة الاعتیادیة وسریعة الطلقات) یش بۆ ئەوەیە کەوا هەندێ گرفت لەوانەی کە برادەران دەریان خست نەمێنێ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانی خۆم دووبارە دەکەمەوە، ئێمە یەکەم شت قانون بۆ رۆژێک ودوو رۆژ دانانێین و هەروەها یاسا بۆ دوا رۆژیش دانانێین، لەراستیدا ئەگەر شتێک بوو بە یاسا دەبێت جێبەجێ بکرێ، من پێم وایە ئەمە شتێکی عملی نییە و ناتوانین یاسایەکە پیادە بکەین، ئەگەر مۆڵەتی (حیازە) نەدەین بەخەڵک کەوا لەماڵی خۆی چەکی هەبێت ولەماڵی خۆیدا دایبنابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەتوانێت ئەوەی کەوا بەرپرسە دوو کەسی بۆ دادەنرێت بە ناوی پۆلیس، یان بە ناوی هەر شتێکی تر ئەو خەڵکانەی تر کە لە لادێ یەکانن، هەڵگرتنی چەک بۆ شتی تریش هەیە، چونکە درِندە و جۆرەها شتی تر هەنە ترسناکن و لەبەر ئەوەی یاساکە یاسایێکی گشتی یە دەبێت ئەو وشەیەی تێدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم دوعا دەکەم بەڵکو رۆژێک یەکێک لە ئێمە چەکی نەبێت نە ئەندامی پەرلەمان نە بەرپرسێک بەڵکو رۆژێکی خۆش وئەمین بێ و یەک لە ئێمە پێویستی بە چەک نەبێت، بەڵام

سەبارەت بە ئەندامی پەرلەمان ئەگەر بێت ئەم بڕیارە دەربچێت لەوانەیە بۆ بەیانی بازگەی ڕێگران دابنرێ داوا لە ئەندامی پەرلەمان بکەن کەوا چەکەکەی یاخود کلاشینکۆفەکەی تەسلیم بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حسین.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی هەرە سەرەکی مەسەلەی کلاشینکۆفە، ئەگەر ئێمە مەسەلەی کلاشینکۆف لەقانونەکە دەربکەین مانای وایە هیچیمان نەکردووە واتە مەسەلەکە وەک خۆی بهێڵینەوە کە ئێستا ٨٠٪ی هەموو ماڵێک لە کوردستان خاوەن کلاشینکۆفە کەوا پێویستیمان بە قانونەکە نییە، لەبەر ئەوەی من بەتوندی بەو پەڕی شێلگیرییەوە پشتگیری لە لیژنەی یاسا دەکەم، کە ئێمە لەوێ ماوەیەکی زۆر زۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە، لەسەر ئەوەی کە دەبێت دەست بەسەر کلاشینکۆفدا بگیرێ دەبێت قانونەکە وای لێ بکرێ کەوا کلاشینکۆف بکرێ بە چەکێکی جەنگی و تەنیا بکەوێتە لای هێزە چەکدارەکان ولای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئیتر کەس کلاشینکۆفی بەدەستەوە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێشنیارێک و ڕوونکردنەوەیەکم هەیە، من حەز دەکەم یەک مەسەلە بهێنمەوە دوێنێ بۆ ئەندامێکی پەرلەمان خانوێک چۆڵ دەکرا خانووەکە نیوەی تاڵان کرابوو لەوانەیە بیست تەلەفۆنمان بۆ پۆلیس وئاسایش کردووە، یەک کەس بە هانامان نەهات و لەڕاستی دا دەبێت ئێمە واقعی بین بۆ کێشە و وەزعی خۆمان، ئێمە قانون بۆ سویسرە دانانێین، ئێمە قانون بۆ کوردستان دادەنێین، واتە لەڕاستیدا ئێمە نابێت ئەم شتە لە بیر بکەین ودەبێ ڕەچاوی بکەین، دووەم نابێت ئێمە هەموو شتێک بە سەلبی تەماشا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئێستا بێینە سەر کورت کردنەوەی بابەتەکە، ئەویش ئایا مۆڵەتی کلاشینکۆف بۆ حیازە بێت یان (حمل) بێت؟ واتە مۆڵەت بدرێ خەڵک هەڵی بگرن یاخود مۆڵەت بدرێ کەوا خەڵک (حیازە)ی بکات؟، لێرەش وا دیارە بابەتەکە هەمووی لەسەر کلاشینکۆفە، برادەران هەمووی تەرکیز دەکەنە سەر ئەو مەسەلەیە.

**بەڕێز نەوشیروان فوئاد مەعروف مەستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئێوە و بەنیسبەت کوردستان یاخود بەنیسبەت پێشمەرگەوە چەکی سەرەکی کەوا بە

دەستیەوەیەتی کلاشینکۆفە، ئێمە نە تۆپی قورسمان هەیە ونەتەیارە نە دەبابە، بەڵکو چەکی سەرەکی ئێمە ئێستا کلاشینکۆفە، بەنیسبەت هێزی چەکدارەوە و، دەربارەی چەکی جەنگی وئاگردار ئەویش هەر چەکی ئاگردارە، بەڵام ئەوەی کەوا ئێستا چەکێکی سەرەکی یە بە نیسبەت هێزی چەکداری کوردستانەوە کلاشینکۆفە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم لەبەر ئەوەی زۆر باسی ئەم جۆرە چەکانە دەکرێ لەڕاستیدا کلاشینکۆف نییە (کەلاشینکۆفە) لەم ڕۆژانە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکان وابزانم ڕۆژنامەی (برایەتی) بوو وتارێکی زۆر خۆش نووسرا بوو لەسەر کلاشینکۆف کەچۆن دروست کراوە باسی ئەو کراو گەوا چۆن دروست کراوە بە باسی ئەو عریفە کراو بوو کەوا چۆن لە جەنگی جیهانی دووەمدا لەسوپای سوڤیاتی دا چی وا پاڵی پێوە نا کەوا ئەم چەکە دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە پرسیارێک لەلای جەنابتانەوە بوو دەڵێ کلاشینکۆف چەکێکی جەنگی یە یان ئاگردارە؟ بەرای من ئەوە برادەرانی سەربازی لێرە هەن و لە من باشتر دەزانن، پێویستە لەسەر ئێمە هەر پێناسەیەک یاخود هەر شتێک لەناو ئەو یاسایەدا هەبێت دەبێت لەمەبەستی (مشرع) بگەین ولێرە برادەرانی لیژنەی یاسا کەدەبێت بە مەبەستی جەنگی یاساغ بکرێت ئەوە کلاشینکۆفیش دەبێ یاساغ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا پێویستە بزانین کەوا کلاشینکۆف بەچەکی ئاگردار حساب دەکرێت، یاخود نا، چونکە لێرە پێویستە بابەتەکە ببڕێندرێتەوە، لێرە مەبەستم ئەوەیە ئایا کلاشینکۆف لە نێوان چەکەکانی برگە (٢) بێت یاخود نەبێت؟ تکایە ئەم بابەتە بەکورتی ببڕیننەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من (البندقیة الاعتیادیة) بەبێ (سریعة الطلقات) لێرەدا (بندقیة اعتیادیة) کلاشینکۆف دەگرێتەوە، ئەمە یەکەم و، دووەم لێرە یاساکە دەرناکەین کە بڵێین (حیازە) و(حمل) بۆ هەموو کەسێکە، لێرە ئێمە یاساکە پیادە دەکەین، مۆڵەت پێدان شتێکی شخصی یە، هەندێ کەس مراجعە دەکەن ئیتر بۆ هەندێ کەس ڕەزامەندی دەکرێ وبۆ هەندێک ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لێرەدا پرسیارێک هەیە، ئایا دەتوانین بنووسین (البندقیة الاعتیادیة) و لەنێوان دوو کەوانەدا بنووسین (کلاشینکۆف).

**بەڕێز حـــەســـــەن عــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

لێرە تفەنگی ئاسایی تەنیا کلاشینکۆف نییە، بەڵام یەک خاڵ هەیە بەلای منەوە ئەگەر بفەرموون یەکەم پەرلەمان بڕیار بدات ئەوا کلاشینکۆف مۆڵەتی هەبێ یان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

بەڕاستی من لەڕاستیدا ناونیشـانی یاساکەم لەلا تەواو نییـە، هەر لەبەر ئەمـەشە کـۆمـەڵێک کێشەی بۆمان دروست کردووە، ئێمە کە دەڵێین (قانون الاسلحة) لێرەدا ئەم یاسایە نازانین ئایا (بیع الاسلحه) یاخود (استیراد الاسلحه) یان (حمل الاسلحه)یە من پێم باشترە بڵێین (قـانون حمل وحیازة الاسلحة)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

زۆر سوپاستان دەکەم، ئێستا لیژنەی یاسا ئەگەر پێشنیارێکی دیاریکراویان هەیە.

**بەڕێز حـــەســـــەن عــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

ئەندامانی پەرلەمان با بەدەنگدان دەری ببڕن کە کلاشینکۆف بچێتە ناو مۆڵەت پێدانەوە یان نا؟ لەپاشان جێی بۆ دەکەینەوە، هیچ گرفت نییە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

مەسەلەکە تەنیا کلاشینکۆف نییە بەڵکو (کلاشینکۆف هەیە، r.p.g هەیە، لوزی هەیە، جی سی هەیە) مەسەلە هەر کلاشینکۆف نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

لەڕاستیدا ئێمە دەگەڕێین بۆ دەقێک چونکە ئەم بابەتە وا بڕوات هەر تەواو نابێت، پێشنیارێک هەیە دەڵێ (المسدس والبندقیة الاعتیادیة وسریعة الطلقات)، واتە ئەگەر کۆکن لە سەر ئەم دەقە کە کلاشینکۆف وئەوانی نزیکن بەو بگرێتەوە، ئەوە با ئێمە بڕیارێکی لەسەر بدەین وبچینە سەر خاڵێکی تر، چونکە ئەم بابەتە زۆر درێژەی کێشا وئێستا ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەن پرسیاری لە برا عەسکەری ەکان دەکەم ئایا ئەگەر بنووسین (المسدس والبندقیة الاعتیادیة والسریعة الطلقات)، ئایا ئەمە کلاشینکۆف وخێزانەکەی دەگرێتەوە؟ وابزانم یاساییەکان دەڵێن دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەوشـیـروان فـوئاد مـەعـروف مـەسـتی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

بۆچوونی من لەسەر (سریع الطلقات) کلاشینکۆف ناگرێتەوە، چونکە وەختی خۆی تفەنگ هەبوو وەدەبوایە یەک لەدوای یەک بتەقێ میلەکەی راناکێشرێ، واتە کە ئەڵێ (سریعة الطلقات) مانای

ئەوەیە وەک (بڕنەو) کەواتە، وەک فیشەکەکەی بخەیتە ناو بنکەکەوە. ئەوساکە بیتەقینی و، بەڵام کلاشینکۆف (ئالی) یە هەروەک ڕەشاشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک نەوشێروان ئەگەر بڵێین (البندقیة الاعتیادیة والآلیة) ئەمە چۆنە؟

**بەڕێز نەوشێروان فوئاد مەعروف مەستی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کە باسی (ئالی) دەکەین واتە ئێستا (rbk)وەکو ڕەشاش دەبینین چەکێکی (ئالی) یە ودیسان من دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کەوا پشتگیری ئەوە ناکەم دەبێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی دا خۆم پێشنیارەکانم بەدڵ نین، چونکە برادەران بە پێچەوانەی ئیرادەی خەڵکەکە گفتوگۆ دەکەن، چونکە جاران چەک ڕەنگە مایەی ئەوە بووبێ کە پارێزگاری خۆمانی پێ بکەین، بەڵام ئێستا یەکێکە لەو مەترسییە هەرە گەورانەی کە تووشمان دەبێ ئەویش ئەوەیە کەوا مەترسی لەسەر هەموو خێزانێک دروست کردووە، ئیتر لەبەر ئەوە چەند پێویست دەکات ئەوەندەی کە پێمان بکرێ مۆڵەت دان یاخود هەڵگرتنی چەک تۆزێ زەحمەتە بەرزەفت بکرێ، من لایەنگیری ئەوەم کە یەکێک لە بڕگەکانی یاساکە ئەوە بێت کەوا مۆڵەت پێدانی هەڵگرتنی چەک بە هیچ شێوەیەک بەهیچ کەسێک نەدرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ بەرزەفت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا پێویستە ئەم بابەتە ببڕێنینەوە، چونکە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا، ئێستا بڕگە (٢) ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە بەبێ دەسکاری واتە ئایا (کلاشینکۆف) ئایا چەکی ئاگردار بێت یاخود نەبێت و لەنێوان بڕگەکەدا بێت، ئەمە حەقی وەزارەتی ناوخۆیە، حەز دەکەم بڕگە (٢) تەواو بکەین وبیخەینە دەنگ دانەوە، لێرە دوو ئەگەر هەیە، یەکەم ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە مانای ئەوەیە کلاشینکۆف چەکی ئاگردارەو ناچێتە ناو بڕگەی (٢)، ئەو کاتە ئەو حەزەرەی لەسەر دەمێنێتەوە، جا ئەگەر ڕازی بن بیگۆڕن دەبێت بخرێتە ناو دەقێکی ترەوە کەوا بگونجێ لەگەڵ ئەوەی کەچەکی کلاشینکۆف ونزیکەکانی لەنێوان بڕگە دوودا بێت.

ئێستا با بێینە سەر بڕگەی (١) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟.

(الاقلیم: اقلیم کوردستان العراق) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە بیگۆڕین؟ واتە بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەدان کەوا ئەم بڕگەیە بگۆڕدرێ واتە وەک خۆی نەمێنێتەوە، واتە ئێستا کە پێویستە بیگۆڕین بۆ دەقێک کەوا (کلاشینکۆف ونزیکەکانی) ڕزگار بکەین، لەچەکی ئاگردار و بیخەینە سەر چەکی ئاسایی ئەو کاتە مەسەلەی (حمل وحیازە) بخرێتە

بەر دەستی وەزارەتی ناوخۆ کە بەچ کەسێک مۆڵەتی (حمل) چەکی ئاسایی بدات وبەچ کەسێک (حیازە) بدات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە مەسەلەی کلاشینکۆف لەچەکی جەنگی لابدەین بۆ چەکی ئاگردار کارێکی هونەری نییە وخەڵک لۆمەمان دەکەن وچەکی ئاگردار وەک ئاگردار بمێنێتەوە چەکی جەنگی وەک چەکی جەنگی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بە تێکڕای دەنگ ڕێکەوتین کە دەقی بڕگەی دوو بە شێوەیەکی وا بگۆڕێ کەوا ئەم چەکە سووکە تایبەتیانە بواری (حمل وحیازە)یان هەبێت.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المسدس والبندقیة الاعتیادیة والکلاشینکوف)، و ئەوانەی تر بۆ خۆی دەڕوا لێرە تەنیا کلاشینکۆف داخیل دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە با وای لێ بکەین، بە شێوەیەکی ئاسایی کلاشینکۆف ببێت بەچەکێکی رەسمی و بابزانین کاک د.فوئاد کە خاوەنی پێشنیارەکە بوو بەڵکو تێبینی یەکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المسدس والبندقیة الاعتیادیة بما فیها سریعة الطلقات) نەک (وسریعة الطلقات)، چونکە ڕەنگە (سریعة الطلقات) دەرەوەی تفەنگیش بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین (بما فیها) ئەوکاتە لە بۆ بندقیە کە دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا من لاریم نییە، ئێمە چاوەڕێی دەقی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کەوا چەک بەرزەفت بکرێ، من کە باسی (حیازە) دەکەم بۆ ئەوەی کەوا بزانین چەند چەکمان هەیە، بەڵام ئەگەر بکرێ چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە دەیخەینە ناو یاساوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ کەس لەگەڵ ئەوە نییە کەچەک هەڵبگرێ و، برادەران گفتوگۆکەیان لەسەر دوو شتە،

کەسیش نەیگوتووە کەوا کلاشینکۆف مۆڵەتی هەڵگرتنی پێ بدرێ، بەڵکو گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە ئەم بڕگەیە لەسەر دووشتی دیاری کراوەو دیار کردنەکەش دەڵێ چەکی جەنگی و ئاگردار (حەربی وناری) ئەگەر ئێمە ئەم دەقە نەگۆڕین مانای وایە چەکی (سریع الطلقات) دەمانچە وتفەنگ ناگرێتەوە کەوا عەسکەرییەکان بە(ئالی) و(نصف ئالی)یان لەقەڵەم داوە، ئەمەش گرفتی زۆرمان بۆ دروست دەکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هێمایێکم بە کاک فەرسەت داوە، ئەگەر مۆڵەت هەبێت دەمەوێ روونکردنەوەیەکی لەگەڵ عەرز بکەم، (البندقیة الخفیفة التي لاتزید عدد طلقات شاجورها عن «٤٠» اطلاقة)، ئەمە لێرەدا دوو لایەن دەگرێتەوە یەکەم تفەنگی سووک کەوا دیاری کراوە ئەویش (ژێ سێ یە، ناتۆیە، ژێرسێ ی ئێرانی یە، کلاشینکۆف) دەگرێتەوە ئەمە یەکەم، و لایەنی دووەم (لاتزید عدد شاجورها عن«٤٠» اطلاقة) ئەمەیان ئێمە دەقێکمان هەیە دیاری ئەوەی کردووە کەوا لایەنی (اصدار) دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، ئەمە لە لایەک، لەلای دیکەشەوە (شاجور) ئێمە کە دیاری دەکەین بە ڕاستی من ئەوەم نەدەزانی کەوا شاجوری کلاشینکۆف هەیە (٤٠) فیشەک بخوات، بەلام (٧٥) فیشەک هەیە و جۆری تر وەک یوزی کە (٣٢) فیشەک دەخوات، ئەگەر ئێمە دیاری بکەین بە (٤٠) فیشەک ئەو کاتە دەبێتە چەکێکی شەڕ کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کورد زیرەکن بۆ داهێنانی ئەم جۆرە بابەتانە و زۆربەی زۆری دوو یەدەگمان هەیە کە (٦٠)فیشەکیان تێدایە با بیکەن بە (٤٠) فیشەک ئەمە گرفت نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم بڕگەیە (المسدس والبنادق غیر الآلیة) ئەمە مانای ئەوەیە هەموو چەکێک دەگرێتەوە، واتا دیسان کلاشینکۆف ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام ئێمە دەمانەوێ کلاشینکۆف بگرێتەوە.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلام لەڕاستیدا کلاشینکۆف چەکێکی جەنگییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی زۆربەمان دەمانەوێ ئەم بڕگەیە چەکی کلاشینکۆف وخێزانەکەی بیانگرێتەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر (المسدس والبندقیة الاعتیادیة) لێرە لەلای خۆمان چەکی کلاشینکۆف چەکێکی ئاساییە (اعتیادیە) ئەو کاتە وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی دەردەکات ودیاری دەکات، کە (بندقیە اعتیادیە) ئەم شتەیە ومۆڵەتی هیچ شتی تر نادات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمم ئەوەیە سبەی ڕۆژ لە قەزایەک یان لە ناحیەیەک لە کوردستاندا یەکی دێ ئەم یاسایە شی دەکاتەوە یا یەکێک دێ پرسیارێک دەکات، (بندقیەی اعتیادی)، چییە؟ یان دەپرسێ و دەڵێ (ئالی) و (نصف ئالی) چییە؟ بۆیە دەبێ دەقەکە ئاشکرا بێ.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە چەکی سووک بخەینە بەردەم پەرلەمان، لەوانەیە بابەتەکەمان چارەسەر بکات، (السلاح الناري الخفيف والمسدس والبندقية الآلية وغير الآلية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لێرەدا هەر وەک جەنابت ئاگاداری، چەکی سووک لێرە (دەمانچە و تفەنگ و بگرە هەتا دەگاتە ڕادەی بازۆکە وبەرەو سەرەوە دەگرێتەوە، ئینجا لەبەر ئەوە ئەم پێشنیارە تەفسیری دەوێ و، ڕوون نییە، جا لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم پێشنیارە ئاشکرایە چەکی ئاگردار (المسدس والبندقية الاعتيادية بما فيها سريعة الطلقات) لێرە برادەرانی عەسکەری دەزانن (سريعة الطلقات) ئەم چەکە سوکانەش دەگرێتەوە کە بۆ شەخصی بەکار دێن. ئینجا لێرە ئەگەر ڕازی بن بدرێ بە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من ئەو دوو پێشنیارەم پێ باشە کە دوو سێ بڕگەیە، چونکە لەم پەرلەمانەدا عەسکەریمان هەیە کە بخرێتە بەردەستی ئەوان بۆ ئەوەی ئێستا بڕیارێک نەدەین و لەدوا ڕۆژ لێی پەشیمان ببینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش ئەوە بەباش ئەزانم، ئینجا ئەگەر حەز دەکەن ئەم پێشنیارە ئەدەینە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی بەیانی وەڵامان بدەنەوە، ئێستا دێینە سەر بڕگەیەکی تر:

برگە (٥): ئەمەش پێناسە کردنە، وابزانم کەس تێبینی لەسەر نییە.
٦- السلاح الاثري: وابزانم تەنها بەڕێز د.فوئاد تێبینییەکی لەسەری هەبوو، کە دەڵێ (الموجودة في الاماكن المقدسة).
٧- سلطة الاصدار: وابزانم لێرە یەک لاری بوون هەیە لەلایەن کاک ئازادەوە دەڵێ (ومن يخوله) کەوا ئەم زاراوەی تێدا نەبێت باشترە، چونکە لەوانەیە خراپ سوودی لێ وەربگیرێ یان ببێتە هۆی جۆرە تێپەڕاندنێک کەوا پەسەند نەبێت، جا ئێستا ئەمە خۆش بەختانە جەنابی وەزیری ناوخۆ لێرەیە ئەگەر پرسیاری لێ بکرێ بۆ ئەوەی ئەم مادەیە تەواو بێت.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی (٢) کە دواخراوە لەڕاستیدا ئێمەش لەگەڵ ئەم پێشنیارەین، چونکە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان ئەوە دەخوازێ ئەگەر نا لەوانەیە ئێمە لەسەر یاساکانی پێشووی سەردەمی حکومەتی عێراق بڕۆین کەوا لەوانەیە ئەم شتانەیان قەدەغە کردبوو، بەڵام ئەمڕۆ مەبەست لەوە دایە زیاتر بۆ ئامار کردنی چەک لە کوردستاندا بزانین چ جۆرە چەکێکیان هەیە لەکوردستاندا وکلاشینکۆف بەشێکە لەو چەکانە کەوا هەڵی دەگرن یان مافی ئەوەیان هەیە کە لەماڵەوە هەیان بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا ( وزير الداخلية للاقليم يختص بمنح الاجازات المنصوص عليها في هذا القانون) ئێستا لیژنەی یاسا بزانین ئەگەر تێبینییان هەیە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەگەر ئێمە داوکارییەکانی ئەم مۆڵەتە ڕووبەڕووی حکومەتی کوردستان بکەین، ئەوا ئەگەر هەمووشی هەر تەنیا وەزیری ناوخۆ بیکات وابزانم نەک بەماوەی ساڵێک بەڵکو دووساڵ زیاتر دەبات، بۆ ئەوەی مۆڵەت بدات بەم خەڵکە وئیش وکاریان جێ بەجێ بکات، بێگومان هانا دەباتە بەر بەڕێزان پارێزگاکان بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن، ئیتر لێرە بۆ ئەوەی ئیشەکە ئاسان تر بکرێ وای بەپەسەند دەزانین (أو من يخوله) بمێنێ چونکە وەزیری ناوخۆ بەتەنیا ناتوانێت هەموو کوردستان و هەموو کەس مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ وەربگرن لێرە وای لێ دێ کە وەزارەتی ناوخۆ هیچ ئیشێکی تر نەکات، تەنیا مۆڵەت بدات بەخەڵک، لەبەر ئەوە ئێمە وای بەپەسەند دەزانین ولیژنەی یاسا کە ئەم زاراوەی (او من يخوله) بمێنێ بۆ ئەوەی وەزیری ناوخۆ بتوانێ دەسەڵات بدات بە هی تر، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەمە ئیشی وەزیری ناوخۆیە، ئیتر ئەو خۆی دەزانێ چۆن ڕێکی بخات، ئەگەر وەزیری

ناوخـۆ بیـەوێ ئەم ئەرکـە زوو جێ بەجێ بکات، ئەوە لەتوانایدا هەیە ئیـتـر لەبەر ئەوە من وای بەباش دەزانم ئەم دەسـتـەڵاتە بدرێ بە وەزیر، ئەو کـاتە خـۆی ئازادە و بەرپرسـیـارە لەوەی خـەڵک بدۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئـەحــمــەد مــەحــمــود یوســفی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەڕاسـتـیـدا ئەوەی جەنابی کـاک نەژاد دەفـەرمـوێ ئەگـەر بێت و ئەمـەی لەگـەڵ نەبێت ئەوا بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ دەستـەڵاتی ئەوەی نابێت بۆ ئیـشـەکە کەس بەر پرسیـار بکات و ئیـشـەکە حەصر دەبێت لە وەزارەتی ناوخۆدا، ئەمە لەلایەک ولەلایەکی تر لەڕاستیدا جگە لەوەی کاک سەید حەسەن وتی شتێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە مۆڵەتەکان مـاوەی دیاریکراویان هەیە بۆ مـاوەی دوو ساڵ تەواو دەبێت، ئیتر ئەگەر بەم شێوەیە بروا وەزیر ناتوانێ لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا ئەمانە جێ بەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارین کە ئەمە ئیش وکاری حکومەتە، با بڵـێین لە پارێزگای (أ) هەزار کـەس داوای مـۆڵەتی (حیـازە) دەکەن، بۆ ئەمەش پارێزگا بەتێکڕا لیسـتـەی بۆ دەکا یاخود ئەنکێتی بۆ دەکات ورێنمایی لەوەزارەتی ناوخۆوە دەردەچێ بۆ ئەم مەسەلانە کە لەوێ پڕی دەکەنەوە ئیتر وابزانم ئەم جۆرە شتانە (تکنیکن)، من پێم باشە ئێمە نەچینە ناو درێژە پێدانەوە، چونکە لێی دەرناچین، دووەم لەبەر ئەوەی بەند هەیە کە دەڵێ (لوزیر الداخلیـة اصدار التعلیـمات لتسهیل وتنفیذ هذا القانون) واتە لێرە بێگومان وەزیر لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەم جۆرە مەسەلانە دەکەن.

**بەڕێـز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لێرە (او من یخوله) من پێم وایە ئەمە پێویست ناکات، چونکە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆدا هەیە (للوزیر تخویل بعض الصلاحیات الی الاشخاص الاخرین) واتە لێرە وەزیر دەسەڵاتی پێ دراوە و لێرە ئەم دەسەڵاتە دراوە بە هەموو وەزیرێک نەک تەنیا بە وەزیری ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوە یاسای وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام یاسای تایبەتە ولاسای ئەو دەکاتەوە، لێرە ئەگەر دەستـەڵات دەدەینە وەزیری ناوخۆ کەوا خەڵکی تر رابسپێرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانە، ئەوە دەبێت هەموو مۆڵەت و (حیازە)یەک خۆی جێ بەجێیان بکات وخۆی ئیمزایان بکات، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من هەمان روونکردنەوەی بەڕێز کاک فرەنسۆم هەبوو، ئەو یاسایەی کە لە وەزارەتی ناوخۆوە هاتووە کە ئەم دەسەلاتە بە وەزیر دراوە، ئەویش بۆی هەبێ هەندێک لە دەسەلاتی خۆی بداتە پارێزگاکان یاخود بەڕێوەبەرە گشتی یەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆیەکە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (او من یخوله) لەو دەقە هەڵگیرێ؟..

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا باشترە وەک خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەگەڵ ئەوە دام بڕگەی(٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دیارە زۆربە دەیانەوێ وەک خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية: تستثنى الاسلحة الاثرية والتذكارية والرمزية من احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایاهیچ تێبینییەک لەسەر مادەی (٢) هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثالثة: لايجوز استيراد او تصدير الاسلحة الحربية واجزائها وعتادها أوحيازتها أوحملها أوصنعها او اصلاحها او تعلمها او نقلها او تسليمها او تسلمها او الا تجار بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٣)، ئایا تێبینی لەسەر هەیە؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٣) و(٤) نزیک یەکن، تەنیا وشەی (الاسلحة الحربية والنارية) زیاد دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەکی جەنگی ( r.b.g. و b.k.c ) دەگرێتەوە، ئەم چەکانە ئەمڕۆ لە کوردستان زۆرن وخەڵک زۆریان هەیانە، ئایا ئەمانە ئەنجامی چی دەبێ؟ دوور نییە دراوسێکانمان بیان کڕن ولەدەست خەڵکی کورد دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەعـیـد عـەلی خـان سلیـڤـانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی مادەی (٤.٣) چەکی جەنگی و چەکی ئاسایی و هەموو چەکێکی جەنگی وناجەنگی، ئاگردارن، دەمانچەش چەکی ئاگرداره کلاشینکۆفیش ئاگرداره، بەنیسبەت (حیازتها) من دەڵێم زۆر گرفتە ئەگەر بێت، با (حیازە )لێرەدا لابدرێ تەنیا (حمل) قەدەغە بێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من دەبینم لە مادەی (٤.٣)دا یەک کەس نوێنەرایەتی هەمووی دەکات، لێرە ئەگەر (یەک کەس) بوو مانای باسی نەکردووە، رەنگە ئەو یاسایە حکومەتیش بەرهەڵست بکات، ئەو (استیراد وتصدیر)ی چەک بکات، ئەوجا پێویستە ئەو (فەردە) داخل بێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئێمەش لێرەدا تێبینی یەکمان هەیە ئەم مادەیە زۆر تێکەڵە. وەکو دەڵێ (حاملها وشاربها)واتان لێ کردووە (وناقلها)،بۆ؟ باشە وەکو برادەران ئێستا وتیان ئەگەر (r.b.g.)یەکم هەبێ تسلیمی حکومەتی بکەم. ئەبێت (نقلی) بکەم، جا بەرای من ئەو مادەیە زیادەیە، پێویستی بە نووسینەوە نییە.

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەمەش وەکو لیژنەی یاسا هەرسێکمان هەمان تێبینیمان لەسەر یاساکەی خۆمان هەبوو، (لایجوز لأی شخص) ئەگەر زیاد بکەین، ئەوە مانای ئەوەیە دەوڵەت مافی خۆیەتی شت بکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جا با بنووسرێ غەیری لایەنە رەسمییەکان، ئەمە دەیهێڵینەوە، کێشە دروست ناکات، دەبێت بەنووسین بوارێکی وا بدات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سبەی ئەگەر شتێکی بوێت بیکڕێ، یان لەدەرەوە بیهێنێ ئەوە بوارێکی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر بنووسین (لایجوز لأي فرد أو جهة أو أي جهة غير رسمية) رەنگە مەسەلەکە چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

حەز دەکەی ئەوە بە برادەرانی لیژنەی یاسا دەدەین، لەگەڵ شارەزایان، ئەوانەی ئیداریشن، با ئەوان دەقێک ئامادە بکەن، بەرای من لیژنەی یاسا لەگەڵ برادەران، ئەوانەی پەیوەندیان بەم مەوزعەوە هەیە، ئەو دارشتنەمان بۆ بکەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی گفتوگۆی لەسەر کرا، مادەیەکی تر هەیە حوکمەکانی ئەو یاسایە بەسەر (اسلحەی قوات المسلحه وقوی الامن الداخلی) پیادە ناکرێ، واتە ئەو مادەیە ئەوە چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حسێن ئەمە رەهایە (مطلقە) دەڵێ (استیراد و تصدیر) هیچ ناوی نەناوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٢٤) مان هەیە، ئەو بابەتەی چارەسەر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەچینە سەر مادە (٢٤)، (لاتسری احکام هذا القانون علی الاسلحة المستعملة من قبل القوات المسلحة وقوی الامن الداخلي للأقليم) (الاسلحة المستعملة) وەکو وتم ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە بیەوێ (١٠) کلاشینکۆف بکڕێ یا دوو هاوەن بکڕێ ڕێگەی پێ دەدات.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێچەوانەکەی وەربگرە ئەو کە لەوێ مەنعی دەکات بۆ خەڵکی زۆرە ملێ (اجباری) دەبێ، کڕینیش دەبێ (استلام) دەبێ وچاک کردنەوەش دەبێ وحیازەش دەبێ، واتا هەمووی دەبێ بەڕای من هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکە حسێن ئەگەر ئەوەمان بۆ شی بکاتەوە، چۆن ئەوە دەگرێتەوە؟ لێرە دەڵێ (لایجوز نقلها وتسلیمها) ئەگەر هاوولاتێک بیەوێ ئەوە بگوێزێتەوە بڕوات تەسلیمی حکومەتی بکات، مادەی (٢٤) ئەوە ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو مادەیە چارەسەری ئەوەی کردووە، وەختی خۆی ئێمە هەمان پرسیارمان لە خۆمان کردووە کە ئەم مادەیەی کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین ئەی بۆ حکومەت هاتینە سەر ئەوەی کە ئەو مادەیە لە وەختی خۆیدا وەرگیراوە، ئەو کاتەش حیسابی ئەوەمان کرد کە ئەو چەکانەی ئاسایشی ناوخۆ بەکاریان دەهێنێ استیرادی دەکات ودەشکرێ بیگوێزێتەوە. واتە ئەمانە یەک حیساب هەمووی دەگرێتەوە، زەلامێک شتێکی لایە دەیبات بۆ هێزە چەکدارەکان بۆ بەکار هێنانی، تەسلیمی بکەن بە تۆ فەرموو بەکاری بێنە مەبەستم ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

جا حەز دەكەی (ليطمئن قلبنا) وەک دەڵێن با ماددەی (٦) برادەرانی لیژنەی یاسا پیابچنەوە، مادده (٣) مان هەیە سێش پەیوەندی بە چوارەوە هەیە، با پیاچوونەوەیەكی بكەن.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـید:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی مادەی چوار كە باسی چەكی ئاگردار دەكات ئەگەر مۆڵەت هەبێ روونكردنەوەیەک هەیە.

المادة الرابعة:

١- لايجوز استيراد او تصدير الاسلحة النارية واجزائها وعتادها او صنعها او نقلها او الاتجار بها.

٢- لايجوز حيازة او حمل الاسلحة النارية او اصلاحها الا باجازة من سلطة الاصدار.

ئەگەر اجازە هەبێ لەسەر برگەی یەكەم تێبینی یەكم هەیە، ئەویش مەسەلەی (الاتجار)ە ئێمە لەبڕگەی یەكەمی مادە یەک ڕێگای ئەوەماندا كە (كلاشینكۆف او مایشابە الكلاشینكۆف) كە مافی (حیازەی) هەبێ لێرەدا مەسەلەی (متاجرە) و شتی واش دێتە پێشەوە، ئایا ئێمە دەكرێ ڕێی بازرگانی لەو جۆرە چەكە ئاگردارە وردانە، نەک چەكی جەنگی بگرین؟.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

لە ولاتانی تری وەک دەراوسێكانی خۆمان، بەرەسمی دوكانیان هەیە بۆ چەک فرۆشتن.

**بەڕێـز یـونس ڕۆژبـەیانی/ وەزیری نـاوخـۆ:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

مەبەست لەم یاسای چەكە، چارەسەر كردنی دیاردەی چەكداری یە لە كوردستاندا، ئەم وەزعە نالەبارەی كە هەیە تەنها ئێمە ئاماژەیەک بەبازرگانی بدەین، بەراستی ناتوانین دەست بەسەر وەزعەكەدا بگرین، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

یاساكەش چارەی ئەو حاڵەتەی كردووە، ئەگەر مرۆ چەكێكی مۆڵەت پێدراوی هەبێ بیفرۆشێ بەوەی مۆڵەتی هەبێ ئەوە چارەی كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.كـەمـال عـەبدولـكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

هەر بۆ زانیاری ئێوە، لە زۆر ولاتانی دونیادا دوكان هەیە و چەک دەفرۆشن، بەلام خاوەن دوكانەكە نایفرۆشێ ئەگەر مۆڵەتی حكومەتی بۆ نەهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبو بەكـر حـەسـەن بامـەرنی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر یەكێک بڕوات بۆ خۆی دەمانچەیەک بكڕێ و ئەگەر مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆی پێ بێ،

وەزارەتی ناوخۆ بەیانی دەزانێ فلان چەک لەلای فلان کەسە، ئەگەر هات و تاوانێک بوو ئەو کاتە دەتوانێ ئەو بازرگانییە بەرزەفت بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٥) جۆرەکانی مۆڵەت پێدانە، ئەگەر هاتوو ئێمە (حیازە)مان بۆ کلاشینکۆف دانا ئەوە جۆرەکانی ئەو مۆڵەتانە دەگۆڕدرێن، (١ـ تکون الاجازات کالأتی) (٢ـ اجازة حمل وحیازة السلاح) ئەوجا چارەی کلاشینکۆفەکەمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا وای بۆ دەچم گرفت نییە، ئەوە تەواو بوو، فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الخامسة: تکون الاجازات کالاتي:

١- اجازة حمل وحیازة السلاح الناري وعتاده.

٢- اجازة اصلاح السلاح الناري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ئەم مادەیە هەیە؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اجازة حمل او حیازة) نەک (حمل وحیازة) واتا (او حیازة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری ناوخۆ ئەگەر روون کردنەوەیەکی هەیە بابفەرموێ؟

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەها هەمان تێبینییە، چونکە (حمل وحیازة) هەردووک بەیەکەوە نابن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا بابزانین لیژنەی یاسا، یا کەسی تر تێبینی لەسەر ئەم دوو خاڵە هەیە؟ تەنیا کاک جەمیل ماوەتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا لەرژێمی عێراقیش ئەو جۆرە مۆڵەت پێدانە هەیە (اجازة و حیازة السلاح)، (حیازة) لەماڵەوە هەیتی، بەڵام لەگەڵ خۆی نایگێرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە یەک دەڵێ (أجازة حمل أو حيازة السلاح الناري وعتاده) جا بزانین لیژنەی یاسا رای چی یە لەسەر ئەو بابەتە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای ئێمەوە وەک لیژنەی یاسا ئێستا مۆڵەتی(حمل وحيازة) بەیەکەوە بێ، ئەگەر بمانەوێ مۆڵەتی (حیازە) بەتەنیا بێ دەبێ بڕگەیەکی تری بەتەنیا بێ (اجازة حمل و حيازة) چونکە (حمل وحيازة) پێکەوە دەکرێت، هەم (حیازەیە) هەم (حمل)ە، بەلام (اجازة الحيازة) دەبێ بەتەنێ بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی کلاشینکۆف برایەوە دەنگمان لەسەریدا، تەوا بوو، ماوەتەوە داڕشتنەکەی وئەوەی کە لەبڕگەی (٢)دا جێگای بکەنەوە. ئەوجا ئەگەر لەمادەی (٥) تێبینی تر هەیە؟ لەگەڵ زیاد کردنی (او)، ئایا وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة السادسة: ١- لسلطة الاصدار بناء على طلب يقدم اليها منح اي من الاجازات المنصوص عليها في هذا القانون بعد توفر الشروط الاتية في طالبيه او طالبيها.

أ - ان يكون من سكنة الاقليم.

ب- اكمل (٢٥) من عمره.

ج- غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

د- غير مصاب بعوق بدني أو مرض عقلي أو نفسي يمنعه من استعمال السلاح مؤيداً بتقرير من لجنة طبية.

هـ- تكون حيازته للسلاح مشروعة.

٢- يُستثنى من احكام (د) من فقرة (١) من هذا المادة الموظفون في دوائر الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ دەیەوێ لەسەر ماددەی (٦) قسە بکات تکایە ناوەکان بابنوسرێن، ئەو برایانەی دەیانەوێ قسە بکەن، (١٠) کەسن. کاک فەرسەت تێبینییەکی هەیە بابفەرموێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی (ب وجـ) هەیە، بڕگەی (ب) ئەوەی مۆڵەت وەربگرێ پێویستە تەمەنی (٢٥)ساڵ بێت تەواو بوونی (اهلیەت) لەقانونی عێراقی (١٨) ساڵە لە (١٨) ساڵی یان لە

(١٨) کەمتر دەبێتە پۆلیس وسەرباز، ماقووڵ نییە ئەو زیادەیە لە نێوان تەواو بوونی (اهلیە) کە دەتوانێت گرنگترین هەڵسوکەوت بکات لە هەمان کاتدا ناتوانێ مۆڵەتی چەک وەربگرێ، بەڕای من ئەوە ببێتە (١٨) ساڵی زیاتر دەگونجێ لەگەڵ قانونەکانی عێراقی بەتایبەتی (القانون المدنی)، بەنیسبەت بڕگەی (جـ) (غیر محکوم علیه بجنایة غیر سیاسیة) باشە یەکێک ڕووداوێکی هاتوچۆی لەدەست قەوماوە، دووسێ کەسی بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل کوشتووە بۆ بەرهەڵستی بکەم مۆڵەت وەربگرێ؟ بەڕای من (شطری) دووەم لەمادەکە بەسە (بجنحة مخلة بالشرف) ئەوانی تر منع نەکرێ کە مۆڵەتی چەک رابگرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ کاک فەرسەت دام لە خاڵی (ب). خاڵەکەی تریش (د) دەڵێ (غیر مصاب بعوق بدنی)، بەڵام زۆر جار پێشمەرگە هەبووە دەستێکی هەبووە، بەڵام پێشمەرگە بووە وشەڕیشی کردووە، ئێستا بۆ ئێمە لەو دەقە بێ بەری بکەین؟ وابزانم هەر (مرض عقلی ونفسی) بەسە، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووخاڵم هەیە یەکەمیان بڕگەی دوو (استثناء موظفي دوائر الدولة) ی کردووە لەو مەرجانە، ئەوە بەزیاد دەزانم، پێویستە کارمەندانی دەوڵەت هەمان مەرجیان تیا هەبێ لەکاتی مۆڵەت وەرگرتندا، خاڵی دووەم، ئایا ئەو مەرجانە پیادە دەکرێن لە سەر ئەو کەسانە کەدەیانەوێ مۆڵەتەکانیان تازە بکەنەوەیاخود تەنیا لەکاتی مۆڵەت وەرگرتنی یەکەم جار؟ پێشنیاری ئەوە دەکەم کەمۆڵەتیشیان تازە کردەوە هەمان مەرجیان لێ بێتە دی، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد سەدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر (استثناء) لە بڕگە(٢)دا لەگەڵ خوشکە نهلە جوداین (یستثنی من احکام البند - د - من الفقره (أ) من هذه المادة الموظفون فی الدوائر) بۆ نموونە فەرمانبەر هەیە لەفەرمانگەکاندا کەم ئەندامە، ئەو لێ بەدەر کردنە سەبارەت فەرمانبەران زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەسەر استثنای (مرض عقلی) بێ یان (مرض نفسی) بێ کەنەتوانێ چەک بەکار بێنێ بۆچی لەبەندەکەدا بەدەر (استثنا) کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**
**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەگەڵ کاک فـەرسـەتم کـە دەڵێ (ثم غیر محکوم علیە بجنایة او جنحة مخلة بالشرف) (غیر سیاسیـة)ی پێ ناوێ، دوو، بەنیسبـەت (٢٥) ساڵ من زۆر بەکەمی دەزانم، چونکە (حیازەی) چەک وەک، مۆڵەتی رانەرێ (سیاقـەت) نییـە، گیـانی خەڵکی پێـوە بەندە، من پێشنیـار دەکـەم (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز نەجـمـەدین عـەزیز ئیـسـمـاعـیل:**
**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــــومـــەن.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەوەی کاک فـەرسەت باسی کرد (غیر محکوم علیە بجنایة غیر سیاسیة) ئـەو (٢٥) ساڵەش زۆرە ئەگەر کەمی بکەینەوە.

٢- (یستثنی من احکام) ئەو بەندە پێویست ناکات بەرای من زیادە، سوپاس.

**بەڕێز یـونـس رۆژبـەیـانی/وەزیـری نـاوخـــــۆ:**
**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بڕگەی (جـ ، د) من تێبینیم لەسـەریان نییـە، کۆکم لەسـەر ئەو تێبـینیـانە، بەڵام خـاڵی (٢) (استثناء اصولیا) هیچ فەرمانبەرێک نابێتە فەرمانبەر ئەگەر فحس نەکرا بێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

پرسیـارێک هەیە پێش ئەوەی لیژنەی یاسا وەڵام بداتەوە، بڕگەی (ه) (تکون حیـازتە للسـلاح مشروعة) پرسیارەکە دەڵێ ئەوە یانی چی؟

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولکـەریم بـەرزنجی:**
**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

برایان لەزۆر خاڵ هاوبەش بوون لەسەری بەتایبـەتی خاڵی دووەم کـە دەڵێ (یستثنی) من احکام البند (د) بەندی (د) دەڵێ (غیر مصاب بعوق بدنی او مرض عقلی) ئەوانە هەمووی قەیدی ناکا بەرهەڵستی دەکەن لەهەڵگرتنی چەک، واتا ئەگەر پێشـمەرگەیەک کەم ئەندام بێ مەنعی نەکات لەهەڵ گـرتنی چەک ئەوە لێرە منع ناکـرێ (یمنعـانە مـن حـمل السـلاح) لەپاشـان بۆ لەو بڕگـەیەدا فەرمانبەرمان هەڵاوێردووە؟ (غیر الموظف) دەبێت بچێتە لای دکتۆری تایبەت و بۆ لای لیژنەیەک بڕوانامـەیەک بێنێ کـە هیچ نەخۆشی یەکی نییـە نەخۆشـخانە ئەو بڕوانامـەیە پێشکەش بکات لەنێوان مەرجی مۆڵەت دانەکاندا، بەڵام کارمەند ئەو بڕوانامەی پێویست نییـە، چونکە لەکاتی دامەزراندنی دا ئەو بڕوانامەی بردووە، لەکاتی دامەزراندنی، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا دوو خاڵی سەرەکیمان هەیە، یەکێک مەسـەلەی تەمەنە، دووەم، بابەتەکەی

هێرۆ خانە کە لەبابەت کەم ئەندامەوە دەپرسێ، ئەگەر لەسەر ئەوەی کە لیژنەی یاسا پرسی چ بەدواداچوونێکتان نییە؟ دەچینە سەر خاڵێکی تر.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەست سەقەتی بەکەم ئەندام حساب دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم (یمنعانە من استعمال السلاح) راپۆرتێکی پزیشکی بێنێ وبڵێ ئەم کەم ئەندامە دەتوانێ چەک بەکار بهێنێ، ئەوسا مافی خۆیەتی.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەیەکم هەیە، لەسەر بڕگە (٢) کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ولیژنەی یاسا وەڵامیان داوە، راستە کارمەند کە دادەمەزرێ راپۆرتی لیژنەی پزیشکی دێنێ کەوا هیچ نەخۆشی دەروونی و، دەمارو، لەشی نییە، بەڵام ئەگەرێک دانێ، پاش ساڵێک ئەو کارمەندە توشی نەخۆشی یەک هات، نەخۆشییەکی دەروونی، ئایا راپۆرتی لیژنەی پزیشکی لەحاڵەتی تازە کردنەوە داوای لێ دەکەن یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک دکتۆر فەرموو...

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمەسەلەی تەمەندا وابزانم ئەوەی لەسەرووی (١٨) ساڵیەوە بێ هەموو مافێکی هەیە، لەبەر ئەوە دیاری ئەکرێ بە (٢٥) ساڵی و ئەوەی کە کارمەندانی لێ بەدەر دەکا، بەلای منەوە شتێکی زیادە ئەوە مانای ئەوەیە ئەگەر لێکی بدەینەوە وا دەگەیێنێ ئەگەر کارمەند شێت وویت ومالّ ویرانیش بن هەر دەتوانن چەک هەڵگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەرج نییە، خۆی دەقەکە لەئەسڵی پرۆژەکەدا، مەبەستەکەی روونە، بەڵام پرسیارەکەی ئەهلە خان ئەگەر کارمەندێک (١٠ ـ١٥) ساڵ خزمەتگوزاری هەیە وتووشی کۆمەڵێک نەخۆشی بوو، داوای چەکی کرد کێ بزانێ ئەمە ساغە؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر باسی نەخۆشی وشتی وا دەکرێ من گەلێک دەبینم، من دەڵێم ئەوەی نەخۆش نەبێ چەکی پێ ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاودژییەک هەیە لەنێوان بڕگە (ب) کە دەڵێ (اکمل الخامسة والعشرین من عمره) لەگەڵ ئەوەی کە کارمەند بێ، کەواتە کارمەند بێ ڕەوایە بە (١٨)ساڵی چەک هەڵگری، بەڵام ئەگەر کارمەند نەبێ نابێ چەک هەڵگرێ، ئەوە کێشە و گیروگرفتی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە لەبنەڕەتدا هەر بڕگە (٢) هەڵگرین (یستثنى من احکام - د - من الفقرة (١) من هذه المادة، الموظفون في دوائر الدولة) پێشنیارێک هەیە کە وابکەین، ئێستاکە دێینەوە سەر مادەکە کە گفتوگۆی لەسەر کرا، دەچینەوە سەری یەک بەیەک..

أ- ان یکون من سکنة الاقلیم.

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

ب- اکمل الخامسة والعشرین من عمره. پێشنیارێک هەیە کە یاسا دەڵێ دەبێ (١٨) ساڵ بێ، وابزانم ڕای چەند ئەندامێکی پەرلەمانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (ب) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە واتە بیگۆڕین؟ زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەیەکە بیگۆڕین. پێشنیارەکە ئەوەیە کە (من اکمل الثامنة عشرة من عمره) کێ لەگەڵ ئەوەیە (من اکمل الثامنة عشرة من عمره) بمێنێتەوە؟ بەزۆربەی دەنگ (١٨) ساڵ پەسەند کرا (من اکمل الثامنة عشرة).ج- غیر محکوم علیه بجنایة غیر سیاسیة او جنحة مخلة بالشرف، کێ لەگەڵ ئەوەیە (ج) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە بیگۆڕین؟ بۆ هەموار کردنی (ج) پێشنیارێک هەیە (غیر محکوم علیه بجنحة او جنایة مخلة بالشرف) ئەو پێشنیارە کراوە جارێکی تر بیخوێنینەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

غیر محکوم علیه بجنحة او جنایة مخلة بالشرف، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەمانای ئەوە دێ کابرایەک هەستاوە (٥) کەسی کوشتووە بە ئانقەست (عمد) ئەمە (مخل) نییە بە شەرەف یەکسەر، ئەو کابرایە منع ناکرێ لە چەک هەڵگرتن، هەر لەبەر ئەوەی (٢٥) (مرور)ەکەی بەگەڵ دەکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بجنایة او جنحة.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا ئەوەی برادەران نموونەیان پێ هێنا (٢٥) مرور، لەراستیدا تاوانە، بەڵام یەکێ ئەگەر نەتوانێ ئۆتۆمبیلەکەی بەتەواوی بەکاربێنێ و خەڵک بکوژێ ئایا ئەو چەکەی پێی بدرێ چۆن بەکاری دێنێ (قتل عمد) مانای ئەگەر (٥) کەسی کوشتبێ (قتل عمد) پەیوەندی نییە بە(شەرەف)ەوە، مانای ئەوەیە منع ناکرێ لەچەک هەڵگرتن مانای ئەوەیە بکوژەکە بەرەڵڵای ناو میللەتی دەکەین وچەکی دەدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەگەر بێتو یاسای سزادان لێک بدەینەوە زۆربەی ئەوانە (جرائم عادیة)یە (مخلة بالشرف) نییە دەمێنێ مۆڵەت پێدانەکە خۆ ئەو مۆڵەت پێدانە (حتمی) نییە، وەزیری ناوخۆ یا هەرکەسێک بێ ئەو مەرجانەی تیادابێ مۆڵەتی پێ دەدات، ئەمە دەسەڵاتێکی بەمەزەندەیە بۆ وەزیری ناوخۆ، حەزی لێ نەبێ دەتوانێ مۆڵەتی پێ نەدات پێی دەڵێ، چونکە لە فلان رووداودا پێنج کەست کوشتووە لەبەر ئەوە رەفزی داواکەی تۆم کردووە، مۆڵەت بە تۆ نادەم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی یاسا دەتوانێ داوا لە دادگا بکات کەیاسایی نییە، چونکە پێنج کەسیشی کوشتبێ (مخل) نییە بەشەرەف بۆیە دەبێ مۆڵەتەکەی بداتێ، بە دادگا لێی وەردەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری کاک حەسەن دەکەم، چونکە بەراستی ویستم ئەوە بڵێم کە لە یاسادا بوارمان دا ئەو وەختە مافی خۆیەتی مۆڵەتەکە وەربگرێ، ئەگەر وەزیری ناوخۆ رەفزی بکات، هەزار هۆی بۆ بدۆزێتەوە دەڵێ: بەیاسا ئەوە مافی منە، من وەری دەگرم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینە سەر بڕگەی (جـ) کێ لەگەڵ ئەوەیە (جـ) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەک خۆی دەمێنێتەوە. (د) (غير مصاب بعوق بدني او مرض عقلي او نفسي يمنعه من استعمال السلاح مؤيداً بتقرير من اللجنة الطبية) وابزانم ئەو دەقە روونە گفتوگۆشی لەسەر کراو، تەنیا یەک تێبینی لەلایەن هێرۆخانەوە ماوە، ئەویش لەگەڵ ئەو رایە بوو کەلیژنەی یاسا راڤەیان کرد، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(هـ) (تكون حيازته للسلاح مشروعة) ليژنەی یاسا راڤەی ئەو پرۆژەی کرد، هیچ تێبینیەک دوای ئەو نەبوو. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکرای دەنگ وەک خۆی مایەوە. ٢- گفتوگۆ زۆر کرا، برادەران وادەزانن ئەو بەندە زیادە، کێ لەگەڵی نییە؟ واتە نەمێنێ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم برگەیە هەڵبگرین؟ بە زۆربەی دەنگ ئەو برگەیە هەڵدەگیرێ و، دەچینە سەر مادەی (٧).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: يعين شكل الاجازات بتعليمات تصدرها وزارة الداخلية في الاقليم.

**بەڕێز نژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە ئەوە لەپێشدا (سلطة الاصدار) وەسف کراوە، کە وەزارەتی ناوخۆیە، بۆ ئەوەی هەموورێک بێ، بۆیە دەڵێین: (يعين شكل الاجازات بتعليمات تصدرها سلطة الاصدار) لەجیاتی (وزارة الداخلية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون...

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بەحوکمی ئەوەی (شکلی اجازە) پێویستە لەسەرەوە دەربچێ چۆنە وچۆن نییە؟، ئەو وەختەی دەسەڵاتی دەرکردنیش (اصدار) ئەوانی خوارخۆی رادەسپێرێ، ئەوانەی پلەی خوارەوەش تەنیا دەسەڵاتی دەرکردن (اصدار)یان دەدرێتێ نەک دەسەڵاتی دیاری کردنی شێوەکە (شکل)ەکەی دەقەکەش چارەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چ تێبینیم نییە، لەگەڵ ئەوەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو کاک ئەیاد باسی کرد..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی (٧) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

ئەم کۆبوونەوەیەمان لێرەدا تەواو دەبێ وکاتژمێر (٤)ی ئێوارە دیسان کۆبوونەوە هەیە.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە، مادە (٦) بڕگە بڕگە باسکرا، بەڵام دەنگ لەسەر هەموو مادەکە نەدرا، چونکە لەمادەی (٦) پرسیارێکم پرسی وەڵامم وەرنەگرتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران دەڵێن جیاوازی نییە.. سوپاس.. سەعات (٤) لێرە کۆدەبینەوە، بابەتێکی تازە هەیە....

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## کۆبوونەوەی دووەم/دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٧

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

ئێستاش جارێکی دیکە دەست دەکەینەوە بە کۆبوونەوەی دووەمی ئەمڕۆمان، کە چەند خاڵێکە، یەکیان پەیوەندی بەلیژنەی کشتوکاڵەوە هەیە، دووەمیان گەڕانەوەی بەڕێز د.سەلاح بۆ ناو پەرلەمان بەخێربێ و، سێیەمیان دەربارەی گوزەران وباری ئابووری کۆمەڵگاکانی سنووری پارێزگای هەولێرە کە وەختی خۆی لەلایەن بەڕێز مامۆستا (مەلا تەڵحە)وە پێشنیار کرا، وچوارەمیان پرۆژەی یاسای وەزارەتی مرۆڤایەتی وهاوکارییە، کە لەوانەیە تۆزێک دوای بخەین بۆ ڕۆژی سێ شەممە، ئەمێنێتەوە تازە بابەت ئەگەر شتێک هەیە؟.

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

من دوو تازە بابەتم هەبوو تەنها بۆ بەرچاوی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی گرنگی پێ بدەن:-

١- دەنگۆی وا بڵاوبۆتەوە لەناو کۆمەڵانی کوردستان کە چاندنی (حەشیش) لەکوردستاندا دەستی پێ کردووە و، ئەمەش مەترسیەکانی زاندراون.

٢- لەناو کۆمەڵانی خەڵک لەسەر مەسرفی زۆری بەڕێوە بردنەکان قسە دەکرێ، کەئەوەش سارد بوونەوەی داوەتە کۆمەڵانی خەڵک، لەئایندەدا ئەگەر لەدانیشتنێکی نیو سەعاتی بۆ بکەین تا لەسەری بدوێین، یا بەشێوەیەکی تر چارەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

جا ئەوە دەنگی لەسەر بدەین و بیخەینە ناو بەرنامەوە، بۆ ئەوەی ئەو گفتوگۆیە دوابخەین.

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

هەندێ برادەران ئەوانەی زانیاریان هەیە لەم بابەتەدا، پێشنیاری ئەمەیان کردووە کە جۆرە حەساسیەتێکی تێدایە، لەدەرفەتێکی تردا قسە بکرێ زانیاری کۆ بکرێتەوە هەر لەئەمڕۆوە بکرێتە دانیشتنێکی نهێنی و لێدوانی لەسەر بکرێ. سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

یانی هەردووکی بخرێتە بەرنامەوە، بەڵام دوایی دیاری بکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش تازە بابەتم هەبوو پێش(٢-٣)ڕۆژ لەسەر گەنم بۆ باس نەکرا؟. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راستە دوێنێ لەبەرنامەدا هەبوو، بەڵام دیارە (التباس) پەیدا بووە ئێمە دەتوانین جێگیری بکەین ئەوە ماوەتەوە، ئایا ئاگاداری وەزیری کشتوکاڵ بکەن کە ئامادە بێت؟ ئەمە جێگیر کراوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستیەکەی لەلایەن هەردوو فراکسیۆنەکەوە کۆمەڵێک مەسەلە هەبوون کەلەڕۆژانی رابردوودا بەناوی تازە بابەتەوە دانرابوون ئێستا هەندێکیان دەبی بڵێین کۆنە بابەت، بەڵام تازە بابەتی لەهەموویان گرنگترو نوێتر ئەو لێدانەی عێراقە لەلایەن ئەمەریکاوە، لەو بارەیەوە تا ئێستا زانیارەکان کەمن ئەگەر کاتێکتان تەرخان بکردایە بۆ ئەوەی لەسەری بدوێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەو دوو پێشنیارەی کە کاک عەبدولکەریم کردی دەبێ مۆڵەتمان پێ بدا پێشەکی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا راوێژێک بکەین بۆ ئەوەی وەختێک دابنێین بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی ئەم بابەتە، ئەگەر کاک عەبدولکەریم لاری نەبێ ئێمە نایخەینە بەرنامەی ئەمڕۆوە ئەنجوومەنی وەزیران دەبینین وقسەیان لەگەڵ دەکەین، پاشان کاتێک دەست نیشان دەکەین کە باسی بکەین، چ لاریتان هەیە؟.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها خاڵی یەکەم وابزانم گرنگە، ئەگەر باسی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە وەکو کاک کەمال فەرمووی کۆنە بابەتە، وەختی خۆی باس کرا، هەروەها ناوچەی ئامێدی و دەوروبەری هەندێ ئەوانەی کە لە ئێران گەرانەوە لەوانە هەندێ شتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو لێرە داوا لە محسن ئامێدی کرا بەو ناوەی خەڵکی ناوچەکەیەو شوێنەکە شارەزایە وهەروەها ناویشیان تەسلیم بەمحسن ئامێدی کراو جەنابتان داواتان لێ کردبوو کە بچێ تۆژینەوە بکا، وەڵامەکەمان بۆ بێنێتەوە، نازانم وەڵامی بۆ ئێوە هێناوە؟ هیچ هەواڵی نەبوو، محسن ئێستا ئامادە نییە حەز دەکەین لەکاتێکا گفتوگۆ بکەین کە ئەویش ئامادە بێ، چونکە راسپاردرا بوو، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

ئەوە دەمەوێ هەر(١٠)دەقیقە لە دانیشتنێکی نهێنیدا باسی بکەم، چونکە هەندێ زانیاری بەبەڵگە لای من هەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

ئەمرۆ ئێمە پەیوەندی بەئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەکەین، خراپ نییە ئەگەر مۆڵەتمان پێ بدەن کەوا بیخەینە ناو بەرنامەوە، ئەبێ ئێمە ئەنجوومەنی وەزیران ببینین ولێرە ئامادە بن، بۆیە ئەیخەینە بەرنامەی سبەی. ئێستا دوو خاڵی بچووکمان هەیە مەسەلەی یەکەمیان گەڕانەوەی بەڕێز د.سەلاحەدین حەفیدەبۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کەوەختی خۆی پاڵاوترا بوو لەسەر داوای برایانی لیستەی سەوز، کاک سەلاح گەڕایەوە بۆ ڕیزی پەرلەمان، ئینجا کێ لەگەڵ ئەمەیە کەد. سەلاح بگەڕێتەوە ناو ڕیزی پەرلەمانی کوردستان؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بە زۆربەی دەنگ کاک سەلاح گەڕایەوە بۆ ڕیزی پەرلەمان، بەخێر بێ و هیواداریین بەهەمان هەڵوێست وهەمان هەست دەوری خۆتان ببینن لەپەرلەمانی کوردستاندا. دەربارەی پاڵاوتنی ئەندامێک بۆ لیژنەی کشتوکاڵ، لەسەر داوای فراکسیۆنی پارتییەوە، بابزانین کاک فرەنسۆ چ پێشنیار دەکا.

**بەڕێـز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

ئێستا خەبەرێکی ناخۆش لە گوندی (بناوی) هات، لەناوچەی دۆڵی (ئالانە خلیفان) ئەوانە دوژمنایەتی کۆنیان هەیە گوایە بەناو یەک کەوتوون تا ئێستا(٨) جەنازە گەیشتۆتە خەلیفان، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

جێگای داخە، هیواداریین لەمە زیاتر تەشەنە نەکات، بۆ مەسەلەی لیژنەی کشتوکاڵ، کاک فرەنسۆ ئێوە کێتان پاڵاوتووە بۆ ئەندامەتی لیژنەی کشتوکاڵ.

**بەڕێـز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

شێخ عەفان پاڵاوترا بوو.. سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

بەڕێز شێخ عەفان پاڵاوتراوە بۆ لیژنەی کشتوکاڵ، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ کاک عفان بە ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ دانرا.

ئێستاش دێینە سەر پێشنیاری کاک د.کەمال، هێرشی ئەمریکا بۆ سەر (مخابراتی) عێراق، ئەگەر بفەرمێ شتێک لەم بارەیەوە باس بکات بۆ ئەوەی بواری گفتوگۆ کردن لەسەر ئەوە بدەین.

**- بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ پێویستە بلێین لێدانی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە دوێنێ شەوی رابردوو، پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکە حەز دەکەم ئەمە بلێم ئەمجارە لێدانەکە لەکاتێکی وابوو کە خەڵکی بەئاگانەبوون ئەگینا دوێنێ شەو تەق وتوقی زۆر دەکرا هەر بەو بۆنەیەوە پێویستە ئەوەش بلێین کە ئەو تەق وتۆقەی کە دەکرێ بەناوی خۆشی، بەراستی کارێکی زۆر ناپەسەندەو زیانێکی زۆر ئەبەخشێ ئەمڕۆ بەیانی بلاو کرایەوە کەوا ناوەندی (استخبارات)ی سەربازی عێراقی لە لایەن ئەمریکاوە(٢٣)(ڕۆکێت)ی پیاکێشراوە تاوەکو ئێستا ئەنجامەکانی دەرنەکەوتووە کەزیانەکە تا چ رادەیەک بووە، بەڵام لێرەدا زیانە سەربازییەکە هەر چەندە بوو بێ کەم بێ یازۆر بێ وابزانم ئەوەندەی ئەوە گرنگ نییە کە رەنگ دانەوەی ئەم لێدانە چی دەبێت بەنسبەت عێراقەوە، جارێ لەپێش هەموو شتێک هەموو ئەو درۆ ودەلەسانەی کەوا حکومەتی عێراق دەیکرد، خەریکین پەیوەندی خۆیان ئاسایی بکەن لەگەڵ ئەمەریکا وووڵاتانی رۆژ ئاوا ئەوەی بەدرۆ خستەوە جارێکی تر روون بوەوە کەوا ئەمەریکا ودەوڵەتانی رۆژ ئاوا وازیان لەعێراق نەهێناوە وهەرگیز لەتوانادا نییە کەوا عێراق بگەرێتەوە ناوکۆمەڵگای نێو دەوڵەتان وئابلۆقەی ئابووری لەسەر لاببرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەم روونکردنەوەیە، ئەگەر برادەران دەیانەوێ لەهەمان بابەت قسە بکەن تکایە بەدیاری کراوی قسە بکەن، چونکە کاتمان دیاری کردووە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتی گرنگ ئەمە بوو بۆ میللەتەکەمان روون بێتەوە ئەو بەڕێزانەی کە لە دەرەوە هاتنەوە ئەو بەڵێنانەی کە پێیان درا بوو بەرامبەر نەگۆڕانی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر حکومەتی عێراق ئەوەش زۆر چاک روونی کردەوە کە میللەت دڵی حەسایەوە کەوا قسەکانی ئەوان زۆری جێی جێی دڵخۆشییە، چونکە عێراق ئیتر ئومێدی نەما بەرەو ئەو لایە بڕواو سوود لە وەزعی وا وەربگری، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەلایەکی ترەوە بۆ بابەتەکە دەچم، وابزانم (سەدام) هەر لەسەر رێبازو سیاسەتەکەی خۆیەتی، لەسەر چاوەی موخابەراتی ئەمەریکی و رۆژئاواوە زانیاری دەست کەوتووە کە هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوە بەبیانوی ئەوەی کە خۆی لە پەلاماری ئێران بپارێزی، بەڵام ئێمەی کورد دەبێ هۆشیار بین، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێشەوە ئێمە زۆر بەداخەوەین کە ئەم خەڵکە بەئاگری (سەدام) بسوتێن، وەکو خەبەر هات من دوو تێبینیم هەیە یەکیان لەوانەیە ئەوە لێدانێکی بەردەوام بێ، دووەم لەوانەیە رژێم تۆڵەی خۆی بکاتەوە، کەزۆر حەز دەکەین وەکو ئاگاداری داوا لەوەزارەتی پێشمەرگە بکەین کە هۆشیار بن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێزم کاک د.کەمال باسی ئەوەی کرد کە لەوەختێکی درەنگ بووە وخەڵک نووستوە، بۆیە تەقەی خۆشی نەکراوە زۆر هەوڵ دراوە کە چارەسەری ئەو تەقەیە بکرێ بەنووسین لەرۆژنامەو لەتەلەفزیۆنەکان لە رادیۆکان زۆر دانیشین وکۆر وکۆبوونەوە باس کراوە، بەڵام ئێستا من گەیشتمە قەناعەت کە تابووری پێنجەمە تەقە دەکا، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ وئاسایش بەبێ هیچ مەرجێک ئەو کەسانەی کەتەقەی خۆشی دەکەن هەر کەسێک ولەهەر حزبێک بێت بیانگرن و بدرێنە دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم چیتر لەسەر ئەو خاڵە نەڕۆین، چونکە قسەی زۆری لەسەر کرا.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها سکاڵای ئەو ئۆردوگایەتان بۆ عەرز دەکەم، برسییەتیان گەیشتە ئەو رادەیەی کەوا ئێستا (جۆ) دەکەنە دانوو، ناتوانن بیکەنە ئارد، دەیکەنە دانوو، چونکە رۆنیان نییە پێی بخۆن، هەندێ خوێی تێ دەکەن ودەیخۆن، بەراستی هیچیان نەما بیفرۆشن، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواو لە سکاڵاو داوای بەڕێز مامۆستا طە دەکەم، بەڵام هەموو ئۆردووگاکان حاڵیان وەهایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک، ئەو خانوانەی کەلە ئۆردوگاکانن؟ ئەو ئۆردوگایانەی کە قەرزی عەقاریان لەسەرە ئەو مەسەلەیە؟.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر عقاریان لەسەر نییە حکومەت حجزی کردوون، بەڵام تا(١٠)ساڵ ناتوانن کڕین وفرۆشتنی

لەسەر بکەن خەڵک هەیە لەهەولێرەوە دەچن دەیان کرِن بەپارەکە گوندەکە ئاوەدان دەکەنەوە تەنها حجزەکە لابچێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەزەمانی بەرەی کوردستانیەوە ڕێنماییەک هەیە ولێرەش لەپەرلەمان ئاماژەمان بۆ کردووە، کە ئەو خەڵکە بەو جۆرە ڕێنمایی بکرێ کەئەو خانوانە بروخێن ودارو بەردەکەی سودی لێ وەرگرن وگوندی خۆیانی پێ ئاوەدان بکەنەوە، ئەوە وابزانم هەموو لایەنە سیاسیەکان کۆکن لەسەر ئەم ڕێنماییانە.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بۆ ئەو خانوانەیە کەبەبلۆک دروست کراون، ئەمانە بەبەرد دروست کراون چی لێ بکەن؟ کەرەستەکەی بەکەڵک نایەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بەش بەحاڵی خۆم تۆزێک لەسەر ئەو بابەتە دوام، بەرای من لێی بکۆڵدرێتەوە، چونکە کۆمەڵێک شت دەگرێتەوە ڕێنمایی ئێمە ئەوەیە ئەو شتانە لێرە بریارێکی لەسەر بدەین.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە جەنابی مامۆستایان باسی کۆمەڵگا زۆرە ملێکانیان کرد، بەڵام وەزعەکە بەگشتی وایە، بەراستی وەزعی قەزاو ناحیەو راگوێزراوەکان لە وەزعی کۆمەڵگاکان باشتر نییە، لەراستیدا کە ئێمە دەچینە ناویان کە ئەگەرێنەوە بۆ ناحیەو قەزاکان بە زۆری بێزاری خۆیان دەردەبرِن لە رووی ئابووریەوە، گەر هەوڵی چارەسەری ئەو وەزعە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەشێکی ئەو ئۆردوگایانەی کە مامۆستا باسی کردن وئاماژەی بۆ کردن، خەڵکی راگوێزراوی سنووری کەرکوکن، بەشێک لەو ئۆردوگایانە بەنموونە بنصلاوە(٤٤)هەزار نفوسی تێدایە، کە یەکجار زۆرە دارەتوو(٣١)هەزار نفوسی تێدایە کەورگۆسک(١٣ر٢٧)نفوسی تێدایە جدیدە(٤)هەزار وشتێکی تیایە، ئەمانە تەنیا ئەو ئۆردوگایانەن کە لەساڵی (٨٦-٨٧-٨٨) راگوێزراون لە(٨٥٪)ئەو خەڵکانە کە خەڵکی سنووری گەرمیانن کەبواری گەرانەوەیان نییەو هیچ سەرچاوەیەکی ژیانیان نییە، وا بروات نەئاو نەزەوی نەکار پێداویستی ژیانیان نییە، ئێستا لەوێ گیروگرفتیان زۆرە کە خەڵک زۆر برسینە وخزمەتگوزاری زۆر کەمە ولێرە خەڵک رۆژانە ئاو دەکرِن ئاو نییە خزمەتگوزاری خەستەخانە کەمە، بۆیە پێویستە چارەیەکیان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محسن خالید موفتی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو خانووانەی کەباس کران ئەوەی ئێمە ئاگادارین لەپیرە مەگرون لە(نصر)و لەکۆمەڵگەکانی تر، کە چەند جارێک هەولیان داوەو سکالای خۆیان خستۆتە بەردەمی فەرمانگەکان، بەتایبەتی یەکێتی زانایان کەهەوڵێکیان بۆ بدرێ لەعقاری رزگار بکرێن تا ئێستا عقاریان لێ وەردەگیرێ با چارەی ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورولی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ هەموو بۆ چوونەکانم تەنیا ئەوەندە نەبێ کە ئەو خانوانەی کەماونەتەوە بدرێن بەخەڵکی تر، لەراستیدا ئەمە کێشەیەکی سیاسی بۆ ئێمە دروست دەکات ولەلایەکی تر شتێکی وابکەین کەوا هەموو خەڵکی کۆمەڵگاکان بتوانن بگەڕێنەوە، چونکە بنەمای ئابووری لەدێهاتەکان شتێکی پیرۆزە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانە بەڕای من هەرچی ئاسانکاری هەیە بۆیان بکرێ لەلایەن پەرلەمان یا حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە لەزۆر لاوە سوودی لێ ئەبینین، بەکەم هەوڵ ئەدرێ کە ئاسانکاریان بۆ بکرێ و بگەڕێنەوە سەر جێگاو رێگای خۆیان ودێهاتەکان ئاوەدان بکەنەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە زۆر شت لەئۆردوگاکان ئەکرێ بۆ ئەوەی لەوەش رزگار بین لەلایەکی ترەوەش بەراستی ژیانیان نییە، پێویستە خەمیان بۆ بخورێ و چارەیەکیان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایان لەو بارەیەوە زۆر باسیان کرد ئاشکراو دیارە ئەو ئۆردوگایانە بۆیە دانراون هەر ناومان لێ ناون ئۆردوگای زۆرە ملێ، ئەو ئۆردوگایانە ئەگەر خەڵکەکە چارە وپارەی هەبێ یەکسەر دەڕوا، بۆیە دەڵێم دەبێ چاودێری بکرێن و ئازووقەیان بۆ دابین بکرێ و لە قەرزی عەقاری ببەخشرێن، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولکەریم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئۆردوگاکان برادەران قسەیان کردو ئاشکرایە چۆن ئۆردوگاکان دروست بوودو بەچ مەبەستێک دروست بووە، بەڵام ئەوەی من ئاماژەی بۆ بکەم کە گرنگ بێ ئەوەیە کەوەختی خۆی حکومەتی عێراقی عقاری داوە پێیان، چ جۆرە عقارێک؟ زۆر کەم، بۆ ئەوەی هەر چی ماڵی خۆیان هەیە لەم خانووە داسەرفی بکەن وببەسترێنەوە بەو خانوانەو چاوەڕوانی ئەوەبن کە فەردە

ئاردێک لەحکومەت وەربگرن وپێی بژین وحکومەت نەیانداتێ بمرن لەبرسان بۆ ئەوەی یەکجاری بیان بەستێتەوە بۆ ئەوەی ئەو سنوورە بشکێنین، پێویستە ئێمە بریارێک وەرگرین هەم لە عەقارییەکە ببەخشرێن و هەم ئازووقەشیان بۆ دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ شتێک بلێم، برادەران هەموویان رایان دەربڕی ئێمە کە هەموو جار گفتوگۆ دەکەین ویاخود را دەردەبڕین، هەر برادەرێک هەڵدەستێتەوە قسە دەکا رای خۆی دەردەبڕێ ئەو رایانە هەر ئەوە نەبێ رەئی دەربڕی گوێی لێ رانەگیرێ، بەرای من وایە لیژنەیەکی تایبەتی لەناو پەرلەمان دروست بکرێ بۆ لێکۆڵینەوە لەم وەزعە وەکو سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی ئەوشتە لێکۆڵینەوەی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو پێشنیارانەی کە دەکرێن لەراستی نزیک بن، نەک پێشنیاری خەیالی بن وهەموویان دەزانن ئەم حکومەتەی هەرێمە توانای چەندە گەر هەر نەفەرێک( ٥ ) کیلۆ گەنمی بدرێتێ بۆ ماوەی سێ مانگ حسابێکمان کرد نزیکەی لەئێستاوە بایی( ١٦٠ )ملیۆن دینار ئێمە بەگەنم بدەین بەنرخی حکومەت بەبێ ئەوەی خەرجی گواستنەوەی بخەینە سەر، مامۆستا هادی دەڵێ جۆ بدەین بەقسەکەی ئەو جۆیە( ١٥٠ )ملیۆن دیناری دەوێ ئەو( ١٥٠ )ملیۆنە، ئەم مەبلەغانە چۆن دابین دەکرێن؟ بۆیە با پێشنیارەکانمان لەراستیەوە نزیک بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا پێشنیار کردن ئاسانە، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەگەر پێشنیار کرا پێویستە ئەو پێشنیارە لێی بکۆڵدرێتەوە، ئەو پێشنیارە حسابی بۆ بکرێ، ئەو پێشنیارە، وەکو کاک نەژاد وتی دەبێ بگونجێ لەگەڵ تواناکانی ئێمەدا، بەو حسابە سەر پێیە کارەکە ئەنجام نادرێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەو شتانەی کە دەم ویست باسی بکەم باس کرا، بەڵام مەسەلەی ئۆردوگایەکان، دوو شێوە ئۆردوگا هەنە کۆمەڵگای نیشتەجێ کردن هەیە، شاری نوێ هەیە، ئەوکۆمەڵگایە کە لەکاتی خۆی دروست کراوە پێم وایە ئێستا خەڵکی ناحیەی تیا نیشتەجێ بوون، ئەوا جێگیر بو وون، چونکە لەمێژە ئەو هەڵمەتە بلاوەی کە رژێم کردییە سەریان کەیەکەم وەجبە بوون دێهاتی خۆیان هێنایە خوارێ، بەڵام لێرە ئەگەر بکرێ بەنسبەت شاری نوێ کەناویان لێناوە ئەوانە بانقی عەقاری پارەی پێ داون بەدوو شێوە، کۆمەڵێکیان ئەوانەی کارمەند بوون وکۆمەڵێکی تریان ئەوانەی کە کارمەند نەبوون، ئێستا ئەو کارمەندانە مانگانە هەندێ پارەیان لێ دەبردرێ، بەڵام ئەوانی تر ئەهالیەکە

کەس نەجێگایان پێ دەزانێ نەناونیشانیان، ئەگەر کرا ئەو خەڵکە لە عەقاری ببەخشین، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەدحەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم ئۆردوگایە بەرای من وەکو برادەران باسیان کرد پێویستە بڕیارێک نەدەین تاوەکو لێکۆڵینەوەیەکی باش نەکرێ، چونکە ئەمە هەندێ لایەنی ئابووری و یاسایی هەیە، مەسەلەی عقاری ئەو ژمارەیەی کە من ئاگادارم نزیکەی(٥٠٠)ملیۆن دینار بۆ مەسەلەی عقارەکە وەریان گرتووە، یاخود زیاترە، ئەمانە هەمووی پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، نەک هەروا بە ئاسانی بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای بەڕێزتان وبرایان ئاشکرایە کەدەڵێن ئەو کۆمەڵگایانە تێک بدرێن، مەبەست لەتێکدانی خانووەکان نییە، مەبەست لەوەیە کە ئەو خەڵکەی کە بەزۆر لەوێ دانراون بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، دەتوانین کۆمەڵگاکانیش بکەین بەدوو بەش، بەشێکیان ئەوەی کاک ئەیاد ووتی کەکۆمەڵگای نیشتەجێکردن تەرخان کرابوو بۆخەڵکی گوندەکان لەسالانی(٧٥-٨١)دا وە ئەوانە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەت کراون ئەوانە قەرزاری حکومەت نین ئەوانەی پاشی(٨٨)کۆچیان پێ کراوە ئەو خانووانە ڕاستەوخۆ پارەیان پێداون حکومەت پەیوەندی نییە ئەوانەش لەسنووری (٤) تاکو(٨) هەزارە بەدوو شێوە دابەشکراون، پرۆژەیەک پێشکەش بەپەرلەمان کراو لێی کۆڵدرایەوە لەلیژنەی ئابووری بڕیاردرا لێی بکۆڵدرێتەوە کەچەند ملیۆن دینار دەکا کە بتوانین بڕیارێک بە لێبوردنی ئەوانە وەربگرین، وابزانم گەلاڵە نەکراوە، کاک د.صلاح ئاماژەی بۆ کرد، دەتوانین ئەوە ئێستا دراسەت بکرێ تاوەکو بزانین بە چ شێوەیەک ئەوانە ڕزگار بکەین لەو بارە ناخۆشە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر قسەیان کرد دەربارەی ئەو بابەتە گرفت زۆر لە ژیان و گوزەرانیان دا هەیە، ئەو پێشنیارەی کە د.سەلاح پێشکەشی کرد کە لیژنەیەک پێک بێت لە پەرلەمان وحکومەت بۆ لێکۆڵینەوە لەو گرفتانە کەلە ئۆردوگاکان دا هەنەو بتوانن لەنێوان ئەرکەکانیاندا ئامارێک بکەن، لەهەر ئۆردوگایەک لەبەر ئەوە ئۆردوگاکانی ناوچەی سنووری هەولێر زۆربەیان خەڵکی دێهاتن و، عەردیان هەیە نزیکەی (١٣) هەزار کەس هەیە کە لەئاوارەکانی کەرکوکن، ئەوانە نەعەردیان هەیە نە مووچەیان هەیە نەئیشیان هەیە لەبەر ئەوە ئەو گرفتانە پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی قوڵ هەیە تاکو چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان جێی دڵخۆشیە کە ئاوا لێرە گفتوگۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەش چاوەڕوان نەکرێت لەئەندامان، هەموو شتێک دەبێت لەگەڵ بۆچوونی ئێوەدا یەک بن، ئەگەر وابێت ئەنجا پەسەند بکرێت، جا هەر بۆ خۆتان بڕیاری لێ بدەن چاکترە، لەبارەی ئەوە هەر(١٠٥)ئەندام لەو باوەڕەدایە دەبێت میللەتی کورد بەلانی کەم نانی هەبێ، وەک ووتم(٥)کیلۆ ئارد هەوڵ بدەین بۆی مسوگەر بکەین هەوڵ دان حەرام نییە ودوور نییە لەواقیعیەت لەپاشان د.تا پارەکەی(٥)کیلۆ ئارد دەکات بە(٥٠)نان بۆ مانگێک ڕۆژێ(٢)نان ناکات، وابزانم کەس نییە بەوە کەمتر بژی، دوای ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی ڕای گەیاندووە دەڵێت هەوڵ دەدەین ئی سێ مانگ دابین بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕایەی کەمن دام وابزانم بێ لێکۆڵینەوە نەبووە، لەگەڵ وەزیری دارایی قسەم کردوە ئەوەی من و کاک شێخ مەزهەر دوو پێشنیار بوو، ووتمان ئەو شتە چۆنە؟ لە حاڵەتێکدا کە ئێمە هەر هیچمان پێ نەکرێت هەر هیچ یاریدەی دەوڵەتانمان بۆ نەیەت، ئایا ناتوانین ئەوە بکەین؟ وەکو پاشەکەوت کردنی بەزۆر مانگێ چارەگێک لە مووچەکانیان، (٢٠)ملیۆن دینار بەقەرز دوایە بیان دەینەوە پیتاکیش کۆ بکەینەوە ئێمە ڕەنگە شتێکمان پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەق نییە بەو شێوەیە گفتوگۆ بکرێت، ئەوەی پێشنیار ئەکات ئەبێت لێی ورد ببێتەوە، قسەکانی کاک نەژاد لەسەر ئەو بابەتە تەنها بەرچاوخستنی پێشنیارێکی ئێوە بوو، ئەو داوایەی ئێوە دەیکەن ناڵێین ڕێکخراوەکان، ئەڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێت ئەوە بکات، وەکو ئەوەی ئێوەش لەگەڵ حکومەتی کوردستان قەت یەکترتان نەدیبێ ونەزانن واقیعەکە چییە، هەموو شتان بارودۆخی ئابووری ئێمە دەزانن چۆنە و توانامان چییە؟ بەحسابێکی زۆر ساکار لەسەر پێشنیارێکی ئێوە مبلەغێکی کەمیان پێشنیار کرد کە حکومەتی کوردستان ئامادەی بکات.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە بەشێوەیەک باسکرا کەزۆر ئاڵۆزە، بەراستی ئێستا پێشنیارەکە بخەینە بەردەمی (مەلاتەها)وە بەراستی نایناسێتەوە، مامۆستا مەبەستی ئەوە بوو کە ئێمە بە پەلە فریای ئەو لێقەوماوانە بکەوین کە یارمەتیان بدەین، ئێمە دەمان توانی مەسەلەکە زۆر بەخێرایی ببڕێنینەوە بەوەی کەوا دەستەیەک لەپەرلەمانەوە بچن، بەتایبەتی ئەوانەی کە زۆر شارەزان بچن بەدامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بگەڕێن داوایان لێ بکەن کەوا دەستی یارمەتی بۆ ئەوانە درێژ

بکەن، ئیتر هەر مەسەلەیەکی تر هاتە پێشەوە خانووەکان ڕێگایان پێ بدەین بفرۆشرێن ئێمە لێرە ناتوانین ئەو جۆرە بڕیارانە بدەین، ئەوە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە مەسەلەکە وا بەساکاری باس ناکرێت لەوانەیە زۆر لایەنی تری هەبن ئێمە ئاگامان لێیان نییە، ئەو مەسەلەیە ئەتوانرێت بەرەو ڕووی لیژنەیەک بکرێتەوە بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی بڕیاری لەسەر بدات جا دێینەوە سەر ئەسڵی بابەتەکە کەچی بکەین بۆ ئەو ئۆردوگایانە کە ئەوە بوو ڕاستیەکەی مەبەستی (مەلاتەها) بۆ ئەو پێشنیارەی پێشکەشی کرد، دەمەوێت لەو بارەیەوە هەندێ بیروڕای خۆم بڵێم ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان یا هەر یەکێک لەوانەی لێپرسراون لەدام ودەزگاکانی دەوڵەتیدا نابێت هەر قسەیەک لەناو خەڵکدا بکرێت وا وەری بگرین ونەک هەر وەڵامی بدەینەوە بەڵکو بشی گوێزینەوە بۆ ناو دام ودەزگاکانی پەرلەمان وحکومەت، بابزانین ئەم قسەیە چەندی ڕاستە وچەندی درۆیە بەشی زۆری ئەم قسانە لەلایەن تابووری پێنجەمەوە بڵاو ئەکرێتەوە، درۆی وا ئەکەن بەباڵ ئەفرێت، کەلێی بکۆڵینەوە دەرئەکەوێ کە هیچ بنەمایەکی نییە، جا ئەندامی پەرلەمان نابێت ئەو قسانە هەروا بەبێ وەڵام بهێڵێتەوە، ئەبێت وەڵامی بداتەوە ڕاستیەکەی بۆ کۆمەڵانی خەڵک ڕوون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واباو بوو ئێمە هەموو سێ شەممان لەگەڵ حکومەت دابنیشین هەندێ گرفت باس بکەین، پێم وایە ئەو قسانەی ئەمڕۆ لێرە کردمان پێویست بوو حکومەت لێرە بوایە بۆ ئەوەی ئەو هەندێ پێشنیار وچارەسەری هەبوایە، چونکە ئێمە هیچمان پێ ناکرێت ئەوەی وتمان لەزیادەوە بوو، من داوا دەکەم لەمەو دوا ڕۆژی سێ شەممان تەرخان بکرێت بۆ ئەو جۆرە کارانە، بزانین چ دەکەین وچ بڕیار دەدەین، دووەم(١٠٠ ٪)پشتگیری کاک نەژاد دەکەم ئێمە کە پێشنیار دەکەین دەبێت واقعی وگونجاو بێت دوایێ زۆر بەگەرمی پشتگیری لەقسەکانی د.فوئاد دەکەم کە تابووری پێنجەم قسەیەک بکات ئێمە بۆ خزمەتی تابووری پێنجەم بکەین؟ ئەو قسانە ئی ئێرە نییە ئەرکی ئەندامی پەرلەمانە ڕەدی خەڵکەکە لەوێ بداتەوە، نەک قسەی ئەوان بێنێت لەناو پەرلەمان باسی بکات. بەنسبەت کاردانەوەکەی کاک ئەیاد، پێم وایە زۆر توند بوو، من ئێستاش وەکو پێشمەرگەیەک دەژیم تەنیا ژوورێکم لەبارەگا هەیە بۆ نووسینگەی خۆم، بۆ نووستنی خۆم و، میوانی خۆم، بەڵام زۆربەی زۆریان تێکۆشەرن لەساڵی (١٩٦١)ەوە خەبات دەکەن نە بازرگانیان کردووە نەکشتوکاڵیان کردووە، نەخانوویان هەیە، پێم وایە ئێستاش ئامادەن فیداکاری بکەن(٣٠)ساڵە فیداکاریان کردووە، تەنیا خواردن بۆ ماڵ ومنداڵیان پەیدا بکەن هیچ مووچەیان ناوێ، ئەبوایە ئەوەش پۆلین بکرێت، سەیری ئەندامانی پەرلەمان بەیەک چاو بکرێت، ئەبوایە تێکۆشەرەکان ڕەچاو بکەن کە هیچیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز حــــەســـــەن حـــــەمـــــیـــــد ڕەحـــــیـم:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

گفتوگۆیەکی زۆر کرا، ئەمە هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ بێ یاسایی تا ئێستا یاسا نییە، نازانین چۆن میللەتەکەمان بژیەنین، بیخەینە سەر سکەی خۆی، دووەم کاک ئەیاد زۆر غەدری کرد باسی پارەی کـرد من بۆی ئەکـەم بەهەزاریش بزانم پێی ئەژی؟ مـاڵەکـەی من وکـاک ئەیاد ئەگـۆڕینەوە بزانین ئەتوانێ بژی؟ یەکێکم لەو پێشمەرگانەی تەحدای هەموو پێشمـەرگەی کوردستـان ئەکەم حەوت جاریش بریندار بووم، جا لەناو بازاڕ هەر جاسووسێک قسەیەک بکات ئێمە بیهێنینە ئێرە !، ئێمە ئەبێ کاری خەڵک راهی بکەین، نەک هەر کەسێک قسەیەکی کرد بڵێین وایە، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســــمــــان:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من دوو ڕووداوتـان بۆ دەگـێـڕمـەوە کـە بەچاوی خـۆم بینیـومـە، یەکـێـک لەوانە لەیەکـێـک لەو مزگەوتانەی شاری هەولێر مەلایەک پەلاماری حکومەت وپەرلەمانی داوە ودەق گوتوویەتی ئەوانە شەریکن لەگەڵ دزەکان، قەناعـەتتان هەبێت خەڵکەکە ویستبوویان هەستن وەڵامی بدەنەوە، بەڵام لەلانی شـەرعـیـەوە کەرەوا نییە وازیان هێنابوو، دوایە هەمووی کەوتبوونە دژی وسنوورێکیـان بۆ دانا بـوو، دووەم دوێنێ مـن لەناو بازار بـووم چوومـە لای خـەڵکێکی برادەر لەوێ باسی ئەوە کـرا ووتیان حەقە ئەندامانی پەرلەمان ئەو مووچەیەی کەهەیانە نەختێکی لێ ببرن بیدەن بەو هەژارانە، ووتم بۆ بەبۆچوونی ئێـوە مـووچەی ئەندامی پەرلەمـان چەندە؟ وتیـان(٦٠٠٠) هەزار دیناره، خەڵکەکە نازانێ ئەندامی پەرلەمان چەند وەردەگرێ ئەوە کەم وکورتییەکە لەخۆمانە، پێویستە ئێمە بۆ ئەو خەڵکەی رابگەیەنین، ئەو مەلایەش کە ئەو قسەیە دەکات بۆی هەیە بەدڵ سافیەوە دەیکات لەوانەشە لەلایەن تابووری پێنجەمەوە هاندرا بێ، بەڵام کەم وکورتییەکە لەخۆمانە پێویستە بۆیان روون بکەینەوەو پێیان بڵێین وەزعەکە چۆنە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مووچەش نییە، حەز دەکەم روون بێت پاداشتەکە مەسرەفی خەوتنتانە خۆزگە مووچە بوایە..

**بەڕێز ئـازاد عـــــەبدولقـــــادر قــــەرەداغـی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەراستی هەمـوو برایان قسـەی باشیـان کرد، بەڵام مـن پشتگیری قسـەی کاک سیدحەسەن دەکەم کە باسی هەوا وئاو ونانی کرد، راستە ئەبێت بیرێک لەوەزعی ئەو هەژارانە بکرێتەوە وتوانـای حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـانیش ئەزانین، بەراستـی من پێشنیـارێکم هەیە ئەو گەنمەش کە ئەیدەین بەخـەڵک بەقەناعـەتی من بە شێوەیە کە ئەیدەین رەنگە سوودی نەبێت وەرەنگە بەدادپەروەریش دابەش نەکرێت، باشـترین شت کـە حکومـەتی کـوردسـتـان بیکـات ئەوەیە لەگەڵ رێکخـراوە خێرخـوازەکـان هەوڵ بدەن لەهەموو ئۆردوگاو شارەکاندا نانەواخانە بکرێتەوەو یارمەتی ئەو خەڵکە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەلێک چەند وچۆن لەسەر ئەو کێشانە کران کە خۆی لەبنەڕەتدا کێشەیەکی سیاسییە، کوردستان کاتی خۆی رژێم لەپێناوی چەسپاندنی مەبەستەکانیدا گەلێک دەست بڵاوبووە وبەگونیە پارەی بەشیوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بەرهەم هێن بوون بوونەتە مشەخۆر، پاشان وەکو یاسایەکی کۆمەڵایەتی کەپارە بەو شێوەیە هات بایەخەکانی تر فڕێ دەداتە دەرێ ئێستاش کەس رێی نەگرتوون، تەنها بریارێکی سیاسی ئەگەر زیاتر بتوانین هەوڵی ئەوە بدەین و خێرخوازان یارمەتییان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەمووی زۆر بۆ مەسەلەکان چوون بەراستی باری ئابووری خەڵک گرانە ئێمە وەزعەکەمان وایە ئەبێت چارەی بۆ بکەین، ئەبێ بیرو بۆ چوون کۆ بکەینەوە، کۆمەڵێک شت لەم ماوەیە لەسلێمانی روویدا، یەکێک لەوانە تەقینەوە بوو لە رێکخراوی بێکاران کە بەیانێکیان بڵاوکردەوەو ئێمە بڵاومان کردەوە قسەمان لەگەڵدا کردن یەکێک لەوانە کاک سالار بوو زۆر قسەی لەگەڵدا کردن، کە دەیانگوت ئێمە کارمان نییە، ئێمەش دەمانگوت کارمەندانیش راددەی ژیانیان نزمە، بەڵام گوتیان کارمەند ومامۆستایان مووچەیەکیان هەیە، حقیشیانە قسەکەیان زۆر راستە، بەڵام ئێمە واقیعمان خستنە بەردەم و گوتمان وەرن سەیرکەن بودجەی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە، بەڵام،دەبێ هەرچۆنێکیش دەبێ چارەیەکی ئەم خەڵکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتاوە ئەو پێشنیارەم کرد وەکو زێدەباییەکی تاکە کەسی ئەو مەسەلەیەم نەووتووە، باشە بۆ خەڵکێک هەبێت بە(١٠٠)دینار بژی، ئێمە بە(٤٠٠٠)دینار نەژین یان بە(٢٠٠٠)دینار نەژین؟ بەراستی ئەو مەسەلەیە بەقورس لەسەر هەموومان کەوتووە ،بۆ ئێمە واقیعی نەبین؟ من بەراستی شەرم لەخۆم دەکەم لە جێ یەک کەباسی مووچەی پەرلەمان بکرێت هەزار عوزر دەینینەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکە لەبیر بکەین، مەسەلەی مووچە ومەسەلەی پێوەرەکانی تر با نەکرێت، خەڵکانێک کە لەناو شار بووە ئەو خەڵکانە پێویستە جیاوازیان لەنێوان بکرێت لەگەڵ ئەو پێشمەرگە خەبات گێرانەی کە لەچیاو چۆڵ بوون لەگەڵ ئەو خەڵکانە جیا بکرێنەوە کەپیاوی حکومەت بوون و لەگەڵ دام ودەزگای حکومەت دەستیان تێکەڵ بوو، خۆ فرۆش بوون، بەڵام خەڵکانێک لەناو شارەکان هیچ نەبێ خۆیان پاراستوە من مەبەستم ئەم راستیانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتەکە روونە، ئەگەر تەنها پەیوەندی بە پاداشتی پەرلەمانەوە بێت، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە،

ئایا برادەرانی دهۆک وسلێمانی وکەرکوک دەتوانن بەپێ بێن بۆ ئێرە ئەگەر بەنزینیان پێ نەمێنێ؟ وەزعەکە روونە، چونکە زۆر باسی ئەو بابەتە کراوە ئەگەر دەتانەوێ زۆر باشە لیژنەیەک دروست دەکەین لەناو پەرلەمان بۆ ئەوەی بەم بابەتەدا بچینەوە، ئەوە گرفتێکی ناوخۆی پەرلەمانە، لەهەمووی ئاسانترە ئەگەر بەیارمەتی(٢٠-٣٠) ئەندامی پەرلەمان گرفتی ئابووری ئێمە چار ئەکرێت ئێمە یەکەم کەس پێشنیاری ئەم بابەتە ئەکەین.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەیەکی عەرەبی هەیە ئەڵێت «الباب اللي يجي منه الريح سده واستريح» بەراستی مەسەلەی ئازووقە ئەوە کونێکە تابووری پێنجەم لێوەی دێتە ژوورەوە برادەران کە زۆر قسەی لەسەر ئەکەن بۆ ئەوەیە ئەو کەلێنە بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وەزعی ئابووری ئێستاکە بنەڕەتی هەموو گرفتەکانە، پەیوەندی بەوەوە نییە ئێمە مووچە وەرئەگرین لەناو پەرلەمان با لێپرسراوان خۆش گوزەران تر بژین لەخەڵکی تر، بەرای من مەسەلەی بنەڕەتی(٤٠٪)گرفتی ئابووری ئێمە پەیوەندی بە خراپی بەڕێوەبردنەوە هەیە، کە ئێمە نەمانتوانیوە خۆمان بەسەر هەموو دام ودەزگاکاندا بسەپێنین، تا ئێستا گومرگەکەی خۆمان کەمن قەناعەتم وایە نیوەی بەساغی ناگاتە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاستان ئەکەین بۆ ئەو گفتوگۆو رێگەچارەیانەی کە پێشانتاندا، هەوڵ ئەدەین کۆیان بکەینەوەو کەلێنەکانی پڕ بکەینەوە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی ئێمە چەواشەی زۆر تیا بوو، وابزانم سۆزو ناوزڕانیشی تیا بوو بۆ خۆمان و بۆ خەڵکی، تکا دەکەم لەمەودوا لەو قسانە ووردبین بین، چونکە یەک: تۆمار دەکرێت، دوو، لەدەرەوونی خۆشمان جێگای خۆی ئەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روونکردنەوەکە بۆ کاک ئەیاد وشێخ عەبدولکەریمە کە بەباشی قسەکەی منیان وەرنەگرت، من جیاوازیم نەکردووە، ئەمە بە کاری هەموو ئەوکەسانە دەزانم کە لێرە ئیشیان کردوە، من دەڵێم ئەو تێکۆشەرانەی لەوێ بوون ئیشیان نەکردووە جیاوازییەکەی من ئەوەیە باسی کاکەرەش دەکەم باسی بەختیار دەکەم باسی کاک شێروان حەیدەری دەکەم کوڕی چاکن ئەوانە کاتی خۆی پارێزەریان

کردووە من کاسبیم نەکردووە، ئەو برادەرانەی لەدەرەوە بوون کاسبیان نەکردووە، من جیاوازییەکەم ئەوەندە پیشاندا، نەمان ووتوە ئێمە تێکۆشەرین وئەوان پیاوی حکومەتن، بەڵام قسەکەی منیان وەرنەگرت، ئێستاش ئەو برادەرانەی رازی بوون چەندین ساڵ بەنانی رەق بژین، ئێستاش تەنها ژیانی ماڵ ومنداڵیان بۆ دابین بکرێت ئامادەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ هەموو لایەک کەلەسەر ئەو بابەتە دووان بێگومان هەمووشی بۆ ئەوە بوو کە چارەسەرێک بۆ وەزعەکە ببینینەوە وهەوڵ بدەین دەرفەتێک بۆ حکومەتی خۆمان بدۆزینەوە، تاکو لەو کەلێنەو لەو رێگایەوە خزمەتی خەڵکەکە بکەین و بزانین چ بکەین تاکو ئەم میللەتە لەم ناخۆشییە رزگار بکەین و ئاگاداریشی بکەینەوە کە باری دارایی حکوومەتی هەرێم لەم بارە ناخۆشەدایە.

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە ئێمە لەدەستەی سەرۆکایەتیەوە لەگەڵ لێپرسراوی هەردوو فراکسیۆن دانیشین بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. ئەم خاڵەشمان تەواو کرد، جا هیوادارم بەیانی برادەران هەمووی ئامادەبن، چونکە کۆمەڵێک پرۆژەمان لەبەر دەستەو بۆ سێ شەمە سەعات(١٠)لێرە کۆ ئەبینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٨

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٨، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(٢)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە راددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسای چەک هەڵگرتن.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمڕۆش بەردەوام دەبین لەسەر بابەتی یاسای چەک هەڵگرتن. جا ئەگەر لیژنەی یاسا ولیژنەی ناوخۆ کەرەم کەن، بەڵام وا بە بەرژەوەند زانرا کە لیژنەی یاسا دووکەسیان بێن لەگەڵ یەکێک لە لیژنەی ناوخۆدا، تاکو دەست بکەین بەلێکۆڵینەوەی مادەکانی ئەم یاسایە.

ئەگەر هەر دوو فراکسیۆنەکەش چ خاڵی تازە بابەتیان هەبێت یا کەسێکی دیکە هیچی هەبێت لەم بارەیەوە تاکو لێیان بکۆڵینەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تازە بابەت لەبارەی سووتەمەنی و باج وئەو رەسمانەیە کە خراونەتە سەری، کاک د. فوئاد مەعسوم لە فراکسیۆنی کەسک دەیەوێ قسە بکات وهەندێ لایەنی بابەتەکە روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنیا یەک خاڵمان هەیە، ئەویش مەسەلەی باجە کە لەسەر سووتەمەنی دانراوە، ئەگەر ماوە هەبێ کاک فؤاد بەکورتی شتێکمان بۆ باس بکات.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی سوووتەمەنی، بەنزین ونەوت، ئێستا لەناو خەڵکدا باسی ئەوە دەکرێت کە ئەوانەی سووتەمەنی دەهێنن دەبێت ڕێژەیەک لەوە بدەنە پارێزگا، ئەو ڕێژەیەش (٥ ٪)ە، هەندێ جاریش وا باس دەکەن و زانیارییەکەش بەدڵنیاییەوە نییە، بەڵام ئەوەی تەواوە ئەوەیە کەپارەیان لێ دەسەنرێت ئینجا بە چ شێوەیەکە؟ نازانم، کەچی دەبوایە ئەمڕۆ هانی خەڵک بدرێ سووتەمەنی بێنن ،ئەگەر هیچ ڕەسم وباجێکیش بەیاسا لەسەر سووتەمەنی دانرابن ، پێویستە ببەخشرێن. کەچی ئێستاکە بە بڕیاری پارێزگا کە ئەو شتانە دێن پارەیان لێ دەستێنن، کە ئەوەش کاریگەریەکی (سەلبی) دەکاتە سەر ئەو مەسەلەیە ونرخی سووتەمەنی یەکە، بۆیە من وام پێ باشە داوا لەوەزیری تایبەت بکرێ تاکو بێت ولەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکات، ئەگەر ڕاست بێ لای بدەین وئەگەر ڕاستیش نییە، با ڕوون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست لەوەزیری تایبەتمەند وەزیری ناوخۆیە؟

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم وەزیری ناوخۆیە، چونکە پارێزگا ئەو بڕیارەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆوە دەکەین، چونکە بڕیار بوو ، ئەمڕۆ لێرەی بوایە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ بڕیار درا کە ئەو جۆرە گرفتانە، لەڕۆژی شەممە لە دانیشتنێکدا لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران باسی لێ بکرێت، من پێم وایە ئەمەش لەنێوان گرفتەکانی ئەو خەڵکەدایە، کە دوێنێ ئێوارە باس کرا، ئەگەر بکرێت بۆ ڕۆژی شەممە دوای نیوەڕۆ دوا بخرێت باشە، تاکو ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان ئامادە دەبن، پێم وایە ئەو ڕۆژە باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماوەتەوە سەر ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوێنێ لە دانیشتنی دوای نیوەڕۆدا لێرە نەبووم، بۆ ئەوەی بزانم بڕیاری وادراوە زۆر باشە، بەڵام من پێم چاکە لە ئێستاوە پرسیارەکەیان بۆ بنێردرێ، بۆ ئەوەی کە ڕۆژی شەممە دێت، وەڵامەکەیان پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس دكتۆر، ئەگەر بە نووسین پێشكەشی بكەی زۆر باشە، چونكە دوێنێ بڕیارێكی واهەبوو كە باسی باری ئابووری خەڵك كرا، دەست نیشانی سێ برادەرمان كرد. وا باشە لەناو پەرلەماندا ئەو خاڵانە كۆبكرێنەوە. ئەو خاڵانەی كەباس كران بكرێن بەوەرەقەیەكی كارو گفتوگۆیان لەسەر بكرێ.

**بەڕێز د.كـەمـال عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڵێ ئەگەر بێتو لەو ڕۆژەشا دوا بخرێت گەر درەنگ نەبێت باشە، چونكە ئەو مەسەلەیە لەوانەیە پەلەی لێ بكرێت، چونكە ئەو باجە كە دەخرێتە سەری لەكیس ئەو كابرایە ناچێت كە نەوتەكە دەهێنێت، بەڵكو ئەوانیش بەپێ ی ئەمە نرخەكە زیاد دەكەن ودیسان دەبێتەوە بارگرانایی بەسەر شانی میللەتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

جا ئەگەر حەزدەكەن ئەمڕۆكە سەعات (٤) دادەنێین بۆ ئەم بابەتە جەنابی وەزیری ناوخۆش لێرەیە وئاگاداری دەكەینەوە وئەگەر پێویستی بە پارێزگار بێت یان پێویستی بە یەكێك لەیارمەتی دەرەكانی بێت ئاگاداری دەكەین بێن بۆ ئێرە ئەگەر بەپەلەیە.

**بەڕێز د.كـەمـال عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بە بیروڕای من ئەگەر پەلەی لێ بكرێت باشە، بەڵام ئەو پەڕەكەی ئەگەر بخرێتە ڕۆژی شەممەش قەیناكات خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بخرێتە شەممە. ئەگەر بخرێتە شەممە لەوانەیە هەمووی بەیەكەو بێت.

**بەڕێز د.كـەمـال عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پرسیارێكم هەیە، ئەوەیە یەك دووڕۆژە دەمەوێ ئەو مەسەلەیەم بۆ ڕوون بێتەوە. ئەمەتان ناو ناوە خولی دووەم یان ساڵی دووەم؟ وەكو بزانم خولی یەكەمان هەبوو كە لەحوزیرانی ١٩٩٢ دەستی پێكرد. هەتا وەكو كاتی زستان، لەپاشان خولی دووەم دەستی پێكرد هەتا وەكو ناوەڕاستی مانگی تەمموز و ئێستا وائەزانم خولی سێ یەمە یاخود خولی یەكەمە لەساڵی دووەم. ساڵێك دووخولە، ئێ كەواتە ئەمە خولی سێ هەمە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئێمە وامان حیساب كردووە:

خولی یەکەم: لە ١٩٩٢/٦/٤ـ ەوە تاوەکو ١٩٩٢/١٢/٣١یە.
خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣: لە ١٩٩٣/١/١ ـ ەوە تاوەکو ١٩٩٣/٦/٣٠ یە.
خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٣: لە ١٩٩٣/٩/١ ـ ەوە تاوەکو ١٩٩٣/١٢/٣١یە.
واتا ئێستا خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٣یە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا وابزانم ساڵی دووەم خولی یەکەمە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر خولی دووەمی ساڵی دووەمە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خولی دووەمی ساڵی دووەمە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە خولی دووەم لە ئەیلولەوە دەستی پێ کردۆتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی ئێمە لە٦/٤ دەستمان پێکرد، بەڕێکەوت پەرلەمانەکە لەو ڕۆژەدا کرایەوە، ئەوەمان بەخولێک حساب کرد، دەبوایە لەمانگی(٧) پشوو بوایە، ئەگەر بەپێی پێڕەو بێت، بەڵام پشوومان نەدا. ئێمە لەگەڵ مانگی (٩)دا لێکماندا وکردمانە یەک خول، چونکە ئەبوایە هەر بەردەوام بین، لەراستیدا دەبوایە بمان وتبایە خولی دووەمی ساڵی یەکەم.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە هەر حەزم کرد ئەوە بزانم، چونکە لای من روون نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر لاریتان نییە ئەوا مەسەلەی سووتەمەنی و رەسمەکانی سەر سووتەمەنی باس دەکەین.

**بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی سووتەمەنی پێم وایە پێویست بەکۆبوونەوە ناکات. ئەوە جەنابی وەزیری ناوخۆ لێرەیە،

دەتوانێ بەیەک بروسکە یان بەیەک نووسراوی رەسمی ئاگاداری هەموو پارێزگارەکان بکاتەوە کە ئەو رەسمە ناشەرعییانەی لەسەر نەوت وگازئۆیل وبەنزین دانراون لابىرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دووشتە، یەکەمیان: مەسەلەیەکی یاساییە و پرسیار ئەوەیە، ئایا رەسمەکان مافی دەسگاکانی راپەراندنە بڕیاربارن لەسەر بدەن، یان دانانیان بە بڕیاری پەرلەمان دەبێ؟ ئەمە خاڵێکە دەبێ روون بێت لەگفتوگۆکانی ئێمەو لیژنەی یاسا.

خاڵی دووەمیش:لەڕاستیدا پارێزگار مافی هەیە رەسمی زیاد بخاتە سەر هەر شتێک بەبێ هیچ مەرجێک، خواردەمەنی بێت یان شتی تر؟ ئەمەش پرسیارێکە دەبێت ئیمە شتی بۆ ئامادە بکەین، خاڵی تریش ئەوەیە رەسمەکان پەیوەندیان بەوەزیری ناوخۆ وە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی وئابووریەوە هەیە. دەبێت رەئی ئەوانیش وەربگرین، ئەوانیش ئامادە بن ئێمە وامان بە باش زانی کە کاک فەرسەت وکاک ئەیاد و کاک ئەحمەد سالار ئەوخاڵانەی کە دوێنێ باس کران ئامادەیان بکەن وبەرێکی دایان بڕێژن. بۆ ئەوەی راپۆرتەکە گشتگیر تر بێ. حەزیشمان کرد کاک دکتۆر سەلاح وکاک جەمیل سندیش لەناو ئەم لیژنەیەدا بن و هەوڵ بدەن ئەو خاڵانەی کە باس کران وهەر زیادەیەکی کە هەبن بیخەنە سەری وئەم خاڵەش لەبیر نەکرێت کە ئێستاکە باس کرا. ئەگەر ئەمڕۆ دەست بکەن بە ئیش کردن و وەختێک دابنێن بۆی شتێکی چاکە، خۆ ئەگەر سبەی ئەو داڕشتنانە تەواو بونایە بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیرانیش بکەین لەبارەی ئەم بابەتە.

جا ئێستا گەیشتینە مادەی... کاک ئەیاد وەکو ئاگادارن مادەی (٤،٣) مان دواخست لەگەڵ بڕگەی (٢)ی مادە(١)دا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر بڕیاری ئێوەی بەڕێز، ئەمڕۆ بەیانی لیژنەی یاسا بەهاوبەشی لەگەڵ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە ولیژنەی کاروباری ناوخۆ دانیشتین، ئەوانەی دوێنێ ئێوارە راتانسپاردبوو، گفتوگۆمان لەسەر کردن، دەربارەی مادە(١)هەردوو بڕگەکەی وەکو خۆی دەمێننەوە، هەروەها دەربارەی (٤،٣،٢) یش.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەدنان دەربارەی مادە(١)بڕگەی (٢)ئەگەر بکرێ روونکردنەوەیەکی زیاتر پێشکەش بکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماوەم بدەن تا بۆ بەڕێزتانی روون بکەمەوە. ئێمە بەم جۆرە چارەسەرمان کرد هەستاین دوای گفتوگۆ کردنێکی دوورو درێژ، لەسەعات(٩)ی بەیانی یەوە تاکو سەعات(١٠)ی خایاند

بەرەزامەندی هەموومان، تەنیا وابزانم کاک شێخ جعفر کەمێک جیاوازی هەبوو، چونکە دەیویست هەموو لایەک (قاذفە)و هەموو جۆرە چەکێکیان هەبێت، ئێمەش ئەوەمان پێ باش نەبوو، هەموو برادەران کۆک بووین لەسەر ئەوە. مادده(١) یش دیسان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، (٤.٣) یش دیسان وەکو خۆیان دەمێننەوە. دەربارەی ماددەی (٢٤) ، ئەو برگەیە دوایی دێتە پێش بۆ ئەوەی روون بێت بۆ دەسەلاتی (اصدار)، ئەوەش برگەی بابەتی کلاشنکۆف وئەو جۆرە چەکانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی (٢٤) برگەیەک زیاد دەکەن؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگەی دووەم بەو شێوەیە، لەڕاستیدا من دەمویست لەسەر مادەکان بڕۆین کە گەیشتبێ، بەلام چ بەرهەڵست نییە ئێستا ئەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی روونبێ برگە (٢) ی مادەی (٢٤) ئەمەیە: (لسلطة الاصدار صلاحية منح اجازة بندقية كلاشنكوف وفق احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئاخر کاک عەدنان ئێمە باسی چەکی دیاریمان کرد. وادابنێین ئەگەر یەکێک لە ماڵەوە چەکێکی هەبێ، ئێستا چەکی هەمەجۆر هەیە، کلاشینکۆف وگەلێ جۆری تریش هەنە، ئەوانەش هەموویان (سريعة الطلقات)ن بۆ پارێزگاریش دەست دەدەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا ئەمە شتێکی سەرەکی وسروشتییە، دوای دەنگ لەسەردان ناتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، چونکە بووەتە بڕیار وتەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی کاک عەدنان پێشنیارە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نا نەخێر بڕیار بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر بڕیار نییە پێشنیارە، وتمان دارشتنێکی تری بۆ بکەین، چونکە ئەو دوو مادەیە دەنگمان لەسەر نەداوە لەڕاستیدا وامان بەباش زانی (حەصر)ی کەین لەسەر کلاشنکۆف بۆ ئەوەی بوار نەدەین بەچەکی تر، واتا بۆچوونەکە لەهەر سێ لیژنەی یاسا ولیژنەی کاروباری پێشمەرگەو لیژنەی ناوخۆ، بەو شێوەیە بوو، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

دوێنێ بڕیار لەسـەر ئەوە درا کـە ئەو خـاڵە بگۆڕدرێت ومن دژ بووم، پێـشنیـاریش کـرا کـە کلاشنکۆف ودەستە خوشکەکانی وەک(R.B.K)، ژێر سێ ، ناتۆ، ئەوانەی کە هەنە وئەوانیشی لەگەڵ بن، واتا بڕیاری گۆڕینەکە بەو شێوەیە کرا، ئینجا من پێم وایە ئێمە لەمەو دوا دەبێ هەندێ یاسا دابنێین، بۆ ئەوەی بتوانین جێ بەجێیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. مــــحــــمـــــد فـــوئـاد مــــعـــــســـــوم:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

بەڕاستی ئێمە دەمانەوێ بەدەقەکە تەنیا (بندقـیـة)بنووسرێت تاکو لەو گرفتە دەرباز بین. لەگەڵ ڕێزمـدا بۆ لیـژنەی یاسـا، ئەوان تووشی شـتێکی تـایبـەتیـمـان دەکەن، لەیاسادا ناوی کـلاشنکۆف بێت، ئەوە تۆزێک گـرانە. جـارێ دەربارەی چەک لـەووڵاتێکی وەکـو ئەمـریکا، بڕۆ بۆ بازاڕ کـام جۆرە ڕەششاشت دەوێ بیکرە بەبێ مۆڵەت، بەڵام بۆ دەمانچە دەبێت ئیجازە وەربگری، هۆیەکەشی ئەوەیە، چونکە دەمانچە چەکێکە دەشاردرێتەوە و کەس نایبینێ، لەوانەیە لەکاتێکدا بەکاربێت کە ئەوەی تری بەرامـبـەر تەوەقـەوع ناکـات، بەڵام تفـەنگ بەدەسـتـەوەیە ودیارە، ناشـاردرێتـەوە، بەنسبەت ئێمە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان یاسایەکە با نەرمی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مــحــمــد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

بەبۆچوونی من د. فوئاد فەرمووی(بندقية اعتيادية) بابەتەکە ناڕوات، چونکە ئێمە دەبێت پێناسی چەک بکەین، چونکە دوو جۆر چەکـمان هەیە چەکی وجـەنگی وچەکی ئاگـردار، ئەگەر بێین بـڵـێین (بندقـيـة اعـتـيـادية)، مـانای وایە چەکە جەنگییـەکـان چ لێ بکەین، (بندقیـە) کـۆمـەڵێک (بنادقـمان) هەیە، یان ئالین یان ئالی نین، (بندقیـە)ی ئاسایی ئەو جۆرە تفەنگانە دەگرێتەوە کە ئالی نین(سريعة الطلقات)ن یان (نصف ئالی)نە. بەڵام کە گوتت (بندقیە اعتیـادیە)، بێگومان ئەوانە ناگرێتـەوە، مانای وایە ئێمە بۆ وەزیری ناوخۆ گرفـتێک دروست دەکـەین، وەزیری ناوخۆ دەبێت بەئارەزووی خۆی ڕاڤەی بکات، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجــــــــومــــــــەن:**

بەڵام دەکرێ لیـژنەی یاسـا لەبڕگـەیەک لە بڕگـەکـانی مـادە(٢٤)دا ئەمـە زیاد بکا،بەم جـۆرە بێت (للوزير وسلطة الأصدار، تحديد نوعية السلاح) ئەوەش جۆری تفەنگەکە دیاری دەکات.

**بەڕێز ئەرســـــلان بایز ئیــــســـــمـــــاعـــــیـل:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

کە ئێمە مۆڵەت بدەینە تفەنگی (ئالی) مـانای وایە تفەنگەکانی دیکە هەمووی مۆڵەت دەدرێن

وهەندێک مەسەلەی تریش هەیە لەوانەیە خەڵکێک ناتوانن کلاشنکۆف بە(٢٠٠٠) دینار بکڕن، دەتوانن ڕەشاشێکی بچکۆلە بکڕن ئەوانەی وەختی خۆی پێیان دەگوت (پور سعید) یان بڕنەوێک بکڕن ئەوانە لەوانەیە بە(١٠٠٠) دینار بن یان بە(٨٠٠، ٩٠٠) دیناربن، ئێمە کە مۆڵەتی کلاشنکۆف بدەین، پێم باشە ئەگەربڵێین(بندقية خفيفة)ئەوا ڕەشاش ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(٢)مادە یەک دوێنی دەنگی لەسەر درا، ئەوە دەبێ کلاشنکۆف ورەشاشی سووکی تێدا بێت. لەبەر هەندێ هەر دوێنێش پێشنیارەکە بەم جۆرە کرا(المسدس والبندقية الأعتيادية. بما فيها سريعة الطلقات) بخرێتە یاساکەوە، ئەمە دوێنێ ئێمە دەنگمان لەسەردا نابێت دیسان بگەڕێینەوە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕیارەکە ئاشکرایە وهەموو کۆکین لەسەر ئەوەی کە ئەبێ مافی (حیازە) یا هەڵگرتنی (حمل)ی کلاشینکۆف بدرێت، جا چۆن دای دەرێژن دایبرێژن ئەوە گرفتێکی گەورە نییە وپێویستە چارەی بڕگە(٢) بکەین، ئەگەر لیژنەی یاسا لەگەڵ پسپۆڕان گەیشتۆنەتە ئەو بڕوایەی کە بەزیاد کردنی بڕگەیەک ئەتوانین چارەی ئەو قانوون وبابەتە بکەین. تەنیا ئەوانەی ئەوان کردوویانە یەک جۆرە چەکیان دیاری کردووە، کە ئەویش گرفتێکی گەورە دروست دەکات و ئەوە نرخی کلاشنکۆف بەرز دەکاتەوە ودەگمەنی دەکات، خەڵکیش وەکو برادەران گوتیان لەوانەیە نەتوانێ کلاشنکۆف بە(٥٠٠٠) هەزار دیناربکڕێت. جا ئەگەر چارەیەک بکرێت ئەو دەستەڵاتە بدرێت بە وەزیری ناوخۆ ، بڕگەیەک بۆ دەسەڵاتی (اصدار ) زیاد بکات وئەمەسەلەی چەکی (سريعة الطلقات آلي) دیاری بکات وشتێکمان بۆ بکات تاکو گرفتەکە لەسەر خۆمان هەڵگرین و ڕزگارمان ببێت لەو بابەتە. جا بالیژنەی یاسا رای خۆیان بدەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرنگ ڕا نییە، گرنگ راڤەکەیەتی و دەبێ شی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر مەسەلە ڕا نییە دەبێ ببورن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا جارێ دێمە سەر قسەکانی بەڕێز کاک د.فوئاد و ئەو بابەتەکەی وا ئاراستە کرد وەک بڵێی لیژنەی یاسایی بەرپرسیارە. من دوێنێ لێرە نەبووم وبرای بەڕێزم کاک سید حەسەن بە

ئەمـانەتەوە بۆی گـێـرامـەوە، بەڵام ئەوەی کـاک دکـتـۆر فـەرمـووی تەنیـا لیـژنەی یاسـا نەبووە و لەخۆوەش نەهاتووە کە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەگەڵمان دانیشتووەو لیژنەی ناوخۆ بەو ناوەی هەمـوو پسـپـۆڕن لە بواری تایبـەتمەندی خۆیاندا ئێـمـە ئەو ڕەئیـەمـان زۆر هاتە پێش کـە بڵـێین کلاشنکۆف و (اخواتە)، لەم حاڵەتە ئێمەی لیژنەی یاسا ئیشمـان ئەوەیە قـانوون دابنێین وئێمـەش ڕوومـان کـردە پسپۆڕانی لیژنەی پێشـمەرگە، کە هەموویان خاوەنی ئەزموونێکی دوورو درێژن، چ لەژیانی سەربازی و چ لەژیانی پێشمەرگایەتیدا ئەوان وەسفەکەیان بەو شێوەیەدا بە ئێمە، ئەگەر شتی تر بڵێین دەبێ بڵێین (B.K.C) یش ولەوانەیە زۆر شتی تر رامانبکێشێ، لەبەر ئەوە ئێمە (حـصـر)مـان کـرد. بەڵام ئەوەی کـە جنابت گـوتت لەبارەی ئێـمـە، حەز دەکـەین هیچ کـەس چەکی نەبێت، ئەمەش ڕای خۆمە، ئەمە یەک ودووەمیان کاک دکتۆر فوئاد باسی ئەمەریکای کرد. ئەگەر ئێمە ئێستا وەزعمان وەکو ئەمریکا بێت، ئامادەین ئێمەش وابکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

کاک عەدنان بابەتەکە بەخەستی باس بکەن.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

دەربارەی ئێمەوە وەکو لیژنەی یاسا، گوێمان داوەتە ڕای دوو لیژنەی پسپۆڕ دایدەرێژین وئێمە لێی بەرپرسیارین. جاعـەرزت کەم کە ئێمە دەڵێین چەکی تری لەگەڵ بێت، برادەرانی سەربازی رایان ئەوەبوو ئەگـەر بڵـێین فلان شت ئەگاتە(B.K.C)و(R.B.K) و وقـازیفـە وزۆری تر لەسـەر ئەم بناغەیە کلاشنکۆف هاتووە و(حصر) دەبێت واتا هەر لەخۆڕاییەوە ئەمە نەهاتووە، سوپاس.

**بـەڕێـز یـونـس ڕۆژبـەیـانـی/وەزیـری نـاوخـــــــۆ:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

لەڕاستیدا مـەبەست لەم یاسایە هەر وەکو باس کرا، ئەم دیاردەی چەکداری یە وەکو هەیە نەمێنێ ودووەمیش ئێمە ئێستا دەزگای حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە وهەموویان، یان پۆلیس یا پێشـمـەرگەن هەمـوو نیـزامین ومـافی چەک هەڵگرتنیـان هەیە. ئەم گـفتـوگۆیەی مـەسـەلەی چەک هەڵگرتـن (حمل) یـان (حیـازە)، من لەگـەڵ ئەوەدام بۆ (حیـازە) بێت نەک بۆ (هەڵگرتن) و ئەو برگـەیەی کە لیژنەی یاسا باسیـان کرد زیاد بکرێت وبگوترێ(الأسلحة الخفیفة)بەڕای مـن ئـەوە گرفتەکە چار دەکات، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

ئەگەر ماوە بدەن پێشنیارێک هەیە. نازانم ئێستاکە ئێمە لە(تەعاریف) ئەوە جێگیر بکەین یان لە برگە(یەک) دا بینووسین؟ ئەمەش وەکو پێشنیارێک هاتووە ئێمە ئەڵێین (سلاح ناری ـ حربی ـ عتـاد)، واتە : فیشـەک. ئێمە فیشـەک تەعریف بکەین یان تفەنگی ئاسایی (تەعـریف) بکەین؟ لەبەر ئەوە، ئەو پێشنیارەی کاک دکتۆر فوئاد بەو شێوەیە بۆی ناردین. ئینجا ئەگەر بە (تەعریف)

بێت یان بەبرگـەیەکی تایبـەت بێت (البندقیـة الأعتیـادیة) مۆڵـەتم پێ بدەن. با ئەوەی دکـتـۆر بخوێنمەوە کە دەڵێت: (البندقیة الأعتیادیة التي تحدد اصنافها من قبل وزارة الداخلیة بتعلیمیات) لێـرەدا ئەڵێین ( السلاح الناري المسدس والبندقیة والبندقیة الأعتیادیة التي تحدد اصنافها من قبـل وزارة الداخلیـة بـتـعلیـمـات) ئەگـەر ئەم تێ هەڵکێـشـە بڕوات و، ئەگـەر نەڕوات لەنێـوان (تەعریفات)دا دەنووسین.(البندقیة الأعتیادیة تحدد اصنافها من قبل وزارة الداخلیة بتعلیمات) ئەوکاتە وەزارەتی ناوخۆ دەڵێ چەکی ئاسایی کلاشنکۆفە، با ئەمە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

بەڕاستی ئەو وشەی (الأعتیادیة) دوای ئەوە(الحربیة) ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ یاسای کۆنی عیراقی کە ئەوکات چەکی ئۆتـۆماتیکی بە جۆری ئێستا نەبوو، ئێستـاکە چەکی ئۆتۆمـاتیک نەبێ زۆر دواکەوتووە، بەڵکو وەکو شـتێکی شوێنەواری زیاتر هەڵدەگیرێ. یاخود ئەگـەر بێت و ئێـمە ئەو (تەعریفە) هەڵبگرین وبڵێین چەکی ئاسایی ئەوەیە کە ئۆتۆماتیک نەبێت. (قەنناصە) لەکام جۆر دادەنێین؟. کابرا (قەنناصە) هەڵدەگرێ ئوتۆمـاتیک نییە، نیـو ئۆتۆمـاتیکە، دەبێتە ئاسایی، بەڵام لێرە وەک عەرزم کردن ئەو مروونەتە بهێڵدرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـــبدوڵڵا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

دەربارەی دیاری کـردنی جـۆرەکـان، دەبێ لەیاسـایەکـەدا ناوی بێ، چونکە ئەو قـانوونەی کـەلێـرە دەردەچێ ، ئەوە لە لەدادگاکاندا پیادە دەکرێ. دادگاکان پابەندنین ڕێنمـایی وەزارەتی ناوخۆ پیادە بکەن، چونکە بەنسـبـەت دادگـاکـانەوە ئەوە قـانوون نییـە هەتا پیـادەی بکەن، بۆ دیاری کـردنی جۆرەکە دەبێ لەم قانوونە ناوی بێت دەنا تووشی گرفتێکی یاسایی زۆر گەورە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــووومــــــەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاک یونس بووم، لێرەدا ئەگەر لە(تەعـریفە)کەی زیاد بکـەین دەنوسرێ، بـەڵام (البنادق الأعتیادیة والخفیفة) ئەو جۆرە چەکانە دەگرێتەوە وگرفتەکەشمان بۆ چارە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـزســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

لەبەر ئەوەی ڕێگە چارەیەک نییە، بۆیە دەبێت چارەسەری بابەتەکە بکرێت، چونکە دەنگی لەسـەر دراوەو پێـشنیـار کـراوە، بەبۆچوونی من بابەتی چەک یەکـەم لەکـاتی (تەعـریف) کـردنی چەکی ئاگردارو چەکی جەنگیدا دەستی لێ نەدەین حەزیش دەکەم بزانرێت (تعریفە)کە تەنیا لە قانوونی

عیراقی نییه، له زۆر یاساکانی دنیادا هەمان (تەعریف) هاتووە، چەکی ئاگردارو چەکی ئاسایی بەو جۆرە پێناسە کراوە، بەڵام ئەوەی کە کاک یونس فەرمووی چەکی سووکی لەگەڵدا بێ لەباتی ئەوەی کە وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی(منح اجازة حیازة الکلاشنکوف)ی هەبێ، بڵێین (حیازة الأسلحة الخفیفة) یان دەسەڵات بە وەزیری ناوخۆ بدەین بنووسرێ (لوزیر الداخلیة صلاحیة منح حیازة الأسلحة ویدخل ضمن تعریف الأسلحة الحربیة) ئەگەر نا هیچ چارەی ناکرێت. بەڕای من دەست لە (تعریف) نەدەین، چونکە پێناسەکان شتێکی گشتین، شتێکی نیمچە (دەولی)ن. دەتوانم بڵێم ئەو چەکانە (حیازە)ی لەئەستۆی وەزارەتی ناوخۆ بێ ئەو کاتە گرفت نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو کاکەڕەش فەرمووی، گەر (تعریف)ەکە دەستی لێ بدرێت، بێگومان شتەکە زۆر دەگۆڕێت لە یاساکە ولەوانەیە نەگونجاوی یەک پەیدا ببێت. بەتایبەتی کە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کلاشنکۆف ودەستە خوشکەکانی دەبێت تەنیا (حیازە) بێ (حەمل) نەبێت، مەبەستیش بەلای منەوە وابوە ماددە(٢٤) کە برگەکەی بۆ زیاد کراو، با فراوانتری بکەین، لەجیاتی کلاشنکۆف کەدیاری کراوە ومۆڵەتی دراوە بنووسرێ(لسلطة الأصدار ان یعطي له او لایعطي)واتە بۆ ی هەیە بیدات یان نەیدات. بڵێین لەجیاتی (حیازة بندقیة الکلاشنکوف) بنووسرێ( البندقیة الألیة) ئەوجا (الخفیفة) ئەگەر عەسکەری یەکان پێیان باش بێ، ئەوە کلاشنکۆف ودەستە خوشکەکانی دەگرێتەوە، دەتوانێ بۆ خۆیشی بەڕێنمایی شتەکان دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەمە بۆ ئەوەی گشتگیرتر بێ لەگەڵ ئەمەیان بەو شێوەیە(لوزیر الداخلیة) یاخود (سلطةالأصدار) جیاوازی نییە وگرفتیش نییە ( تحدید الأسلحة الألیة سریعة الطلقات المشمولة بأجازة حیازة السلاح بتعلیمات او ببیان یصدر لهذا الغرض) واتە: برگەیەک زیاد بکرێت لەجیاتی ئەوەی برادەران چەکی (آلـي) ( سریعة الطلقات) دیاری بکەن کە مۆڵەتی (حیاز) دەیگرێتەوە لەلایەن دەسەڵاتی (اصدار)ەوە ئەوە مەبدەئێکە ئەگەر لەجیاتی ئەوە بکرێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕایەی کاک شێروان دای، ڕایەکی یاساییەو روونە. بە ڕێنمایی لەتوانادا نییە دادگا گوێ بداتە ڕێنمایی، چونکە ڕێنمایی یاسایی نییە، دادگا یاسا پیادە دەکات، ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ پیادە ناکات و وابزانم ئەوە ئاشکرایە ئەگەر بە ڕێنمایی بێت دادگا ئەو وەختی ڕادەوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەدنان ئێوە یاساناسن كە یاسایێك دەچێتە بەردەم دادوەر، برگەیەك دەڵێت (لوزیر الداخلیة سلطة الأصدار) چەكی (آلي) دیاری بكات ئەویش ڕێنمایی بۆ دەركردووە، خۆ ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕێنماییەكان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕێنمایی بۆ ڕوونكردنەوەیە بەنسبەت یاسا، چونكە ئەگەر شتێك لە یاسا باسی نەكرێت بە ڕێنمایی وەزیری ناوخۆ ناتوانێت بڵێ ئەم چەكە مۆڵەتی پێدراوە هەڵی بگرێت یان یاساغە، من جەخت لەسەر ڕایەكەی خۆم دەكەمەوە، كە دادگا ناتوانێ گوێ بداتە ئەوە، چونكە ڕێنماییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئێستا ئێمە لەم كێشەیە تەواو نابین، بەڕای من ئەم پێشنیارەی كاك د.فؤاد بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی كاك شێخ عەدنان، ئەوەی جەنابت دەیفەرمووێ بەم شێوەیە ناتەواوە، ئەوە نییە لێرە ڕەهایی هەڵگرتنی تفەنگ بێ، ئەوجا بڵێی دەقی یاسایی گشتگیرە یان نا، وەزیر مافی نییە ڕێنمایی وەزارەت دەربكات. لێرە مەسەلەی مۆڵەت پێدانە، مۆڵەتی هەیە یان نییە. كە مۆڵەت نەبوو بەقانوونەكە كابرا سەرپێچی كەرە. سزا دەدرێت. ئەگەر مۆڵەتەكەی بوو، لەسزا ڕزگاری دەبێت، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر ماوەم بدەن، تا بێینەوە سەر بابەتەكەمان وپێشنیارەكەی پێشوو، چونكە ئێمە ئەوە دوو ڕۆژە لەسەر ئەم بابەتە قسە دەكەین، ئەمە پوختەی پێشنیارەكەیە (لسلطة الأصدار منح اجازة حیازة البنادق الأعتیادیة والنصف الألیة والألیة، وفق احكام هذا القانون) بەڕای من ئەمە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

بابێم لەسەرەتاوە دەست پێ بكەم. ئێمە نامانەوێت دەستكاری چەكی ئاگردارو چەكی جەنگی بكەین، چونكە یاساكە هەمووی تێك دەدات، لەبەر ئەوە ئەو برگەیەمان نییە لەمادەی (٢٤)ودەنا

دەقـەکـە ڕێکە تەنیـا گـرفت لەسـەر ووشـەی(کـلاشنکۆف)ە ئێـمـە دەمـانـەوێ شـتـێک دابنێین کـلاشنکۆف وهاوجـۆرەکانی بگرێتەوە، ئەوە ئێشی ئێمـە نییـە وەکو یاسـاناس. بەڵام ئەوەی کـە ئێستا لەوە دیار دەبێت، ئێمە بڵێین تفەنگی ئاسایی کە لە بڕگەی(٢)دا هاتووە ئەوە هیچ ناکات، گەر لێرە بڵێین (بندقیة آلیة خفیفة) نازانم برادەرانی عەسکەری یان پێشمەرگە ئەم شتە دەکرێ یان ناکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاساییە کەلای بەین، بەو ئیعتبارەی کە هاتووە، ئەبێت (منح اجازة حیازة البنادق النصف الآلیة والآلیة وفقا لأحکام هذا القانون) بێ. بۆ ئەوەی زیاتر ئەمە دیاری بکەین کە ئەڵێین (بندقیة نصف آلیة)، مەبەستمان لەوەیە چەکی سووک وزۆر شتی تر بگرێتەوە.

**بەڕێز ئازاد ڕەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی(البندقیة) یەک ناوی هەیە، سێ جۆرە تفەنگ هەیە لەدنیادا. تفەنگی ئاسایی ئەوە کلاسیکی یە وەکو (بڕنەو) وئەوانە، پاشی ئەوەبوو بەتفەنگی (نصف آلي) وەکی (سیمینۆف) وپاش ئەوەش بووە(آلي کامل) وەکو کلاشنکۆف، ئەلێرە یەک ناوی هەیە، واتە (البندقیە) ئەمە(ڕەشاش)یش دەگرێتەوە، ئێوە ئەوانە تێکەڵ مەکەن، پاشی لەدنیادا تفەنگی سووک نییە، ئەو تەنیا ناوە ولەکتێب دا ناوی هاتووە. ئەمن ئامادەم لەڕای خۆم پاشگەزببمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە بەو شێوەیەیە، تکایە ببوورە.

**بەڕێز ئازاد ڕەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی چەکی سووک، تفەنگ چەکی سووکە، هاوەنی (٦٠) ملم سووکە، (R.B.G7) چەکی سووکە، ڕەشاشی بچووک چەکی سووکە، ئەوە بێگومان ناوی زۆرە، ڕەشاشی ناوەنجی هەیە، ڕەشاشی گەورە هەیە. ئەو ناوانە جیهانین، ئێمە ناتوانین لێیان لابدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەو شێوەیە بێت (لسلطة الأصدار منح اجازة حیازة البنادق النصف الآلیة والآلیة وفقا لاحکام هذا القانون) ئەمە پێشنیارێکە. ئێستا ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە. داواکارم یاساییەکان مۆڵەت بدەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان دێمەوە سەر پێشنیارەکەی خۆم ودەڵێم (بنادق آلیة) بەسە، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئازاد (نصف آلية)کە هەڵگرن؟.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە چەکەکان (سیمینۆف) هەیە (نصف آلي) یە ئەویش تفەنگە. ئەگەر هەڵی دەگرن هەڵی بگرن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەیە ئەگەر رێگەی (آلیة)کە بدەین دەبێ ئی (نصف آلیة)کەش بدەین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام بریارتان لەسەر دەقەکەدا، با بەو شێوەیە بڕوات، بەڵام من یەک پێشنیارم هەیە ئەگەر زیاد بکرێت بۆ ئەوەی هێزی یاساو رێنمایی وەزیری ناوخۆ وتوانای تەشریعی هەبێت و(تحدد انواعها بتعلیمات)ی لەگەڵدا بنووسرێ تاکو لە کۆتایی مادەکە کە بڵێ:(لسلطة الاصدار صلاحية منح اجازة حيازة البنادق الالية وفقا لاحكام القانون ويحدد بتعليمات) بۆ ئەوەی وەزیر ی ناوخۆ بەرێنمایییەک دیاری بکات بۆ ئەوەی رێنمایییەکەی توانای یاسای هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئێستا وای لێ هات( لسلطة الأصدار منح اجازة حيازة البنادق الألية وفقا لأحكام هذاالقانون ويحدد انواعها بتعليمات يحددها الوزير).

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من ئەو(وفقا لأحكام هذا القانون )ە زیادە، چونکە بەشێکە لەقانوونەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(منح اجازة حيازة البنادق الآلية ولسلطة الأصدار منح اجازة حيازة البنادق الآلية وتحدد انواعها بتعليمات). جا ئەمە دوا پێشنیارە جارێکی تر دەیخوێنمەوە با یاساناسەکان ئاگاداربن.

**بەڕێز نەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(نصف آلي) ناکرێت لابدرێت. چونکە ئەوە تەرخان کراوە، لێرەدا چەکی (آلي) هەیە و(نصف آلي) هەیە، (نصف آلي) یەکە چەند جۆرێک دەگرێتەوە و(آلي) کۆمەڵێکی تری هەمەجۆر دەگرێتەوە، جا بۆیە ئەوە وەکو شتی دیکە نییە، بڵێین ئەگەر کابرای ساغ شتێکە ونەساغ شتێکی دیکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(منح اجازة) وابزانم وایە، منیش لەگەڵ ئەو رایەدام (نصف آلي)لەگەڵ(بندقية)ی ئاساییدا یەک ئەگرنەوە. ئەمە پێشنیارەکەیە(لسلطة الأصدار منح اجازة حیازة البنادق نصف الآلية وتحدد انواعها بتعليمات)کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. دەست بەرزکرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟..دەست بەرزکرایەوە، بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

ئەوەش با بخرێتە یەکێک لەو برگانەی مادە(٢٤) . بەمەش مادە (یەک) تەواو بوو، کە دوێنێ دەنگمان لەسەر نەدا، بەڵام ئێستا دەنگی لەسەر درا، چ گرفت نەما وچ پێویست ناکات بگەڕێینەوە سەری، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە یەک پاش ئەو گفتوگۆیەی لەسەری کرا وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ ماددە یەک وەکو خۆی مایەوە. ماددە دوو دەنگمان لەسەر داوە وتەواو بووە. ماددە سێ گوتمان ئەویش دەستکاری یەکی بکەین. فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە(٣) رای هەر سێ لیژنە ئەوە بوو کە(٤،٣) هەر وەکو خۆ ی بمێنێتەوە وروونیشە، هەروەها لەمادەی (٢٤) دا ئەوەی کە کرا برگە(١)(لاتسري احكام هذا القانون علي الأسلحة المستعملة من قبل القوات المسلحة وقوی الأمن الداخلي) ئەوە تێی دەبنێتەوە. لێرە ئەوە مادە(٣) ومادە(٤)و(١)و(٢)، تەنیا کەسانی حکومەتی دەگرێتەوە، ماددە(٢٤) بەدرێژی روونی کردۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسان دەگەڕێمەوە بۆ هەمان پرسیار کە برادەران دوێنێ هەموویان کردیان، ئەگەر برادەرێک چەکێکی جەنگی لابێ، بچێتە لای دادوەر، لەویش دەگوترێ ئەو چەکە( لايجوز نقلها او تسليمها)؟ باشە چی بکات؟ چۆن ئەو گرفتەمان بۆ چار دەکات؟

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەیەک دەدرێ تا دەست بەکاربوونی یاساکە، دوای ئەو ماوەیە کە تەواو بوو ئەو چەکانەی کە هەنە نابێ (تصرف) یان پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە زۆر ئاگام لەگفتوگۆیەکانی دوێنێ نەبووە، بەڵام بەو ئیعتوبارەی هەتا لەلایەنە حکومەتییەکانیش یاساغ کراوە کە لەدەرەوە چەک بهێنێ (استیراد) بکات، لەدەقی مادە (٢٤)دا ئەو یاسایە بەنیسبەت دەوڵەتەوە وەک بلێی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم مادەیە، کابرایەک کلاشنکۆفەکەی لەکارکەوت، لەکوێ چاکی بکاتەوە؟ دەبێ جێگایەک هەبێت. دەبێ مادام دەقەکە ئاوا بێ بوارە، دەبێ بگوترێ تەنیا ئەوەی مۆڵەتی دەدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەیەکی تایبەتی هەیە بۆ چاک کردنەوەی چەک.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی دەربارەی حکوومەت خۆی؟ حکوومەت بەیانی دەیەوێت خۆی بیکڕێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک دکتۆر فەرمووی لەمادە(۲)روونە باسی چەکی جەنگی دەکات، دەمانچە بێگومان چەکی جەنگی نییە، دەقەکە زۆر روونە، دەربارەی ئەو مادەیەی ئاماژەی بۆ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(نقلها او تسليمها ) ئەوە زیادە کە یاساغ بوو هەڵی گرێت، خۆ داینێ وچاکی بکاتەوە ودروستی بکات، ئیتر مەسەلەی(نقل وتسليم)وئەوانە پێویست بەوە نەکات، سوپاس.

**بەڕێز نەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت وئێمە تەماشا بکەین کە(عدم جواز)هاتووە ودەقێکی بێ پێچ وپەنایە لەمادە(۳)دا هەر یەکەیان یەک تاوان پێک دێنێ وفەسڵێکی سزادان هەیە لەناو دەقی پرۆژەکە وچارەی ئەو شتەی کردووە، بۆ نموونە من خاوەنی چەکەکە نیم، بەلاّم گواستومەتەوە، کۆمپانیایەکی گواستنەوەم هەیە، فیشەک یا چەکی جەنگی دەگوێزمەوە، بێ ئەوەی مۆڵەتم هەبێت، با ئەو گواستنەوەیە بۆ لایەنێکی حکومەتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو حاڵەتەدا دەتوانین چاری بکەین، ئەگر کابرا چەکەکەی خراپ بێت، یەکێک دەیەوێت چاکی بکاتەوە، سەردانی وەزارەتی ناوخۆ بکات وسکالاّ پێشکەش بکات وبڵێ چەکەکەم خراپ بووە، ڕێم بدەنێ چاکی بکەمەوە تا وەکو لەڕێگا ڕێم لێ نەگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێمەوە سەر ئەسڵی بابەتەکە دەڵێین پاش ئەم قانوونە دەبێ وەزیری ناوخۆ ماوەیەک دیاری بکات بۆ هەر چەکێک کە مۆڵەتی نەدرێتێ، برگە(٢) لەهەمان مادە(٤)دا ئەڵێ (حیازة او حمل اسلحة ناریة)، ئەوە دەبێ بەمۆڵەت بێت (من سلطةالأصدار) لەبەر ئەوە وابزانم ئەو برگەیە چارەی ئەو حاڵەتە لێ بەدەرکراوەی (استثنائیە)ی کردووە. جا لێکدانەوەی برادەرانی قانوونی روونەو، بەدواداچوونی تریش نییە. بۆیە دەبێ مادە (٣)بخەینە دەنگدانەوە (٤،٣) بۆ ئەوەی تەواو بێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە(٤،٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ مادە(٤،٣) وەکو خۆ ی مایەوە، ئێستاش دێینە سەر مادە(٨).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

اولا : تكون الاجازات المنصوص عليها في المادة الخامسة من هذا القانون كما يلي :-

١- غير قابلة للأستعمال لغير من صدرت بأسمه.

٢- نافذة لمدة سنتين ابتداءا من اول كانون الثاني من السنة التي صدرت فيها، في جميع انحاء الأقليم.

٣- خاضعة للرسم المقرر في الجدول المرفق بهذا القانون في حالتي المنح والتجديد.

ثانياً: تعين سلطة الأصدار في الأجازة كمية العتاد المأذون بحيازته على أن لايزيد على الخمسين اطلاقة لكل مسدس او بندقية ومائتي خرطوشة لكل بندقية.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی (٢)(نافذة لمدة سنتين) بۆ ساڵێک نەبێت، لەنوێ کردنەوەکەش، داهاتێک دەبێ بۆ حکوومەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم لەمادەی هەشتەم، ژمارەی ئەو گوللانەی کە مۆڵەتیان پێ دەدرێ بەنسبەت (٥٠) بۆ دەمانچە باشە، بەڵام بۆ کلاشنکۆف بۆ یەکێک لەناوچە سنووری یەکان بێ کەمە، مەبەستم ئەوەیە گوللە بۆ (بندقیە) زیاد بکەین، چونکە ئەو (٥٠) گوللەیە بۆ ئەو جۆرە چەکانە کەمە، بۆ چەکی ڕاو بەڕای من ئەو گوللانە زۆرن، ئەو خەڵکانە بە دوو ساڵ(٢٠٠)گوللەیان بدەیەی ئەوە گیاندراو پەلەوەری کوردستان ناهێڵن، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم لەسەر ماددەکە هەیە، یەکێکیان کاک فەرەنسۆ باسی کرد ودووەم بەنسبەت دەمانچەوەیە. دەمانچە چەکێکی جەنگی نییە چەکێکە بۆ بەرگری لەخۆ کردن، شانە (شاجوور)ی هەیە لە(٥)ەوە تا(١٤)، لەدوو (شانە) زیاتر پێویست ناکات کە بۆ بەرگری لەخۆ کردنە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێچەوانەوە من پێم باشە لەجیاتی دووساڵ بکرێتە سێ ساڵ، چونکە ئەگەر ساڵێک بێت ئەو وەختە خەڵک دەبێ هەر خەریکی نوێ کردنەوەی مۆڵەت بێت، چونکە لەوانەیە (٦) مانگ پێویست بێ بۆ نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکەی، بۆیە بەڕای من بکرێ بەسێ ساڵ. (٥٠) گوللە باشە، بەڵام بۆ کلاشنکۆف یەکێک پێویستە شاجوورێکی لەگەڵ خۆی هەڵگرێ ویەکێک دانێ، واتا هیچ نەبێ بکرێتە(١٠٠)گوللە باشە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بۆ کلاشنکۆف (٢٥٠) فیشەک باشە، چونکە هەمیشە (٧,٦) شاجووری لەگەڵە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ئەو مەسەلەیە هەبوو، بەڵام شێخ جعفر گوتی. تێبینی دووەم دەربارەی ئەوەیە کە لە کانوونی دووەم نوێ بکرێتەوە. من لەوە دادوەری نابینم، لێرە دەڵێ کانوونی یەکەم، مانای ئەوەیە مۆڵەتی ساڵێکی بەبەلاش دەڕوات وئەگەر بڵێین (من تأريخ اصدارها) بۆ ماوەی دووساڵ مۆڵەتەکە کاردەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ماوەکە زۆر کەمە وبکرێتە (٥) ساڵ، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕەسمەکەی زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەنسبەت خاڵی دووەمەوە دەڵێم: بەڕاستی دووساڵ زۆرە بکرێت بە ساڵێک باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەوەیە کە، دووساڵ وەکو خۆی بمێنێتەوە. جاری پێشنیار هەیە بۆ گۆڕینی کێ لەگەڵ ئەوەیە دووساڵەکە وەکو خۆ بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ دووساڵ دەمێنێتەوە. مێژووەکەشی نووسراوە من (اول کانون الثاني) پێشنیارێک هەیە دەڵێ : ئەوە زۆرە، لەجیاتی ئەوە پێشنیارێکی تر هەیە دەڵێ: لەمێژووی دەرچوونیەوە بێت. واتا لەو ڕۆژەوە بێ بۆ ماوەی دووساڵ جارێک تازەی بکاتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پێشنیارە خۆی باشە، بەڵام بنەڕەتی نییە، بڵێین تەنها حاڵەتێکی کاتی چارە دەکات، واتا پاش ئەوەی ئەو ڕێنماییانەی کە وەزارەتی ناوخۆ دەری دەهێنێ لەمێژووی دەرچواندنی ئەم قانوونەوە لەو ماوەی کە دیاری دەکات، بۆ نموونە: دەڵێ لە ١/١١وە تا ١/١٢ هەر کەس دەبێ مۆڵەتی خۆی تازە بکاتەوە ئەوا ساڵی پاشتر بەهەند هەڵدەگیرێ، ئەگەر هاتوو مۆڵەتێک تەواو بوو، ئەوەی تر لەسەر ئەو قانوونە دەڕوات ئەوە بۆ حاڵەتێکی کاتی دانەندراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ساڵەکەی بۆ دیاری بکەین پاش کارپێکردنی ئەم یاسایە ئەو خەڵکەی کە مۆڵەتی تەواو دەبێ، خۆی دێت بلیتی خۆی وەردەگرێت، کە لێی نووسراوە کەی تەواو دەبێت.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە دیاری نەکردووە کەسێک مافی مۆڵەت وەرگرتنی چەند چەکی هەیە ؟ ئایا هیچ بەرهەڵستێک هەیە کەسێک مۆڵەتی ( ١٠ ) چەکی بدرێتێ؟ ئێمە لێرەدا گفتوگۆ دەکەین ودەڵێین مافی ( ١٠٠ ) فیشەکی هەیە، کەسێک هەستا مۆڵەتی ( ١٠ ) چەکی وەرگرت، هەر چەکە وپەنجا فیشەکیان دایە، دەکاتە ( ٥٠٠ ) فیشەک. تکایە چارەی ئەو خاڵەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێین تەماشای دەقی پرۆژەی یاسای چەکی نوێی عیراقی بکەین، دەبینین ئەوانە چارەی ئەوشتەیان کردووە، لێرەدا ئەو شتەمان پەسەند نەکرا لەناو لیژنەی یاسا بە حوکمی ئەوەی پێمان وابوو کە مەبەستی یاسادانەر(مشرع)ی عێراقی لەمەسەلەی چەند مۆڵەتێک بۆ چەند چەکێک، مەسەلەیەکی ئاسایش (امن)ی تەواو بووە، بۆ خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکوێ ئەوە نووسراوە وکام بەند ئەوە دیاری دەکات؟ کە کەسێک مۆڵەتی چەند چەکێکی بدرێتێ. ئەوەی جەنابت ڕاستە، بەڵام لەکوێ جێگیر کراوە یا نەکراوە تا بیری لێ بکەینەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چارەی (عدد من الأسلحة) مان نەکردووە، ئەمە (تەحصیل حاصلە)کەی یاسای خۆمانە، کە دەڵێین چەک یەک چەک دەگرێتەوە. ئێمە ئەو شتەمان لەپرۆژەکە لاداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جێ دەهێڵێن بۆ دوایی، هێشتا قانوونەکە ماوە، ئەویش چارە دەکرێ ودێینە سەر (٢)(نافذ المفعول لمدة سنتين ابتداءً من تأريخ اصدارها).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا مەبەستی ئەوە بووە کە سەرەتای کانوونی دووەم ولەهەر سەری ساڵێک مەسەلەی (تصریحات) دانراوە. ئەگەر بێت ولەمێژووی دەرچوونەوە بێت ئەو وەختە دەسەڵاتی (اصدار) هەر سەرقاڵی ئەوە دەبێت کە مۆڵەتەکان نوێ بکاتەوە لە مانگی (٧) کاتی خۆی مۆڵەتێکی وەرگرتووە، هاتووە چەکێکی کڕیوە، مۆڵەتی پێ وەرگرتووە لەمانگی (٧) وهەیە لەمانگی (٩). کەسەری ساڵە بەساڵ حساب دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا دەکەین ئەگەر تۆزێک بابەتەکەمان بۆ روون بکەنەوە، ڕەنگە (١٠٠٠٠) یان(٢٠٠٠٠) کەس مۆڵەتی (حەمل) و(حیازە)یان هەیە، کە لەیەک ڕۆژدا دەست پێ بکات!.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ابتداءً من أول كانون الثاني).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر یەکێک لەمانگی(٧) بیەوێ مۆڵەت وەربگرێت، دەبێت تاسەرەتای کانوونی دووەم چاوەڕێ بکات. وابزانم(من تأريخ اصدارها)ی هیچ گرفتێکی تێدا نییە. (٢) وای لێ دی (نافذ المفعول ابتداء من تأريخ اصدارها). ئێستا کێ لەگەڵ ئەم برگەیە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ جێگیر کرا. ئەوە دەبێ بەخاڵی سێ یەم. کێ لەگەڵ ئەوەیە ژمارەسێ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەم دەقە وەکو خۆی مایەوە. دووەم: کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە. ئێستاش پێشنیار ئەوەیە کە ئەوەی دەربارەی دەمانچە وەکو خۆی بمێنێتەوە وبۆ تفەنگ زیاد بکرێت پێشنیار هەیە لەنێوان (١٠٠) تا(٢٥٠)فیشەک بۆ تفەنگ بێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ تفەنگ (١٠٠) فیشەک بێت؟..پێشنیارەکە (١٠٠)ە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئەو دەقـەی کـە هاتووە هی چەکی ئاسـایی بووە. ئێـمـە دەسـەڵاتمان دا بە وەزارەتی ناوخـۆ بۆ کلاشنکۆف وتفەنگی (آلـي)، کە دەسەڵاتی دراوەتێ، مانای وایە خۆی لەگەڵ مۆڵەتەکە گوللەکان دیاری دەکات، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

منیش لەگەڵ ڕای جەنابتم، کە ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەوەی کەدیاری کردنی (آلـي ونـصـف آلي) دێت، با فیشەکیش دیاری بکەین.

بۆ مەسەلەی خۆ بەستنەوەشمان بە مێژووی نوێ کردنەوە ، بۆ خۆمان بەو زنجیرە ببەستینەوە؟.

ئێـسـتـا مـۆڵەتی سـەفـەرو ڕەگـەزنامـە وهەمـوو شـتـێک لەمـێـژووی دەرچوونیـەوە کـارپێـکراوە (نافذالمفعول)ە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

وابزانم لایەنی داراییتان تۆزێک پشتگوێ خستووە، چونکە ئێمە کە دەڵێن (تبدأ من اول كانون الثـانـي) مەبەستمان ئەوەیە کەسری ساڵ لەسەر کابرای خاوەن مۆڵەت بەساڵ حساب بکرێ. بۆ نموونە: مانگی (٦) پێشکەش دەکات، دەبێت ئێمە مۆڵەتی لێ وەربگرین، بەاعتبار ساڵی دارایی کۆتایی پێ دێ. خۆ پارەکەی لێ وەرناگیرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئەگـەر ڕەسـمـەکـە بلێین ساڵانە ئەوەندەیە، ئیـتـر وابزانم کـەسـری ساڵ وئەوانە ناتوانین وافـێـڵ لەخەڵکەکە بکەین بەو ڕێگایە، ئێمە ساڵێک یان دووساڵەکە ئەوەندەیە، ئەو ڕۆژەی کە (اصدار) ئەکرێت هی وا هەیە لە مانگی (٥) ئەچێت چەک وەرئەگرێت و داوا دەکات و ئەڵێ مۆڵەتم بدەنێ ئەو مـۆڵەتە بۆ دووساڵە، لە مـانگی (٥)ەوە تاکو (٥)ی ١٩٩٤ ئەوە شتێکی زۆر ئاسایی یە، سوپاس.

**بـەڕێـز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لێرە دیاری کردووە، کە دەڵێ: نابێت لە(٥٠) فـیـشـەک زیاتر بێت. ئەگـەر (١٢٠) بێت باشە، کورد لەکۆنەوە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

ئەبێت زیادەیەک بخەینە سەر ئەوبڕگەیەی کە ئێستا پەسەندمان کرد، ئەویش مەسەلەی فیشەکە،

دەبێ فیشەکی ئەوانەش دیاری بکەین. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (١٢٠) بێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟..
بەزۆربەی دەنگ ژمارەی (١٢٠)فیشەک پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ تفەنگی ڕاو تۆزێک کەم بکرێتەوە، بەڕای من بیکەین بە(٥٠)، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من پێشنیارەکەی کاک سەعید لێرە زیاد بکرێت، چونکە ئێرە جێگایەتی نەک شوێنی تر، بەنسبەت ئەوەی کە چەند مۆڵەتی بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(یجوز منح اجازة حیازة او حمل اکثر من قطعة سلاح واحدة لشخص واحد) پێشنیارێک بەم شێوەیە هاتووە، جا لەکوێ زیاد بکرێت؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو پێشنیارە، بەڵام عەمەلی نییە، چونکە هەیە مۆڵەتی دەمانچەی هەیە ومۆڵەتی تفەنگێکی ڕاو وەردەگرێ، واتە گۆیا نابێ مۆڵەتی تفەنگی ڕاوی بدەینێ، چونکە مۆڵەتی دەمانچەی هەیە، بێگومان ئەوە ڕاست نییە، دوایی ئێمە وتمان مۆڵەتەکە شەخسییە، کابرایەک سێ مۆڵەتی هەیە، خۆ هەر سێکیان بەخۆیەوە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئەوە نییە. کابرایەک دەڕوا هەروا بە ئارەزوو مۆڵەتی دووکلاشنکۆف وەردەگرێ، ئی دوو دەمانچەش وەردەگرێ ئی دوو (B.K.C)یش وەردەگرێت کە ئەبێتە مەشجەبێکی چەک.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بۆ وەزیری ناوخۆ بەجێ هێشتراوە، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە مۆڵەت هەر نەدات، لەبەر ئەوە دەڵێت تۆ مۆڵەتت هەیە مۆڵەتی ناداتێ وبۆ ئەو درێژەپێدانە وردو بچوکانە، بۆی نییە هەموو شتێک بچێتە ناو یاساوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ لایەنەکەی تریش بۆ نموونە وەربگرە: کابرایەک (١٠) جۆر چەک داوا دەکات، وەزیری ناوخۆ هەر (١٠) جۆرەکەی پێ دەدات بەمۆڵەتیشەوە، کە تۆش دەچی داوای کلاشنکۆفێکی لێ دەکەی بەتۆی دەفرۆشێ.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

یەكەم ناتوانی كلاشنكۆف بفرۆشێ ، چونكە بازرگانی پێ كردنی قەدەغەیە، مۆڵەتی (حیازە)ی هەیە، خۆ ئی فرۆشتنی نییە، تا جێگا نییە بچێت بە ئاشكرا بیفرۆشێت، كابرایەک كە دەچێت مۆڵەت وەردەگرێ، یەكەم شت دەبێ وەزیری ناوخۆ حەواڵەی هۆیەی مۆڵەت پێدانی بكات، تاكو بزانێ ئەو مۆڵەتی هەیە یان نا، ئەگەر مۆڵەتی هەبێت پێی دەڵێن تۆ مۆڵەتت هەیە هی چەكێكی ترت بۆ چییە؟ سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

كاک سەعید یەعقوبی خاوەنی پێشنیارەكەیە ئایا ڕازییە بەم پێشنیارە؟

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئارەزووی پەرلەمانە.

**بـەڕێـز فـرەنـسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

لەگەڵ كاكەڕەشم كە دەستكاری نەكرێت، چونكە كەسێک ئەگەر بێت مۆڵەتی (١٠٠) پارچە چەک بۆ خۆی وەربگرێت، دەتوانێ (١٠) كەس بینێت، لەوانەیە هەریەک بەناوی خۆی داوای مۆڵەت بكات، لەبەر ئەوە پێم وایە قانوونەكە چۆن دانراوە دەستكاری نەكرێت وچارەشی كراوە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

دەمێنێتەوە ئەو پێشنیارەی كە لە بارەی گوللەی تفەنگی ڕاو كرا.

**بەڕێز د.كـەمـال عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

بە بیروڕای من پێویستە هەركەس كە ئەم چەكانەی هەبێت ، خەنجەرێكی بەتەزبیحەوەشی هەبێت لەگەڵ دەمانچەیەک وكلاشنكۆفێكیش بە چوار مخزەنەوە وقەمەشی هەندێ جار پێویستە!! سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

كاكەڕەش لە قسەكانیدا راقەی مەسەلەكانی كرد. بەڵام دەقێكمان هەیە دەڵێ (غیر قابلة للأستعمال لغیر من صدرت بأسمه) واتا مۆڵەت بەكارهێنانە، بەكارهێنانەكەشی قابیلە خۆ دەبیابە نییە، لەوانەیە وەزارەتی ناوخۆ بڕیار بدات مۆڵەتی كلاشنكۆف ودەمانچەكە بەكار بهێنێ بۆ كلاشنكۆف ودەمانچە وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی خۆیەتی كە بتوانێ بەكاریان بهێنێ وئەمەش بۆ ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابێینەوە سەر پێشنیاری گوللە، برادەران وای بۆ دەچن کە (٢٠٠) گوللە زۆرە، چونکە لەوانەیە ئەوە بۆ ژیانی ئەو گیان لەبەرانە خەتەر بێت.

**بەڕێز د. ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا تێ دەگەم قانوونەکە وا ناڵێت ئەم (٢٠٠) گوللەیە بۆ دووساڵە، چونکە دەتوانێ هەموو کاتێک (٢٠٠) گوللەی هەبێت، جا حیساب بکە کابرایەک بچێت هەموو مانگێک (٢٠٠) کەو بکوژێت. بۆیە پێشنیارەکە دەکەم بە(٥٠) گوللە زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من (٢٠٠) گوللەکە باشە، چونکە دیاری کردنی ڕاو، ژینگە دەیکات، پێویستە ژینگە مۆڵەت بدات، کە بۆی هەیە. بۆ نموونە کە بۆ ڕاو ئەڕوات وڕاوی پۆڕ دەکات. لەجارێکدا لە دوو پۆڕ زیاتر ناکوژێ، لە ساڵێکدا حەیوانێک یا دوان زیاتر ناکوژێ. پێویستە ئەو مۆڵەتەکە بدات نەک ئێمە گوللەکان دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی یاسایەکی تایبەتی ڕاو دیاری دەکات ولە هەموو دنیادا ناوچەی تایبەتی ڕاو هەیە، هەندێ ناوچە هەنە ڕاویان تێدا حەرامە، جا لەبەر ئەوە ئەگەر (٢٠٠) گوللە بێت (٢٠٠) تەقەی پێ دەکات و(٢٠٠) ی تر دەکرێتەوە ئەوە هیچ گرفتێک دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جاری لێی گەڕێین. ئێستا مادده(٩) دەخوێنرێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

على صاحب الأجازة تقديم الطلب لسلطة الأصدار لتجديد اجازته خلال (٩٠) يوما من تأريخ انتهاء مدتها.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٩٠) ڕۆژ زۆرە . بەڕای من ئەگەر بکرێت بە(٣٠) ڕۆژ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو صیغە دەڵێین پابەندە مۆڵەت دیاری بکات. واتا : پابەندە لێرە مۆڵەتەکەی نوێ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەبینم (٩٠) ڕۆژ زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار هەیە کە (٩٠) ڕۆژ زۆرە، پێشنیار هەیە بکرێت بە(٣٠)ڕۆژ، بەڵام جارێ بزانین کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

تعتبر الأجازة باطلة في الحالات الآتية وعلى صاحبها او من يقوم مقامه او ورثته تسليمها الى الأصدار لتأشير ابطالها.

١- وفاة صاحب الأجازة.

٢- فقدان احد الشروط القانونية لمنحها.

٣- صدور قرار قضائي بات بمصادرة السلاح.

٤- خروج السلاح والعتاد من ملكية المجاز الي شخص اخر منح اجازة به.

٥- عدم تقديم طلب التجديد خلال المدة القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی (١٠) هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

١- على المجاز في حالة ابطال اجازته ان يسلم السلاح فورا الى مركز الشرطة في محل اقامته لقاء وصل رسمي وله خلال (١٨٠)يوما التصرف بهذا السلاح وعتاده للبيع او لغيره من التصرفات القانونية الى شخص آخر تتوفر فيه شروط منح الأجازة وبعد انتهاء المدة المذكورة لسلطة الأصدار بيع السلاح والعتاد لحساب صاحبه وفق احكام قانون بيع وايجار

اموال الدولة وتسليمها لمن منح اجازة بالحمل او بالحيازة.

٢- تطبيق احكام الفقرة (١) من هذه المادة في حالة وفاة المجاز وعلي ورثته او من يقوم مقامهم القيام بالأجراءات المذكورة فيه وترسل سلطة الأصدار بدل المبيع الى المحكمة المختصة لتحرير التركة لتوزيعه على المستحقين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەندێک تێبینی لەسەر ئەو دارِشتنە هەیە کە دەڵێ: (او لغيره من التصرفات القانونية) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رەشنووسەکەی تاکو بزانین وایە یا نە؟

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(او غيره) لام زیادە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

شتێکی کۆمەلایەتییە لەناو کوردەواریدا چەک زۆر عەزیزە، من باوکم مۆڵەتی هەبێ وبمرێت یەکسەر بچم چەکەکەی بفرۆشم. نازانم کێ ئەو کارە نارەوایە دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر کوڕەکەی مەرجی یاسایی نەبێت، ئەقل سووک بێ یاخود شێت بێ؟!.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان بیروڕاو بۆچوونم هەیە، وەکو کاک فرەنسۆ گوتی ئەوچەکەی کەوا لەحاڵەتی وەفاتی یەکێدا دەمێنێتەوە بۆ وەرەثەکەی، بە مەرجێک مەرجە قانوونی یەکانی تێدا بێت، وەکو یادگارێکە زۆر کەس حەز دەکات ئەو چەکانەی کە باپیران هەیان بووە هەڵیگرێت، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبرگەی یەک هاودژیەک دەبینم کە دەڵێ: (على المجاز في حالة ابطال الأجازة ان يسلم السلاح فوراً الى مركز الشرطة) لەدواوەش ئەڵێت (خلال ١٨٠يوما التصرف بهذا السلاح)ئەگەرتسلیمی پۆلیسی کرد، دوایی چۆن دەتوانێ تەصەرفی پێ بکات. خاڵێکی تریش هەیە بۆی نییە خۆ بیفرۆشێ. بەڕای من دەسەلاتی (اصدار) کە تەسلیمی ئەکرێت، ئەو بتوانێ بیفرۆشێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینییەی کە کاک بورهان گوتی کە درا بەناوەندی پۆلیس چۆن دەتوانێ تەسەرفی پێوە

بكات. مەبەست ئەوەیە کە مۆڵەتی هەبوو ومۆڵەتەکەشی نەما لای ئەو کابرایە نەمێنێت، بەڵام کە لەمەرکەزی پۆلیس بوو، دەتوانێت بیفرۆشێت بە کەسێکی تریش کە مۆڵەتی هەبێت. ئەوجا دەتوانێ لە مەرکەزی پۆلیس وەریبگرێت. بەنسبەت ئەوانەی وتیان چەک عەزیزە، ئەگەر یەکێک هەبێت لە وەرەثەی پۆلیس مۆڵەتی پێدابێت، لە یاساکە چارەی کردووە، ئەو کاتە رەوایە مۆڵەتەکەی بدرێتە مندالەکانی، ئەمەیان لە قانوونەکەدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەقێکی ترمان هەیە، دەڵێت ( تستثنی في حالة التذكارية والرمزية من احكام هذا القانون) ئەوە دەگرێتەوە کە یەکێک مەرجەکانی تێدا هەبێت مۆڵەتەکەی لە باوکییەوە بۆ دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(تذکاری) ئەوە ناگرێتەوە، چونکە ناکەوێتە ژێر باری مۆڵەت دانەوە نییە، (تذکاری) لەوێ باس کراوە ملکەچی مۆڵەت نییە، ئەوەی لێرە باسی دەکەین ملکەچی مۆڵەتە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی قسەکەی برای بەڕێزم کاک فرەنسۆ ود.کەمال، کە یەکێک دەمرێ چەکەکەی لەلا عەزیزە، بەنسبەت قانوون کە یەکێک دەمرێت ئەو ماڵەی دەمێنێتەوە میراتە، میراتیش دابەش دەکرێت لەنێوان وەرەثە ئەگەر بۆ دابەش کردن بشێت بەنسبەت بچوکترین بەش. بەڵام ئەگەر شیاوی بەشکردن نەبێت بەشی هەموانی تێدایە دەفرۆشرێت، ئەو کەسەی لای عەزیزە بمێنێتەوە دەتوانێ بیکرێت، بەمەرجێک مۆڵەت وەرگرێت بەپێی ئەو قانوونەی هەیە هاودژی ناکات لەگەڵ ئەوە ئەگەر مەرجی لێ بێتەدی دەتوانێ بیکرێت ومۆڵەتی پێ وەرگرێ بەپێی قانوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (١١)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثانية عشرة:

١- يستثنى من اجازة حيازة وحمل السلاح الناري وعتاده.

اولاً: قائد الأقليم او من يقوم مقامه.

ثانياً: رئيس واعضاء المجلس الوطني للأقليم.

ثالثاً: رئيس واعضاء مجلس وزراء الأقليم ومن هم بدرجة وزير.
رابعاً: وكلاء الوزارات واصحاب الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الأدارية.
خامساً: الحكام م والقضاة واعضاء الأدعاء العام والمحققين العدليين.

٢- يجوز حيازة وحمل السلاح الناري من قبل ضباط القوات المسلحة بوثيقة مجانية يصدرها وزير شؤون البيشمەرگة او من يخوله ويجوز له الأحتفاظ بالوثيقة المجانية بعد احالته على التقاعد اذا كان برتبة رائد فما فوق وبصورة دائمية، وبعد وفاته ينتقل حكم الوثيقة الى اكبر اولاده وتعتبر اجازة رسمية عند توفر الشروط القانونية فيه.

٣- يجوز حيازة وحمل السلاح الناري وعتاده من قبل ضباط ومفوضي قوى الأمن الداخلي بوثيقة مجانية يصدرها وزيرالداخلية او من يخولة ويجوز للضباط الأحتفاظ بالوثيقة المجانية بعد احالته على التقاعد اذا كان برتبة رائد فما فوق وبصور ة دائمية، وبعد وفاته ينتقل حكم الوثيقة الى اكبر اولاده وتعتبر اجازة رسمية عند توفر الشروط القانونية فيه.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مادە(١٢) خۆم لەسەر هەمووی ناکۆکم، ئەوانەی کە هەلاوێردراون بۆ لێ بەدەر (استثناء) بکرێن؟ سەرۆک و ئەنجوومەنی وەزیران وسەرۆک وئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، ئەی کە لەپەرلەمان نەمان یا کە وەزیر وبریکاری وەزارەت لادران وکە خانەنشین بوون، پێویستە ئەوانیش وەکو هاوولاتی تر مۆڵەتیان هەبێت وئەو مۆڵەتەیان بەردەوامە وهی ئەوان ئاسانکاری تێدا هەبێت یاخود بڵێین عەفو بکرێن لەو ڕەسمانەی کە دەدرێ وەکو هی ئەفسەرەکان، بەلام ئەوان پێویستە وەکو هاوولاتی تر کە چەک هەڵدەگرن بە شێوەیەکی یاسایی هەڵی بگرن، نەک بەشێوەیەکی نا قانوونی کە هیچ چاودێرییەکیان لەسەر نەبێ.
دووەم: بۆچی عەسکەری؟ ناڵێم پێشمەرگە، چونکە پێشمەرگەی ئێستا یا عەسکەری یە یان پێشمەرگەی کۆن بووە، ئەدی ئەوی لە ئاسایش ئیش دەکات، بۆ مافی نەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە دەڵێت بۆ کوڕی گەورەی ئەبێت. بەڕای من بۆ هەڵگرتنی ئەو چەکە، دوو شت هەیە، لێرەدا یەکێکیان مەرجەکانی (التأمين القانوني) کە کوڕە گەورەکە (اهلیەی) قانوونی نەبوو، بۆ نموونە ئەگەر شێت بوو؟ چۆن لەم حاڵەتە چەکی پێ دەدرێت؟ یەکەم ئەبێت ئەمە چارە بکرێت، دووەمیش مافی هەیە بیدات بەکوڕە ناوەنجی یەکەی ئەگەر گەیشتبێتە(سن الرشد). ئەم دوو سەرنجە ڕەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو بۆچوونەی کە کاک د. فوئاد بۆی چوو، وادەزانم لێی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە یەکەم دەڵێ بەقانوون هەڵی بگرێت، ئێستا قانونێک لە پەرلەمان تەشریع کراوە، دەڵێ (رئیس واعضاء المجلس الوطني الذين يخولون بحمل السلاح) ئەوە شتێکی زۆر یاساییەکە چەک هەڵدەگرن، دوایی دەڵێ خەڵک ئەو چەکەی وئەو هەڵگرتنەی لەلا پەسەند نییەو، کە دەڵێ (يستثنى سلاح الوظيفة) واتە پێناسی کارمەند حساب دەکرێ بە بەڵگەنامەی مۆڵەت، جا وەزیرە، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی یە. بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانەی نەما بێگومان مۆڵەتەکەی نامێنێ، هەریەکێک لەفەرمانگەکە رۆیشت، نە پێناسەکەی دەمێنێ ،ونە ئیمتیازاتەکەی دەمێنن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادوەریش لەهەمان دەقدا هاتووە، لەبڕگە(٢) ولەبڕگە(٥) دا هاتووە دەڵێ:(الحكام والقضاة والأعاء العام) ئەوەی کە کاکەڕەش باسی لێوە کرد، ئەوەی کە کاک ئەکبەر دەڵێت: بۆ کوڕەکەی دەگوێزرێتەوە ئەگەر کوڕەکەی شێت بێت بۆ ئەمەش دەقێک هەیە ودەڵێت:(وفقا لأ حكام هذا القانون ) واتە: دەبێت لەسەری پیادە بکرێ ونابێت شێت بێ ومۆڵەتی بدرێتێ، تەنیا جیاوازییەکەی ئەوەیە کە بۆ کوڕە گەورەکەی دەگوێزرێتەوە مۆڵەتەکەی بەو دەدرێ، دەبێ مەرجی یاسایی مۆڵەتەکەی لێ بێتە جێ ئینجا مۆڵەتەکەی بۆ دەگوێزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێن (اكبر اولاده) وام دەزانی(اكبر اولاده)کوڕ وکچ دەگرێتەوە لەگفتوگۆی برادەران هەستم کرد تەنیا کوڕی گەورە دەگرێتەوە بەڕاستی ئەوە جیاکارییە لەگەڵ ئافرەتدا، دەبوایە ئەم مافە بۆ گشت جنسی بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (ولد) کوڕو کچ دەگرێتەوە، ئەوە مافی خۆیەتی ، ئەگەر مەرجەکانی یاسایی تێدا بێتەدی، دەتوانن بۆ یەکتری دابین (تنازل) بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(١٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

ئێستاش پشوویەک دەدەین تاکو سەعات (١٢/٥).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پاش ئەو پشووە، ئێستا سەر لەنوێ دەست پێدەكەینەوە، فەرموو كاك ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا لەسەر خوێندنەوەی مادەكانی قانوونەكە دەڕۆین.

المادة الثالثة عشرة:

١- اذا ادعى المجاز الحيازة وحمل السلاح الناري ، فقدان اجازته اوتلفها او فقدان السلاح الذي منحت به الأجازة، فعلى سلطة الأصدار ان تطلب اجراء تحقيق بذلك.

٢- اذا ثبت فقدان الأجازة او تلفها يمنح صاحبها اجازة جديدة كبدل ضائع تحمل نفس الرقم الأجازة السابقة وتتضمن المعلومات الواردة فيها لقاء رسم مضاعف للرسم المذكور للأجازة المفقودة.

٣- ا ذا ثبت فقدان السلاح اوتلفة فعلى صاحبه تسليم الأجازة الى سلطة الأصدار لأبطالها وعندئذ يجوز منحه اجازة جديدة عن سلاح اخر.

٤- اذا تبين عدم صحة الأدعاء بفقدان الأجازة اوتلفها او فقدان السلاح فعلى سلطة الأصدار احالة صاحبها الى حاكم التحقيق لأتخاذ مايلزم لأحالته الى المحكمة المختصة وعند ثبوت ذلك معاقبته وفق احكام القانون وأبطال الأجازة واشعار جهة الأصدار بذلك.

٥- عند ثبوت فقدان او تلف الوثيقة المجانية التي تمنح لضباط القوات المسلحة فلوزير شؤون البيشمةرگة او من يخوله تزويده بوثيقة مجانية جديدة.

٦- عند ثبوت فقدان او تلف الوثيقة المجانية التي تمنح لضباط ومفوضي قوى الأمن الداخلي، فلوزير الداخلية او من يخوله تزويده بوثيقة مجانية جديدة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر مادە (١٣) چ تێبینی هەیە ؟.. ئەگەر نییە...؟

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگە (٤)هەیە. ئەو چەكە ئەگەر دەركەوت (عدم صحة الأدعاء بفقدان الأجازة اوتلفها او فقدان السلاح) ئەبێ ئەو چەكە دەستی بەسەردا بگیرێ وچارەنووسی ئەو چەكە چی دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ هاوڵاتی ئاسایی ئەگەر (تبين عدم صحة الأدعاء) رەوانەی دادگای تۆژینەوە دەكرێ، بۆ دەزگای

دەوڵەت چ وەزارەتی پێشمەرگە بێ، چ وەزارتی ناوخۆ بێ لەهەر دوو حاڵەتدا دەبێ (اذا ثبت) یان حاڵەتی (اذا لم یثبت) رەوانەی دادگایەکی تایبەتمەند بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ژمارە(٥)و(٦)نابێ بەم شێوەیە بمێننەوە، ئەوە دەبێ ونیشی کردبێ، کەم تەرخەم دەبێ سزا بدرێت، زۆرکەس هەنە ئەوانەی هێزی پێشمەرگەن، دەبێ ئاگایان لەخۆیان بێ وبە ئاسانی ئەو بەڵگەنامانە لەگیرفانیان ون نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە جیاوازی کرا لەنێوان مۆڵەت بزر بوون یان نەمانی مۆڵەت یان چەکەکە بزربێ یان لێی بدزرێ ، بۆ پێشمەرگە وهێزی چەکدار باسی مۆڵەت کراوە کە مۆڵەتێکی بەخۆڕایی دەدرێتێ مافی بە چەکەکەیدا نییە، چەکەکە قانوونی خۆی هەیە رێکی دەخات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا دوو جۆرە مامەلە هەیە، هاووڵاتییەک ئەگەر بەڵگەنامەی بەو شێوەیە بێ کە نووسراوە، لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێ، بەڵام یەکێک ئەگەر لەناو هێزی چەکدار بێت وهەمان شت روویدا لێکۆڵینەوەی بۆ نییە. مەبەست لەمە چییە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای سزادانی سەربازی هەمیشە جیاوازی هەیە لەگەڵ یاسای سزادانی مەدەنی، ئەوان یاسای سزادانی تایبەتییان هەیە، ئەوان رێکخستنی کۆنترۆڵی(تنظیمي انظباطي) خۆیان هەیە ولێ تۆژینەوەی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام هاووڵاتی یەکی ئاسایی ئەوەی نییە، بۆیە ئەوە دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا ئاماژە نەکراوە وەکو قانوونێک، بەڵام ئاماژە بەوە دراوە کە ئەگەر بزری کرد، یان لەکەڵک کەوت، ئەوە بەڵگەنامەی بۆ تازە دەکرێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سید حەسەن کەمێک روونی کردەوە وفەرمووی لەوحاڵەتەی ئەگەر چەکەکە جێگیر بوو بزر نەبووە، ئەو کابرایەی وادەڵێ دەدرێتە دادگا، بەمەرجێک لەمەرجەکان دانراوە کە دەبێ حوکم بدرێ لەباتی مۆڵەتەکەی، دەبێ مۆڵەتەکەی لێ بسەندرێتەوە وئەگەر تفەنگەکەش وەرگیرایەوە دەبێ بەکەسێکی بێ مۆڵەت، ئەمەش شتێکی زۆر سروشتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نووسراوە (عند ثبوت)، لێرە ئەمە جەخت لەسەر رایەکەی دکتۆر کەمالیش دەکا، کە دەڵێ (عند ثبوت فقدان اوتلف) ئەبوایە ئاماژەی بۆ بکرێ وبگوترێ (اجراءات قانونیة).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستەواژەی (عند ثبوت)، چۆن دەسەلمێندرێ بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ؟ ئەوە خۆی (تحصیل حاصلە) کە دوایی تۆژینەوە دەکرێ وخەڵکی مدەنی لە دادگاو خەڵکی تر شێوازی خۆیان هەیە کە سەلمێندرا، ئەمجا خەڵکی مەدەنی بۆی دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئەگەر تەنیا بڵێین کرداری یاسایی لەگەڵدا بکرێ، چ زەرەرێکی هەیە، ئەگەر (وفق القانون) ی بۆ زیاد بکرێ؟، جا یاسای سەربازی بێت یان یاسای پۆلیس بێت یان یاسای پێشمەرگە بێت، پرسیارێکی کاک نەژاد لەم بارەیەوە هاتووە ودەڵێ: (عند عدم ثبوت)چی دەبێ؟

**بەڕێز نەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم حاڵەتە دەبێت، ئەگەر هات و هەمان ئەو دەقە کە لەمادە چواردا هاتووە ودەڵێ: (اذا تبین عدم صحة) بە دەقێکی وا چارە بکرێ، بەڕای من پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەبێ بگوترێ (لاجریمة ولاعقوبة الا بنص) وەکو بەڕێز کاکەڕەش دەستی پێ کرد، با دەقە قانوونییەکانمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک دەکەم ئایا ئەگەر پیاوەکە وەرەقەی بزر نەبێ بۆ بچێ بڵێ وەرەقەم بزربووە؟ دەبێ چ سوودێک لەو وەرەقەیە وەرگرێ. ئە وەرەقەیە بەخۆڕاییە. هاولاتییەکە دەڵێ مۆڵەتەکەم ون کردووە کەوا دەڵێ دەیەوێ چەکەکەی بزر بکات، چونکە چەکەکە گیچەڵ بۆ هاوولاتی دروست دەکات، زۆر کەس هەن لەوانەیە بەفێڵی مۆڵەتەکەی، هەوڵ دەدات چەک بکرێ، زۆرکەس هەیە دەچتە سەر ئاو دێتەوە ودەڵێ چەکەکەم کەوتە ناو ئاو هەتا مۆڵەتەکەی هەڵبوەشێنتەوە، بۆ خۆمان وامان بەسەر هاتووە بۆ ئەوەی چەکەکەمان لەسەر ناومان لاچێ، چووین مۆڵەتەکەمان بدەینەوە وگوتمان چەکەکەمان نەما ومۆڵەتەکەمان هەڵوەشایەوە. بەلام کابرای ئەفسەری پۆلیس بەڵگەنامەی بەخۆڕایی هەیە بۆ چەکی مۆڵەت پێدراو ، ئایا دەبێ وەرەقەی دووەمی بۆچی بێ؟ بەنسبەت ئەفسەریش وەرەقەی بۆ چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێوە رازین بەوانە یان شتی ترتان هەیە؟

**بەڕێزحازم ئەحمەد مەحموود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی هەر ماددەیەک، هەر بەڵگەنامەیەک کە لەدامەزراوی کاروباری سەربازی بزر بێت ئەنجوومەنێکی لێ تۆژینەوەی لەسەر دەگیرێ وئەو ئەنجوومەنەی کاری خۆی دەکا لەوی خەتی خۆ ی هەیە، پاش ئەنجوومەنی لێ تۆژینەوە ئەوەی لەپێکهاتەو وەحدەکان دروست دەبن، دەدرێتە دادگای سەربازیی ودادگاکەش ڕێی خۆی دەگرێ، هەتاکو دەگاتە دادگای تەمیزی سەربازی وئەمەش شتێکی ئوسوڵی وڕەوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئێوە هەموو جارێ دەڵێن (لاجريمة ولا عقوبة الا بنص) واتان لێ کردووین دەبێ هەموو شتی بە دەق (نص) بێ، ئێستا برایانی لیژنەی یاسا پێشنیارێکیان هەیە دەڵێن: ئەگەر برگەکە وای لێ بێ وبرگەی (٧) ی بۆ زیاد بکەین وبڵێین:(اذاتبين عدم صحة الأدعاء بفقدان الأجازة اوتلفها اوفقدان الأجازة لمن ورد ذكره في الفقرتين (٥-٦) اعلاه، فعلى الجهة ذات العلاقة التحقيق بذلك واحالة المخالف الى المحاكم المختصة وفق احكام القانون).

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆچوونی من هیچ ماددەی زیادی ناوێ، چونکە زۆر ڕێک هاتووە وزۆر پوختەیەو (تەحصیل حاصل)یشە وەک برادەران دەڵێن بووەتە قاعیدەیەکی قانوونی، سوپاس.

**بەڕێزکاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای بۆ دەچم، ئەم دەقە ڕاست نەبێ،لەبەر ئەوەی ئێمە کارمان بە بزر بوونی چەکەکەوە نییە، چونکە بابەتەکە چەکەکە نییە، لەسەر بنەمای صیغەی شەخسی وەرەقەکە دراوە، وەرەقەکە بەڵگەیەکی ئەصلییەو پەیوەندی بە بابەتی بزر بوونی چەکەوە نییە. چەکەکەشی لێ بزر بێت هیچ بەرپرسیار نییە،چونکە چەکی تایبەتی خۆیەتی ولێ ی بزر بووە. بەڵام ئەوی تر کە لەلای ئەهلی بزر بێت ترسی ئەوەی لێ دەکرێ نەک بچێ بۆ ئەم لاو ئەو لا وبازرگانی پێ بکرێ وخراپە کاری بەو چەکەوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وێڕای ئەوە کە کاکە ڕەش فەرمووی ، مەسەلە چەکەکە نییە، بەم لاو ئەو لا دا بڕوات ئەمە گرنگ

نیـیـه بزر دەبێ یان نابێ، دەربارەی سەربازی مـادەیەکی تـر هەیە زیاد دەکـرێ ولەمـاددەی دواتر، لەبڕگەی (٣)دا لەسەر چەکەکە جەزا دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وابزانم برادەران هەموو قسەی خۆیان کرد با دکتۆر کەمال بفەرموێ.

**بەڕێزد.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر لە شوێنێکی تر ڕێ ی بۆ کرا بێتەوە باشە، بەڵام بەڕاستی ئەو سزایەی کە هی پێشمەرگە وئەفـسـەران دەدرێ لەکـاتی چەک ون کـردندا، دەبێ زۆر زۆر توندو تیـژ تر بێ لەوەی کـە هاوولاتییەکی ئاسایی دەیکات، بەڵام ئەگەر لەلایەکی تردا مادەیەکی وەهاتان نووسی بێت، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سـوپاس بۆ ئەم ڕوون کـردنەوەیەی بابەتەکەو ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، واتا مـاددە (١٣) بەتێکڕایی. کێ لەگەڵ ئەوە دایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.، سوپاس. کێ لەگەڵ نییـە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـاجی نامـق مـجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

المادة الرابعة عشرة:

اولاً: لسلطة الأصدار ان تمنح اجازة حيازة وحمل السلاح الناري وعتاده بدون رسم الى موظفي الدولة الذين تستلزم واجبات وضائفهم وذلك بتأييد من دوائرهم وفي حالة زوال تلك الواجبات، تخبر الدوائر المذكورة سلطة الأصدار بذلك وتعتبر الأجازة باطلة وعليهم تسليمها مع السلاح الى سلطة الاصدار خلال مدة لاتتجاوز (٧) ايام من تأريخ زوال تلك الواجبات ويجوز منحهم الأجاز بذلك السلاح وفق احكام هذا القانون.

ثانيا: يجوز اعادة الأسلحة النارية الحكومية الى موظفي الدولة في الحالة المبينة في الفقرة اعلاه ولاتخصص لهم الأسلحة وعتادها إلا بعد استحصالهم على الأجازة بحيازتها اوحملها، تمنح لهم من سلطة الأصدار بدون رسم وعلى الدوائر المذكورة اعادة السلاح الناري والعتاد غيرالمستهلك لغرض رسمي الى الجهة التي خصصته عند زوال صفة الوظيفة عنهم.

ثالثا: يضمن من فقد السلاح الناري اوعتاده المعادين بموجب هذا القانون خمسة اضعاف قيمته المقدرة وقت الفقدان اذا كان ذلك بتقصير منه ثلاثة اضعاف قيمته في الأحوال الأخرى، اضافة الي العقوبات الأنضباطية التي تفرض بحقه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس ئەو (اضاف)ەیە نووسراوە، لەخاڵی سێ یەم دا، خۆی (اضعاف)ە، چونکە چاپەکەی دەرنەچووە. ئیستا ماددە(١٤) چ تێبینییەکی لەسەرە؟

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مادەیە بەڕاستی زۆر ناتەواوە، واپێ دەچێ بڕێک شت هەیە یان لەچاپ دەرنەچووە؟ بەتایبەتی بڕگەی یەکەم کە دەڵێ: (ان تمنح اجازة حیازة وحمل السلاح الناري بدون رسم الی موظفي الدولة الذین تستلزم واجبات وظائفهم وذلك بتأیید من دوائرهم) یانی چی ؟ نازانم شتەک هەیە لەکاتی چاپ کردن پەڕیوە، ڕستەک هەیە یاچۆنە؟ نازانم بەڕاستی داوای ڕوون کردنەوە دەکەم لەبرادەران، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەتەعریفی (السلاح الناری ) تفەنگی (ئالی) تێدا نییە، وابزانم لێرەدا تەنیا نووسراوە (سلاح)، (ناری) (یە)کە زیادەیە، تاکو هاودژی پەیدا نەکات، سوپاس.

**بەڕێزد.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها پرسیارێک لە لیژنەی یاسا دەکەم. لەبڕگە(٣) عەسکەری ومەدەنیش دەگرێتەوە؟ چونکە لەوانەیە ئەنجوومەنی سەربازی سزای خۆی دیاری کردبێ بۆ ئەو جەنگاوەرەی کەچەکی خۆی بزر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک بەختیار گوتی ڕاستە(وذلك بتأیید من دوائرهم) وشەی (تأیید) دادەنرێ وئێستا تەواو بووکاک بەختیار ڕازی یە بەوە. لێرەدا (موظفي الدولة) لەهەر شوێنێک بوو، دەوڵەت چەکی پێ دا بەخواستنەوە (اعارە) بیگرێتەوە. بەڵام چەکی جەنگی نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاکە سید ئەو پرسیارە ئەوە بوو (اجازة حیازة وحمل السلاح الناري)، (ناری)یەکە لابەیین هەر (حەملی سیلاحەکە) بهێڵینەوە، بڕگە(١) بەم جۆرەی لێ بێ: (لسلطة الأصدار منح اجازة حیازة وحمل السلاح)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی تێبینییەکەی تەواوەو ئەمەش پاش ئەو هەموار کردنەمان هاتووە کە کردمان، کە کلاشنکۆفمان هێنا ناو باسەکەوە هیچ نادروستی یەک پێکەوە نانێ وبابەتە کە گشتگیرتر دەکات، واتا وشەی (ناری) هەڵگرین، چونکە کلاشنکۆفیش دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەدووەمدا دیسان (ناری) هەڵدەگرین، لەپرسیاری سێیەم دەڵێ: ئایا ئەم مەسەلەی حوکمە چییە لەسەر سەربازییەکان؟ ئەگەر چەکەکەیان (ناری) نەبێ، واتا ئەمەیان لەسەر عەسکەری یەکێ پیادە دەبێ؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرکەسێک چەک بە(اعارە) هەڵگرێ، ئەوە لەسەری پیادە دەکرێ، جا هەر کەسێک بێت، ئەفسەرێکی عەسکەری کە مۆڵەتی خۆی پێیە ودەڵێ دەچمە سەفەری ئەو ناوچەیە وئەم دەمانچەیەم پێویستە، کە ئەو چەکە بزر بوو لەسەری پیادە دەبێ، بەڵام چەکی حکومەت لەلای عەسکەری پەیوەندی بە چەکی دەوڵەتەوە نییە، چونکە عەسکەری بەردەوام چەکی پێیە وبەکاری دێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێ ی ئەم ڕوون کردنەوانە بەم شێوەیە وشەی(ناری) لە(یەک) و( دوو) هەڵدەگیرێت.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لێرەدا مەسەلەی چەکی (ناری) کە نارییەکە هەڵبگیرێ، دەبێ وردتربین لەم مەسەلەیە، پێش ئەوەی بڕیارێک دەربچێت. چونکە ئەگەر وابێت لە ماددەی (١٢) هەمووی لەسەری پیادە دەبێ، چونکە لەو مادەیەدا دەڵێ:(يستثنى من اجازة حيازة وحمل السلاح الناري وعتاده قائد الأقليم ) وئەوانەی لە دواوەی دین، دەنا لەو حاڵەتە تەنیا ئەوانە لێی بەدەر (استثناء) دەبن لە (حیازە و حەملی) چەکی ئاگردار ومۆڵەتەکەی، دەنا لەمۆڵەتەکانی تر لێ بەدەر نین، دەبێ بچێ مۆڵەتی خۆی وەرگرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە هەتا ئەوەمان لەبڕگە«٢»ی ماددە«٢٤» زیاد کرد، مەبەستێکی تایبەتی هەبوو، ئێمە بۆ لە بڕگە «١»کردمان بە«٢» ؟ بۆ لەتەعریفەکان نەهاتین پێناسەی کلاشنکۆف بکەینە دەسەڵاتی (اصدار) ؟ بەراستی ئەگەر تێبینی بکەین لەگەڵێک ماددەی پەڕاگەندەو لە کۆتاییش

داهاتووه، مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەگەر هات وباری کوردستان مەترسی لەسەر نەما ئەوکاتی ئەو برگەیە زۆر بە ئاسانی لادەبرێت، واتا ئێمەش قانوونە کەمان ئەو کاتە تەنها چەکی ئاگردار دەبێ، «سریعة الطلقات» نەبێ، ئەو وەختە مۆڵەت نادرێتە هیچ کەسێک، واتا لێرەدا وەک کاک حازم فەرمووی، دەبێ هەندێک لەوەدا ورد بینەوە، چونکە ئەمە اعتبار دەکرێ بە (أصل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەمە روون بووەوە. ئێستا دێینە سەر دەنگدان لەسەر مادە «١٤». باشە کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. سوپاستان دەکەم. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة/١٥: لوزير الداخلية أن يقرر ايقاف منح اجازة وحمل السلاح الناري في جميع انحاء الاقليم او في جزء منه المدة التي يعينها في القرار، وذلك عندما يدعو لاتخاذ هذا الاجراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە شتێکی تەکنیکییە وا بزانم کەس تێبینی نییە. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە«١٥» وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة/١٦: للمحافظ اصدار بيان يعلن في احدي وسائل الاعلام الأمور التالية:

١- منع بعض المجازين لحمل السلاح يستثنى من ذلك بعض المجازين لأسباب معقولة.

٢- منع دخول السكان القاطنين خارج حدود البلديات او داخل الحدود المذكورة وهم مسلحون لمدة مؤقتة إذا اقتضت المصلحة العامة.

٣- منع اطلاق النار في المناسبات العامة والخاصة داخل المدن والقصبات الاخرى.

٤- أستلام الاسلحة النارية من أصحابها سواء كانوا مجازين بها أو مجازين للمدة التي يعين فيها لقاء وصل بذلك ويقرر اعادتها اليهم عند زوال السبب مع مراعاة أحكام المادة« ٢٠ »من هذا القانون بالنسبة لغير المجازين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسایی باروونی بکەنەوە لەبڕگە (١) وشەی (منح) یان (منع)ە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک تێبینی گچکەم هەیە، لێرەدا کە دەڵێ « منع بعض المجازين حمل السلاح الناري» دەبێت چەک مۆڵەتی پێ درابێ، چونکە«السلاح الناري» وەک گوتمان کلاشینکۆف ناگرێتەوە تەنیا (السلاح المجاز) دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا ئەو«بعض»ە زیاد نییە؟ چونکە لەپێشەوەش هاتووە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەکەمدا، یان دەبێ«بعض»ەکە لابرێ لەپاش مەنع «بعض المجازين» یان بەو شێوازە بنووسرێ «ان يستثنى من ذلك المجازين لأسباب معقولة» ئەگەر بێت بەو شێوازە بنووسرێت «او جزء منها» وخاڵ دابنرێ وئەوەی پاش ئەوە دێت فلان بلێ ئەو «من ضمن المجازين» دەتوانرێ وەکو خۆی بمێنێتەوە. چونکە ئەوە لەرووی منطقەوە نارێکە بەم شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم ماددانە هاودژن لەگەڵ ماددەکانی پێشوودا. بۆ نموونە: بۆ پارێزگار بۆی هەبێ چەک لە خاوەن مۆڵەت قەدەغە بکات، ئەگەر برادەرێک لێرە مۆڵەتی هەبێ چەک هەڵگرێ، کە بچێتە دهۆک پارێزگاری ئەوێ بلێ یاساغە. بەڕای من ئەمە راست نییە کەتاکو ئێستاکە دەسەڵات بە پارێزگار نەدراوە مۆڵەتی چەک بدات بۆ دەستەڵاتی قەدەغە کردنی چەکی پێ بدرێ؟ بەتایبەتی لەو کەسانەی کە مۆڵەتیان هەیە ولەدەسەڵاتی (اصدار)ەوە وەریان گرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن مەسەلەی «بعض»ەکە لەگەڵ «بعض المجازين» ساغ بکەینەوە، با برادەرانی لیژنەی یاسا لێی بکۆڵنەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئەم تێبینییە لەجێی خۆیەتی دەبێ یا (بعض) نەبێ یان «بعض المجازين لأسباب معقولة»، چونکە ئەگەر گوترا (بعض المجازين)، ناتوانرێ مەنعی هەموو مۆڵەت پێدراوان بکرێ، هەندەک مۆڵەت پێدراو قەدەغە دەکات، ئەوەش لەحاڵەتی پێویست دا دەبێ، بەڵام ناتوانێ ئەوەی مۆڵەتی وەرگرتووە مۆڵەتەکەی قەدەغە بکات وبڵێ ناتوانێ هەڵی گری، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە«٢»کە دەڵێ:«داخل الحدود المذكورة وهم مسلحون» ووشەی (مسلحون ومجازون) پێکەوە وشەی (مجاز) باش روون نییە. لە خاڵی چوارەمیشدا «المجازين أو غير المجازين» خلال المدة التي يعينها لقاء الوصل يقرر اعادتها اليهم» ئایا «مجاز» چۆن دەبێت جارێکی تر چەکەکەی پێ بدرێتەوە؟ من باش لەمە تێ ناگەم، ئەگەر زەحمەت نەبێ بۆمان روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی «١» مەغدوریەتە بەمافی هەندێ کەس، چونکە ئەوە یەکەم، مۆڵەتی بۆ چەکەکەی دەرکردووە لە لایەن وەزیری ناوخۆوە، ئەگەر لەلانی پارێزگارەوە بێت هەندەک مرۆڤ نایانکەوێ وئیتر گرفت پەیدا دەکەن، بەچ ناوێک ئەو مۆڵەتە لەو مرۆیانە وەربگیرێتەوە؟ خاڵی دووەم: گرفتی عەشیرەتگەری دەوری خۆیان دەبینن بۆی هەیە دەبێ گەر پارێزگار لەحیزبەک بێت یان لەعەشیرەتێک بێت وپتر پشتگیریی هەندێک کەس بکات، پشتگیریی هەندەک خەڵکی تر نەکات. هەروەک لەسەردەمی حیزبی بەعسی فاشی لەپارێزگای هەولێر روویدا وگرفت لەنێوان (هەرکی وزراری) پەیدا بوو، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی کاک فرەنسۆ کردنی تەواون، بەڵام تەنیا لێرەدا کە دەڵێ«للمحافظ» ئەمە هاودژە بە مەسەلەی ئەوەی کە وەزیر دەسەڵاتی (اصدار)ە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو دەستەڵاتەی کە دراوەتە پارێزگار، دەستەلاتێکی (استثنائی) یە بەو ناوەی پارێزگار خۆی بەرپرسیارە لەو دەستەلاتەی باری ئاسایشی پارێزگاکەی کەوا دەخوازێ بۆ ماوەیەک بەیانێک دەر بکات وبلێ لەفلان قەزا یاساغە کەس بە چەکەوە ببینرێ ولەوانەیە دوو ئەندامی پەرلەمان زۆر لایان گران دەبێ ودەڵێن ئێمە ئەندامی پەرلەمانین چۆن نایەڵن بەچەکەوە بسووڕێینەوە؟ وا باشە بنووسرێ «يستثنى منهم أعضاء المجلس الوطني» تا ئەوان بە چەکەوەش بچن قەیدی نەبێ وشەی«بعض»ئەوە دەگرێتەوە. لەگەڵ ڕێز وسوپاسمان دا.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، لەلیژنەی یاسای دەکەم کە دەگوترێ« اسباب مقبولة» مەبەست چییە؟ چۆن هۆکاری پەسەند دیاری دەکرێ؟ واتا ئەمە مانای ئەوەیە دەسەلاتێکی رەهایە. پارێزگار دەڵێ: ئەمە مەسەلەیەکی پەسەندە، چونکە قانوون هیچی دیاری نەکردووە کە هۆی پەسەندی چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتاوە بەڕێز کاک فرەنسۆ گوتی: یەکێک لەهەولێرەوە دەچێ بۆ دهۆک وچەکەکەی لێ وەردەگرن. بێگومان پارێزگار ناتوانێ ئەمە وەرگرێت، چونکە دەڵێن لەناو پارێزگاو لەسنووری پارێزگاکەی خۆیدا مۆڵەت پێدانی خۆی دەیگرێتەوە، ئەوەش دەبێ بزانین کە ئێمە لە بارودۆخێکی

نالەباردا دەژین، زۆر جار شەڕە عەشیرەت دەبێت وەکو مەسەلەکەی (هەرکی وزراری) لەناوچەیەکدا، یاخود قەزایەک، پارێزگار دەبێ دەسەلاتی هەبێت کە چەکی ئەو ناوچەیە بەرزەفت (ضبط ) بکات ونەهێڵێ بە ئاشکرا هەڵیگرن، یان نەهێڵێ بیهێننە ناو شار، یان مۆڵەتەکەیان ڕاگرێ بەشێوەیەکی کاتی بۆ چارەسەر کردنی ئەو بارودۆخانە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە کاکە سید وەزیری ناوخۆ ناتوانێت ئەو فەرمانە دەر بکات، پارێزگار پەیوەندی دەکات بە وەزیری ناوخۆو دەڵێ: بارودۆخێکی وا هەیە، وەزیری ناوخۆ بەیانێک دەرئەکات ئەڵێ هیچ هاوولاتییەک نابێ بە چەکەوە بچێتە ئەو ناوچەیە، بۆ چی بوترێ «للمحافظ الحق لأسباب مقبولة». واتا وەزیری ناوخۆ دەتوانێت ئەوە بکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەوەی پارێزگار دەتوانێ، وەزیری ناوخۆش دەتوانێ، بەلام ئەوە بۆ چارەی ئەو پارێزگارەیە بەیانێک دەربکات و، وەزیری ناوخۆش بێگومان دەتوانێ بیکات. ئەگەر پێتان وایە هەمووی هەر وەزیری ناوخۆ بیکات چ بەرهەڵستێک نییە. بەلام ئێمە وابزانین پارێزگار بۆ چارەی وەزعی خۆی و بارودۆخی ناوچەکەی خۆی بتوانی بیکات چاکترە نەوەک وەزیری ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک نەژاد دەڵێ «وله أن يستثني من ذلك بعض المجازين لأسباب مقبولة» ئەو «أسباب مقبولة»یە کە نووسراوە (معطوفه) لەسەر (استثنايه)کەوە، واتا: تەنیا «أسباب مقبولة»کە پەیوەندیی بە (استثنا)یەکەوە هەیە، نەک پەیوەندیی بە ماناکەوە، تەنها بو روونکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی ئەوەیە «سلطەی اصدار» بەتەنیا وەزیری ناوخۆ نییە، چونکە «أو من يخوله» مان داناوە، ئەوە بە بەدڵنیاییەوە دەسەلات دەدرێت بە هەموو پارێزگارەکان ودەڵێ: پارێزگاری هەموو پارێزگاکان دەستەلاتی ئەوەیان هەیە، مۆڵەتی چەک بدەن.

دووەم: لێرە مەسەلەی ئەم «بعض»ە زیادەیە، ئەوەی یەکەم زیاد هاتووە، ئەگەر پارێزگار دەسەلاتی پێ نەدرێ، چۆن دەتوانێ شتێک لەناو پارێزگاکەی رووبدات چارەسەری بکات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من هەر ئەوەبوو کەکاک حازم باسی لێوە کرد، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە، بەتایبەتی بۆ باری ئێستای ئێمە کەتێی داین، ئەم دەسەڵاتە، بەپارێزگار بدرێت، چونکە تووشی کێشە وگیروگرفتی ئیداری دەبێت، دیسان من پارێزگای دهۆک دەکەمە نموونە، ئەگەر لەپارێزگای دهۆک لەناو شاری دهۆک کێشەیەک لەنێوانی دوو خێزان روویدا، خێزانێک بەناو سەربە یەکێتی بێ وخێزانێکیشیان بەناو سەربەپارتی بێ، پارێزگاری دهۆک پارتی یە دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێ، بەرژەوەند نییە ئەو خزمانەی سەر بەو خێزانەن وخزمی ئەو خێزانەن کە سەر بە یەکیەتین بێنە ناو شار، بەڵام خزمەکانی ئەوانەی سەر بە پارتین شتێکی ئاسایی یە بابێن. من پێم وایە پێویستە ئەوە لێی بکۆڵدرێتەوە، بەتایبەتی بۆ ئەم بارو دۆخەی ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەگەڕێمەوە سەر برگەی«١»بەلای منەوە باشترە ئەگەر«بعض»ە کە بمێنێتەوە، بەڵام لە«ان یستثنی» تا دوایی ئەوە لاببرێت، ئیتر ئەو «أسباب مقبولة» نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ڕای کاک نەژاد دام ئەوە وەک بڵێی بەرەهایی «مطلق» هاتووە، ئەگەر دیاری بکەین ئەوە لە یاسای سزادانی عێراقی دا هەیە، لەمادده«٢١»دا، پەیوەندی پێوە هەیە کە دەڵێ:«عند اشاعة الأرهاب أو تكدير الأمن العام» جا ئەگەر تۆزێک دیاری بکەین وبڵێین «عند الأخلال بالأمن العام أو تكدير الأمن العام» شتێکی وابزانم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز نەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان لێرەدا ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە برگەی«١» دەبینین دوو وشەی«بعض»ی تێدایە، یەکەمیان بۆ مەنعە، ئەوەکەی تریشیان بۆ لێبەدەر کردن (استثنا)یە. ئەوەیان یەک، دووەم شت ئەو مەسەلەیەی ئێستا بەڕێز کاک (سەفەر) ئاماژەی بۆ کرد ئەگەر تەماشای بکەین کە دەگوترێ « عند الضرورة وللمدة التي يحددها » واتە لێرەدا ئەگەر شتێکی کتوپڕ لەپاش دەوامی رەسمی رووبدات، پارێزگار لەماڵی خۆیەتی ودەبێتە تەقە لەنێوان دوو گەڕەک، باشە چۆن ئاگاداری وەزیری ناوخۆ دەکات؟ هەتا پەیوەندی دەکەن لەوانەیە ژمارەی کوژراو وبریندار بگاتە

«٢٠٠-٣٠٠»کەس، واتە ئەمە شتێکی (اجرائیە) وپارێزگار ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، پارێزگار واتە پارێزگاری لەسەرومولک وسەلامەتی خەڵکی پارێزگاکەی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک (ئەیاد) وابزانم برگەکە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی وردتر هەیە. چونکە لەوانەیە کۆمەڵێک خەڵک لەهەولێر مۆڵەتیان هەیە ودەڕۆن بۆ سلێمانی وبۆ کەرکووک، بۆ دهۆک، یا بۆ قەزاییک لەسلێمانی یان قەزاییێک لەدهۆک یان ناحیەیێک یاخود دێیەک کە ئەو مەنعەی بەسەرەوەیە، گوناهی خەڵکی هەولێر چییە لەو حاڵەتەدا؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە گشتی ەوە دەستم پێ کرد، ئنجا هاتمە سەر بەشێک. ئەگەر هەموو لایێکی پارێزگا بێت، ئەوا هەموو کەسێک دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر بەشێکی بێ ئەوە تەنیا ئەو بەشە دەگرێتەوە وئەو بەشە قەدەغەیە وهەر کەسێک بچێتە ناویەوە دەبێ چەکەکەی تەسلیم بکات ومەبەستی یاسا دانەر لێرەدا ئەوەیە، لەو شوێنە بۆی هەیە کێشەیەک یا ئاژاوەیەک دروست بووبێ، ئەو کاتە هەر کەسێک لە دەرەوەی ناوچەکە یا کەس وکاری ئەو کەسانە قەدەغەیە بەچەکەوە بێنە ژوورەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ برادەران ئاگاداری تێبینییەک بن، هەر مۆڵەتی چەکێک دەرچوو بێت لەدەسەڵاتی (الاصدار) چ لەوەزیری ناوخۆوە بێ چ لەو کەسەوە بێ کە ئەو رای دەسپێرێ ئەو مۆڵەتە کارپێکراوە لەهەموو هەرێمی کوردستاندا، بۆیە لەهەر جێگایەک کابرای هەولێری دەتوانێ بچێتە سلێمانی بەمۆڵەتی چەکەوە. بابەتەکەی کاک (ئەیاد) تەنیا ئەوە بوو کە خستییەروو، کەئەگەر پارێزگار لەپارێزگاکەی خۆی ناوچەیەکی لەبەر بارودۆخێکی هێمنی کرد بە ناوچەیەکی نائاسایی کەکەس نابێ چەکی تێدا هەڵگرێ ئەمیش وەکو خەڵکی سلێمانی دەیگرێتەوە، خەڵکی سلێمانیش ناتوانێ بچێت، هەولێری یەکەش ناتوانێ بچێت. بەڵام بەڕای من ئەگەر ئەو لێبەدەر کردنە (استثنایە) لەوێ نەما وەکو ئەوەی کاک فرەنسۆ لەوێ ئاماژەی بۆ کرد ولێی دەترسا، تەبعەن پێویست نییە لێی بترسێین. یا بڵێین ئەوانەی لەو لێبەدەرکردنە (استثنایە) هاتبوون مۆڵەتدار بوون، بەو ناوەی ئەوانە پیاو ماقووڵن وئیشی نارێکیان لێ ناوەشێتەوە، ئەوانە ئەگەر هەڵاوێربن، دەنا ئەو وشەیە دەبێ بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەم بابەتە باش گفتوگۆی لەسەر کراوە دێینە سەر ماددەکە خۆی،ماددەی «١٦» ،کە «بعض»ی یەکەم هەڵگیرا، مادام وایە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، جگە لەو «بعض»ەی کە هەڵگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

«بعض»ی یەکەم کە هەڵگرین، واتە: ئەو وەختی پارێزگار ناچارە مۆڵەتی هەموو چەکەکانیان لێ بستێنێتەوە، ئەوە چۆن دەبێت؟

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەی، ئەڵێ: «منع المجازين من حمل السلاح الناري عند الضرورة للمدة التي يحددها في جميع انحاء المحافظة أو جزء منها وله أن يستثنى من ذلك بعض المجازين لأسباب مقبولة» وابزانم ماددەکە ئەگەر وەکو دەق پەسەندە جا ئەگەر ئێمە دەسەڵات بدەین بە پارێزگار ئەوە شتێکی ترە، بەڵام وەکو دەق، ئەو هەڵاوێردنە (استثنائە)ی کردووە بۆ ئەوانە، جا حەز دەکەن ئەو برگەیە بەتەنها جیا ئەکەینەوە لەو سیانەکەی تر، پرسیاری یەکەم ئەوەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە برگەی«١»جارێ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ پاش ئەوەی «بعض»ی یەکەم هەڵگیرا؟.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولـکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

بەراستی ئەگەر سەرنجی لێ بدەین«بعض»ی یەکەم بمێنێتەوە، (وله) لابیرێت، واتا وا (منطقی) تر دەرئەچێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

وا منطقی تر دەردەچێت، جا ئەگەر حەز دەکەی با بیخوێنینەوە.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولـکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

لەواتادا هەریەک شت ئەگرێتەوە، بەڵام وا (منطقی) ترە.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

«منع بعض المجازين من حمل السلاح الناري عند الضرورة وللمدة التي يحددها في جميع انحاء المحافظة أو جزء منها». واتا «وله» ئەوە نەمێنێ و نوقتە دانرێ وبەس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

رستەی (منع مجازين) مانای ئەوە نییە مەرجە هەموو مۆڵەت دراوێک چەک بکات، بەڵکو دەتوانێ وابکات بەیانەکە هەندێک لەوانە بگرێتەوە، چونکە مەبدەئێک هەیە وەدەڵێ: «من يملك الكل يملك الجزء» ئەوەی مافی هەبێت هەمووان چەک بکات، مافی هەیە بەیانێک دەربکات وبەشێکیان لێ بەدەر (استثناء) بکات وئەوانی تر چەکەکانیان لە دەست بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک د.کەمال فەرمووی ئەوە بە کردەوە زەحمەتە، چونکە پارێزگار ناتوانێت لە بەیانەکەی دا بڵێت فلان وفلان وئەوانە نابێ چەک هەڵگرن، خۆی بەیانێکی گشتی دەردەچوێنێ ودەڵێ: لەبەر باری ئاسایش لە قەزای فلانی چەک هەڵگرتن قەدەغەیە، جگە لە ئەندامانی پەرلەمان و وەزیر وجێگری وەزیرەکان، بەڵام چ دەبێ بەگوێرەی تەقدیری خۆی ئەوانەی کە مۆڵەت پێدراویش بن بۆ ماوەیەکی کاتی ماوە نەدرێن چەک هەڵگرن. بەڵام ئەوەی کاک دکتۆر فەرمووی بەکردەوە پارێزگار ناتوانێ بەیانێک دەبچوێنێ وبڵێ: لەبەر ئەوەی گرفت لە فلان جێ هەیە، بۆیە فلان وفلان نابێ چەک هەڵگرن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک لەقسەکانی کاکەڕەش داهات کە دەڵێ ( وله أن يستثني من ذلك الوارد ذكره في المادة «١٢») زیاتر ئەوە پێوەند دەکەین، بەڵام ئەوانە کە سەرکردە وسەرۆک وەزیران و وەزیر وبریکاری وەزیرەکانن، ئیتر ئەو دەسەڵاتە نامێنێت وەکو کاک فەرەنسۆ گوتی خێزانێک قەدەغە کەین، چونکە سەر بە فلان حیزبە، ئەوە کەسێک بەدەر (استثناء) دەکات بەسیفەتی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕووی پرۆتۆکولییەوە، ئەگەر تۆزێک دەستەڵات بدرێت بە پارێزگارێک، سەرۆک وەزیرانی هەرێم وئەوانەی تری لێ بەدەر (استثناء) بکرێت لە هەڵگرتنی چەک، ئەوە لەلانی پرۆتۆکۆلییە دروست نییە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من زۆر شتێکی دروستە، بەڵام پشێوی وفەوزایە و وەزیرەکە با چەکی خۆی هەڵگرێ چی تێدایە؟ بەڵام بۆ یەکی تر قەدەغەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە هی کاک د.کەمال بوو با ئەو گفتوگۆی لەسەر بکات.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتادا بەراستی پشتگیریی پێشنیارەکەی (د.کمال)م دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو صیغەیەی دی کە خرایەڕوو وگوترا«منع المجازين» ئەمە زۆر پەسەند ترە وئەوەی دوایی لابرێت شتێکی زۆر ڕێک وپێک دەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

کاک دکتۆر لەگەڵ ئەو ڕایەیە ودەڵێ ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، مادەم وایە مادە «١٦»کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرز کرایەوە بەزۆربەی دەنگ ماددەی«١٦» وەکو خۆی مایەوە، پاش ئەوەی کە «بعض»ی یەکەم هەڵگیرا.

**بەڕێز حـــازم ئـەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

لێــرە کــە گــوتیــان لە ڕووی پرۆتۆکـۆلی یەوە، ئەوانە دەبێت (اســتــثناء) بکەین، باشـە چۆن هەڵاویردنێکە؟ دەڵێ فلان کەس،کە دەڵێ بۆ نموونە، سەعدی ئەحمەد لێ بەدەرە (مستثنایە)..

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

نەخێر نابێ ناوی بلێ، بەڵام پارێزگار ئەوکاتە خۆی دیاری دەکات.

**بەڕێز حـــازم ئـەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

جـا هەمـان شـتـە، وەکـو ئەڵێین بلـێی ونەڵێی هەمـان شـتـە، بەڵام ئەوە زیاتر سنوور بۆ دانان وبەستنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نـامـق مــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

ئەم مادە گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەڵام ڕوون کردنەوەیەک هەیە، ئەگەر مۆڵەت هەبێت زۆر کورتە، چونکە خۆی پێویست ناکات پارێزگار ناویان بێنێ، چونکە هەر لەبنەڕەتدا لێ بەدەرن «مستثنی» نە پێویست بەمۆڵەت ناکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

ڕاستە ئەوەی کاک ئەیاد گوتی جوانە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نـامـق مــــەجـــیـــــد:**

المادة السابعة عشرة:

١- يجوز للأجنبي حمل السلاح الناري وعتاده داخل حدود الاقليم وفق أحكام هذا القانون.

٢- عند دخوله الاقليم عليه تسليم سلاحه الناري وعتاده الى أقرب مركز شرطة لقاء وصل وعلى مركز الشرطة اخبار سلطة الاصدار بذلك ولصاحبه استحصال الاجازة المتعلقة بهذا السلاح وإلا فيعاد اليه السلاح مع عتاده عند مغادرته الاقليم فاذا خالف ذلك بسوء نية يصادر سلاحه وعتاده بأمر من سلطة الاصدار اضافة الى العقوبات التي تفرض عليه بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەسەر مادە «١٧»کاک ئەحمەد بامەرنی وماموستا محەمەد تاهیر قسەیان هەیە با بفەرموون.

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبو بەکـر حـەسـەن بامـەرنی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە دەربارەی ئەوەی کە دەڵێ«اجنبي»، سەبەستی لە«أجنبي» کێیە؟ (أجنبي) لە هەرێم یا لە عێراق؟ تورکێک بیاتییە؟ یاخود یەکێک لە رکابەری عێراقی بێت وخەڵکی هەرێم نەبێت ئەوەش ئەجنەبی یە؟ واتا (ئەجنەبی) بەنسبەت هەرێمی کوردستان، یان بەنسبەت عێراق؟

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەم مادانە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لەم قانوونەدا دەبینم ماددەی«١٧»لەگەڵ ماددەی«١٦»رێک ناکەون، بەشێک لەقسەکانم بەنسبەت«أجنبي» بوو، بەڵام جەنابی کاک ئەحمەد کردی، بەڵام ئەگەر لێرەدا بگوترێ«يجوز للأجنبي جلب السلاح» نەک «حمل السلاح»، چونکە لەکاتێک دا کە ئەو بڕگەیە تەماشا دەکەین«عند دخوله الاقليم، عليه تسليم سلاحه»، جا ئەوە لەگەڵ خۆی چەک بێنێتە ژوورەوە بۆ ناو هەرێم نەک هەڵی بگرێ، بەهەڵگر (حامل) حسێب نییە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی کـاک ئەحـمەد بامەڕنی، تەبعەن «الاجنبي، من هو اجنبي عن الجمهورية العراقية الفـدرالية» نەک هەر لە هەرێم بیانی بێت، واتە ئاسایشی ئێمە بەشێکە لەئاسایشی عێراقی فیدرالی، بەڵام دەربارەی ئەوەی ماموستا مەلا تاهیر فەرمووی «جلب السلاح» ئەمە بڕگەی یەکەم سەرتای هەڵگرتنە ودەڵێ بیانی مافی هەڵگرتنی هەیە، ئەوە سەرەتاییێکی گشتی یە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ماموستا ئەوە جاری دووەمە. تکایە ئەوەی تێبینییەکی هەیە با تێبینییەکەی بلێ.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی ئەوەی ماموستا مەلا شێخ تاهیر باسی کرد زۆر رێکە، ئەوە خۆی بڕگەی یەکەمی هەر ناوێت، مادام ئێمە دەڵێین«عند دخول الاقليم» واتا«عند دخول أجنبي الاقليم»، ئەوە بەسە، واتا ئەوەی سەرەوە هەر زیادە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئاخر ئەوە ئەوانیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوە لێردا روون نییە، دەبێ روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەوە روونە، ئەوانە رێکخراوی مرۆڤایەتین وبەپاسەوانەوە دێن بۆ هەرێم.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی پۆلیسی دەوڵەتان بن بەئیشی رەسمی دێن. مل کەچ نین چونکە یەکسەر لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەو مافەیان پێ دراوە، هەروەها ئەوەی مامۆستا فەرمووی ئەوە دەمانەوێ بنەڕەتێک نیشان دەین، بۆ نموونە کابرایێکی بێگانە مافی چەک هەڵگرتنی هەیە، دوایی مەرجمان داناوە و ووشەی هەڵگرتنیش مانای وا نییە مۆڵەت پێدراو بێت، زەلام هەیە هەڵگرە ومۆڵەتی نییە، لێی دەگیرێ وچەکەکەشی دەستی بەسەر دادەگیرێت، بەڵام هەڵگرتن سەرەتایە وسەرەتا ومەبدەئەکەشی راڤە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام رێکخراوی مرۆییشمان هەیە، ئێستاکە چەک هەڵ دەگرن.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا ئەو پۆلیسانەی عەرزم کردی کەوا ئەرکی رەسمیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوە من مەبەستم بیانییە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوانەی ترکە رێکخراوی مرۆڤایەتین، وەک دەستەی بێگانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دا دەکرێ وهەڵسوکەوتی سروشتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ماددە«١٧»بەتەواوی گفتوگۆی لەسەر کرا، ئێستاکێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة «١٨» :[لوزير الداخلية أن يأذن لمن استصحب معه سلاحاً من خارج العراق بأن يخرج من دائرة الگمرگ مالا يزيد عن مسدس وبندقية صيد وعتادها بعد تأييد سلطة الاصدار

وتوفر الشروط القانونية في صاحبها بحيازة وحمل هذا السلاح على أن تستوفي منه الرسوم الكمركية المقتضاة ويكون الأذن الممنوح لهذا الشخص لمرة واحدة فقط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر مادە «١٨» چ تێبینییەک نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة« ١٩ » : كل من أخبر عن حيازته سلاحا بدون إجازة، يعفى من العقوبة ولسلطة الاصدار منحه الاجازة وفق أحكام هذا القانون، وفي حالة عدم الموافقة تطبق بحقه احكام المادة الحادية عشرة من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی «١٩»، تەنیا کاک سەعید یەعقوبی تێبینی لەسەر هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا ئەم ماددەیە بە ڕەهایی هاتووە، ئەو جۆرە کەسە هەتا چەند جار مافی دەبێ داوا بکات وئەمڕۆ بڵێ من چەکم هەیە، چاوپۆشی لێ بکرێ، سبەینێ بڵێ چەکم هەیە وببەخشرێ، ئەوەی دیاری نەکردووە، حەق وایە بگوترێ« ولمرة واحدة وبعد التحقيق »، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

« ولمرة واحدة » زێدە بکرێت؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بنووسرێ « ولمرة واحدة بعد التحقيق ».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

« ولمرة واحدة وبعد التحقيق » بابزانین لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ چ تێبینییان لەسەر ئەوە نییە کە بوترێ؟« ولمرة واحدة بعد التحقيق ».

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دیاری کەین وبڵێین « لمرة واحدة » کابرا خۆی خەبەری (حیازە)کەی دەدات. ئەگەر مەرجی لێ هاتە دی ئەوە مۆڵەتی دەدەنێ، ئەگەر مەرجیش لێ نەهاتە دی، چەکەکەی دەگرین ولەماڵی نامێنێ بۆ پەیوەندێکی بخەینە سەر، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

ئێـسـتـا مادە«١٩» ،كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێـتـەوە؟.. دەست بەرز كـرایەوە. كێ لەگـەڵ نییە؟.. دەست بەرز كرایەوە. بەزۆر بەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامـق مـــەجــــیـــد:**

المادة العشرون:

١- على سلطة الاصدار نشر بيان في وسائل الاعلام تطلب فيه من أصحاب الاسلحة المسلمة الى السلطات الحكومية بموجب البيانات الصادرة منها مراجعتهم سلطة الاصدار خلال« ٦٠ » يوما من تأريخ النشر، لغرض تسليم هذه الاسلحة الى اصحابها المجازين ومنح الاجازة لغير المجازين إذا توافرت فيهم الشروط القانونية وعند عدم مراجعة هؤلاء بانتهاء المدة المذكورة تقرر سلطة الاصدار مصادرة هذه الاسلحة وايداعها الي مستودعات الشرطة.

٢- في حالة عدم منح سلطة الاصدار الاجازة لمن راجع من غير المجازين خلال المدة المبينة في الفقرة« ١ » من هذه المادة يسلم السلاح الى السلطة المذكورة لتقوم ببيعه لحساب صاحبه وفقاً لأحكام المادة الحادية عشرة من هذا القانون.

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

مادە« ٢٠» چ تێبینییەكی لەسەر نییە. ئێـستـا كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێـتەوە؟ دەست بەرزكرایەوە.. كێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز كرایەوە. بەتێكڕای دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز د.كـەمــال عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

من ئێستا پێشنیارێكم ئامادە كردبوو كە بۆتان بنێرم. من دەڵێم بەردەوام بین هەتاكو ئەم یاسایە تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی پاش نیوەڕۆ نەیەینەوە، چونكە تازە بابەت خرایە رۆژی شەممە، ئەمڕۆ تازە بابەتمان نییە بۆ كاتی پاش نیوەڕۆ، پاش نیوەڕۆ كۆبوونەوەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

من لەگەڵ ئەوە دام بەردەوام بین وتەواوی كەین.

**بەڕێز د.كـەمــال عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

زۆری نەماوە وخەڵكەكەش برسین وزۆر قسە ناكەن، هەلێكی باشە بۆ ئەوەی زوو تەواو بكرێت، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

برادەران لە دەستـەی سـەرۆكـایەتی كـاك نەژاد و كـاك فـەرسـەت لەو رایەدان كـە دوای بخـەین بۆ دانیشـتنی داهاتوو منیش هاوكارم لەگەڵیاندا وە برادەرانیش رایان وایە، لەمەودواش شتی گرنگ

دێت، ئەوەیش مەسەلەی سزادان (عقوبات)ە، لەوانەیە خۆشمان رایەکمان هەبێ لەسەر مەسەلەی سزادان (عقوبات)و مەسەلەی (غرامە) تێبینیمان لەسەر هەردوو حالەت هەیە. بۆیە دوای دەخەین بۆ سبەینێ سەعات«٧».

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ بەڵام وابزانم ئێوە کۆتاییتان پێ هێنا ودەنگی لەسەر درا، لەمادده(١٨)دا ئەگەر ئەو عێراقە بکرێت بە دەرەوەی هەرێم باشترە، چونکە مافی ئەوەمان نییە بڵێین بۆ هەمووی، بەرپرسیاری هەموو سنوورەکانی عێراق نین، ئەگەر بڵێین «خارج الاقلیم». ئەوەش دەنگی لەسەر دراوە، بەڵام دەتوانین بیگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاکە د.کەمال ئەمە دەدرێت بە لیژنەی داڕشتن. بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هات، سوپاس بۆ هەموولایەک.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٩

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای چەک.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرۆگرامی ئەمڕۆمان لە بەردەمی بەڕێزتانە، هەمان پرۆگرامی دوێنێیە، چونکە هێشتا یاسای چەک تەواو نەبووە، بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان هیچ تازە بابەتیان هەیە؟ مەرج نییە تازە بابەت بخەینە نیوەڕۆ، لەبەر ئەمە دەتوانن تازە بابەت پێشنیاز بکەن، ئەگەر شتێک هەیە، وا دیارە تازە بابەت نییە؟ ئەگەر دوو ئەندام لە لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ بفەرموون بۆ ئێرە، وابزانم دوێنێ گەیشتینە مادەی(٢١).

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة (٢١) (أ- يعاقب بالسجن كل من هرب اسلحة حربية او اجزائها اوعتادها أو حازها أو حملها أو نقلها أو اتجر بها أو اصلحها أو صنعها.

ب- تكون العقوبة السجن المؤبد لكل من قام بتهريب الاسلحة الحربية أو اجزائها أو عتادها بقصد اشاعة الارهاب او الاخلال بالأمن العام او دعم اي تمرد ضد الحكومة.

٢- أ- يعاقب بالسجن كل من هرب اسلحة نارية او اجزائها او عتادها او قام بصنعها او الاتجار بها.

ب- وتكون العقوبة بالسجن المؤبد لكل من قام بتهريب الاسلحة النارية أو اجزائها اوعتادها بقصد اشاعة الارهاب او الاخلال بالأمن العام او دعم اى تمرد ضد الحكومة.

٣- يعاقب بالسجن مدة لا تقل عن سنة وبغرامة لاتزيد على ألفي دينار ولا تقل عن الف دينار أو باحدى هاتين العقوبتين كل من حاز أو اصلح او حمل اسلحة نارية اوعتادها بدون اجازة من سلطة الاصدار.

٤- أ- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة وبغرامة لا تزيد على الفي دينار ولا تقل عن الف دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من كان مجازاً بحمل سلاح ناري فيحمله اثناء اشتراكه في مظاهرات او تجمعات.

ب- وتكون العقوبة بالسجن المؤقت لكل من حمل بدون اجازة سلاحاً نارياً اثناء اشتراكه في مظاهرات او تجمعات.

٥- عدا ما هو منصوص عليه في الفقرات السابقة من هذه المادة يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سنتين وبغرامة لاتزيد عن الف دينار ولاتقل عن خمسمائة دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من خالف احكام هذا القانون او التعليمات او البيانات الصادرة بموجبه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامانی بەڕێز من تێبینیم لەسەر ئەو (صنعها) هەیە، بۆ ڕێگە لە خەڵک بگرین ئەگەر یەکێ بتوانێ چەک یان تۆپ دروست بکات؟ ئەو کاتە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کە سوودی لێ وەردەگرێ لەوانەشە دایمەزرینێ، بەڵام ئێمە نەهێڵین، ناتوانێ بگاتە ئەو قۆناغە.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەبینم تۆزێک تێکەڵاو کراوە، (تهریب الاسلحة، وحیازة وصنع و) شوێنێک دەگرن وچاکی دەکەنەوە، (مشرع) دەتوانێ بزانێ چۆنە، بۆ (تهریب)ە یان بۆ (تهریب) نییە، وابزانم ئەگەر لێکیان جیا بکەینەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو (سزایە) واتە (السجن المؤبد) ئەویش جۆرە لەناو بردنێکە، واتە نیمچە ئیعدامێکە لەبەر ئەوە بە مادەیەکی زۆر دائەنرێ ئەوە کەمتر بێ رەواترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە(أ) داین کاکە لە پاشان کە هاتینە سەر بڕگەکانی تر ئەوجا پێشنیاری جەنابت پێشکەش بکرێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک و دوو لە بڕگەی(أ- ب)ی مادە (٢١) بەیەک وشە جیاوازیان هەیە بە(حەربیە) و(بە ناریبە) ئەوە مەبەستم هەر چوارە تەنیا بە وشەی (حەربیە وناریبە) جیاوازیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگر جەنابت ورد بییەوە، بڕگەی(١- أ-) پاشان ئەگەر هاتینە سەر باسی ئەوانە ئەو تێبینییەی خۆت دەربڕی باشترە.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە ئەو (صنعها بدون اجازة)ی پێوە بێ زۆر باشترە واتە بڵێ:(يعاقب بالسجن كل من هرب الاسلحة الحربية أو اجزاءها او عتادها وكل من حازها او نقلها او اتجر بها او صنعها)، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەی منیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی من لە سەر سزادانە، من پێشنیار دەکەم: گرتن کەم بێت. و(غرامە) زیاد بێت، واتا دوو سزادان هەبی، هەم گرتن و هەم غرامە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت هەمان تێبینیت هەیە، باسی گرتنی هەمیشەیی دەکەیت کە هێشتا نەهاتوینە سەری.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ گرتن... پێشنیاری من ئەوەیە ماوەی گرتن کەم بێ وغرامە زۆر بێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەوا بێ پرسیارەکەت ئەوەیە کە(يعاقب بالسجن) گرتنەکە چەندە کە زانیت، چەندە دەتوانی گفتوگۆی لەسەر بکەی، کە کەم بکرێ، بەڵام هێشتا شتەکە نادیارە، ناتوانی بڵێی ئەمە زۆرە یان کەمە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوورە نادیار نییە، گرتن لەوانەیە(٥) ساڵ بێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەم مادەیە لە بۆ چەکی جەنگی هاتووە، چەکی جەنگی بۆی نییە لە دەست میللەت بێ، پەیوەندی بە میللەت نییە، چەکی جەنگی بە پێچەوانەوە کە وەزعمان خراپە دەبێ پتر گوشار بکەین، کە تەنیا لە دەست هێزە چەکدارەکان بێت، لە پاشدا وەکو کاک سەعید دەڵێ گوایا

تێکەڵاو کراوە، هیچ تێکەڵاو نەکراوە، چەکی جەنگی قەدەغەیە، (إتجار ونقل وحیازة) تەنیا بۆ هێزە چەکدارەکانە، ئەو دەقە لەوەزارەتی ناوخۆوە هاتووە ئێمەش هەمان دەقمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی سەید حەسەن ئەو گرتنە دەگاتە(١٥) ساڵ؟..

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە(٥) ساڵ زیاتر تاکو(٢٠) ساڵ ولە یاسای سزاداندا دەڵێ: هەتا (١٥) ساڵ واتە (١٥) ساڵ و(٢٠) ساڵ کاتییە، یا هەمیشەیی، هەموارکردن هاتبوو، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەنگە هەتا(١٩) ساڵ گرتنی کاتییە، (٢٠) ساڵەکە گرتنی هەمیشەییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینی تر هەیە؟... کێ لەگەڵ ئەمەیە کە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە؟.... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ب/ تكون العقوبة السجن المؤبد لكل من قام بتهريب الاسلحة الحربية او اجزائها او عتادها بقصد اشاعة الارهاب او الاخلال بالأمن العام او دعم اى تمرد ضد الحكومة، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ضد الحكومة) لە پێناسەکاندا، (الحكومة) پێناسە نەکراوە، پێشنیار دەکەم لە پێناسەکانی پێشەوەدا حکومەت پێناسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادە هەمووی لاستیکییە، قاچاغچی هەر شتێک بکات ئەوە لە دژی حکومەتە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەک کاک فرەنسۆ وتی، ئەگەر بلێی لە دژی (حكومة الاقليم) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم حوکمی هەمیشەیی زۆرە، دووەمیش ئەم سێ حاڵەتە ئەڵێ(قام بتهريب الاسلحه الحربيه اجزائها أو عتادها) یانی فیشەک لەگەڵ هاوەن وەکو یەک حیساب دەکەن یان( B.K.C) کۆمەڵێک فیشەکی بیکەی سی چەندی ئارپیجی، سێ بێ هەر وەک یەک وایە، گرتنەکەشی جیاوازی هەبێ، حاڵەتەکەش جیاوازی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زين العابدين:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک فرەنسۆ کاک جەمیل قسەکانیان کرد، حکومەت بکرێ بە (حکومەتی اقلیم)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ تێبینیم هەیە.. بەراستی حوکمی هەمیشەیی، حوکمێکی سەختە، ئەمە تێبینی یەکەم، دووەم دەڵێ(بقصد اشاعة وارهاب او الاخلال بالأمن) باشە، ئێمە چۆن بزانین ئەو چەکەی بردووە بەمەبەستی ئەوەیە کە بۆ ترس وتۆقاندنی بردووە، بەو جۆرە مەبەستی روون نییە، کابرا دەڵێ بۆ تۆقاندن نەم بردووە، ئەوە پێویستە لێک جیا بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمرۆ وابزانم برادەران... هەموو سۆزیان هەڵساوە یان ئێمە نەختێک توندی بەکار دێنین؟ توخوا یەکێک خەڵک بتۆقێنێ، هێمنی تێکدا ئەوجا بڵێین حوکمی هەمیشەیی کەمە؟ من دەڵێم دەبێ حوکمەکە ببێتە ئیعدام، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە بۆ ئەمرۆ نییە بۆ ئایندەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەوانەیە ئەمرۆ هەندێ شت هەبێ لەو روانگەوە بۆ ئەم مەسەلە بچن، بەلای منەوە ئەم مادەیە کە هاتووە پڕ بەپێستی خۆیەتی لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بناغەدا پرۆژەکە کەهاتووە لەوەزارەتی ناوەخۆی ئێمە حکومی خنکاندن (للسجن المؤبد) هاتووە ئێمە حکومی خنکاندمان لابردوو، پێمان ناخۆش بوو لای بدەین، یەکێک بچێ گوللە وتۆپ بێنێ تۆقاندن لە ناو میللەتدا و لە دژی حکومەت دروست بکات بەزەییمان پێدا بێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی ئەوەی کە دەڵێ (ضد الحكومة).

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان.. یان حکومەتی ئەقلیم... (اقلیم) راڤە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە پێشەوە لە پێناسەکان بووترێ ( حکومة: حکومة اقلیم کوردستان)، وابزانم لە پرۆژەی یاساکانی تردا وا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پێناسەکاندا هاتووە.. کاک دوکتۆر کەمال لەبەر ئەوەی کە راستاندراوە (تصديق) بووە پێناسەکان دەنگیان لەسەر دراوە ناتوانین بیخەینە پێناسەکانەوە، لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین: حکومة الأقليم.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە، سەرۆکی ئەنجوومەن ئەوەندە بارۆتینی نەبێ، خۆمان بڕیار دەدەین ئەو بڕگەیە بێتە سەر ئەو بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەی جەنابت راستە، بەڵام بڕگەیەکی هەیە کە دەنگی لەسەر درا بەو جۆرەی کە هەیە لەگەڵ ئەو کەم وکورتییەی کە تیایەتی، ئەوەی جەنابیشت دەفەرمووی راستە، بەڵام ئەم بوو بە پێشینییەک هەر شتێک بڕگەیەک دەنگی لە سەر درا بێ بگەڕێن بۆ شتە بچوکەکە کە کاری لێ ناکات، ئامانجەکە ئەمەیە: (ضد الحكومة)، بکەین بە حکومەتی (اقليم ) دەتوانین لێرە کە دەنگمان لەسەر نەداوە بیکەین بە حکومەتی هەرێم لە جیاتی ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ماددەی پێشو.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەوردتر تەماشای بکەین وبەجەنابت وبە (مەلا تاهیر)یشم وت جیاوازی(أ- ب) زۆرە لە(حازها) أو(حملها او نقلها)ی تێدایە، بەڵام لە (ب) ئەوەی تێدا نییە، رەوایە (حیازە) بکرێ، لە چەکی ئاگردار، بۆی هەی چەکی (ناری)(حیازە) بکرێ رەوایە (حمل) بکرێ، ئەوەی جەنگی بێ جائز نییە وسزاکەشیان جیایە ماوەکەشی جیایە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك سەید حەسەن: تەنیا پرسیارەكە ئەوەیە كە سزاكەیان یەكە؟.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە ئەوە ئیشی برادەرانی یاسایە ئەو بەند كردنی هەمیشەییە بۆ ئەوە هاتووە (بقصد الأشاعة ارهاب ومخلة بالأمن)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵێ كاك سالار هەردووكیان وایە.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی هەردووكیان مەبەستەكە (اخلال بالأمن او دعم ای تمرد)ە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

یەكەم لەگەڵ (ب) دووەم وەكو یەكەو، یەك سزایان هەیە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

(أ- ب) هەمان سزادانە، بەند كردنی هەمیشەیی لەیەكەمدا هاتووە، كە (اسلحەی حەربی)یە، وئەوەی دووەم (اسلحەی ناری)، گرفتی تیا نییە، و مادەكە بووەتە دوو بەش یەك تەرخان كراوە بۆ چەكی جەنگی، ئەوەی دووەم تەرخان كراوە بۆ چەكی ئاگردار، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بۆ بانێك ودوو هەوا بێت، بۆیە ئێمە دەڵێین: هێشتا نەهاتینە سەر ئەو مادەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

باشە كاكە قسەكەی كاك فرەنسۆ راستە، ئێمە دەگەڕێینەوە سەر ئەو مادەیە، پاش ئەو روونكردنەوەیە، كێ لەگەڵ ئەوەیە (ب) وەكو خۆی بمێنێ؟.. دەست بەرزكرایەوە.. كێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

٢-أ- یعاقب بالسجن المؤبد لكل من قام بتهریب الاسلحة الناریة او اجزائها.

ب - وتكون العقوبة بالسجن المؤبد لكل من قام بتهریب الاسلحة الناریة او اجزائها او

عتادها بقصد اشاعة الارهاب أو الاخلال بالأمن العام أو دعم اى تمرد ضد الحكومة، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لە سەر ئەم بڕگەیە؟ تکایە ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن دەست بەرزبکەنەوە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی(أ- ب) لێرە لەگەڵ(أ- ب)ی پێشو بگونجێ، من رام وایە (او بقصد) هەڵبگیرێ، (بقصد اشاعة الارهاب) ئەوانە هەمووی هەڵبگیرێن تەنیا ئەمە بمێنێ( وتکون العقوبة سجن المؤبد من قام بتهريب الاسلحة النارية)، چونکە قصد زیادەیە واتای چییە؟ خۆ بەقصدی ئەوە نەهاتووە کە دەیفرۆشێ یا بەکاری دێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین زنجیرەکە بگۆڕین لە بەر ئەوەی (أ- ب) وەکو یەک هاتوون بڵێین ١-أ ببێتە(٢)و دووەم (ب) هەر دووکیان ببنە سێ یەم، (اسلحەی ناری) وبچێتە ناو بڕگەی (٣) وزنجیرەکەی بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە (مشرع) باشی دانایە، جیاوازیشی هەیە کە ئێوە دەڵێن جیاوازی نییە، یەکێ چەکی (ناری)یە ئەوی تر چەکی (حەربیە)، ئەگەر تەماشای بکەین عەسکریەکان دەزانن جیاوازی هەیە لە نێوان چەکی (ناری) وچەکی (حەربی)دا، کە دەڵێین وەکو یەکە وەکو یەک نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ ئەوە وتراوە هی چەکی ئاگردارو جەنگی جیاوازی نییە، تەنیا پرسیارەکە ئەمە بوو کە ئەگەر هەر دووکیان هەمان سزایە، هەمان راستییە، چ بوترێ ناری یا حەربی؟ تەنیا پرسیارەکە ئەوە بوو جیاوازی هەبێ لە نێوان چەکی ئاگردار وحەربی هەر ووتیان هەمان سزا بێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دێمەوە سەر ئەوە کەوا(٤) بڕگە کە ئەگەر دووان بێت، واتا بە دوو شێوە پێک دێت یا چەک رەها (مطلق) بکەی لە (حەربی) و لە (ناری) هیچی پێوە نەکرێ یا لە أ- ولە ب-

رزگارمان دەبێ سزاکەش هەمان سزایە یاخود ئەگەر بۆ هەر دوو چەکەکە، بڵێ (الاسلحـة النارية والحربية) هیچ جیاوازی ناکا، ئەو(٤)برگەیە پێویست نییە لە برگە(٢) رزگارمان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

یەکەم لە برگەی یەک، بلێین (الاسلحة النارية والحربية)، ئەوە زۆر بە ئاسایی کۆتایی دێت، بەڵام من تێبینیم ئەوەیە، لە هەموو برگەکان ئەڵێ (من هرب وقام بتهريبها) لە هەموو برگەکان هەر باسی (تهـريب) دەکـات من نازانم ئەوەی بەلای منەوە ئاشکرایە (تهـريب) هەر ئەوەی لێ دەربکرێ، باسی (جلب واستيراد)و ئەوانەی تیا نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من رام وایە کەوا ئەو برگانە لەیەک بدرێن ومەبەستەکە دەست نیشان بکرێ، بنووسرێت ئەگەر سەلمێندرا، بۆ ئەو مەبەستەیە، ئەو کاتە ئەو سزایانەی لە سەر جێ بەجێ بکرێ، ئەگەر لیژنەی یاسا بتوانێ ئەمە بەو شێوەیە دابڕێژێت، سوپاس.

**بەڕێز حـسـێن عـارف عـەبدولرەحـمـان:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من خۆم چیرۆک نووس بووم، لە سەرەتاوە شاعیر بووم، بەڕاستی ئەمە شیعر نووسین وچیرۆک نووسین نییە، ئەمە یاسایە، چۆن دەڵێن نان بۆ نانەواو و گۆشت بۆ قەساب، ئەوەی کە ئەنگۆ دەبینن بۆچی نەکرێ بەیەک واقیعی حاڵ وانییە؟ واتە وەکو چیرۆک نییە بڵێ: ئەم رستەیە لەو رستەیەی تر دەچێ، بۆچی نەیکەین بەیەک رستە بۆ نموونە: مادەی (٤٠٦) لەیاسای سزاداندا دەڵێ: (يعاقب بالاعدام كل من(١-٢-٣-٤) نۆ حاڵەتە، کە سزاکەی اعدامە، بەڵام ئەمەیان حاڵەتێکە دەڵێ ئەگەر کوشتنی و(سبق الاصراری) لەگەڵدا بوو، ئەمەیان دەڵێ ئەگەر کوشتنی و ئەتکی بەلاشەکەی کرد، ئەمەش حاڵەتی خۆی زۆرە لە دادگای تەمییز بە برگەی(د) دادگای تەمیز دەینێرێتەوە دەڕواتەوە بۆ برگە(ز)کە دەڕواتەوە جارێکی تر ناگەڕێتەوە، هەمووشی هەر ئیعدامە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکیان بۆ سزای چەکی(ناری) ویەکخستنی سزاکە، ئەمە کاک فەلەکەدین روونی کردەوە زۆر سوپاس و پرسیار بۆ لیژنەی یاسا، ئایا ئەگەر بەمەبەستی تۆقاندن وتێکدانی هێمنی وئاسایشی گشتی بێ، بەند کردنەکە هەمیشەیی دەبێ، ئەگەر (اخل بالامن العام) هەمان سزا بێ، واتا (اشاعة بالامن العام) هەمان سزای هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، باسی چەکە بچێ (اشاعه) بکات یاسای تر هەیە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماموستا ئەگەر بەو چەکانە (اشاعة الأمن العام) بکرێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستم ئەوەیە باسەکە دەڵێ: (بقصد الاشاعة) کەچەکی هەڵگرتووە (بقصد الاشاعة).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ قسەکەی کاک حسێن عارف کە دەڵێ نان بۆ نانەوا، ئەم یاسایە دەقەکەی روونە، واقیعیبە بۆ چارەسەری دیاری کراو وەکو هەر کەسێکی کە بزانێ بۆ چارەسەری چ بکات ودەبێ ئەوانە رووناک بن و ورد بن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشەبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم تێبینییەک بەنیسبەت برادەران روون بکەمەوە بابەتی (بالقصد)واتا بووترێ (اذا ثبت) واتا: ... ەکی چەسپاو هەیە «المتهم برئ حتى يثبت ادانته» کە دەڵێ (قصد) واتا تۆژینەوە لەبابەتەکە دەکرێ لەوێ یەک هەڵدەستێ دەڵێ ئەگەر کابرایەک چەکێکی بەقاچاغ برد، دەڵێ بۆ بازرگانیمە ئەگەر بە تۆژینەوە دەرکەوت ئەو کابرایە مەبەستی تێکدانی هێمنی وئاسایش بوو شتێکی زۆر ئاساییە سزا بدرێ، لەبەر ئەوەی دەربڕینەکەی دەربڕینێکی زۆر یاسایی و وردە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رات چییە بۆ تێکەڵ کردنی هەردوو سزاکە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی(تبویب) مبدەئێکە لە یاسا وەردەگیرێ بۆ فلان چەک، ئەگەر تێکەڵ بکرێ، لە لانی یاساییەوە پێویستی چییە؟ مبدەئەکە راستە بابەتی (تبویب) شتێکی زۆر ئاساییە. لەتوانادا هەیە هەتا لە لیژنەی یاسا هەندێ وشە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، بەڕای من شتەکە زیاتر کات کوشتنە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەدواداچوونێکم لەسەر قسەکەی کاک حسین هەیە، نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب، لێرە دانشتبوون ئەندامان کە دانیشتوون زۆریان قانونی نین بەگوێرەی قسەکانی ئەو دەبێ مافی گفتوگۆ

کردنیان نەبێ، ئەمە لەبنەڕەتدا (منطقە) لەبەر ئەوە مافی هەموو ئەندامێکە گفتوگۆ لەسەر (صیغە) وزمانەوانی و بۆچوونەکەش بکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەوەی کاکەڕەش فەرمووی بەڕاستی منیش جەختی لەسەر دەکەم، من بەپێویستی دەزانم هەر ئەندامێکی پەرلەمان کە پسپۆریەتی خۆی نییە، ئێستا لێرە زۆربەی زۆری ئەندامان ئەوە نازانن جیاوازی لەنێوان سزادان دەربارەی پێڕەوی یاسای عێراقی لەسەر چ بناغەیەک (تفضیل) کراوە، خۆی لەسەر بنەمای تاوان یاخود لەسەر بنەمای زەمەنە، لێرەدا بۆ نموونە کاک ئیبراهیم کە دەڵێ بەندکردنی هەمیشەیی، واتە ئەوەی (اشاعەیە) ئەگەر هاتوو سەلماندرا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسا دەکەین بگەڕێتەوە سەر هەموو ئەو رایانەی تا وەکو دەنگی لەسەر بدەین، کە فلان وای ووت لە جیاتی لیژنەی یاسا ئەوە شتێکی ترە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە جیاتی لیژنەی یاسا، ئەو تەعلیقەی جەنابت و قسەکەی کاکەڕەش، لێرەدا مەسەلەیەکی تایبەتمەندە، ئەمە وەکو لیژنەی یاسا تا یاسای فێرکردنی باڵا نەهاتە لیژنەی یاسا ئێمەش نەمان زانی مامۆستای زانکۆ لەمودەریسەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە پرۆفیسۆر، لێرە ئەندامی پەرلەمان باسی ئەوە دەکات سزاکەی کەمە.. بەلاَم بۆی هەیە کۆمەڵێک تاوانی تری کرد بێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو مادەیە بڕگە(١) چارەی چەکی (حەرەبی) دەکات، بە هەر دوو بەشەکەیەوە بڕگە(٢) چارەی چەکی (ناری) دەکا بە هەر دوو بەشەکەیەوە تەنیا زیادە لەسەر قسەکانی بەڕێزان کاک حسین وکاکەڕەش کە حوکمێک لە دادگا دەردەچێ تەنیا ئەوە نییە کابرا بۆ هەمیشە حوکم بدرێ یا بە بەندی کاتی حوکم بدرێ نەخێر تبعاتی تری هەیە، ئەو چەکە ئەگەر بەپێی بڕگە(ب) و بڕگە(أ) مادە ئەوەستێ دەچێتە کوێ؟ هی (حەرەبی)، دەچێتەوە وەزارتی پێشمەرگە چەکەکە ئەگەر بەپێی ئەو بڕگەیە بێ دەچێتەوە کوێ؟، لەوانەیە بچێتە وەزارەتی ناوەخۆ ئیجرائاتی تر زۆر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارەی کە هەبوو کاک سەید دەڵێ ئەگەر یەکێک فیشەکەکەی یا بەشێکی یا پارچەیەکی (تهریب) بکات هەر وەکو ئەمەیە چەکی جەنگی (تهریب) بکات، چونکە تۆ هەمووت داناوە بە

بەندکردنی هەمیشەییە ئەوە ئاشکرایە کە بەشێکی لێ بگرن گوللەیەک مجموعەیەک کە (تهریبی) کردووە، بەند کردنی هەمیشەییە ئەگەر چەکەکەشی برد هەر بەندکردنی هەمیشەییە وابزانم ئەوەی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین وتی لیژنەی یاسا رایان لەسەر ئەمە چییە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاسادا تاوانی دزی جیا ناکرێتەوە، بچوکەکەی و گەورەکەی مەبەست دزییە، مەبەست لێرەدا (تهریبه)، (تهریبی) گوللە تۆپێ دەکات، (تهریبی) دەبابەیەک دەکات هەمان شتە، یاسا دەڵێ (تهریبی) چەکی جەنگی یا ئاگرداره‌و ئەوجۆرە سزایە دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە یەک سزا بێت، چونکە فیشەک ئاسانترە بۆ (تهریب) کردن باشتر دەتوانن (تهریبی) بکەن چەکی گەورە زەحمەتترە، لە بەر ئەوە پێویستە شتی سووک سزاکەی قورستر بێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان عەبدوڵلا ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ راستییەک روون بکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەو پرۆژەیەی لە وەزارەتی ناوخۆوە هاتووە ئێمە دەسکاری پرۆژەکەمان نەکردووە، سزایەکەی دەسکاری کراوە، ئەسڵی پرۆژەکە لە یاساکانی عێراقی وەرگیراوە، تێبینیمان کرد لە لیژنەی یاسای عێراقی دەق، لەیاسای فەرەنسی ومیسریان وەرگرتووە، هەموو لایەنەکانی لێی کۆڵدراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە پێویستی دەزانم ئەمە روون بکەمەوە، من وەختی ئەو قسەیەم کرد مەبەستم لایەنە هونەریەکەی بوو، ئێستاش دەیڵێمەوە یەکێ نەیزانێ لای من وەکو ئاو خواردنەوە وایە، (سجنی مؤبد وسجن وحبس بسيطه) لای من زۆر روونن سەدەها جار من ئەم مەسەلەم بەسەردا تێپەڕیوە، برادەرێک نەزانێ کە ئەم زاراوانە چیان لەدوایە پێویست نییە شتی لەسەر دانێ لە تێگەیشتنی بەهەڵە یاخود گفتوگۆی لە خۆڕای لەسەر بکات، هیچ نەبێ من ئاماژەم کرد، کاک سەید حەسەن ئاگاداری کردمەوە و وتم: روونی بکەنەوە، ئەمە چی دەگەیێنێ، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم روونکردنەوەیەک لەسەر قسەی مامۆستا بدەم بۆ بەشەکان (اجزاء) (تجزيئه) بەو شێوەیە رێگەیەک بۆ قاچاغچیان دانێن، بێگومان کاتێک لەوانەیە نەتوانێ بیبا، بەڵام دابەشی دەکات

(سەبەتانە)ی بەجیا، عەرەبانەی بە جیا دام ودەزگای بە جیا لە بەر ئەوە بەڕای من یاساکە چاک هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینی هەیە؟ فەرموو کاک د.کەمال.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا دەربارەی ئەوەی کە هەموو یا بەشێکی ئەگەر کابرایەک بزنێک بدزێ وگامێشێ بدزێ سزایان هەر وەکو یەک دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تاوانی دزی، دزییە، سزای دزی هەر دزییە..بەڵام هەندێ رەوش هەنە کاری تێدەکەن، لەوانەیە سزاکەی بگۆڕن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە، ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەست بەرز بکاتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، وەکو خۆی بە زیاد کردنی «اقليم».

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٣- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة وبغرامة لا تزيد على الفى دينار ولا تقل عن الف دينار أو بأحدى هاتين العقوبتين.. كل من حاز أو أصلح أو حمل أسلحة نارية أوعتادها بدون أجازة من سلطة الأصدار، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لە سەر ئەو بڕگەیە هەیە؟..

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە باسێکی زۆر هونەری ویاساییە و دەبێ ئاگامان لە پارەی سزاو غرامە بێت، چونکە پارەی عێراقی زۆر شکاوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەمان بۆ چوونم هەیە، بڕی پارەکە دادەنرێت بە ماوەی بەندی وداهاتی کەسەکە، لەوانەیە وەختی ساڵێک یان زیاتر لە ساڵێک بۆ سزادان کە مووچەی ڕۆژانەی بە(٢٥٠) فلس بووە وایان

حیساب کردووە وکردیانە بە( ٢٠٠٠ ) دینار ئێستا کرێی ڕۆژانە گەلێک زیاترە دەبێت مبلغەکە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

غەرامە، پەیوەندی بە حەبسەوە نییە.. تەماشا بکەن دەڵێت: (بالحبس والغرامة).. ڕەوایە حکم بکرێت بە حبس وبە غەرامەیش، (او باحدى هاتين عقوبتين)، ئەوە دەبێ، تەنیا بە حبس بێت یا بە غرامە بێت، پێڕەوێکی تایبەتی ویاسایێکی تایبەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە... ئەو پارەیە لە سەر چ بونیادێک تقدیر کراوە، تقدیری کێ یە؟ وەزارەتی ناوخۆیە؟ یان یاسا کۆنەکانی عێراقن؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای کۆنی عێراقی بڕی زۆر کەمی داناوە ( ١٠٠ ) دیناری داناوە، بەڵام یاسایەک کە لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆمان هاتووە ( ١٠٠٠ ) دیناری داناوە، بەڵام ڕاددەی بەرزو نزمی( ١٠٠٠ ) دینارەکەی دیاری نەکرد بوو، ئەوجا بۆیە بەلای کەمی کردمانە( ١٠٠٠ ) دینار ولە ( ٢٠٠٠ ) دیناریش زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کابرا دەتوانێت پارەی (استنساخ ) بدات، هەتا نەنووسراوە، دیناری عێراقیش پێویستە جۆری دینارەکە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت یاسا شیاوی پیادە کردن بێ لەڕەوشی هەرێمدا (حبس) هەتا ( ١٠ ) ساڵە، ئەوە زیاد بکەیت بڵێین (يعاقب بالحبس مدة لا تزيد عن سنة وبالغرامة)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی (حبس) پێویستی نییە بەرزترین ڕاددە دیاری بکرێت، چونکە خۆی لە پێنج زیاتر نییە، لەبەر ئەوە زیاتر ناگرێتەوە، بەڵام دەمەوێت شتێک بۆ برادەران ڕوون بکەمەوە، ئەو بابەتەی پارەو (غرامە) یان بە پارە و(غرامە) یا بە هەر یەکێک لە سزاکە مەبەستی لە گەورەیی سزایەکەیە بۆ بڕیاری ئەو دادگایە نەرمییەکە بدرێتە دادگا چۆن هەڵس وکەوت دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرە بوار بە دادوەر دراوە کەیەکێک بەهەمان تاوان گیراوە یان بە (١٠٠٠) هەزار دینار سزای بدات یان بە (٥) پێنج ساڵ، ئەو بوارەی کە بەدادوەر دراوە، بواری پێناوی (واسطە) و کارتێکردنی تێدایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی جەنابت فەرمووی هێڵراوەتەوە بۆ دادوەر مافی کابراش لە تانووتی (طعنی) تەمییز نەفەوتاوە، زۆر سزا هەیە دادوەری دادگای تاوانەکان سزای دەرکردووە لە تەمییز هاتۆتەوە کە دەڵێت (تشدید)ی بکە یا کە زۆری حوکم دابێت دەڵێت (تەخفیفی) بکەن بۆیە ئەو شتە ئاساییە، دووەم نابێت ئێمە مەترسیمان لەسەر ئەوە بێت کە یاسامان لەدەستێکی ئەمیندا نییە، با بیر لەوەش بکەینەوە کە دەستێکی ئەمین یاساکان پیادە دەکا وهەموو شتێک بەرێکوپێکی دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە وەڵامەکەی کاکەڕەش زۆر دڵنیا نەبووم.. ئەگەر دادوەر بە(١٠٠٠) دینار بەو ماوەیە مۆڵەتم بدات بچم لە سەر خۆم (تمییز)ی بکەم، بڵێم غەدری لێ کردووم من مەمنونم مۆڵەت بدرێم، نازانم کێ (تمییز)ی دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دادگاو رای گشتی هەیە، ئێمە دەبێت هیچ گومان لە دادوەری دادگا وقازی نەکەین، یاسا رادەی بڵندی بۆ دیاری دەکات، نابێت لە ساڵێک زیاتر حوکمی بدات، واتە زیاترین سزای بدات بۆ گەورەترین تاوان... کە سووک بوو لەگەڵی سووک دەبێت. سێ دەقم لە پێشە کە دەقی عێراقینە دەڵێت (ویعاقب بالحبس مدة لا تزید علی سبع سنوات)، دەقی عێراقی لێرە هەڵەی کردووە چونکە سبع سنوات نابێت بۆ (حەپس)، چونکە زیاد لە(٥) ساڵ دەبێتە (سجن) بێت (ولاتقل عن سنة واحدة وبالغرامة ولاتزید علی(١٠٠٠) دینار ولاتقل عن(٥٠) دینار أو باحدی هاتین العقوبتین کل من حاز أو حمل أو أصلح أو نقل أسلحة ناریة وعتاده بدون أجازة من سلطة الاصدار العراقي)... ئەوەی خۆمان کە لەوەزارەتەوە هاتووە دەڵێ: (یعاقب بسجن مدة لاتقل) تەواو هەمان دەقمان هێناوە، ئێمە سجنەکەی حەفت ساڵمان کردووە بە ماوەی یەک ساڵ غرامەکە بەاعتبار پارەکەی خۆمان هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

پرسـیارێک ئەگـەر قـاچاغـچییـەک شەش مـانگ سزا بدرێت، حەز بەوە دەکـات ( ١٠٠٠ ) دینار غرامە بدات ورزگاری بێت وبەند نەکرێت.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوە قاچاغ ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـاڵ عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وابزانم هیچ لاری بوونێک لە سەر دەقەکە نییە، بەڵام نیسبەت نییە لە نێوان سزاکە و ماوەکەی لەوە نیسبەتێک دابنرێ چونکە( ١٠٠٠ ) دینار و( ٢٠٠٠ ) دینار چەند ساڵێک حەپس بۆ ئەم دەورو زمانە کەمە، ئەگەر ( ١٠,٠٠٠ ) دینار بێ خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێستا کێ پێشنیار دەکات بۆ ئەوەی پارەی غرامەکە زیاد بکرێت.. کێ لەگەڵدا نییە؟... بەزۆربەی دەنگ غرامەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە..

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

٤-أ- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة وبغرامة لاتزيد على الفي دينار ولاتقل عن الف دينار أو بأحدى هاتين العقوبتين كل من كان مجازاً بحمل سلاح ناري فيحمله اثناء اشتراكه في مظاهرات أو تجمعات.

ب- وتكون العقوبة السجن المؤقت كل من حمل بدون أجازة سلاحاً نارياً اثناء اشتراكه في مظاهرات أو تجمعات.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لە سەر ئەم مادەیە تێبینی هەیە؟... کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا..

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

٥- عدا ما هو منصوص عليه في الفقرات السابقة من هذه المادة يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سنتين وبغرامة لاتزيد عن الف دينار ولا تقل عن خمسمأئة دينار أو بأحدى هاتين

العقوبتين كل من خالف أحكام هذا القانون أو التعليمات أو البيانات الصادرة بموجبه،

سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا تێبینییەکی گشتیم هەیە، لە سەر (غرامە) کاتێک کە باسی مرۆڤ دەکەین، ماف دەدەین بە خۆمان کە لە ساڵێکەوە تا پێنج ساڵ حەبسی بکەین، ڕاستە بەڵام لە غرامە بە(١٠٠٠) تا(٢٠٠٠) یا(٥٠٠٠) دینار قەناعەت دەکەین، ڕێز لای ئێمە زیاتر بۆ پارەیە نەک بۆ مرۆڤ، داوای لێ بوردن لە جەنابتان دەکەم، چونکە ئێمە لێرە زیاتر مافمان بەوەدا کە مرۆڤەکە خودی سەرپێچییەکە بکات، چونکە پارەکە لەسەر خۆیەتی بیدات واتە ئەوە لە ساڵێکەوە بۆ(٥) ساڵ حبس بۆ سەرپێچییەک، بەڵام غرامەکە بە(٢٠٠٠) دەتواندرێ بەرز بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە(عدا ما منصوص علیه) مانای چییە؟... حەز دەکەم لیژنەی یاسا ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش لە دەستەی سەرۆکایەتی تێبینییەکم هەیە کە دەڵێین کێ سەرنجی هەیە کەس دەستی بەرز ناکاتەوە ئەوجا لە پاشان کێ دەستی بەرز کردەوە حەز دەکەم لەمەودوا کە ووتمان: کێ تێبینی هەیە تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز مەلا محەمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تێبینیمان نەبوو، بەڵام کاتێک مەلا محەمەد تاهیر قسەی کرد واهاتە بەر چاومان ئەو سزایە بۆ (ردع)ە، پارە کاری لێ دەکات، سجن کاری لێ دەکات بۆ احکامی ئەوە نەک دژیەتی، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جەنابتان ئاشکرایە کە لەیاسادا بنەمایەک هەیە دەڵێت:(لا جریمة ولا عقوبة إلا بنص) ئەو برگەیە هاودژییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەو (مبدأ)ەدا، تکایە لیژنەی یاسا ئەوە روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(فیما عدا المنصوص) واتە ئەو دەقانەی کە لە پێش ئەوەدا هاتوون کە (حمل وحیازە)یە، ئەوان

دەق(نص) کراون، بەڵام ئەگەر حاڵەتی تر، لە سەر چەک ئەو حاڵەتانە کەی ئەو دادوەرە دەگرێتەوە؟ لێرە باسی نەکراوە، ئەو شتانە بەگوێرە و کات وزرووف دروست دەبن، لقی (حیازە) لەوانەیە دە حاڵەت هەبێت «نص» نەکرا بێت، واتا لێرە لەو حاڵەتانە بە دەرەوە شتی تریش هەبووە پەیوەندی بە چەک هەڵگرتن وقاچاغی چەکەوە بێت لە هەموو لانەکان حوکمەکەی بەو جۆرە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی منیش پشتگیری رای کاک سەعید یەعقوبی دەکەم، مبدەئەکە «لاعقوبة ولا جريمة إلا بنص» تەنیا دەبێ دیاری کردنی (فعل) بە یاسا بێت، هەتاکو بتوانێت دیاری کردنی سزا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«فیما عدا المنصوص علیه» دەڵێت لە دواییشدا هاتووە (وکل من خالف احکام هذا القانون او التعلیمات او البیانات الصادرة بموجبه) ئەگەر سەیری مادە(١٦) بکەین کۆمەڵێک فەرمانی تیایە، کە لەدەسەڵاتی پارێزگاردایە بەیانی پێ دەربکات، باشە ئەگەر یەکێک سەرپێچی ئەو بەیانەی کرد سزایەکەی لە کوێیە؟.. ئەمە سزاکەیەتی ئەگەر(٢٠٠) فیشەکی تفەنگی پێ بوو سزایەکەی لە کوێیە؟ ئەمە سزایەکەیەتی، هەندێ حاڵەتی واهاتووە یاسایەکە بۆ ئەو حاڵەتانەیە بەتایبەتی ماددە(١٦) زۆر روونە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قسەیەی کاک حازم راستە، سەرپێچی فەرمانەکان بکرێت ئەوە سزایەتی، بەڵام پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەم کە ئەوە پێویست نییە ببێت، شوێنی ئەوە، ئەو شوێنەیە کە ئەو فەرمانانەی تێدایە، پارێزگار کە فەرمانێک دەردێنێ دەڵێت: ئەوانەی کە مۆڵەت پێدراویشن بەهەڵگرتنی چەک لەو ماوەیەدا یەکێک سەرپێچی کرد ئەوە سزایەتی کە دەبێ لەوێ بێت نەک لێرە بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی داوای لێ بوردن دەکەم ئەو کاتەی کە برگە(أ) تان خوێندەوە، لە (٤) من دەستم بەرزکردەوە، جەنابتان ئاگاتان لێ نەبوو، ئەو دوو برگەیە جێ گۆڕکێیان پێ کراوە، حەز دەکەم برادەرانی لیژنەی یاسا بۆی بگەڕێنەوە کە یەکێ لە برگەکان دەڵێت ئەوەی مۆڵەتی هەیە، بەشداری

خۆنیشاندان و کۆبوونەوەکان دەکات ئەوە( ۲۰۰۰ ) دینار وسالێک سزا دەدرێت، ئەوەی هەر مۆڵەتی نییە و بەشداری خۆنیشاندان وکۆڕەکان دەکات ئەوە سزاکەی بەند کردنی کاتییە، جا کەواتە سزای ئەو کەسەی مۆڵەتی هەیە گەورەترە لەوەی مۆڵەتی نییە واهەست دەکەم نەگۆڕا بێت، تکا دەکەم بەو مەسەلەیە دابێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرهەڵستی نییە با کاک سەید حەسەن وەڵام بداتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بابەتەکە ناگۆڕدرێت کە ئێمە دەنگمان لە سەر ئەو بڕگەیە داوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(ب) بۆ مامۆستا دەخوێنمەوە، جا با خۆی بڕیار بدات کە پێویستی بە راڤە کردن بوو بۆی دەکەین، « تكون العقوبة السجن المؤقت لكل من حمل بدون اجازة سلاحاً نارياً اثناء اشتراكه في مظاهرات أو تجمعات » هیچ لێڵی تیا نییە، مۆڵەتیشی نییە، چەکیشی پێیە، سجنە، بەڵام ئەگەر مۆڵەتی هەبێت بەشداری خۆنیشاندانی کردبێ، حەبسەو، سووکترە نازانم چۆنی بۆ بگۆڕم؟ سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا ڕێگا دراوە بەوەزیری ناوخۆ کە بەرێنمایی دەری بکات، ئەو سزایە بدرێ کە چارەی ئەو حاڵەتانە دەکات بۆ نموونە مادە( ۲۵ ) دەڵێت « يصدر وزير الداخلية تعليمات بشأن حيازة وحمل الاسلحة الجارحة أو الاسلحة الراضة » لێرەدا ئەو (اسلحة جارحة وراضة) سزایان بۆ دانەنراوە.. ڕێنماییەکە وەزیری ناوخۆ دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەوردی سەیری بڕگە( ٥ ) بکەین تاوان وسزاشی تێدایە، ئەو مبدەئەی تاوان وسزا لێرە بە تەواوی پیادە کراوە، لێرە ئەگەر تەماشای بڕگەکانی لە( ۱-٤ ) بکەن چارەی حاڵەتی تایبەتی کردووە، بەتایبەتی چارەی کردووە، بەڵام لێرە بەگشتی هاتووە دەڵێ؛ هەر حاڵەتێک لەوە سووک تر بێت لەو بڕگەیە چارەی دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچی تر نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵدا نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«المادة الثانية والعشرون:

١- تحكم المحكمة بالعقوبات الواردة في المادة الحادية والعشرون من هذا القانون اضافة الى ما تفرضه الدوائر الكمركية من غرامات وفق قانون الكمارك:

٢- اذا اصدرت المحكمة حكماً بعقوبة من العقوبات الواردة في الفقرتين(١) و(٢) من المادة الحادية والعشرين من هذا القانون فعليها ان تحكم بمصادرة السلاح واجزائه وعتاده ووسائل النقل التي استخدمت في ارتكاب الجريمة مع مراعاة حالة صاحب السيارة حسن النية، وذلك فيماعدا القضايا الگمركية التي تختص دوائر الگمارك فيها بغرض عقوبة المصادرة.

٣- أ- اذا قررت السلطة الگمركية المختصة مصادرة الاسلحة الحربية المهربة أو أجزاءها أو عتادها أو الاسلحة النارية المهربة أو اجزائها أو عتادها واكتسب القرار درجة البتات فتؤول الاسلحة المذكورة أو اجزائها و عتادها نهائياً الى وزارة شؤون (الپيشمەرگە) ولوزير المالية بناء على اقتراح المدير العام للكمارگ منح مكافأة الى المخبرين والمصادرين وذلك وفقاً للقوانين المرعية.

ب- اذا قررت المحكمة المختصة مصادرة الاسلحة النارية غير المهربة أو أجزائها أوعتادها واكتسب القرار درجة البتات فتودع الاسلحة المذكورة او اجزائها وعتادها الى وزارة شؤون الپيشمەرگە.

د- تقرر سلطة الاصدار اعطاء الاسلحة واجزائها وعتادها المودعة اليها مرفقاً للبند (ج) من الفقرة (٣) من هذه المادة الى احدى دوائر الدولة التي هي بحاجة اليها وعند عدم وقوع طلب من الدوائر المذكورة تقدم وزارة الداخلية بيعها وفق احكام قانون بيع وايجار اموال الدولة.

٤- تودع الاسلحة الحربية واجزائها وعتادها والاسلحة النارية المهربة واجزائها وعتادها الى اقرب جهة عسكرية لأدامتها وذلك عند العثور عليها وتقدم الجهة العسكرية المذكورة بأحضار هذه الاسلحة امام الجهة المختصة بالنضر في القضية كما دعت الحاجة.. اما الاسلحة النارية غير المهربة واجزائها وعتادها فتودع عند العثور عليها الى اقرب مركز للشرطة في المنطقة التي عثر على الاسلحة فيها لأدامتها على ان يحضر مركز الشرطة هذه الاسلحة امام المحكمة او السلطة الگمركية المختصة بالنظر في القضية كلما دعت الحاجة، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا داڕشتنەکەی هەڵەی تێدایە، نابێ بڵێت «تقوم المحكمة» پێویستە بڵێت: (الاحكام

الواردة التي تصدر من المحاكم لا تؤثر على الاحكام التي تصدرها الدوائر الكمرگية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی وەرگیرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.. چ تێبینییەک هەیە لە سەر بڕگە(٢)؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(١) و(٢) بڕگە(١) گرفت نییە، بەڵام بڕگە(٢) (أ) بۆ نموونە کابرایەک یەک دەمانچەی تحویل کرد، یاخود تفەنگێکی راوکردن و (سەبەتانە)کەی گواستنەوە ئەویش دەستی بەسەردا بگیرێ قەیدی نییە، بەڵام چەکی جەنگی کە بۆ ئاژاوە نانەوە بێ ئەمە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(١-٢) هی مادەی(٢١) لە سەر (تهریبە) جا چەکی ئاگردار بێت یان چەکی جەنگی.. کە(تهریب) کرا دەبێ چەکەکە دەستی بەسەردا بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ بڕگە(٢)وە، وەکو خۆی وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بۆ زیاتر جێبەجێ کردن، بڕیاری دەست بەسەر داگرتنی بدرێ، ڕێژەیەک دەست نیشان بکرێت هەتا ٢٥٪ی نرخی چەکەکە دەستی بەسەردا بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مصادرین) کێنە، لایەنی دەست بەسەرداگرتن حکومەتە، واتە (المخبرین) یان (الضابطین) ئەوانەی کە نهێنییەکان رادەگرن، (مصادر) تەنیا ئەو لایەنەیە کە حوکمی دەست بەسەراگرتن دەدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مصادر) لێرە مەبەستی لە (مخبرین)ە ئەو کەسەی کە بۆ خۆی ئیشەکە دەکاو خەبەر دەدات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی باشە ئەگەر یەکێک خەبەریدا و بەو خەبەرە بە خاڵێکی گومرگ ووترا بەپێی ئەو خەبەرە خاڵی گومرگیە کە دەستی بەسەردا گرت؟ (موصادیر) یەک کەسە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(مخبر و مصادر) یەک کەسە، مەبەستی لەوەیە ئەو خەڵکەی کە کارەکەش دەکات هان بدرێ بچێت خەبەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زیاتر لەوەی کاک سەید حەسەن وجەنابتان فەرمووتان (موخبر) لەگەڵ لایەنی (مصادر) جیاوازیان زۆرە، بەپێی یاساکانی گومرگ هەندێ پۆلیسەکانی گومرگ دەسەڵاتیان دەدرێتێ بۆ دەست بەسەراگرتنی هەندێک کەل وپەل جگە لە دادگاکانی گومرگ، وەکو فەرمووتان لەسەر سنوور.. ئەو کابرایەی کە خەبەر دەدات دەڵێت شتی قاچاخ بێرەدا ڕۆیشتووە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بڕیاری (مصادرەی) دەدەن هاندانە بۆ ئەوەی بە ئیشوکاری خۆیان بەرێکوپێکی هەستن.. وەکو بەڕێزتان فەرمووتان، ئاگادارن لە پەرلەمان بڕیارێک دەرچووە ئەو شتانەی کە دەگیرێن هەندێکی لێ بدرێتە ئەو مەفرەزەیەی کە متابعەی دەکات، بابەتەکە پاداشتێکی هاندانە تاسووربن لە سەر ئیش وکارەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قسەیەی کاکەڕەش دەیکات راستە، کەسی وا هەیە، بەڵام ئەو دەستی بەسەردا دەگرێ وەکو شخصی دەستی بەسەردا ناگرێ ناوترێ (مصادرین)، یاسا (مصادرە) نەک ئەو جێ بەجێکەرانە یان کارمەندانە، ئەو فەرمانبەرە، با بوترێ (الموظفین القائمین) نەک(المصادرین)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی مامۆستا سەید حەسەن وکاکەڕەش وتیان بەسە، ئەوەی کاک بەختیار دەڵێ حەز دەکەم تەواو جەختی لەسەر بکات، (مصادرین) ئەو فەرمانبەرانەی گومرگ هەندێک لەوانە بەتایبەتی بەڕێوەبەرن دەسەڵاتی دادوەریان پێ دەدرێ، بۆ ئەوەی مافی (مصادر)یان هەبێت، چونکە ماڵەکە قاچاغە، ئەگەر دەستی بەسەردا نەگرێ چ هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ دەکات دەڵێت: ئەو مافەی هەبێت هەتا ئەو ئیجرائاتە دەکات ودەگاتە تۆژینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر زیاتر لێی بکۆڵینەوە پێم وایە مەبەست وانییە، تاوانبارەکە دەچێت خەبەر بە مەفرەزەیەکی پۆلیس دەدات، مەفرەزی پۆلیس دەچێت دەست بەسەر شتەکاندا دەگرێت، من پێم وایە بۆ ئەو

مەفرەزەیە کە دەستی بەسەر شتەکاندا دەگرێت، ئەو کارمەندەی کە لەفەرمانگە دانیشتووە دوای ئەوەی دەستی بەسەردا دەگرێت بێتە لای ئەو بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی بدات، دەبێت خەلات بەو بدرێت نەک بە مەفەرەزەکە، من پێم وایە مەبەستی ئەو مەفرەزانەن کە دەستیان بەسەر شتەکاندا دەگرن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕای جەنابتان ئەو صیغەی کە هاتووە کە پاداشت بدرێت بە (مخبرین) و(مصادرین) کە (مصادر) ئەو مەفرەزەیە بێت، داڕشتنەکە ماقووڵە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە با خاڵی «ئیبراهیم خلیل» لە زاخۆ بهێنینە بەرچاوی خۆمان، دادوەری لێ تۆژینەوە لەوێیە.. لەوانەیە بەدەیان کەل وپەلی قاچاغ بازرگانەکە بیهێنێ، لەوانەیە شتی زیادیش بینێتە ناوەوە لەوکاتەدا کە دەسەلاتی بەڕێوەبەری گومرگی ئەو ناوچەیە، دەستی بەسەر کەل وپەلی قاچاغدا بگرێت و، اعتبار دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

(مصادرین) بەپێی یاسا کە شتێک دەست بەسەردا دەگرێت بەپێی حکم دەستی بەسەردا دەگیرێت، ئەگەر بەپێی حوکم نەکرێت، ئەوە مانای ئەوەیە ئەمە کارمەندی دەوڵەت ئەوە دەگرێت، وەکو کاک فرەنسۆ وتی (مخبرێک) خەبەری داوە ئەو لایەنە گومرگەیە و پێی دەوترێت پۆلیسی گومرگ، کە دەچێت ئەیگرێت، بەڵام ئەو دەست بەسەردا گیراوە کە دەبێت بدرێتەوە بە دادگا، دادگا بڕیاری لە سەر دەست بەسەردا گرتن دەدات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای عێراقی راڤەی (مصادر)ەکانی کردووە (منح اکرامیة الی المخبرین والمصادرین الذین کانوا الید العاملة في اکتشاف الجریمة وذلك وفق القواعد المقررة بشأن منح الاکرامیات بموجب قانون الگمارگ)، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئێستاش پێم وایە (مصادر)ەکان زیادە کاک ایاد (ئیبراهیم خلیلی) کردە نموونە من حاجی ئۆمەران وسیدەکان وناوچەی قەڵادزێ دەکەمە نموونە، ئەو کارمەندەی لەوێ بڕیار بدات ئەو مفرەزەی لەوێ دەستی بەسەر شتدا دەگرێت و ئەوەی لە پشتی کورسی دانیشتووە ئەو بڕیاری دەست بەسەردا گرتن بدات پاداشتی بدرێتێ، بەڵام مەفرەزەکە هیچی بۆ نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ ئەو پێناسەیەی کاک سەید حەسەن خوێندییەوە بۆ (مصادرين) ئەوە دەگەیێنێت کە جەنابت باسی دەکەی.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان لە یاسای گومرگەکانیشدا هاتووە، چۆن (اکرامیە) دەدرێتە ئەو کەسانەی کە ئەو شتانە دەگرن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەتوانین بەکورتی بڵێین «والمصادرين الذين كانوا اليد العاملة في اكتشاف الجريمة» ئەوە زیاد بکەین، بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، جاکێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ ڕاقە کردن ئەو زیادەیە بکرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەوە زیاد دەکرێت.. پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە(٣) و(أ) وەکو خۆی وەربگرێت..؟ کێ لەگەڵ نییە.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ب-«اذا قررت المحكمة المختصة مصادرة الاسلحة الحربية غير المهربة أو اجزائها أو عتادها واكتسب القرار درجة البتات فتؤول الاسلحة المذكور واجزائها وعتادها نهائياً الى وزارة الشؤون البيشمەرگە..»

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (غير المهربة) لە ئەسلی پرۆژەکە بە هەڵە هاتووە، (غیر مهربه) یانی چی؟ وادەزانین وشەی غیر مهربه زیاد هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چەکی جەنگی (مهربة وغير مهربة) دەستی بەسەردا دەگیرێت «٣-أ» تەماشا بکەن (مصادرة الاسلحة الحربية المهربة او اجزائها) دەستیان بەسەردا دەگیرێت، قاچاغ بێ یان قاچاغ نەبێت.. چونکە جەنگییەو ماڵی حکومەتە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی چی؟ ئەمە ئەگەر قاچاغ نییە یان یەکێک لە نەفەرەکانی پێشمەرگە، ئەو چەکەی پێیە جەنگییەو قاچاغیش نییە، چۆن دەستی بەسەردا دەگیرێت؟..

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشمەرگەکە پێیەتی ڕەوایە، چونکە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەیە، مافی خۆیەتی چەکی جەنگی هەبێت، چەکی جەنگی بەغەیری ئەوان یاساغە، هەر کەسی هەڵیگرێت قاچاغ بێ یان نا هەتا لە ماڵدا دایبنێت، دانانی چەکێکی جەنگی لە ماڵ قاچاغ نییە، دەبێ دیسان دەستی بەسەردا بگیرێت، تکا دەکەم کاکەڕەش، باشتر تەماشا بکات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قاچاغ و ناقاچاغ بەجۆرێک چارەسەر دەکرێت، چونکە ئەگەر چەکی جەنگی دەستی بەسەردا گیرا دەبێتە موڵکی، ئەوجا قاچاغ بێ یان قاچاغ نەبێ، واتا گەر لەماڵەوەش گیرا هەر هەمان شتە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە زۆر ڕاستە، چونکە ئەگەر سەیری (أ) بکەی بۆ (حەربی وناری) دادگا چی دەکات؟ ڕاڤەی کردووە (ب-ج) وتمان قاچاغ یانی کابرایەک چەکی لەلایە بەڵام مۆڵەتی نییە، ئەمە پێی دەڵێین قاچاغە، لە ماڵی خۆیەتی ومۆڵەتیش نییە، بەڵام (تهریب) نەکراوە ئەوە(ب-ج) حوکمی دەدات.. ئایا دادگا لەو حاڵەدا چی دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەگەر زۆر ماڵان بپشکنین، بە سەدان چەکی (غیر حەربی) لە ماڵی خۆی داناوە بەپێی ئەو یاسایە ئەگەر دەستەڵات بوو دەستی بەسەردا دەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە (٣- ب) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(٣- ج): (اذا قررت المحكمة المختصة مصادرة الاسلحة النارية غير المهربة أو أجزائها أو عتادها وأكتسب القرار درجة التبات، فتودع الاسلحة المذكورة واجزائها وعتادها الى وزارة الداخلية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە؟.. باشە کێ لەگەڵ ئەوەیە برگەی(٣- جـ) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(٣- د): تقرر سلطة الاصدار أعطاء الاسلحة وأجزائها وعتادها المودعة اليها وفقاً لبند (جـ) من الفقرة (٣) من هذه المادة الى احدى دوائر الدولة التي هي بحاجة اليها وعند عدم وفوع طلب من الدوائر المذكورة تقوم وزارة الداخلية وبيعها وفق احكام قانون بيع وايجار اموال الدولة، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم پێم سەیرە بۆ ئەو چەکانە بفرۆشرێن؟ بۆ ئێمە بازاڕی چەکمان داناوە؟ یا هەر وەکو پێشتر هاتووە، بدرێتە وەزارەتی ناوخۆ.. ئەگەر ئەو فەرمانگەیە پێویستی پێی نەبوو، با بدرێتە ئەو لایەنەی کە پێویستی پێیەتی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم روونە: دەڵێت ئەگەر کەس داوای نەکرد چی لێ بکەین؟.. تۆ بڕیار دەدەی کە داواکاری لەسەر هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، برگە(٣)(د)؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی (٤): « تودع الاسلحة الحربية و أجزائها وعتادها والاسلحة النارية المهربة واجزائها وعتادها الى اقرب جهة عسكرية لأدامتها وذلك عند العثور عليها وتقوم الجهة العسكرية المذكورة باحضار هذه الاسلحة امام الجهة المختصة بالنظر في القضية كلما دعت الحاجة.. اما الاسلحة النارية غير المهربة واجزائها وعتادها فتودع عند العثور عليها الى اقرب مركز للشرطة في المنطقة التي عثر على الاسلحة فيها لادامتها على ان يحضر مركز الشرطة هذه الاسلحة امام المحكمة او السلطة الگمرگية المختصة بالنظر في القضية كلما دعت الحاجة..»، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو جارە چ لە (غیره)کەی دەکەین؟ (غیر)ێک لێرە پەیدا بووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاکەڕەش، ئەوە دەبێت لە خۆت بپرسی لە لیژنەی یاسا ماوەیەکی زۆر بەدەستانەوە بوو، هەمووشتان دانیشتبوون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو برگەیە دەبێت ئەوەی لە مالاّن دەگیرێت بدرێتە پۆلیس، ئەوەی دەرەوەش بدرێتە سوپا، چونکە نازانم چەکی ئاگردار قاچاغ وناقاچاغی هەیە، یەکێکیان قاچاغە وئەوی تر ناقاچاغە شوێنەکەیان دەگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناقاچاغ پەیوەندی بە دەسەلاّتی گومرگەوە هەیە، تیایەتی دەڵێن: «هذه الاسلحة امام محكمة الكمركية المختصة».

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دبۆ ئامادە کردنیانە، یەکەم جار کە تەسلیمی دەکەی چەکی ئاگرداری ناقاچاغ بدرێتە مەرکزی پۆلیس، بەلاّم ئەگەر چەکی ئاگرداری قاچاغ بووە، دەبێت بدرێتە نزیکترین ناوەندی سەربازی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەکە لێرە ئەوەیە کە دوو جۆرە چەک هەیە، چەکی جەنگی وچەکی ئاگردار، هی جەنگی قاچاغ وناقاچاغ لەبنەڕەتەوە دەستی بەسەردا گیراوە، یەکسەر تەسلیمی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێت، چەکی ئاگردار دەستی بەسەردا دەگیرێ ئەگەر قاچاغ بێت، ئەو وەختە تەسلیمی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێت، بەشەکەی تر (غير مهرب) تەسلیمی وەزارەتی پێشمەرگە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پاش ئەم روونکردنەوانە کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە(٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..
بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«المادة الثالثة والعشرون:

١- يعاقب بغرامة لاتقل عن مائة دينار ولاتزيد على مئتى دينار حائز اجازة السلاح الناري الذي لم يجدد اجازته خلال (٩٠) يوماً من تأريخ انتهاء المدة المنصوص عليها في المادة التاسعة من هذا القانون.

٢- يخول المحافظون صلاحية حاكم جنح بفرض الغرامة المنصوص عليها في الفقرة(١) من هذه المادة، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

(١٠٠) دینارەکە پارە نییە ئێستا بۆ سێ مانگ کە تازەی نەکاتەوە، زۆر کەس تاقەتی نابێت (١٠٠) دینارەکە دەدات و، ناچێت اجازە تازە بکاتەوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە(١٠٠)-(٢٠٠) دینارەکە بکرێتە(١،٠٠٠-٢،٠٠٠) دینار، سوپاس.

**بەڕێز بەختـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

لێرەدا چارەنووسی ئەو چەکەیان دیاری نەکردووە، کەچی لێ دێت، ئەگەر مۆڵەتی تازە نەکردۆتەوە، دەبێ سزایەکیشی بۆی دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەگەر جۆرە هاودژییەک هەبێت ئەوە لەگەڵ ماددەی(١٠) بڕگە(٥)دا حەز دەکەم جەختی لەسەر بکرێت پێش ئەوەی دەنگی لە سەر بدەیت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەو پرۆژەیە کە لەوەزارەتی ناوخۆوە بۆ ئێمە هاتبوو(٥٠- ٢٥) دینار بوو، ئێوە ئەگەر زیاد وکەمی دەکەن، دەسەڵاتی خۆتانە ئەوی تر هیچ هاودژییەک دروست ناکات لەگەڵ بڕگە(٥)ی مادەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو غەرامەیە زیاد بکرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەن زیاد بکرێت.

**بەڕێز عـــەفـــان عـــوســـمـــان نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

با(٥٠٠-١،٠٠٠) دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە غرامەکە(٥٠٠-١،٠٠٠) دینار بێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون:

أ- لاتسرى احكام هذا القانون على الاسلحة المستعملة من قبل القوات المسلحة وقوى الأمن الداخلي للاقليم.

ب- لسلطة الاصدار صلاحية منح اجازة حيازة، البندقية الآلية ونصف الآلية وفقاً لاحكام هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بوو کە قسەمان لەسەری کردو دەنگیشمان لە سەر نەدا، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٢٤) وەک خوێنراوە وەربگیرێ؟.. تکایە ئەوەی قسە دەکات دەست بەرز بکاتەوە... کێ لەگەڵ نییە؟...

بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا..

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والعشرون:-

١- يصدر وزير الداخلية تعليمات بشأن حيازة وحمل الاسلحة الجارحة والاسلحة الراضة او نقلها أو صنعها أو اصلاحها أو استيرادها أو المتاجرة بها.

٢- لوزير الداخلية اصدار تعليمات لتسهيل وتنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمە وەک خۆی بمێنێتەوە؟... کێ تێبینی هەیە؟.. فەرموون لیژنەی یاسا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە زۆر لە یاسادا هاتووەو بەیان دەکات: (يصدرها وزير الداخلية والسلطة المخولة) لیژنە (التعليمات والبيانات) زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم جیاوازی لەنێوان رێنمایی وبەیانات هەیە؟ بۆ نموونە رێنماییەکە بەیان دەردەکات هەمان شتە.. بڕوا ناکام جیاوازی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە وەکو خۆی وەربگیرێ؟ دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

سزا لەسەر بەیان هاتووە، لێرە واتا دەبێت پێشنیارەکەش بخەینە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کاکە پێشینار لە بۆ راکەت وا جەنابیشت لە لیژنەی یاسا بووی، گوایە ئەو یاسایە نیوە دارشتنتان کردووە ولیژنەی یاسا وەڵامی دایەوە ئیتر جەنابت نەتگوت من پێشنیار دەکەم.

**بەڕێز حـــســـــێـن عـــەلی کـــەمـــــال:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

(المادة السادسة والعشرون: تسرى احكام هذا القانون على قضايا الاسلحة الممنوعة وغير الممنوعة اعتباراً من تاريخ ٢٣/١٠/١٩٩١)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لە سەر ئەوە؟...

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

پێویستە بڵێین: (القضايا التي لم تكتسب درجة التبات) قەیدی ناکات گۆشە نیگای تێدایە، بەڵام براندراوەتەوە پێم سەیرە لە هیچ مەسەلەیەک شتی وام نەدیووە مەسەلە براوەکان مانای وایە کۆتایی هاتووە وحوکمی پێ دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێـز حـــســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

کاک بەختیار بۆ خۆی دەزانێ یاسای چەک جیاوازی هەیە لەگەڵ یاساکانی تردا، ئێمە بریارێکمان هەیە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەر یاسایەک لە رۆژی ٢٣/١٠/١٩٩١ دا دەرچوو بێت کاری پێ ناکەین و خۆی دەزانێت دوای ئەو بریارە یاسایەکی عێراقی دەرچوو ئەو یاسایە لای ئێمە ئیشی پێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یـەعـقـوبی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

ئەو برگەیە پێچەوانەیە لەگەڵ مبادئی هەموو یاسایەک، چونکە دەڵێن (ئەثری رجعی) نییە بە یاسا ئەگەر ئەوە جێبەجێ بکرێت، واتا ئەو یاسایە (اثری رجعی) هەیە ئەوەش پێچەوانەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایەی کە حوکمی پێ دراوە، بەڕاستی واتا ئەو حوکمەی کە دراوە کە بڕاوەتەوەش، بەڵام بە شێوەیەکی نایاسایی بڕاوەتەوە، چونکە یاساکە خۆی هەبوونی نییە، ئەوجا کە دادگایەک بەهەڵەدا چوو بێ وحوکمی لە سەر یاسایەک بدات کە هەبوونی نییە، بەنیسبەتی ئێمەوە هەر لە لەبنەڕەتەوە ئەو بڕاندنەوەیە یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاک حسێن ئەگەر موڵەت بدرێ، ئەوە مانای ئەوەیە کە نەبڕێندراوەتەوە، چونکە یاسایێک هەیە بڕیارێکی دەرکردووە ئەو یاسایانەی کە لە پاش ئەو مێژووەوە دەرچوون پیادە ناکرێن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتی خۆی لە سەرەتای دانیشتنی پەرلەمان کە بڕیارێک وەردەگیرا کە چاوێک بەو یاساو بڕیارە نارەوایانە دەرهەق بە خەڵکی کوردستاندا بگێڕنەوە، بەڕاستی ئێمە کۆمەڵێک خەڵکمان هەنە لە سەر ئەوەی کە دەمانچەیەکیان پێ بووە، ئێستاکە دادگایی کراون و بە(١٥) ساڵ حوکم دراون، ئێمەش بە ئاگری یاساکانی دیکتاتۆری عێراقی سووتاوین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت ئەوەی باسی دەکەی ئەو یاسایە نییە لە پاش ٢٣/١٠/١٩٩١ وە دەرهێندراوە، باسی ئەو یاسایانەش دەکەین کە لە پێش ئەم مێژووە دادەرهێندراون، بەڵام بڕیارێکمان هەیە کە ئەو یاسایانە بژار بکرێن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢٣/١٠/ مێژووی کێشانەوەی بەڕێوەبەریەکانە، واتە ئەو بڕیارەی کە دادگا حوکمی چەند کەسانێکی پێ داوە پێش ٢٣/١٠/ دەرچووە لە ساڵانی(٧٠) پێم وایە پاش (٧٥) ئەوانە دەرچوون، واتە ئەوانەش کە دادگایی کراون بەپێی ئەو یاسایانە دادگایی کراون، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕیارانەی کە پێشان دەرچوون پێش ٢٣/١٠/ ئەوەی کە حوکم دراوە کە حکومەت لێرە بووە هیچ یەکێکیان لێرە بەند نەبوون، بۆ زانیاریتان ئەوەی بەند بێ لە موسڵ بووە یان لە بەغدا، مانای ئەوەیە ئەوان ناگرێتەوە، پێویستە پاش ٢٣/١٠/ بێ، بڕیارێکی پەرلەمان هەیە وەکو جەنابت فەرمووت کە هیچ لەیاساکانی عێراقی پاش ئەو مێژووە دەرچوو بێ ئێمە کاری پێ ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو یاسایانەی کە پاش کێشانەوەی بەڕێوەبردنەکان وەک جەنابت فەرمووت، تەنیا حوکمەکان پاش کێشانەوەی بەڕێوەبردنەکان دەرچوونە بەهەندێ بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەدەر (استثنائی) بووە، ئێمە پرۆژەیەکی بڕیارمان هەیە وابزانم کاک سەعید پێشکەشی کرد بڕیاری (مجلس قیادة ثورة) ژمارە(١٦٠) کەوا لەسەر فیشەکێک لەوانە بۆ مرۆ هەبوو سزا بدرێت، بە(اشغال شاقە)، (مؤبد) و پرۆژەکە ئەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

جا ئێمە لە جیاتی ئەوەی بڵێین ئەو یاسایانە لەم مێژووەوە پیادە دەکرێن، دەتوانین بڵێین ئەو مەسەلانەی کە بە پێچەوانەی بڕیارەکانی پەرلەمان دراون نابێت لە پاشی ٢٣/١٠/وە .. لە سەریان بڕۆین.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وەکو عەرزم کردن، بابەتەکە تەنیا ئەو یاسایانە نییە، ئەوەی کە پاشی(٢٣) دەرچوون، ئەو یاسایانە کاریان پێ ناکرێت، وە کاک بەختیار ئاماژەی بۆ کرد، کە (ئیدیعای عام) دەتوانێت داوا بجوولێنێ، بەڵام هەندێ داوامان هەنە، پاشی(٢٣) براندراونەتەوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کۆن، کە ناگونجێن لەگەڵ بەرژەوەندی ئێستادا، دەبێ ئەمە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئایا لیژنەی یاسا ناتوانێت ئەو یاسایانەی کە لەسەر ئەم بابەتی چەکە خەڵکی پێ حوکم دراوە، ئەوە پێشکەشی پەرلەمان بکات وداوای هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایانە و داوای هەڵوەشانەوەی ئەو حوکمانە بکات، کە بەم یاسایانە حوکم دراوە ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین.

**بەڕێز هێـرۆ ئیـبـراهیم ئەحـمـەد:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەم یاسایەی ئێمە لەم حاڵەتەی کە برادەران باسی دەکەن یارمەتی یەک جۆرە کەس، یەک جۆرە خەڵک دەکات.. ئەویش بوونی نییە ئەمە تەنیا یارمەتی ئەو کەسانە دەکات کە ئیمزایان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

حەز دەکەم برایانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەوە بزانن دەربارەی یاسای چەک لەبۆشاییەکی یاساییدا ژیاوین.. یاسای چەکمان هەبووە هی ساڵی(١٩٦٨) ژمارە (١٥١)

پەرلەمانی عێراقی ئەو یاسایەی هەڵوەشاندۆتەوە.. یاسایێکی تری داناوە، ژمارە (١٣) ساڵی ١٩٩٢ ئەمە بۆ خۆمان کاری پێ ناکەین، مانای ئێمە لە بۆشاییەکی یاساییدا ژیاوین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

بۆ ئەوەی کە ئەسەریکی (رجعی) بە خۆیەوە دا بگرێ وا بکرێت کە لە٢٣/١٠/١٩٩١ەوە تا ڕۆژی کارکردن بەم یاسایە بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەو مبدەئەی کە کاک سەید باسی دەکات مبدەئی (اثری رجعی) هەیە، ڕاستە، بەڵام گەر بگەڕێت لە پیادەکردنی دەوڵەتەکانی دی زۆر کەمە، لە دەوڵەتی دکتاتۆری وەکو عێراقدا هەیە، بەڕاستی ئەو مبدەئە با بڕیاری لەسەر نەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

دوو تێبینیم هەیە، یەکەم ئەوە بوو کە جەنابتان باستان کرد دەربارەی ئەو بڕیار و یاسایانەی کە (اجحافی) تیایە کە ئەمە بکەینە پێشنیارێک وهەڵیانبوەشێنینەوە، دووەم دەربارەی مادەی(٢٦) بەڕاستی منیش پێم وایە ئەو تێبینییەی بەڕێز هێرۆ خان کردی زۆر زۆر تێبینییەکی وردە، چونکە ئەوانەی کە گیراون، کۆمەڵێک لەوانە یەکەم مۆڵەتیان نییە، دووەم هاونیشتمانیی هەرێمیش نین واتە حەز دەکەم تێبینی ئەو شتە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

بەڕاستی من تاوەکو ئێستا لە حیکمەتی ئەم مادە(٢٦)ە، تێ نەگەیشتووم بەلای منەوە مادەیەکی زیادە جاری ئێمە بڕیارمان دەرکردووە هەموو ئەو یاسایانەی حکومەتی عێراق کە دژ بەگەلە خۆ ئەگەر بەدەستی من بێت و بە بیروڕای من بێت هەرچی یاسای عێراقی بێت هەمووی هەڵبوەشێنینەوە بەچاک وخراپەوە، بەڵام قەیناکات دەڵێین ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە نابێت، ئەو یاسایانەی کە دژ بە گەلن یا دژی گەلی کوردن یان کۆنەپەرستن، هەڵبوەشێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵـلا حـەیدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

لەڕاستیدا من حەز دەکەم ئەو دەقە کە لە پڕۆژەکەشدا هاتووە، برادەران ئاگاداری بن دەڵێ (تسری احکام هذا القانون على قضية الاسلحة التي تحسم اعتباراً من تاريخ ١٤/٥/١٩٩٢) بەڕای من

ئەگەر ئەو دەقە موافق نەبێت با گفتوگۆی لەسەر بکرێت، چونکە لە ١٤/٥/١٩٩٢ ئەو قانونەی کە کاک سەید حەسەن ئاماژەی بۆکرد یاسای ژمارە(١٣)یە، لەو مێژووەوە دەرچووە پێشی ئەو مێژووە ئەوەی براندرابێتەوە مانای وایە بەگوێرەی یاسا کۆنەکە براندراوەتەوە کە یاسای ژمارە(١٥١)ە بەبۆچوونی من ئەگەر ئەو دەقە موافق نەبێت ئەو دەقەی پرۆژەکە بە سەرکەوتوو دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو دەقە دەکەم ، بەڵام نەک لە(١٥/١٤)وە هەر (القضايا غير المحسومة) ئەوە هەموو مەسەلەکە دەگرێتەوە هەتا ئەگەر لە دادگای تەمییزیش بوو بێ ئێستا کە بڕیاری پێ دەرچوو بێ دەیگرێتەوە ئەوەی تریش با بەیاسایەکی لێبووردن چاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جا ئێستا وابزانم دوو را هەنە، دەیانخەینە روو بۆ دەنگدان.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەگەر خۆمان رزگار کەین لەمەسەلەکانی (غير محسومة ومحسومة) دەتوانین ئەمە یاساوی یاسایی وهۆکاری موجبەمان هەیە کە لە بۆشایی یاساییدا ژیاوین یاسای چەکی عێراقی هەڵوەشاوەتەوە لەومێژووەی کە یاسامان نەبووە اعتباری کەین کە یاسایە، مەسەلەی (محسومة وغير محسومة) لابدەین وبڵێین: (تسرى احكام هذا القانون على قضايا الأسلحة) من تاريخ ٢٣/١٠/١٩٩١، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەش تایبەتیە ئەوانەی حوکم دراون بەهیچ یاسایەک حوکم نەدراون بەڵکو بە بڕیارێک حوکم دراون! بڕیاری(١٦٠) برگەی(٣) ئەو بڕیارەش تەنیا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی بووە بۆ هەموو عێراق نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک سەعید ئەو بابەتە دەمێکە باسی کراوە ئەوانەی گیراون وابزانم(٥) کەسن، واتا ئەوە بۆچی بڕیارێکی لێبوردنیان بۆ دەرنەچێت؟.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بوارم بدرێت دەربارەی بڕیارێکی تایبەتی ئەگەر بۆیان دەربچێت، لەکاتی خۆیدا پرۆژەیەکمان

پێشکەش کرد، ئێستاش نوسخەیەک لای من هەیە(١٠) ئەندامی بەڕێز ئیمزایان کردووە ئینجا جەنابتان فەرمانتاندا و گوتتان ببێ بە یاسایەکی گشتگیر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید ماقووڵە ئەم نموونە خەیاڵیانە؟، ئێستا یەکێ لەبەر ئەوەی کە مابوو لەحەپسخانە بێتەوە چاوەڕوانی ئیعدام بکات، چونکە بەپێی یاسای بەعس دەبێت ئیعدام بکرێت؟.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو بڕیارە بەتەواوی هەمان بڕیارە، بڕیاری(١٦٠) بەند کردنی هەمیشەیی (مؤبد)ی تێدایە(١٥) ساڵی تێدایە، هەرچەند ئەوە پاش کێشانەوەی بەڕێوەبەرییەکان و وەختی حکومەتی کوردستان، لەو کاتەوە بڕیارەکە دەرچووە، نەک تازە دەرچووبێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆی لە سەر کرا، خۆی دوو را هەیە، لیژنەی یاسا هاتە سەر ئەوەی کە مەسەلەی (محسومة وغير محسومة) لابدرێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستی سەرەکیم بەردانی چەند کەسێک نییە، بۆشاییێکی یاسایی لە کوردستان هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە چی بوو؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تسرى احكام هذا القانون على قضية الاسلحة اعتباراً من ٢٣/١٠/١٩٩١) بەو ناوەی کە لەو مێژووەدا بەڕێوەبردنەکان کێشراونەتەوە وبۆشاییێکی یاسایی هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

(محسومة و غير محسومة) لادەبەین، دەڵێین (تسرى احكام هذا القانون على قضايا الاسلحة اعتباراً من ٢٣/١٠/١٩٩١)وات دەوێت؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەقە موافق نییە، چونکە بەڕاستی هەر یەکسەر سۆراغێکت هەبێ لە دادگاکانەوەو بڵێن: مەبەستتان چییە؟ واتە کامیان (محسومة)کەیە، کامیان (غیر محسومة)؟ کەواتە هەر هەمان گرفت دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای چەک ئەو کاتە کارپێکراو بووە(١٥١) وەک هەموو قانونێک پێش ٢٣/١٠/ وە پاش ٢٣/١٠/ هەر وەکو یاساکانی تر کارپێکراو بووە کەی هەڵوەشاوەتەوە؟ لە ١٤/٥/١٩٩٢ دا هەڵوەشاوەتەوە (١٥١) ئەو یاسایەی کە تازە دەرچووە ئەو نابێت کاری پێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا ماددەی(٢٦) لابرێت وابزانم باشترە ئەوەی پێشووش دەتوانرێت چارە بکەین بە بڕیارێکی پەرلەمان، جا من حەز دەکەم پێشنیارەکە بخەینە دەنگەوە ئەگەر وا نەبوو، ئەو وەختە لە سەر ئەوە بەردەوام بین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڵێی (تسری احکام هذا القانون علی قضایا الاسلحة من تأریخ).. ئەو کاتە هەمووی دەگرێتەوە مادام مێژوومان دیاری کردووە.. (علی محسوم وغیر محسومة).. دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی چی، بەوردی چیت دەوێ؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تسری احکام هذا القانون علی کافة القضایا التي لم تکتسب درجة البتات.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک د.کەمال فوئادم.. داوا دەکەم ئەو بڕگەیە بەپێی یاسا بادوایی پێشکەش پەرلەمان بکرێت، بۆ حاڵەتە تایبەتییەکان، ئەم بڕگەیە با هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو پێشنیارەی د. کەمال کە دەڵێت «تسری » نەبێ بڵێین (اعتباراً من تأریخ نشرة) مانای

ئەوەیە (تسري علی قضایا غیر محسومة) وەنەبێ لەبەر ئەوەی محسومەی ناوێت، لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارە وەک هەموو یاساێکی تر دەڵێین (تسری احکام هذا القانون اعتباراً من تأریخ نشره في الجریدة) تکایە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەست بەرز بکاتەوە؟.. ئەو داڕشتنەی بۆ یاساکان هەمانە کە هەمیشە دەڵێین (تسری احکام) ئەو ماددەیە لادەبەین، ئەو پێشنیارەی کە دەڵێ ئەو ماددەیە لابدرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ ئەو مادەیە هەڵوەشایەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون: لایعمل بأی نص یتعارض واحکام هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟.. کێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرزکرایەوە.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والعشرون: علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ئەوە هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والعشرون: ینفذ هذا القانون اعتباراً من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو مادەیە، بەبۆچوونی من بنووسرێ (ینفذ هذا القانون اعتبارا من تأریخ صدوره) سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەکە «ینفذ هذا القانون، اعتباراً من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة» وەربگیرێت، کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.. خشتە رەسمییەکەی بخوێننەوە:

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

| التسلسل | نوع الاجازة | قيمة الرسم |
|---|---|---|
| ١- | اجازة حيازة وحمل السلاح الناري وعتاده | ٠٠٠و٥٠ خمسون دنياراً. |
| ٢- | رسم تشديد اجازة حيازة وحمل السلاح النارة وعتاده | ٠٠٠و٥٠ خمسون دينارا. |
| ٣- | اجازة اصلاح الاسلحة النارية وتجديدها | ٠٠٠و١٠٠ مائة دينار. |

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام پرسیارێک هەیە ئەگەر بە تەنیا (حیازە) بێ، (حمل) نەبێت، ئەوە چەند وەردەگیرێت؟... لەماڵەوە ئێمە دوو جۆر مۆڵەتمان هەیە مۆڵەتی (حمل وحیازە) ومۆڵەتی (حیازە)، کاک فەرسەتیش دەڵێت کلاشینکوفێک بە هەژدە هەزارە ئیجازەکەی(٥٠) دینارە جا دەبێت بیرێکیش لەوە بکرێتەوە.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەتوانین ئەوە زیاد کەین، (اجازة حيازة او حمل سلاح الناري وعتاده) لێرە ئەوەی مۆڵەتی (حمل)ی هەبێت ئی (حیازە)شی هەیە، (أو) زیاد دەکەین، خۆی لە ماددەی(٥) (أو) مان زیاد کرد لێرە هەر دوو لا چار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ راستە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە پارەکە جیاوازی هەبێ.. ئەوەی حیازەی هەیە چەکی لە ماڵەوە دادەنێت، دەبێت پارەکەی کەمتر بێت لەوەی هەڵی دەگرێ، زۆر کەمتر بێ، واتا ئەگەر (حمل)(٢٠٠) دینار بێت، حیازە(٥٠) دینار یان (١٠٠) دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هەر کەسێک مافی هەیە مۆڵەتی چەند چەکی هەبێت، من پێشتریش ئەو خاڵەم دەست نیشان کرد لەو یاسایەی کە ئەو بۆشاییەی هەیە، هەموو کەسێک مافی مۆڵەتی چەند چەکێکی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوە باس کرا، کاک سەعید جارێکی تر ناگەڕێینەوە سەری.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە مۆڵەتە لێرە رسوومەکانە، مەبەستم ئەوەیە، بوار هەیە مرۆ قسەی لێ بکات کە پێشکەش کرا بۆ رەسم دان هەتا چەند پارچە چەکێک مافی هەیە رەسمەکەنیان بدات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ شتێ کە براندراوەتەوە، دەتەوێ لەم لاوە بۆی بگەڕێینەوە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەمە یاسایێک دادەنێین بۆ بەرژەوەندی گشتی، پێم وایە شتی هونەری نابێت دەستمان ببەستێ بۆ خزمەتگوزاری بەرژەوەندی گشتی، ئەوە دەپرسم، لە لیژنەی قانونی بزانم ئەوان چ چارەیەکیان داناوە..؟

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا دوو را هەیە، یەک ئەوە بوو کە(٥٠) دینار و(١٠٠) دینار کەمە... دوو جیاوازی نێوان (حمل وحیازە) هەبێت.. سێ یەم.. دەربارەی بر (کمیە)وە دەیەها هەزار مۆڵەت دەبێ، کە ئەویش سەرچاوەیەکی داهاتە بۆ حکومەتی هەرێم.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە کە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ، واتا مۆڵەتی (حیازة)ی تفەنگی (آلي ونصف آلي)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکی عملیم هەیە حوکمی بۆ حیازە(-/١٠٠) دینار بێت بۆ (حیازە وحمل) (-/٢٠٠) دینار بێت بۆ (تشدید) (-/٥٠٠) بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن دەبێت بەپێچەوانەوە کاکە کە تۆ وەربیگرێت بە (-/١٠٠) (تشدید)ی بکەی بە(-/٥٠٠) دینار.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حیازە(-/١٠٠) بێت و(حیازە وحمل)(٢٠٠) بێت تا (تشدید)یش (١٠٠) بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخوا من پێم باشە هەندێ پارەکە زیاتر بێت باشترە، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆیەک کە خەڵکی تر واز لە مۆڵەت وشتی وا بهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارێک هەیە بە (٥٠٠) بە (٢٥٠)، (٥٠٠) حمل (٢٥٠) حیازە تشدیدیش(١٥٠).

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم(× ٢) بکرێت پەنجاکان ببن بە سەد(١٠٠) و سەدەگانیش ببن بە دوو سەد (٢٠٠)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم رەسم زیاد وەرگرتنەش (سلبیات)ی خۆی هەیە، چونکە ئەگەر رەسمەکە زیاد بێت حاڵەتی وەرنەگرتنی مۆڵەت دروست دەبێت، واتا من کابرایەکم دەمانچەیەکم بۆ ماوەتەوە لە بابم نانی رۆژم نییە ونامەوێت بشی فرۆشم ناچم(٥٠٠) دینارەکە بدەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد ئەوەی نانی شەوی نەبێت دەیفرۆشێت؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر قەیدی ناکات، یان نایدات یان هەیە... ملیۆنیریشە دەڵێ(٥٠٠) دینار بۆ مۆڵەت نادەم، واتە با ئەوەندە گرانی نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نایەوێ مۆڵەت وەرناگرێت ... دەستی بەسەردا دەگیرێ و برایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر چەکی قاچاخ زیاد دەبێت واتە سەرپێچی زۆر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئاگاداری برایانی ئەنجومەن پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ(١٠) دینارە، ئێمە زەرەبی(٥) مان کردووە کردوومانە (٥٠) دینار ئێوەش زەربی چی دەکەن.. دەسەڵاتی خۆتانە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئیشمان لەگەڵ پێشنیاری ئەوان نییە، ئەوە «خەنجەر لە کایە» ئەوە شتێکی ترە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم کە حیازە (٥٠) دینارەکە بمێنێتەوە، بەڵام (حمل) ببێتە(١٠٠) دینار هی چەکیش ئەو (١٠٠) دینارە بەسە زۆر باشە نوێکردنەوەش هەر (٥٠) دینار بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە، ئەو یاسایەی کە دادەنرێت سوودی بۆ قاچاخچی نییە، زۆربەی خەڵکی کوردستان لە(٨٠٪)ی ئەوەشی پێ نادرێت، بەڕاستی جا من پێشنیار دەکەم هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە ئێمە بۆ یاسا دەربهێنین؟ ئێمە چاوێ بەدەرەوە بگێرین خەڵکی لادێکان ئەوەشی پێ نادرێت، بەڕاستی پێویستە چەکداریش بێ. سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

حزبەکانیان بۆیان دەدەن..!.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم جارانی (٢) بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەکەی کاک فرەنسۆش وەکو هی منە، (٢×) بکرێت ئەوە باشە، واتە لە نێوان هەر دووکیاندا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی چی مۆڵەتی چاککردنەوە؟.. باشە من تێ ناگەم بۆچی مۆڵەتی چاککردنەوە، دووجای مۆڵەتی، (حیازە وحمل) بێت؟.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بۆ یەک جارە، بەڵام ئەوەی تر بۆ هەمووساڵێکە؟، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆكی ئەنجــــوومــــەن:**

جا دەڵێین چی ئەوە بمێنێتەوە؟ بۆ ڕۆژی شەممە، ئەگەر لاریتان نییە، دەنگدانەكە لە سەر یاساكە دەكەین، ڕۆژی شەممە كاتژمێری (١٠) كۆبوونەوەمان هەیە بە ئامادەبوونی ئەنجوومەنی وەزیران، تكایە ئەو برادەرانەی كە لەو لیژنەیە دان، ئەمڕۆ سەعات(٥) ئامادە بن لە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەی كە پێویست بوو ئامادەی بكەن، كاك ئەیاد وكاك جەمیل وكاك ئەحمەد وكاك فەرسەت، سبەی كاتژمێری(١٠) ئامادەبن، دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا تەواو.. سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سكرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## شەممە ڕێکەوتی ٢/١٠/١٩٩٣

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## شەممە ڕێكەوتی ٢/ ١٠/ ١٩٩٣

***كاتژمێر (١٠)ی سەرلەبانی ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی ٢/ ١٠/ ١٩٩٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. پاشان لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن لەسەر یاسای چەك.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكەین. بەرنامەی ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی كارمان، تەنها بڕگەیەك ماوە لەسەر یاسای چەك، پاشان دەبێ هەموو یاساكە بخەینە دەنگ دانەوەو تەواو ببێ، دوای ئەوە دێینەوە سەر بەرنامەی كاری خۆمان... ئەگەر تازەبابەت شتێك هەیە فەرموون؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تازەبابەت نییە، من پێم وایە، پێشنیارێك ئەگەر بكرێ پەرلەمان یادداشتێك ئامادە بكات بۆ پشتگیری كردن لە هەڵوێستی خەڵكی ناوچەی دهۆك بەرامبەر بەوەی نزیكەی دوو مانگە كارەبایان نییە، با یادداشتێك بەناوی پەرلەمان ئامادە بكات، بەناوی حكومەتەوە بۆ (MCC) و بۆ هەر شوێنێك كە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیارێكە، بۆ ئەمە شتێك ئامادە دەكەین پاشان عەرزی هەردوو فراكسیۆنی دەكەین ئەگەر بەبەرژەوەند زانرا ئەوە دەینێرین، وابزانم چ پێویست بە گفتوگۆكردن ناكات، مادام وایە دێینەوە

سەر بەرنامەی کاری خۆمان بۆ یاسای چەک، لیژنەی یاسا با بفەرموون:

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مۆڵەت هەبێ هەر چوارمان بچینە دەرەوە بۆ ئەوەی راپۆرتەکە تەواو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بڕگەیە خوێنرایەوە، ئێستا دەرگای گفتوگۆ کردن کراوەتەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لای هەمووتان ئاشکراو روونە ئەو یاسایە یاسایەکی دارایی نییە، یاسایەک نییە داهات بۆ کوردستان پەیدا بکات، یاسایەکی رێکخستنی کۆمەڵایەتییە، یاسای نەمانی دیاردەی چەکدارییە ئینجا پارەکەی چەند زۆری دابنێین بە (سەلبی) دەگەڕێتەوە، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە، چەندی پارەکەی کەم بێ و خەڵک بتوانن مۆڵەت وەربگرن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێشنیارێکی دیاری کراوی تر هەیە، ئەگینا ئەو دووپێشنیارەی رۆژی چوارشەممە دەخەینە روو.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک هەبوو لە کۆبوونەوەی پێشوو کە ئەوە زەربی دوو بکرێ نەک لەبەرئەوەی کە ئەوە داهاتێکە بۆ کوردستان، بەڵام هیچ نەبێ بۆ ئەوەی مەسرەفی مۆڵەت دەرهێنانەکان دەربهێنێ، لەبەرئەوە ئەگەر بیکەن بە دووقات وابزانم بڕە پارەیەکی زۆر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەگەر زەربی دووشی بکەین، مەسرەفی چاپخانە دەرناهێنێ.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی سەید حەسەن دەکەم، چونکە هەتا رسم کەمتر بێ، هەموو کەس چەکەکانیان تۆمار دەکەن قاچاغ نامێنێ بۆ دەوڵەتی بیانی، ئەگینا ئەگەر رەسمی یەک مۆڵەت (٥٠٠) دینار بێ خەڵک ئامادەیە کە تۆماری نەکەن ولەماڵی خۆیان دایانبنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«٥٠» دیناریان چەسپاندووە، کاک فازڵ قەفتان ئەگەر ئەو تێبینیانەمان دەربارەی مەسرەفی چاپ

وئەو ئەنکێت و ئەو کاغەزە بداتێ کە بۆ ئەو مەبەستە خەرج دەکرێ مەرجیش نییە (١٠٠٪) بێ، بەڵام هەروا بەمەزەندە.

**بەڕێز محەمەد فازل محەمەد عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕ ناکەم خەرجییەکی زۆری تێ بچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پێشنیارم لە پێشە (٢٥٠)دینار بۆ (حیازە) (٥٠٠)دینار بۆ (حەمل).. پێشنیارێکی تر هەیە کە ژمارەکەی لەلایەن لیژنەی یاساوە چەسپێنراوەو زەربی دوو بکرێ بۆ (حیازە) (١٠٠)دینار بێ بۆ (حەمل)یش (١٠٠)دینار بێ وچاککردنەوەی چەکیش بەپێی ئەمە دەبێ بە (٢٠٠)دینار.

**بەڕێز محەمەد فازل محەمەد عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمەش زەربی دووی بکەین شیاو دەبێ دەربارەی چاپەمەنیەکەش باوەڕ ناکەم ئەو خەرجییە زۆرەی تێ بچێ کەوا ڕێگر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەنکێتەکە نییە،.. حسابی فەرمانبەرو فەرمانگەش بکە.

**بەڕێز محەمەد فازل محەمەد عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر زەربی دوو بکرێ لەوانەیە هەموو خەرجییەکانی تر دەربچن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچی تر نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا ڕایەکی باشە، بەڵام من تەنها دوو تێبینیم هەیە: یەکەم مۆڵەتی (حیازەو حمل) لە بڕگە «٢»ی مادە «٢٤» ئەوەش هەیە بۆ (آلي و نصف آلي)، ئەوە ئایا جیاوازی هەیە یان نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ئەوە نییە، بەڵام دوایی بەگشتی تێبینیم لەسەر یاسایەکە هەیە پێش دەنگدان لەسەر یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز سـیـروان مـحـەمـەد نەورۆلی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

من دەگەڕێمەوە سەر ڕۆژی پێشوو کە لەدانیشتنەکەدا گفتوگۆی ئەوەمان کرد ئەو بڕیارەی لیژنەی یاسا داویانە لەجێی خۆیەتی، ئێمە ئاوڕ لەدواوە دەدینەوە لە (٨٠٪)ی میللەتی ئێمە ئەو خەڵکانەن کە ناتوانن ئەو (٥٠)دینارە بدەن بەڕاستی هەر ئەوانە دەبن بە سووتەمەنی، سوپاس.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

چەک گوڵ نییە مرۆ هەڵی گرێ، چەک واتا خوێن و دەمار لەبەرئەوە هەر شتەک بکرێ بۆ دیاری کردنی دیاردەی چەکداری زۆر چاکە، من پێشنیار دەکەم خەرجییەکەی هەمووی بەخۆڕایی لەسەرحسابی حکومەت بێ لەپێناوی ڕێکخستنی دیاردەی چەکداری، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، با ئەم بابەتە تەواو بکەین ئەوسا بێینە سەر ئەم خشتەیەو، دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم خشتەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆبەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، پێش ئەوەی دەنگ لەسەر هەموو یاساکە بدەین، وابزانم چەند تێبینی یەک هەیە لە برادەرانەوە، (٣) ئەندام پەرلەمان تێبینیان هەیە.

**بەڕێز حـازم ئـەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دیارە لە یاسایەکەدا چەند مادەیەک هاتووە باسی چەک دەکات بۆ ئەفسەرو قۆمیسەرەکانی هێزە چەکدارەکان لەوێ دەقێک هاتووەو دەڵێ هەتا دوای خانەنیشن بوونیان، جەکەکە بەمۆڵەتەوە دەگوێزرێتەوە بۆ گەورەترین منداڵیان کە مۆڵەتەکەشی بەخۆڕاییە، بە بۆچوونی من دوای ئەوەی گفتوگۆمان لەگەڵ چەند برادەرێک کرد دیارە ئێمە شتێکمان لە بیر چووە، ئایا ڕەوایە ئەفسەرێک یان قۆمیسەرێکی هێزە چەکدارەکان چەکەکەی لەگەڵ مۆڵەتەکەی دوای خانەنشین بوونیشی بگوێزرێتەوە بۆ کوڕەکەی، بەڵام ئەندامی پەرلەمان یاخود وەزیرێک کە ئەو کاتەی لە وەزیفەی دەردەچێ چەکەکەی لێ بسێنرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەمە کاتی خۆی باس کرا.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە لەگەڵ کاک حازمیشدا هەمان بابەتمان باس کرد، چەند ئەندامی پەرلەمانیش قسەمان لێکرد، ماقوول نییە ئەفسەرێک بەپلەی ڕائد مناڵەکەی مافی هەبێت چەکی هەبێت، وەزیر، یان پەرلەمانتار ئەو مافەی نەبێت، واتا ئەو بابەتە با هەموان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسا بۆم روونکردنەوە، مادەی «٢٣» دەڵێت، (یعاقب بغرامة لا تقل عن مائة دينار ولا تزيد عن مائتي دينار حائز أجازة السلاح الناري الذي لم يجدد اجازته خلال (٩٠) يوماً من تاريخ انتهاء المدة المنصوص عليها في المادة «٩» من هذا القانون) و دەڵێ (غرامە)یە مادە (١٠) برگە (١) دەڵێ، (تعتبر الاجازة باطلة في الحالات الآتية وعلى صاحبها او من يقوم مقامه او ورثته تسليمها الى سلطة الاصدار لتأشير ابطالها).

برگە (٥): دەڵێ (عدم تقديم طلب التجديد خلال المدة القانونية) لەوێ دەڵێ غرامەیە لێرە دەڵێ پووچەڵ دەبێ مادە «١١» دەڵێ اثاری لەسەر ترتیب بووە (على المجاز في حالة ابطال اجازته ان يسلم السلاح فوراً الى مركز الشرطة في محل اقامته لقاء وصل رسمي) بەراستی من لەوە حاڵی نابم وابزانم هاودژییەک هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید، ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر کراوە ئەوەی جەنابت کە باس دەکەی مادە (١٠)یە بەتێکڕای دەنگ دەنگی لەسەر دراوە، ئێمە دەنگمان لەسەر داوە، بۆیە حەق نەبوو ئەندامێکی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەو یاسایە دەربچێ خەڵک دەڵێن ئەوانەی لەوێنە هیچ لە یاسا نازانن، بۆ ئەو هاودژییەی هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆ دەنگتان لەسەری دا.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە زۆربەی دەنگ دەرچوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت لێرە بوویت، لیژنەی یاسا گەر ئەو بابەتە شی بکەنەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ هاودژییەک لەمادە (٢٣)دا نابینم (يعاقب بغرامة ما لا تقل عن مائة دينار ولا تزيد

عن مائتي دينارحائز على إجازة السلاح الناري الذي لم يجدد اجازته خلال ٩٠يوماً) ئـــەو غرامەیە بۆ ئەوەیە تەنیا مۆڵەتەکەی نوێ نەکردۆتەوە، ئەوە پەیوەندی بە مادە «١٠»وە نییە کە «٩٠» رۆژ تێپەڕی (تعتبر الاجازة باطلة قطعياً) مۆڵەت پووچەڵ دەبێ، بەڵام دەبێ غرامەی بێتە سەر ئەگەر چەکەکەی تەسلیم نەکردبێ و قەرزەکانی کە لەسەریەتی نەیدابێتەوە، چەکەکەی غرامەی دێتە سەریو مۆڵەتەکەش دوای «٩٠» رۆژ ئەگەر نەچۆ پێش بۆ مۆڵەت نوێ کردنەوە ئەو مۆڵەتە پووچەڵە، نازانم چ دیژوارییەک هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــــومـــــــــــەن.**

زیاتر لەوەی کاک سەید حەسەن فەرمووی بابەتەکە «٣» بابەتی جیاوازن، یەکیان مۆڵەت چۆن پووچ دەبێتەوە؟ یەکێکی تریان ئەگەر مۆڵەتەکە پووچ بۆوە بابەتی چەکەکە چی لێ دێت؟ یەکێکیشیان بێگومان ئەگەر مۆڵەتەکە پووچەڵ بوو، کابرا کەمتەرخەم بێ لەپووچەڵ بوونی مۆڵەتەکە، ئەبێ غرامە بدات، کابرا پابەندە ئەگەر لە ماوەی «٩٠» رۆژ نەچۆ پێش مۆڵەتەکەی پووچەڵ دەبێت، پاش پووچەڵ بوونەوەی مۆڵەتەکەی دەدرێتە دادگا، دەبێ غرامە بدات وچەکەکەش دەبێ تەسلیم بکات، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــــومـــــــــــەن.**

ئەو خاڵەی کاک حازم و کاک عەبدولخالق ئاماژەیان بۆ کرد وابزانم وانییە بەو شێوەیەی کە ئەوان باسیان کرد بابەت چەک گلدانەوە نییە، بەڵکو هێشتنەوەی بەڵگەنامەیە دەڵێ (يجوز حيازة وحمل السلاح الناري من قبل ضابط القوات المسلحة و بوثيقة مجانية بعد احالته على التقاعد اذا كان من رتبة رائد فما فوق وبصورة دائمية وبعد وفاته ينتقل حكم الوثيقة) (مجرد وثيقة مجانية) کە ئەو مافەیان داوەتێ نەک چەکەکە، لە جیاتی پارە بدا بەخۆڕاییە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــەرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــــومـــــــــــەن.**

من کاتی خۆی دژی ئەو مادەیە بووم، من نازانم بۆ ئەو شانازییە بە هەندێ ئەفسەر بدەین کە لە ئەنفالیشدا بەشداریان کردووە ئەگەر مەبەست ئەو پێشمەرگانەن کە ئەفسەر بوون ئێستا گەڕاونەتەوە بوون بە ئەفسەر قەیدی ناکا، زۆر لە شوێنی خۆیەتی قەیناکە بۆ ئەو ئەفسەرانەی رۆڵی خۆیان لە جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد دا دیوە بابدرێتە وان، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــــومـــــــــــەن.**

من بەدواداچوونم لەسەر قسەی کاک بختیار هەیە دەڵێ وانییە، ئەگەر چاک سەیری بکات دەڵێ

(بعد وفاته تنتقل حكم الوثيقة) (حكم الوثيقة) چییه؟ خۆ ئێمە چەک بە کورەکەی نادەین و بەڵگەنامەی پێ دەدەین، بەڵگەنامە حکمی چییە؟ حوکمی ئەوەیە کە مۆڵەت پێدراوەکە شانازی بکا کە هی باوکی بووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆ وا تەماشای بابەتەکەمان بکەین ئەوەی بووە ئەفسەر لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی ئێمە، مانای ئەوەیە جێگای موتمانەی ئێمەو کوردو کوردستانە، ئەوەی پێشمەرگەش نەبێ پێشمەرگەیە، بوو بە پێشمەرگە لەپاشان حوکمی بەڵگەنامەکە دەگوێزرێتەوە بۆ گەورەترین کوڕی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە باس کرا.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رای کاک فرەنسۆ دەکەم، پێویست وایە ئەو شەرەفە تەنها بدرێتە پێشمەرگە، پێشمەرگە شیاوی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من و کاک فرەنسۆ زۆر کەم ڕامان یەک دەگرێتەوە، بەڵام ئەمجارە ( ١٠٠ ٪ ) پشتگیری رای کاک فرەنسۆ دەکەم حەق وایە، ئەو بڕگە هەمووی لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جگە لەوەی کاک فرەنسۆ گوتی مەسەلەی نێوان پێشمەرگەی کەون و تازە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەو ماددەیە بەلای منەوە هەڵگیرێ لەبەر هۆیەکی تریش. .کێ دەڵێ وارثی ئەو ئەفسەرە شیاوی هەڵگرتنی چەکە؟ لەبەر ئەوە لەبنەڕەتەوە ئەوە هەڵبگیرێ. وابزانم لە بارەی کۆمەڵایەتیشەوە دروست نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم گفتوگۆ لەسەر شتێک دەکەین کە لە یاسایەکەدا نییە، ئێمە ناڵێین چەکەکە دەچێ بۆ ئەو کابرایە، ناڵێین مۆڵەتەکە دەڕوات بۆ ئەو کابرایە، ئەڵێین ئەو ئیمتیازەی کە هەیە واتا هیچ نا، تەنها عەفوکردنە بە ( ٥٠ ) دینار دەنگدانمان لەسەر کرد، لەبەرئەوە شتێک نییە باسی ئەنفال و پێشمەرگە بکا، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــەن.**

بۆ کوڕە پێشمەرگە لەوە عەفو نەکرێ؟ بۆ کوڕە ئەفسەر وەریگرێ؟ بۆ ئەو بەڵگەنامەیە لای کوڕە پێشمەرگە نەبێ؟ بۆ لای ئەو کەسە نەبێ کە تا ئێستا خۆی بە کوشت داوە؟ کە شەرەفەو بەڵگەنامەیە و چەک هەڵگرتنە؟ سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــەن:**

وەک دابێک کە ئێمە دەنگ لەسەر شت دەدەین نابێ بۆی بگەڕێینەوە، ئەوە دابێکە لە پەرلەمان، ئێمە کە دەنگ لەسەر شتێک دەدەین و گفتوگۆی لەسەر دەکەین بەتایبەتی ئەم یاسایە لەرادە بەدەر گفتوگۆمان لەسەر کرد، ئێمە لەدەستەی سەرۆکایەتی، هەتا لەگەڵ هەردوو بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش قەناعەتمان ئەوە بوو کە بە رۆژێک، زۆر بەدوو رۆژ تەواوی دەکەین، گفتوگۆیەکی زۆر کرا، من بۆ برادەران تێبینیم هەیە کە گفتوگۆی مادە (١٢)مان کرد بۆ ئەوەی ئێستاکە کاک حـازم و کـاک عـەبدولخـالق و زۆر لە ئەندامـانی پەرلەمـان و لە حکومـەت و کـارمـەندو پلەتایبەتییەکانیش لەگەڵ ئەم رایەدا بوون، کە گفتوگۆی ئەوەمان کرد، چونکە ئەوان لەو مادەیە بەدەر (استثناء) دەکرێن لە مۆڵەتی (حیازەو حمل) و ئەو شتانە گفتوگۆیەکی باشیان لەسەر کراو بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، لە کاتێکدا ئەم دوو مادەکە کە ئەفسەر بەدەر (استثناء) دەکا بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــەن.**

من تێبینیم لەسەر ئەوەی کە نووسرا بە تێکڕا هەیە، تۆمار کراوە تیایدایە کەمن دژی مادەکە قسەم کردووە من داوا دەکەم بڵێن بە زۆربەی دەنگ بووە، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــەن.**

من داوای ئەوەم نەکرد کە ئەو مادە هەڵبوەشێتەوە، چونکە ئەوە دەنگی لەسەر دراوە و صیغەی یاسایی خۆی وەرگرتووە. من لەبەر ئەوە قسەشم کرد گوتم پێش یاساکە دەنگی لەسەر بدەین، ئێمە بواری ئەوەمان هەیە مادە زیاد بکەین و پێشنیاری ئەوەم کرد کە ئێمە شتێک دروست بکەین، بۆ ئەوەی وەزیرێک یا ئەندام پەرلەمانێک سبەی لە پەرلەمان دەردەچێ ئەندامیەتی کۆتایی پێ دێ لە وەزارەت نەمـــێنێ شـــتـــەکی وای بۆ بکرێ بۆ مـــەســـەلەی چەک وەک رێزلێنانێک بۆ خزمەتگوزارییەکانی، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــەن.**

ئەمەوێ تێبینییەک روون بکەمەوە ،دەربارەی برادەران کە ئێمە دەڵێین دەنگ لەسەر هەموو

یاسایەکە بدەین مانای ئەوە نییە بگەڕێینەوە سەر مادەکانی کە دەنگی لەسەر دراوە، چونکە ئەو مادانەی کە دەنگیان لەسەر دراوە حوکمی یاساییان وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک حازم لەگەڵ پێشنیارەکەیدا نیم، ئێمە نامانەوێ بۆ خۆمان بۆ پەرلەمان و وەزیرەکانی بکەین و خۆمان بێینە ریزی ئەو قۆمیسەرانە کە ئیمتیازیان پێ دراوە، ئێستا هەوڵی ئەوە دەدرێ کە ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان بێنە ڕێزی قۆمیسەرەکان کە ئەو مافەیان پێ دراوە، من لەسەر پێشنیاری خۆم سورم و مافی ئەوەشم هەیە بۆ دەنگ دانی گشتی لەگەڵی نابم تا ئەو مادەیەی لەناو بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو گوتمان ئەو یاسایە تەواو بوو، دە مادە رەزامەندی لەسەر کراوە و دەنگ لەسەر مادەکان دراوە دەمێنێتەوە هەر هەموارکردنێک لەسەر هەر مادەیەک هەر زیادکردنێک ئەوە بۆ «١٠» ئەندامی پەرلەمان هەیە داوای بکەن وەکو پێشینەیەکی یاسایی لەم پەرلەمانەدا حەق نییە کە ئێمە شت تەواو دەکەین بۆی بگەڕێینەوە، ئەمە ئەو بەندەیە لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، واتا بەندی (٣) لە مادە «٦٢» (يبدأ المجلس بمناقشة تقرير اللجنة المختصة ولجنة الشؤون القانونية حول مشروع القانون المقترح ثم يشرع بمناقشة مبادئه وعند اقرارها ينتقل الى مناقشة مواد المقترح والتصويت عليها مادة مادة) مانای ئەمە عورفێکی پەرلەمانییە کەیاساکە تەواو بوو، ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین و کە مادەکان گفتوگۆیان لەسەر تەواو بوو حەق نییە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەریان.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان جەخت دەکەمەوە کە بوار هەیە دەتوانین مادەی یاسایی زیاد بکەین، بەڵام ئەگەر نەیکەن ئەوە بابەتێکی ترە، بەرهەڵستی نییە، خۆ پێشنیارەکە بۆ بە تەنیا بۆ من نییە، من دەتوانم وەریبگرم و مەسەلەکەش ئەوە نییە ئێمەیش وەزیر و ئەندامی پەرلەمان بێینە ڕیزی قۆمیسەرو ئەفسەری پۆلیس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با (قاعدە)کە هەڵنەگرین، ئایا ئەوە باشتر نییە؟

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوە ناڵێم، چونکە من وەکو یاساناسێک دەبینم مادەکە صیغەی یاسایی خۆی وەرگرتووە، لەبەرئەوە من داوای ئەوە ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پرۆژەیە بدەن بە لیژنەی یاسا ، با وەک هەر پرۆژەیەکی تر ڕێڕەوی خۆی وەربگرێ سوپاستان دەکەین. یاسای چەک گفتوگۆ لەسەر کردنی تەواو بوو ، ئەوەی پێویست بوو لەسەری کرا. کێ لەگەڵ ئەم یاسایەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەم یاسایە پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین بۆ ئەم گفتوگۆیە هیوادارین بە زووترین کات بگات بە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەو گرفتەمان بۆ چارەسەر بکەن.

خاڵی دووەم: لە بەرنامەی ئەمرۆدا پرۆژەی یاسای کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستانە ، ئەگەر لیژنەی یاسا لەجێگای خۆیان بێنن.

واتا بەردەوام دەبین لەسەر خاڵی دووەم ،جەنابی وەزیری کاروباری تەندروستی لێرەیەو یاساکەش ناوی (یاسای کۆمەڵایەتی مانگی سووری کوردستان)ە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمەش (شازە)و لەدەستووری پەنجا بەپەنجا دەردەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پەرلەمان وەک ڕێزێک بۆ وەزارەتی کاروباری تەندروستی ناومان ناوە (الهلال الاحمر) ، ئەوە گرفتێک نییە ، یاسای (هیلالی احمر) یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەم ئەزموونە دیموکراتیە ، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر برادەران پشتگیریم لێ بکەن. کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لەسەعات «٩»ی بەیانی دەست بە ئیش بکات، نیو سەعاتێک پشوو بدەین تا سەعات (٢) بەردەوام بین سەعات (١٠) زۆر درەنگە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە ڕۆژی یەکەم کە دێین لە دوورەوە دێین ڕۆژی یەکەم سەعات (١٠) بێ، ڕۆژەکانی تر ئارەزووی خۆتانە حەزدەکەن سەعات (٨) بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە لەدەستەی سەرۆکایەتی باسێکی لێ دەکەین، پاشان ئاگادارتان ئەکەینەوە لە دانیشتنی ئاییندەدا کە سەعات چەند دەست پێ دەکات و چاودێری وەزعەکەش دەکەین.

با بێینەوە سەر بابەتی خۆمان، خاڵی دوو، بەرنامەی (یاسای مانگی سووری کوردستان).

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/

تاريخ القرار/

استناداً الى احكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وبناء على ما اقترحه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق وما عرضه وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق علية مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ (٢/١٠/١٩٩٣) اصدار القانون الآتي:

القانون رقم (١٥) لسنة ١٩٩٣

قانون جمعية الهلال الاحمر الكوردستاني لاقليم كوردستان العراق.

المادة الاولى: تشكل بموجب احكام هذا القانون جمعية باسم (جمعية الهلال الاحمر الكوردستانية) يكون مقرها العام في اربيل ولها فتح فروع في محافظات اقليم كوردستان العراق وتكون ذات شخصية معنوية مستقلة وتكون الوحيدة في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەنیسبەت منەوە یەکێکە لە ڕۆژانی خۆشیم کە ئێمە مانگی سوور (الهلال الاحمر)ی کوردستانیمان هەبێ، بەڵام ئەوەی من بزانم بەپێی یاسای نێو دەوڵەتان، دەبێ لەهەر وڵاتێکدا تەنها یەک کۆمەڵەی مانگیسوور هەبێ، واتا ئەگەر زامینکردنێکمان لە (هلال الاحمر الدولی) وەرنەگرتبێ چۆن دەتوانین یاسایەکی ئاوا دەربکەین؟ لەگەڵ ئەوەش من خۆم زۆر لەگەڵ ئەو یاسایەدام، بەڕاستی ئەوە بەشێکە لەو مافەی کە کورد دەبێ هەیبێ و ممارسەی بکات، بەڵام دەبێ ئەو لایەنە هونەرییە، یاساییەش روون بکرێتەوە پێش ئەوەی یاساکە گفتوگۆی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لێرە قسەم لەسەر (وحیدة)یە (وتكون الوحيدة في الاقليم) حەز دەکەم برادەران بۆم لێکبدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە یاسایە، دەبێ ناوە رەسمییەکەی وەزیری تەندروستی بنوسرێ، نوسراوە (مدير الصحة)

ناوەکـــە (وزير الصحة والشؤون الاجتماعية) ئەوەیە کــە (وتكون ذات شـخصية مـعنوية) و(الوحيدة في الاقليم) (تكون)ی دووەمی ناوێ.

قسەکەی برای بەڕێز کاک عەبدولخالقیش ئەم هاوینە لەگەڵ کاک عومەر شێخ موسا چووینە خاچی سووری سویدی لێپرسراوە کە لە جنێڤێش لێپرسراوی خاچی سووری جیهانییە پێشنیاری ئەوەی کرد کە کۆمەڵەیەکی مانگی سوور دروست بکەین لە کوردستاندا، بەڵام ئەو تەنیا شتێکی هەبوو گوتی ئێمە (خاچی سووری جیهانی) لەجنێڤ، ئێستا دان بە خاچی سووری ئەو شوێنانە دادەنێین کە هی دەوڵەتە، گوتی ئێستا ئێمە ئەندێشەیەکمان هەیە لە سەر ئەوەی کە عێراق مانگی سووری هەیە لەو ڕێگەیەوە یارمەتی ئێمە دەدەن، بەڵام رای زۆر هەیە کە ئیستا ڕێگا بدەن بە کوردستان مانگی سوری هەبێ، چونکە هەڵوێستی حکومەتی عێراق ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەراستیدا ئەو مەسەلەیەی کاک عەبدولخالق ئاماژەی بۆ کرد راستە مەسەلەیەکی یاساییە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو وەفدە پرلمانیەی ئێمە سەفەر بکەین بۆ دەرەوە زۆر شت لەسەر وەزعی (هلال الاحمر)هاتبوو وکە، چووینە دەرەوە لەگەڵ کاک دکتۆر سەعدی و شەهید فرەنسیس لە جنێڤ ئێمە خاچی سوری نێو دەوڵەتیمان بینی هەمان ئەو مەسەلەیە باس کرا، ئەوان راستەوخۆ بە ئێمەیان ئەگوت دروستی بکەن و ئێمە پشتگیریتان دەکەین، بەڵام ئەگەر کاک د.حەمە نجم لەوە زیاتر روونی بکاتەوە، چونکە ئەو بابەتانەی لەگەڵ ئەو لایەنانە باس دەکرد، بێگومان ئەویش قسەی لەسەر ئەو بابەتە هەیە، بەهەر حاڵ ئێمە وامان هەست کرد کە ئەوان لەو رایەدان کە ئێمە شتێکی وامان هەبێ یاخود ڕێکخراوێکی وامان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین هەندێ شت لە ڕێگەی ئەوەوە وەربگرین.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پرسیاری کاک عەبدولخالق و د.عیزەدین، راستە ئەو مەرجانەی کە پێویستە بۆ وەرگرتنی هەر کۆمەڵەیەکی مانگی سوور یان خاچی سوور دەبێ (١٠) مەرجی تیادا بێ، ئەو مەرجانەی کەوا هاودژی هەیە لەگەڵ وەزعی ئێمە وەزعی سەربەخۆییە، بەڵام لە مادەی (٧)دا لەو مەرجانەدا دەڵێ بەعەرەبی دەخوێنمەوە، چونکە ئەمە دەقی ئەو نووسراوەیە هی (صليب الاحمر الدولي)یەکە (شروط الاعتراف) ترجمە کراوە بە عەرەبی وە لە خاڵێکدا هاتوە باس دەکات کەوا (نزاع داخلي) هاتوە یان کەرت بوونێک هەیە یان شەڕی ئەهلی هەیە یان داگیرکردنێکی بیانی هەیە دەتوانرێ کۆمەڵێکی تایبەتی دروست بکرێ و لەو ناوچەیەوە دروست کردنی ئەو کۆمەڵەیە مانای نییە، ئەگەر دانپیانانی دەوڵەتان نەبی، مانای وا نییە مامەڵەت ناکرێ لەگەڵ وان، بەڵکو مامەڵەت

دەکرێ تەنیا دانپیانانە دەوڵەتییەکە دوادەخرێ تا ناکۆکی ناوخۆ چار دەکرێ، جا ئەگەر دەتانەوێ به عەرەبی بۆتانی دەخوێنمەوە.

الشرط السابع: (ان يمتد عملها ليشمل كافة اراضي الدولة، ان هذا الشرط يريد تأكيد مبدأ وحدة الصليب الاحمر والهلال الاحمر يمكن اعتباره مرتبطاً بثلاثة من الشروط المذكورة اعلاه ويجدر اذا بحث الاسباب التي تجعل الجمعية الجديدة غير قادرة على الاطلاع بنشاطها في كافة الاراضي الوطنية قد يكون السبب عدم كفاية تطور الجمعية على سبيل المثال عندما لا تكون الجمعية قد انشأ فروعاً لها في خارج العاصمة وهنا يجب استيفاء الشرط السادس) کە دەڵێ دەبێ لقی لە دەرەوەی پایتەخت هەبێ، لەبەرئەوەی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی هەیە فکری ئەوەیان دەکردەوە بۆ ئەوەی لقیان بکەنەوە لە هەولێر و سلێمانی، چونکە وەختێ ئەنفال وکوردستان وێران کردن کران مانگی سووری عێراقی لە کوێ بوو؟ (وقد يكون السبب عدم كفاية تطور الجمعية على سبيل المثال عندما لا تكون الجمعية قد نشأ فروعاً لها خارج العاصمة و هنا يجب استيفاء الشرط السادس في هذه الحالة يمكن الحصول على مساعدة مادية وفنية من اعضاء الحركة لتحقيق الغاية ولكن، قد يحدث ايضاً في بعض الاراضي الوطنية لانها لا تخضع لسلطة الحكومة بسبب احتلال اجنبي او اراضي اهلية او انشقاق وفي هذه الحالة لا يمكن الاعتراف بالجمعية الوطنية الى ان تتم تسوية السياسة لوضع الاراضي المعنية الى ان يتم تحقيق من استيفاء شرطين الاول والثاني) کە مانای سەربەخۆییە (والاعتراف الرسمي بجمعية ما قبل تسوية النزاع يعني بالضرورة اتخاذ موقف ازاء تبعية الاقليم المتنازع عليه وهو ما يتعارض مع مبدأ الحياد وعدم الاعتراف الرسمي بجمعية ما لا تمنع اعضاء الحركة من اقامة علاقات عمل مباشرة مع هذه الجمعيات ومن مساعدتها في اعمالها الانسانية كما هي مبينة اعلاه) جا بۆ دڵنیایی ئەمە وەکو سەرۆکی پەرلەمان گوتی ئەو وەفدەی کە رۆیشتین بۆ ئەوەی من ئەو شتانەم باش دەرس کرد بوو خستمنەروو، ئەوانیش لەوێ سەرۆکایەتی خاچی سووری جیهانی لە جنێف بوونکە راوێژکاری پزیشکی تیادا بوو، یەکسەر ئاماژەم بۆ مادەی (٧) کرد کەوا ئەو شتانە هاتووە گوتی قسەت زۆر راستە، ئێمە پیرۆز باییتان لێ ناکەین مانگی سوور دروست بکەن، بەڵام مانای ئەوە نییە کە یارمەتیتان نادەین مامەڵەتتان لەگەڵ ناکەین، ئەوە بەو جۆرە بوو لەوە زیاتر هیچ زانیاری ترم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەویش یەکێکە لەو مەسەلانەی کە من خەریکی بووم کە لە دەرەوە بووم، دوا بیروڕا بەرەسمی بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە ئەگەر هەردوو ناوەکە وەکو یەک بێ زۆر زەحمەتە لەناو چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا بن، دان بە دوو ڕێکخراودا بنێین، بەڵام گوتیان بۆ ئەو مەسەلەی کە

ئێوە داوای دەکەن دەتوانن گۆڕینێک بخەنە سەر ناوەکە لە جیاتی ناوی بنێن (جمعیة هلال الاحمر) دەتوانن ناوی لێ بنێن (جمعیة النجمة الحمراء الكوردستانیة) وەختی خۆشی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا لە حەفتاکان وەک بێتەوە بیرم، کۆمەڵەی ئەستێرەی سووری کوردستانی لە ١٩٧٤هەبوو، من دێتەوە بیرم شتێکی وا دروست کرابوو جا ئەگەر بیتو ئێمە ناوەکەی بگۆڕین کارەکەمان ئاسان تر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر، بۆ ناوەکە (جمعیة الهلال الاحمر العراقیة) ئەوەی ئێمە (جمعیة هلال الاحمر الكوردستانیة) وادەزانم ئەو گۆڕانکارییە لەوێ دەلیلی ئەوەیە کە دوو کۆمەڵەی جیاوازن، با بزانین وەزیری تەندروستی چی دەڵێ؟..

**بەڕێز د.کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە ئەرکی نزیکەی (٩) مانگە لە هەموو لانێکەوە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، یەکەم پرسیار ئەوەبوو، کەوا کاک عەبدولخالق ئێستا ئاماژەی بۆ کرد، ئایا دەستوری مانگی سووری دەوڵەتان ڕێگا دەدات یا نادات، ئێمە دەبێ سەیری مەسەلەکە بکەین، بزانین جارێ ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە یان نا؟ پاساوی بیرکردنەوە لەپێکهێنانی ئەو کۆمەڵەیە ئایا چییە؟ ئێمە دەمانەوێ وەک ئارەزوویێک کۆمەڵەی تری هاوتا (ردیف) پێک بهێنین لە تەنیشت مانگی سووری عێراقییەوە، یان چونکە مانگی سووری عێراقی بەدەوری خۆی هەڵناسێ، ئێمە دەمانەوێ هاوتا (ردیف) پێک بهێنین تا بیر بکەینەوە لە گۆڕانکاری لەناوەکەی، ئێمە دەمانەوێ ئەو مانگی سوورە بەراستی خزمەتی کوردستان بکات لەو قۆناغەدا کە وا ئێستا ئێمە تێیداین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزم کرد نموونەیەکی تر کە ڕەنگە لەسەر ئێمەش پیادە بکرێ وەک وەزیری تەندروستی ئاماژەی بۆ کرد کە مانگی سووری فەلەستینییە، مانگی سووری فەلەستینی دانی پیاهاتووە و ئەندامە لە یەکیەتی خاچی سوور ومانگی سوری دەوڵەتاندا لەچادرگەکانیشدا ئیش دەکات و لە خاکی داگیرکراویشدا ئیش دەکات خاکی داگیرکراو، واتا ئەوەی ئێستا بەشێکە لە سنوری ئیسرائیل لەوێ مانگی سوور ئیش دەکات و نووسینگەی خۆی هەیە و لە هەمان کاتدا لە خیوەتگادا کار دەکات، وەزعی ئێمە زۆر خراپترە چونکە عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا بڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە بارەگاکانی ئەو ڕێکخراوانە بۆچی دەبێ هەمووی لە هەولێر بێ؟ شارەکانی

کوردستانیش تایبەتین وگرنگی خۆیان هەیە، بۆچی هەندێ لەو بارەگایانە دابەش نەکرێ بەسەر شارەکانی کوردستاندا؟ ئەمەیەک، دوایش بۆ ڕێکخراوەکە بۆ دەسەڵاتی خۆ نەبێ بارەگای گشتی خۆی هەڵبژێری، دووەم پشتگیری قسەکەی وەزیر خۆی یەکێتی پزیشکانی کوردستان بڕیارێکیان دەرکرد لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانە، هەندێ لەو کاربەدەستانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا لەڕێی ڕێکخراوی مانگی سووری خۆیانەوە کە دەرمانەکان نانێرن بۆ کوردستان هەر لە بەغداوە هەموی دابەش دەکەن بەسەر رژێمی بەغدا، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم بپرسم ئەگەر بێتو ئەو مانگی سووررە بکەین بە ئەستێرەی سوور چی تێدایە؟، خۆی لەدەرەوە ئەو جۆرە ڕێکخراوانە، ناوی خاچی سوورە و لێرەدا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا کردوویانە بە مانگی سوور، لەسەرەتاوە بەناوی خاچی سوورەوە دامەزراوە، لیژنەی یاسایی ئەمەمان بۆ روون بکاتەوە بۆچی هەر مانگی سوور بێ و ئەستێرەی سوور نەبێ؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم زۆر قسە کرا، دوو کەس ماون، کاک عەدنان و کاک فەلەک با ئەوانیش بفەرموون قسەی خۆیان بکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی لایەنە یاساییەکەی ئەمەی بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی زیادی کرد، ئێمە یەکەم لە بەیانی فیدرالی مافی ئەوەمان داوە کە هەندێ لە دەستەڵاتی ناوەندی بەڕێوەببەین، نموونەشمان هەیە بۆ ئەمە، بەڵام بابەتی مانگی سور شتێکی ترە، ئەوە لانی یاساییە و بەبۆچوونی من ئێمە نابێ لەمە بترسین تێبینی دووەم دەربارەی ناو گۆڕینەکە کاک د.کەمال وتی وەکو جەنابت روونتکردەوە، مانگی سوور نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە، ئەسێرە بچوکترە ئەستێرەی کوردستان زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ١٩٧٤دا کۆمەڵەی مانگی سوور دامەزرا و رەنگە ئەندامانی ئێستاش مابن لە کوردستاندا ئەمە یەکەم هەوڵ بوو بۆ ئەو کاتە منیش بەشدار بووم لە گفتوگۆکەی وەکو گفتوگۆی ئێستا باس کرا، ئەم پرۆژەی یاسایە بەلای منەوە، وەکو خۆی باس بکرێ، بەو ناوە کە هاتووە کۆمەڵەی مانگی سوری کوردستان مافی خۆمانە من بەتەواوی پشتگیری وەزیری تەندروستی دەکەم ئەم بۆ چوونە زۆر راستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر تێبینی هەبوو لەسەر ئەمە؟..

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لە سەر وشەکە قسەیەکم هەیە، ئێمە بەگوێرەی زاراوەکان مانگمان هەیە، هەیڤمان هەیە وابزانم ئێمە لە وەرگێڕانی کتێبێکی سەرەتایی تیایەتی ئەڵێ (الشهر القمری) بە عەرەبیەکە ویستمان بیکەین بە کوردی سەیرمان کرد تووشی گرفت دەبین، دەبێ بڵێین مانگی کە زانیمان لە بادینان وشەی هەیڤ هەیە وشەیەکی جوان و سوکەڵەیە مۆسیقای تیایە، وەکو پێشنیار هەر وامان دانا بڵێین لە جیاتی مانگەکە، (هەیڤ) دابنێین ئەو کردوویەتی بە (هلال) دەبێ ئێمە بڵێین (مانگی یەک شەوە) ئەوەش دەبێ بە دوسێ وشە، بەڵام وشەی (هەیڤ) دەیبڕێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زیاتر روونکردنەوەی قسەی کاک فەلەک، کۆمەڵەی مانگی سوری کوردستان تا ئەم ساڵانەی دوایی هەبو لەوانەیە ئێستاش (جەرجیس فەتحوڵڵا) بەوناوەوە ئیش دەکات زۆر ئیشی بۆ خەڵک لە سەفارەتەکان و ئەوانە کردەوە بەتایبەتی کە لە ئێران بوو، ئێستاش لە سویدە مۆرەکەی لای ئەوە ئیشی پێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەمەی کاک د.حەمە نەجم وەزیری تەندروستی بەراستی شتەکەیان باش شی کردەوە و بەلای ئێمەوە گۆڕانی ناوەکەی بۆ ئەستێرەی سور نەبێ، ئێمە کە دەمانەوێ هەر بە ناوی مانگی سووری کوردستانی بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها لانی زمانەوانیەکەی دوایی دابڕێژرێ، پرسیارەکە ئەوەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (٢) تكون للجمعية اشارة معينة من احمر على ارضية بيضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش دروشمێکە وادەزانم لە هەموو جێگەیەک هەیە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو هێمایە دەق هێمای مانگی سووری عێراقییە، بەبۆچوونی من پێویستە هێمایکی تێدابێ، تایبەت بە کوردستان بێ مەسەلەکە جیاکردنەوەیەکی تێدا بێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە مانگی سووری عێراقی ئەو هێمایە هەیە، چونکە مانگی سووری عێراقی لە مانگی سووری جیهانی وەرگرتووە هەمووی جیهانییە، بۆیە دەمانەوێ وەکو یەک بێ چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٢)، وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ مادە (٢) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة «٣» تلتزم الجمعية بالمباديء الأساسية المتبعة من قبل جمعيات الصليب الاحمر والهلال الاحمر الدولية وهي:

١- الانسانية: تسعى الجمعية لتقديم المساعدات الانسانية للمحتاجين دون تمييز وتعمل جاهدة لمنع المعاناة البشرية وتخفيفها حيثما وجدت وكذلك حماية الحياة والصحة وضمان احترام الشخصية الانسانية وتعزيز التفاهم المتبادل و الصداقة والتعاون والسلام الدائم بين الشعوب.

٢- عدم التحيز: لا تفرق الجمعية بين الاشخاص على اساس جنسياتهم أو عرقهم او دياناتهم او وضعهم الاجتماعي او السياسي وكل ماتسعى اليه هو تقديم المساعدة للاشخاص حسب معاناتهم مع اعطاء الأولوية لأشد الحالات الحاحاً.

٣- تلتزم الجمعية بالحياد في العمليات الحربيةو تحافظ على كسب ثقة الجميع ولاتشترك في أي وقت في الخلافات ذات الطابع السياسي والعنصري او الديني او المذهبي.

٤- الاستقلال: الجمعية مستقلة وتحافظ على هذا الطابع التي يسمح لها دائماً بالعمل وفق مبادئها باعتبارها معاونة للسلطات العامة في انشطتها الانسانية وخاضعة لقوانين الأقليم.

٥- التطوع: الجمعية حركة اسعافية تطوعية لا تعمل من اجل مصلحة ذاتية.

٦- العالمية: تلتزم الجمعية بالحركة الدولية للصليب الاحمر والهلال الاحمر كحركة عالمية لتكون لها حقوق متساوية وعليها واجب التعاون مع الجمعيات الاخرى.

**بەڕێز د.حـەمـە نەجم حـەمـە فـەرەج جـاف:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی مادەكان ئەو مادەیە تەواوە راستییەكەی خۆی (٧) مادەیە، مادەی( ٧) (الوحدة) ئێمە لێرە باسمان نەكرد ئەمەی كەوا لەو یاسایە دەرچووە لە (الاسباب الموجبة) ئێمە باسی ئەوەمان نەكردووە، لەبەرئەمە باسی ئەوەیان نەكراوە، لە یاساكە ئەبێ مادەی حەوتەمی تیا بێ یائەوەتا بڵێین لە (اسبابی موجبە) باس كراوە یا تەمەشا كە پشتگوێمان خستووە لە (الاسباب موجبة)دا ئەوەی بیخوێنێتەوە لێی تێ دەگا دەزانی چییە؟، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

واتا لە (١-٦) جیهانییە، دەبێ هەبێ.

**بەڕێز حـەمـە نەجم حـەمـە فـەرەج جـاف:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

شتێكی تر هەیە لە خاڵی سێ یەم كە دەڵێ (الحیاد) پێویستە لەپێشەوە بنوسرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر تێبینی هەیە.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

خاڵی (٧) كە (الوحدەیە) لەمادەی «١» ئەگەر تەماشا بكەن هەیە.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ئێستا مادە (٣) وابزانم كاك د.حەمە نەجم روونی كردەوە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

من پرسیارێكم هەیە كە چۆن بەرهەڵستی موعاناتی مرۆڤ دەكەن؟ سوپاس.

**بەڕێز حـەمـە نەجم حـەمـە فـەرەج جـاف:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی موعـاناتی مرۆڤ، ئەگەر كارەساتێكی وەك لافاو وبلەرزە ببێ، گەر بتوانین بەرهەڵستی دەكەین بەنسبەتی نەخۆشییەك ئەوە موعـاناتی بەشرە، تۆ ئەچی دەرزی لێ ئەدەی، یان یارمـەتی دەدەی مەرج نییە تەنیا هەر شەڕ بێ و بەرهەڵستی بكەی، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ئاشكرایە كە مانگی سوور كەم كردنەوەی كێشەكانی مرۆڤە، بۆ نموونە ئێستا ئەنفال كراومان هەیە خەڵكێكی زۆر موعـاناتیـان هەیە، ئەگەر رێكخراوی مـانگی سوورمـان هەبوایە یارمـەتی ئەو كەسانەیان دەدا كە دەستكورتن یان نەساغن ولەموعاناتیانی كەم دەكردەوە.

ماده (٣) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المادة/ ٤ تتولى الجمعية المهام التالية:

١- التعاون مع جمعيات الهلال الاحمر والصليب الاحمر في العالم و مع المنظمات التابعة للامم المتحدة وذلك من اجل تحقيق الاهداف الانسانية.

٢-التعاون مع المنظمات الخيرية في العالم والتنسيق معها لتقديم المعونات والمساعدات الانسانية الى الاقليم.

٣- العمل على ايصال المساعدات والمعونات التي ترد الى الجمعية مختلف المنظمات وجمعيات الاغاثة واية جهة اخرى الي المعوزين والمحتاجين وتخفيف معاناتهم.

٤- العمل على مساعدة عوائل شهداء الحركة التحررية الكردستانية وضحايا الانفال والقصف الكيماوي لقرى ومدن كوردستان ومشردي علميات تهجير القسرى.

٥- الاتصال باللاجئين من انحاء كوردستان العراق المجودين في الدول المجاورة ومناطق اخرى عن طريق الصليب والهلال الاحمر في تلك الدول لتحسين احوالهم المعاشية وتسهيل عودتهم الى الوطن.

٦- الاتصال بالاسرى من ابناء الاقليم الموجودين في خارج الاقليم بالتعاون مع الهلال الاحمر والصليب الاحمر الدولي والعمل لاطلاق سراحهم وعودتهم الى الوطن ومساعدة أسر المفقودين وضحايا الحروب والكوارث.

٧- التعاون مع المنظمات الدولية والمنظمات الكوردستانية والدوائر التابعة لحكومة الاقليم من اجل اعادة تعمير القرى والمدن الكوردستانية المهدمة. وتشجيع اهاليها للعودة وتوفير المتستلزمات الضرورية الحياتية لذلك.

٨- توفير الادوية والمستلزمات الطبية الضرورية للمستشفيات و المراكز الصحية في الاقليم بالتعاون مع جمعيات الهلال والصليب الاحمر والمنظمات الخيرية الاخرى.

٩- نشر الوعي الصحي بين مواطني الاقليم والاهتمام بالحفاظ على البيئة وسلامتها.

١٠- مساعدة الجرحى وضحايا الحرب بموجب اتفاقيات جنيف وتخفيف آلامهم بكافة الوسائل الممكنة وذلك بالتآزر مع الجهات والهيئات المختصة.

١١- زيارة السجون والمعتقلات ومحاولة تأمين المستلزمات الضرورية لنزلائها وتحسين أوضاعهم.

١٢- مساعدة المعوقين بتوفير المستلزمات الضرورية لمعالجتهم وتأهيلهم لدمجهم مع المجتمع لتخفيف معاناتهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ مادە/ ٤.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئەندامانی بەڕێز ئاگادار بن لە برگە (٤) (تجهیر) نوسرایە، بەڵام (التهجیر)ە (العمل علی مساعدة عوائل شهداء الحرکة التحرریة الکردستانیة وضحایا الانفال والقصف الکیمیاوي القری ومدن کوردستان ومشردي عملیات التهجیر القسري).

٥- الاتصال باللاجئیین من أنحاء کوردستان (من ابناء کوردستان)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الاتصال باللاجئین من ابناء کوردستان) مادە (٤) ئەگەر لیژنەی تەندروستی بەگشتی هیچی هەیە لەسەر ئەو مەبدەئانە بابفەرموون.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم مەبدەئانە ئەمە پرۆگرامی مانگی سوورە، بەگوێرەی ئەو گیروگرفتانەی ئێستا هەمانە دەزانن لەبەر ئەو خاڵانە لەوانەیە زیاد بێ لەوانەیە کەم بێ بەگوێرەی ڕەوشەکەمان، بە مەرجێک لە دەسەڵاتی یا ئیشی کۆمەڵەی مانگی سووری جیهانی دەرنەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەمە ئاگاداری کۆمەڵەی مانگی سووری جیهانییە.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا مەسەلەی ڕەوشی خۆمان باس دەکەین، دەبێ ئاگامان لەو شتە بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٤) برگەی (٩) (نشر الوعي الصحي بین مواطني الاقلیم والأهتمام بالحفاظ علی البیئة وسلامتها). لەم برگەیەدا دوو بابەتی گرنگ هاتووە. لەهەمان کاتدا دوو بابەتی لێکتر جیان، واتا بڵێین بەلایەنێک یان کۆمەڵە خەڵکێک ئێستاکە جێ بەجێ ناکرێ، لەبەر گرنگی هەردوو بابەتەکە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێنجەم: (الاتصال باللاجئیین من ابناء کوردستان )پێشنیار دەکەم وشەی (العراق) زیاد بکەن

(الاتصال باللاجئين من ابناء كوردستان العراق الموجودين في الدول المجاورة)، وشەی العراق زیاد بکرێ پاش وشەی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم نییە، تەنها پێشنیارم هەیە لێرەدا خاڵێک زیاد بکەن بڵێین (تعمل عن كشف مصير المعتقلين والمفقودين من ضحايا الانفال)، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیستفسارێکم هەیە لە بارەی بڕگە (٧)، (التعاون مع المنظمات الدولية والمنظمات الكوردستانية والدوائر التابعة لحكومة الاقليم من اجل اعادة تعمير القرى والمدن الكوردستانية المهدمة)، لێرەدا ڕۆڵی مانگی سوور چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەم لەسەر بڕگە(٢)ی مادە ی(٤ )هەیە کۆمەڵەکە خۆی وا هێشتۆتەوە کە تەنها وەردەگرێ و نادات، وا باشە ئەمە روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران قسەیان کرد، ئەگەر جەنابی وەزیری تەندروستی شتێکی هەبێ بابفەرموێ.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو خاڵانەی برادەران باسیان کرد یەکە یەکە بەسەریان دائەڕۆم، خاڵی (٢) (التعاون مع المنظمات الخيرية في العالم والتنسيق معها لتقديم المعونات و المساعدات الانسانية الى الاقليم) یانی ئەوە هەردوولا دەگرێتەوە هەر ئەوە نییە کەوا ئەگەر پێویست بکات بتوانین بەگوێرەی توانا یارمەتی ئەوان بدەین، دەربارەی بڕگە (٤) برادەران باسیان کرد وتیان دەربارەی ئەنفالکراوەکان چیان کردووە، دەوریان چییە؟ یانی یارمەتی دانی ئەو خەڵکە، جا هەندێ نەخۆشی بڵاوبۆتەوە، لەناو شەهید وئەنفالکراو و بۆمبا بارانی کیمیایی و وەزعی ئابوری خراپە یارمەتی ئەوانە دەخرێتە پێش چاو، دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ئەو خەڵکە ڕاستە پێویستی بە ئاوە و بەنانە کە ئەچێتەوە سەر زەوێکی رووت، خەستەخانەشی تیا نییە پێش ئەوەی خەڵک بچێتەوە یارمەتی بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەمەی د.حەمە نەجم باسی کرد، لەڕاستیدا مەسەلەی ئاوەدانکاری لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانی

هاواهەنگی تایبەتیمان کرد، کە نەخشە بۆ گوندێک دابندرێ کە ئاوەدان بکرێتەوە بزاندرێ ناوەندی تەندروستی لە کوێ ئەبێ وچۆن ئەبێ، دوایی مەسەلەی مانگی سوور لە مەسەلەی تەندروستی ئیشەکەی فراوانترە، چونکە هەتا جلوبەرگیش گرنگیەکی هەیە، لێرە دەوری مانگی سوور یارمەتییە، پەیوەندی بە وەدا نییە، بە نسبەت قوربانی یە کانی ئەنفال زۆر دەربڕین هەیە هەموو بەلێکدانەوەیەک دەگرێتەوە لێرەش ئەتوانی بڵێی ئەو خاڵەکە هاتووە (ضحايا الانفال من المعتقلين) دوای ئەوە دانێین و (عودتهم الى وطنهم ومساعدة اسرى المفقودين) لەگەڵ ئەوە (والمعتقلين من ضحايا الانفال)، ئەویش ئەتوانین زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک د.حەمە نەجم وەڵامی پرسیارەکانی داوە، وابزانم هیچ شتێک نییە کە ئێمە زیادی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە ئێمە دێینەوە سەر ئەو مادەیە مادە (٤).

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینییەی کە هاتبو کەوا ئێمە هەر باسی کوردستان دەکەین ئێمە وەردەگرین، نادەین، وابزانم بڕگە (١) ڕاستەو خۆ باسی ئەوە دەکات (التعاون مع جمعيات الهلال الاحمر والصليب الاحمر في العالم مع المنظمات التابعة للامم التحدة وذلك من اجل تحقيق الاهداف الانسانية)، واتا لێرە دا روونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها ئەمێنێتەوە زیاد کردنی (حكومة العراق).

**بەڕێز جەلال جوهەر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ژینگەی دانیشتوانی عێراق هەیە، واتا بۆ کۆمەڵێک ئاوارەی کورستان هەبێ لە ئێران بۆ ئەم کۆمەڵەیە نەبێ بچێ یارمەتیان بدات. پێم وایە دوو مافی دەکەوێ، مافێکی ئەوەیە کە جمعیەتێکی کوردستانییە، پێم وایە هی خەڵکی ئاوارەی کوردستانە لە هەر پارچەیەک بن، لە رووی مرۆییەوە مافی خۆیانە، یا خەڵکی ئاوارە لە هەر چ وڵاتێک بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبیر مەکەن ئەم کۆمەڵە مۆرکی نیشتمانیی جیهانی پێوەیە، بۆمان نییە ئێمە لە سنور لابدەین لەو رەوشەی کە ئێستا تێیدا دەژین شێوەی تایبەتی هەیە ولەسەر ئەم بنەمایە دروستی دەکەین، لە تورکیا یا لە ئێران لەوێ مانگی سووری خۆیان هەیە، ئەگەر کارەساتێک خوانەخواستە رووی دا

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەم کۆمەڵەیە دەتوانێ هاوکاری خەڵک بکات، بەڵام لەبیر مەکەن یاساکانی دەوڵەتان هەر ئەوەندە بوارمان پێ دەدات، دێینەوە سەر مادەکە پاش ئەو دوو تێبینییەی کە جێگیر کران و زیاد کردنی وشەی (عێراق) و ئەو هەموارانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە «٤» وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/٥: يتألف الهيكل التنظيمي للجمعية كالاتي:

١- الاعضاء الاصليون هم الاعضاء الذين يدفعون بدل الانتماء والاشتراك السنوي ويحق لهم الترشيح للهيئة الادارية والمشاركة في انتخاباتها والتصويت على قراراتها.

٢- الاعضاء المؤازرون هم المواطنون الساكنون في الاقليم والاجانب الذين يشتركون في نشاطات الجمعية طوعياً ولا يدفعون بدل الانتماء ولا يحق لهم الترشيح والتصويت.

٣- الاعضاء الفخريون هم الاعضاء الذين يمنحون لقب عضو الفخري من قبل الهيئة الادراية لقيامهم بتقديم اعمال جليلة للجمعية.

٤- الهيئة العامة: تتكون من جميع الاعضاء الاصليين والموءازرين والفخريين.

٥- الهيئة الادارية، تتكون من تسعة اعضاء وعضوين احتياط ينتخبون من قبل الاعضاء الاصليين وينتخب اعضاء الهيئة الادارية من بينهم رئيسا ونائبا للرئيس وسكرتيراً.

٦- تجتمع الهيئة العامة كل سنتين لانتخاب الهيئة الادارية او بطلب من ثلث الاعضاء الاصليين عند الاقتضاء والضرورة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٥) ئەویش وابزانم بەشێکە لەو سیستەمە جیهانییە ویەکێکە لەو ئەو مەبدەئە گشتیانە.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە شتێکی جێگیرە، شتێکمان نییە لە لیژنەکەمان زیادی بکەین جیهانییە وچەسپاوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ راستە جیهانییە، بەڵام ئەندامانی ئەسڵی چ کەسن و چ فئەتن وچ بڕوانامەیەکیان هەیە؟ ئەوانە باسی نەکراوە با روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەشێک لە قسەکانم کاک ئیبراهیم کردی مەرجی ئەندامیەتی لەو کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستانی چییە؟ دووەمیش لێرەدا دەڵێ لە بەندی دووەم (ولا یحق لهم الترشیح والتصویت)، لە هەمان کاتدا دەستەی گشتی بریتییە لە ئەندامی ئەسڵی و فەخری ئەگەر مافی پالاوتن و دەنگدانیان نەبێ ئەدی بۆ چی ئەندامن؟ سوپاس.

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بێگومان یاسا چەند کورت وبەکەڵک بێ، خۆشترە و ئەندامی ئەسلی کە دیاری نەکراون دەسەڵاتیان چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.حـەمـە نەجم حـەمـە فـەرەج جـاف:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی ئەندامانی (مؤازر) ئەگەر هەردوو ساڵ جارێ داوەت ئەکرێ بۆ دەستەی گشتی، مانای وانییە ئەو داوەتە بۆ هەڵبژاردنە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مادە (٥) کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ مادە (٥) وەک خۆی مایەوە..

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

المادة/ ٦ تتکون مالیة الجمعیة من:

١- بدل الانتماء واشتراك اعضاء الاصلیین.

٢- الهبات والتبرعات والوصایا.

٣- استثمار الجمعیة من الاموال المنقولة وغیر المنقولة.

٤- ریع الحفلات والمعارض و المسابقات.

٥- مساعدات الجهات الحکومیة.

٦- مساعدات الجمعیات والمنظمات الوطنیة والاجنبیة.

**بەڕێز د.عـیـزەدین مـسـتـەفـا ڕەسـول:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بڕگەی دووەم (الهبات و التبرعات)، پێشنیار وا بوو (الموقوفات)ی بێتە سەر، چونکە کۆمەڵێکی خێرخوازەو خەڵک لەوانەیە قەناعەتی پێ بکەن خانوو موڵک بکەن بە (وقف) بۆ ئەو کۆمەڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(والوصـایا) هەر (وقف) دەگـرێتـەوە، چونکە (وقف و وصـایا) ئەبێ تایبـەتی بێ بەوەی کـە وصایانە و کۆمەڵە دەبێ تایبەتی بێ بەو کۆمەڵەوە وەکو رایەکی گشتی، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڵام وابزانم وصـایا (وقف) دەگـرێتـەوە، ئەگـەر لیـژنەی یاسـا شـتـێکی نییـە لەسـەر ئەم روونکردنەوانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. (دەست بەرزکرایەوە).. کێ لەگەڵ دا نییە؟ .. بە زۆربەی دەنگ وەک خۆی مایەوە.

**بەڕێز شـێــروان ناسح عــەبدوڵڵا حــەیدەری:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

المادة/ ٧ للهیئة الاداریة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مـاوە بدەن پێش ئەو مـادە پێـشنیـارێک هاتووە دەڵێ: کـەل وپەل و ئەو شـتـانە کە هی کۆمـەڵەی مـانگی سـووری عـێـراقـیـە، ئەمـە کێ مـافی هەبێ بەکـاری بێنێ؟ ئایا بدرێ بە مـانگی سـووری کوردستانی؟ ئەگەر بدرێ وابێ مادەیەکی بۆ تەرخان بکرێ.

**بەڕێز کەمـال شـاکر محـەمـەد/وەزیری تـەندروسـتی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە لەڕاستیدا ئەو مەسەلەیە جێی باس و گرنگی پێدانمان بوو، بەڵام ئەو شتەمان نەویست یەکەم شتێکی راپەڕاندنە نەمان ویست لە پرۆژەکە وەک یاسا دابنێین دوایی نەمان ویست شتێک لە یاسا دابنێین چار کردنی پێویستی بە هەنگاو هەنگاو بێ، چونکە ئەو مەسەلەیە چۆن لەسەرەتاوە دەڵێ ئەگەر بیکەنە مەسەلەیەکی انقلابی ئەوە کاریگەری لەسەرمان دەبێ، بۆیە بیرمان کردۆتەوە کـە تـەکـتـیـکی تایبـەتی دەوێ بۆ چارەسـەرکـردنی مـەسـەلەی مـانەوەی کـۆمـەڵەی مـانگی سـوور وشتومەکەکانی بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پشـتگیری قسـەکانی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەم، لەو یاسایەدا نابێ بەزەقی ئەم جۆرە شتە هەبێ، دووەم کـۆمـەڵەی مـانگی سـووری عـێـراقی کـۆمـەڵەیەکـە کـە دانی پیـانراوە لەدەوڵـەتانەوە وکۆمـەڵەکانی مانگ وخاچی سووری دەوڵەتان مرۆیین، خۆ نابێ ئێمە دەست درێژی بکەینە سەر

شتومەکی ئەوان لێیان بسەنین، دوور نییە سبەی ئێمەش هەنگاو بەهەنگاو هاریکاریان لەگەڵدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.نەبەز عەبدولرەزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەی کاک حازم وتی ئەوە لەگەڵ مادە«١»دا لێک دەدا بڵێین (وتكون الوحيدة في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش حەزم کرد ئەو رایە بە کاک حازم بڵێم، مادە(١) باسی مانگی سووری خۆمان دەکەم (تكون ذات شخصية معنوية مستقلة) ئەنجا بڵێ (الوحيدة في الاقليم).

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەوە نییە ئەوە ڕاستە، بەڵام نابێ ئێمە کۆمەڵەی مانگی سووری تر بێ یارمەتیمان بداتێ، ئێمە ئێستا رازی نابین مانگی سووری تورکی یارمەتیمان بدات بەهاواهەنگی وهاریکاری لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان هەمان شت مانگی سووری عێراق لەوانەیە دەبێ هاریکاری بکا لەگەڵ مانگی سووری تورکی، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سایبر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێچەوانەوە من دەڵێم لقی مانگی سوری عێراقی بهێنێتەوە تاکو خۆی باری هەڵدەگرێ، داوا بکەین لە مانگی سوری عێراقی هاوکاریان لەگەڵ دا بکەن وەکو ڕێکخراوێکی تری جیهانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە یەک پرسیار دێتە پێش ئەگەر بەڕێز د.کەمال باسی بکات.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵام دانەوەی پێشنیارەکەی منە کە وتم ناوەکە بگۆڕن، وەڵامەکە وابوو کە ئەم کوردستانییە ئەم (عراقية وحيدة في الاقليم) ئەگرێتەوە وەکو لێرەدا هەیەو هەر ڕێکخراوێک هەقی نییە بڵێ ئەمن شتومەکی ئەو ڕێکخراوەی ترم دەوێ دەبێ ئەوڕێکخراوە خۆی حەل بکات، خۆی بڕیار بدات کەل وپەلی خۆی بدات، لەبەرئەوە ئەو مەسەلەیە بەستراوەتەوە بە دوارۆژی مانگی سووری عێراقی کە چی بەسەردێ، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

کە ئەمە دەڵێین هی (الوحيدة في الاقليم)، مەبەستمان ئەوە نییە بەتەنیا ئیش بکات، مانگی سووری تریش بێ ئیش بکات، بەڵام نامانەوێ مانگەکەی تر لە کوردستان هەبێ و دروست ببێ، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال شاکر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەڕاستـیدا من دەڵێم نامـانەوێ لە یاسا باسی چارەنووسی مـانگی سـووری عـێـراقی بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مـادە (٦) وابزانم گفـتوگۆمـان تەواو بوو، ئێستا مادە (٧) دێت گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، ئەو تێبینیـانە لەنێوان مـادە (٦و٧)یش بـوو، ئەگـەر وتمان بتـوانین مـادەیەک زیاد بکرێ بابەتی کـەل وپەل، بەڵام بە رای برادەران ئەو بابەتە بمێنێتەوەو بە ڕێنمایی تایبەتی چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕاستی ئێستا مادە (٧ ) بۆمان دەسەلمێنێ ئەو قسەی کاک ئیبراهیم کردی لەمادە«٥» زۆر ڕاست بوو، کێ ئەندامە ئەسڵییەکان دیاری دەکات؟ ئێستا تەماشای مادەکە بکەین دەڵێ «للهيئة الادراية اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون» دەستـەی بەڕێوەبەر کێ دیاریان دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال شاکر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەستەی بەڕێوەبەر دەستەی گشتی هەڵدەبژێرێت لێرەدا لە پەیکەرەکەدا هەیە، دەستەی کارگێری، دەستەی گشتی هەڵی دەبژێرێ، مانای وایە ئەو هەڵبژاردنە شەرعییە، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وەکو هەمـوو ڕێکخراوێک دەستـەیەکی دامەزرێنەر دادەمەزرێ، ئەو دەستەیە ئەوکارانە جێ بەجێ دەکات دەستەی گشتی کۆدەبێتەوە، دەستەی کارگێری نوێ هەڵدەبژێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە کاتی خۆی لە پرۆژەکە هاتبوو کـە دەستەی ڕاوێژکاری کە لەوەزارەتی تەندروستیـدا هەیە ئەو ئیش بکات بەسـەرۆکـایەتی بەڕێز وەزیر، ئەو دەست نیـشـانی بکات، چونکە ئەوان لە کـۆمـەڵە پسپۆڕێک پێکهاتون، ئەوان دەتوانن ڕۆڵێک لەو بابەتە دابیینن، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی وەزارەتی تەندروستی ئەم ئیشەی کردووە، چونکە ئەمە نزیکترین وزارەتە کە پەیوەندی هەیە بەم ئیشە وە، ئەگەینا ئەم کۆمەڵە بەشێک نییە لەوەزارەتی تەندروستی، سەربەخۆیی تەواوی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی ئەو دەستورەی ئامادە کردوە بۆ خۆی سەربەخۆ جێگری کۆمەڵەی مانگی سوری داناوە، بۆیە هەست بە بۆشاییەک دەکات دەست نیشان نەکراوە، کێ یە ئەو دەستەیە پێک دێنێ؟ ئەبێ دەستەیەک هەبێ، رایبگەیەنێ کە خەڵک بێنە ناو کۆمەڵەکەوە، ماوەیەک دانێن بۆ هەڵبژاردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەختیار تێبینییەکەی ئاشکراو روونە، چ قسەی تر هەیە؟

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە مادەیەک زیاد بکرێ و بگوترێ (يخول وزير الصحة اصدار التعليمات اللازمة في هذا القانون وتشكيل الجمعية) وەکو کارێکی راپەڕاندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم گرفتەکە ئەمەیە، وەکو برادەران دایانناوە ئەوەی کاک د.کەمال وتی وایە خۆی ئەبێ لیژنەیەکی ئامادەیی هەبێ گرفتەکە ئەوەیە کێ ئەم لیژنەیە دروست دەکات لە یاساکە و بڕیار دەدات؟ ئەوە لەدەستەڵاتی وەزیری تەندروستییە کە داوای بکات.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی دوایی کە دەڵێ (على الوزراء المختصون ) دەبێ بکرێ بە (مختصين تنفيذ احكام هذا القانون) ئەو وەزیرانەی تایبەتمەندن لەراپەڕاندن، بەرپرسیەتی دەستەکە ئەوەیە دەستەیەکی ئامادەکار دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان نەکراوە، لێرە دەبێ وەزارەتی تەندروستی رابسپێردرێ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٧ ) دەبێ بگۆڕدرێ وبنوسرێ(للهيئة الادارية اصدار التعليمات) دەستەی کارگێڕی نییە

گرفتەکە لێرە دەبێ چارە بکرێ لە جێی ئەمە کێ یە ئەو ڕێنمایییە دەردەکا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە پاشان دەبێ چارەسەری ئەم بابەتە بکەین و بەندێک زیاد بکەین، لە جیاتی مادە (٧) (لوزير الصحة اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون لحين انتخاب الهيئة الادارية).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا دەڵێین دەبێ ئەو بەندە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرە پێشنیار کرا کە ئەو دەسەڵاتە بدرێ بە وەزیری تەندروستی و ئەو هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن بکات کە مادە(٧)، مادە(٨) کە دەست نیشان کرا ئەو کاتە دەستەی بەڕێوەبردن ناچارە ئەو یاسایە جێبەجێ بکات، ئەو کات وەزیری تەندروستیش مافی نامێنێ ئەم دەسەڵاتە بەکار بێنێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من ئەگەر وەزیری تەندروستی ڕابسپێرین ڕێنمایی دەربچوێنێ، هەندێ بابەتەکە لە سەربەخۆیی دوور دەخەینەوە، تەنیا وەزیری تەندروستی ڕابسپێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(لوزير الصحة اصدار التعليمات اللازمة لتشكيل الهيئة الادارية).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقە کاتییە، چونکە دەڵێ(لحين انتخاب الهيئة الادارية) واتا هەتا قۆناغی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێری هات دەقەکەی دوای ئەو دێت کە بۆتە مادە(٨) ڕێنمایی گشتی لە بۆ یاساکە دەردێنێ، مەبەستەکە تەنها هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ماوە هەبێ، با کاکەڕەش دووبارەی بکاتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی پێویستە ڕێنمایییە، کە هەر بۆ دەستەی بەڕێوەبردن بێت وەزارەتی تەندروستی ڕابسپێرین، لیژنەیەکی ئامادەکار دابنێ ئەو دەستەیە داوکاریەکانی هاتنە ناو کۆمەڵە پەسەند بکات، پاشی پەسەند کردن کۆدەبنەوە کۆنفراس دەکەن، هەڵبژاردن دەکەن، دەستەی کارگێریەکەش ئیش

وكارەكەی خۆی دەكات، بەڵام وەزیری تەندروستی ڕێنمایی دەربكات(تعلیمات لحین انتخاب) شتێكی راوەستاوە تەنیا(یخول وزیر الصحة لتشكیل اللجنة التحضیریة) پێک بێنیێت دوای قبوڵی (انتماء) بوو كۆنفراس دەكەن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری بۆچوونی كاكەرەش دەكەم، چونكە بەراستی نابێ ئێمە دەسەڵات بدەینە وەزیری تەندروستی ڕێنمایی دەربكا، ئەو كاتە سەربەخۆیی نامێنێ و لەبەر ئەوە جەخت دەكەم كە هەر ئامادەن بەبێ ئەوەی ئێمە لێرە لە یاسادا جێگیری بكەین، ئێمە نابێت لە یاسادا بڵێین فلان كەس دەبێت ببێتە ئەندام لە لیژنەیەكی ئامادەكار، هەر حزبێك، هەر كۆمەڵەیەك پێكەوە دادەنیشن و كۆدەبنەوە و دەبنە لیژنەی ئامادەكار، ئێمە نابێت جێگیری بكەین بڵێین دەبێت ڕێنمایی دەربكات دوایی ئەڵێین(للهیئة الاداریة اصدار العلیمات)، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی منیش هەروەك ئەندامێكی لیژنەی یاسایی لەگەڵ ڕایەكەی كاك حازم و كاكەرەشم، چونكە دەسەڵاتی ڕێنمایی ئەگەر بدرێت بە جنابی وەزیر واتا درێژە دەكێشێ كە ئەندامی ئەسڵی و ئەندامی فخری دابنێ و كاتی هەڵبژاردن دیاری بكات و بەراستی دەسەڵاتێكی زۆرەو مەبەستیشمان سەربەخۆییەكەیە، پەیوەندی بە بابەتی جەنابی وەزیر و وەزارەتەكەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.كەمال شاكر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە بوین كە ئەو ڕێكخراوە دەبێت سەربەخۆییەكی تەواوی هەبێت، من ئەگەر بێمە سەر ڕاستی نامەوێت ئەو ڕاسپاردنە لە یاسادا جێگیر بكرێت، ئەوە شتێكی (معنوی) یە ڕاسپاردەیەكی معنوی بدەن بەو لایەنە كەوا ئەو پرۆژەی پێشكەش كردووە، وەك كاك حازم وتی، گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە كرا، زیاد لە (٤٧) كەس نوێنەری وەزارات و ڕێكخراو وكۆمەڵەكان هەمووی بەشدار بوون لەم كۆبوونەوانەدا، ئەڵێم هیچ برگەیەك لەم یاسایە جێگیر نەكرێت، كەوا لایەنێكی ڕەسمی پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەو ڕێكخراوەدا، سوپاس.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو شێوەی كاك حازم فەرمووی شێوەیەكی ڕاستە، بەڵام چ وەختێك یاسایێكی دیاری كراو هەبێت، ئەو لیژنە ئامادەكارە دروست ئەبن، داواكاری پێشكەش ئەكەن، ئێمە ئەو ڕێنماییانەمان

نییە ، یاساکەمان تشریع کراوە، وانییە ئەوان کۆمەڵێک بن و کۆببنەوە و دابنیشن و داوایەک پێشکەش بکەن وبڵێن کۆمەڵە دادەمەزرێنین، ئێمە کۆمەڵەمان دامەزراندووە نووسیومانە (تؤسس الجمعية)، مادام (تؤسس)ە مانای وایە ئەبێت کۆمەڵەکە هەبێت لیژنەیەکی ئامادەکاری بۆ دەست نیشان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێنین، پێشنیارەکە ئەگەر بەو شێوەیە پەسند بکەن «لوزير الصحة أصدار التعليمات اللازمة لتشكيل الهيئة التحضيرية المؤقتة لحين انتخاب الهيئة الادارية» ئایا چ تێبینیتان لەسەر ئەمە هەیە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لە هەموو یاساکان ئەوەمان تێبینی کردووە، وەک باوە لەیاسادا حاڵەتی گشتی چار دەکرێت، واتا حاڵەتی کاتی چار ناکرێت، ئەوە حاڵەتێکی کاتییە لیژنەی ئامادەکار کە دامەزرا ئیتر ئەو برگەیە هەتا ئەو یاسایە بایەخی نامێنێت، بۆیە بەرای من وەزیر خۆی دەتوانێت بەشێوەیەکی تەواو ئەو دەستەیە پێک بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە ئێمە یاسا بەشێوەیەکی هەمیشەیی دادەڕێژین، بەلام دیسان ئەگەڕێینەوە بۆ حاڵەتێک کە ئەگەر بەیانی چوار گروپ خۆیان کرد بە خاوەنی ئەم بابەتە ئێمە چی بکەین؟ کە لێرە هیچ دەستەیەک یا لیژنەیەک یا لایەنێک نییە، ئێمە وتوومانە «للهيئة الادارية اصدار التعليمات» دەستەی بەڕێوەبەریەکەش هێشتاکە نییە، تەنها ئەوەیە کە دەسەلات بدرێت بە وەزیری تەندروستی، بۆ ئەوەی لیژنەیەکی کاتی دروست بکات بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی دەستەیەکی بەڕێوەبردن بۆ ئەوەی ئیش وکارەکانی خۆی بکات.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی خۆتان کردوتانە لەوێ نەخرێتە ناو یاسا بە بریارێک تەخویلی وەزیری تەندروستی بکرێت کە ئەمە بکات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من بۆشاییەکە ئەوەیە کە ئێمە یاسای کۆمەڵەکانمان نییە خۆی کۆمەڵەکانی مانگی سوور ناوەکەی لەگەڵ خۆیەتی، ئەگەر بهاتبا ئێمە یاسای کۆمەڵەکانمان دەربچواندبایە، دەبوایە لەوێ چارە بکرابا، واتا کەم وکووڕی یاسایەکە لێرەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

با ئەمیش نەبێتە مەسەلەی مافی مرۆڤ ونەویرین هیچ بکەین، ئەمە زۆر روونە و ئەم کۆمەڵەیە گومانی لێ ناکرێت، چونکە ئەڵێین دەستەیەکی کاتی بۆ دەستەیەکی بەڕێوەبردنی هەمیشەیی، نازانم بۆ بێ لایەنی کۆمەڵەکە لە دەست بدەین؟.

**بەڕێز بەختـیار حـەیدەر عـوسـمان:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

دوو پێشنیارم هەیە: یەکەم با وای لێ بێ(لوزیر االصحة تشكيل لجنة تحضرية تتولى الاعداد لعقد مؤتمر تأسيسي للجمعية).

دووەم: ئەگەر بێتو بەرهەڵستێک هەبێت لە لانی راپەڕاندنەکەی ئەنجوومەنی راوێژکارییەوە کە لەپرۆژە کۆنەکەی ئێمەدا هاتبوو، ئەنجوومەنی راوێژکاری هەیە لەوەزارەتی تەندروستی لە پسپۆڕانی دروستی پێک هاتون، با ئەوان دەست نیشانی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

با ئەو دەقە بخەینە دەنگ دانەوە، چونکە ئەم بابەتە زۆر دەکێشێ «لوزير الصحة والشؤن الاجتماعية اصدار التعليمات اللازمة لتشكيل هيئة تحضرية مؤقتة لحين انتخاب الهيئة الادارية).

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

مادام بڵێین «الهيئة التحضرية» (مؤقتە)ی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

(لوزير الصحة والشؤن الاجتماعية اصدار التعليمات اللازمة لتشكيل هيئة تحضرية لحين انتخاب الهيئة الادارية). کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

المادة الثامنة: (للهيئة الادارية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

کێ تێبینی لەسەر هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

المادة التاسعة: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: علی الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە؟... کێ لەگەڵ نییە ؟ .. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە ؟ .. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.. بیکەین بە (جرید)ەی پەرلەمان چاکترە. دەمێنێتەوە(الاسباب الموجبة). وەکو(یاسای کۆمەڵەی مانگی سوری کوردستان). کێ لەگەڵ ئەوەیە (اصدار) بکرێ؟ ..

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەو دەنگدانە لە سەر تێکڕای یاسایەکە پێویست نییە، پێڕەوی ناوخۆی ئێمە دەڵێ یاسایەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت مادە بە مادە باشە، هەموو ماددەکانی بەزنجیرە بڕیاریان لەسەر داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لیژنەی یاسا ئێوە شتێکمان بۆ بنێرن، با تەماشای پێڕەوی ناوخۆی یاسای هەڵبژاردن بکەن، ئەوەی باشە وا ئەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ یاسایەکە پەسەند کرا، ئێستاش دێینەوە سەر(الاسباب الموجبة).

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة:

بالنظر للظروف التي مرت بها اقليم كوردستان نتيجة الحصار المزدوج المفروض عليه ولتخفيف المعاناة عن ابنائه من الفقراء المتضررين والمحتاجين المساهمة في تقديم الخدمات الانسانية لهم من خلال فعاليات الجمعية بأيصال المساعدات الى الاقليم بصورة مباشرة بالتعاون مع المنظمات

الخيرية والانسانية الاخرى. ولعدم قيام جمعية الهلال الاحمر و بتوجيه من السلطة الحاكمة في بغداد بتقديم خدماتها في الاقليم إضافة الى العراقيل التي توضع في طريقها من قبل السلطات العراقية التي حاولت ايصال حتى الكميات التي تسمح بها السلطة الى الاقليم من ناحية، ومن الناحية الثانية قيام السلطات العراقية بتقليص المواد الغذائية المرسلة الى الاقليم الى الأقل من ٥٪ من الحصة المقررة مما سبب ازدياد عدد المحتاجين والفقراء إضافة الى تعرض المنظمات العالمية لمضايقات و اعتداءات من قبل اجهزة السلطات العراقية كل القوافل والمساعدات التي ترسل الى الاقليم في المناطق التي تحت سيطرة هذه السلطات، سيتوجب تشكيل جمعية لمساعدة سكان الاقليم بصورة مباشرة ولا سيما الفقراء والمحتاجين منهم لاخراجهم من محنتهم وتخفيف معاناتهم عليه شرع هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەگەر(الأسباب الموجبة) بەم خاڵانە دەوڵەمەند بکرێت:

١- خروج جمعية هلال الاحمر العراقية عن اهدافها.

٢- وقوعها تحت تأثير الحكومة العراقية وعملها وفق مصالح السياسية للحكومة المركزية.

٣- تحيزها ضد سكان اقليم كوردستان.

٤- استغلال طبيعة عملها لتسلل العاملين فيها لمصلحة الؤسسات العراقية التجسسية، للتجسس داخل الاقليم.

٥- مساهمتها مع السلطة في طرد الحصار على كوردستان و عدم قيامها بتأدية واجباته في الاقليم وعدم معارضتها للحصار المفروض.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوێ لە (الاسباب الموجبة) باس کراوە یەکێک لە هۆیەکانی دامەزراندنی مانگی سوری کوردستان ئەوەیە کە رژێم ئەو کەل وپەلانەی کە ئەیانێرێ کەمی کردوونەتەوە، بەرێژەی ٥ ٪ ئەگەر باسی بکەین ئەوا ئەسەلمێنێ کە تائێستا ئازوقەمان بۆ دێ، پێشنیار دەکەم کە ئەو شتە هەڵبگیرێت و هەرباسی لێوە نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک دوو تێبینیم هەیە:

١-لەسەر تێبینیەکانی کاک فەرسەت، بەلای من واباشە ئەو بابەتە باس بکەین کە مانگی سووری عێراقی وای کرد، ئەوانە باش نییە ئاڵۆزی دروست دەبێت.

٢- دەربارەی سەرەتای (موجبات) بلێین (نظراً للمصلحة الوطنية وحق شعبنا)، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم شتانە کە دێت پێشتر هەقە لیژنەی داڕشتن ببینێ لە ڕووی زمانەوە (التي تحت سيطرة) نابێت (التي تقع تحت سيطرة الحكومة)، سوپاس.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە:

١- لەسەرەتا (نتيجة الحصار المزدوج).. ئەو ڕەوشەی کە تێیداین، نەک تەنیا ئەو گەمارۆیەی تێیداین، سیاسەتی ڕژێم وئابڵووقەی دوولایەنە.

٢- ئەو تێبینیەی گەلاوێژ خان ڕاستە داوا دەکەم ئەو بڕگەیە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری کاک فەلەکەدین ئەکەم، منیش ئەڵێم وتنی ئەو شتانە باش نییە وەکو لە بیرشم بێت لە لیژنەی یاسا لەوێش هەر هەمان ڕامان هەبوو کە ئەوانە بۆ ئەو بابەتە باش نین کە بوترێت بەتایبەتی بڕگەی (٤) ئەوە بەلای منەوە ئەو لایەنە جزئێکەیە، چونکە کۆمەڵێک خەڵک تاوانبار ئەکەین هێشتا لەگەڵتانن و لە کوردستان دا ئەژین، تاوانباری دەکەی سیخوڕو خیانەتکار، ئەمە هەر وەرناگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتگیری قسەکانی کاک فەلەکەدین و کاک حسێن دەکەم ئەگەر تەماشای ماددەی(٣) بکەین، هەرچەندە باسی کاتی شەڕە، دەڵێن (تلتزم الجمعية الحياد في العمليات الحربية وتحافظ على كسب ثقة الجميع ولا تشترك في أي وقت في خلافات ذات طابع سياسي)، ئەوەی کە کاک فەرسەت هێناویەتی هەمووی سەربە سیاسەتە، کاردانەوەکەشی واتا کۆمەڵەکەش پێچەوانە دەستورەکەی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینییەی کاک فەلەک وتی دوو وشەیە، کەوا مەسەلەیەکی هەقە دوای ئەوە باسی ڕەوشەکە بکرێت زۆر باشە، پشتگیری ئەو بڕگانە ئەکەم کەوا کاک فەرسەت کردنی، ئەم مەسەلانە زۆر باشن جێگیر بکرێن، لەگەڵ ئەوەدا نیم تێکەڵی مەسەلەی ئاسایش و ئەو شتانە بکرێن ئەوە زۆر پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر کاک فەلەکەدین و کاک حسێن و کاک فەرسەت دانیشتنێکی بچکۆلانە بکەن، چونکە ئەوان تێبینیان هەبوو، بۆ ئەوەی ئەم بابەتانە لەگەڵ لیژنەی یاسا رێک بخەن خراپ نییە، تا بینێرن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و لەوێش بۆ جەنابی وەزیری تەندروستی تا پەلە بکات لەجێبەجێ کردنی ئەم یاسایەدا، بەمە یاسای کۆمەڵەی مانگی سوور تەواو بوو، پێشنیارێک هەبوو بەیانی سەعات (٩) دەست پێ بکەین، بەڵام بڕیارمان نەداوە بەیانی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەیاری خوا دەست بە یاسای حزبەکان ئەکەین.

دانیشتنی ئەمڕۆشمان بەم شێوەیە هاتە کۆتایی.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای چەک

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢- چەکی ئاگرین: دەمانچەو تفەنگی ئاسایی رێژنەکەرو تفەنگی راو، بەڵام ئەو دەمانچانە ناگرێتەوە کە لە یاری یەکانی وەرزش دا بەکار دەهێنرێن یا تفەنگی هەوایی.

٣- چەکی جەنگی : ئەو چەکەی لە لایەن هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمەوە بەکاردەهێنرێ جگە لەوانەی لە برگەی (٢)ی سەرەوەدا دیاری کراون.

٤- عەتاد: گولەو فیشەک و یا هەر بەشێکی کە بۆ چەکی ئاگرین بەکاردەهێنرێن.

٥- عەتادی جەنگی : ئەو زەخیرەیەی بۆ چەکی جەنگی یا هەر بەشێکی بەکار دەهێنرێ.

٦- چەکی کۆنە یا بۆ یادگار یا بۆ رەمزی: ئەو چەکەی بێ عەتاد بۆ جوانی یا بۆ یادگار یا وەک رەمز هەڵدەگیرێ لە گەڵی دا ئەو چەکانەی وەقف دەکرێن یا لە شوێنە پیرۆزەکان و عەنتیکە خانەکاندا هەن.

٧- دەسەڵاتی مۆڵەتدان: وەزیری ناوخۆی هەرێم یا ئەو کەسەی دەسەڵاتی دەداتێ و ئەو مۆڵەتانەی لە یاسایەدان ئەو دەیان دا.

**ماددەی دووەم:**

چەکی کۆنەو یادگارو رەمزی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەردەکرێن.

**ماددەی سێ یەم:**

نابێ چەکی جەنگ یا بەشەکانی یا عەتادی بهێنرێتە ناوەوە (استیراد) یا ببرێنە دەرەوە (تصدیر) یا لە ژێر دەست دا بن (حیازە) یا هەڵبگیرێن (حمل) یا دروست یا چاک بکرێن یا بگوێزرینەوە یا وەربگیرێن (تسلیم و تسلم) یا بازرگانی یان پێوەبکرێ.

**ماددەی چوارەم:**

١- نابێ چەکی ئاگرین یا بەشەکانی یا عەتادی بهێنرێتە ناوەوە یا ببریتە دەرەوە یا دروست بکرێن یا بازرگانی یان پێوەبکرێن.

٢- نابێ چەکی ئاگرین لە ژێر دەست دا بێ یا هەڵبگیرێ بەبێ مۆڵەتی دەسەڵاتی مۆڵەتدان.

**ماددەی پێنجەم:**

مۆڵەتەکان ئەمانەن:

١- مۆڵەتی ژێردەست گرتن و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و عەتادی.

٢- مۆڵەتی چاککردنی چەکی ئاگرین.

**ماددەی شەشەم:**

١- دەسەڵاتی مۆڵەت دان بۆی هەیە لەسەر داخوازیەک کە دەیدرێتێ هەریەک لە مۆڵەتەکانی ناو ئەم یاسایە بدا ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوە لە داخوازدا هەبوو:

١- دانیشتووی هەرێم بێ.

٢- هەژدە ساڵەی تەمەنی تەواوکردبێ .

٣- حوکم نەدرابێ بە تاوانێکی نا سیاسی یا لەکەدارکەری شەرەف نەبێ.

٤- کەم ئەندام یا نەخۆشی یەکی ئەقڵی یادەروونی ئەوتۆی نەبێ کە بەری بەکارهێنانی چەکی لێ بگرن ئەمەش بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەبێ.

٥- ژێر دەستگرتنی چەکەکەی مەشروع بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

شێوەی مۆڵەتەکان بە رێنمایی یەک دیاری دەکرێ کە وەزیری ناوخۆی هەرێم دەری دەکا .

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: ئەو مۆڵەتانەی لە ماددەی پێنجەمی ئەم یاسایەدا بەم جۆرە دەبن:

١- تەنیا بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێن کە بەناویانە.

٢- بۆ ماوەی دووساڵ لە رۆژی دەرکردنیانەوە کاریان پێ دەکرێت.

٣- دەبێ لە حاڵەتی مۆڵەت دان و تازەکردنەوەدا ئەو رەسمە یان لەسەر بدرێ کە لە لیستەی پاشکۆی ئەم یاسایەدان.

دووەم : دەسەڵاتی مۆڵەت دان لە مۆڵەتەکەدا هەندێ ئەو عەتادە دیاری دەکا کە دەبێ هەیبێ بە مەرجێ لەسەد و بیست گوللە بۆ دەمانچە و تفەنگ و دووسەد فیشەک بۆ تفەنگی راو زیاتر نەبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ خاوەنی مۆڵەت لە ماوەی (٩٠) رۆژدا لە رۆژی تەواو بوونی ماوەکەیەوە داخوازی یەک بۆ نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکەی بدا بەدەسەڵاتی مۆڵەتدان.

**مادەی دەیەم:**

مۆڵەت لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا پووچ دەبێتەوە و خاوەنەکەی یا هەر یەکێک کە جێگەی دەگرێتەوە بە میرات گرانی بیدا بە دەسەڵاتی مۆڵەت دان بۆ تۆمار کردنی پووچبوونەوەی :

١- مردنی خاوەن مۆڵەت.

٢- نەمانی یەکێک لە مەرجە یاسایی یەکانی مۆڵەت.

٣- دەرچوونی بڕیارێکی دادوەریی بنبڕ بە دەست بەسەرداگرتنی چەکەکە.

٤- دەرچوونی چەکەکەو عەتادەکەی لە موڵکی یەتی مۆڵەتدار و بۆ کەسێکی تری مۆڵەت پێدراو.

٥- پێشکەش نەکردنی داخوازیی نوێ کردنەوە لە ماوە یاساییەکەدا.

**مادەی یازدەیەم:**

١- دەبێ مۆڵەت دارو لە حاڵەتی پووچ بوونەوەی مۆڵەتەکەی دا دەستوبرد چەکەکەی بەرامبەر پسوولەیەک بدا بەمەڵبەندی پۆلیسی شوێنی نیشتەجێی و بۆی هەیە لە ماوەی (١٨٠) ڕۆژدا ئەو چەکەو عەتادەکەی بفرۆشرێ یا بەشێوەیەکی یاسایی بیدا بە هەر کەسێکی تر کە مەرجەکانی مۆڵەت پێدانی تێدا بن دەنا دەسەلاتی مۆڵەت دان بۆی هەیە چەکەکەو عەتادەکەی بۆ سوودی خاوەنەکەی بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێ دانی ماڵ و موڵکی دەوڵەت بفرۆشی و بیدا بەوکەسەی مۆڵەتی هەڵگرتن یا ژێر دەستخستنی دراوەتێ.

٢- لە حاڵەتی مردنی مۆڵەت دراو حوکمەکانی برگە (١)ی ئەم ماددەیە دەسەپێنرێ و دەبێ میرات گرانی یا هەر یەکێک کە جێگەیان دەگرێتەوە ئەو ئەرکانە بەجێ بێنن کە تیایدا دیاری کراون و دەسەلاتی مۆڵەتدان پارەکەی دەداتە دادگای پەیوەندی دار بۆ دابەش کردنی بەسەر بەشگراندا.

**ماددەی دوازدەیەم:**

١- ئەم کەسانە لە مۆڵەتی ژێردەستگرتن و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و عەتادەکەی بە دەردەبن:

یەکەم: پێشەوای هەرێم یا ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە.

دووەم: سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم.

سێ یەم: سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و هەریەکێک بە پلەی وەزیر بێ.

چوارەم: بریکاری وەزارەتەکان و پلەی تایبەتی و سەرۆکەکانی وەحدە ئیدارییەکان.

پێنجەم: دادوەرو قازی و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵەرەوە دادگەرەکان.

٢- دەشێ ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان چەکی ئاگرینیان لە ژێر دەست دا بێت یا هەڵیبگرن بە باوەرنامەیەکی بێ رەسم لێدان کە وەزیر دەری دەکا و بۆی هەیە دوای خانەنیشنکردنی ئەگەر بە روتبەی (رائد) و بەرەو ژوور بوو باوەرنامە بێ رەسم لێدانەکەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەلا بمینیتەوە و دوای مردنی حوکمی باوەرنامەکە دەچێ بۆ گەورەترینی منداڵەکانی و ئەگەر مەرجە یاساییەکان هەبوون بە مۆڵەتێکی رەسم دادەندرێ.

٣- دەشێ ئەفسەران ومفەوەزەکانی هێزەکانی ئاسایش ناوخۆ چەکی ئاگرین و عەتادەکەیان لە ژێر دەستدا بێت یاهەڵیبگرن بە باوەرنامەیەکی بێ رەسم لێدان کە وەزیری ناوخۆ یان ئەوەی دەسەلاتی دەداتێ دەری دەکا و ئەفسەر بۆی هەیە دوای خانەنشین کردنی ئەگەر بە روتبەی (رائد) و بەرەو ژوور بوو باوەرنامە بێ رەسم لێدانەکەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەلا بمینێتەوە و دوای مردنی حوکمی باوەرنامەکە دەچێ بۆ گەورەترین منداڵەکانی و ئەگەر مەرجە یاساییەکان هەبوون بە مۆڵەتێکی رەسمی دادەنرێ.

**ماددەی سیازدەیەم:**

١- ئەگەر مۆڵەتدراوی ژێردەستگرتن و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین ئیدیعای بزربوون یا فەوتانی مۆڵەتەکە یا بزربوونی چەکە مۆڵەت پێدراوەکەی کرد دەسەلاتی مۆڵەت دان دەبێ داوای لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.

٢- ئەگەر بزربوون و فەوتانی مۆڵەتەکە سەلمێنرا خاوەنەکەی مۆڵەتێکی نوێ ی لە جێگەی بزربووە دەدرێتێ کە هەمان ژمارەی مۆڵەتەکەی پێشووی لێدەدرێ و زانیاری یەکانی تێدا دەبێ ئەمەش بەرامبەر بە رەسمێکی دووجای رەسمی مۆڵەتە بزربووەکە.

٣- ئەگەر بزربوون و فەوتانی چەکەکە سەلمێنرا دەبێ خاوەنەکەی مۆڵەتەکەی بدا بە دەسەلاتی مۆڵەت دان بۆ پووچ کردنەوەی و ئەوسا دەشێ مۆڵەتێکی نوێ ی بۆ چەکێکی تری بدرێتێ.

٤- ئەگەر دەرکەوت ئیدیعای بزربوونی مۆڵەتەکە یا فەوتانی یا بزربوونی چەکەکە راست نی یە دەبێ دەسەلاتی مۆڵەت دان خاوەنەکەی بنێردرێتە لای دادوەری لێکۆڵینەوە تا چی پێویستە بیکا بۆ ئەوەی بدرێ بە دادگای پەیوەندیدار و ئەگەر سەلمێنرا دەبێ بەپێ ی حوکمی یاسا سزا بدرێ و مۆڵەتەکەشی پووچ بکرێتەوە و لایەنی مۆڵەت دانی لێ ئاگاداربکرێ.

٥- ئەگەر بزربوون و فەوتانی ئەو باوەڕنامەیەی دراوە بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان سەلمێنرا وەزیری کاروباری پێشمەرگە یا ئەوەی دەسەلاتی دەداتێ بۆی هەیە باوەرنامەیەکی بێ رەسم لێدانی نوێ ی بداتێ.

٦- ئەگەر بزربوون و فەوتانی ئەو باوەڕنامەیەی دراوە بە ئەفسەران و مفەوەزەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەلمێنرا وەزیری ناوخۆ یا ئەوەی دەسەلاتی دەداتێ بۆی هەیە باوەڕنامەیەکی بێ رەسم لێدانی نویی بداتێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

١- دەسەلاتی مۆڵەت دان بۆی هەیە مۆڵەتی ژێردەستگرتن و عەتادەکەی بەبێ رەسم بدا بەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت کە ئەرکی فەرمانگەکانیان بە لایەنگیریی فەرمانگەکانیان دەیخوازی لە حاڵەتی نەمانی ئەو ئەرکەدا فەرمانگەکان دەسەلاتی مۆڵەتدانی لێ ئاگادار دەکەن کە ئەوسا مۆڵەتەکان پووچ دەبنەوە و دەبێ لە ماوەی (٧) رۆژدا لە رۆژی نەمانی ئەرکەکەوە چەکەکە بدەنە دەسەلاتی مۆڵەت دان.بەلام دەشێ مۆڵەتی ئەو چەکەیان بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێ بدرێ.

٢- دەشێ چەکی حکومەت و عەتادەکەی بگەرێندرێتەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت کە لە برگەی سەرەوەدا دیاری کراون، بەلام ئەو چەک و عەتادەیان بۆ تەرخان ناکرێ تا مۆڵەتی ژێر دەستگرتن و هەڵگرتن وەرنەگرن کە لەلایەن دەسەلاتدارانەوە بەبێ رەسم دەیاندرێتێ و ئەو فەرمانگەیانەش دەبێ دوای نەمانی سیفەتی فەرمانبەری یەکەیان ئەو چەکە ئاگرینە و عەتادەکەی بدەنەوەە بەو لایەنەی تەرخانی کردبوون.

٣- ئەوکەسەی ئەو چەکە ئاگرین و عەتادە بزر دەکا و کە بە پێ ی ئەم یاسایە پێی سپێردراوون پێنج جای نرخە خەملێنراوەکەی لە کاتی بزربوونیاندا لێ دەستێنرێ ئەگەر لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ی خۆیدا بوو یا سێ جای نرخەکەیان لە حاڵەتەکانی تردا جگە لەو سزا (انضباطی)یانەی بەسەریدا دەسەپێنرێن.

**ماددەی پازدەیەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە بەخشینی مۆڵەتی ژێردەستگرتن و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین لە گشت ناوچەکانی هەرێمدا یا لە بەشێکیدا بۆ ئەو ماوەیەی لە بڕیارەکەدا دیاری دەکا رابگیرێ، ئەگەر شتێک رووی دا واپێویست بکا.

**ماددەی شازدەیەم:**

پارێزگار بۆی هەیە بەیاننامەیەک سەبارەت بەم کاروبارانەی خوارەوە دەربکاو دەبێ بە یەکێک لە رێوشوێنەکانی راگەیاندن بڵاوبکرێتەوە:

١- قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەکی ئاگرین لەلایەن مۆڵەتدراوانەوە لە کاتی پێویستدا و بۆ ئەو ماوەیەی دیاری ی دەکا لەهەموو ناوچەکانی پارێزگا یا لە بەشێکیدا و بۆی هەیە لە بەر چەند هۆیەکی شیاو هەندێ لە مۆڵەتدراوانی لێ دەربکا.

٢- رێ نەدان بە خەڵکێکی دانیشتووی دەرەوەی سنووری شارەوانی یەکان بە هاتنە ناوەوەیان بە چەکەوە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەگەر بەرژەوەندی گشتی وەهای خواست.

٣- قەدەغە کردنی تەقە کردن لە بۆنە گشتی و تایبەتی یەکاندا لە ناو شارو شارۆچکەو گوندەکاندا.

٤- وەرگرتنی چەکی ئاگرین بە پسوولەیەک لە خاوەنەکانیان مۆڵەت دراو بن یا بێ مۆڵەت بۆ ئەو ماوەیەی دیاری ی دەکا، هەرکاتێک هۆیەکەی لە ئارادا نەما بڕیاری گەراندنەوەیان دەدا لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی مددەی بیستەمی ئەم یاسایە سەبارەت بە مۆڵەتەکان.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

١- دەشێ کەسێکی بیانی چەکی ئاگرین و عەتادەکەی لە ناو سنووری هەرێمدا بە پێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەڵبگرێ.

٢- ئەو کەسە هەر کە هاتە ناو هەرێمەوە دەبێ چەکە ئاگرین و عەتادەکەی بەرامبەر بە پسوولەیەک بدا بە نزکترین مەڵبەندی پۆلیس و، دەبێ مەڵبەندەکەش دەسەڵاتی مۆڵەتدانی لێ ئاگادار بکاو خاوەنەکەی بۆی هەیە مۆڵەتی بۆ وەربگرێ و ئەگەر نا چەکەکە و عەتادەکەی لەو کاتی دەرچوونەوەی دا لە هەرێم دەیدرێتەوە. ئەگەریش بە نیازی خراپ و سەرپێچی کرد بە فەرمانی دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەست بەسەر چەکەکەی و عەتادەکەیدا دەگیرێ جگە لە سزایانەی تر کە بەپێ ی ئەم یاسایە بەسەری دا دەسەپێنرێت.

**ماددەی هەژدەیەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ماوە بداتە ئەو کەسەی چەکی لە دەرەوەی عیراقەوە لەگەڵ خۆیدا هێناوە دەمانچەو یەک تفەنگی راوو عەتادەکەیان لە فەرمانگەی گومرگ دەربکا دوای پەسندکردن لە لایەن دەسەڵاتی مۆڵەت دانەوە دوای بوونی مەرجە یاساییەکان لە خاوەنەکانیان دا بە ژێر دەستگرتن و هەڵگرتنی ئەو چەکانە و دەبێ رەسمی گومرگی پێویستیان لێ بدرێ و ماوەدانەکەی ئەو کەسەش جار دەبێ.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

هەرکەسێک خەبەری دا کە چەکی بێ مۆڵەتی لە ژێر دەستدایە لە سزا دەبەخشرێ و دەسەڵاتی مۆڵەتدان بۆی هەیە بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەتی بداتێ لە حاڵەتی بڕیارنەداندا حوکمی ماددەی یازدەیەمی بەسەردا دەسەپێنرێ.

**ماددەی بیستەم:**

١- دەبێ دەسەڵاتی مۆڵەتدان بەیاننامەیەک لە دەزگای راگەیاندنەوە بڵاو بکاتەوە داوا لە خاوەنەکانی ئەو چەکانە بکا کە بەپێی بەیاننامە تەسلیم بە دەسەڵاتەکانی میری کراون لە ماوەی (١٠) رۆژدا، لە رۆژی بڵاوکردنەوەوە بچنە لای دەسەڵاتی مۆڵەتدان، ئەگەر مۆڵەت پێدراو نەبوون و مەرجی یاسایی یان تێدا هەبوو.بەڵام لە حاڵەتی نەچوونیان دا بە کۆتایی هاتنی ماوەکە دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەست بەسەر چەکەکانیان دادەگرێ و بە (مستودع)ی پۆلیسیان دەسپێرێ.

٢- لە حاڵەتی مۆڵەت نەدانی لە لایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدانەوە، بەو بێ مۆڵەتانەی لە ماوەی دیاریکراوی بڕگە (١)ی ئەم ماددەیەدا مراجعەتیان کردبوو چەکەکە دەدرێ بەو دەسەڵاتە بۆ فرۆشتنی لەسەرحسابی خاوەنەکەی بەپێ ی حوکمی ماددە یازدەیەمی ئەم یاسایە.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

١- أ- ئەوەی قاچاغچی یەتی بە چەکی جەنگی یا بەشەکانی یا بە عەتادی یەوە بکا یا ژێر دەستی خۆی بخا یا هەڵیبگیرێ یا بیگوازیتەوە یا بازرگانی پێوەبکا یا چاکی بکا یا دروستی بکا بە زیندانی (سجن) کردن سزا دەدرێ.

ب- ئەوەی قاچاغچێتی بەچەکی یا بەشەکانی یا عەتادی یەوە بەمەبەستی بڵاوکرنەوەی ئیرهاب یا تێکدانی ئاسایشی گشتی پشتگیری کردنی هەر یاخی بوونێک دژی حکومەتی هەرێم بکا سزاکەی زیندانی کردنی هەتا هەتایی (سجن مؤبد) دەبێ.

٢-أ- ئەوەی قاچاغچێتی بە چەکی ئاگرین یا بەشەکانی یا عەتادەی یەوە دەکا یا درووستی دەکا یا بازرگانی پێوە دەکا بەزیندانی کردن سزا دەدرێ.

ب- ئەوەی قاچاغچێتی بە چەکی ئاگرین یا بەشەکانی یا عەتادی یەوە بەمەبەستی

بلاوکـردنەوەی ئیـرهاب یا تێکدانی ئاسـایشی گـشـتی یا پشـتگیـری کـردنی هەریاخی بوونێک دژی حکومەتی هەرێم بکا سزاکەی زیندانی کردنی هەتا هەتایی دەبێ.

٣- ئەوەی بەبێ مۆڵەت پێدان لە لایەن دەسەلآتی مۆڵەتدانەوە چەکی ئاگرین یا عەتادەکەی لە ژێر دەستدابێ یا هەڵی بگرێ بە بەندی کردن (حبس) کە لەیەک ساڵ کەمتر نەبی و غەرامەکە لە دووهەزار دینار زیاترو یەک هەزار دینار کەمتر نەبێ یا بە یەکێک بەو دوو سزایە، سزا دەدرێ.

٤- أ- ئەوەی مـۆڵەتی هەڵگرتنی چەکـێکی ئاگـرینی هەبێ و لە خـۆپێـشـاندانێک یا کـۆڕو کۆمەڵێک دا (تجمع) هەڵی بگرێ بەبەندی کردن کە لەیەک ساڵ کەمتر نەبێ و بەغەرامە کە لە دوو هەزار دینار زیاتر و یەک هەزار دینار کەمتر نەبێ یا یەکێک لەو دوو سزایە، سزابدرێ.

ب- ئەوەی چەکی ئاگـرینی بێ مـۆڵەت لەکـاتی بەشـدار بوونی لەخـۆپیـشـاندانێک یا کـۆڕو کۆمەڵێک دا هەڵبگرێ سزاکەی زیندانی کردنی کاتی (سجن مؤقت) دەبێ.

٥- جگە لەوەی لە برگـەکـانی پێـشـووی ئەم مـاددەیەدا دیاری کـراوە ئەوەی سـەرپێـچی لە هەرحکومـێک لە حوکمەکـانی ئەم یاسـایە یا ئەو رێنمـایی و بەیاننامـانە بکا کە بەپێ ی ئەم دەردەکرێن بە ماوەیەکی بەندی کردن(حبس) کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ و بە غەرامە کە لەیەک هەزار دینار زیاتر نەبێ و پێنج سەد دینار کەمتر نەبێ یا بەیەکێک لەو دوو سزایە سزا دەدرێ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

١- دادگا حوکم بە سزاکـانی مادده بیست و یەکەمی ئەم یاسایە دەدا سەرباری ئەو غـەرامـانەی فەرمانگەکانی گومرگ بەپێ ی یاسای گومرگ دەیان سەپێنن.

٢- ئەگـەر دادگا حوکمی بە سزایەک لەو سزیانە دەرکردکە لە برگـە (١و٢)ی مـاددەی بیـست و یەکـەمی ئەم یاسایەدا هەن دەبێ حوکم بدا بەدەست بەسەرداگـرتنی (مـصـادرة) چەکـەکـەو بەشەکانی و عـەتادەکەی و ئەو هۆیانەی لە گواستنەوەیا بۆ کردنی تاوانەکە بەکارهێنراون لەگەڵ رەچاو کـردنی حاڵەتی خاوەن ئوتومـبێلی نیـاز پاک (حـسـن النیـة) ئەمـە جگە لەو کـێـشـە گومرگیانەی فەرمانگەکانی گومرگ خاوەن دەسەلآتـن لە سەپاندنی سزای دەست بەسەرداگرتنی هەیە.

٣- أ- ئەگـەر دەسەلآتی گومرگی پەیوەندی دار بڕیاری دەست بەسەر داگرتنی قاچاغ یا بەشەکانی یا عـەتادی داو بڕیارەکە گەیشتـە پلەی بنبڕ (بتات) ئەو چەکە و بەشەکانی و عەتادەکەی دەدرێتـە وەزارەتی کـاروباری پێـشـمەرگەو وەزیری دارایی لەسەر پێـشـنیـازی بەرێوەبەری گـشـتی گومـرگ بۆی هەیە خـەلآت بدا بە خـەبەرداران و ئەوانەی دەسـتی کـارگـەربوون لە ئاشکرا کردنی تاوانەکەدا ئەویش بەپێ ی یاسا رەچاوکراوەکان.

ب- ئەگـەر دادگـای پەیوەندیدار بڕیاری دەست بەسـەر داگـرتنی چەکی جـەنگی نا قـاچاغ یا بەشەکانی یا عەتادەکەی بڕیارەکە گەیشتە پلەی بنبڕ ئەو چەکە و بەشەکانی و عـەتادەکەی

دەدرێتە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

ج- ئەگەر دادگای پەیوەندی دار بڕیاری دەست بەسەردا گرتنی چەکی ئاگرینی نا قاچاغ یا بەشەکەی یا عەتادەکەی داو بڕیار گەیشتە پلەی بنبڕ ئەو چەکە و بەشەکانی عەتادی دەدرێ بە وەزارەتی ناوخۆ.

د- دەسەڵاتی مۆڵەتدان بڕیار دەدا ئەو چەکە و بەشەکانی و عەتادەکەی کە بەپێ ی بەند(ج) لە بڕگە (٣)ی ئەم ماددەیەدا پێ ی سپێردراوە بدا بەو فەرمانگەیانەی دەوڵەت کە پێویستیان پێ ی هەیەو ئەگەر هیچ داوایەک لەو فەرمانگەیانەوە نەکرا وەزارەتی ناوخۆ بەپێ ی حوکمی قانونی فرۆشتن و بەکرێ دانی ماڵوموڵکی دەوڵەت دەفرۆشرێ.

٤- چەکی جەنگی و بەشەکانی عەتادی و چەکی ئاگرینی قاچاغ و بەشەکانی و عەتادی دەسپێردرێن بە نزکترین لایەنی سەربازی لە کاتی دۆزینەوەیاندا بۆ پاراستنیان و ئەو لایەنە سەربازی یە هەر وەختێک پێویستی کرد چەکەکان لە بەردەم ئەو لایەنەدا ئامادە دەکا کە پەیوەندی بە بینینی کێشەکەوە هەیە. بەڵام چەکی ئاگرین ناقاچاغ بەشەکانی و عەتادی دەسپێردرێ بەنزیکترین مەڵبەندی پۆلیسی ئەو ناوچەیەی چەکەکەی تێدا دۆزراوەتەوە، بۆ پاراستنی بە مەرجی مەڵبەندەکە هەروەختێک پێویستی کرد ئەو چەکە لەبەردەم ئەو دادگاو دەستەڵاتە گومرگی یەدا ئامادە بکات کە پەیوەندیی بە بینینی کێشەکەوە هەیە.

**ماددەی بیست وسێ یەم:**

١- ئەوەی مۆڵەتی چەکی ئاگرینی هەبێ و لە ماوەی (٩٠) رۆژدا لە رۆژی کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی لە ماددە (٩)ی ئەم ساپایەدا دیاری کراوە بە غەرامەیەک کە لە پێنج سەد دینار کەمتر نەبێ و لە هەزار دینار زیاتر نەبێ سزا دەدرێ.

٢- پارێزگارەکان دەسەڵاتی دادوەری کەتن (جنحە) یان بۆ سەپاندنی ئەو غەرامەیەی بڕگە (١)ی ئەم ماددەیە دەدرێتێ.

**ماددە بیست وچوارەم:**

أ - حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو چەکانە ناگرێتەوە کە هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم بەکاری دێنن.

ب- دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەسەڵاتی هەیە مۆڵەتی ژێر دەستگرتن تفەنگی ئوتۆماتیکی و نیو ئوتۆماتیکی بدا.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

وەزیری ناوخۆ رێنمایی یەک دەردەکا سەبارەت بە ژێر دەستگرتن و هەڵگرتنی چەکی بریندارکەر و چەکی رووشێنەر و گواستنەو دروست کردن و چاکردن و هێنانە ناوەوە و بازرگانی پێوەکردنیان.

**ماددەی بیست و شەشەم :**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی بست وحەتەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو کردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمی دا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## لیستەی رەسمەکان

| ژ | جۆری مۆڵەت | نرخی رەسم |
|---|---|---|
| ١- | مۆڵەتی ژێر دەست گرتن یا هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و عەتادی | ٥٠ دینار |
| ٢- | نوێکردنەوەی ژێر دەستگرتن و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین وعەتادی | ٥٠ دینار |
| ٣- | مۆڵەتی چاککردن ونوێکردنەوەی چەکی ئاگرین | ١٠٠دینار |

# یاسای کۆمەڵەی هەیڤی سووری کوردستانی
# لە هەرێمی کوردستانی عیراق دا

**ماددەی یەکەم:**

بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە کۆمەڵەیەک پێک دێت بەناوی ( کۆمەڵەی هەیڤی سووری کوردستانی)یەوە کە بارەگا گشتی یەکەی لە هەولێر دەبێ و بۆی هەیە لق لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عیراقدا بکاتەوە و کەسایەتی یەکی مەعنەویی سەربەخۆی دەبێ و بە تەنیا ئەو لە هەرێمدا بوونی دەبێ.

**ماددەی دووەم:**

کۆمەڵە نیشانە (شارە)یەکی دەبێ کە پێکدێ لە هەیڤێکی سوور لەسەر تەختێکی سپی.

**ماددەی سێ یەم:**

کۆمەڵە پابەندی ئەم بیروباوەڕە بنچینەیی یانەی دەبێ کە لە لایەن کۆمەڵانی خاچی سوورو هەیڤی سووری نێو دەوڵەتی یەوە پەیرەو دەکرێن کە ئەمانەن:

١- مرۆڤایەتی: کۆمەڵە هەوڵدەدا یارمەتی مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی پێشکەش بەوانە بکا کە پێویستیان پێ یەتی و کۆشش دەکا بۆ بەرگرتن لە ئەشکەنجەی مرۆڤ و سووککردنی باری هەر کوێ هەبێ و هەروەها پاراستنی ژیان و تەندروستی و زامینکردنی ڕێزگرتن لە کەسایەتیی مرۆڤ و چەسپاندنی ولە یەکتر گەیشتن و دۆستایەتی و هاوکاری و ئاشتی هەمیشەیی لە نێوان گەلان دا.

٢- جیاوازی نەکردن: کۆمەڵە جیاوازی نەکردن لە نێوانی کەساندا لەسەر بنچینەیی ڕەگەز یا توخم یا دین یا بارودۆخی کۆمەڵایەتی یا سیاسی یان ناکاو تەنیا تەقەللا دەدا یارمەتی پێشکەش بە کەسان بەپێی ئەشکەنجەیان بکا لەگەڵ پێشخستنی ئەو حاڵەتانەدا کە زیاتر پێویستیان هەیە.

٣- بێ لایەنی" کۆمەڵە لە کاتی کرداری جەنگی دا بێ لایەن رادەوەستێ و وەرگرتنی باوەری هەمووان دەپارێزێ و لە هیچ کاتێک دا بەشداری لەو ناکۆکی یانەدا ناکا کە شێوەی سیاسی یا ڕەگەزی یا دینی یا مەزەبی یان هەیە.

٤- سەربەخۆیی: کۆمەڵە سەربەخۆیە و ئەم شێوازەی دەپارێزێ کە هەمیشە ماوەی دەدا بەپێی بیروباوەڕەکانی کار بکا بەو مانەیەی کە دەبێتە یاریدەدەری دەسەڵاتە گشتی یەکان لە چالاکی مرۆیی یەکان داو لە ژێر رکێفی یاساکانی هەرێم دا دەبێ.

٥- خۆبەخشی (تطوع): کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی فریاگوزاریی خۆبەخشیی یەو کار لە

پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتی دا ناکات.

٦ـ جیهانگیریی: کۆمەڵە پابەندی بزووتنەوەی نێو دەوڵەتیی خاچی سوورو هەیڤی سوورە وەک بزووتنەوەیەکی جیهانگیری دەبێ تا مافی هاوتای هەبێ و ئەرکی هاریکاریی لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا لە ئەستۆ بێ.

**ماددەی چوارەم:**

کۆمەڵە ئەم ئەرکانەی بەجێ دێنی:

١- هاوکاری کردن لەگەڵ کۆمەڵەکانی هەیڤی سوورو خاچی سوور لە جیهان دا د لەگەڵ رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دا لە پێناوی بە دیهێنانی ئامانجە مرۆڤایەتی یەکان دا.

٢- هاوکاریکردن لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازەکان لە جیهان دا و رێکخستنی کۆشش لەگەڵیاندا لە پێشکەش کردنی یاریدەو یارمەتی ی مرۆڤایەتی دا بە هەرێم.

٣- کۆششکردن بۆ گەیاندنی ئەو یارمەتی ویاریدەدانانەی لە رێکخراو و مۆمەڵەکانی فریاگوزاری و هەر لایەنێکی ترەوە بۆ کۆمەڵە دین بە هەژاران و داماوانی دەدات بۆ سووک کردنی ئەشکەنجەیان.

٤- کۆشش کردن بۆ یاریدەدانی خێزانەکانی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستانی و قوربانی یەکانی ئەنفال و کیمیا بارانی گوندو شارەکانی کوردستان و دەربەدەرانی راگواستنی زۆرە ملێ.

٥- پەیوەندی کردن بە پەنابەرانەوە لە خەڵکی کوردستانی عیراق ئەوانەی لە دەوڵەتە دراوسێکان و ناوچەکانی تردا هەن بە هۆی خاچی سوورو هەیڤی سووری ئەو دەوڵەتانەوە بۆ چاککردنی باری ژیانیان و ئاسانکردنی گەرانەوەیان بۆ نیشتمان.

٦- پەیوەندی کردن بەو دیلانەی خەڵکی هەرێمەوە، کە لە هەرێم دا بە یاریدەی هەیڤی سوور و خاچی سووری نێودەوڵەتی و کۆشش کردن بۆ بەردان و گەرانەوەیان بۆ نیشتمان و یاریدەدانی خێزانی بزر بووەکان و قوربانی جەنگەکان و کارەساتەکانی سروشت.

٧- هاوکاری کردن لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتی دەوڵەتەکان و رێکخراوە کوردستانی یەکان و فەرمانگەکانی حوکومەتی هەرێم لە پێناوی ئاوەدانکردنەوەی گوندو شارە رووخێنراوەکانی کوردستان و هاندانی خەڵکانیان بۆ گەڕاندنەوە بۆیان و مسۆگەر کردنی پێویستی یەکانی ژیان بۆیان.

٨- پەیداکردنی داودەرمان و پێویستی یە پزیشکی یەکان بۆ خەستەخانەو مەڵبەندەکانی تەندروستی لە هەرێمدا، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەکانی هەیڤ و خاچی سوورو

ڕێکخراوە خێرخوازەکانی تر.

٩- بلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لە ناو هاوولاتیانی هەرێم دا و بایەخدان بە پاراستنی ژینگەو سەلامەتی.

١٠- یاریدەدانی بریندارانی جەنگ بەپێی ڕێکەوتنامەکانی جنێف و سووکردنی ئازاریان بە هەموو شێوەیەک لە توانا دابێ ئەویش بە هاوکاری لەگەڵ لایەن و دەزگا پەیوەندیدارەکان دا.

١١- دیدەنی کردنی بەندیخانەو گرتووخانەکان و هەوڵ دان بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی دانیشتووانیان و چاککردنی باری ژیانیان.

١٢- یاریدەدانی کەم ئەندامان بە مسۆگەرکردنی پێویستی یەکانی چارەسەرکردنیان وراهێنان بۆ گونجاونی لەگەڵ کۆمەڵدا و کەم کردنەوەی ئەشکەنجەیان.

**ماددەی پێنجەم:**

شێوەی ڕێکوپێکی ی کۆمەڵە بەم جۆرە دەبێ:

١-ئەندامە ئەسڵی یەکان: ئەو ئەندامانەن کە ڕەسمی بوونە ئەندام و ئابوونەی سالانە دەدەن ومافی خۆپالاوتنیان بۆ دەستەی بەڕێوەبەرو بەشداربوون لە هەڵبژاردنیداو دەنگدانی سەبارەت بە بڕیارەکانی هەیە.

٢- ئەندامە لایەنگرەکان: ئەو هاوولاتی یانەی نیشتەجێ ی هەرێم و ئەو بیانی یانەی کە بە خۆبەخشی بەشداریی چالاکی یەکانی کۆمەڵە دەکەن و ڕەسمی بوونە ئەندام نادەن و مافی خۆ پالاوتن و دەنگدانیان نی یە.

٣- ئەندامە شانازی یەکان: ئەو ئەندامانەن کە لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرەوە بەهۆی کارێکی پیرۆزیانەوە لە بەرامبەر کۆمەڵەدا نازناوی ئەندامی شانازیان پێ دەبەخشرێ.

٤- دەستەی گشتی: پێک دێ لە گشت ئەندامە ئەسڵی و لایەنگرو شانازی یەکان.

٥- دەستەی بەڕێوەبەر: پێکدێ لە نۆ ئەندام و دووی ئیحتیات کە لە لایەن ئەندامە ئەسڵییەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەندامەکانی دەستەی بەڕێوەبەریش لە ناوخۆیان دا سەرۆک و جێگری سەرۆک و سکرتێری هەڵدەبژێرن.

٦- دەستەی گشتی هەر دووساڵ جارێک بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر کۆدەبێتەوە یا لەسەر داخوازیی سێ یەکی ئەندامە ئەسڵییەکان لەکاتی پێویست دا.

**ماددەی شەشەم:**

دارایی کۆمەڵە لە مانە پێک دێ:

١- ڕەسمی بوونە ئەندام و ئابوونەی ئەندامە ئەسڵی یەکان.

٢- هيبه (بەخشين) و پيتاک و وەسييەت.
٣- بەبەرهەم خستنی و ماڵو موڵکی گوازراوەی کۆمەڵە.
٤- قازانجی ئاهەنگ و پێشانگا و پێشبڕکێ.
٥- یارمەتی ی لایەنە حکومەتی یەکان.
٦- یارمەتیی کۆمەڵەو رێکخراوە نیشتمانی و بیانی یەکان.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیری تەندروستی بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی ئامادەکردن تاکاتی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر پێک بێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

دەستەی بەڕێوەبەر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆئاسانی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی نۆیەم :**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکا.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمی دا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستی یەکان

بەپێ ی پێویستەکان و بەرژەوەندی گەلی کوردستانی عیراق و مافە رەواکانی لە بوونی رێکخراوە مرۆیی یەکانی تایبەت بە خۆی و لادانی کۆمەڵەی مانگی سووری عیراقی لە ئامانجەکانی سەرپێچی کردنی لە دەستووری نێو دەوڵەتی کۆمەڵەکانی مانگی سوورو خاچی سوور، جگە لەو

بارو دۆخەی کە هەرێمی کوردستانی عیراق پێدا تێپەر دەبێت لە ئاکامی ئەو ئابلۆقە دولایەنەی کە بەسەری دا سەپێندراوە و بۆ کەم کردنەوەی موعاناتی رۆلەکانی لە هەژاران و زیان لێکەوتوان و نەداران و بەشداری کردن لە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری یە مرۆڤایەتی یەکان بۆیان رێگەی چالاکی یەکانی کۆمەلە لە گەیاندنی یارمەتی یەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ هەرێم بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازی یە مرۆیی یەکانی تر،کە پێک هێنانی کۆمەلەکە پێویست دەکا بۆ یارمەتی دانی خەلکی هەرێم بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە تایبەتی هەژاران و نەداران بۆ رزگارکردنیان لە تەنگ و چەلەمەیان و کەم کردنەوەی موعاناتیان بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٣/ ١٠/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٣/١٠/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٣/١٠/١٩٩٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٥)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسای حزبەکان.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان یاسای حیزبەکانە، ئەگەر تازە بابەت شتێک هەیە، با سەرۆکی فراکسیۆنەکان بفەرموون.

**بەڕێز د.کمال عبدولکریم محمد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تازە بابەت ئەمانەی خوارەوە هەیە کە پێشنیار دەکەیت ئەوەیە کاتێکی بۆ دابنێن بۆ باس کردنی، یەکەمیان ئێمە لیژنەیەکمان پێک هێنا بوو، ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە پرۆژەی حکومەتەوە هەیە ڕاپۆرتێکیان ئامادە کردووە بۆ مەسەلەی ئابووری وژیان وگوزەرانی خەڵک، وەکو بیستم ئەو لیژنەیە پرۆژەیەکی ئامادە کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو ڕۆژە باسی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ کرا، پاش ئەوە کاک عەبدولخالق زەنگەنە دەتوانێت هەندێ زانیاری زیاتریان بداتێ، جگە لەو مەسەلەیەی باسکرا مافی مرۆڤیش بخرێتە سەر دووەم، بۆ کێشەی ئەو قوتابیانەی لەدەرەوەی هەولێر دێن، واتا پەیوەندی بە بەشی ناوخۆیەوە هەیە، ئەوەش کاک سەلاحەدین عەبدولحەمید دەتوانێت لەو بارەیەوە هەندێ زانیاریمان پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی جێگیری بکەین وپێشنیارێکی خۆشم هەیە ئەویش بەبۆنەی ٤/١٠وەیە سبەی ساڵێک بەسەر جاڕدانی بڕیاری پەرلەمان لەبارەی فیدرالییەوە تێدەپەڕێت، ئەوجا بەو بۆنەیەوە کە ئەو یادەمان نوێ کردبایەوە، بەشێوەیەک لەشێوەکان شتێکی پەسەند وباش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بۆ ئەو راپۆرتە وابزانم ئیشی لێ دەکەن، بریار وایە ئەمڕۆ تەواو بێ.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەعەرەبی شتێک نووسرا بەڕێز کاک ئەحمەد سالار کردیە کوردی، بەڵام هەر بەکوردی چاپکراوە ئێستا لەقۆناغی ئەوەیە کە دانەی تری لەسەر بگیرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەگەر تەواو بوو با بدرێت بەهەر دوو کـتلە بۆ ئەوەی بۆ رۆژی سێ شـەممە بکرێت بە بەرنامـەی گفتوگۆ کردن، بەڵام ئایا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بەجیا باسی بکەین یا لەنێوان ئەو راپۆرتەوە بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لەسـەرەتاوە وام دەزانی هەمووی پێکەوە دەبێت، وەکو بیستم ئەو راپۆرتەی کە ئامـادە کراوە مەسەلەی پێشیل کردنی(مافی مرۆڤ)ی تێدا نییە، بۆیە ئەم مەسەلەیەم باس کرد، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

واتە مەبەستت ئەوەیە بیکەین بەخاڵێکی سەربەخۆ، ئێمە بڕیارەکەمان لەسەر ئەو راپۆرتەیە کە دەربارەی ژیانی خـەڵکە ودەتوانین ئەم بابەتە بکەین بە بابەتی دانیـشـتنی دوای نیـوەڕۆ، واتا یەکێک لەو دانیشتنانەی کە حکومەت ئامادە دەبێت، بۆیە ئەگەر سەربەخۆ بێت باشترە، چونکە لەڕاستیدا زۆر گلەیی هەیە، بۆیە ئەو خاڵەش گرنگییەکی تایبەتی پێ بدەین خراپ نییە..

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بکرێتە خـاڵێکی سـەربەخـۆ، چونکە هەر لەڕووی کـاتیشـەوە ئەو هەمـوو مـەسـەلانە لەیەک رۆژدا تەواو نابن ، بۆیە دوو راپۆرت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

دەمێنێتەوە کێشەی قوتابیەکانی دەرەوەی هەولێر، ئەویش بێگومان دیسان خاڵێکی سەربەخۆیە وباوەڕیش ناکەم تێکەڵی ئەم راپۆرتەی بکەین، واتا ئەویش وەکو خاڵێکی سەربەخۆ باس دەکرێت تا ئەوانی تریش ئامادە دەبن پەیوەندییان پێوە دەکەین، خاڵێکی تر، کاک د.کەمال رۆژی٤/ ١٠ جاڕدانی فیدرالیەتە، ئایا پێشنیاری ئێوە چییە لەو بارەیەوە..

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەپێی بۆ چوونی من ئەو یادە نوێ بکەینەوە بە شـێـــوەیەک لەشـێـــوەکـان دەتوانین بەیانی

کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکەین نیو سەعات سەعاتێک باسی لێوە بکەین ونوێنەرانی حکومەت بانگ بکەین و، هەروەها رادیۆ ودەزگاکانی راگەیاندن کاتێکی زۆری پێوە نەکوژین ئەگەر سەعاتێکی بۆ تەرخان بکەین شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من داواکەی د.کەمال دەوڵەمەنتر دەکەم، پێشنیار دەکەم بەیانی بکرێتە رۆژێکی پشوودان لەسەرتاسەری کوردستان، ئەگەر کۆبوونەوەیەکی ئاهەنگ گێڕان یا قسەکردن لەو رۆژە بکرێ شتێکی پیرۆزە، بەڵام من پێم وایە کە بکرێتە پشووی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

پێش ئەوەی بێینە ئێرە فکرەیەکی وا هەبوو سبەینێ بکرێت بەپشووی رەسمی بە بۆنەی جاڕدانی فیدراڵیەتەوە، پێش ئەوەی بێینە ژوورەوە بەدوو سێ دەقیقەیەک نامەیەکمان لەحکومەتیشەوە بۆ هات ئەو فکرەیە پەسەند دەکەن. ئێمە بەرنامەمان داناوە لەبەر ئەوە ئەو نامەیە ناخرێتە بەرنامەوە، ئەگەر شتێکی وا هەبوو دەبوو زووتر بهاتایە، رایەکی وا هەیە کە بەیانی بکرێت بەپشوو، سبەینێ نزیکەی (٥-٦)دقیقە پێش ئەوەی بێینە ژوورەوە ئەو بابەتە باس کرا.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەر وەکو فەرمووی پێش ئەوەی بێینە ئێرە باسمان کرد، نامەیەکیشمان وەکو پێشنیارێک لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە وەرگرت کەسبەینێ ببێت بە پشووی رەسمی، بە بیروڕای من ئەمەش رای تایبەتی کاک جوهرە، زۆر رووداو بوو ئێمە دامانناوە کە بیرەوەری بکەینەوە وەکو رۆژی هەڵەبجە ورۆژانی راپەڕین، کەچی نەبوو بەپشوو تێپەر بوو هەر کەس هەستی پێ نەکرد، بەڵام کارێکی وا رووداوێکی وا گرنگ وەکو مەسەلەی فیدراڵیەت وابزانم شیاوی ئەوەیە بکرێت بەپشوویەکی رەسمی وخەڵک هەستی زیاتر پێ دەکات و هەموو ساڵێکیش ئەوە ببێت بەپشوو، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـــال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وابزانم ئاهەنگ گێڕانێکی بچووک بەم بۆنەیەوە باشترە لەوەی ئەو رۆژە بکەین بەرۆژی پشوو، ساڵی پار باسی ئەو مەسەلەیە کرا، هەر رۆژێک هەر بۆنەیەک وەکو رۆژی هەڵبژاردن ورۆژی دەست پێ کردنی پەرلەمان ورۆژی دەرکردنی بریاری فیدراڵی ورۆژی دامەزراندنی حکومەت، ئەو رۆژانە هەمووی بکەین بە پشوو وەکو ئیرانیەکانمان لێ دێت مردنی ئیمام ولەدایک بوونی ئیمام وهەموو ساڵەکەیان کردووە بە پشوو، ئێمە بەراستی واز لەو چاولێکەرییە بهێنین، رۆژی سەربەخۆیی کوردستان دەتوانین بکەین بە پشوو، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە یادەکەی نوێ بکەینەوە، بەیانی سەعاتێکی بۆ تەرخان بکەین رۆژنامەکان لەسەری بنوسن، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ ڕایەکەی کاک نەژادم د.کەمالیش لەگەڵ جەنابت دایە، من لەگەڵ ئەوەم کە بکرێتە پشوویەکی ڕەسمی بۆ هەموو ساڵ نەک هەر بۆ ئەمساڵ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

هەر ۵/۱۹ گرنگ نییە لەمێژووی ئێمەدا ٦/٤ یش گرنگە ٧/٤ یش گرنگە بۆ ئێمە ڕۆژێکە کە حکومەتی هەرێممان داناوە، زۆر یاسامان دەرهێناوە یاسای ڕاگەیاندنی ئێمە لەم وڵاتە کە لەمێژووی ئەم ناوچەیەدا یەکەم جارە یاسایێکی وا دەربکرێ، ئەویش گرنگە ئەمرۆ یاسای حزبەکان گفتوگۆ دەکەین کە ئەوەندە گرنگە دەبێت کە تەواومان کرد هەتا هەتایە شانازی پێوە بکەین!.

**بەڕێز ئەرســـــەلان بـایز ئیـــــســـــمـــــاعـــــیل:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

منیش دژی ڕایەکەی د.کەمالم لەگەڵ ڕەئیەکەی کاک نەژاد وکاک فرەنسۆمە، ئەمە کرامەتی قەومی کوردە ڕۆژی دیاری کردنی کرامەتی نەتەوەی کوردە هەموو میللەتانیش لەدوونیادا ڕۆژێکیان هەیە بۆ یاد کردنەوەی کەرامەت وسەربەرزی میللەتەکەی خۆیان ئەگەر مەسەلەی مەسرەف ومەسەلەی دەست کورتی ژیانی خەڵک بێت، ئەوە ئێمە پانزە ڕۆژە دەوری دووەمی خولی پەرلەمان دەستی پێ کردۆتەوە تا ئێستا دەوری موعاناتی خەڵکمان باس نەکردووە، دەبوو لەڕۆژەکانی ڕابردوودا غەمەکانی خەڵک باس بکەین، نەک بۆ ڕۆژێک کە پەیوەندی بەکرامەتی نەتەوەییەوە هەیە ئەو مەسەلە بێنینە پێشەوە کە پەیوەندی هەیە بە خۆراکی خەڵک، دەبوایە ڕۆژەکانی ڕابردوو باسی بێزاری خەڵک وپاسەکان وبأسی تاک دیناری وگرانیان بکردایە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

منیش لەو ڕایە دام کە ڕووداوێکی زۆر گرنگە کە بکرێت بەپشوو، پاریش کە ڕاگەیەندرا زۆر گرنگی پێ نەدرا، بەڕاستی دەبوو زۆر گرنگی پێ درابایە وای بەباش دەزانم نەک هەر بکرێتە پشوو بەڵکو حکومەتیش وپەرلەمانیش وحزبەکانیش ئاهەنگ بگێرن، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕاستی لەگەڵ بۆچوونی جەنابتم لەوانەیە خەڵکانێک هەنە هەر گوێ نادەنە ئەو مەسەلانە ئەوەندە گرفتیان هەیە، ڕاستە زۆر گرنگە، بەڵام خەڵک گرفتیان زۆرن، ڕەنگە ئەم پشووە کارێکی (سەلبی) لێ بکەوێتەوە ئەو فەرمانگانە دادەخرێن و بەرهەممان کەم دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بێگومان ڕووداوی ٤/ ١٠ ڕووداوێکی مێژووییە وگرنگە پێویستە دەریبخەین دیار بێت کە ئیمرۆ ڕووی داوە، من پێشنیارەکە وا دەکەم لەم ڕۆژەدا دوو دەوام بکەین، بۆ ئەوەی تۆڵەی میللەتەکەمان بکەینەوە وزیاتر ئیشی تێدا بکەین، پاش نیوەڕۆیەش پەرلەمان وفەرمانگەکان کۆ ببنەوە و بۆ یەک سەعات بکرێتە ئاهەنگ، سوپاس.

**بەڕێز د.جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

لەگەڵ هەموو ڕێزمدا بۆ ئەم یادە پیرۆزە، بەڵام وەکو برادەران باسیان کرد ئەو وەزعەی کە ئێستا میللەتەکەمانی تێدایە برسییە هەندێک هەن کەوا ناڕەزایی لەو وەزعەی کوردستان دەردەبڕن بەرای من وەکو د.کەمال فەرمووی کە ئێمە بتوانین وەکو یادێک بۆ ماوەی نیو سەعات سەعاتێک یادی بکەینەوە و بەنسبەت حکومەتی هەرێمیشەوە لەلایەن ڕێکخراوە جەماوەریەکان وقوتابخانەکاندا ئەگەر بتوانرێت ڕێزی لێ بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

لەدانیشتنێکی تردا ووتم کە تا ئێستا لە خەڵکی نەگەیاندراوە کە چیمان پێ ناکرێ بۆیان، لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، لەدەسەڵاتی بارە دەولیەکە دایە، وە چیشمان بۆ کردون لەو شتە گەورانەی کە کراون لەلایەنی سیاسی وەوبارە ئابووریەکەوە گرنگە باری ژیانی خەڵک گرنگە، بەڵام لایەنە سیاسییەکەش زۆر گرنگە وگەورەیە، لەو کارە گرنگانەی کە کردومانە بەلای منەوە ئەو بەیانە فیدرالیەیە کە دروشمێکی گەورە گۆڕا دروشمێک کە(٣٠)ساڵ زیاتر شۆرش لەپێناوی ئۆتۆنۆمیدا کرا بەفیدرالی، ئەوە بڕیارێکی گەورەی سیاسییە دەبێت ئێمە بەخەڵک بڵێین کە ئێمە کارێکی ئازایانەمان کردووە کە هەموو دەرو دراوسێ کەوتوونەتە هاوار کە فیدرالیمان ڕاگەیاندووە، من بەلامەوە وایە کە پشوو بێت یا ئاهەنگی گەورە گەورە بێت نەک لەژووری پەرلەمان بەڵکو لە هەموو لایەک، سوپاس.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیـم ســەعـــیـــد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

پێویستە چاومان لە دونیای ئازاد بێ کە تەماشای دونیای ئازاد دەکەین دەبینین یادەکانی خۆیان زیندوو دەکەنەوە بێ پشوودان، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە بەیانی دەوام هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز نەجـــمـــەدین عـــەزیز ئیـــســـمـــاعـــیـل:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئینکار ناکرێت لەو گۆڕانکارییەی کە لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی دابوو بوو بەهۆی ئەوەی ببێتە

فیدرالی، بەڕاستی ئەوە گەشە کردنێکە بەرەو پێشەوە، بەڵام پێویستە هەموو شتێک مافی خۆی بدرێتێ، ئێمە کە لەدوو دیدەوە تەماشا بکەین یەکێکیان ئەوەیە باسی دیموکراتیانەی گەلی کورد ئی ئەوەیە کە گەلی کورد بتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە ئەو مافە دیموکراتیەمان هەبێ وەکو خەڵکی ئەم سەر زەمینە، ئەوە دیارە ئێمە لەفیدراڵی زیاتر داوا دەکەین کەمافی ئەوەمان هەبێت وەکو میللەتانی دنیا سەربەخۆ بین، من نامەوێ لەگرنگی فیدرالی کەم بکەینەوە خۆی زۆر گەورەیە بەڵام مافی خۆی بدەینێ و ناشمەوێ خەڵکی کوردستان بەوە پەرەوەردە بکەین کە ئەوە دوایین مافی میللەتی کوردە پشووی بۆ بدەین وبیکەین بە پشووی هەمیشەیی، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەژیانی میللەتدا دوو بۆنە زۆر گرنگن جێگای ڕێزو تەقدیرن، بە تایبەتی ئەو میللەتانەی لەجیهانی سێیەم دا کە چەندین ساڵ ژێر دەستە بوو ون، یەکەمیان ئەوەیە ڕێزگرتنی سەربەخۆییانە ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا کە رزگار بوون، دووەمیان ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەو میللەتانە ڕۆژێکی نەتەوەیی خۆیان هەبێت، میللەتی کورد(٢١)ی ئاداری هەیە بەرای من مافی تەواوی میللەتەکەمان دەست نیشان بکەین، پێم باشە لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەوە گەورەترین ڕۆژی ئازادییە کە دەسکەوتی سیاسی بووە لەناو میللەتەکەی ئێمەدا، پێویستە ئەم بۆنەیە زۆر بەگرنگی وەربگرین، پێویستە ئێمە بیکەینە ڕۆژێکی پشووی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشتر وایە لە خەڵکەکە بگەینێ لەفەرمانگە وقوتابخانەکاندا ئەگەر بۆ (١٠) دەقیقەش بێت جا بریکاری وەزیرە، سەرۆکی فەرمانگەیە، بەڕێوەبەری قوتابخانەیە، ئەو دام ودەزگایانە کە باسی فیدرالیەت بۆ ئەو خەڵکە بکەن.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی مرۆڤ هەرچەند دەکا ناتوانێ هەستی خۆی بۆ ئەم ڕۆژە دەربڕێ، بەڵام ئەو ڕۆژەی میللەتی کورد زۆر سەختە، من پێشنیار دەکەم ئاهەنگ نەگێڕدرێت لەم ڕۆژەدا، بەڵکو پەرلەمان ناوی بنێن(ڕۆژی کارکردن) هەروەکو د.عیزەدین وتی وەفدێک بچێت بۆ دهۆک، بۆ ئەوەی پەرلەمان بەکردەوە هاوکاری خەڵکی بکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم ئاماژە بۆ قورئانی پیرۆز بکەم کە پڕ بەپێستی ئەم مەسەلەیەیە، کە لەکاتێکدا حەزرەتی

مووسا قەومی بەنی ئیسرائیلی لەدەست تاغووتی فیرعەون نەجاتدا قەومەکەی برسیان بوو لە شار دەرچوون پێیان وت، گوتیان ئەی موسا داوا لە خوا بکە پاقلە ونیسک ونۆکمان بۆ دروست بکات، لەو وەختەدا حەزرەتی موسا وشە مێژوویەکەی خۆی وت کە ئێستاش قورئانی پیرۆز شایەتی بۆ دەدات قال (اتتبدلون الذي هو ادنى بالذي هو الخير) وتی زۆر عەیبە بۆ ئێوە کە باسی نیسک ونۆک وخواردەمەنی دەکەن دەیگۆڕنەوە «بالذي هو الخير» کە رزگار بوونەکەیە لەدەست تاغووتی فیرعەون، ئەو مەسەلەیەم وەکو ئەو مەسەلەیە دێتە پێش چاو مەسەلەی ئێمە پڕ بەپێستی ئەوەیە ئەوە خالی وەرچەرخانە، گۆڕانە، خەباتە لە سەنگەرێکەوە بۆ سەنگەرێکی تر من کەمی پێشان نادەم بۆ (حوکمی ذاتی) پێویستە لە(١١)ی ئاداریشدا ئاهەنگ ساز بکرێت، چونکە ئێمە کە هاتووین بەو قۆناغانە تێپەرمان کردووە و دەبێت هەموو گەلانیش بەو قۆناغەدا تێپەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە زۆر بەتێرو تەسەلی باسی کرا، بەڕاستی لەقسەکانیاندا هەندێک شت هاتە گۆڕێ، بۆ نموونە ئێمە دەڵێین لەو حاڵەو لەوبارە وئایا بەیانی ببێتە پشوو یا نەبێتە پشوو وەزعی خەڵک دەگۆڕێت؟ بەبۆچوونی من هیچ ناگۆڕێت، ئێمە دەبێت ئیش بکەین وسەرداني كوێ بکەین، ئەگەر بمانەوێت لەبیرمان نەچێت بەرۆژێکی گەشی دابنێین لەمێژووی میللەتی کورددا جا دەبێت ببێت بەپشوو هەتا لەبیری خەڵک نەچێتەوە بەم بۆنەیەوە ئەم دەرفەتەش دەقۆزمەوە باسی مەسەلەی دهۆک دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی جەماوەرەوە بەیانی بەپشوو دەزانن، چونکە لە رۆژ ژمێرەکە نووسراوە ٤/١٠ پشوو دانە، جا ئەوە لەکوێ ئەو زانیاریانەیان وەرگرتووە؟ یا ئێمە چی بکەین؟ نازانم بڕیارمان هەیە پشوو بێت یان نا؟ چەند قسەیەکم هەیە لەسەر رای ئەو برادەرانەی کە دەڵێن ئەگەر بەیانی یا رۆژەکانی تر پشوو بێت بەرهەم هێنانمان کەم دەبێتەوە، بەڕاستی ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئیش کەمە، ئیش نییە، زۆربەی کارمەندەکانمان وکرێکارانمان لە کارگەکاندا ئیشیان نییە، هەڵاوسان (تضخم)ێکی کارمەند وکرێکار وشتەکانی تر هەیە، ئەو وڵاتانەی کە پشویان زۆرە بەرهەمیان کەم نەبۆتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام بەیانی ببێتە پشوو، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران هەموویان دوو بۆچوونیان هەیە، یەکێکیان دژی پشوودانە وئەوی تر دەڵێن با پشوودان بێت، ریزم بۆ هەردوو رایەکان، هەردوو رایەکەش نیشانەی دڵسۆزییە بۆ مەسەلەکە، لێرە من وەک

پێشنیارێک دەڵێم لیژنەیەک لەپەرلەمان دەربچێت بڵێت بەیانی دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان نییە، دانیشتنێکی هاوبەش لەگەڵ حکومەت بکرێت بریکاری وەزیرەکانیش ئامادەبن ئەو راپۆرتەی لەسەر وەزعی ئابووری خەڵکی هەیە لێی بکۆڵنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خەریکە جێی ئێرانیەکان دەگرینەوە قسە زۆر دەکەین وئیش کەم دەکەین، پشووەکە باشترە لەو گفتوگۆیەی کە ئێستا دەیکەین یاسای چەک ویاسای حزبەکان ونەهێشتنی ڕاو ڕووت وپاشا گەردانی و دیاردەی دزی وبەرزەفتکردنی سنوورەکان گەورەترین پشووە بۆ ئێمە ومیللەتەکەمان بەوە دەبوژێتەوە حەز دەکەن لە مانگێکدا (١٠) رۆژی پشوو بێت و(٢٠) رۆژی دەوام بێت بەوە خەڵک لەبرسان نامرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک دوو شت دەڵێم ئەویش ئەوەیە کە خەڵک تەنیا بەخواردن ناژی، چونکە ئێستا ئێمە بە قەیرانێکی ئابووری زۆر زەحمەتدا تێ دەپەڕین، بەڵام هۆیەکە پەرلەمانی کوردستان نییە بۆ ئەوەی ئێمە ١٠/٤ دەکەینە پشوو، ئەوە پاڵ پێوەنەرێکی معنوی زیاتر دەداتە خەڵکەکەی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان ئەوانەی دەیانەویست قسە بکەن قسەیان کرد، ئەگەر هەردوو گروپەکە شتێکیان هەیە با بەکورتی تەواوی بکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک لە برایان دەڵێن ئەمە بۆنەیەکی گرنگە پێویستە بکرێتە پشوو، کەس نەی وتووە گرنگ نییە، ئێمە کۆمەڵێ رۆژی گرنگمان هەنە، لەو رۆژە دەست پێ دەکات کە بڕیارماندا کە هەڵبژاردن ببێتە رۆژی ١٩٩١/١٢/٢٢ئەوە بەردی بناغەی دانا بۆ ئەو رۆژەی کە تیاداین پاشان ٥/١٩ کە هەڵبژاردن بوو پاشان ٦/٤ کە پەرلەمان دەستی بە کار کرد رۆژی ٧/٤ کە حکومەت دامەزرا ئەنجا کۆمەڵێک یاسای تر کە بڕیارمان لەسەردا لەسەروی هەموویانەوە یاسای فیدرالییە کەس نەیووتووە گرنگ نییە، بەڵام بەڕاستی نەبووە بەعادەت لە مێژووی هیچ میللەتێکدا دەرکردنی بەیانێک یا بڕیارێک بکرێ بەپشوو، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر سورم لەسەر رایەکەی خۆم کەداوا دەکەم بکرێتە رۆژێکی پشوو راستە ساڵی پار بیرمان لەوە کردەوە کە هەندێ رۆژ نەکەینە پشوویەکی رەسمی، بەڵام دیمان وا رەت بوون وکەس ئاگای لێ

نەبوون، کاک سالار هەندێ شتی وای نیشاندا کە لەوانەیە ئەوە بکەینە ڕۆژێکی نەتەوەیی، هەنگاوێکی تر دەهاوێین کە ئەو ڕۆژە چی بکەین لەناو کوردا تا ساڵی(١٩٦٣)ڕۆژی ١٩ی حوزەیران ڕۆژی شەهیدی کوردستان بوو کە چوار ئەفسەرەکان لەسێ دارە درابوون ساڵی(١٩٦٣)ئەم ڕژێمە کارەساتەکەی سلێمانی ئەنجامداو بەسەدان کەس زیندە بەچاڵ کران لەساڵی٦٣ ڕۆژی(٩)ی حوزەیران کرا بەڕۆژی شەهیدی کوردستان تا ساڵی (١٩٧٤)دوای بۆردومانی قەڵادزێ کە کارەساتەکەی لە ئی(سلێمانی)یش گەورەتر بوو ئەو ڕۆژە دیسان گۆڕایەوە بەڕۆژی شەهید کە ئێمە بڕیاری ئەوە بدەین کە ٤/ ١٠ بکرێتە ڕۆژی پشوودان بۆ هەتا هەتایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونە پاش ئەو گفتوگۆیە کە دوو بۆ چوون هەن(١) ئەوەیە کە ئەو بۆنە پیرۆزە بێ پشودان یاد بکرێتەوە. (٢)داوا دەکەن ئەو ڕۆژە ببێت بەپشوویەکی ڕەسمی.
ئەم دوو ڕایە لەپێشەوە دەخەینە دەنگ دانەوە، ئەوەی یەکەم کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێت بەپشوو؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە نەکرێت بەپشوو؟.. بەزۆربەی دەنگ ناکرێت بەپشوو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو فەرمووتان گرنگییەکەی دیارە، بەڵام من پێشنیارێک دەکەم هەر ئێستا بەیانێک لەلایەن پەرلەمانەوە دەربچێت بەو بۆنەیەوە تیایدا جەخت بکرێت دوای سەعات(١٢) لەهەموو قوتابخانەو فەرمانگەکاندا ئاهەنگ بگێڕن لە سەرتاسەری کوردستان با بەیانەکە ئەو شتانە دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەدگوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک دەکەم کە ڕوون کردنەوەیەک هەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ جەماوەر کە بەیانی پشوو نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بڕیار کە بەیانی پشوو نەبێت داوا دەکەم لەدەستەی سەرۆکایەتی کە پەیوەندی بکەن بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەوەی تا بوار هەیە پەیوەندی بکەن بە پارێزگارەکانەوە، کەوا لەئێستاوە کارێکی وا بکرێت کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ قوتابخانەو فەرمانگەکان، هەروەها بەنسبەت جەماوەر ورێکخراوەکانەوە کە کاری خۆیان ببینن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران ئەکەینەوە بۆ ئەم بابەتە.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەگەر ئاهەنگەکان سەربەخۆبن چاکە، نەک دیاری کراو بن، قوتابخانەکان دیارە دوو دەوامن، ئەگەر دیاری بکرێت لەسەعات(١٢) دیارە بەشەکەی تری بۆی ناکرێ، با ئازاد بن لەگێرانی ئاهەنگەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەباشی دەزانم هەموو فەرمانگەکان نیو سەعاتی یەکەم باسی فیدرالیەت بکەن، لەدوای ئەوە دەست بکەن بەپاک کردنەوەی ئەو شوێنانەی کە تیایا دەژین، چونکە سەرەتای ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە مادام نەکرا بەڕۆژی پشوو، پێی ناوێ رابگەیەندرێ کە پشوو نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست ناکات کاک فرەنسۆ بەو شێوەیە لێکی بدەینەوە، رای هەر دوولا روونە هەر دوولا کۆک بوون لەسەر یەک خاڵ ئەویش ئەوەیە کە بۆنەکە پیرۆز بکرێت، پیرۆز کردنیشی ئیشی خۆی دەوێ، ئێمە وەکو پەرلەمان وتمان رێک دەکەوین لەسەر سەعاتێک دێین بەرامبەر بەو رۆژە هەستی خۆمان دەردەبرین ئەگەر بتوانن ئەنجوومەنی وەزیرانیش بێنن بۆ ئێرە. پێویستیشە وەفدێکی پەرلەمانیش بچێتە دهۆک. خاڵی دووەم: وەکو دەزانن لەرۆژی(١١) و(١٢/ ١٠) لەبرۆکسل سمینارێک هەیە واتا کۆڕێک هەیە دەربارەی وەزعی ئێمە لەکوردستان وەکو پار کرا، کە هۆڵندییەکان لەپشت ئەو کارەوە وەستاون کە پار لە هۆڵندە کرا، د.سەلاح وچەند برادەرێک چوون بەهەمان شێوە ئەمساڵ لە برۆکسل دەکرێتەوە داوایان کردووە لەپەرلەمان ولەحکومەت ولەهەر دوو حزبی سەرەکی کە بەشداری بکەن لەو سیمنارەدا، جا وابزانم برادەرانی کتلەی سەوز دوانیان دەست نیشان کردووە، دەبێ کتلەی پارتیش دوانمان بۆ دەست نیشان بکات هەر ئەمڕۆ ئی ئاشوریش ئەگەر یەکێکمان بۆ دەست نیشان بکەن، بۆ ئەوەی ناوەکانیان بنێرین، چونکە دەبێت بەیانی ناوەکانیان پێ بگات، جا تا زووە ناوەکانمان پێ بدەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت چەند روون کردنەوەیەکتان پێشکەش بکەم، دەربارەی ئەو وەفدەی کە دەچێت بۆ برۆکسل ئەو وەفدە لەسەر دەعوەتی ئەو لایەنەیە کە ئەو کۆنگرەیان رێک خستووە،(١٥)کەسیان دەست نیشان کردووە(٥)ی حکومەت و(٥)ی پەرلەمان و(٥)ی حیزبەکان و هەر ئەمە پێشنیارێکە نەک بریارێک بێت لەسەر ئەو نیسبەتە بێت، ئەوەی بۆم ئاشکرایە دوانی لە کتلەی زەرد دەبێت دوانی

لەکتلەی سەوز دەبێت، یەکێ ئاشووری دەبێت هی حکومەتیش ئەوە خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، هەروەها هی حزبەکان، ئەوجا خۆی راستە ئەو پارەیە کە سەرف دەکرێت لەلایەن ئەو لایەنەوە وبەناوی کوردەوە سەرف دەکرێت ئەو پارەیەی کە بۆ ئەو مەسەلەیە دەست نیشان کراوە ئەگەر هاتوو بۆ ئەو بابەتە سەرف نەکرا، مانای ئەوە نییە کە بۆ ئێمەی دەنێرن کە گوندی پێ ئاوەدان بکەینەوە، هەموو رامان وابوو کەبینێرن بۆ ئێرە کە گوندی پێ ئاوەدان بکەینەوە، لەجیاتی پانزە کەسەکە با پێنج کەس بچووبان، ئەگەر ئەو پارەیە بۆ ئەو مەسەلەیە سەرف نەکرا دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی خۆیان، لەوانەیە بەیانی بۆ (بۆسناو هەرسک) یا (صومالی) بنێرن، لەبەر ئەوە باش وایە ئەگەر ئەو هەلە بقۆزینەوە و بەشداربین، چونکە ئەو پانزە کەسە کە لەوێ بن، دەتوانن لەهەموو لیژنەکان بەشدار بن، لەو کۆنگرەدا باسی ئەوە بکەن ئەو دوو ساڵە لەکوردستان باسی چی کراوە، بەرهەم چییە؟ کەم وکوڕی چییە؟ پێویستییەکان چین؟ لەبەر ئەوە وابزانم چوونی ئەو وەفدە شتێکی باشە ئێمە لەو بارەیەوە بتوانین هەر پێنج ئەندامی پەرلەمانەکە بنێرین، حکومەت وحیزبەکانیش ئارەزووی خۆیانە هەموویان دەنێرن بەشێکیان ئەنێرن، ئەوە بۆ بڕیاری خۆیان دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو وەفدەی کە دەڕوات بۆ دهۆک وا بەبەرژوەند زانرا لەهەر پارێزگایەکدا تا سلێمانی وهەولێر وکەرکووک لەهەر گروپێک دوو برادەر دەست نیشان بکرێن، بۆ دهۆکیش با بڵێین لەهەر دوولا لەهەر کتلەیەک(٣)کەس دەست نیشان بکەن. لەبەر ئەوەی لەدهۆکە دەبێ کوتلەی مۆریش برادەرێک دەست نیشان بکات، بڕیارە کاک د.کەمال وکاک فرەنسۆ ناوەکانمان پێ بدەن ئینشائەڵڵا بەیانی بەڕێ دەکەون، ئێمە دوای ئەم دانیشتنە لەگەڵیاندا دادەنیشین، یا دەتوانن بەیانی سەعات(٩)بێنە ئێرە، لێرەوە بەڕێ کەون بۆ ئەوەی بۆ دوای نیوەڕۆ بگەنە ئەوێ ودەتوانن رۆژی(٥)ی مانگ دوای نیوەڕۆ بگەڕێنەوە، واتا شەو لەوێ دەبن راگەیاندنیش لەگەڵ خۆیاندا ببەن وقسەیان لەگەڵدا بکەن، هەوڵیش دەدەین کە هەر دوو تەلەفزیۆنی سەرەکی لەگەڵیاندا بچن بە لایەنی کەمەوە کامیرەیەکی ڤیدیۆیان لەگەڵدا بێت لەگەڵ پەیامنێرێک، تا ئەو شتە (توثیق) بکەن بۆ ئەوەی، لێرەش ئەو چالاکییە لە تەلەفزیۆنەکان پیشان بدرێت ئەمە خاڵێک، خاڵێکی تر پێشنیارێک هەیە کە ئەندامانی پەرلەمانیش پشتگیری لەو مانگرتووانە بکەن، چونکە وادیارە تۆزێک پێویستیان بە کۆمەکیش هەیە، پێشنیارێکی واش هەیە کە هەر کەس بەئارەزووی خۆی بێ وەک پیتاک پێدان بەشداری بکات ئازادە، لە نیو دینارەوە تا چەندی دەیدات ئارەزووی خۆیەتی یارمەتیەکی روحییە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی نازانین لەوێ وەزع چۆنە وخەڵک چۆن پیتاک دەدات شتەکە هەیە، نییە؟.. بەڕای

من ئەو وەفـــدە كـــە دەچێت سنوورێكی بۆ دابنێین.. بۆ نموونە بڵــێین لە(١٠٠٠) تا (٥٠٠٠)دەسەڵاتتان هەیە كە پیتاك بدەن، ئەو وەختە بێنە ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

ئەمە شتێكی خوایشتە، هەر ئەندامێكی پەرلەمان حەز دەكات پیتاك بدات لە نیو دینارەوە تا چەند دەتوانێت، وەكو پشكداربوونی ئەندامانی پەرلەمانە، پیتاك دەدات ئەمە تەنیا بەشداری كردنە...

**بەڕێز یـونـادم یـوسـف كـنـە:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

بۆ مەسەلەی كات كورت كردنەوە هەر ئێستا دەتوانین دەستبەجێ كۆی بكەینەوە وتەواو، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

ئێمە ئێستا وەرقە دابەش دەكەین بەسەر ئەنداماندا هەر یەكە دەنوسێت چەند پیتاك دەدات، ئەوە دەدرێت بەبەشی ژمێریاری پەرلەمان لەدەرماڵەكەیان دەبڕدرێت، نەك ئێستا لەگیرفانی خۆیان دەری بێنن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

دیسان جەخت لەسەر سەفەرەكە دەكەم، كە هیچ ئەندامێكی پەرلەمان ئیحراج نەبێت، ئەمە شتێكی رەمزییە، ئارەزووی خۆتانە..خەرجی لیژنەكە پەرلەمان دەیگرێتە ئەستۆ.. خەرجی رۆیشتن وئەوەی تریان ئەوە سێیەكی دەخرێتە ژێر دەستی ئەوان..

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـجـید:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

من پێم باشە، ئەگەر ئەو پیتاك دانە لەسەری رێك بكەون، شتێكی براوە بێ بۆ ئەوەی كەس قسەی تێدا نەكا، ئەگەر وابێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

كاك ئەیاد ئەمە بەخوایشتە براوەو ئەوانە نییە بریاری لەسەر بدرێ، هەر چ كەسێ چەند دەبەخشێ چەندی بیدات باشە، سوپاس.

**بەڕێز سـەفـەر محـەمـەد حـسـێن:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

ئەو پیتاكە شتێكی گرنگە وبەراستی ئەگەر هەر وابڕۆن بەدەستی خاڵی هەم باشە، بەڵام گەر یارمەتیەكی ماددی هەبێ باشترە، گرنگی زۆرترە وپشتگیری ئەوە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ ئێمە هەموو پیتاکێک بە سینگی فراوانەوە، وەردەگرین، هەر یەک لەئاستی خۆی، من (٥٠)دینار دەبەخشم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئازادی، مەسەلەکە ئیحراجی پێ ناوێ، ئەگەر بڕیاردرا وابێ ئەوە ئازادن، مەسەلەکە تەنیا شتێکی ڕەمزییە لە ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ مانگرتووان، وابزانم ئەوە تەواو..

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو بارەیەوە ئەگەر ئەو بابەتانە تەواو بوون، ئەوە بۆ مەسەلەی بەشە ناوخۆیەکان قسە بکەن، ئەگەر ڕێگە بدەن بە مامۆستا صلاح قسە بکا لێکۆڵینەوەکە هەڵدەگرین بۆ ڕۆژی حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵێکی تریش، لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن قسەمان کردووە سەبارەت بە مەسەلەی دەوام ودوێنێ بەڵێنماندا کە تۆزێ گۆڕانکاری بەسەردا بێ و، وا بەبەرژەوەند زانرا کە یەک شەممە وچوار شەممە دەوامان لەکاتژمێر (٩)وە تاکو(٢) بێت لەو نێوانە پشوێکی کورت وەرگرین، لەنێوان چارەگێک(٢٠)دەقیقە، تانیو سەعاتێک، ڕۆژانە لەیەک شەممە تاوەکو چوار شەممە دەوامان لە سەعات(٩)تاکو سەعات(٢) درێژە بکێشێ، لەسبەینێوە ئەوە پیادە دەکرێت.

**بەڕێز جەلال شفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی باشە کەوا دەوام بکرێ بەسەعات(٩)، بەڵام بەڕاستی ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژی کۆبوونەوەن لەحەفتەکەدا سەعات(١٠)بێت، دەربارەی ئەو برادەرانەی کە لەدهۆک یا لەسلێمانی دێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وتمان یەک شەممە سەعات(٩)بێت بۆ ئەوەی شەممەمان بەدەستەوە هەبێ، چونکە لەوانەیە فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیەکیان پێویست بێ بزانین کۆتایی حەفتە وسەرەتای حەفتە چی بووە، شەممە ئازادن، ئەو برادەرانە زوو دێنەوە درەنگ دێنەوە، هەوڵ بدەن بەرنامەیەکی فراکسیۆنی خۆیان ڕێک بخەن، وا بەبەرژەوەند زانرا کە بەو شێوەیە شەممە دانیشتن نەبێ، ئەگەر کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان بخەنە شەممە دوای نیوەڕۆ، بەڵام کۆبوونەوە نییە، مەگەر شتێکی دەستبەجێ هاتە پێشەوە، بەڵام کۆبوونەوەکانی ئێمە یەک شەممە تاوەکو چوارشەممە هەر کۆبوونەوەیەک لەسەعات (٩)ەوە دەست پێ دەکات تاکو سەعات(٢).

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ لیژنەکان بەڕاستی پێشنیار دەکەم لەجیاتی دوو شەممە ئێواران دەتوانین کۆببینەوە، دوو سەعات پاش نیوەڕۆ بۆ کۆنەبنەوە؟ لەجیاتی ئەوەی دەبێ ئاگاداری ئەوە بکەن، لەشوێنی دوورەوە دێن، رەنگە زەحمەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێوە ئازادن، لیژنەکان بخەنە شەممە دوای دەوام، گرنگ ئەوەیە دانیشتنەکانی ئێمە لەسەر ئەم رێکەوتنە بێ کە کرا، یەک شەممە تاکو چوار شەممە چۆن وەختی تر رێک دەخەن ئەوە کاری ئێوەیە، بۆ ئەو وەفدەی کە دەڕوات برادەرانی لیستی سەوز ناوی حەوت کەسیان ناردووە، کاک سەعید سلیڤانی، کاک ئەحمەد بامەڕنی، کاک حازم، کاک ئەیاد حاجی نامق، کاک د.فائق، مامۆستا جەلال جوهر، کاک عەبدولخالق زەنگەنە، ئەوە حەوت کەس سبەی سەفەر دەکەن ودوو سبەی دەگەڕێنەوە، برادەرانی لیستی مۆر کاک بطرسیان دیاری کردووەو، ناوی لیستی پارتیش ئەم بەڕێزانەن: مامۆستا مەلا مەحمود، کاک ئیبراهیم، کاک محسن ئامێدی، کاک شێخ یەحیاو، کاک حسێن عەلی کەمال، کاک بورهان جاف، ئەگەر کۆبوونەوەکە تەواو بوو زەحمەت نەبێ دوای دانیشتنەکە( ٥ )دەقیقە سەرێکمان لێ بدەن تا بزانین پێویستیەکان چین وبۆتان دابین بکەین، سبەی سەعات نۆ دێنە ئێرەو سەفەر دەکەن، وابزانم ئەمانە تەواو بوو ئێستا دێینەوە سەر بەرنامەی ئەمڕۆمان. کاک د.کەمال پێشنیارێکی هەبوو کە مەسەلەی بەشەکانی ناوخۆی باس بکا بۆ ئەوەی سێ شەممە بیخەینە بەرنامەی حکومەتەوە..

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەلاحەدین عەبدولحەمید بۆتان باس دەکا، چونکە ئەو بەدرێژی دەیزانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە پار دڵخۆشکەر بوو کە لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی کە توانیان هەندێ شوقەو خانوو دابین بکەن بۆ قوتابیانی دەرەوەی هەولێر، بەڵام ئەمساڵ کێشەیەکی گەورەیان بۆ دروست بووە، ئەم شوقەو خانوانە حجز کراون لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامیەوە، وەکو دوێنێ هاتوون رووبەرووی من بوونەوە، منیش پێم باش بوو لەپەرلەمان بیخەمەڕوو، بەڕاستی موعاناتی ئەو قوتابیانە گەورەیە، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی هەولێرن لەگەرمیان، لەکەرکوک، لەسلێمانی، دێن پێویستیان بەچارەسەرێکی کاتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بێگومان دوو لایەنە، لایەنێکی پەیوەندی بە ئیشی خوێندنی باڵاوە هەیە، کە مشورێکی

قوتابییەکان و مەسەلەی بەشی ناوخۆیی (القسم الداخلی) بخۆن بە تایبەتی لەزانکۆدا، لەلایەکی ترەوە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، حەز دەکەن وەکو پرسیارێک ئاراستەی حکومەتی بکەن.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی گرفتێکی زۆر گەورەیە، بە تایبەتی ئەمساڵ قوتابییەکی زۆر لەزانکۆکان وپەیمانگاکان وەرگیراون، ئەمە زەحمەتە بۆ قوتابی، هیوادارم چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە ئەمەیە، هەندێ بینای بەتاڵی وا زۆرن لەناو هەولێردا، ئێمە ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیران وخوێندنی باڵا بکەین بەزووترین کات.. لیژنەیەکی بۆ دابنێین وچاکی بکەنەوە، هەندێ جێگە هەیە، حزبەکان گرتوویانە، دەتوانن پێیان چۆڵ بکەن، چونکە هەر لەخوێندکاران لەناو هەولێر وخەڵکی سلێمانی وکەرکوک لەوانەیە دەست بکەن بەمانگرتن و خۆپیشاندان، لەبەر ئەوە پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران وخوێندنی باڵا بەزووترین کات وەزارەتی دارایی ئاگادار بکاتەوە، حەقلێکی تایبەتی بکاتەوە بۆ چاکسازی ئەو شوقانەی کە ئێستا بەتاڵن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کێشەی ژیانە لەرووی حکومەت باسی بکرێ، دەبێ حکومەت چارەسەرێ بۆ کێشەی قوتابیان دانێ، بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی دەست بەسەر ئەو خانوانەدا بگرێ؟ بۆ حکومەت کرێیەکەی نەدات بێتە بەشی ناوخۆیی؟، لەبەر ئەوە من پێم وایە تەنیا ئیشی حکومەتە ئیشی لیژنەی خوێندنی باڵا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە ئیشی پەرلەمان نییە، حەز دەکەم روون بێ ئەمە ئیشی دەسەڵاتی راپەڕاندنە، ئێمە حکومەتێکمان هەیە وەزارەتی پەروەردەمان هەیە، خوێندنی باڵامان هەیە، زانکۆکان هەنە، پەیوەندییان بە بەشی ناوخۆوە هەیە، ئەوەی کاک د.کەمال گوتی هەموو سێ شەممان حکومەت دێن وئەوە ئەندامەکانمان لەناو ئۆتێل رزین، ناتوانین خانووەکانیان پێ چۆل بکەین، باسی چی بکەین؟ ئەمە ئیشی پەرلەمان نییە.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بۆیە ئەو شتەم خستە روو، لەبەر ئەوەی پێویستە ئێستا دەوامی ئەوانە کرایەوە، وەکو کاک کەمال پێشنیاری ئەوەی کرد کە چاکسازی ئەو خانووە چۆڵانە زۆری دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت شتێ بنووسە چ کراوە بۆ ئەم بابەتەو چ دەکرێ، ئێمە بۆ حکومەتی دەنێرین کە ڕۆژی سێ شەممە بەلای کەمییەوە وەلامێکی بدەنەوە..

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە کارێکی ئاساییە، هەموو کاتێک بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بەر پرسیاری بەشەکانی ناوخۆیە، لەهەموو شارەکاندا، بەشی ناوخۆ، بەنسبەت پلەی دواناوەندی وناوەندی ئەو بەشانە سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتیین، دەربارەی زانکۆش ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتییێکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڕێوەبەر بەر پرسیارە سەبارەت بە بەشەکانی ناوخۆ بۆ دامەزراندنی ئەو قوتابییانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو وتم ئەم بابەتە وەکو پێشنیار یان پرسیار هەر ئەمڕۆ ئێمە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەین، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان ئامادە بکەن وسێ شەممە یا ڕۆژێکی تر بێ بۆ ئەوەی وەلامیان هەبێ بۆ ئەم بابەتە. ئێستاش با بچینەوە سەر بابەتی یاسای حزبەکان، ئەگەر لیژنەی یاسا بفەرموون ناوی خوای لێ بێنن، لیژنەی ناوخۆش وابزانم ئوسولی وایە، بێنە ئێرە. هەموو لایەک پرۆژەکەیان لایە، وابزانم ئەمە یەکێک لەو یاسایانەیە کەزۆر گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئاشکرایە لە ڕۆژنامەکان ولە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا باس لەیاسای حزبەکان کراوە، ئێمە وەکو لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ پاش هەڵسەنگاندنی ئەو یاسایەی بۆمان هاتووە، ئەو ئەنجامەی کە لەبەر دەستتانە پێمان پەسەند بووە، ڕای کۆتایی لای جەنابتانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەو پرۆژەی کە لەبەر دەمی بەڕێزتان دایە، تەنیا ئەو کلێشەی سەرەوە دەخوێنمەوە کە تێیدا نییە، کە ئاوا دەست پێ دەکات..

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق في جلسته المنعقدة بتأريخ/ / اصدار القانون الاتي: القانون رقم( )لسنة١٩٩٣، قانون الاحزاب لاقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو ئاگاداری پرۆژەی یاسای حزبەکانن لەمانگی(٣)ەوە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بەسەر هەموو حزبەکاندا دابەش کرا، لەپەرلەمان ئێمە بۆ چوونی زۆرمان لەو حزبانەی بەرەی کوردستانییەوە بۆ هات، کاتی خۆی گفتوگۆیان لەسەر کرا، لیژنەی یاسا کە ئامادە کرا دیسان بەبەرژەوەند زانرا کە ئەو پرۆژەیە بدرێ بە راگەیاندنەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بلاو بکرێتەوەو، رای خەڵکی وەربگیرێ ومێژووی دیاری کراو دانرا ماوەیەکی باشیش گفتوگۆی لەسەر کرا، لەئاکامدا ئەو هەموو رایانە کۆ کرانەوە ودرانە لیژنەی یاسا. لیژنەی یاساش لەئاکامی چەند دانیشتنێکیاندا ئەم پرۆژەیەیان ئامادە کردووە، ئێستاش دێینە سەر مادەی(١)..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة(١): الحزب منظمة ذات شخصية معنوية تتكون من اتحاد اختياري بين مجموعة من الاشخاص الطبيعيين تجمعهم مبادئ واهداف مشتركة معلنة في منهاج الحزب تعمل لتحقيقها بالوسائل الديمقراطية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا هیچ تێبینی هەیە لەسەر مادە(١)؟

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من یاساکە نووسراوە، (قانون الاحزاب)، بکرێتە (قانون الاحزاب السياسية) زیاتر ئێستا مەبەستمان لەحزبە سیاسییەکانە، دووەمیان دەربارەی«الحزب منظمة» بکرێتە«الحزب تنظيم ذات شخصية معنوية» نەک «منظمة شخصية معنوية»، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای (احزاب)، یان ئەگەر (قانون الجمعيات والاحزاب السياسية) با، باشتر نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە خۆم لە لیژنەی یاسا بووم، بەڵام بەبۆچوونی من چونکە پێناسەیەو لەکۆتایی پێناسەکەدا هاتووە «تعمل لتحقيقها بالوسائل الديمقراطية» پێم وایە ئێستا گەیشتوومە قەناعەت ئەو کاتە جەختم لەسەر ئەو بۆ چوونەم کردووە، بەرای من، چونکە ئەوە لەمادەی(٥)برگەی(٣)دا هاتووە لەبەر ئەوە بە بۆ چوونی من ئەوە زیادە لەپێناسەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
قسەکانیان کرد..
**بەڕێز د.فایەق محەمەد گوڵپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەربارەی پێناسەکە«الحزب منظمة سياسية»یا«تنظيم سياسي» ئەگەر ئەو سیاسییەی بۆ زیاد بکرێ واتاکەی باشتر دەگەیەنێ، سەبارەت بە برگەی دوایی«تعمل لتحقيقها بالوسائل الديمقراطية» بەراستی من لێرە پرسیار دەکەم ، ئەگەر رەوشی واهاتە پێشەوە یا شەڕ بۆوە، بۆ ئەم مەرجە بسەپێنین بەسەر خۆماندا؟ سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەگەر سبەی حزبێک دەستی لێمان دایە چەک؟..
**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێستا پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە مەبەست لەم مەرجە نییە، ئەم حزبە ئامانجەکانی تەنیا لە ئێمە بسێنێ، کە داگیرکەرێک هاتە کوردستان ورەوشێکی تر هاتە پێشەوە مەبەستم لەوانەیە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
داگیرکەر؟! ئەمە یاسایێکی ترە ،دەنا ئەم یاسایە ناگرێتەوە کاک دکتۆر، سوپاس.
**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مادەی یەکەم پێناسەیە، مادام پێناسە بێ پێویستە بڵێین:( الحزب منظمة سياسية).. چونکە لەراستیدا رێکخراوێکی سیاسییە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەوانەی ویستیان قسە بکەن تەواو، با بێینە سەر لیژنەی ناوخۆ..
**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمەش پێمان وایە (منظمة سياسية)، چونکە ئەگەر وانەکەین، بەراستی ناتوانین لەگەڵ کۆمەڵەکاندا یا رێکخراوە پیشەییەکاندا جیایان بکەینەوە، من لام وایە سیاسییەکەی پێوە بێنێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەسەرەتادا ناوی یاساکە (قانون الاحزاب)ە، مانای وا نییە کە حزبی سیاسی ناگرێتەوە، واتا

حزبە سیاسییەکان وناسیاسییەکان دەگرێتەوە و ئەگەر هاتوو (قانونی احزاب) بەو رەهاییە بێت هەموو جۆرەکانی دەگرێتەوە، جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵەکان زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام پرسیارێکی تر دەڵێ حزب هەیە سیاسی نییە، بەڵام بەشداریان لە هەڵبژاردن و لەگۆڕانکاری ودەنگدان لەسەر دەسەلات و لەحوکم کردووە، ئەوانە چۆن حیسابییان بۆ بکرێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حزبەکان ئامانجیان هەیە، ئامانجی ئەو حزبە ئامانجێکی سیاسییە، ماناشی ئەوە نییە ئامانجی کۆمەلایەتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم ناوی یەک دوو حزبم بدەنێ سیاسی نەبن.. پرسیار لەلیژنەی یاسا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم مانای سیاسەت چییە؟.. مانای ئەوەیە لەوانەیە حزبێک هەیە وەکو (ژینگە) یا حزبی سوشیالیستی خۆی سوشیالستییە، سیاسی نییە، شتی کۆمەلایەتییە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە وایە وەکو حزبی سیاسییە، ئەوەش وایە ئێمە یاسا بۆ ئەم کوردستانە دادەنێین رەنگە لە دەرەوە هەیە دەڵێن حزب هەیە حزبی دارو دارستان وپارێزگاری کردنی ژینگە وگیانلەبەران، لای ئێمە ئەم جۆرە حزبانە هەنە؟ حزب یانی حزبی سیاسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای نووسەرێک یا پسپۆڕێک لەو مەسەلەیەدا ناخوا، ئەوە رای خۆی ئەوەیە کە لەپێناسەی حزبدا هاتووە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مەسەلەی رێکخستنێکی سیاسی زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵەکان هەبێ واقعی کۆمەلایەتی گشت کۆمەڵێک هەتا لە رێکخراوەکانی ژینگەش دەوریان هەیە لە مەسەلە سیاسییەکان، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێم وا نییە هیچ كۆمەڵێ هیچ رێكخراوێک هیچ حكومەتێک هیچ دەزگایەک هەبێ سیاسی نەبێ هەمووی سیاسییە، بەڵام هەر یەک وا هەست دەكا كە سیاسی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.كـەمـال عـەبدولـكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو پێناسەیە بەو شێوەیە هاتووە، بەلای ئێمە وا باشە هیچ گۆڕان ودەستكاری ناوی بۆ ئەوەی كە (منظمە) بكەین بە(تنظیم) شتێكی زارەكییە دەستكارییە لەڕووی زمانەوانیەوە دەكرێ، زیانی تیادا نییە، لەپاشان لیژنەی داڕشتنی ئەتوانێ بیكات، پێویست ناكات بنوسین (حزب سیاسی)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر تێبینییان هەیە با بفەرموون..

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولـكەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەلای ئێمەوە كە دەڵێین (قانون الاحزاب)، حزبی سیاسی دەگرێتەوە، ئەو نموونەیەی بەڕێز كاك ئەرسەلان داوای كرد وابزانم كاك ئەحمەد بامەڕنی وكاك د.كـەمال وەڵامیان داوەتەوە، دوو نموونەی هێنا، حزبی سەوز لە ئەڵمانیا، ئەوجا زیاد كردنی وشەی سیاسە وزیاد نەكردنی بەلای ئێمەوە هیچ جیاوازییەكی نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئـەرســـــەلان بایز ئیــــســـــمـــــاعـــیل:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

كاك ئەحمەد نەیگوت حزبی سەوز سیاسی نییە، وگوتی سیاسین لە ئەوروپا لەپەرلەمان بەشداری دەكەن ئەوانیش سیاسەت دەكەن، سوپاس..

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

كەناوی سیاسەت بوو بەگاڵتە كردن لەبۆ حزبەكان ئەویش جۆرە سیاسەتێک بوو وە نەبێ سیاسەت نەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

پێشنیارێک هەیە كە وشەی (سیاسی) یا لەناونیشانەكەی، یا لەبۆ مادە (١) زیاد بكرێ بكرێ..

**بەڕێز ئـەیـاد حـــاجی نامق مــــەجـــــیــــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر لەلانی زمانەوانیـیەوە تەماشای (احزاب) بكەین ئەوەی هاتۆتە سەر (احزاب) هەمووی

هەمیشە مۆرکی سیاسی پێوەیە کە وتمان حزبەکان ئەوە دەلالەتی خۆی پێوەیە، حزبە سیاسییەکان دەگرێتەوە کە وەکو ئەوەی کاک سەید حەسەن فەرمووی حزبەکانی ژینگە، بەلام ئەوانە کارێکی سیاسی دەکەن حەقی سیاسیان هەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیار هەیە کە وشەی (سیاسەت) زیاد بکەین لەسەر یاسای حزبەکان، بەتایبەتی مادە(١) کە رێکخراوی سیاسی بێ، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وشەی (سیاسی) زیاد بکرێ؟ بنووسرێ (قانون الاحزاب السیاسیة) لەمادە(١)بنووسرێ (الحزب منظمة سیاسیة).. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟... دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ وشەی (سیاسی) زیاد دەکرێ..

**بەرێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی شێوەی دەنگدانەکە من لاریم هەیە، ئێمە دەقێکمان هەیە و لەبەر دەمدایە، کێ دەیەوێ کە بمێنێتەوە؟ کێ نایەوێ زیاد بکرێ؟ ئەم پێشنیارە لەبەر دەمدایە دەبێ بلێین کێ لەگەڵ ئەمەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەپاشان پەسەند نەکرا مانای ئەوەیە سیاسی لەگەڵ بێ، سوپاس..

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر دەبوو پێشنیارەکە بخەینە دەنگدانەوە، پەسەند دەکرێ یان پەسەند ناکرێ؟..

**بەرێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی روونکردنەوەیەکم هەیە بۆ لیژنەی یاسا وشەی حزب لێرەدا بەرەهایی هاتووە، ئەگەر بێتو بلێین حزبی سیاسی واتا رێگامان لەناسیاسی گرت، بەلام ئەگەر بلێین حزب بەتەنیا سیاسی ونا سیاسی دەگرێتەوە، دیسان ئێمە جەخت دەکەینەوە لەپێناسەکردنی لیژنەی یاسا وبرادەرانی تریش هیچ حزبێک نییە سیاسی نەبێ، سوپاس.

**بەرێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بلێی (قانون الاحزاب السیاسیة) ئەوە یانی خۆی گرفت لەوەیە کە حزبمان هەنە ناسیاسین، بۆیە ناکرێ، بۆ پێناسەکە دەبێ بلێین (الحزب منظمة سیاسیة)، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو پێشنیارەی کە هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە کە وشەی (سیاسی) زیاد بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دوو را هەیە رایەک کە دەڵێ زیادی بکەین رایەکی تریش هەیە دەڵێ زیادی مەکەن، دەبێ بریاری لەسەر بدەین...

ئەو پێشنیارەی کە هەیە دەڵێ (سیاسی) زیاد بکرێ لەسەر یاسای حزبەکان دووەم وەک (المنظمة

السياسية)، پێشنیاری تر هەیە، دەڵێ ئەو زیادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.. پێشەکی کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟..(٣٩) دەنگ لەگەڵ ئەوەنە وەکو خۆی بمێنێتەوە(٤٠) دەنگ دەڵێن دەبێ بیگۆڕن، دێینەوە سەر پێشنیاری دووەم، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ببێ بەیاسای (الاحزاب السياسية)؟ مادە(١)ئەنوسرێ (الحزب منظمة سياسية).. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بنووسرێ؟..

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانن بڵێین (قانون الاحزاب) بەڵام کە دێینە سەر پێناسەکردن دەڵێین (الحزب منظمة سياسية) بەو شێوەیە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار هەیە بنوسرێ (قانون الاحزاب السياسية لاقليم كوردستان) واتە وشەی (سياسه) زیاد بکرێ کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ زیاد ناکرێ، دێینەوە سەر مادە (١) (الحزب منظمة سياسية) کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ دەنوسرێ (منظمه سياسيه).

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەروامان زانی (سياسي)یەکە دەخەینە سەری ئەوەی تریش دەگۆڕێ ئێمە دەنگماندا ئەو ماددەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەنگمان لەسەر ئەو پێشنیارەدا، تازە تەواو...

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر لە وشە سیاسییەکە، بەڵام (تداول السلطه) لەمادە (١)دا باسی نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیموکراتیەت واتا (تداول السلطة)؟ ئەو حزبەی کە باوەڕی بە(تداول السلطه) بێ واتا بڕوای بەدیموکراتیەت هەیە..

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشترین شوێن بۆ ئەم مەسەلەیە لە مادە(٤)دا برگەی(٣) (تحقيق اهدافه بالوسائل الديمقراطية دون اللجوء الى العنف والارهاب ونؤمن بتداول السلطة) ئەو برادەرانە لەوکاتەدا دەیانەوێ بیکەن، ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

مادەی(١)یەکەم بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، بەڵام نەگەر لەشوێنی تردا هات کە زیاد بکرێ جێگەی تر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامـق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن هەندێ مەسەلەی فقهی ودەستووری دەخەمە ناو ئەو بابەتەوە، خۆی حزب لەسەر سێ پایە دادەمەزرێ پایەی یەکەمیان«فیکر»پایەی دووەم(کۆمەڵە کەسانێکی ڕێکخراو) پایەی سێیەمیان مەسەلەی «تداول الوصول الى الحكم» گەیشتنە حوکمیش بە ڕێگای (تداول سلطە) دەبێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

دیسان دەگەڕێمەوە سەر هەمان پرسیار، ئەو حزبە کە باوەڕی بە دیموکراتیەت بێ، دیموکراتییە، لەهەڵبژاردندا حزبێک زۆربەی دەنگی هێنا ئەو کاتە مافی هەیە، ئەگەر کەمینەی دەنگی هێنا، ئەمە مافێکی ترە، بەڵام (تداول السلطة) یانی چی؟..

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

قسەی کاک جوهر زۆر ڕاستە، بەڵام لەم قۆناغەی(١٥-٢٠)ساڵی دواییدا زۆر شوێن لە دنیادا ئەم تاقیکردنەوەیان هاتووتە پێش، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

مەسەلەی (تداول السلطة) ئێستا لە گشت پرۆگرامی حزبەکاندا هەیە، وابزانم لە بەرنامەی کۆنگرەی نیشتمانیی ڕکابەری، عێراقیدا هەیە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

ئەمە دیموکراتییەتە حزبێک دەسەڵاتی خۆی دابکوتێ لەحوکم، لەهەڵبژاردن دەربچێ، ئەمە دیموکراتییەتە، سوپاس.

**بـەڕێـز فـــــەرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

من پێم وایە، هەبێ ونەبێ وەکو یەکە، نووسرابێ نەنووسرابێ وەکو یەکە، چونکە لەناو حزبەکانیش رووی داوە کە بڕوای بە دیموکراسیەت هەبووە کە کۆنگرە گیراوە گرفت دروست بووەو ڕازی نەبووە بەمە، لەبەر ئەوە داخلی بکەن هیچ زەرەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من تاقی کردنەوەی هەڵبـژاردنی جەزائیـر بەنموونە دێنمـەوە یادی بەڕێزتان، ئەنجامەکەی ئەوە بوو لیستی ئیسلامیەکان سەرکەوت، حکومەتی ناوەندی پێی قەبوول نەکرا، هەرچەندە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە بوو، ئەگەر بنەمایەکی دەستوری لەدەستوری جەزائیر کە بنەمای (تداول السلطة)یە هەبوایە ئەو وەختە ئەو مەسەلە وای لێ نەدەهات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

چۆن جـەنابت ئەوە ڕەت دەکـەیەوە؟ ئەمـە مـانای ئەوەیە کـە ئەوانە باوەڕیان بە دیموکـراسی نییـە دەقێکمان جێگیر کرد کەدەڵێ (بالوسائل الدیمقراطیة) دیموکراتییەت هەبێ (تداول السلطة)ش بەشێکە لەناوەڕۆکی دیموکراتییەت، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەگفتوگۆ کردنەکەدا وا دەردەکەوێت کە هەندێک پەنا دەبەنە بەر هەندێ وشە لەترسان، ئەوجا پێم وایە پێویستی بەوە نییە، بابەتەکە بنەمای دیموکراسیەتە، ئەگەر نوسرا بێ (تداول السلطة) هـەر بەجێی ناگەیەنێ ئەگەر مەسەلەکە هێز بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

وەک پێشنیارێ دەیخەینە دەنگدانەوە..

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

وابزانم هیچ پێویست بەدەنگدان ناکات منیش ئەڵێم ئەو مادەیە دەنگمان لەسەر دا و، ئینجا ئەم مەسەلانە جێگای تریان هەیە زیاد بکرێن و ئەگەر ئەو قسەیە بخرێتە سەری شتێکی زیادە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

مادام وایە باسی نەکرێ و بابچینە سەر مادە(٢)..

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

المادة(٢)اولاً: لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق الساكنين فيه ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الحزب.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لێـرە گـوتمان (قـانون احـزاب سـیاسـیـة) پێناسـەی حزبی سیاسـیمان زیاد کرد لەهەموو مادە یاساییەکان، یان حزب هاتووە بەرەهایی یا (احزاب) هاتووە سیاسی لەگەڵ نییە دەبێ مادە مادە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەوا هەر ناونیشانی یاسای حزبەکانمان گۆڕیوە..

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبوبەکـر حـەسـەن بامـەڕنی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

قسەم هەر لەسەر (الساکنین فیە) هەیە، لێرە دوایی بڕیار دەدرێت کە پەنجا ئەندام پێشنیاری ئەوە بکەن مافیان هەیە کە حزب دابمەزرێنن، لەوانەیە ئەو کۆمەڵە کەسانە(٣-٤)یان (السـاکـنین فـیـە) نەبن، راست وایە بە رەهایی نەیەت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

جا ئەگەر حیزبێک نەتوانێت(٥٠)کەس لەناو کوردستاندا کۆ بکاتەوە پاشان بڕیار بدات کەسێک بنێرێتە دەرەوە، وابزانم ئەوە گرفتێکی گەورە نییە، مافی ئەو درێژە پێدانەمان نییە.

**بەڕێز د.قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من هەمان تێبینیم هەیە، چونکە (لکل مواطن من مواطني اقلیم کوردستان)واتا مافی هاووڵاتی دەدات بەبۆچوونی من پێویست ناکات دوای ئەوەش رەوشی تایبەتی ئێمە ئەو رستەیە هەڵناگرێ پێشنیار دەکەم (الساکنین فیە) تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.فـایەق مـحـەمـەد گـوڵپی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

مادەی(٢)بەندی یەکەم ئەو کەسانەی بێبەری کردووە لە پێکهێنانی حزب کە خەڵکی بەشەکانی تری کوردستـانن، وەک لەتورکیا وئێران کە لە کوردستـانی عێراقدا دەژین.. لەوانەیە لە ئایندەدا حزبێک دامەزرێ لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کـوردستـان، سـتـراتیـجێکی هاوبەشی هەبێ، براینە پێشنیار دەکەم دەقەکە بگۆڕدرێت بەم شێوە بێ (لکل مواطن في کوردستان الساکنین في اقلیم کوردستان العراق ممن تتوفر فیهم الشروط، حق المشارکة في تأسیس الحزب)، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمە یاسا بۆ هەرێمی کوردستان دادەنێین و زۆر رێکوپێک هاتووە، ئەو خەڵکەی کە لەکوردستاندا نیشـتـەجێن بۆیان هەیە بێنە ناو ریزی حـزب، مـافـیـان پێ دراوە، لەخـاڵی(٢)بۆیان هەیە ببنە

ئەندامی حزب، بەڵام یەکێک کە لەبەغدایە وکوردیشە بۆی نییە بێتە ئێرە حزب دابمەزرێنێ وبچێتەوە بەغدا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی یەکەم کە بەڕێز فرەنسۆ فەرمووی منیش پشتگیری لەو دەکەم و بۆ برگە(٢) (حق انتماء لاي حزب مجاز)، وشەی (مجاز) لەدوای(اي حزب) زیاد بکرێت لەبرگەی دووەمدا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر هەردوو برگەکە من قسەم هەیە لەڕاستیدا ئەوەی کە هاووڵاتی هەرێمی کوردستانەو لێی نیشەجێیە مافی دامەزراندنی هەیە، ئەوەی کە لەزووەوە (اقامە)ی هەیە، یان هاووڵاتییەک مافی چوونە ناو حزبی هەیە، تەنها لەسەر برگەی یەکەمیان ئەوەی لەسەر دامەزراندنی حزب یان بە«فکرە»یی وەکو برا یاساییەکانمان دەزانن یا بە«معرفە»یی بە«ال»وە «الحزب» جیاوازی نییە.. بەڵام لێرەدا دەمەوێ دەربارەی یاسای فقهی ئیسلامی بە بیری خۆم بخەمەوە لێرە دەڵێت (مطلق) هەر کاتێک کە هات پێوەندی دەکات ئێمە لەئیشەکانماندا وتوومانە (السیاسی)، بەڵام وتبامان «منظمة سیاسیة» واتا ئەوە حزبەکانمان پابەند کردن لەنێوان (السیاسی)دا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت بۆ برایانی ئەندامانی پەرلەمان،(الساکنین)تۆزێک روونتر بکەینەوە، ئەوەیە کە جێگایەک دەکاتە شوێنی دانیشتنی هەمیشەیی خۆی واتە(صفە دائمە)لێرەدا (ساکن) دەبێت، بەڵام کە دەچێت(٦)مانگ لەسوید دادەنیشێ و(٥)مانگ لە ئەڵەمانیا دادەنیشێ، بەڵام نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی لێرەیە، ئەمە دابەش کراوە بەدوو جێ ئەو کەسەی کە حزب دادەنێ ولەدەستەی دامەزرێنەرە، ئەو کەسەی دەبێتە ئەندامی حزبەکە ساکنی خاکی کوردستانەو دەچێت دەبێتە نیشتەجێی وڵاتێکی تر بۆی هەیە ئەندامی ئەو حزبە بێت، دەربارەی ئەوەی کە وشەی (مجاز) زیاد بکەین، دەڵێین حزب مەبەست حزبی (مجازە)، بەنسبەتی ئێمەوە ئەگەر حزبێک مۆڵەت وەرنەگرێت، حزب نییە، جگە لەوەی مامۆستا وتی کە ئەو بەدەرکردنە ناوی بهێندرێت کە لە بەندەکانی دواییەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٢)کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: حرية تأسيس الاحزاب مكفولة ولكل حزب ممارسة نشاطه بحرية كاملة ويتولى هذا القانون حماية ذلك.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(يتولى هذا القانون حماية ذلك)ە پێویست نییە، چونکە (حرية تأسيس الأحزاب مكفولة...)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا ئەو تێبینییە هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٣)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، تکایە ئەو برادەرانەی ناویان دەنووسین، با هەر ئەوانە قسە بکەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: لايجوز ملاحقة اي شخص بسبب معتقداته او ارائه.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم شتێکی ترە(أو)و (آرائه)یە..

**بەڕێز مەلاتەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(معتقدات) قەیدی نییە، بەڵام رایەکان کە دژی ئاینی میللەتی کورد بێت، دەبێت لەسەر ئەوە هیچ پرسیاری لێ نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی چوارەمدا(اراء)مەبەست لە شتێکە کەدەر بخرێت، کە دەرخرا ئاماژە بەزۆر کەس دەکات، لەبەر ئەوە ئەو مادەیە من رام وایە پێوەند بکرێت وبەو گشتگیرییە نەمێنێتەوەو ئەمەی بۆ زیاد بکرێ، (مالم تخالف الاداب العامة).. ئەمەش دەقێکی تایبەتیە کە لەپێڕەو پرۆگرامی ناوخۆی خۆمان داهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وادەزانم کەیەک وشەی کەمە کە ئەو لاری بوونانەی مامۆستایانیش ساغ دەکاتەوە، ئەمە یاسا

حزبەکانە پەیوەندی بەحزب وبۆچوون و رای حزبەوە هەیە، لە راستیدا کەس لەسەر پرۆگرام و راو بۆچوونی راگەیەندراو تۆژینەوەی لەگەڵ ناکرێ، نەک بەرەهایی کە لەسەر هیچ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە:(المادة الرابعة) دەڵێ: (لايجوز ملاحقة اي شخص بسبب معتقداته وآرائه). ئەوە وشەیەکی یاساییە جێگەی ئێرە نییە جێگەکەی لەدەستووری یاسا دایە کە بووترێ، چونکە لازمە بێ (تحصیلی حاصل) بێت.. ئەمە حوکمێکی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی کاک حسێن عارف باسی کرد زۆر تەواوە، مەسەلەکانی بیروبۆچوونی ئاینی وئەوانەی مەبەست نییە.. لێرە یاسای حزبەکانە وباسی یاسای حزبەکان دەکات.. پێویست ناکا شتی تر بگوترێ، بۆی زیاد بکەی تەنیا یەک وشە نەبێت ئەویش مەسەلەی(اراء حزبیە)چونکە جاری وا هەیە وا رێک دەکەوێ حزبێک کۆکە لەسەر یەک بیروبۆچوون، بەڵام یەک دوانێکی لێ جیا ئەبێتەوە کە رای تایبەتی خۆیان هەیە، نابێت حزبەکەی خۆشی بەربەرەکانی بکات.. بەڵام ووشەی(او)من پێشنیار دەکەم کە زیاد بکرێت

بەڕاستی(او)ی یەکەمیان بێ هێزترە لەدووەمیان، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە یاسای حزبەکانە، مادە چواری باسی (ارائی) کرد، بەرای من ماددەکە هەمووی زیادە ولابببردرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رایەکەی من لەسەر مادە(٤)بوو وکاک حسێن عارف وکاک بورهان تەواویان کرد.. ئەگەر مۆڵەت هەبێت من لەسەر مادە دوو پێشنیارێکم کرد نەلیژنەی ناوخۆ ونەیاسا ونە دەستەی سەرۆکایەتی وەڵامیان نەدامەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا بە کورتی وەڵامیان دایەوە...

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مادەکە بەزیاد نازانم وە(واوە)کەش بە(او)دەزانم، بەڵام پێم باشە بڵێین (لايجوز ملاحقة اي شخص حزبي بسبب معتقداته الحزبية وآرائه) ئەوە پێشنیاری منە وام پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وابزانم مبدەئێکە لەمەبدەئەکانی مافی مرۆڤ کە لە هەموو بەڵگەنامەکاندا هاتووە ئەمە جەخت کردنێکە لەسەر ئەو مبدەئە، جا کە ئێمە بنووسین (سیاسی)، ئەوجا ئەوەی کەسیاسی نییە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەم ماددەیە زیادە جێگاکەی شوێنێکی ترە، ماددەکە باشە، راستە، بەڵام وابزانم ئەمە لەیاسای حزبەکاندا جێگای نابێتەوە، ئەمە پەیوەندی بەئازادی کەسەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر هەمووی هەیە، هەموو جارێ بەعەرەبییە بەڵکو من عەرەبی نازانم؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە، بەڵکو لەپرۆژەکانی دوارۆژدا لیژنەی یاسا وکاک حسێن عارف هاوکاری بکەن تا وەرگێران زیاد بکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ د.کەمال فوئادم کە زۆر بەرەهایی هاتووە، ئەگەر بۆ حزبەکان بێت لەسەر باوەڕی حزبی خۆی، چونکە ئەوە مۆڵەت پێدانی حزبەکانە ئێمە دامان ناوە بۆ خەڵکی تریش ئەوە جێی ئێرە نییە، لەبەر ئەوە بەزیادی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە(٤)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە نەمێنێتەوە؟.. بە زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەن کە نەمێنێتەوە، واتە ئەو مادەیە هەڵدەگرین. چونکە لەوانەیە مادە(٣)ئەو بابەتەی پێکابێ ئێستا مادە(٥) ئەبێت بەمادە(٤).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: يشترط في المبادئ والآراء مايأتي:

١-تعزيز الحقوق والمكاسب التي حققها شعب كوردستان العراق.

٢- تعزيز المبادئ الديمقراطية واحترام الحريات وحقوق الانسان المنصوص عليها في الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهود والمواثيق والديمقراطية الدولية.

٣- تحقيق اهدافه بالوسائل السلمية والديمقراطية دون اللجوء الى العنف والارهاب.

٤- اتباع الوسائل الديمقراطية في الحياة الحزبية.
٥- عدم بث الشقاق والتفرقة العنصرية والدينية والمذهبية.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارم لەسەر ئەم مادەیە هەیە، یەکێکیان لەسەر برگە(١)ە پێشنیار دەکەم (تعزيز وتطوير الحقوق والمكاسب التي حققها شعب كوردستان بما يؤمن حقه في تقرير المصير) واتا دوو وشە زیاد بکرێت، یەکەمیان (وتطوير). دووەمیش (بما يؤمن حقه في تقرير المصير). چونکە بەڕاستی میللەتی کورد دەبێت بەولایەنەدا بڕوات بەنسبە برگە(٣)جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە زۆر بەپێویستی دەزانم بەم شێوەیە بێت «تحقيق اهدافه بالوسائل السلمية والديمقراطية دون اللجوء الى العنف والارهاب ويؤمن بمبدأ تداول السلطة»، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر قسەکەی کاک عەبدولخالق بوو کە وتی(تطوير وتعزيز)، زۆر سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بنووسین (تعزيز وتطوير الحقوق والمكاسب) .. ئەوە ڕستەکەی تر تەواو ناکات.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک ئاراستەی لیژنەی یاسا دەکەم، برگەی (٢)ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە دانی پیابنێین کە کوردستان ژێر دەستە بێت ئەوە بەڵگەنامە دەوڵەتییەکان نییە کە کوردستان پارچە پارچە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی باوەڕێکی ڕەهامان بەفرە حزبی هەیە، چونکە ئەوە بنەمای دیموکراتیەتە وهیچ حزبێک لەلای ئێمە نوێنەرایەتی بیروڕای هەموو خەڵک ناکات، ئەوجا هەر ئیشێک کە مرۆڤ دەیکات پێڕەو ورێک خستنێکی بۆ دادەنێت، چۆن بۆ یاسایەکی وا گرنگ کە پەیوەندی بە جەماوەرەوە هەیە من ئەم پێنج خاڵانە کە دەبینم لێرە هاتوون هەر پێنج خاڵەکە وابزانم بنەڕەتین(اسس)ن و (بنەما) قواعیدیشن، ئەوانە بەهیچ جۆرێک مەرج نین، سوپاس.

**بەڕێز شەمائل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگە سێ (تحقيق اهدافه بالوسائل السلمية والديمقراطية دون اللجوء الى العنف والارهاب) بالنسبة للعنف والارهاب هذا الصنف من العنف يعني القوة لكن هناك اساليب اغراء

ايضا فمـمكن ان تضاف الى اسلوب العنف والارهاب والترغيب يعني الاغراء المادي والاغراء المعنوي.. سوپاس.

**بەڕێز نەجـمـەدین عـەزیز ئیـسـمـاعـیل:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی برگەی یەکەم، ئێمەش پێمان باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت «مايضمن حق تقرير المصير» لەگەڵ برگە سێ لێرەدا «الايمان بتداول السلطة» بەڕای من وەکو کاک فرەنسۆ وتی هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت، هەروەکو ئێوە باسـتـان کرد، مـادام ئێمە بڕوامان بە دیموکراتیەت هەیە ورژێمەکەش دیموکراتییە، بەڵام ئەگەر جەخت بکەینەوە، بۆ ئەو حزبانە کە لەحوکمدا نین، بەڕاستی هەردەم ترسی ئەوەیان هەیە، ئەترسن لەوەی کەنەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەبرگـەی(١)برایان دەڵێن «تعـزيز وتطوير»تعـزير هەر تطويره«التي حققها شعب كوردستان العراق..» بەڵام هیچ لاری نییە کە دووبارەی بکەینەوە «بما يضمن حق تقرير المصير..» لەکۆتایی ئەو برگەیەدا ئەمە زیاد بکرێت لەوانەیە شتێکی باش بێت،برگە(٢)«تعزيز المبادئ الديمقراطية واحترام مبادئ وحقوق الانسان المنصوص عليها في الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهود والمواثيق والبيانات الدولية» بەڕێز کاک ئەرسەلان دەڵێت ئەو (عهود ومواثيقانە) نەبوون مەبەستی بەڵێننامەی(سیڤر ولۆزانە) نەخێر ئەوە لێرە مەبەستی ئەوە نییە، ئەوە مەبەستی ئەوەیە کە ئەو (عهود ومواثيقانەی) کە لەبەرژەوەندی مافی مرۆڤ دەرچوون کە مافی مرۆڤ دەپارێزن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

(الترغيب) بەشێک نییە لە (ارهاب) کە کەسێک بۆ خۆی ڕازی نەبێت، بەلای منەوە جۆرێکە لەتۆقاندن..

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دوو وشەی بەرامبەر (مرادف) هەنە کە لەزاراوەی سیاسی بەکار دێن «دون اللجوء الى العنف والترهيب والترغيب» ئەگـەر وای لێ بکرێت یان «وسائل الترهيب والترغيب» ئـەوە دارشتنەکەی ڕێک دەبێت.. سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جا با بێینەوە سەر مادەکەو دوایی دەیخەینە دەنگدانەوەو بزانین چۆن دەبێت؟

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت لەبارەی ئەو (تەرغیب)ەوە قسە بکەم، کە ئەوە لە جێگای خۆیدا نییە.. (ترهیب) شتێکە و(ترغیب) شتێکی ترە، هەموو لایەنێک بۆی هەیە خەڵک رابکێشێ بۆ ناو ریزەکانی خۆی، هەوڵیش بدات قەناعەتی پێ بێنێ ئەوە شتێکی رەوایە، هەموو حزبێکی سیاسی ئەو مافەی هەیە، یا ئەوەی کە رەوا نییە، ترهیبە، دەمێنێتەوە سەر بەندی یەکەم ئەگەر ئەوەی دەیکا نەیکرێتە سەری(بما یضمن حقه في تقرير المصير) لەرووی زمانەوانییەوە ئەگەر وای لێ بکرێت باشترە لەهی سێیەم (دون اللجوء الى العنف والارهاب والايمان بمبدأ تداول السلطة) بەبیروڕای من خۆی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ (تطوير)ەکەم وپڕ بەپێستیەتی، بەڵام (تقرير مصير) کلاسیکییە، دیسان دایدەنێین لەگەڵ ئەوە نیم ،چونکە ئێمە بەهەموو دنیامان وتووە ئێستا ئێمە دیاری کردنی چارەنووسی خۆمان بەو فیدراڵیەتە راگەیاندووە، ئەگەر باسی دیاری کردنی چارەنووس بکەن دەبێ بڵێین« وحق اقامة دولة كوردستانية »، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٤)، دێینەوە سەر برگەی یەکەم تەنها تێبینییەک هەیە ئەویش« يشترط في مبادئ واهداف الحزب مايلي » تێبینییەک هەیە زمانەوانییە دەڵێت «ان تتضمن مبادئ واهداف الحزب مايأتي » تەنها گرفتێکی زمانەوانییە. دێینە سەر مادە(٤)برگەی یەکەم چونکە هەندێک گۆڕین لە برگەکاندا پێشنیار کراوە،برگە(١) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ هەروەها تر بۆ برگە (١) دوو را هەیە، رایەک هەیە دەڵێت بنوسرێت (تقرير وتطوير الحقوق والمكاسب التي حققها شعب كوردستان العراق) رایەکی تر هەیە دەڵێ «بما يتضن حق تقرير المصير»کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو برگە (١)ە یەک بگۆڕین و بڵێین« تعزيز وتطوير المكاسب التي حققها شعب كوردستان »(حق تقرير المصير) بێ، واتا شێوازەکە بەم شێوەیە بێت« تعزيز وتطوير الحقوق والمكاسب التي حققها شعب كوردستان بما يضمن حقه في تقرير المصير » ئەوە پێشنیارێکە ودەبێ لەسەری بوەستین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەو دەربڕینە کلاسیکییە لێکی بدەینەوە ئەمە خۆی لەڕاستیدا پێکهێنانی(الدولة)یە ئەوجا ئێمە بۆ لە حزبە سیاسییەکان جەخت بکەین تەنیا ئەو دروشمە بەرز بکەنەوە؟ وتمان: (تعزیز

وتطوير المكاسب والحقوق التى حققها شعب...).. يەكێك لەوانە فیدرالّیەتە (تعزيز وتطوير) مانای وایە بەرەو پێشتر دەچێت، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەوەی بڕوای بەمافی دیاری کردنی چارەنووسی نەبێت، واتا بڕوای بە دیموکراتیەتیش نییە و هەموو ادبیاتی مارکسیزم لەگەڵ هەموو ئەدەبیاتی سەرمایەداری کە باس لە مافی چارەنوس دەکەن هەموو مەبەست ئەوەیە کە مافێکی دیموکراتییە، واتا هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە ئەو دیموکراتییەتەی پێ ببڕێ، سوپاس.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە دوو پێشنیار هەیە یەکەم بە زیاد کردنی وشەی (تطوير)، پێشنیاری کاک د.کەمال (التطوير بما يضمن حقه في تقرير المصير)، با ئەوە دەنگی لەسەر بدەین، ئەگەر سەری نەگرت با پێشنیاری تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

شی کردنەوەکە روونە کەدوو وشە زیاد بکرێت، یەکێک ئەوەیە کەئیکتیفا بە (تطوير) بکەین ویەکێکی تر هەیە لەسەر (تطوير) کە ئەویش بخەینە سەر مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە، با بیخەینە دەنگدانەوە، یەکەمیان کێ لەگەڵ ئەوەیە تەنهاد دستەواژەی «تعزيز وتطوير» بەس بێت بێ زیاد کردنی (تقرير المصير)؟«تعزيز وتطوير الحقوق والمكاسب التي حققها شعب كوردستان» کێ لەگەڵ نییە؟..(٤٠)بە(٣٩)چل کەس لەگەڵ ئەوەیە کە بوترێ:(تعزيز وتطوير).
برگە(٢): (تعزيز وتطوير المبادئ الديمقراطية واحترام الحريات وحقوق الانسان).وابزانم ئەوە تەنها کاک ئەرسەلان تێبینییەکی لەسەر هەبوو لیژنەی یاساش وەڵامی دایەوە، وابزانم وەڵامەکەیان روونە، کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.
برگە(٣)لێرە دوو زیادەی خراوەتە سەر، یەکەم داوا دەکەن کەباوەڕ بە (تداول السلطة) هەبێت، ئەوەی تریش (الترغيب) زیاد بکرێت، جارێ دێینە سەر برگە (٣)، بیگۆڕین یان وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ دەیانەوێت بگۆڕێت بۆ ئەمەش دوو پێشنیار هەیە زیاد کردنی «الايمان بمبدأ تداول السلطة» لەکۆتایی رستەدا زیاد بکرێت.. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوە زیاد بکرێت.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەوە زیاد کرا. پێشنیارێکی تریش هەیە دەڵێ وشەی«الترغيب» زیاد بکرێت، کێ قسەی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەنها لانی دارشتنەکە «دون اللجوء للعنف ووسائل الترهيب والترغيب»، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەگەر حزبێکی سیاسی پڕۆپاگەندە لەناو خەڵک نەکا ئەی ئیتر ئیشی چییە؟ بەڵام ئەوەی کاک شمائیل دەڵێت مەسەلەی (اغراء) ئەوە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز شـــــمــــائیل ننـۆ بـنیــــامـین:**

وشەکە گونجاوە وەک کاک ئەیاد دەڵێ بەهەرمێن خستنی ئەو حاڵەتە، من روونی دەکەمەوە واتا کەسێک بیروڕایەکی دیاری کراوی هەیە لەباری ئێستاماندا، کە بەڕێوەبەری گشتییە لەفلانە شوێن، بەڵام ئەو کەسە دەرفەتێک بۆ ئەو حزبە دەستەبەر دەکا، بێگومان بەربەرەکانی کردن یان پەنابردنە بۆ ئیغرائێکی ماڵی گەورە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەمە لەهەموو دنیادا هەیە زۆر لەسەرانی حزبەکانی تر وسەرانی ئەوروپا لەرژێمی دیموکراتیدا تا لەتوانایاندا هەبێ حزبەکانی خۆیان دەگۆڕن بۆ کەسبکردنی کەسانی تر.

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(ترغیب) هەر نابێت، چونکە لەهەموو حزبێکدا بەرنامە هەیە کە دیارە بۆ ئەوەیە خەڵک ئارەزووی بکات، (ترغیب) بەناوی (اغراء) قەیناکە رەوایە کە وشەی (اغراء) زیاد بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوسـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دوو شتی زۆر جیاوازن ئێمە لێرە باسی (عنف وارهاب) دەکەین (اغراء) بێنینە ناو مەسەلەکەوە، بەڕاستی هەر حزبێک رای خۆی هەیە بۆ (اغرا) نەکات؟ من کابرایەک دەهێنم کە لێهاتووە ولەناو شاری هەولێـرە، بەیانی پێی دەڵێم وەرە دەتکەم بە بەڕێوەبەری گـشـتی، چونکە من ئەمـڕۆ لە حوکمدام هیچی تێدا نییە ئەگەر ئەو کەسە ئەگەر ئامادەیی تێدا هەبێت بەیانی بگۆڕێت بچێتە حزبێکی تر. ئەمە مەسەلەیەکە رەنگە لەلای ئێمە بە زەقی رووی دابێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ئەبو بەکـر حـەســـەن بامـەڕنی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو (ترغیبە) شتێکی زۆر کارپێکراوە، ئەگەر کاک شمائیل حەز بکات دەتوانم ئێستا (١٠)ناوی بۆ بێنم، بۆ نموونە هەبووە لە حکومەتی فەرەنسا پێش ئێستا لەحزبی ژینگە بووە هاتووەتە ناو سوسیالیستەکان کردوویانە بەوەزیر، ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەو مرۆیە خۆی کە گەلێک جۆر پاساو دەهێنێتەوە کەوازی هێناوە ئەمە شتێکە لەژیانی دیموکراتیدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالـق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەڕاسـتی ئەو پێشنیـارە لە مـوعـاناتی (٥٠ بە ٥٠) هاتووە، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە پێویستـە ئامـاژەی بۆ بکرێت، چونکە دوو جۆر هەیە ئازادی بیروڕا هەیە و(اختیـار) هەیە، ئەوە مافێکی سروشتییە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

من دژی بـابەتی (اغـراء)نیم لەراسـتـیـدا هەیە وەکـو مـەزاتی لێ هاتووە، بەڵام بیـر لەشـتێک بکەینەوە کە یاسا دادەنێن کە یەکێک سەرپێچی یاساکە دەکات تۆژینەوەو سەلماندنی لەسەر ئاسان بێ، چونکە بەیانی ئێمە حزبێکی سیـاسی تاوانبـار بکەین وبڵـێین بابە تۆ فلان کەست (اغرا) کـردووە ئەو کـردارە پێـچـەوانەی یاسـا بێت کـێـشـانەوەی مـۆڵـەتی تێـدایە، ناسـەلمێندرێ چۆن دەسەلمێندرێت؟ بۆیە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە لەلانی یاساییەوە وشەی وا نەخەینە ناوی، کە پێی تەئکید بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەرســــەلان بایز ئیـــســــمـــاعـــیـل:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئێمە لەزۆربەی بڕگەکانماندا باسی دیموکراتیەتمان کردووە، مەرج نییە کە مرۆڤێک خاوەن فکرەیەک بوو

هەتا هەتایە هەر وابێت فیکرە شیاوی گۆڕانە چۆن دەگۆڕدرێت؟ کابرا ئارەزووی خۆیەتی، چونکە بۆ خۆی ئازادە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

زۆر دەمێکە دەستم بەرز کردووەتەوە.. مەسەلەی (ترغیب وترهیب) و(اغراء) دووشتی زۆر لێک جیـاوازن، حەز دەکەم ئەو مەسەلەیە بزانن (ترغـیب) زیاتر بۆ ئەو شتـانە بەکار دێت کە لەرووی رەوشتـەوە رەوا وحەڵاڵن، هەر کـەسە شتی خۆی دەڵێت، رەنگە حزبێک بڵێت بێمە سەر حوکم وادەکەم دنیـا دەکـەمـە گـوڵ وگـولزار، (اغـراء) ئەوە رێگەیەکی نا شـەرعـیـیـە کـە خـەڵک وەری دەگرێت، هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بۆ لای حزبەکەی خۆی، دەبێت لێرە وشەی (اغراء) بنووسرێت نەک (ترغیب)، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــرەنســــۆ تـۆمــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

پێم وایە (اغراء) بەو شێوەیەی کە کاک عبدالخالق وکاک شمائیل خستیانە روو زۆر لەجێگای

خۆیەتی، من لەگەڵ ئەوەم کە قەناعەت بەخەڵک بکەم کە بچنە ناو حزبەوە، بەڵام دوای دوو مانگ وسێ مانگ بیکەم بەبەڕێوەبەری گشتی نەک بڕیاری بۆ دەربچێ بچم (اغرا)ی بکەم قەناعەتی پێ بێنم بیروباوەڕی بگۆڕێ ئەمە دژی ئازادی بیروڕایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وشەی (اغراء) زیاد بکرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..دەنگەکان(٣٩) بە(٣٨)تن، کەواتە بەزۆربەی دەنگ (اغراء) زیاد دەکرێ.. بڕگە(٤)، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە(٤)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە...

بڕگە(٥)ئەویش بەندێکی گشتییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە..

بەمەش کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

**دووشەممە ڕێکەوتی ٤/١٠/١٩٩٣**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٤/ ١٠/ ١٩٩٣

***کاتژمێر «١٠» ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٤/ ١٠/ ١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی ئاسایی دووەمی،ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە***

***١- یادی ساڵڕۆژی جاڕدانی فیدرالیەت لەهەرێمی کوردستان.***
***٢- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای حزبەکان.***
***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
لە دەوروبەری «١٥» وەکو ئاگادارن کورسییەکان ئەمڕۆ هەندێکی چۆڵن ئەویش لەبەر ئەوەیە کە لە دەوروبەری «١٥» ئەندامی پەرلەمان بۆ سەردانی پارێزگای دهۆک و بەرپرسان بەرێ کەوتوون، هەروەها بۆ سەردانی مانگرتووەکان لە دووڕیانی دهۆک ـ زاخۆ موصل لەسەر پێشنیازو بڕیاری ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەمەیش دووسێ شتیان لەگەڵ خۆیان بردووە، یادداشتێک کە دەستەی سەرۆکایەتی ڕاسپێردرا دەربارەی وەزعی دهۆک بینوسێت، شتێکمان نووسی پێمان دان بۆ ئەوەی ئەوانیش لەوێ ئاگادار بکەنەوە کە شتێکی واکراوە، هەروەها بروسکەیەکمان نووسی بۆ ئەوبرایانەی کە مانیان گرتووە بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانەوە، وەپشتگیری پەرلەمانمان پیشان دان، هەروەها هەندێ لەو شتانەی کە تائێستا کە لەناو پەرلەمان دا کراون، دەربارەی ئەو بابەتە. هەروەها ئەو بڵاوکراوەی کە بە بۆنەی ٤/ ١٠ وە ڕاگەیاندنی فیدرالیزمە دەرمانکردووە، وە خۆشبەختانە ئەو پیتاکەی ئێوەی بەڕێز گەیشتە دەوروبەری «٢٥» هەزار دینار لەسەر ئەو پێکهاتنەی کە کردمان، گوتمان بەقەدەر ئەوەش دەستەی سەرۆکایەتی شتێکی بخاتە سەری بەناوی پەرلەمانەوە پێشکەشی بکەین، وەکو یارمەتییەک بۆ ئەو مانگرتووانە بەمەش ئەگاتە نزیکەی «٥٠» هەزار دینار، لە وەفدەکە خۆی لەوێ چۆنی بەکاردەهێنی ئازادە، گفتیشماندا بە مانگرتووان کە لێرە، لە پەرلەمانەوە هەوڵ بدەین جموجۆڵێ بکەین چ پاش گەڕانەوەی وەفد چی ئێستاش بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان لێرە و بەردەوام بوون و پەیوەندی کردن لەگەڵ برایان

کاربەدەستانی حکومەت بۆ ئەوەی، هەرچی لەتوانادا بێت هەوڵیان بۆ بدرێت، هەروەها پەیوەندی کردن لەگەڵ حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی ئەو بابەتە بایەخێکی پێ بدرێت، پیشتیوانییەک لەسێ پارێزگاکەی تریشەوە پیشان بدرێت بۆ ئەوان و ئەگەر بتوانین بۆ ئەو رێکخراوانەی کە لێرە یان سلێمانی بارەگایان هەیە لەگەڵ ئەوانیشا نوێنەرانی پەرلەمان هەریەک لەشاری خۆی پەیوەندییان پێوە بکات، بۆ ئەوەی سەرنجیان رابکێشین هەرچەندە وابزانم سەرنجیان راکێشراوە، ئەو رێکخراوانە زۆر باش لەوەزعەکە ئاگادارن، بەلاّم ئەوە وەکو ئەرکێک بەرامبەر بەم بابەتە خراپ نییە ئەگەر بیکەین. دوێنێ بریار وا بوو دەوری سەعات «۱۱» بیرەوەری ٤/ ۱۰ بکەینەوە نامەیەکمان نارد بۆ برایانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش کە سەعات «۱۱» گەر بتوانن ئامادەبن، جا ئێمە سەعات «۱۱» تۆزێک سەرقاڵ دەبین، پێش سەعات «۱۱»یش پشوویەک دەدەین و دوایی دێینەوە بۆ ماوەیەک لەناو پەرلەمان یادی ٤/ ۱۰ ئەکەینەوە ئێستاش کە تازە بابەت شتێکی وا نییە بەردەوام ئەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسای حزبەکان.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە ئەیلێم تازە بابەت نییە لەبارەی ئەوپرسیارانەیە کە کراون و بە نووسراوی بڵاوکراونەتەوە، ئەو پرسیارانە کەوا لیژنەکان ئامادەیان کردوون بۆ ئەوەی لە حکومەتی بکەن، ئینجا پرسیارەکان لەوێ بەباشی جیا کراونەتەوە بۆ ئەوەی هەرکەسە لەجێگەی خۆی هەڵنەستێ و چاوەڕوان بکات تا ئەو لیژنانە ئەوەی بەشی ناو خۆیەو پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاودێرییە و هەموویان جیا کردۆتەوە، با لیژنەکان لەنێوان خۆیانا رێک بکەون کەکێ ئەو پرسیارانە بکات. یەکێک لە فراکسیۆنی سەوز یەکێک لە فراکسیۆنی زەرد لە هەر لیژنەیەک دەست نیشان بکرێت بۆ ئەوەی پرسیارەکان ئەوان بیکەن و بەو شێوەیە ئەتوانین نەختێک لە وەختەکە بگێرینەوە چونکە پرسیارەکان زۆر زۆر ن و من گومان دەکەم لەوەی بەرۆژێک تەواو بێت، ئەنجا نازانم رۆژی حکومەت کە سبەینێ یە بۆ پاش نیوەڕۆ داتان ناوە یان هەر لە پێش نیوەڕۆ خەریکی ئەوە ئەبێت؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رۆژی حکومەت سێ شەموانە، بەلاّم وابزانم ئێمە رێک کەوتنێکی جێنشینلمانمان کرد لە نێوان خۆمانا وتمان بۆ ئەوەی بوار بە ئەوان بدەین تاکو ئیش بکەن سەعات «٤» بۆ خۆمان دا ئەنیشین، جا ئەوەندی خایاندی، بەلاّم وا دەرئەکەوێت کە دوێنێ ئەو شتە گەیشتە دەستی ئەنجوومەنی وەزیران ئێستا کاک نەژاد ئاگاداری کردمەوە کە داوایان کردووە رۆژی سێ شەممە دوابخرێت، چونکە ئەو نامەیە کە پێیان گەیشتووە دوێنێ ئێوارە تەواو بووە نامەکە بۆ ئەوەی بیدەن بە وەزیرەکانی خۆیان و خۆشیان بۆ ئامادە بکەن و ئەوان خۆیان رۆژێک دیاری ئەکەن، من وتم خراپ نییە بۆ ئەوەی بوارێکمان هەبێت جا لە کۆتایی ئەم حەفتەیەدا بێت یان لەسەرەتای حەفتەی ئاینده

بێت گرفت نییە هەرچەندە وەستان تا حەفتەی ئایندە زۆرە. دوێنێ برادەران هەندێ وایان مەزەندە کرد کە ئێمە ئەبوایە زووتر ئەم بابەتەمان باس بکردبایە، منیش لەگەڵ ئەو رایەم مەسەلەی ناوخۆ نابێ دوا بخرێت، کەم وکووڕی خۆشمان شیاوی دواخستن نییە، وەزع وژیانی خەڵک دواخستن هەڵناگرێ. ئێمە ئەتوانین دوای نیوەڕۆیان دانیشین بۆ ئەو بابەتانە، جا با بزانین کەی وەڵامان دەدەنەوە. جەختێکی تریان لێ ئەکەین ئەگەر بۆ کۆتایی ئەم هەفتەیە بێت، یان بۆ سەرەتای هەفتەی ئایندە خراپ نییە، جا ئەوە رای ئێوەیە.

راپۆرتەکە منیش تەماشام کرد، ئەو لیژنەیەی کە تەرخان کرابوو بۆ کۆکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیانەی کە ئەو رۆژە کران، شتی باشیان دەستنیشان کردووە، ئینجا کتلەکان چۆن لەنێوان خۆیان رێک دەکەون ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوەیە، چ لەرێگەی لیژنەکانەوە ئەبێت و چ خۆیان لەسەری رێک دەکەون، بەڵام حەز دەکەین لەدەستەی سەرۆکایەتی جەخت لەسەر خاڵێک بکەین، ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لە خۆ سازکردن و پرسیار کردنەوەی حکومەت، چونکە ئەو دانیشتنە کراوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەلایەن هەردوو کتلە، یان لەلایەن لیژنەکانەوە رێک بخرێت ئەوە شتێکی باشە، بەڵام بۆ ئەندامانی پەرلەمانیش ئەوە دانیشتنەکە کراوەیەو مافی خۆیانە ناوی خۆیان بنووسن و چ پرسیارێک یان چ گفتوگۆیەک بکەن لەگەڵ حکومەت مافی خۆیانە بابەتەکەش لەوانەیە هەندێ شتی تێدا هەیە، بەش بە حاڵی خۆم تێبینیم کرد کە هەندێ شت جێگیر نەکراون یان تۆزێک بەپەلە سەریا رۆیشتووینە. ئەمەش لەرێگەی پرسیارو وەڵامەوە، لەرێگەی گفتوگۆوە دەوڵەمەند دەکرێ وشتەکەش پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێم وایە ئەو لیژنەیەی کە دەستنیشان کرا بۆ دانیشتنی ئەو بیروڕایانەی کەلێرە قسەی لەسەرکرا زێدەڕۆیی کردووە، واتا تەنیا ئەو بیروڕایانەی کە لێرە باس کران هەر ئەو نەیخستۆتەڕوو، کە زێدەڕۆیی کرد، ئەبوایە هیچ وەزارەتێک پشتگوێ نەخات. کە وەی لێ هات ئەبوایە باسی کەم وکووڕی هەموو وەزارەتەکان بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باوەڕ ناکەم لیژنەکە زیادڕەوی کرد بێت، بەپێچەوانەوە وادەزانم لیژنەکە زۆر بە وردی رۆیشتووە و بە هێمنی بۆ ئیشەکە چووە، لەنێوان گفتوگۆکانی ئەو رۆژە و رۆژانی تریش ئەوشتانەی کە باسی کراوە، لەوەیە لێرە بە زیادەش باس کراوە ئەوان زۆر بەتەحەفوزی یەوە بۆ مەسەلەکە رۆیشتوون، هیچ زیادە رۆییان نەکردووەو، من باوەڕ ناکەم ئەندامانی پەرلەمان لە گفتوگۆکردنی هەر بابەتێک کەدێت بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندی بەباری خۆمانەوە هەیە زیادە رەوی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کام خاڵی زیادە رەوی یە؟ حەزدەکەی ئێمە دوای ئەم دانیشتنە باسی دەکەین، ئێستا بابزانم کام خاڵی زیادەڕەوییە؟ کام خاڵی دوورە لەوەی کەوا باس نەکراوە یان باری ئابوری پەیوەندی بەو وەزعەوە نییە؟

**بەڕێز فـــــــرەنســــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لیژنەکە لەنێوان خۆماندا دانیشتوون لە کاتی گفتوگۆ کردنا خۆیان باسیان کردووە کە ئەم خاڵە لەوێ باس نە کراوە، ئینجا بۆی هەیە نوێنەرانی ئێمە کتلەی زەرد ـ بەرگریان لەوەزارەتەکانی سەر بە ئێمە کردییە ئەوە نەکراوە، نوێنەرانی کتلەی سەوز بەرگری لەوەزارەتەکانی سەر بە خۆیان بکەن کەباس لەوە نەکراوە لە پاشان لەوێ لەسەری ڕێک کەوتوون کە باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

هیـوادارم ئەوەی پەیوەندی بەباری ژیانی خـەڵکەوە نەبێت ئێـمـە لایەنگیـری نەکـەین، مـن بەش بەحاڵی خۆم ڕاپۆرتەکەم زۆر بەدڵە، وتم هەندێ خـاڵی تر هەبوو کـەدەبوایە بکرێن، ئەگەر کـەم و کـووریەک لەو بابەتەدا هەیە، من وا هەست ئەکـەم ئەمـە وەرەقـەیەکی کـارە، بۆ ئەوەی سبـەی کـە ئەنجـوومەنی وەزیران دێنە ئێرە ئێـمەش شتێکمـان هەبێت پێیـان نیشـان بدەین، نەک هەریەک لە خۆیەوە دەست هەڵبرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش بزانن بۆچی دێن، خۆزیا بۆ لەمـەو دواش شتی ئاوها ڕێک وپێک بکەین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من پێم وایە کاک فرەنسۆ کە ئەوە ئیشارەتەکان مەبەستی لەوەیە، ئەو قسانەی کە کران لەسەر تاک دیناری بوو، مەلا تەها هەندێ بابەتی کردەوە، کاک ئەرسەلانیش ئاماژەی بۆ هەندێ بابەت کرد، وا بە باش زانرا لیژنەیەک دابندرێت ئەوە لێرەش قسەمان کرد بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە ئەو شتانەی کە باس کرا گەڵاڵەی کات و بینێرێت، ئینجا مرۆ دەبێت برگەکە باش بخوێنێتەوە و بەراوردی بکات لەگەڵ مەحزەرەکەیا، ئەگەر لیژنەکە لەوە زیاتر خۆی خستبێتییە سەری ئەو وەختە قسەکەی کاک فرەنسۆ ڕاستە، چونکە لیژنەکە ئەوەی پێ سپێردرابوو، ئەو شتەی لێرە باس کرا گەڵاڵەی بکا نەک خۆی لای خۆیەوە دەری بێنێت کە مافی هەیە بەرێگای پرسیار لە ئەنجوومەنی وەزیرانی بکات، ئەوە مـافی رەوای خـۆیەتی چ بە هۆی لیـژنەکـانی تایبـەتی یەوە، یاخود وەکـو ئەندامیک بیکات، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بێگومان ئەوەی کاک فرەنسۆ ناوی نا زیدە رۆیی دیاری کردبایە، واتا بەو مەبەستەی کە هەندی شتی تیا باس کرا وە کەلێرە بابەتی باس نەبوو، جامن وەکو لە قسەکانی کاک فرەنسۆ گەیشتم یان ئەبوایە باسی هەموو وەزاوەتەکان بکرایە یان هەر خۆیان ببەستایە تەوە بەو مەسەلانەی کە باس کران، باسی وەزارەتەکانی تریش دێتە پێشەوە، با ئەم کۆبونەوەیە نەبێت، کۆبوونەوەی هەفتە

دا هاتووبێت، جا مەبەستی لە زیادە ڕۆیی یەکە ئەوەبوو، ڕاستە منیش سەیرم کرد کۆمەڵێ شتی تیایە ئێمە لەکۆبوونەوەی ئێرە باسمان نەکردووە، بەڵام پرسیارەکان هەموویان ڕەوانن، ئەتوانین پرسیارەکان بکەین وە ئەو وەزارەتانە ئەگەر لێرە بوون وەڵامان بدەنەوە و ئەگەر پەرلەمانیش وا ی بەلاوە باشە هەر ئەو مەسەلانە باس بکرێت کە لە کۆبوونەوەی پێشوو باسمان کردن، ئەوە شتێکی ترە، ئەوە ئەتوانین هەڵیگرین بۆ جارێکی تر و من جارێکی تریش ئەی لێمەوە لەوەی کەئێمە بتوانین لە ڕۆژێکا ئەو مەسەلەیە بە ئەنجام بگەیەنین، وەزارەت فریای ئەوە بکەوێت وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانە بداتەوە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو وتم جەخت دەکەمەوە کە شتێکی باشیان کردووە هیچ زیادەڕەوی نییە، چونکە ئەگەر باسی باری دارایی حکومەتی کوردستان دەکەین ئەبێت دەستنیشانی چەند نموونەیەک بکەین. کە باسی تەعریفەی گومرگی و باج دەکەین. خۆ ئەبێت دەستنیشانی نموونەیەک بکەی، کە باسی جێ بەجێ نەکردنی یاسا ئەکەی خۆ ئەبێت دەسنیشانی ئەو لایەنە بکەین کە بەر پرسیارە بەرامبەر ئەو بابەتە، لەبەرئەوە دوو بابەتی سەرەکیان جێگیر کردووە و پەیوەندییەکی زۆر زۆر نزیکیان بەیەکەوە هەیە ئەوانیش لیژنەیەکن لەو پەرلەمانە و دانیشتن و شتی خۆیان هەیە لەنێوان ئەو گفتوگۆیانەشەوە بێگومان خۆشیان هەندێ شتیان خستۆتە سەر ئەو بابەتەوە، بەڵام من نابینم زیادە ڕەوی یەکیان کردبێ خۆزگە هێشتا زیاتریان بنووسیایە، چونکە ئەمە وەرەقەیەکی کارە، ئەمە وەرەقەیەکە دێین ئەیخوێنینەوە بەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیران و پاشان باسی ئەم بابەتە ئەکرێت و گفتوگۆی لەسەر ئەکەین. ئەگەر شتێکی زیادی تێدا هەیە بڵێین زیادە، من نابینم شتێکی وای تێدا بێت، ئەمە گرفتێک نییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم من گومان دەکەم بێنە ئێرەو وەڵام بدەنەوە ڕاپۆرتەکە دوورو درێژە، ئەوانیش داوا لە وەزارەتەکان دەکەن بە نووسین وەڵامەکەی ئێرە دەدرێتەوە و کۆتایی پێ دێت. مانای ئەوەیە ئەگەر پرسیارەکان بەو شێوەیە نەبان نەختێک کورتبان شیاوی ئەوەبان لێرە گفتوگۆیان لەسەر کرابا من قەناعەتم هەیە ئەوانیش بەنووسین وەڵامەکە دەدەنەوە و نایەن بۆ ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کە نەیەن ئەوە گرفتێک نییە، ئێمە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین لێرە باسی دەکەین با نەیەن ئارەزووی خۆیانە، بەپێی پێڕەوی ناوخۆ بۆ پەرلەمان هەیە، داوای حکومەت بکات بێتە ئێرەو وەڵام بداتەوە، ئێمە بەرەسمی داوامان کردووە ئەگەر نەیەن ئەوەشتێکی ترە، ئێمە لەتەلەفزیۆنیش دەیخوێنینەوە ئەم پێشێلکاریانە وهەندێ گرفتی تریش کە ئەندامانی پەرلەمان هەستی پێ دەکەن دەبا حکومەت نەیە وبەرگری لێ نەکەن یان ئەو وەزیرەی ئامادە نییەو با وەڵامان نەداتەوە خۆیان بەرپرسیارن،

ئێمە بەرپرسیار نین ئێمە رایەکمان داوە ئیمرۆ داوای ماوەیان کردووە کەی دێن با بێن، نایەن ئێمە رۆژێک دیاری دەکەین راپۆرتی خۆمان لێرە ئەخوێنینەوە، ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکەن و ئەگەر حکومەت نایەت ئارەزووی خۆیەتی، ئێمە ناچارین ئەم کەمو کورییە بخەینە سەر کاغەزو باسی بکەین.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مەبەست لەم گفتوگۆیەدا ئەوەیە، چارە سەری هەندێ گیرو گرفت بکرێت و لەو راپۆرتەی کە ئێستا بە خێرایی خوێندمەوە شتی باشی تێدایە دەستنیشانی شتی باش کراوە. بەڵام دەبێت گوێمان لەو راو بۆچوونی لایەکەی تریش بێت بزانین ئەوان گرفتەکانیان چی یە؟

بۆنموونە باسی وەزارەتی ناوخۆ دەکات کەوانەی توانیوە یاسا بچەسپێنێ و وابکات و وابکات، بزانین وەزارەتی ناوخۆ کێشەکانی چی یە؟ وەزارەتی کشتوکاڵ کێشەکانی چی یە؟

وەزارەتی شارەوانی چی یەتی؟ ئەوجا بۆیە ئەوە ئەگەر نوسخەیان بۆ بچێ کاتێکیان بۆ دابندرێت ئەوانیش بێن، مەبەست چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەیە نەک بێتە سەر ئەوەی بەرەنگاربوونەوە دروست ببێت لەنێوان پەرلەمان و حکومەت دا، چونکە لە ئەنجامدا، بەراستی بەباشی ناگەرێتەوە بۆ هیچ لایەک وە رەنگە لەبەر چاوی خەڵک بەشێوەیەکی تر راڤە بکرێت، بۆیە پێم باشە هەوڵەکەمان بۆ ئەوە بێت چۆن چارەسەری ئەم کەم و کوریانە بکەین بە هاوکاری لەگەڵیانا، کە ئەندامە بەرێزەکانی پەرلەمان چۆن دەستنیشانی ئەم مەسەلانەیان کردووە لەگەلیانا باس بکرێت نەک بێن و لەبەر دەمی تەلەفزیۆن باسی بکەن، ئەوجا دوای ئەوە ئەوان وەڵامەکەیان پێ نییە واحیساب کەین کە ئەوە شتێکە لەبەرژەوەندی پەرلەمان دانییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فکرەکە بیرکردنەوە لەبەرەنگاربوونەوە نەکراوە کاکە دکتۆر فوئاد، ئەو بۆچونە نەخراوەتەروو، با وەرناکەم وابێت، ئێمە لەسەر داخوازی ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆمان لەسەر بابەتەکە کرد، ئەگەر بەتەمای بەرەنگاری باین، یا خوانە خواستە یەکێک مەبەستی بەرەنگاری بایە، ئەو کاتە ئەو گفتوگۆیەی ئەو رۆژە دامان بە تەلەفزیۆنەکان ئەمانده بە لایەنێک ولێدوانمان پێ نەئەداو، ئەمان گوت ئەمە یەکەم، کەم وکووری حکومەتە و، رانەوەستاین لەسەر ئەمە، داوامان کرد لە دەستەی سەرۆکایەتی کە لیژنەیەک دروست بکەین من خۆم چەند خاڵێکم لێرە نووسی ودام پێیان، نازانم تا چەند سوودیان لێ دیوە، ئەو لیژنەیە هەستا شتێکی نووسی و وەعدە وابوو رۆژی دووەم بۆمان ئامادە بکەن، بەڵام وادیارە پێی رانەگەیشتبوون، ئەوە بوو دوێنێ ئێوارە تەواویان کرد، لە سەرەتای ئەم حەفتەیەدا وەعدەمان لەگەڵیاندا هەبوو کە دواخرا بۆ سێ شەممە، دوای نیوەرۆی، ئەمرۆش پاش ئەوەی ئەم راپۆرتەیان پێ گەیشتووە داوایان کرد کە دوا خرێت گوتمان زۆر باشە ئێمەش پێویستمان

بەوە هەیە بەم راپۆرتەدا بچینەوە، لەوانەیە هەندێ مەسەلەی تر هەبێت چ وەکو پرسیار چ وەکو جەخت لەسەر کردنەوە، تا رۆژێکمان بۆ دیاری کەن ئەوە ئارەزووی خۆیانە، بێگومان ئامانجی ئەم راپۆرتەو ئەو گفتوگۆیە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئەو خەڵکەیەو چاودێری ئیش وکارە حکومەت لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئێمەیە، چونکە ئەوە ماوەیەکە خەڵک گلەییان لێ دەکەن ودەڵێن ئێوە هیچ ناکەن و گازەندە لەپەرلەمانیش دەکرێت کەبەدواداچوونی یاساکانی خۆیانیش ناکەن، جا لەبەر ئەوە ئەمەی کە باس کراوە، ئەمەی کە چەسپ کراوە ئێستاکە بەشێکە لە فەرمان و ئەرکێکی سەرشانی ئێمە و حکومەت ئەینێرێتە پەرلەمان و ئەبێت بەرگری لەخۆی بکات، ئێمە نەمان گوتووە حکومەت بەرگری لە خۆی نەکات، دانی ئەم راپۆرتە بەحکومەت خۆی لەخۆی دا ئەم ئامانجە دەپێکی کە ئێمە ئەمانەوێت، ئەوە داخوازی خەڵکە و، ئەوە واقیعە کە ئەندامانی پەرلەمان رۆژانە تێیدا ئەژین وخەڵک دێت یەخەمان دەگرێت، حەقە ئێمەش روو بەرووی وەزیرەکانی خۆمان ببینەوە با ئەوانیش بێن وەڵامی خۆیان بدەنەوە وبزانن بۆ ئەم کەمو کوڕی یە هەیە؟ ئەمەش بەرەنگاربوونەوە ناگەیەنێت بەیاری خوا نیەتی هیچ لایەک نەپەرلەمان و نەحکومەت ئەوە نییە کە بەرەنگار بوونەوە رووبدات، بێگومان رووبەرووبوونەوەش لەبەر ژەوەندی ئێمەدا نییە، پەرلەمان وحکومەت بەلای منەوە تەواوکەری یەک ترن.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە منیش هەر راپۆرتەکەم خوێندۆتەوە، زۆرم رالێ یەتی بەراستی شتی چاکیان ووتووە. لەراستیدا ئەو موعاناتانەیان باس کردووە کەوا هەنە و ئێمە بەدەسیەوە دەناڵێن، خۆزگە لیژنەیەک دروست بکرایە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو وەزارەتەکان، بەراستی زۆر زۆر جێی خۆیەتی و چاکە، بەڵام من سەرنجێکم هەیە لەسەر قسەکانی کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ شتێک کرد، بەراستی من زۆر بە باشی نازانم ئەم شتانە لێرە بووترێت کەئێمە خۆمان بڵێین رەنگە بەنووسین وەڵاممان بدەنەوە نەیەن. بەراستی ئەوە ماوەیەکە هەرکاتێک پەرلەمان داوای وەزیرێک بکات وابزانم لەسەر شێوەی داواکردنیش بێ، واتا ئەگەر داواکرا بۆ پەرلەمان پێویستە بێت، جا ئێمە نابێت خۆمان بۆ ئەو شتانە ئاماژە بکەین و وەک کاک د.فوئاد باسی کرد بابێن ئەوانیش شتی خۆیان باس بکەن. کێ دەڵێ ئەوانیش چەند گرفتێک نەهاتوتە پێشیانەوە، بۆ جێ بەجێ نەکردنی ئەو شتانە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەکێکم لەو ئەندامانەی کە ئەو راپۆرتەیان ئامادە کردووە، راپۆرتەکەش بریتی یە لەو خاڵە ئابوریانەی کە ئەمڕۆ میللەتەکەمان بەدەستیەوە زەلیلە، ئەوانەباس کراون ئەوەش پەیوەندی تەنها بەوەزارەتێکەوە نییە، کە بڵێین لەژێر ناوی وەزارەتی دارایی و ئابوری بەڵکو پەیوەندی بەزۆر وەزارەتەوە هەیە کەوا خۆی سەر چاوەی داهاتەو کەوا ئەبێت یارمەتی بدات بۆ چەسپاندنی یاسا بۆ

ئەوەی دزو درۆزن نەهێڵێ، ئەوە هەمووی کۆمەڵێ شتن کە ئێمە باسمان کردووە و دەست نیشانمان کردووە و ئەوەی منیش بزانم ئێمە گوتمان دانیشتنێکی داخراو بکەین تا بێ پەنا باسی بکەین لەگەڵ یەکتر یا ئەم مەسەلانە تاکەی وابەبێ لێکۆڵینەوە بمێنێتەوە، تاکەی وا ئاژاوە بێ؟ ئیتر ئەو وەزارەتە لە کتلەی زەرد یاخود لەکتلەی سەوزە، گرنگ ئەوەیە وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و ئەندام ونوێنەری میللەتەکەمان بێت، ئیتر بابەس بێ ئێمە هەتاکەی بڵێین کتلەی زەرد یاخود کتلەی سەوز؟ بەراستی ئەمەبوو مەسەلەکە من لەو روانگەوە بۆی ئەچم لە هەمان کاتدا بیرورای منیش ئەوەیە کە لیژنەکانی پەرلەمان ئەبێ یاریدەدەری وەزارەت بن نەک بەرەنگاری هەبێت لە نێوانیانا بەپێچەوانەوە کەم و کوریشیان هەبێ، ئەبێ موتابەعە بکەن بەکردەوە سانسورێکی پەرلەمانی هەبێت لەسەر کاروبارەکانی حکومەت و حکومەتیش بە دڵێکی فراوانەوە ئەوشتانە وەربگرێت و داوای یارمەتی لە پەرلەمان بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کاروبارو ئەرکی ئەو لیژنەیە، منیش ئەندامێک بووم تیایدا بریتی بووە لەوەی کە لە بازنەی ئابوری یەوە لەبەرژەوەندی یا بکۆڵێتەوە، بۆیە زیاتر ئەو وەزارەتانەی لەخۆی گرتوەو، وەکو جەنابی دکتۆر فەرمووی لە لایەنێکی ترەوە مافێکی رەوای ئەنجومەنە پێویستە کەوا حکومەت بانگ بکات بۆ ئەوەی چی لە خولیای خەڵکەدایە، لەمێشک وبیری خەڵکەکە دایەو ئەوەی پێوەی ئەتلێتەوە روو بەرووی کاتەوە ئاشکرابێت و هیچ پەردەی لەنێوانا نەبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، کە کۆی ئەو پرسیارانە ئەوەیە کە لە ناخی میللەتەکەدایە، پرسیاری گەورەی میللەتەکەیە باراستەوخۆ خۆیان گوێ یان لەوەڵامەکەی بێت بۆ ئەوەی بروا بەهێز ترکەین و زیاتر نزیک بوونەوەی تێدایە. پێشنیاریش دەکەم ئەگەر بفەرموون لەمەو دوا بۆ ئەوەی کە کارەکە خەستر بێتەوە هەر جارێ وەزارەتێک یان دووان بەپێی پێویست و رۆژەکە بانگ بکرێن و لیژنەی تایبەتیش. هەڵسێ بە ئامادەکردنی ئەو پرسیارو راپۆرتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابێینەوە سەرخاڵی سەرەکی خۆمان مادام شتێکی وانییە، ئەگەر لیژنەی یاسا کەرەم کەن بێنە پێشەوە بۆ ئەوەی دەست پێ بکەین، بەبەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی مادە «٥» ی تازەو «٦» ی کۆن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: یلزم الحزب باحترام حقوق وحریات المواطنین والاحزاب والتنظیمات المهنیة والشعبیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر مادە ی «٥» هەیە؟ نییە؟

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە. کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: يشترط لتأسيس الحزب و ممارسة نشاطه مايلي:

١. تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقعاً من اعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن «٥٠» عضواً على ان لايقل عمر العضو المؤسس عن «٢٥» سنة وان لا يكون محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف و متمتعا بالاهلية القانونية و يجيد القراءة والكتابة على ان يرفق بطلب التاءسيس منهاج الحزب و نظامه الداخلي.

٢. يتضمن الطلب المذكور في الفقرة «١» اعلاه اسم ولقب وعمر ومهنة ومحل اقامة كل عضو مؤسس واسم الحزب على ان لايكون مطابقا لاسم حزب اخر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە «٦»، کێ تێبینی هەیە؟ ناوەکان بنووسە: کاک د.فوئاد، کاک ئەرسەلان، کاک عەبدولخالق، شێخ مەزهەر، کاک سیروان، مامۆستا تەها، کاک ئازاد، ملا تەڵحە، مەلا تاهیر. فرەنسۆ.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەناوی فراکسیۆنی کەسکەوە داوا ئەکەین کە لە جیاتی ئەوەی داخوازیەکە بۆ وەزارەتی ناوخۆبێت پێشکەش بە وەزارەتی داد بکرێت، چونکە لە وڵاتانی دونیادا ئەو مەسەلەیە، تۆمار کردنی لەلای کاتبی عدل دەبێت، کە ووتت وەزارەتی ناوخۆ شێوەیەکی پۆلیسی بەخۆیەوە رادەگرێت، جا لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت بەوەزارەتی داد، خۆی لەپاشا هەر دەچێتەوە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیران، بەلای ئێمەوە گونجاوترە و زیاتر نزیکترە لەگیانی دیموکراسی و دوور لە رەفتاری پولیسی ئەوە یەک، دووەم ئەو کەسانەی کە داوا ئەکەن واتا «موءسس» دامەزرێنەری حزبەکان جگە لەو مەرجانەی کەوا بۆیان دانراوە ئەو مەرجەشی بخرێتە سەر کە لە پێڕەوی ناوەخودا هەمانە بۆ ئەندامی پەرلەمان ئەڵێ «ولم يشارك في الجرائم التي خطط السلطة المتبعة او ارتكبتها في كوردستان» ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان هەڵدە بژێرن بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان ئەو مەرجە دانراوە، ئینجا ئێمە بەلامانەوە باشە بۆ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری حزبەکانیش ئەو مەرجەی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد ڕەشـــــید مـــــیـــــران:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــــوومــــــەن.**

ئەمنیش پێم چاکە ئەگەر ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت و «ان لایکون محکوماً علیه بجنایة او جنحة مخلة بالشرف ولم یعمل ضد الحرکة التحرریة الکوردستانیة ومتمتع با لاهلیة القانونیة» سوپاس .

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــــوومــــــەن:**

واتا لەنێوان مەرجەکاندا بێ؟

**بەڕێز ئازاد ڕەشـــــید مـــــیـــــران:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــــوومــــــەن.**

بەڵێ چونکە ڕێک ناکەوێت، مادەی «٥»ئەڵێت: (تعزیز و تطویر الحقوق والمکاسب التي حققه شعب کوردستان العراق). ئەبێت ئەم خەسڵەتەی تێدا بێت هەتا ڕێک کەوێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەرســـــەلان بایز ئیـــســـــمـــاعـــیل:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــــوومــــــەن.**

ئەگەر مرۆڤ تێبینی بکات ئەمرۆ گەنجی وا پێگەیشتوون، خەڵکی وا لە ڕووی ڕۆشنبیری وتواناوە پەیدابوون کە لەتەمەنی (٢٠) ساڵی زۆر بە توانان، مرۆڤ لە تەمەنی (١٨) ساڵی کامڵ دەبێ، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوە مافێکە لێ یان دەسەنرێتەوە. بۆ ئەوانەی «٢٥» ساڵی نەبن نەتوانن حزب دابمەزرێنن؟ من داوا ئەکەم ئەو «٢٥» ساڵیە بکرێتە «٢٠» ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز مـــەزهەر عـــەلی مـــســـتـــەفـــا:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــــوومــــــەن.**

دەربارەی خاڵی «٦» ئەو تێ بینی یە بوو کە باس کرا، لەڕاستیدا ئەوەی کە بەشداری دروست بوونی حزبێک دەکات پێویستە حیسابی ڕابوردووی بۆ بکرێت، واتا ڕابوردووی ئەو کەسە ڕەچاو بکرێت. ئەوە بوو مەبەستەکەی من، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــــوومــــــەن.**

ئارەزووم وایە مەسەلەی مۆڵەتی حزبەکان ئەگەر تێکڕا لەدەستگای ڕاپەڕاندنمان دوور بخرێتەوە زۆر باشترە، واتا ئەنجوومەنی وەزیران بێت یان وەزیری ناوخۆ بێت یان هەر وەزیرێک بێت. بەرای من لە هەندێ وڵاتاندا وەک میسر یش لیژنەی باڵا «لاجازة الاحزاب» هەیە، ئینجا لەبەر ئەوە بەرای من بۆ ئەوەی نمودجێک بکەین لە ناوچەکەدا بەتایبەتی لە جیهانی سێ یەمدا کەوا ناسراوە پەیوەست ربط دەکرێ بەوەزارەتی ناوخۆوە، ئەویش بەچاوێکی وا تەماشا دەکرێ کە وەزارەتی بەندیخانەو ئەمن وموخابەرات و ئەو شتانەیە، لەبەر ئەوە بەرای من ئێمە شتێکمان نییە

پێشکەش بەخەڵکی بکەین، جگە لەو مەسەلە دیموکراتیەتەو، یاسای حزبەکانیش نموونەیی بێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم لیژنەی باڵا بۆ مۆڵەتدانی حزبەکان لەنوێنەری وەزارەت دروست بکرێت. بۆ نموونە وەزارەتی داد، کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ناوخۆی تیابێت لەهەندێ شتیشمان دوور دەخاتەوە کە ببێتە ململانێ لەنێوان حزبێک و حکومەتدا کە لایەنێکی گرنگە، لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم ئەم مەسەلەیە گرنگی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەربارەی تەمەنێکی کەمتر بۆ دامەزرێنەری حزب قسەم هەیە، کە دامەزرێنەری حزب دەڵێن لە «٢٥» ساڵ تەمەنی کەمتر نەبێت، بەڵام دەربارەی ئەندامانی پەرلەمانەوە دامان ناوە کەوا تەمەنیان لە «٣٠» ساڵ کەمتر نەبێت، ئەو کەسەی کە حزب دابمەزرێنێ دەوری کەمتر نییە لەوەی کە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان بێت، هەق وایە وەکو دابێک «٣٠» ساڵ جێگیر کەن ئەمە یەک. دووەم هەست دەکەم برگە (١) کەم وکوورپەتی تێدایە، ئەگەر (متمتعا) بخوێندرێتەوە، چونکە دوای عطف دەکاتەوە بۆ سەر (محكوما وان لا يكون متمتعا بأهلية قانونية) جا لەبەر ئەوە پێش کەوێت ئەگەر بڵێین (على ان لا يقل عمر العضو المؤسس عن «٢٥» سنة و متمتعاً با الاهلية القانونية وان لايكون محكوماً) بیخەینە پێشەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەو (ممارسە نشاطە) زیادە، چونکە یەکەم مادەکە باسی هیچ ممارەسەیەک ناکات، ممارەسەی حیزبەکە. دووەمیان لەسەرەوە لە مادەی «٣» هەموو مەرجێکی تەواو دراوە بە ممارسەی چالاکی حزبەکە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەندامان مادەی «٧» کە ئێستا پێی دەڵێین مادەی «٦» ئەڵێ (يشترط لتأسيس الحزب و ممارسة نشاطة ما يلي:

١- تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقعاً من اعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن «٥٠» عضوا على ان لايقل عمر العضو المؤسس عن «٢٥» سنة وان لايكون محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف)، ئەم مادەیە چەند مەرجی شکلی لە خۆی گرتووە بۆ چۆنیەتی داواکاری (كيفية الطلب) لەسەرەتاوە دەڵێ (يشترط لتأسيس الحزب تقديم و طلب) واتا چەند مەرجی شکلی لە خۆی گرتووە، یەکەمیان چۆنیەتی داواکارییە، جارێ دەبێ خاڵێکی تایبەتی دابندرێت لە بۆ چۆنیەتی داواکاری، ئەمجا لە بۆ چۆنیەتی ئەندامانی دامەزرێنەر ئێستا لێرە دوای خستووەو تێکەڵاویشی کردووە، پێویست بوو بڵێ (يقدم اعضاء المؤسسين للحزب

لايقل عددهم عن « ٥٠ » عضوا طلبا الى وزارة الداخلية موقعاً من قبلهم يتضمن اسم كل حزب عمر المؤسس ولقبه و عمره و مهنته ومحل اقامته واسم الحزب دون أن يكون مطابقاً لاسم حزب اخر على ان يرفق بطلب التأسيس، منهاج الحزب و نظامه الداخلي) لەشێوەی ئەندامەکانی بی گوتبایە (يجب ان يكون العضو المؤسس متمتعا بالأهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة وان لايقل عمره عن « ٢٥ » سنة وان لايكون محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف)، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورولی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت، کە دامەزرێنەری حزب لەو کەسانە نەبێت کە ئیقامەیان لەدەرەوەی کوردستان هەیە، ئەگەر ئەمە زیاد بکرێت وببێتە مەرجێک، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، (ومتمتعا بالاهلية القانونية) پێشتر هاتووە بۆ هەموو ئەندامێک ئەوانی کە انتماش دەکەن. ئەو مەرجە لە پێشتر لە مادەی «٢» لە خاڵی «٢» ئەوە لێرە دووبارەیە، چونکە پێشتر هاتووە، دووەم من لەگەڵ کاک کەمال فوئادم کە ئەم خاڵە ئەم مەرجەی بۆ ئەندامی پەرلەمان دانرابوو کە ئەو کەسانەی بەشداری یان کردووە لەکاری نارەوا دابەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان، من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم بەڵام بەنسبەت ئەوەی کە بدرێتە وەزارەتی داد، ئەگەر بڕیاری خراپیدا بەنسبەت حزبەکان ئەو کاتەش خراپە کە هەر بەوەزارەتی ناوخۆ دەکات واتا کارە خراپەکان دەبێت هەر وەزارەتی ناوخۆ بیانکات، باشە بۆکاری چاکیش ئەو نەیکات؟ بۆ ئەوەی رووبەکی شرین وجوان بۆ خۆی نیشان بدات؟ ئەو مۆڵەتی حزبەکان ئەدا، بەڵام ئەگەر بڕیاردرا ئیجرائاتی لەگەڵ بکات ئەوە بچێتە سەر خۆی. لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە مۆڵەت پێدانەکە هەر لەوەزارەتی ناوخۆوە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەمە گفتوگۆی ئەو برادەرانەی کە ناویان نووسی بوو تەواو. لیژنەی ناوخۆ ئەگەر شتێکی هەبێت، بابفەرمووێ و پاشانیش لیژنەی یاسا تێبینییەکانی خۆی پێشکەش دەکا.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دوو برگەکان زۆر بەرێکو پێکی هاتوون، ئەگەر ئەو دوو تێبینیانەی کە کاک کەمال و کاک فرەنسۆ زیاد بکرێن ئەو کەسانەی کە بەشداری تاوانیان نەکرد بێت بە هۆی هاوکاری کردنیان

لەگـەڵ رژێمـداو هەقـە ئەمـەی بۆ زیاد بکەین، بەنسـبـەت ئەوەی کـە بدرێت بە وەزارەتی داد لەو روانگەیەوە کە بڵێین وەزارەتی داد تۆزێ لەوەزارەتی ناوخۆ ئەهوەن ترە. رەنگە ئەوە باشتر بێت بە حیساب لە هەموو وەزارەتەکانی تر دادپەروەرترە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەم زنجیـرەی خـوارەوە رامـان دیار دەخـەین یەکـەم، بەڕێز د.کـەمـال پێشنیـارەکـەی و هی هەندێ برادەریش ئەوە بوو مۆڵەتدانی حزبەکان بدەن بەوەزارەتی داد لەجیاتی وەزارەتی ناوخۆ. بەبۆچوونی ئێمە جێی خۆیەتی وەزارەتی ناوخۆ ئەو مۆڵەتە بدات لەبەر ئەم هۆیانە. یەکەم وەزارەتی داد لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هیچ جیاوازی یەکیـان نییـە تەنیـا ناوەکە نەبێت، واتا وەزارەتی داد مـانای ئەوە نییـە وەزیری داد وەزیری دادوەرییەو، وەزیری ناوخـۆش هی نا عـەدالەتە، هەردووکیـان لەدەسـتـەی راپەڕاندن و لە بەرپرسیـاریشـدا هاوبەشن، ئەوەی وەزیری داد دەیکات وەکـو ئەوەی وەزیری ناوخۆ دەیکات بەرپرسـیـاریـەتییـەکـەیان بەهاوکـارییـە، وەهەردووکیـان وەزیرن و ئەندامن لە دەسـتـەی راپەڕاندندا، وێرای ئەمەیش ئێمە مافی ئەوەمانداوە کەلاری بوون هەبێ لەسەر بڕیارەکانی وەزیری ناوخـۆ، لەئەنجـومـەنی وەزیران داوامـانە بە دادگـای تەمـیـز کـە بـالاترین دەسـەڵاتی دادوەرییـە لە وڵاتەکـەی ئێـمـە دا، بە دروسـتـی بێ لایەنە، هەم بە یاسـا هەم پێـویسـتـە مـاف پەروەریش بن ئەوە خـاڵی (١) خـاڵی (٢) ئێـمـە ئەبێ مـەزەندەی ئەوە نەکـەین لەوانەیە هەندێ شـتی کـۆن لە مـێشکـمـاندا مـابێت، وابزانین وەزارەتی ناوخـۆ هەر وەزارەتی سـەردەمی پاشـایەتی (بەهجـەت عطیە) یان (ناظم گوزار )یان (علی حسن مجید)ە، با ئێمە وای لێ نەڕوانین. وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخـۆی خـۆمـانە. هەندێ کـەس یا گـروپ هەڵسن بیـانەوێ رێکخـراوێک دابنێن دژی وەزعی ئێـمـە بێت وەزارەتی داد ناتوانێ بەدادگـاو (کـاتبی عدل) و تۆژەرەوەی دادوەری چاودێری ئەو جــۆرە گــروپانە بکاتن، واتا بیگومــان ئەم توانایەی لەبەر دەســتی وەزیری ناوخــۆدا هەیە لەبەردەستی وەزیری داد دا نییە، کارەکەش زۆر لێک جیاوازن عیبرەتیش بە چۆنیەتی کردارە بە کەسەکە نییە، دووبارەی دەکەمەوە دەڵێم وەزیری دادیش وەکـو وەزیری ناوخۆ ئەندامێکی دەستەی راپەڕاندنە. دەربارەی پرسیـاری دووەمی کاک دکتۆر ئەوانەی کە بەشداریان کردووە لەکردەوەکانی ئەنفال لەراستیدا ئالەتی چەوسانەوەی میللەتەکەمان بوون، ئێمە لیژنەی یاسا بەکۆمەڵ لەگەڵ ئەوە بووین، بەڵام تەماشـامان کـرد لەناو گۆڕەپانەکەدا زۆر جەخت لەسـەر مـافی مرۆڤ دەکرێ. ئەمـە یەک، دووەمین ئەو کەسانەی کە ئەبینین ئەو کردارانەیان کردووە بەکردەوە رۆژانە بە چاوی خۆمـان دەیبینین بەرەی کوردستانی لێبوردنی بۆ دەرهێناوون ئێستا بارەگای حزبیان هەیە، لەبەر ئەوە زۆر جار جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە ئێمە دەبی مرۆڤی واقعی بین لەگەڵ واقع بڕۆین، لەڕاستیدا پێمـان وا بوو یەکـەم مـافی مرۆڤ نییـە کـەئێمـە بەرهەڵسـتی پێک هێنانی حزبەکـان بکەین،

دووەمیش لەگەڵ ئەوەی کە بەگیانێکی فراوان و بۆ تەبایی ناو میللەتەکە بەرەی کوردستانی کە ڕاهێنەری پەرلەمان و حکومەتە لەوانەی بوردووە، ئێمە ئەو بۆچوونەمان پێ باش بوو بریاریش ئەگەڕێتەوە بۆ ئێوەی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەدواداچوونێک لەسەر ئەوە هەیە با ناوەکان بنووسین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئازاد میرانیش وتن، هەمان خاڵ دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی هەمان وەڵامان هەیە بۆ ئەوە. دەربارەی ئەوە کاک ئەرسەلان بایز گوتی بۆ مەسەلەی تەمەن ڕاستە کە هەندێ گەنجمان هەنە، بەرپرسیاریەتی دامەزراندنی حزب وابزانم بەرپرسیاریەتێکی گرنگە وجیاوازی لەنێوان دامەزراند وچوونە ناوحزب هەیە بۆ ئینتمای جۆرە تەمەنێکی تر ویستراوە، بەڵام بۆ دامەزراندن ئەبێت کابرایەک بێت هۆشمەندو عەقل مەند بێت «٢٥» ساڵ وابزانم باشە لەبەر ئەوە بەرای ئێمە وەکو لیژنەی یاسا «٢٥» ساڵ زۆر باش و رێک و پێکە. کاک (مظهر هیرانی) باسی ئەوەی کرد ئەوکەسانە رابووردویان باش بێت، بێگومان من خۆم باوەڕم بەوە هەیە «من لا ماضی له لاحاضره له» بۆ ئەوە ئەوەی کاک عبدولخالق وتی لیژنەیەکی باڵا دابندرێت، لەراستیدا شتێکی تازەیە، بەڵام من هەر هەمان وەڵامم هەیە، چونکە ئەو لیژنەی باڵایە ئێمە لە هەمان مەرجا هەڵی دەبژێرین ئەبێت ئەو کاتە بڵێین وەزیری داد بێت یان وەزیری ناوخۆ بێت یان سەرۆکی دادگای تەمییز بێت. من نازانم بەرای من ئەوەیە ئێمە ئەگەر بتوانین وەزیری وا دابنێین وەزیرێکی ناوخۆ کردەوەی باش بێت پێویست ناکا لەوە بترسێین ئایا وەزیری داد بێت یان ناوخۆ وەیان دەستەیەک بێت. بەهەر حاڵ بۆ رای ئێوەی جێ دێڵین. مامۆستا مەلا تاهیر باسی تەمەنی کرد، ئاماژەی بە ئایەتێکی پیرۆز کرد ئەمە پشتگیری دیدی ئێمە دەکات ئەو «٢٥» ساڵیشس پێ کەم بوو کە ئەبێت «رشد» لە «٣٠» ساڵ بێت ئێمە لانی کەم «٢٥» ساڵمان دانا، لەبەر ئەوە وەڵاممان نییە. بۆ پرسیارەکەی سوپاسی دەکەین. کاک مستەفا تێبینیەکی هەبوو لەسەر چالاکی ئەنجامدان، پێمان باشە ئەگەر شتێکی وا هەیە بیدات بەئێمە بۆ ئەوەی لەدارشتندا ئێمە رەچاوی بکەین، چونکە لاری بوونێکی یاسایی نییە، ئەگەر لانی دارشتنەکەمان دانێ، ئێمە دوایی ئەتوانین دایبرێژین. مامۆستا مەلا طلحە، مادەکە هیچ تێکەڵاوێکی تێدا نییە، بەرای ئێمە زۆر رێکوپێکە، لەلانی زمانیشەوە، ئەگەر چ تێبینییەکی هەبێت دەتوانی لەگەڵ ئێمە، لیژنەی یاسا، دوایی باسی بکات، بەرای ئێمە مادەکە رێک و پێکە لەلانی زمانەوانیش پاش وپێش وهیچ تێکەڵاوێکی تێدا نییە، ئەوەی کاک سیروان وتی بەهەمان مانا لەبڕگەیەکی مادە «٢» شتێکی وا هاتووە هەمان وەڵامی ئەو پرسیارەی کاک سیروانە، کاک فرەنسۆ دەڵێت (متمتعا) لێرە دووبارەبوونەوەیە، چونکە لەپێشەوە هاتووە،

نەخێر دووبارە بوونەوە نییە، چونکە ئەوی تر بۆ (انتمایە)، ئەوە بۆ (تأسیسە)، هەردووکیشیان لێک جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زیاتر لەوە برادەرانی لیژنەی یاسا فەرموویان، خۆی وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی مۆڵەت پێدان نییە، تەنها وەزارەتی ئالقەی پێک گەیشتنە، تەنیا ناردنی بەریدە، واتا برادەران وامەزەندە نەکەن وەزیری ناوخۆ چ دەوری هەبێ لە مۆڵەتدانی حیزبەکە، داواکاری پێشکەش دەکرێت بەگوێرەی ئەو یاسایە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەنێردرێت. مەترسییەک هەیە ئەگەر بێتو بیدەینە وەزارەتی داد ئەگەر لاری بوونەکە لەسەر ئەوە بوو، چونکە لەدادگای تەمیز مەترسی ئەوەی هەیە دادگای تەمییز بکەوێتە ژێر گوشاری وەزیری داد، بە اعتبار شتێک ئەو رەفزەی کات، بۆ دادگای تەمییز جوان نابێت لاری بێ لە وەزارەتی داد، لەبەر ئەوەی پێویستە هەر لەوەزارەتی ناوخۆ بێت، چونکە ئەگەر لاری بوونیان گرت لە دادگای تەمییز، دادگای تەمییز ئەو کاتە بریاری (فعلە) وبریاریش بنەبڕ(قطعی) یە بە ئیعتباری ئەوەی دەستەی گشتی تەماشای دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی دامەزراندنی حزب، خۆی دوو حاڵەت هەنە، هەیە یان ئەوەتا داوای رەزامەندی بکات، یان ئەوەتا دەبێت لەوەزارەتێکەوە داوایەکە پێشکەش بکرێت کە حزبێک داوای دامەزراندن بکات لەلای کاتب عدل داوای راگەیاندنی حزبەکە بکات ولەوێ تۆمار بکرێ، ئەوجا دوای ئەوە تەماشا دەکرێت، چاودێری چالاکییەکانی دەکرێت بەپێی ئەو بنەمایانەی کە هەنە، ئەوجا رەنگە مەسەلەکە بۆ وەزارەتی داد تۆزێک گران بێت، لەهەندێ ولاتیش وەکو بزانم حزب پێک هێنان مۆڵەت پێدانی ناوێ، ئەگەر لەرووی دیموکراسییەوە سەیری بکەین واباشە حزب دابندرێ دوایی چاودێری چالاکییەکانی بکرێت، ئەگەر حزبەکە سەرکەوتوو بوو بۆ خۆی دەتوانێ جێگای خۆی بکاتەوە دەنا هیچ، بۆ ئەو رایەش کەدەڵێ لیژنەیەک دابندرێ، ئەویش دیسان لەوولاتێکی وەک میسر کە نیمچە دیموکراتییە ئەوە لەوێ بەو شێوەیە، دەربارەی ئەو کەسانەش کە لەپێشودا بەشداریان لە ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستان کردووە کە مافی دامەزرانی حزبیان نییە، دەبێ ئەم بریارە گشتگیر تر بکەین، کە ئەوانەی لەم بابەتانەن و هاتوونەتە ناو حزبەکان دەبێ دەرکرێن، ئەگەر ئەو حەقە دەسەندرێتەوە با لەهەموویانی بسەننەوە، ئەگەر نا دەبێ بۆ هەموان وەک یەک بێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وەک ئەندامیکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لەگەڵ بۆ چونەکەی کاک عەدنان دا نیم، چونکە مافی

مرۆڤ بەرگری لەو کەسانە ناکات کەبەشداری لە ناو بردنی میللەتی کوردو ئەنفال و چەوسانەوەی میللەتی کورد بوون. داواش ئەکەم کە بەناوی پەرلەمانەوە گوشار بخەنە سەر حزبەکانی خۆمان لەپێشەوە یەکێتی و پارتی ئەوانە پاک بکەنەوە وئیش وکاریشیان نەدەنێ، میللەتەکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا نییە کە کاتی خۆی دژی میللەتی کورد وەستاوون و ئێستا دێنە ناو ریزەکانی یەکیەتی و پارتی و حزبەکانی تر و رێزیان لێ دەگیرێت. مافی مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەدا نییە.

دووەم من بۆ نموونە راوێژکاری نەمسا «کۆرت ڤالدهایم»دەخەمە پێش چاو کەچەند ساڵ راوێژکاری نەمسا بووە دوایی دەرکەوت کە ئەفسەرێکی نازی بووە ئێستاکە ئەمریکا رێگای نەدا هەتا بچێت بۆ ئەوێش، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو شتانەمان نابێ لە بیربچێت. بەراستی نابێت رێگە بدەین و مافی مرۆڤیش هیچ لەگەڵ ئەو کەسانەدا نییە کە دژی میللەتی کورد ئیشیان کردووە و ئێستاکە لە ریزەکانیدا ماوون. حەقە دایان بنێین کە لێیان بوردراوە، بەڵام نابێت هیچ بەرپرسیارێکیان بدرێتێ نە لە دەوڵەت و نە لە حزبەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جیاوازی زۆرە لە نێوان لێبوودن ورووەت پێدانەوە «ردی اعتبار». راستە ئەوانە لێیان بوردراوە ناکوژرێن و هیچیان لەگەڵ ناکرێت. بەڵام تا ئێستا بە بریارێک رووەتیان پێ نەدراوەتەوە، لەبەر ئەوە من دیسان هەر لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێز د.کەمال فوئادم ئەوەی کە کاک د.فوئاد مەعسوم فەرمووی ئەوانی لەناو حزبەکاندان ئەمانەش جیاوازن لەگەڵ ئەو خەڵکەی تر، ئەمانەی لەگەڵ حزبەکانن پێشتر پەیوەندیان بە حزبەکانەوە هەبووە. هەندێکیان حزبەکان رێگەیان پێداون کە چەک هەڵگرن و لەگەڵ رژێم بن و لەکاتی ئیش کردنیان لەگەڵ رژێمدا یارمەتی حزبەکان بدەن و کۆمەک بە پێشمەرگە و بەخەڵکە کە بکەن، لەبەر ئەوە دووشتی زۆر لێک جیانە، ئەوەی کە خۆی پەیوەندی بەهیچ حزبێک نەبووە یارمەتی بە هیچ حزبێک نەداوە، خۆی دەیەوێت حزبێک بۆ خۆی دروست بکات جودایە لەگەڵ ئەوەی لەساڵەکانی «٧٠» ، «٨٠» پەیوەندیان بە یەکیەتی یان پارتییەوە بووە. کۆمەکیان پێ کردوون، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر ئەمەوێت دووبارەی بکەمەوە، کەوا باشتر وایە ئەگەر ئەومۆڵەت پێدانە بەرەو رووی وەزارەتی داد یان لایەنێک لەوزارەتی داد بکرێتەوە، ئەوە ئەگەر وەکو تۆمارکردنیش بێت، چونکە لە وڵاتانی ئەوروپا ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت حزبەکە دادەمەزرێت بەپێی ئەو دەستوورەی کە دانراوە، داخوازیەکەش پێشکەش بە (کاتبی عدل) دەکات، ئەویش سەیری دەکات ماوە یەکیان بۆ

دائەنێت، ئەگەر مەرجی یاسایی تیا بوو ئەوە لەو ماوەیە مۆڵەتەکەیان پێ ئەدەن، ئەگەر مەرجی یاسایشی تیانەبوو بۆیان ئەگەڕێتەوە ئەڵێن فلان مادە ئەبێت بگۆڕن و دەستکاری بکەن بۆ ئەوەی بتوانین مۆڵەتتان بدەینێ، لەبەر ئەوە ئەو لایەنە یاساییەی کە ئەو مەسەلەیەی ڕاستەوخۆ بەرەو ڕوو ئەبێتەوە زیاتر وەزارەتی دادە نەک وەزارەتی ناوخۆ و مەسەلەی دووەمیش ئەو مەرجەی کە وا دانراوە بۆ دامەزرێنەری حزب شتێکی نوێ نییە لەناو پێڕەوی ناو خۆی پەرلەمانی خۆمانا هەیە، ئەو کەسانەی کە خۆیان دەپاڵێون بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامی پەرلەمان پێویستە ئەو پلەیان تێدا هەبێت و ئەو دەقە کە من وتم هەر لەوێوە دەرهێنراوەو ئەویش بەو جۆرەیە «ولم يشـارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو ارتكبتها في كوردستان» نەمان ووتوە هەرکەسێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژن مەرحەبای لەرژێم کردبێت، ئینجا ئەوە لە پێڕەوی ناوخۆی خۆمانا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند جار جەختمان کرد، ئەو برادەرانەی کە ناوەکانیان ئەنووسین هەر ئەوانە مافی قسەکردنیان هەیە وئیتر دوای ئەوە دەرگای ناونووسین دادەخەین، بەڵام ئەوە دیسان هەندێ برادەر دووبارەی دەکەنەوە، مام ڕۆستەم یەکێک لەوانەیە جارەکەی تر بوار نەبوو قسەبکات ئەمجارە قەیدی ناکات فەرموو.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر جەخت لەوە دەکەمەوە، دەبێ جیاوازییەک هەبێت، بۆ نموونە لەنێوان کابرایەک کە «٣٠» ساڵ بووە پێشمەرگە بووەو تێکۆشاوە، کابرایەکیش کە «٣٠» ساڵ بووە هەر پێشمەرگەی کوشتووە ودێهاتی تالان کردووە وجل وبەرگ و شمەکی ژن و ژاڵی ئێمەی بەتالان بردووە، بۆ ئەویش حزب بێت و ئێمەش تەماشای بکەین و بڵێین بەریشی نامەردانەت قەسەم، لەبەر ئەوە هەقی وایە ئەو جیاوازی یەی کە ئەڵێن هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ لەگەڵ زیاد کردنی ئەم بڕگەیەدان.

وابزانم خاڵی دووەم هیچ گرفتی نییە پاش ئەو هەموارکردنانەی کە ئێستا جێگیر کران. کێ لەگەڵ مادە «٦» ە پاش ئەو هەموارکردنانەی کە دەنگتان لەسەردان؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆریەی دەنگ لەگەڵ ئەو هەموارکردنەدان، بەم شێوەیە مادە (٦) پەسەند کرا.

ئێستاش پشووێکی کورت دەدەین، پاشان سەعات (١١) یانزدە دێینەوە ناو هۆڵەکە وتێهەڵدەچینەوە، سوپاس.

## «دوای پشوودان»

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر بڕیاری ئێوەی بەڕێز گوتمان ئەمڕۆ سەعات «١١» لەنێوان ئەم دانیشتنەدا کاتێکی کورت تەرخان بکەین بۆ یادکردنەوە و پیرۆز کردنی ئەم ڕۆژە مێژووییە، واتا ڕۆژی «٤/١٠» ی ئەم ساڵە- کە دەکاتە ساڵێک بەسەر تێپەڕ بوونی ـ ئەو بڕیارە مێژووی یەی ئەم پەرلەمانە، سەبارەت بە جۆری پەیوەندی لەنێوان هەرێمی کوردستان و، دەسەڵاتی ناوەندیدا کە بە ئارەزووی خۆتان و دەربڕین لە هەستی خەڵکی کوردستان بڕیاری فیدرالیەتمان دا، بەم بۆنەیەوە بەناوی برای خۆشەویستم کاک نەژاد جێگری سەرۆک و کاک فەرسەت سکرتێری پەرلەمان پیرۆز بایی لە ئێوەی بەڕێزو لەگشت خەڵکی کوردستان دەکەین، هیوادارین ئەم هەنگاوە مێژووییە بەرەو پێشتر بڕوات و بتوانین چ پەرلەمان و چ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەرکانەی کە پێویستەو لە سەر شانمانە ئەنجامیان بدەین لەو پەرلەمانە، وەکو دەزانین کومەڵێک بڕیاری مێژوویمان وەرگرتووە، من هەموو جار جەخت دەکەم هەر بڕیارێک یان هەر یاسایەک لێرە دەرچێ تام و چێژی خۆی هەیە، چونکە بۆ ئێمەی کورد لە کوردستانی عێراق دا شتێکی مێژوویە، بێگومان ئێمە هیچ وەخت ئەو شاکارانە لەبیر ناکەین، لە چەسپاندنی گیانی تەبایی و برایەتی، بڕیاری هەڵبژاردن، خودی هەڵبژاردن خۆی ١٩/٥کە ڕۆژێکی مێژووییە بۆ کورد، دەسبەکاربوونی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٦/٤، دامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤، وەبڕیاری پەرلەمان بە فیدرالیەت لە ١٩٩٢/١٠/٤و گەلێک شاکاری تر لەڕاستیدا جێگەی شانازی و سەرفرازی و بەختەوەری ئێمەیەو دەسکەوتێکە بۆ میللەتەکەمان، بەم بۆنەیەوە جارێکی تر پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەین و، دەرفەت دەدرێ بە هەر دووکتلە بۆ ئەوەی ئەگەرووتەیان هەیە بەم بۆنەیەوە لە پەرلەمان بیخەنەڕوو، لەم ڕێگەوە هەستی خۆیان بەرامبەر بەم ڕۆژە پیرۆزە دەربڕن و، ئەگەر هەرگروپێک چەند برادەرێک دەست نیشان بکەن بۆ هەمان مەبەست، بەش بەحاڵی خۆمان سوپاستان دەکەین ئەو جا قسە، قسەی ئێوەیە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی فراکسیۆنی کەسکەوە حەز دەکەم کەوا ڕێگا بدەن بە د. فوئاد لەبارەی ئەم ڕۆژە مێژووییەوە وتەیەکتان پێشکەش بکات.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی دەربارەی مەسەلەی فیدراڵ، پتر پێویستی بەوە هەیە زیاتر ڕوونی بکەینەوە، جارێ وەک زاراوەیەک تائێستا بەتەواوی لەکوردستاندا خەڵکەکە باش تێ ی نەگەیشتوون. لە نووسین دا دەنوسن: کوردستانی فیدراڵ، کوردستان فیدراڵ نییە، کوردستان دەبێتە هەرێمێک لە عێراقی

فیدراڵ، پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین لەزۆر لاوە بۆ خەڵک روون بکرێتەوە، چونکە نابێ ئێمە دروشێمکمان هەبێ، یاسایەکمان هەبێ زۆر کەس نەزانێ مەبەستمان چییە، ئەوجا چ لەهۆیەکانی بڵاوکردنەوەی پەرلەمان بێ چ حکومەت و حزبەکان، پێویستە ئەوە تیشکی بخرێتە سەر، دوای ئەوە زۆر لە برایانی عەرەب. چ هی عیراقی چ هی دەرەوە و غەیری عەرەبیش، وادەزانن فیدرال جیابوونەوەیە. نەوەستین بڵێین ئەوە داوایەکی خۆمانەو بڕیارێکی خۆمانە، خۆشمان دەزانین چی یە، پێویستە خەڵکانی تریش بزانن مەبەستمان چییە؟

بەتایبەتی ئەمڕۆ لەعێراق دا، شیعە هەیە، عەرەبی سوننی هەیە، کورد هەیە، کوردەکەو شیعەکە هەردووک بێ بەشن لەبەشداربوون لە بڕیاری سیاسی گرنگ، کاروبارە ئیداریەکانیش بەسەریاندا فەرز دەکرێ، پێویستە ئێمە تیشک بخەینە سەر ئەو لایەنە، بەلای کەمەوە هیچ نەبێ لەوچەوساندنەوە ئیداری یە هەر دوولامان رزگاریمان دەبێ رەنگە ئەوە خاڵێک بێ کە بتوانین زیاتر کاری پێ بکەینە سەر شیعەکانی باشووری عێراق تاکو بزانن بەلای کەمەوە لە لایەنی ئیداری یەوە جۆرە سەربەخۆییەکیان دەبێ، شتێکی تر هەیە هەر بەو بۆنەیەوە حەزدەکەم بیلێم، هەندێ جار کەباسی ئۆتۆنۆمی دەکرێ بە تایبەتی لەراگەیاندنەکانی دەرەوە، لەرادیۆکاندا خەڵکانێ هەن لە کوردستان دەڵێن ئێمە داوای فیدرالیمان کردووە، لەدەرەوە باسی ئۆتۆنۆمی دەکرێ کەواتە ئێمە شتێکمان داواکردووە لەدەرەوە دانی پیانەندراوە، بەراستی ئۆتۆنۆمی دوومانای هەیە. مانایەکی سیاسی هەیە، مانایەکی یاسایشی هەیە. ئەوەی کە دەڵێ «نوعا من الحكم الذاتي» جۆرێکە لە ئۆتۆنۆمی، مەبەستمان مانا یاساییەکە نییە، مەبەستمان جۆرێک لە سەربەخۆی یە، ئینجا ئەو جۆرە سەربەخۆی یە لەرووی قانونی یەوە بەشێوەی ئۆتۆنۆمی دەبێ، بەشێوەی فیدراڵی دەبێ، یان بەشێوەیەکی تر دەبێت، ئەوەش باش دەزانم تەرکیزی بکەینە سەر روونی بکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵکانی خۆمان تووشی دوو دڵی نەیەن، لەو یاسایەی کە لەپەرلەمانەوە دەرچووە، وابزانن ئێمە شتێکی باشمان نەکردووە، ئەوە پێویستە ئۆتۆنۆمی وەکو بۆچوونێکی سیاسی وەرگرن کەبە مانای جۆرێک سەربەخۆی دێ، نەک ئەو ئۆتۆنۆمییە یاساییەی لەعێراق دەرچووە، ئەوە دووشتی لەیەک جیاوازن و ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین پرۆژەیەکی تر لە کوردستان جێ بەجێ بکەین. جۆرێ لامرکزیەت لە پارێزگاکان هەبێ. ئێستا ئێمە وەکو دامان ناوە بەشێکین لە عێراقی فیدرال، بەڵام ئیدارەی ئەو هەرێمە ئیدارەیەکی مرکزییە، ئایا ئەو ئیدارە مەرکەزی یە وابمێنێ؟ یان بیربکەینەوە نەختێک (لامرکزیەت) هەبێ بۆ پارێزگاکان، کەبەرای من لەرەوشی ئەمڕۆی کوردستاندا بەتایبەتی زیاتر پێویستە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین ئەو (لامرکزیەتە) دروست بێ، جارێ لایەنەمرکزیەکە بۆمان جێ بە جێ نابێ. بڕیار هەیە لێرە دەردەچێ بەدوو هەفتە ناگاتە سلێمانی، جێبەجێ ناکرێ، دووەم هەندێک ئاڵۆزی و شتی رۆتین دەیینە پێش، بەڵام ئەگەر هاتوو (لامرکزیە) هەبوو دهۆک خۆی بەرپرسی هەموو کاروباری خۆی دەبێ هەولێر هی خۆی، کەرکوک هی خۆی، سلێمانی هی خۆی، ئەوکات زیاتر گرنگی بەکاروبارەکانی خۆییان دەدەن. پارێزگار زیاتر هەست بە لێ پرسینەوە

دەکات. ناتوانێ بلێ ئەوە بریاری وەزارەتە و ئەمن چم لەدەستدا نییە، نەخێر خۆی بەرپرسیارە. تەنانەت دەتوانین بیرلەوەش بکەینەوە کە ئەو لامرکزیەتەدرا، بۆ ئەوکات ئەوەی دەبێتە پارێزگار بە هەڵبژاردن بێ؟ با خەڵک هەڵی بژێرن مەرج نییە ئیدارە مەرکەزیەکەی هەرێمی کوردستان، ئەو دایبنێ، یاخود لە ئەنجامی رێکەوتنی حزبەکان دابێ، خۆ تەماشادەکەین ئەمڕۆ لە هەندێک وولاتانی دەرەوە فەرمانداری دەڤەرێک یان بلێین پارێزگار هەڵ دەبژێردرێ. ئەوکات پارێزگار ناچارە زیاتر خزمەت بکات و ئەوکات حەقی خۆیەتی خۆی ئیدارەیەکی وا دابنێ نەک لەسەر بناغەی هاوکێشەی حزبی، بەم شێوانە ئیدارەیەک دابنێ کە خزمەتی خەڵک بکات، ئەوکات خەریک نابێ رۆژانە هەر خەڵک دابەزرێنێ و داوای دامەزراندنی خەڵک بکات، چونکە حیساب دەکات بودجەکەی تێک دەچێ، ئەوکات خەڵکەکە بەپێی پێویست ئیشوکاری خۆشی بەرێوە دەبات.

منیش رێگام بدەن پیرۆزبایی لە خۆمان و لە هەمووان بکەم، سوپاس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەو کاتە تەرخان کرا بۆ ئەو مەبەستە، منیش بەو دوو سێ خاڵە وییستم بەشداری بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.فوئاد، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەناوی فراکسیۆنی زەردەوە پیرۆزبایی لەگەلی کوردستان دەکەم، بە بۆنەی ساڵ رۆژی راگەیاندنی فیدرالی بۆ کوردستان، لەبەر ئەوەی ئێمە دوێنێ زۆر قسەمان لەسەر ئەوەکرد، بۆیە منیش تکا دەکەم رێگا بە هەڤالانی تر کاک فەلەکەدین، کاک شێخ عەدنان کاک ئەحمەد سالار بدەن، چونکە ئەو برادەرانە حەز دەکەن قسە لەسەرئەم بۆنەیە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمە ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەناوی نوێنەرانی حزبی زەحمەت کێشانەوە لە فراکسیۆنی سەوز، هەروەها بەناوی فراکسیۆنی سەوزیش، چونکە کاک دکتۆریش هەر بەو ناوە قسەی کرد بە بۆنەی ساڵرۆژی راگەیاندنی فیدرالیزم بۆ کوردستان، سەرەتا پیرۆزباییەکی گەرم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان و سەرجەم گەلی کوردستانی قارەمان دەکەم، لەراستیدا راگەیاندنی فیدرالیزم وەکو هەموومان دەبینین هەنگاوێکی مێژوویی گرنگ بوو لە مێژووی گەلی کوردستان وجولانەوە رزگاریخوازیەکەی، دەربازکردنی گەلی کوردستان لەقۆناغی ئۆتۆنۆمی کاتێ هەل و مەرجی خودی

تایبـەتی بۆ هاتـەپێشـەوە بۆ قـۆناغی فـیـدرالـیـزم، بەراسـتی هەنگاوێکی هوشـیـارانەو بوێرانەی پەرلەمـانی کـوردسـتـان بوو، کـە بۆ هەتا هەتایە وەک خـاڵێکی درەوشـاوە بۆ یەکـەم پەرلەمـانی کوردستان تۆمار کرا، ئەوەی لێرەدا من دەمەوێ جەختی لەسەر بکەم بۆ کوردستان کە بەرای ئێمە بۆ نی هیچ شتێکی لێ نایەت، بە پێچەوانەوە، ئەمڕۆ لەزۆر شوێن دامەزراوەکـان و کۆمپـانیاکـان ئالاًیان هەیە. لەبەر ئەوەی ئەو هەنگاوانە زیاتر بریاری فیدرالیەتەکەمان تەواو دەکەن، بەراستی دەرهێنانی دەستوورێکی تایبەت بەکوردستان و دیاری کردنی دروشمێک و دیاری کردنی سنووری جوگـرافـیـای کـوردسـتـان، سنووری فـیـدرالیـەت کـەئەوەش هەنگاوێکی گرنگەو ئومـێد دەکـەین هەنگاوی فـیـدرالی لە کـوردسـتـان تعبـئەیەکی زیاتری بۆ بکرێ، بە تایبـەتی بە بۆنەی ساڵرۆژی راگـەیاندنی ئەم هەنگاوە وە، هەنگاوی فـیـدرالیـزم لە کـاتێکدا دەرفـەتی باشـتـر مـان بۆ دێتـە پێشـەوە، بکرێ بە هەنگاوێکی گـرنگ لەرێگای رزگـاری و سـەربەخـۆیی کـوردسـتـان، چونکە هەنگاوی فـیـدرالیـزم چەند گەورە بێ وچەند پیـرۆزبێ، دیسـان هەنگاوێکی گـرنگ دەمـێنێتـەوە ئەویش رزگاری کوردستانە، جارێکی تریش پیرۆزبایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا / وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

منیش بەناوی لیستی ئاشوری لە پەرلەمـان و هەروەها بەناوی برادەرانی خۆمـەوە لە بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز ولە هەموو گەلی کوردستان دەکەم بە بۆنەی ساڵرۆژی راگەیاندنی فیدرالیەت لە کوردستانی عێراقدا، هیوادارم شان بە شان بەیەکەوە برایەتی مێژوویی ئاشووری و کورد پتەو تر بکرێ و، برایەتیەکەمان ستراتیجی بێ، رێ نەدرێتە تەیاراتی ناوخۆ چ لەناو میللەتی ئاشووری چ لەناو میللەتی کورد کۆسپ دروستکەن لەسەر رێگەی برایەتیماندا، هیوادارم رۆژ دوای رۆژ برایەتیمان بەرەو پێشەوە بچێ. بەیاری خوا لەدوا رۆژدا ئەم برایەتیە لەناو عێراق بچەسپێ، هەروەها هیواداریـن کە مافی میللەتی ئێمە و تورکمان لەدەستووری کوردستانی عـێـراقـدا رەچاو بکرێ، هیـواداریـن سـەربەخـۆیی میللەتی کـورد لە دوارۆژێکی نزیکدا بێـتـەدی، جارێک تر پیرۆزباییتان لی ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

خۆشحالم بەبۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزەوە لەرێگە ئێوەی بەڕێزەوە، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کـوردسـتـان کە نوێنەری راستـەقـینەی میللەتەکەمـانن پیـرۆزبایی لەگـەلی کورد بکەین لەوکاتەدا هەمیشە یادی ئەو رۆژە پیرۆزە دەکـەین دەبێ ئەو شـەهیـدانەمـان لەبیر بێ کە خوێنی ئالی خۆیان رژاند بەمـەبەسـتی هێنانەدی ئەم رۆژە. لەهەمـان کـاتیـشـدا دەمـەوێ جـەخت لەوە بکەمـەوە کـە فـیـدرالیـەت بەتەنیـا هەر دروشم نییـە، ئێـمـە کـە فـیـدرالیـەتمان جـاردا دەبێ هەوڵ بدەین کـەوا

حکومەتەکەمان ئاورێک لەکەم وکوری ئەم میللەتە بێ دەرامەت و بێ کەسە بداتەوە، تا ساڵرۆژی فیدالیەت بکەین بە یادێکی وا کەبتوانین وەزعی حکومەتی هەرێممان چاکتر بکەین و زیاتر بەتەنگ خەڵکەکەوە بێن و بیروباوەڕی خۆمان زیاتر بەخەڵک رابگەینین. ئیتر بەم بۆنەوەدووبارە پیرۆزبایی پێش کەش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەم بۆنە پیرۆزەوە بەراستی دڵخۆشم کە پیرۆزبایی لە میللەتی کوردی قارەمان بکەم، لەدایکی شەهیدانی ئەو میللەتەی برسی وبێ نان و بێ نەوتەکە چاوەڕێی زۆر شتە لە پەرلەمانی کوردستان وبەیاری خوا پەرلەمانی کوردستان، هەموو هەوڵێکی تەرخان دەکات بۆ کامەرانی ئەو میللەتە. بەراستی بڕیاری فیدرالیەت یەک لە بڕیارە هەرە گرنگەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو، بەلای منەوە وەکو برای بەڕێزم کاک قادر ئاماژەی بۆکرد فیدرالیەت پێویستی بە هەندێ شت هەیە، ئەویش هەر هەرێمێکی فیدرال مافی ئەوەی هەیە دەستوورێکی خۆی دابنێ، لەناو ئەو دەستوورەدا سنووری هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێ، دروشمی دیاری دەکرێ و هەروەها ئاڵای کوردستان لەو دەستورەوە دیاری دەکرێ نەک بڕیارێکی تایبەتی پێ بدرێ. ماوەی ساڵێک تێ پەری میللەتی ئێمە بە چاکی تێگەیشت کە فیدراڵ چییە، وابزانم کاتی ئەوەش هاتووە بیر لەوە بکەینەوە کەدەست بکەین بەدانانی ئەو دەستوورە بۆ هەرێمی کوردستان هەر وەکو ناحەزانی کورد فیدرالی بە جیابوونەوە دا دەنێن، لەوانەیە دەستووریش هەر وەها تێ بگەن، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەکیش بەسەر ئەوە تێپەڕ دەبێ دەزانین کە دەستوور جیابوونەوە نییە. بەڵکو مافێکی ئەو میللەتەیەو هەر هەرێمێکی فیدرالی لە هەمووجیهاندا دەستورێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەستووری حکومەتە ناوەندییەکەیە. لەکۆتایی دا پیرۆزبایی لە خۆمان و لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بەتایبەتی برایانی دەستەی سەرۆکایەتی. هیوادارم ساڵی داهاتوو ساڵێکی پڕ ئیش و پڕ خێرتر بێ بۆ میللەتەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک فەلەکەدین، فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لەئێوەو لە ڕێگەی ئێوە وەلە هەموو جەماوەری کوردستان دەکەین. لەراستیدا برادەران شتی بنەڕەتییان باس کرد، ئەوەی دەمێنێتەوە مەسەلەی هەندێ کەم وکوری ناوخۆی هەرێمەکەمانە بەتایبەتی برسیەتی کە باس کرا، بەڵام دیاردەی تیرۆری سیاسی تەشەنە دەکات پێویستە زۆر بایەخێکی گرنگ بەم دیاردە ناشرینە بدەین. تیرۆری سیاسی نابێ بەم شێوەیە تەشەنەبکات و رۆژ

بەرۆژ زیاتر بێ و کێشەی زیاتر دروست بکات، ئەمە خاڵێکە. خاڵێکی تر دەبێ لەبیرمان نەچێ ڕەخنە لەسەر حکومەتەکەمان و لەسەر پەرلەمان و لەسەر دام و دەزگاکانمان زۆرە لەلایەن جەماوەری گەلەوە، ئەو ڕەخنانە دەبێ بەهەند هەڵبگرین و لێیان بکۆڵینەوە. ئەمڕۆ ئەم ئەزموونە بمانەوێ و نەمانەوێ ناوی بنێین فیدرال یان شتی تر قەوارەیەکە دامان ناوە، دەتوانین بڵێین دەوڵەتێکە. ڕاستە ناومان لێ نەناوە دەوڵەت، ئەوەی کاک د.فوئاد مەعسوم گوتی ڕاستە دەبێ وشەی فیدرال بۆ دەوڵەتی مەرکەزی بێ یانی لە عێراقدا، لەنێوان دوو دەوڵەت دەبێ، کورد و مەرکەزی پێکەوە فیدرال دروست دەکەن «اتحاد فیدرالی عیراقی» کەئێمە بەشێکین، لەبەر هەندێ خۆمان بچوک دەکەینەوە، پێی دەڵێین هەرێم، بەڵام ئەوەی زۆر گەرنگ مەسەلەی فیدرال پێویستی بەلایەنە کەی ترە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ فیدرال بێ ئەمڕۆ سەربەخۆ هەموو بڕیارێک وەردەگرین، سەربەخۆکاری خۆمان دەکەین، دەبێ ئەوە بزانین دانانی دەستور وەختی هاتووە و مەسەلەی ئاڵا مەسەلەیەکی گرنگ نییە دەمان توانی لەسەرەتاوە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەین. مەسەلەی ئاڵاو مەسەلەی دەستوور لەمێژە خراونەتە ڕوو، بەڵام مەسەلەی هەرە بنەڕەتی ئەوەیە ئایا ئێمە دەتوانین کاروباری ناوخۆی خۆمان بەڕێوە بەرین؟ بەڵێ میللەتی کورد دەتوانی کاروباری خۆی بەڕێوە ببات، ئێستا ڕەخنە زۆرە لەناوخۆ ڕەنگە لەدەرەوەش، تێ بینی هەبێ ئەرکی هەرە ئەساسی ئێمە ئێستا دووشتە:

ئەوەی ناوە وە گوتمان پاراستنی تەبایی ئەو دووکتلە بنەڕەتییە چ لە پەرلەمان وچ لە حکومەت و چ لە ناو میللەتدا خاڵی هەرە سەرەکییە.

خاڵی دووەم: نەهێشتنی دیاردەی تیرۆری سیاسی و هەوڵدان بۆ ئەوەی ڕەخنەو گلەیی خەڵک بە بە بایەخەوە وەربگیرێن.

کێشەی دهۆک مەسەلەیەکی سادە نییە، هەر ئەوە نییە کارەبا براوە، لایەنێکی سیاسی شی تیادایە تەقدیری هەڵەی ئێمەشی تیادایە، لەهەندێ مەسەلەدا دەبێ ئەوەش باس بکەین، لەمێژوودا قەوارەی کورد زۆر دامەزراوە و تیا چووە، گازاندە دەبێ لەمیللەتی کورد لە خۆمان بێت، ئێمە پارێزراوین و پارێزگاری دەکرێین. ئێستا مانەوەی ئەم ئەزموونەمان لەسەر خۆمانە. لەسەر گەلی کوردە. لەسەر دام و دەزگاکانە لەسەر هەردوو حزبە سەرەکی یەکەیە، ئێستا ئەگەر خوانە خواستە شتێک ببێ میللەتی کورد خۆی بەر پرسیارە، دەبێ ئەم خاڵە گرنگە زۆر بایەخی پێ بدرێ، بێگومان لەدەرەوە ئەرکمان زۆر هەیە. ئێستا مەسەلەکەمان وەک پێشو باس ناکرێ و خراوەتە پشت گوێ، دەبێ هەوڵ بدەین شێوازێک بدۆزینەوە مامڵەت لەگەڵ ئەزموونەکەی ئێمەبکرێ، مامەڵەیەکی سیاسی و دبلۆماسی لەسەر ئاستی جیهانی یەوە هەوڵ بدەین پەخش بکرێ بەو شێوەیە ڕانەوەستێ، ئێستا دەبینین مەسەلەکەمان وردە وردە دەکەوێتە دواوە بەرامبەر مەسەلەکانی تری جیهانی. ئەم دوو خاڵە زۆر زۆر گرنگن لەگەڵ مەسەلەی بڕیاری «٨٨٦» دەبێ بزانین ئێمە مەترسیمان لەپێشدایەو، بەڵام مانای ئەوە نییە بترسێین بەو گیانەوە کاربکەین. بەڵام

دەبێ ئەو مەترسییەمان لەبەر چاوبێ و مەسەلەی ئایندە بپارێزین بەو گیانەوە کاربکەین. مەسەلەی «ئایندەی دیموکراتی عێراق» بەستراوەتەوە بەسەرکەوتنی ئەم ئەزموونەی ئێمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزەوە پیرۆزبایی لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و میللەتی کورد دەکەم، هەر وەک برادەران گوتیان فیدرالییەت تەنها دروشم نییە، بەرای من پێویستە ئێمە ئەم هەل و مەرجە لە کیس خۆمان نەدەین کە بۆمان هەڵکەوتووە، واتا هۆکارێکی دەرەکی بنەرەتی رەخساوە بۆ دانانی بنکەیەکی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە لەو رۆژەی کە کوردستانی ئازیز بەزۆر بەستراوە بە عێراقەوە هەموو حکومەتەکان و بەتایبەتی حکومەتی بەعس هەوڵی ئەوەی داوە کورد بێ بەش بێ لەو بنکە ئابوورییە، تاکورد خۆی دەسەڵاتی نەبێ خواردن و خزمەت گوزاری خۆی بەدەست بێنێ، هەمیشە چاوی لە دەستی حکومەتی مەرکەزی بێ، ئەمە رای منەو، زۆر پێویستە کە بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین، بۆ نموونە با تەماشای «٧٠» ساڵ پێش ئێستا بکەین دەبینین بە ملیۆنەها دینار لە سامانی ئەم میللەتە بەتایبەتی لەنەوت دەرهێنراوە تەنها لە ١٠٪ ی یاخود کەمتری بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخانکراوە، لەبەر سیاسەتێکی توخم پەرستی شوڤێنی کە حکومەتەکانی جۆراو جۆری بەغدا پەیڕەویان کردووە، ئینجا ژێر خانی ئابووری نییەو دانانی ژێرخانی ئابووریەکە بریتی یە لە دروست کردنی شتومەک و خزمەتگوزاری بۆ میللەتانی کوردستان کەوا ئێمە ئێستا لە ژێریدا دەچەوسێینەوە شتەکی زۆر گرنگ وپێویستە لەسەرپەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆشش و هەوڵ بدەن بۆ چۆنییەتی دروست کردنی ئەو بنکە ئابوورییە. هەروەها حزبەکانی بەرەی کوردستانی بەتایبەتی هەر دوو حزبە سەرەکی یەکە پێویستە بە هەمو جۆریک و رێکخراوەکان بەهەمو جۆرێک هەوڵ بدەن ئەم بنکە ئابوورییە دروست بکەن، چونکە ئەگەر بنکە یەکی ئابوری نەبێ بەراستی مافی بریاردانی چارەنووسی لە مەترسی دایە. جارێکی تر پیرۆزبا یی لە هەموان دەکەین هیوادارم بەم کوشش و تەقەللایەمان بتوانین ئەو بنکە ئابووری یە دروست بکەین. سوپاس

**بەریز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

«ياايها الناس انا خلقنا كم من ذكر و انثى و جعلناكم شعوباً و قبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم» ص.د.

برایانی بەڕێز پێشەکی بەناوی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی و برایانم لەو لیژنەیەدا

پیرۆزبایی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان وهەموو دانیشتووانی کوردستان و موسڵمانانی کوردستان دەکەم بەم بۆنە پیرۆزەوە. برایانی بەرێز، دەمەوێ ئەوە بڵێم، ئیسلامیش لە کاتێکدا هاتووە فەتحی جێگاکانی کردووە بەراستی هەمان شێوەی پیادە کردووە رەنگە لەوەش زیاتر بوو بێ، چونکە وەکو لە ئایەتەکە خوای تعالی دەفەرموێ هیچ میللەتێک لە میللەتێکی تر زیاتر نییە، میللەتان مافی ژیانی خۆیان هەیە و حەقە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بۆیە لەو کاتانەی کە پێغەمبەریش (ص) فتحی شوێنەکانی تری کرد، یەکێک یان چەند کەسێک، دووپیاو ماقوڵ و ریش سپی کە خەڵکی وولاتەکەی خۆیان بوون دەی کردنە بەرپرس، مامۆستای بۆ دادەنان کە دینەکەیان فێر بکات، لەوە زیاتر هی دەسەلاتێکی تری نەدەسەپان بەسەریاندا، کەواتە ئەوە ئەگەر بەناوی فیدرالیەت نەبووبێ لەماناد‌ا سەربەخۆیی تەواو بووە، داگیرکردنی میللەتان هەرگیز لە ئیسلامدانە بووە.

برایانی بەرێز بەراستی ئەو بریارە بوێرانەی کەپەرلەمانی کوردستان دەری هێنان لە «٤/١٠» ی دا، بەراستی گواستنەوەی خەباتی کوردە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تروشکاندنی ئەو وتەیە بەناوی ئۆتۆنۆمییەوە دانرابوو و لەژێر ئەو ناونیشانەوە کوردستانیان ئەنفال و تالان دەکرد و خەڵکیان ئیعدام دەکردن، هەموو ئەو کارەساتەی بەسەرمیللەتی کوردماندا هات لەژێر ناونیشانی ئۆتۆنۆمیدا دابووە، جگە لەوە گاڵتەشیان پێ دەکردین. پێمانیان دەگوت (کورد دوو مافی هەیە، یەکەم هاووڵاتێکی عێراقییە دووەم مافی ئۆتۆنۆمی پێ براوە)، بەلام وابزانم حەقێکمان لەبیرچوو بوو کەئەوەش (يحق له الاعدام والانفال و كيمياويات).

بەراستی داواکارم لەیەزدانی مەزن کە پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانن شان بە شان لەیەک سەنگەردا خەبات بکەین و هەوڵی ئەوە بدەین کەمیللەتەکەمان لەم برسییەتی و نەبوونییەدا رزگار بکەین چونکە بەراستی ئەم رۆژە زۆر رۆژێکی خۆشەو رۆژی سەربەستی و ئازادییە، بەلام بەداخەوە نەبوونی وای لێ کردووین کە تامی ئەو ئازادییەمان لانەمێنێ و بە ئومێدی ئەوەین بەیاری خوا ئەو ئازادییەمان لە ساڵی داهاتوودا بە تێرو تەسەلی و خۆشی و شادی و سەرکەوتنی یەکجاری یاد بکرێتەوە. سوپاس

**بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشندە و میهرەبانەوە، ئەم بۆنەیە کە بۆنەی یاد کردنەوەی بانگ هێشتن و جاردانی فیدرالیەتە لە هەرێمی کوردستاندا، خۆی لە خۆیدا والاکردنی دەرگایەکە بۆ مایەی ئاوات و بەدەنگ هاتن و بەتەنگ هاتنی ویست وخواستێکی مەنتیقیانەی رۆژگارەکەیە وەک مافێکی رەوا هەرچۆن لە رۆژانی دەسەلاتداری دێرینەی نەتەوەکەمانە، ماف رەوا بینینی بۆ گەلانی تر لاکارێکی وەها بووە مێژوو گەواهی ئەم راستییەیە، ئەمرۆش کە فیدرالیەت واتا بەخشین و پاراستنی مۆرکی تایبەتی نەتەوایەتی و ناوچەی و هەموو ئەو توخم و کەرەستانەی کەبوونەتە

کۆکردنەوەی، واتا توندو تۆڵ کردنی ئەو ناوچەیە بە هەموو شارو شارۆچکەیەکی یەوە، دوور لەدابڕین و جیاکردنەوە، چونکە ڕووی شارستانی یەت و ژیار ئەو مافەدەدات بۆیەک بەستنەوە، لەسەرووی ئەوانە شەوە ئەو هەل و مەرجەی کە ڕەخساوە ،بۆ ئەوەیە مافی فیدرالیەتی پێ ڕەوا ببیندرێ وەک ئەو بڕیارەی کەگەل دای بەتەواوەتی. کەواتە ئەوە تەنها بۆ ناوچەکە دەتواندرێ بێتەدی، دەسکەوتێکی گەورەیەو لەکاتی خۆی دا ئەم هەنگاوە، هەنگاوێک بوو بۆ بەرژەوەندی هەموو ئازدیخوازانی گەلی عێراق و سەرجەم گەلانی ناوچەکە، چونکە مشور خۆری ئایندەیێکی روناکی دیموکراتیانە بوو بۆ هەموو لایەک. لە کاتی بانگەشە و بانگ دان و جاڕدانی فیدرالیەت دا لەلایەن یاران و نەیارانیشەوە بەهەردوو شێوە چی بەرهەلستی یەک بوو بێ وەچی پشتگیری یەک بووبێ، بەلام ڕۆژانە بەوگیانەی کە بنچینەی دروست بوونی پەرلەمان و حکومەتە، توانرا بسەلمێنرێ بەدیارکەوتووە یاران پتر بن، ئەو نارەزای یەی نەیارانیش کەمتر بکاتەوە، چونکە ڕاستی بوون و نیازی ئێمە ئەوەی سەلماند کە نەدەست تێوەردان و نەدەست درێژی یە، نەمەترسی یە، بەسەرچ دراوسێ و لایەنی تر. لە یادێکی وامەزن و پیرۆزدا دەبێ وەک چۆن نوێنەرانی ڕەوای گەلەکەمانین، خواستی گەلەکەمان یاد بکەینەوە، گەلەکەمان دەیەوێت یەکگرتووبین، یەک دڵ بین و کنە لە یەکتری نەکەین و هەمومان ڕوولە ئاسۆ ڕووناکەکەی ئاییندەمان بکەین بۆ ئەوەی ئەمیش زاڵ بی بەسەر تەنگ و چەڵەمەی برسێتی و ئەوانەی کەمەترسی لەسەر دڵنیایی و بوون و ژیانی دەکەن. ئەوەی لە ئێوەی دەوێ سالّی ئاییندە نیزاکاری خواوەندی مەزن بن و پشت بەنەتەوەو دەست لەناو دەست بتوانین ئەوانە بێنینەدی کە نەمان توانیوە هەرچۆن بێ، ئەگەر بە بالای مێژووی نەتەوەکەمان چاوێ بخشێنین لە دێرزەمانەوە بریتی بووە لە خەبات و هەردەم کۆشش و کۆڵ نەدان.

ئێستا ش چەسپاندنی ئەم هەنگاوە پێویستی بە قوربانی گەورەتر هەیە، بۆیە بۆمان هەیە لە ناخەوە پیرۆزبایی لەگەلە خۆڕاگرەکەمان بکەین کە مەزنترین قوربانی داوە لەبەردەم برسێتی و نەهاتیداو خۆی ڕاگرتووە و لەژێر ڕەشماڵی ئەم فیدرالیەتە خۆی بینیوە تەوە، دەبێ ئێمە هیچ لە نێوانماندا نەمێنێ بتوانین بە ئاواتی ئەو شەهیدانە بگەین کە ئەمڕۆیان هێنایە ئاراوە بۆ ئێمە ئەویش تەنها سەرفرازیان لێیان دەوێ، ئەو سەرفرازی یە کە لەیەک دڵی دایە. (بەری نابێ درەختی باخی عالەم تا هەموو وەک یەک، بەیەک شۆر وبە یەک سۆز وبەیەک دەم چل بە چل نەگری)، جارێکی تریش پیرۆزبایی لە هەمووان. سوپاس

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆنەی ڕاگەیاندنی فیدرالی پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێزو سەرجەم ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەم، پیرۆزبایی لەگەلی کورد دەکەم، ئەو گەلەی کە خاوەن ئەنفال وکیمیاوی باران و کۆڕەوە، ئەمە نموونەیەتی لێرەدا و بەردی بناغەی ئومەی کوردییە، پیرۆزبایی لەوگەلە دەکەم کە بەقەدەر سەرجەم نفوسی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی ئێستا شەهیدی داوە، پیرۆزبایی لەو گەلە بەنرخە

دەکەم کە بە قەدەر تۆزقالێک ڕووناکی لەسەرکردە خۆجێیەکانی میللەتی کورد بەدی کردبێ وەک کوورەی هەنگ لە دەوری کۆبۆتەوە کەوا بیگەیەنێتە ئاسۆیەکی ڕووناک. دیارە لە پێناوی ئەو گەلەدا هەرجۆرە خۆ بەخت کردنێکی بۆ بدرێ لە سەر ئاستی حزب و لە سەرئاستی سەرکردە هێشتا هەر کەمە بۆ ئەوەی کەوا ئەم نموونەیەی کە لێرەیە ببپارێزین جێگەی تەقدیرو چاو پێ خشاندنی زیاتر لە «٤٠» ملیۆن کوردە، دووبارە پیرۆزبایی لەسەرجەم نەتەوەی کورد و گەلی کورد و پارچەکانی کەی کوردستانیش دەکەین بەم بۆنەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای پیرۆزبایی گەرم بەم بۆنەیەوە، دەمەوێ ئاماژەبۆ خەڵک بکەم ئەویش ئەویە، کە فیدرالیەت بەشێکە لەمافی چارەی خۆنوسین، میللەتەکەمان زۆرجار بەهەڵە مافی چارەی خۆ نووسین لێک دەداتەوە، واحیساب کراوە کە چارەی خۆنووسین تەنیا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیەو جیابوونەوەدەگەیەنێ، بەڵام مافی چارەی خۆنووسین دیموکراتی ترین شێوەی چارەسەرکرنی کێشەی میللەتانە بۆ پێکەوە ژیانیان کە هەم ئۆتۆنۆمی و کەمتریش دەگرێتەوە تاکو دروست کردنی دەوڵەت و جیابوونەوە، بۆیە ویستم بەم بۆنەیەوە ئاماژە بەو خاڵە بدەم، دیسان پیرۆزبایی گەرمم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە من زۆر لەمێژە دەستم بلند کردبوو، بەڵام کاک فەرسەت ئاماژەیەکی بۆ کردم و دانیشتم، ببورە: بەڕاستی بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و لەگشت گەلی کورد دەکەم، لێرەدا دەمەوێ جەخت لەسەر دووشت بکەم.

یەک: لەم ڕۆژانەدا پێویستە یادی شەهیدانمان بکەینەوە، بەتایبەتی یادی سەروەری شەهیدان بارزانی نەمر کە سەرکردایەتی شورشی ئەیلولی کرد لە ساڵی (١٩٧٤)ە وە فرمانی دا کە پرۆژەی کوردستانی فیدرالی ئامادەبکرێ، بۆیە پێویستە بەڕێزو نەوازشەوە سەرمان دابنێین بۆ ئەو سەرکردە مەزنە.

لایەنی دووەمی قسەکانی ئەوەیە کە فیدرالیەت شێوەی یەکگرتنێکی بەخوایشتە، واتا ئەو بریارەی ئێمە پێش کەوتنێکە لە قۆناغی میللەتەکەمان دا بەوەی کەوا جیاوازیەکی یاسایی هەیە لە نێوان ئەو مافەی کە پێشتر بەناو درابوو بەمیللەتی ئێمە وەکو ئۆتۆنۆمی، هەرچەندە ئۆتۆنۆمی کاک د.فوئاد زۆر بەراشکاوی باسی کرد جیاوازییەکەی ئەوەیە کە پێشتر ئەو مافە دەدرا هەرچەندە لەڕاستیدا ماف وەردەگیرێ، بەڵام شێوەی یاساییەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەندی دەیدات، بەڵام فیدرالیەت مانای یەکێتی یە «اتحاد» یەکیەتیش بە شێوەیەکی خوایشت نەک بە تۆبزی «قەسری». سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین، ئەو ماوەیەی کە داندرا بوو بۆ ئەم بۆنەیە تەواو بوو، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ ئەو بەشدارییە، هیوادارین هەموولایەک سەرکەوتوو بن، ئێستاش دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، مەسەلەی یاسای حزبەکان، جا ئەگەر بەردەوام بین بۆ ئەوەی چەند مادەیەکی تریش تەواو بکەین.

وابزانم رایەک هەیە کە ئەم مادەیە زۆری نەماوە، حکومەت سبەی ناتوانن لەوادەو کاتی خۆیان ئامادەبن، بۆیە گفتوگۆی یاساکە دەخەینە سبەی، سەعات «٩» دەست پێ دەکەین، بەڵکو یاسای حزبەکان تەواو بکەین ئەگەر چ تێبینییەک نەبێ، سبەی سەعات«٩» بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ، سوپاستان دەکەین، زۆر سوپاس بەم شێوەیەش دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٥/١٠/١٩٩٣**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٥/ ١٩٩٣/١٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٥/ ١٩٩٣/١٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای حزبەکان.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر تازە بابەت یا شتێکی تر نییە با لەسەر بەرنامەی خۆمان بەردەوام بین کە بریتی یە لە یاسای حزبەکان، با لیژنەی یاسا ولیژنەی ناوخۆ کەرەم بکەنە ئێرە، دوێنێ گەیشتینە مادە(٧) کە ئەبێتە مادە(٦). ئێستا دێینە سەر مادە(٨) چونکە مادەیەکمان ڕەفز کرد.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السابعة:

١- على وزير الداخلية التأكد من استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية المنصوص عليها في المادة السادسة من هذا القانون وإحالة الطلب الى مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق خلال مدة (٣٠) يوماً من تأريخ تسجيله.

٢- عند عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية، على وزير العدل إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة(١) أعلاه، لاكمال النواقص وفي كل الاحوال لايجوز اعادة الطلب لأكثر من مرة واحدة.

٣- يبت مجلس الوزراء خلال ٣٠ يوما في طلب تأسيس الحزب بالموافقة أو الرفض من تأريخ تسجيله لديه على أن يكون قراره مسببا في حالة الرفض.

٤- في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(٣) من هذه المادة يعتبر

الطلب موافقا عليه بحكم القانون.

٥- يبلغ وزير العدل الاعضاء المؤسسين بقرار مجلس الوزراء.

٦- يحق للمؤسسين الاعتراض على قرار مجلس الوزراء الرافض لطلب التأسيس لدى الهيئة العامة لمحكمة تميز اقليم كوردستان العراق خلال مدة(٣٠) يوما من تأريخ تبلغهم بقرار الرفض، ويكون قرار المحكمة باتا.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

برگە(٣) لە مادە(٧) (٣٠)رۆژ بكرێت بە (٤٥) رۆژ، چونكە (٣٠) رۆژ بەڕاستی كەمە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەربارەی برگەی(٤) وابزانم پێویستە هەڵوەشێندرێتەوە، چونكە برگەی(٣و٦) بەسە، لەوانەیە بواری فرۆفێڵیشی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارەكەی دوێنێی كاك عەبدولخالق دەكەمەوە، لە خاڵی(١)ی مادە(٧) دا هاتووە:-
(أو إحالة الطلب الى مجلس الوزراء للاقليم) دەستەكە پێک بهێنرێت، واتا ئەنجوومەنی وەزیران لێرە جێگیر نەكرێت، پێشنیار دەكەم كە دەستەیەک لە چەند وەزیرێک یا پسپۆڕێک دابنێین لە جیاتی ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی بەنسبەت منەوە ئەو بابەتەی كە داوای دەكەم لیژنەیەكی بالایە بۆ مۆڵەتدانی حزبەكان، گرنگییەكەی لەوە دایە، ئێمە كێشەیەک بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نەخولقێنین، زۆر جار حزبێكی دیاری كراو ئەگەر داواكەی رەفز بوو، بەیانێک دەردەكات كە كاریگەرییەكی سەلبی هەبێت لە سەر دەزگای جێ بەجێ كردن كە پیرۆزی خۆی هەیە، ئەنجا ئەوە لە زۆر حزبەكانیش ڕوو دەدات كە داواكەی بەشێوەیەک لەشێوەكان رەفز ئەكرێ ئەو كاتە كۆمەڵێک یادداشت بۆ ئەم دیوو ئەو دیو پێشكەش دەكات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من زۆر پشتگیری ئەو پێشنیارەی كاک عەبدولخالق دەكەم، چونكە ئەنجوومەنی وەزیران ئیش و كاری گەلیک زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

پشتگیری ئەو ڕایەی کاک فرەنسۆ هەریری دەکەم، کاتی خۆی بەو شێوەیە بوو لە عێراق دا، پاشان ڕژێمی بەعس ئەو کاتە نوێنەری چەند لایەنێک بەشدارییان دەکرد واتا دەستەیەکی باڵا هەبوو بۆ ئەم کارە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

روون کردنەوەیەکم هەیە، ئەگەر کاک فرەنسۆ پێشکەشی بکات تاکو بزانین ئەو دەستەیە کێ پێکی دەهێنێ ولە کێ پێک دێت ولە کوێ دابنرێت؟ سوپاس.

**بەڕێـز فـــــــرەنـســــــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

هەر ئێستـا لیـژنەیەک بێت وداخیلی یاسای حزبەکـان ببـێت ولە چەند وەزارەتێک پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز نەجـــمـــەدین عـــەزیز ئیـــســـمـــاعـــیـل:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەگەر مەسەلە ئەوەیە کە ئەنجوومەنی وەزیران ئیش وکاریان زۆرە، من پێم وایە حزبەکان ئەوەندە زۆر نین تا داوا پێـشکەش بکەن ونەپەڕژێنە سـەر ئەوە کـە مـۆڵەتێک بدەن، ئەوە یەکـێک لەمەسـەلەکانە. بەڕاستی ئەو لیـژنەیەی کە دای دەنێین، کێ دای دەنێت وکێ کەسەکـانی هەڵ دەبژێرێ؟ ئایا ئەو کـەسـانە ناچنە ژێر کـاریگەری ئەم وئەوەوە؟، لەبەر ئەوە بەڕای من هیچ دەستکاری نەکەین. چونکە کێشەی زیاترمان بۆ دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەوەی کاک د. کەمال فەرمووی بابەتی (٣٠) ڕۆژەکە بکرێت بە(٤٥) ڕۆژ بابەتەکە شتێکی وا نییە یاسایەک بێت، بابەتەکە (اجتهادە)، ئێمە وەکو لە پرۆژەکەدا هاتبوو(٣٠) ڕۆژمان پێ بەس بوو، ئەو لایەنەی کـە داوایەکـە بەرز دەکـاتەوە وەزارەتی دادە،(٣٠) ڕۆژ بەسـە بۆ ئەوەی بەرزی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

بڕگە(٤) نەک بڕگە(٣).

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن.**

لای من بڕگە(٣)یە، بەڵام هەر ئێـمە بەزیادمـان نەزانیـوە، لە جێگای خـۆیەتی، دەربارەی ئەو بابەتەی کاک فرەنسۆش کە لە پرۆژەکەدایە لای ئێمە نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن.**

لە بارەی ئەوەی کـە دەڵێن دەسـتـەیەک پێک بهێندرێت بۆ ئەوەی مۆڵـەتی حزبەکان بدات. یەکەم ئەودەستەیە کە دادەمەزرێ لە وەزارەتەکان دادەمەزرێ. دەستە دوو جۆرە، یادەستەیەکی کاتییە یا هەمـیـشـەییـە. ئەگـەر دەسـتـەیەکی هەمـیـشـەیی بێت، دەبێ فـەرمـانگەیەکی بۆ دروست بکەین وستافێکی بۆ دابنێین ولەم بارو وەزعەی خۆمان مووچەشی بۆ دابین بکەین بۆ ئەو(٨- ٩) حزبە، بۆ ئەوەی مۆڵـەتەکـانیـان نوێ بکەنەوە، ئەگەر کاتیش بێ خۆ هەر ئەم حزبانەی ئێـستـا نیـیـە، ئی تریش پێک دەهێندرێن لە دوا رۆژدا، ئەو کـاتە پێویـسـتـیت بەو دەسـتـەیە دەبێت، ئەو کـاتە چۆنی دروست دەکەیەوە. بۆیە من ئەم پێشنیارە بە پێشنیارێکی (عملی) نازانم.

لەبارەی خـاڵی چوارەمـیش:((١) في حـالة عدم البت في الطلب رغم مـضي المدة المذكـورة في الفـقرة(٣) من هذه المادة يعتبر الطلب موافقا عليه بحكم القانون) ئەوە لە هیـچ جـێگایەک نەهاتووە، خاڵی(٣- ٢) ئەوەی تێدا نییە، واتا ئەگەر داواکە لە ەزارەتی داد مەرجەکانی تەواو نەبوو، ئەوە حـالەتی(بەتتەکە) بڕیار دەدرێ بەرەفـز، دادگـای تەمـیـیـز دەسەڵاتی هەیە کە نەقـزی بکاتەوە لە سـەر داوای مـوددەعی، ولە حـاڵـەتی (عـدم جـواب) واتە کـە وەڵام نەدرایەوە بە رازی بوون دادەندرێت ئەوەش لە زۆر شوێنان کاری پێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولـحـەکـیم:**

**بەڕێـــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن.**

بەڕاسـتی من لەگەڵ ئەو ڕایەدا پێچەوانەم، چونکە وەکو ئەوەیە حکومـەت لە ناو حکومـەت دابێ وایە، باشە ئەمە وەکو شێوازێکی یاسایی دراوە بە بەرزترین دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە کوردستاندا، حەقی خۆیەتی کە ئەوە سەربە ئەو بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن.**

ئەگەر مادەی(٤) وەکو خـۆی بمێنێتـەوە، جارێکی تر ئەڵێم کە ئەو (٣٠) ڕۆژە بکرێت بە (٤٥) ڕۆژ، چونکە ئەگـەر (٣٠) ڕۆژەکـە تێـپـەڕی و وەڵامی نەدرایەوە، مـانـای وایە مـۆڵەت هەیە. بۆ پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ، خۆی ڕایەکەی پەسەندە، بەڵام داڕشتنەکەی چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

لە سەر پێشنیاری خۆم سوورم لەسەر گرنگی دان بە ژیانی حزبی ئەوەندە هەڵدەگرێ مەسرەفی لێ بکرێت ودەستەیەکی هەمیشەیی بۆ دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

ئەو بڕگەیەی کە بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرمووی ئەوە شتێکی تازە نییە، لەیاسای میری دا کارپێکراوە. ئەویش لە یاسای پێک هێنانی حزبەکاندا هاتووە. دەستەکەش پێک هاتووە لە(وەزیری دادو وسەرۆکی ئەنجوومەنی شوورا وسەرۆکی دادگای باڵا)، سوپاس.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

ئەو پێشنیارە زۆر لە جێگای خۆیەتی لە بەر یەک هۆ، ئەو داوایەی کە بۆ دامەزراندنی ئەو حزبە پێشکەش دەکرێ خۆ یەکسەر نابێ بچێتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران وبڵێین فەرموو سەیری بکەن. بابەتەکە وانییە، بابەت لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی وسیاسییە، چەند لایەنێک دەگرێتەوە وئێستا پێویستە دەستەیەک هەبێت ئەو شتانە دەرس بکات وبزانێ گونجاوە نەگونجاوە؟ لەگەڵ مەرجەکانی یاساکەدا، ئنجا لە کۆتاییدا ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز کـەمـال ئیـبـراهیم فـەرەج شـالی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

پرسیارێک لە لیژنەی یاسا دەکەم. وەزارەتی ناوخۆ بوو بە وەزارەتی داد، ئێستا من نازانم ئەمە چۆن ئەبێت، ئەمە چۆن دابنرێ؟ ئەم شتە زۆر تازەیە، لێرە زۆر روونە وەزارەتی داد سەیری ئەکاو، بەپێی یاسا مۆڵەتی ئەداتێ ولە دوایی دا ئەنێردرێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

ئەوە تازە نییە وەزارەتی داد ئالقەی گەیاندن بووە لە نێوان ئەنجوومەنی وەزیران، وحزبەکان دا. پێشنیار دەکەم وەزارەتی داد ئالقەی گەیاندن بێت لە نێوان ئەودەستەیەو، حزبەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

باشە ناکرێ کە وترا ئەنجوومەنی وەزیران ئەو لیژنەیەک پێک بێنێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو داوایە وئەوە پێشنیارەکەی کاک بەختیاریش ئەگرێتەوە، بەڵام لە ئەنجام دا ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار دەدات مۆڵەت بدات یا نەیدات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێستا لێرەدا دوو پێشنیار هەیە. یەكەمیان ئەو (٤٥) ڕۆژە كەم بكەینەوەو بیكەین بە (٣٠) ڕۆژ، یا ئەگەر (٣٠) ڕۆژەكە پەسەند بكرێت؟. . ئەوە ئەم مادەیە دوو خاڵی سەرەكی تێدایە وئەگەر ئەو پێشنیارە جێگیر بكەین، ئەوە دەبێ ئەم مادەیە بە تەواوی بگۆڕین، چونكە كار دەكاتە سەر بڕگەكانی مادەی پێشەوەش.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ دواخستنیدا نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بۆ مادە(٧) دوو پێشنیار هەیە. كێ لەگەڵ ئەوە دایە مادە(٧) وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. كێ لەگەڵ نییە؟..(٣٠ بە ٢٩) دەنگ ، (٣٠ )كەس دەیەوێت ئەو مادەیە بگۆڕێت.. بۆ ئەمەش دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم ئەو(٣٠ )ڕۆژە بكرێت بە (٤٥) ڕۆژ لە بڕگە(٣)، كێ لەگەڵ ئەوە دایە بكرێت بە (٤٥) ڕۆژ؟... كێ لەگەڵ نییە... بەزۆربەی دەنگ كرا بە (٤٥) ڕۆژ.

پێشنیاری دووەم: لە جیاتی ئەنجوومەنی وەزیران دەستەیەك دروست بكرێت، كێ لەگەڵ ئەوەدایە وكێ لەگەڵ نییە؟...(٣٢) دەنگ لەگەڵ ئەوەیە دەستەیەك دروست بكرێت و(٢٧)دەنگ لەگەڵ نییە... كەواتە دەستەكە دروست دەكرێت، دەمێنێتەوە دیاری كردنی دەستەكە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەستەكە دروست بكرێت لە:١- وەزیری داد، ٢- وەزیری ناوخۆ، ٣- یەكێك لە ئەندامانی دەستەی تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەبۆچوونی من ئەندامی دەستەی تەمییز نابێت، چونكە بڕیاری لاری بوون لە دەستەی تمییزەوە دەردەچێت لە بەر ئەوەی دوو وەزیر لەگەڵ سەرۆكی دادگای تێ هەڵچوونەوە (استئنافی) كوردستان باشترە، چونكە ئەندامی تەمییز گرفت دروست دەكات، خۆی ئەندامە لەدەستەی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەكەم كە نوێنەری وەزارەتی تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتیشی تێدا بێت، چونكە كۆمەڵەكان زۆربەی پەیوەندیان بەم وەزارەتەوە هەیە وحەز دەكەم نوێنەری ڕۆشنبیریشی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

دوای ئەوەی کە بڕیاردرا کە دەستە بێت، بەم پەلەیە لەتواناداا نییە دای بنێین، چونکە لەوانەیە هەر کەسە شتێک بێتە خەیاڵی مەرج نییە ئێستا دەستەکە دابنێین، کاکەڕەش گوتی ڕاستە ئەندامی دادگای تەمـییـز دابنرێت. لاری بوونەکە لەوەدایە، خۆی لەو دەسـتـەیە دابێت وخۆیشی ئەندامی دەستەی گشتیی تمییزە، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــــــرەنســـــــــۆ تـۆمــــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

پێـشنیـارەکـەم دەگـۆڕم بەوەزیری داد وەزیری نـاوخـۆ و وەزیری تەندروسـتی یا نوێنەری وەزیری تەندروستی، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

وەزیری تەندروسـتی بۆ چی؟ خۆ ئێـمە نەخۆشـمان نییـە، بۆ کاروباری کـۆمەلایەتیش ئەمە حزبە پەیوەندی بە کۆمەڵەکانەوە نییە.

**بەڕێز نـەجـــمـــەدین عـــەزیز ئیـــســـمـــاعـــیـل:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

ئەگەر هەمـووی هەر وەزیر بێت نازانم بۆ گـۆڕیمان، لە بەر ئەوە پێشنیـار دەکـەم کە دوا بـخرێت، سوپاس.

**بەڕێـز جــــــــەلال شــــــــەفــــــــیق عــــــــەلی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

منیش لەگـەڵ ئەو بۆچۆنەی کـاک سـالارم، ئەگـەر هەر لە وەزیران بێت، واتا هەر لە ئەنجـوومـەنی وەزیران بێت. بەلام لیژنەیەکی بچووکیش بۆ لێکۆڵینەوە پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

ئێمە بڕیـارمـان دا دەستەیەک دابنرێ، جا ئەو مەسەلەیە باش گەلاڵە بکرێت لە بەر ڕۆشنایی ئەو سەرنج وتێبینیـانەی کە هەندێ لە برادەران نیشـانیـان دا، کە هەر وەزیرێک چووە ناو ئەنجوومەنی وەزیران وهەندێ لایەنیش پالاوتران، ببن بە ئەندام لە لیژنەکە، کـە لەڕووی قـانوونەوە وا نـابێت، جـا بۆ دروست کـردنی دەسـتـەکـە لیـژنەی یاسـایی لەگـەڵ لیـژنەی ناوخـۆ دابنیـشن، ئەتـوانن پێشنیارێکی وامان پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

دوو پێشنیار هەیە: یەکەم: ئەوەیە ئەو دەستەیە لە وەزیری داد وناوخۆ وتەندروستی وکۆمەلایەتی

وڕۆشنبیری پێک بێت، پێشنیاری تریش هەیە کە ناونانی ئەوانە دوا بخەین تا لیژنەی یاسا شتێکمان بۆ دەکات.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر یاسای حزبەکان دوا بخرێ، دوا دەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

با لە دواییدا ماوەی نیو سەعاتێک وتووێژێک بکەن بۆ خۆیان، تەنیا بۆ ناونانی ئەندامان.

**بەڕێز حـــسـێن عــــارف عــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وابزانم ئەگەر ئەو بابەتە دوا بخرێ کار ناکاتە سەر مادەکانی تر، ئەوی من بزانم لە دوو سێ شوێنی تر ناوی دەستە نراوە، لە بەر ئەوە ئەتوانین لە سەر مادەکانی دیکە بەردەوام بین، چونکە بەڕاستی هەڵبژاردنی ئەو دەستەیە هەروا کارێکی ئاسان نییە، لە واقیع دا ئەگەر لەوەزارەتەکان هەڵبژێرین وەکو ئەوەیە هیچمان نەکردبێ وایە. لە بەر ئەوە دەبێت بگەڕێین بە دوای لایەنی تردا کە شیاوی ئەوە بێت، ئەوەش وەختی زیاتر دەوێ، تابیری لێ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یـەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو لیژنەیە ئەگەر پێک هات دەبێت فەردی بێ، نابێت زەوجی بێت، چونکە بۆ دەنگدان دەبێت بە زۆربەی دەنگ، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەم مەسەلەیە دوا بخەین، نەک بۆ ڕۆژەکانی داهاتوو، بەڵکو بۆ دوای پشوو، کاک فرەنسۆ وکاک عەبدولخالق کە خاوەن پێشنیارەکەن، لەگەڵ ئەو برادەرانە دابنیشن بۆ دۆزینەوەی شێوازێک و، حەز دەکەم بەم بۆنەیەوە ئەو پێشنیارە بکەم کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە ودەڵێ: لە وەزیری داد زیاتر کەسی تری تیا نەبێت، دەستەکە لە کەسانی تر پێک بێت لەگەڵ وەزیری داد، جا ئەگەر هەر لە وەزیرەکان پێکی بێنین واتا چیمان کرد، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمە لە سەعات (١١) تا (١٢) پشووێک دەدەین، با لەو سەعاتەدا برادەران دانیشتنێکی کورت بکەن، بەڵکو وشەیەکی دیاری کراومان بۆ پێشنیار بکەن.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگـەنە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشنیارێکم هەیە، لایەنێکی گرنگی تێدایە، پێشنیار دەکەم بۆ پشتگیری دەوری بەرەی

کوردستانی کە نوێنەرێکی بەرەی کوردستانیشی تێدا بێ، ئەگەر زەحمەتکیشیش بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش گرفتێکە حزب مۆڵەتی حزب بدات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە هەر لێرە چارەسەر بکرێت، ئەگەر دوا دەخرێت، دوا بخرێت بۆ ماوەیەکی تر، بەڵام بۆ ماوەی نیو سەعات بێت، ئەوە هەموو لێرەین، با لێرە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە وتمان دەستەیە پێویستە لەگەڵ شتی تردا جیاواز بێت، دوای ئەوە خەڵکی تریش هەیە دەقی ئەو یاسایە دەخوێنێتەوە، خۆ هەر ئەو (١٠٥) کەسە نین کە لێرەین، هەیە موتابەعەی سیاسەت دەکات، واتا ئێمە شتێک نەکەین نەشاز بێت، بەبۆچوونی من دەبێت زۆر لە سەرەخۆ بۆ بابەتەکە بچین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێن(فسر الماء بالماء) بەهای ئەنجومەنی وەزیرانمان هێنایە خوارێ بەوەی کە (١٥) وەزیر بریاری لە سەر بدات، بۆ بە بەردەمی وەزیری ناوخۆدا نەڕوات؟ بەو حیسابەی ئەوە پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەیە، واتا شتێکمان نەکرد، تەنیا لە شتێکمان کەم کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من لە دانانی دەستەکە چ گرفتێک نییە، ئەگەر دەستەیەکی هەمیشەیی بێ وبیدەین بە پەرلەمان هەموو جارێ لە دانیشتنێکی پەرلەمان ئەگەر لیژنەی پێشوو حەل بوو لیژنەی تر بە بریارێکی پەرلەمان دادەندرێت بۆ ئەوەی بتوانێت سەر پەرشتی بکات ومۆڵەتی حزبەکان بدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەوە لەگەڵ شێخ عەدنان دا زۆر کۆک نیم، ئێمە وەک پەرلەمان کە دەستەلاتی یاسادانانین دەبێ جیا بین لەگەڵ دەسەلاتی راپەڕاندن، بەراستی ئیشی پەرلەمان ئەوە نییە کە مۆڵەتی حزبەکان بدات، ئێمە سەرپەرشتی لە سەر ئەو دەستگایە دەکەین، ئەوە ئیشی دەسەلاتی راپەڕاندنە کەموتمانەمان بەدەسەلاتی راپەڕاندنەکەی خۆمان نییە قەیدی ناکات، بەلام ئەمە ئیشی راپەڕاندنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا لە گفتوگۆکانی یاسای چەک کە وشەی (إعدام ) هات هەموومان بە تێکڕا وتمان نابێت ئەم وشەیە هەبێت، چونکە بەوە ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرین. نازانم لە چ وڵاتێک بەم جۆرەیە؟ کە ئێمە ئەمەریکا بکەین بە نموونە، کەچی لەوێش خەڵک اعدام ئەکرێن، ئەگەر بەریتانیاش بێت ڕۆژ ئەویش حوکمی خنکاندنی تێدا ئەدرێت. حوکمی (اعدام) هەتا ئێستاش بەردەوام کاری پێ دەکرێ، لە هەموو جێگایەک هەتا لە جیهانی سێ یەمیش زۆر ڕوونە کەچۆنە. کە دێینە سەر مەسەلەی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بۆ مۆڵەت پێدانی حزبەکان هەڵویستمان بە جۆرێکی تر دەبێ. لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپاش ئەم جۆرە مۆڵەتانە پەیوەستن بە وەزارەتی ناوخۆوە، پێویستە ئێمە بە سەرێکی ساردەوە تەماشای ئەو بابەتانە بکەین وامان لێ نەیە تووشی هەندێ بڕیار بین کە بە زەحمەت دەرفەتێکی بۆ بدۆزینەوە، هیوادارام ئەم وەزعە چارەسەر بکرێت، وەدەروویەکی بۆ بدۆزینەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من لە سەر کۆبوونەوەکانمان بەردەوام بین تا سەعات (١١) بۆ ئەو مەسەلەیە لە کاتی پشوودا ئەو لیژنەیەی کە ناومان هێنا یا چ برادەرێکی تر ویستیان لەگەڵیان بن قسەی لێ بکەن تا شتێکی ڕێک وپێک گەڵاڵە بکەن بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، هەر ئەمرۆکە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان دەڵێم کە ئەمرۆ بێت، با ئێستا لێرەدا گفتوگۆی لەسەر بکەین، هەر کەس بیروڕای خۆی لێرە بخاتە ڕوو، ئەگەر دواش دەخرێت تا ڕاوێژ بە خەڵکی تر بکرێت.

کاک نەژاد هەر چی داوا بکەی نازانم دەڵێی چی؟ من لەوەی خۆم نایەمە خوارێ. دەستەی سەرۆکایەتی ئەگەر قسەتان هەیە وڕای خۆتان دەردەبڕن دەبێ لە سەر سەکۆ (منصە) بێنە خوارێ وبێن لێرە گفتوگۆمان لەگەڵ دا بکەن، قانوون نییە هەر سێکتان لە جێگەی خۆتان دابنیشن وگفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان مافمان هەیە، لە یەک شت حەقمان هەیە بێینە خوارەوە، ئەگەر پێڕەوی ناوخۆ بخوێنینەوە، دەبینین لە کاتی پرسیار کردن لە وەزیرێک دەتوانین لەمافی خۆمان بێینە خوارەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش دەڵێم ئێوە دانیشتنەکان بەڕێوە دەبەن نەک گفتوگۆکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مافمان هەیە، مادام مافی دەنگدانمان هەبێت مافی گفتوگۆ کردنیشمان هەیە. جێگای ئێمە لێرەیە، ئەگەر بەدەنگی ئێمە بڕیارێک بدرێت، مافی ئەوەشمان هەیە کە ڕامان هەبێت لەو بڕیارەدا.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە هەندێ پێشنیار پێشکەش دەکرێت بەو شێوەیە راڤە بکرێت کە هەیە، من خۆم لەگەڵ دیموکراتیەتێکی زۆر فراوانم لە کوردستاندا و، دژی مەرکەزیەتم ودژی ئەوەم کە دەستگەی راپەڕاندنمان ئەوەندە دەست بخاتە کاروباری وڵات، لە بەر ئەوە ئەو جارەی کە من پێشنیارم کرد ئەو بابەتە بەو شێوەیە وەرنەگیرا بوو، من پێشنیارم کرد لە بارەی تاقی کردنەوەکانی گەلان لە دنیادا، تەنانەت لە هەندێ دەوڵەتی پێشکەوتووش لە بارەی مەسەلەی مۆڵەت پێدانی حزبەکانەوە کە کاک د. کەمال ئاماژەی بۆ کرد (کاتبی عەدل) تأشیری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک عەبدولخالق لەوە ببوورن، چونکە بڕیاری یەکەم درا کە وەزیری داد بکرێت بە وەزیری ناوخۆ، بڕیاریش وایە کە بدرێت بە لیژنەیەک، بەڵام من ئەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کاک جوهر باسی کرد، هەندێ شت ئەکەین ئێمە لە دەنگداندا بەخێرایی دەیکەین، چونکە بەڕاستی ماوەمان نەبووە کە ئەندامان باش لێی بکۆڵنەوە. شتێکی تازە دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە لە دەنگدان دا شێوەی کوتلەیی فراکسیۆنی زیاتر پێوە دیارە.

ئێستا پێشنیارێکی دیاری کراو هەیە. دانانی ئەو لیژنەیە پێویستی بەوە هەیە کە وەختێکی ببێ، ئەو کاتە ئەگەر ئەمڕۆ بێت یاخود بەیانی بێ، ئەمە کۆتایی دنیا نییە، گەلێ پێشنیار هەیە بۆ ئەوەی دەنگدانێکی خێرا وبەپەلە نەکەین کە نەزانین چۆن دەربازمان بێ لێی، ئەوەی کاک جەوهەریش فەرمووی هەر لە سەر ئەو بنەمایە بوو کە ئەمە ئێستا بڕیاری لەسەر نەدرێت وبخرێتە چەند سەعاتێکی تر یاخود بەیانی، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ئەگەر دواخرا با بۆ ماوەیەکی درێژ تر دوا بخرێت، بۆ دوای نیوەڕۆ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئێستا دەنگ بدرێ لە سەر ئەوەی دوا بخرێ یا دوا نەخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بابەتەی ئێستا باس بکرێت؟.. کێ لەگەڵ ئەوە دایە دوا بخرێ؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ دوای دەخەین. کاک فرەنسۆ وکاک عەبدولخالق لەگەڵ لیژنەی یاسا با دابنیشن لە سەعات (٢١-١٢) پێشنیارێکمان لەو بارەیەوە پێ بدەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر وەکو کاک فرەنسۆ وتی یان دوا نەخرێت یان بۆ نیو سەعات دوانەخرێ، ئێستا کە دواخراوجوا دابنێ کە بەو سەعاتە هیچمان پێ نەکرا، من خۆم ئەو قابیلیەتەم نییە بە نیو سەعات ئەو ناوانە جێگیر بکەم ئەمە یاسایە خۆ گاڵتە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ دیموکراسی دام، بەڵام هەموومان ئەزانین کە ئەم ئەنجوومەنەی ئێستامان گەلی کورد هەڵی بژاردووە وئەنجوومەنی نیشتمانیش شەرەفی ئەندامیەتی داوە بە ئەنجوومەنی وەزیران، وابزانم ئەمە بیروڕای هەموو کەسێکە کە موتمانەیان پێ بدەن. ئەگەر ئەم دەستەیە وەزیرەکانی تێدا بێت واتا لیژنەیەکی بچووکە لە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام ئەگەر کەسانی تری بخەینە ناو، بەڕاستی هەڵوێستمان لاواز دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر وابێت ئەی کێ پارێزگاری سەرۆک وەزیران دەکات؟!.. ئەم مادەیە دووا خرا، ئەگەر لە حەسانەوەدا شتێک ئامادە کرا بۆ دوای پشوودان با ئامادە بێت بۆ دانیشتنی داهاتوو پێشنیارێکمان لەو بارەیەوە پێویستە، تاکو پێش ئەوەی دانیشتن تەواو بێت شتێکمان پێشکەش بکەن. ئێستا ئەچینە سەر مادە(٨).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(يكتسب الحزب اعتبارا من تأريخ صدور إجازته الشخصية المعنوية، وله حق ممارسة نشاطه ويمثله في علاقاته القانونية من يحدده النظام الداخلي)، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی لەوانەیە ئەو شتەی دەیخەمەروو، هەر چەندە پەیوەندی بەم مادەیەوە هەیە، بەڵام دەقەکە ئوسوولی ترە، ئەویش بابەتی حزبە کوردستانییەکانە، لێرەدا ئەو قانوونە تەنیا باسی مۆڵەتی دامەزراندنی حزبەکانی کردووە، باسی مۆڵەتدانی ئەو حزبانەی نەکردووە کە هەنە، بەتایبەتی حزبەکانی بەرەی کوردستانی. کە لە کاتی خۆی دا بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانیان دا ویاسایان بۆ

دانا، هەروەها ئێستا دوو فراکسیۆنی سەرەکی لە پەرلەمان پێک هاتوون لە دوو حزبن لەو حزبانەی بەرەی کوردستانی کەسیفەتێکی یاساییان وەرگرتووە، لێرەدا من پرسیار دەکەم ئەو حزبە سەرەکییە کوردستانیانەی کە بەشدارییان لە هەڵبژاردن دا کردووە، داوای ئەمە بکەی کە حزب دابمەزرێنن؟، داوای ئیش کردن بکەن؟ وەکو پارتی ویەکێتی وحزبەکانی دیکەی وەک شیوعی کە (٥٠) ساڵە دامەزراوە، باشە ماقوولە، ئیعتوباری تێدا نەکراوە لە هەر دوو لانی سیاسی وئیعتوبارەوە نەک تەنها لایەنە یاساییەکەی، دوو لایەنی زۆر گرنگ هەیە لایەنی سیاسی ولایەنی ئیعتوبار، بۆیە ماقووڵ نییە ئەو حزبانە لە نۆژەن داوای مۆڵەت بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێستا کاک بەختیار باسی کرد ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ برادەرانی لیژنەی ناوخۆ گفتوگۆمان بە دوور ودرێژی کردو وەڵامەکەمان بەو شێوەیە: لەراستیدا کە وەختی خۆی بەرەی کوردستانی لە جێی پەرلەمان بوو، لە سەر بنەمای شەرعیەتی شۆرشگێری بووە. کە پەرلەمان دامەزرا ئەو رەواییە شۆرشگێرییەی گۆری بەرەوایی یاسایی، بە یاسایێکی تر، بێگومان رابردووی دادوەری زۆرە بۆ ئەم بابەتە لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٩ دا هەمان مۆڵەت پێدانی کۆمەڵە وحزبەکان دەرچوو، پارتی لە کۆنەوە هەبوو، مۆڵەتیشی درایە. حزبی نیشتمانی دیموکراتی بارەگای هەبوو لەگەڵ ئەوەش دا داوایەکی پێشکەش کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لە سەر ئەم یاسایە نییە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەم مادەیە وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٩):

١- تكون عاصمة الاقليم مقرا رئيسيا للحزب وله حق فتح فروع له في الاقليم على ان يتم اعلام السلطات المختصة بذلك.

٢- للحزب حق فتح فروع له خارج الاقليم على ان يتم اعلام وزارة الداخلية بذلك.

٣- لا يجوز للحزب فتح مقرات له في الدوائر الرسمية والمؤسسات الحكومية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لە سەر مادە(٩) هەیە؟.

**بەڕێز عـــەدنان مــحـــەمـــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ڕوون کردنەوەیەکی بچووکمان هەیە، لە لیژنەی یاسا لە سەر ئەم بابەتە گفتوگۆمان زۆر کرد کە لە پایتەخت نەبێ، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا وامان کرد، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەندێ جار ناوچەگەری بەرژەوەندیەکی تایبەتی لەگەڵدایە، بە تایبەتی لایەنی ئابووری، بیرو بۆ چوونێکی جودای ئابووری دروست دەکات، بۆ نموونە ناوچەیەکی وەک گەرمیان یا هەورامان یا هەر ناوچەیەکی تر بگرین، ئەمە لە بری ئەوەی کەوا ئەگەر بێتو نارەزایی سەرەکی لە پایتەختی هەرێم دا بێت، ئەگەر بکرێ بەوەی نووسینگەیەک یان نوێنەرایەتێکی هەبێ، ڕەنگە ڕەواتربێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عــیــزەدین مــســتــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ ئەو ڕایە دا نیم، کەمەرج بێت هەر حزبێک ناوەندەکەی لە پایتەخت دا بێت ئەشتوانێ لە پایتەخت بێ، بەڵام هەندێ شتی شاز هەیە لە واقیعی کوردستاندا کە دەڵێین یاسا بۆ لەمەودوا دادەنێین و، هەندێ جاریش دەڵێین یاسا بۆ واقیعەکەمان دادەنێین. بۆ نموونە: برا ئاشووریەکان ڕەنگە بزووتنەوە وجموجوڵیان لە ناوچەی بادینان زیاتر بێ، سبەی ئەگەر حزبی تورکمان کە کەرکووک ئازاد بوو، لەوانەیە ناوەندی حزبەکەیان لە توزخورماتوو یا لە تەلەعفەر بێت باشترە لەوەی کە لە هەولێر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەو بارەیەوە قسە زۆر کرا لە مادە(٩) برگە(١) من حەز دەکەم بڵێم چ پێشنیازێک لەم بارەیەوە دەکـرێ، دەشێ بگوترێ:(تكون عاصمة الاقليم أو مركز المحافظات مقرا رئيسيا للحزب) لەجیاتی (عاصمە) با ناوەندی پارێزگا بێ نەک لە هەر شوێنێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز فــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێ (يفضل ان تكون) وشەی(يفضل) لە پێشەوەی بێ ئەگەر بکرێ یانی بواری هەبێ وبەم جـۆرە بێ (يفضل أن تكون عاصمة الاقليم مقرا رئيسيا للحزب)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

چ تێبینی تر نییە لە سەر ئەم بابەتە ؟.. کەواتە دێینەوە سەر مادە(٩)، جارێ پێشەکی کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ... دەست بەرز کرایەوە... کێ لەگەڵ ئەوەدایە بێتە

گۆڕین.. دەست بەرز کرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ داوای گۆڕینی دەکەن. دێینە سەر بڕگە(١) پێشنیارێک هەیە کە دەربارەی پایتەختی هەرێمە ونەبێتە مەرجێک کەبارەگەی حزب لە پایتەخت بێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە لەوایە پایتەخت یان ناوەندی لە یەکێ لە پارێزگاکان بێ، نەک لە هەر شوێنێ، یەکێ لە سنوورەکان بارەگایەک بکاتەوە، پێویستە شوێنێ بێ حکومەتی تێدا بێ. سبەینێ ئەگەر کەرکووکمان رزگار کرد لەوانەیە بارەگای حزبی تورکمانی لەوێ بێ یا هی ئاشووری لە دهۆک بێ، واتا ناوەندی پارێزگا بێ، پایتەخت یان یەکێ لە ناوەندی پارێزگاکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەم بەم شێوەیە (تكون عاصمة الاقليم او مركز إحدى المحافظات مقرا رئيسيا للحزب وله فتح فروع في الاقليم على أن يتم اعلام السلطات المختصة بذلك).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ جیاوازییەک لەناوەندی پارێزگا بێ یان نا، بۆی هەیە هەندێ لە برادەرانی ئاشووری لە سەر سەنگ دانێن، یان وەکو کاک د.عیزەدین وتی، رەنگە تورکمانەکان لە (تووز) دادەنێن یا لە شوێنێکی تر، لە بەر ئەوە من پێم وایە زۆر عەمەلی نییە، لە سنوور بێ یان نا، ئەمە ئارەزووی خۆیانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆچی نەنووسین (ولا يجوز فتح مقرات حزبية على الحدود)؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برادەرانی یاسا ئەو وشەی دەینوسن دەبێ یاسایی بێ، جا ئەگەر بتوانن ئەوە بکرێ ئەگەر حەز دەکەن لە سلێمانی یان لە سەر سەنگ یا لە هەر کۆی یەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من پێشنیارێکی تریش هەیە، هەر وەکو پێشنیارەکەی ئێستا کراوە بکرێتە (تحديد المقر الرئيسي الدائمي للحزب لقيادة ذلك الحزب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە یاسایەکە بۆ هەموو حزبەکانی دادەنێین، نازانم لەیاسای چ ولاتێکدا حزبەکان ئاوا بەرەهایی سەربەست کراون؟!.

**بەڕێز محەممەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا واقیعەکە وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە، با بۆ هەر حزبێک برگەیەک دابنێین نەک لە سەر سنوور بێ، لەولای سنووریش بارەگەی هەبێ.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (یفضل) نابێ لە یاسادا هەبێ، واتا دەبێ رەگەزی دیاری بکرێ وئەرک ومافەکانی دیاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەندێ شت هەیە دەبینین کۆمەڵێ حزب مۆڵەتیان پێ دراوە، ئەم حزبەی مۆڵەتی پێ دراوە مانای ئەوەیە حکومەتەکەی خۆمان مۆڵەتی پێ داوە، کەواتە مەترسیمان لێی نییە، حزبێکی مۆڵەت پێ دراوە، جا ئەو حزبە لە ناو هەر پارێزگایەک دا بێت، شتێکی ماقوول ورێکو پێکە، بەڵام مۆڵەتی حزبێک لەدێیەک داناندرێت ولەراستیدا حزبی وامان هەیە، ئەگەر لەسنوور دای نێین ناوەند دەخاتە گومانەوە، دەبێ لەپارێزگەدابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی دیاری کراو هەبوو کە دەنگی لە سەر بدرێ، کەرەفز بوو، کە ناوەندی پارێزگاکان دەگرێتەوە، ئەو کاتە لە هەر شوێنێک بێ بارەگە دەکەنەوە، بەڵام با لە سەر ئەوە نەبێ بڵێین پایتەخت یا ناوەندییەکێ لە پارێزگاکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە هەیە (تكون عاصمة الاقليم أو مركز احدى المحافظات مقرا رئيسيا للحزب وله فتح فروع في مدن الاقليم على أن يتم اعلام السلطات المختصة بذلك) ، ئایا پێشنیاری تریش هەیە ؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مدن تەنها پارێزگاکان دەگرێتەوە، ئەگەر (الوحدات الادارية) بێ باشترە، پارێزگا وقەزاو ناحیە وگوندیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تكون عاصمة الاقليم أو مركز احدى المحافظات مقرا رئيسيا للحزب وله فتح فروع في الاقليم على أن يتم اعلام السلطات المختصة بذلك).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟... دەست بەرزکرایەوە .. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(١٠) (يجوز للحزب الاندماج مع حزب آخر وفق النظام الداخلي لكلا الحزبين، على أن يتم اعلام مجلس الوزراء بذلك)، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک لە لیژنەی یاساوە هاتووە دەڵێ، ئێمە لە مادە(٧)دا گۆڕانکاریمان کرد بە( احالة الطلب الي مجلس الوزراء) بڕیارمان دا لە سەر ئەوەی کە بگۆڕێت بۆ دەستە، ئەو دەستەیەی هێشتا دانەمەزراوە ئایا هەموو دەستەی تر کە پەیوەندی دارن بەحزبەکان دەسەڵاتی تایبەتمەند عبارەتە لەو دەستەیە ئەوانە هەمووی بەستراون بەو دەستەیەوە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەر ئەوەی ئێمە نازانین دەسەڵاتی ئەو دەستەیە چییە، دەبێ دەسەڵاتی ئەو دەستەیە بزانین، دەبێ شتەکە روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من وا بوو لە هەر شوێنێک ئەنجوومەنی وەزیران هاتبێ دەستەیەک جێگای دەگرێتەوە هەر وەکو پێشنیارەکەی (داد) وا بوو، لە هەر شوێنێک (ناوخۆ) بوو وەزارەتی داد جێگەی گرتەوە، لەبەر ئەوە لە هەر شوێنێک ناوی ئەنجوومەنی وەزیران هاتبێ دەستە بنووسرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگدانەکە وایە (ئەنجوومەنی وەزیران) بکرێ بە دەستە، ئەو لیژنەیە مۆڵەت بدات، لەکوێدا (ئەنجوومەنی وەزیران) هاتووە بکرێ بە (دەستە).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووبارە مادە(١٠) دەخوێنمەوە: (يجوز للحزب الاندماج مع حزب آخر وفق النظام الداخلي لكلا الحزبين، على أن يتم إعلام الهيئة بذلك) ئەمە بەشێوازی نوێیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا دەنگدان لە سەر دەستەی تایبەتمەند بکەین یا دەستەی حزبەکان؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لە سەر دەستەی تایبەتمەند گفتوگۆ نییە، بەڵکو لەسەر مادەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەر وشەی مادەکە قسەم هەیە، کەوا (االنظام الداخلی الموحد لكلا الحزبين) بکەین بە ( النظام الداخلی لكلا الحزبين) نەک (النظام الداخلی الموحد لكلا الحزبين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(١٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(١١) (على الحزب إعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي أو منهاجه خلال مدة ثلاثين يوما من تأريخ حصول التغيير)، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ناتەواوی یەکی تێدایە، دەبوایە هەر حزبێک لە کاتی پێشکەش کردنی هەر داوایەک پەیڕەوی ناوخۆشی لەگەڵ داواکە پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر گۆڕانکارییەک هاتە سەر دەستەکە، ئاماژە بۆ گۆڕانەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١١) کێ لەگەڵ ئەم مادەیە دایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە، بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (١٢):

١- {لا يجوز للحكام وأعضاء الادعاء العام والمحققين العدليين الانتماء الى الاحزاب وعلى من كان منتميا لاحد الأحزاب، الاستقالة من وظيفته أو من الحزب خلال مدة ثلاثين يوما من تأريخ نفاذ هذا القانون}.

٢- يحظر ممارسة العمل الحزبي داخل تشكيلات وزارة شؤون البيشمەرگە وقوى الامن الداخلي.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (ادعای عام) ودادوەرەکانیش بەڕاستی، بۆ قەیدێک دابنرێ کەوا حزبی نەبن، ئەوەی کە ڕەقیب بێ بەرامبەر بە حاکم، بۆ حوکمی دادوەر یاسایە، یاساش چەند قۆناغێکی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگە(٢) خستنەسەرم هەیە وبەم جۆرەیە (تحظر ممارسة العمل الحزبي داخل تشكيلات وزارة شؤون البيشمەرگە وقوى الأمن الداخلي وأثناء الدوام الرسمي) یاخود(أثناء اداء واجباتهم)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی هەر دوو بڕگەکە من تێبینییەکم هەیە کە ئێستاحزبایەتی قەدەغە کراوە لە ناو دادگاکاندا بکرێ ،چ لە وزەارەتی پ .م، چ لە وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام سزایەک دانەنراوە، باشە ئەوەی ئێمە وتومانە نەیکەن، بەڵام کە کردیان چ سزای یاسایی هەیە بۆ ئەم کارەیان؟ ئەمە دەربارەی بڕگەی یەکەمەوە، بەنسبەت بڕگە(٢) شەوە لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە ئێمە هەموو دەزانین چۆنە بۆی نییە نەبێ، بەڵام بکرێ بە (ممارسة النشاط الحزبي) ڕەنگە لەناو دامەزراوێکا بکرێ ونەکرێ، بڕگەیەک زیاد بکرێ بۆ ئەوەی مافی ئەو کەسانەی وتومانە ون نەکرێ، ئەو کارە نەکەن، بەڵام ئەگەر کردیان سزاکەی چی یە؟ ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی کاک د.سەلاح وتی، لە ڕاستیدا کە دامان ناوە، داواکاری گشتی(ادعای عام) وتۆژەرەوەکان نەچنە ناو حزبەکانەوە بۆ ئەوەی دادوەری ئەو پەڕی سەربەخۆیی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ دادوەرو تۆژەرەوەکان، یاسای دادوەری نەهی کردووە کە ئەوان لەحزبێکدا کار بکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پرسیارەی (مەلا محەمەد ئەمین)م لە بیر چوو بەنسبەت کە سزایان بدرێ، لە یاسای تردا وەکو یاسای سزادان (عقوبات) ئەو کەسانەی سەرپێچی حوکم بکەن سزا دەدرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(١٢) وەکو خۆی بمێنێ؟تەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(١٣) يتمتع الحزب بالحقوق التالية :-

١- امتلاك كافة وسائل الاعلام لتحقيق أهدافه وفق القوانين المرعية.

٢- اجراء جميع التصرفات القانونية وتملك الاموال المنقولة وغير المنقولة لتحقيق اغراضه.

٣- التجمع والتظاهر والاضراب بالطرق السلمية وفق القانون وبعلم السلطات المختصة.

٤- تنظيم المهرجانات والاحتفالات وعقد الندوات واحياء المناسبات.

٥- جمع التبرعات وفق القانون وقبول المنح والاعانات الداخلية.

٦- قبول أموال عينية أو نقدية من أية جهة من خارج الاقليم بعلم من مجلس الوزراء.

(مجلس الوزراء) بکرێت بە (هيئة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١٣) چ تێبینی لە سەر هەیە؟

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو بڕگەیەی(٣- ٤) وابزانم یەک بخرێن باشترە، چونکە هەمان مافە، وای لێ بێت (التجمع والتظاهر والاحزاب بالطرق السلمية وتنظيم المهرجانات والاحتفالات وعقد الندوات واحياء المناسبات وذلك وفق القانون وبعلم السلطات المختصة)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوە دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان پەیوەندی بەبڕگەی سێ وە هەیە، ئەوەی دەڵێ: (التجمع والتظاهر والاضراب بالطرق السلمية وبعلم السلطات المختصة) من رام ئەوەیە بنووسرێ (وفق القوانين المرعية) باشترە، لەوەی بنووسرێ (بعلم السلطات المختصة)خۆی (تحصيل

حاصله)، بەڕاستی ئەمە واپیشان دەدات کە ئێمە پێوەندمان داناوە ئەویش لەگەڵ ئازادی بیروڕادا ناگونجێ، دووەمین تێبینی یەکم هەیە لە سەر بڕگەی(٥) کە ئەڵێ (جمع التبرعات وفق القانون وقبول المنح والاعانات الداخلیة)، من لەگەڵ ئەو خاڵە دام بمێنێتەوە وبڕگەیەکی تایبەتی هەبێ بۆ ئەوەی حکومەت منحە بدات بە حزبەکان، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە سەر بڕگەی(٤) تێبینم هەیە کە دەڵێ:(تنظیم المهرجانات والاحتفالات وعقد الندوات واحیاء المناسبات) (بعلم السلطات المختصة)ی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بڕگەی(٣) منیش لەگەڵ ئەوەدام کە(القوانین المرعیة) باشترە لەوەی(السلطات المختصة)، چونکە زیاتر بەرەو دەست بەستنمان دەبات ولەگەڵ دیموکراتیەت ومافی مرۆڤ دا ناگونجێ. بەڕای من دەربارەی بڕگە(٥) ئەگەر هاتو کۆمەکیمان دا بەحزبەکان پێویستە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی (امتلاك کافة وسائل الاعلام) کە ئەمە حاڵەتێکی رەهایە، لە هیچ شوێنێک ئەمە نییە جگە لەلای ئێمە نەبێ. وەکو ئەوەی دیومەو بیستوومە هیچ حزبێک لە شوێنێک دا رادیۆو تەلەفزیۆنی نییە تەنها لای ئێمە نەبێ، ئەویش لەبەر ئەوەی بارێکی تایبەتییان هەیە، لە بەر ئەوە ئەو(کافة)یە بە پێویست نازانم.

لەبڕگەی(٢) دا (اجراء جمیع التصرفات القانونیة وتملك الاموال المنقولة وغیر المنقولة) ئەتوانێ لەگەڵ ئەمەشدا بگوترێ: (استثمار الاموال) کە بتوانێ بۆ نموونە: پرۆژەیەکی ئابووری بکاتەوە یا پرۆژەیەکی کشتوکاڵی هەبێ. بۆ بڕگە(٦)یش ئایا چ پێویست دەکات حزبێک لە دەرەوە لقی هەیە یا ئەندامی هەیە، بتوانێ یارمەتی وکۆمەکیان لێ وەرگرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من کاتی خۆی وئێستاش رام هەروایە کە یەک فلس نەدرێت بە هیچ حزبێک، ئەمە پارەی خەڵکی رەش وڕووتە، حزبێ خۆی نەتوانێ ئەندامەکانی خۆی بژێنێ حەقە لە کوردستان دەری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش دەمەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم، ئەم جۆرە پێڕەوە لەدنیادا هەیە لەسەر بنەمای

بەشداری کردنە لەهەڵبژاردندا، مادەکە لەیاسای کۆندا هەیە ولەلای خۆشتان هەیە دەربارەی بەرهەڵستی کردن لەبەشداربوونی هەڵبژاردن یان پەرلەمان، لەبەر ئەوە داوا دەکەم بڕگەیەک تەرخان بکرێ بۆ ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا لە بارەی بڕگەی(٣) کە (التجمع والتظاهر والاضراب بالطرق السلمية) (طرق سلمية) هيچ پێویست ناکات. منیش لەگەڵ ئەوەدام (السلطة المختصة) نەمێنێ و(وفق القوانين المرعية) هەموو شتێ دەگرێتەوە، وابزانم ئەمەش بەسە، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رایەکەم وەکو کاک ئەحمەد سالار وتی: لە سەر (كافة وسائل الاعلام)ە، بەڕاستی زۆر رەهایە زۆر زیادە، سوپاس.

**بەڕێز عدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکان بەو شێوەیە وەڵام دەدەمەوە، ئەوەی کاک کانەبی فەرمووی بڕگەی(٣) و(٤) بوو، بەحەقیقەت بۆیە کردوومانە بەدوو بڕگە، چونکەجیاوازییان هەیە کە دەڵێین (التظاهر والاضراب) ئەمانە بۆ نارەزایی دەربڕینن. کەچی(المهرجانات والاحتفالات) ئەمانەش بۆ خۆشین لەبەر ئەوە پێمان باش بوو یەکیان نەخەین، ئەوەی کاک عەبدولخالق وتی دەربارەی بڕگەی(٣) وبرادەرانی تریش قسەیان کرد (وفق القانون) ئێمە وتومانە (وفق القوانين المرعية)، ئەمە واتا ئەو یاسایەی کە باوە (سائدە)، چ یاسایێک ئەمە قەدەغە دەکات. رای ئێمە وەکو لیژنەی یاسا دەربارەی بابەتی (منح) کە لەڕاستیدا ئێمە واقیعەکەمان بۆ ئەو بابەتە ئەوە بوو، لەوانەیە راست بین یا هەڵە بین، حزبایەتی نەیەتە جێگەی (الزام)، حزب شتێکی پیرۆزە، بیروباوەڕ شتێکی پیرۆزە، بۆ ئەوەی واقیعەکە کار نەکاتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکخستنی بڕگە(٣- ٤)، کە هەمووشی تا رادەیەک یەک قسەیە، لەوانەیە بۆ پشتگیری حکومەت بێ نەک سەلبی بێت. لەبەر ئەوە بەرای من ئەمە کەم وکورتی دەبێ، ئەگەر تەنها بووترێ (المهرجانات وعقد الندوات واحياء المناسبات) بە تایبەتی لە بڕگە (٤)دا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من راقەم کرد، ئەوەی تریش ماوەتەوە بۆ ئەندامان. کاک جەلال وابزانم هەمان تێبینی هەیە

لەبارەی برگە (٤) ئەوەی لەگەڵ بنووسرێ (وفق القانون وبعلم السلطات المختصة). کاک د. سەلاح هەمان تێبینی هەیە لە بارەی برگە(٤) کۆکردنەوەی پیتاکی مانگانە بدرێ یا نەدرێ؟ ئەوەی کاک ئەحمەد سالار تا رادەیەک زۆر لە جێی خۆیەتی، (کافة وسائل الاعلام) ئەمە بەگوێرەی واقیعەکە مەوجود بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم گفتوگۆ تەواو، بالیژنەی یاسا بیبڕێننەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من یەکخستنی برگە(٣)و(٤) شتێک لە بابەتەکە زیاد ناکات، (تجمع وتظاهر) دوو شتیان لی رەچاو دەکرێ، یا شەڕ یا ئاشتی، لە (مهرجانات واحتفالات) هەر ئاشتی یە، ئنجا بۆیە دەبێ لە بۆ(تجمع وتظاهر) حزبەکان ناگرێتەوە، دەبێ بڵێین(بالطرق السلمية)، (مهرجانات واحتفالات) کاریگەری نییە بڵێین (بالطرق السلمية)، چونکە (مهرجانات واحتفالات) لە بنەڕەتدا هەر بۆ ئاشتەواییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڵێین (التجمع والتظاهر والاضراب وفق القانون) وئەو (السلطات المختصة)ش هەڵبگیرێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای ئێمەوە دوا خاڵ زۆر پێویستە لە تظاهر وتجمع دا، چونکە ئەو (تظاهرە) زۆر یاسای تر دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم جارێکی تر بیڵێمەوە ئەو سێ شتە زیادن، (بالطرق السلمية) و(وفق القانون) و(السلطات المختصة) یەکێکیان بەسە (وفق القوانين المرعية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دابڕێژرێتەوە لە سەر ئەو بنەمایە بێت مادە بە مادە ئەگەر شتێکی تێدا بێ برگە بە برگە لەبرگەی(١) ەوە داوا کراوە کە ئەو (كافة) هەڵبگیرێ، لیژنەی یاسا لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ ئەوەدان کە بگۆڕدرێ.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی برگە(٣).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینە سەر برگە(١) کاتێک هاتینە سەر برگە(٣) ئنجا تێبینی خۆت بدە بەرامبەر بە وشەی(کافة)، لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ ئەوەدان کە هەڵبگیرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە(١) وەکو خۆی بمێنێتەوە.. کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ بەزۆربەی دەنگ دەبێ بگۆڕێ، بەدیلەکەی ئەوەیە کە ئەو(کافة)یە نەمێنێ... کێ لەگەڵ ئەوەیە(کافة) نەمێنێ؟... کێ لەگەڵ نییە؟...کەواتە بەزۆربەی دەنگ هەڵدەگیرێ.

برگە (٢) (اجراء جميع التصرفات القانونية وتملك الاموال المنقولة لتحقيق أغراضه) کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ دا نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

برگە(٣- ٤) کەمێک دەستکاری داڕشتنەکەی بکەنەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە(٣- ٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگە(٣) برادەران دەڵێن (القوانين المرعية) ئێمە گوتوومانە(بعلم السلطات المختصة) و(وفق القوانين المرعية) هەتا ئێستا مافی خۆنیشاندان وکۆبوونەوەو مانگرتنی هەیە، بۆیە وتمان (بعلم السلطات المختصة) کە جێگای نەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان ئێستا یاسای وامان نییە کە ئەو( تجمع وتظاهرة) بگرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ نەبۆتە(قوانين مرعية) کاتێ دەنگی لەسەر درا ئنجا دەبێتە( القانون المرعى)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا جێبەجێی ناکەین، کەی ئەم یاسایە پیادە کرا ئەو کاتە ئەگەڕێینەوە سەری.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی (التجمع والتظاهر بالطرق السلمية وفق القانون وبعلم السلطات المختصة) برادەران دەڵێن (وفق القوانين المرعية) یاسای مەرعی هەتا ئێستا مافی خۆنیشاندانی نەداوەتە هیچ حزبێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(وفق القانون) تەنها بێ، (المرعية) هەڵبگیرێ (وفق القانون) بێ وشتەکە ڕەها بێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەیەی کاک شێروان زۆر ڕاستە، هەتا ئەگەر یاسا بێ، باشە چ یاسایەک بڕیار لەسەر ئەوە دەدات؟ ڕاستە مافی (تظاهر) وئەوانەمان دا، بەڵام چ (ضوابطێ) هەیە؟ کێ دەڵێ بە(الطرق السلمیة) دەبێ تۆقاندنی تێدا بەکار نایەت، بۆیە پێویستە هەمان دەسەڵات (سلطات)ی تێدا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ جێبەجێ کردنی هەر یاسایەک ماوەیەک وەزیری تایبەتمەند یا لایەنی تایبەتمەند ڕێنمایی تایبەتی دەردەکات بۆ پیادە کردنی ئەو یاسایە. ئێستا لایەنە تایبەتمەندە کە وەزارەتی دادە، بەڵام بێگومان وەزارەتی ناوخۆ ئەم ئیشە دەکات. ئەبێ وەزارەتی ناوخۆش وەکو لە هەموو جێگایەک وایە رای لەسەر هەبێ، واتا لەدەسەڵاتێک زیاتر پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە.

**بەڕێز فەلەکەدین سایبەر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو بڕگەیەی کە( وفق القانون)ی تیا نەمێنێ وکاک شێروان باسی کرد، ئەوەی یەکەم دەبینین پێوەندی لە سەرە. ئەو بەستنەوەی ناوێ، ئەگەر ئێمە ئەوەی(٤) بخەینە سەر(٣) ئەبێ ئەویش بەپێوەندێک ببەستینەوە، بۆچی ئێمە ئازادی کەم بکەینەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام بڕگە(٤) دەبێ(بعلم السلطات)ی تێدا بێ، چونکە وەها باوە. ئەگەر ئەم بڕگەیە بەم جۆرە بخوێنرێتەوە (تنظیم المهرجانات والاحتفالات وعقد الندوات واحیاء المناسبات) دەبینین، بەڵام نەنووسراوە (السلطات المختصة)، ئێمە ئەگەر لە بەریتانیا ولە سوید ولە ئەڵمانیا ولە ئەمریکای دیموکراسی بین، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام دەبێ حیسابێک بۆ ئێرەش بکەین.

**بەڕێز فەلەکەدین سایبەر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو جۆرە (علم) هەیە، یەکیان ئەوەیە مانگرتنێک یا خۆنیشاندانێک داوا دەکەن، ڕەنگە (سلطه) ڕێگە نەدات ئەوەی تر بڕگەی(٤)ە ویەکسەر بەدەست پۆلیس وئاسایشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبڕگەکە نە نووسراوە، حزبێک دەتوانێ لە هەولێر هەموو جادەکانی بەرامبەر بارەگاکەی بگرێ ودوو بڵندگۆ دابنێ و(١٠) هەزار کەس دەچێتە سەر جادە، وەیا کە ڤیستڤاڵێکیان پێکهێنا بە بۆنەی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، هەرچی جادە هەبوو دایانخست. یاخود ڕێ ڕۆیشتنێک ڕێک بخەن وکەرنەڤاڵێک دروست بکەن وجاددەکان بۆ ماوەی شەش، حەوت سەعات لەخەڵک

بگرن و وهاتوچۆ راگرن، مەبەستم ئەوەیە لەم برگەی(٤)ە دیاری نەکراوە کە پێویستی بە(بعلم القانون)یا (بعلم السلطات) هەیە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر برگە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە و برگە چواریش(علم السلطات)ی بۆ زیاد بکرێ باشترە، چونکە بەڕاستی لە ولاتانی دیموکراتیش خەبەرێک ئەدەن بە سولطە، بۆ نموونە: کاتێک ئەم ساڵ میهرەجانێک لە بەریتانیا کرا ئەوانەی کە رێکیان خست بوو خەبەریان دا بە حکومەت کە ئێمە کۆبوونەوەیەکمان هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ئاهەنگە رێک بخەن وپارێزگاری بکرێ. لەبەر ئەوە ئەگەر دەستەواژەی (بعلم السلطات) زیاد بکرێ بۆ برگە(٤) شتێکی پێویستە وئەگەر وا بکرێ، برگە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە و، (بعلم السلطات المختصة) بۆ برگە(٤) زیاد بکرێ، چونکە پێویستە (سلطات) پێ بزانێ کە لە فلان جێگا ولە فلان کاتدا ئاهەنگ یا کۆبوونەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەمە تەنها (٣- ٤)، سێ وەکو خۆی بمێنێتەوە وبرگە چواریش تەنها (السلطات المختصة)ی بۆ زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێ لەم سێ شتە (بالطرق السلمية) و(بعلم السلطات المختصة) و(وفق القانون)ی بخرێتە سەر سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک د. کەمال فەرمووی حزب دەبێ سلمی بێت، واتا یەکێک کە حزب دروست دەکات نەچێت خەڵک بکوژێت، شتەکە بەمەبەستە، هەروا بە گۆترە دامان نەناوە، کە دەڵێن حزبی سلمی، چونکە حزبی سلمی وغەیرە سلمی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی یاسا کامیان لێرە جێگیر بووە؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای عێراقی هەیە، یاسای خۆپیشاندان وحزبەکان هەیە، بەڵام ئێمە ئێستا نیمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

برگە(٤) (تنظيم المهرجانات والاحتفالات وعقد الندوات واحياء المناسبات) پێشنیارێک هەیە کە (بعلم السلطات)یش بێت.کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە(٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ گۆڕینن، پێشنیارێک هەیە دەڵێ (بعلم السلطات المختصة) لە کۆتایی رستەکە زیاد بکرێت.. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ (بعلم السلطات المختصة) زیاد کرا.

برگـەی(٥) کـە دەڵێ، (جمع التبرعات وفق القانون وقبول المنح والاعانات الداخلية). پێشنیارێک لە سەر ئەم برگەیە هەیە ودەڵێن (وفق القانون)ی بخرێتە دواوە، واتا (قبول المنح والاعانات الداخلية وفق القانون)، چ تێبینی لە سەر برگەی(٥) هەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئەو بابەتە بخرێتە دواوە باشترە، چونکە مەسەلەی (قبول التبرعات)، بۆ (تبرعات) یاسایێکی تایبەتی هەیەو، دەبێ رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ وەرگیرێ، بەڵام (قبولی اعانات) لەوانەیە کابرایەک مردووە وەسیەتی کردووە، دەڵێ ئەوە بدەنە فلان کەس شتەکە زۆر سروشتییە وئێمە بەئانقەست ئەم وشەیەمان لەوێ داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برگە(٥) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

برگە(٦) جگە لەو گۆڕانەی کە( ئەنجوومەنی وەزیران) بکرێت بە دەستە.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە جگە لە گۆڕینی (ئەنجوومەنی وەزیران) بە (دەستە).

پێشنیارێک هەیە برگەیەک زیاد بکرێت کە حکومەتی هەرێمی لەناودا بێت، بۆ مەسەلەی (منحە) هەواڵەی دارایی بکرێت بۆ ئەوەی کۆمەکییەک بداتە حزبەکان جا لە کوێ دەنگی لەسەر بدەین گرفت نییە. لەوانەیە کە بڵێین پێشنیارەکە بەم شێوەیە بێت (على مجلس وزراء الاقليم تقديم المنح السنوية للاحزاب لمساعدتها ماليا) لێرەدا هەمواربیەکمان خستۆتە سەری کە ئەمەیە: (بموجب نظام خاص يصدر من قبل المجلس الوطني وتخضع لتدقيق هيئة الرقابة المالية).

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر کۆمەیکییەکی ساڵانە لەحکومەتەوە هەبێ و ئەنجوومەنی وەزیران دیاری بکەن، یاخود دەستەی بریاردە بەپێی پێرەوێکی تایبەتی کە پەرلەمان دەری دەهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە سەر چ بنەمایەک ئەو کۆمەکییە بدرێت، ئەبێت پێرەوێک هەبێت، با ئێمە بڕیار لەسەر شێوەی کۆمەکەکە بدەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی لە بەندی(٥)دا هاتووە، بەبیروڕای ئێمە ئەوە بەسە، بەڵام کەپابەندی تیا هەبێت، ئێمە لەگەڵ ئەوە دانین کە حکومەت پابەند بێت بەوەی کە ئەو کۆمەکە بدات، کە هەی بێ ئەی دات کە نەی بێ نای دات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستە منیش لەگەڵ کاک دوکتۆرم، مەسەلەی(منح) لێرە حکومەتیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە(منح)ەی حکومەتە، با شتێکی چەسپاو بێت ولە سەر بنەمایێک یا پێرەوێک بێت. جا لە سەر پێرەوی کورسی یە، لە سەر بنەمای دەنگەکانی هەڵبژاردنە، با دادوەرییەک هەبێ.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وا پێشنیار دەکەم کە جارێ ئەوە بخرێتە دەنگەوە، تا بزانین کێ لەگەڵ ئەوەیە حکومەت پابەند بکرێت ئەو کۆمەکە بدات یان نا؟ ئەو کاتە باسی ئەوانی تر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە حکومەت پابەند بکەین کە(منح) بداتە حزبەکان یان نا. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە حکومەت پابەند بکرێت کە یارمەتی حزبەکان بدات؟... کێ لەگەڵ نییە کە حکومەت پارە بە حزبەکان بدات؟... کەواتە ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەدایە. باشە ئەی ئەوانەی کە ئێستا وەری دەگرن ئەوە چیە؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەکە ئەوەیە کەپابەندی تێدا نەبێ، دەنا لێرە لە مادە(٥)دا ئەوە ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو کاتە حکومەت بەئارەزووی خۆی دەکات، کێ ی حەز لێ بێت دەیداتێ وکێ ی حەز لێ نەبێت نایداتێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێت لەم بارەیەوە ڕێنمایی دەربچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێت برگەیەک هەبێت ئەو شتە دیاری بکات. نابێ ئەنجوومەنی وەزیران ئەمرۆ زەوقی هەبێت ملیۆنێک، (٤) ملیۆن بدات بە حزبێک، مانگێکی تر یەک فلسی پێ نەدات. بۆ دابین کردنی مافی هەموو لایەک دەبێ پێڕەوێک هەبێت لە سەری برۆین.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو کۆمەکیەی بە حزبەکانی دەدەن، لە بانگهێشتنی (دعوة) بەو لاوە بۆ چی یە؟ من بەبیرم دێت لە زەمانی (١٩٦٣) لەناو شاردا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بە ئابونە ئەژیا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی کە تا ئێستا کراون لە هیچ یاسایەکدا نەکراوە، ئەگەر بکرێت لەوانەیە بواری کۆمەکی هەبێت ئێمە یاسامان نەداوەتە ئەنجوومەنی وەزیران کە کۆمەک بە حزبەکان بدات لە خاڵی(٥) (منح) هاتووە، واتا بۆیان هەیە بیان درێتێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم مەسەلەیە با وانەخرێتەروو کە مام رۆستەم خستییە پێش چاو، بەراستی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دا (منح) هەیە ئەویش لە فەرەنسا کە دەوڵەتێکی زۆر پێشکەوتوە، لە زۆر شوێنی تریش کۆمەکی هەیە لە سەر بناغەیەک وبەپێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر حکومەت پابەند بکرێت بەوەی کە پێویستە کۆمەکی بدات، بەڕاستی هەر (٥٠) کەسێک کۆ ئەبنەوە بە تایبەتی لەم برسیەتی یەو، حکومەتیش ناچارە بیان داتێ. کێ ئەتوانێ ئەوە هەڵبسەنگێنێ قەبارە سیاسی یەکەی گەورەیە یا ژمارەی ئەندامانی چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخراوەتە دەنگەوە، دەبێ شتێک روون بکەینەوە بۆ حکومەتیش وبۆ حزبەکانیش. ئێمە کۆمەڵێک حزبمان هەنە، کە ئەم پەرلەمان وحکومەتەیان لێ پێک هاتووە وبە بڕیاری ئەوان دروست بوون، ئەو حزبانەش ئێستاکە بوونەتە لایەن لە حکومەتی ئێمە. ئێمە ئەگەر هەروا بۆی بەجێ بێڵین، کە ئەوەی زەوقی لێ بوو بیدات وئەوەی زەوقی لێ نەبوو نەیدات، ئەوانە لە سەر چ بناغەیەک بێ تا ئێستا ئەندامی بەرەن؟ لە سەر چ بنەمایێک تەرکیز لە سەر ئەوانەی بەرە دەکەین، چونکە ئەوان لەهەڵبژاردندا بەشدار بوون، دەنگیان هێناوە، کورسییان لە ناو پەرلەمان دا هەیە، ئەبێت

بنەمایەک بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دابنێین تا پابەندی بکەین، بۆ ئەوەی کۆمەکی ئەو حزبانە بکات.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەقی وایە بەرێژەی دەنگ دان بێ، لە سەدا چەندی هێناوە ئەوەندەشی بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیێ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو بەڕێزتان فەرمووتان شتەکە بەرەهایی نەمێنێ، دەقێک دابنێین وبەم شێوەیە بێت (علی مجلس الوزراء تقديم منح سنوية الى الاحزاب وتكون على أساس عدد الاصوات التى حصل أو يحصل عليها في انتخابات البرلمان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێکی دیاری کراو هەیە ودەڵێین (تخصص المنح التي تقررها الحكومة للاحزاب بموجب نظام خاص يصدره المجلس الوطني في كوردستان العراق) لە بودجەی ئەمساڵ بۆ نموونە دەڵێین (١٠) ملیۆن دینار دابنرێت بۆ حزبەکان، ئەبێ پێرەوێک هەبێت ئەو برە دابەش بکات بە سەر حزبەکاندا، ئەو پێرەوە ئەبێت دیاری بکات بەپێی کورسی هەڵبژاردن بێ، یا ژمارەی ئەو دەنگانەی کە لەهەڵبژاردنی گشتیدا هێناویانە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو مەسەلە هەنە، یەکەمیان: ئێمە دەنگمان لە سەردا کە پابەندی تیا نەبێت، دووەمیشیان ئەگەر پێرەوێکی وا دەرچوو ئایا کێ دەری ئەکات؟ پەرلەمان دەری دەکات؟ یا وەزارەت دەری ئەکات؟ ئایا مەسەلەی کۆمەک ئیشی پەرلەمانە یاخود ئیشی ئەنجوومەنی وەزیرانە؟ ئەمەوێت بزانم بیروڕای یاساناسەکان چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر بەزۆر نییە، ئێمە دەڵێین (تخصص المنح التي تقررها الحكومة) حکومەت لە پێرەوەکەیدا بڕێک پارە دیاری دەکات بۆ حزبەکان، ئەوە بەپێی پێرەوێکی تایبەتی دابەش دەکرێت بە سەر حزبەکاندا وپابەندیش نییە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە پێرەوە، جا یەک ملیۆنە، نیو ملیۆنە، ئەمە پابەندی پێ ناوێت، تۆ دەڵێی دەبێت دابنرێت واتا پابەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ، ئەوە پابەند نییە، ئەوە حکومەت بڕیاری داوە، ئێمە پابەندمان نەکردووە، ئێمە دەڵێین ئەو پارەیەی حکومەت دیاری دەکا بۆ حزبەکان، با حکومەت هەروا پارە بۆ حزبەکان دانەنێت، ئەو پارەیە با بەپەیڕەوێک دیاری بکرێ، وبەسەر حزبەکاندا دابەشی بکات.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارە ئەکەم کە خوێندرایەوە، ئێمە زۆر جار برایانی لیژنەی یاسا وهەموو برا یاساناسەکانمان ئەڵێین ئەبێ واقیعی بین، بۆ واقیعی ئەمڕۆی کوردستان یاسا دانا نێین، من دڵنیام هەتا بە حزبە گەورەکانیشەوە ناتوانن تەنیا بە بارو بووی مانگانەی ئەندامانیان بژین، جاری جاران نییە ئەچووین جل وبەرگی کۆنمان کۆ ئەکردەوە، کادیری گەورەی حزبەکان لە بەریان ئەکرد، سەرکردەکان بەجلی کۆن ئەژیان، پێویستە یارمەتی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو شتە پێویستە، ئێمە دەبێ مەبدەئێک جێگیر بکەین، ئەو شتەی جەنابتان باستان کرد دەربارەی پێڕەو من لەگەڵ ئەوەدا نیم، ئەگەر بێتو ئێمە بڕیاری ئەوەماندا، ئەوە خۆی بەسە، مەبدەئەکەش بەپێی ئەو پێڕەوە دەبێ کە لە دونیادا هەیە، جێ هەیە بەگوێرەی ژمارەی کورسییە ولە جێی تریش بەپێی ڕێژەی دەنگە. لێرەدا ئەنجوومەنی وەزیران لەبودجەدا هەر ساڵێک بەپێی توانای خۆی شتێک تەرخان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام مەسەلەی کۆمەک دیاری بکرێت، بەڕاستی لەو یاسایەدا ئەوە دیاری بکرێت، چونکە دەبێتە جێگای هەوڵی تایبەتی. لەو ماوەیەش (اجتهادات) زۆر بووە لەلایەن حکومەتەوە وزۆر جاریش ئەوە قۆزتراوەتەوە، لەبەر ئەوە باشە ئەوە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من بابەتەکە بەم شێوەیەی لێ بکەین وبڵێین: ( المبالغ التی یقرر مجلس الوزراء تخصیصها للاحزاب یتم توزیعها علی اساس عدد الاصوات التي یحصل علیها في الانتخابات)، چونکە ئەگەر تەنیا باسی نوێنەری پەرلەمان بکەین زۆر حزب داخلی پەرلەمان دەبێت لەوانەیە (٤٪ یا ٧٪ )ەکە نەهێنێت. واتا بێ بەش دەبێ لە کۆمەک، چونکە نوێنەری لە پەرلەمان نییە، وا چاکە بڵێین:(بنسبة عدد الاصوات التي حصل علیها في الانتخابات) ئەمە دەبێتە بنەمایەکی چەسپاو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو من بزانم، بابەتەكە بەو شێوەیە نییە. لە ڕاستیدا ئەم دوو مەبدەئە هەیە، كە ئەوەیە، مەبلەغێك لەبودجەی حكومەت تەرخان ئەكرێت بۆ حزبەكان، بەڵام ڕاستتر ویاسایی تر وایە كە ئەو مەبلەغە لە سەر بنەمایەك دابەش دەكرێت بەسەر حزبەكان دا دابەش بكرێت، نەك بەپێی هەواو هەوەسی خەڵك وڕۆژگار.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو ڕێژەیەی كەوا دانراوە، ئەوە وابزانم لە بەشی زۆری وڵاتەكانی دنیادا وایە، ئەوە نییە ئەوەی كە بەشداری هەڵبژاردنی كردبێت وچەند دەنگی هێنابێت ولە پەرلەمانیش ئەندامی هەبێت، بەپێی ئەندامانی حزبەكەی وەردەگرێت. جا لێرەدا ئەوەی ئەمانەوێت یەكەم: پابەندی تیا نەبێت ودووەم: ئەو مەبدەئەش بپارێزرێت، وابزانم ئەوەش بخەینە كۆبوونەوەی داهاتوو، ئەتوانین بە شێوەیەكی جوان دایبڕێژین وببیڕیننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیسان جەخت دەكەم كە ئەم پێشنیارە هیچ پابەندییەكی تێدا نییە، حكومەت پێشتر لە بودجەدا شتێكی بۆ تەرخان دەكا. لە بەر ئەوە ئەم برگەیە بەو شێوەیە دابڕێژرێت:«تخصص المنح التي يقررها مجلس الوزراء ...» زۆر ڕوون وئاشكرایە وهیچ شێوازێكی پابەند كردنی تێدا نییە.

**بەڕێز سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام كە كۆمەك تەرخان بكرێت وبە شێوەیەكی وابێت پابەندیشی تێدا نەبێت و، ڕەهاش نەبێت، لە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا كە بە ئارەزووی خۆی بتوانێت كۆمەك بدات، لەم حاڵەتەدا، لەبەر ئەوە پێویستە پێرەوێكی تایبەتی بۆ دەرچێت كە پەرلەمان دەری ئەكات، هەموو كەسەكانی تێدا دیاری دەكات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم شت ئێمە گفتوگۆ لەسەر پابەندی حكومەت ناكەین كە كۆمەك بدات یا نەدات. چونكە دەنگی لە سەر دراوە. بۆیە دێینە سەر ئەوەی كە ئایا حكومەت كۆمەك دەدات یان نادات؟ ئەو دەقەی كە ئێستا هاتووە سەركەوتوو نییە، چونكە «تخصص المنح التي يقررها» واتا: حكومەت بڕیار دەدات، ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێرەو دادەنێت كەچی دەبێت ئێمە یاسا دابنێین ئەوان پێرەو دابنێن، یاسا وا ڕەوا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرەدا هیچ دووفاقییەك نییە، ئێمە بودجەی حكومەت لەم ئەنجوومەنەدا دەڕاستێنین، خۆ ئەگەر بە

پێی ئەم قسانە بێت دەبێ ئێمە هیچ یاساو پێرەوێک دەرنەکەین، بەڵام ئەو کۆمەکەی کە لەو بودجەیەدا هاتووە دەبێت بە پێرەوێک دابەش بکرێت، ئەگەر حکومەت لە بودجەکەدا یەک فلسی بۆ حزبەکان دانەنا، ئەو کاتە لەپەرلەمان گفتوگۆی دەکەن یان ناکەن ئارەزووی خۆتانە، بەڵام کە حکومەت داینا ئەو کاتە ئەبێ پێرەوێک هەبێ ئەم پارەیەی پێ دابەش بکرێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی نەڵێین (بنظام خاص يصدرة المجلس الوطني) بڵێین (تحدد ضوابطها بقرار يصدرها المجلس الوطني) بەرزەفتییەکان (ضوابط) ئێمە بە بڕیارێک دیاری دەکەین، با ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیارێک دەربکات بەرزەفتییەکان دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوای لێ بوردن دەکەم، ئێمە لە سلێمانییەوە دێین، تەنیا بۆ قسە دێین، قسەکەش قەدەغە دەکەن، بەڕاستی حەقە وانەبێت و، نوێنەری کەرکووکیشین کە لە جیاتی ئەوان من لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا قسە بکەم. من نازانم کە دەڵێین جەماوەر تێنووە وجەماوەر برسی یە ئەم حزبە بۆ دروست ئەبێت؟ چی ئەکات؟ بۆ خزمەتی خەڵکە؟ یا هەر چوار کەسێ حزبێک دروست ئەکا ودژی پەرلەمان وحکومەت قسە ئەکەن، ئەگەر بۆ شتی باشە حەقە جلی بەری خۆمان بفرۆشین بیدەین بەوان. حزبی شیوعی (٥٠) ساڵە چی کردووە بۆ کورد؟ ئێستا چی چاکە ئەوە بکەین؟ چۆن حکومەتەکەمان بەرەو پێشەوە ببەین؟ چۆن هەژاران ببوژێنینەوە؟ ئەو رۆژە کاک مەسعوود فەرمووی چەند ساڵە لە ئەلەمانیا حزبێک داوا ئەکات تەلەفزیۆنێک دابنیت هەتا ئێستا رەزامەندیان بۆ نەکردوون. ئەم هەموو تەلەفزیۆنە وئەو هەموو رۆژنامانە چین بەڕاستی ئەمانە بەرەڵاییینە، بەڕای من یەک فلس نەدرێت بە یەک حزب، بۆ خەڵکیشی روون ئەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بەراستی تێبینی ئەوەمان نەکرد کە دارشتنیش حسابی خۆی هەیە، ئێمە لێرە باسمان لە مافی حزبەکان کرد، با شێوازەکەشی بگونجێت لەگەڵ مافی حزبەکاندا، ئەم کارە کە ئەکەین مافێکی ئەدەینێ، من پێشنیاری ئەو دەقە ئەکەم کە پابەندیشی تیا نەبێت حەقێکیشی بدرێتێ، بوترێ لە برگە(٧) (يحق للحزب الحصول من حكومة الاقليم..) لەو کاتەدا ئەتوانێت بڵێت من ئەو کۆمەکییەم ناوێت {عن المنحة السنوية من المبالغ المخصصة قانونا لهذا الغرض...) یاخود بوترێت ( في الميزانية لهذا الغرض يحدد مقدارها نصف عدد الاصوات التي حازها في الانتخابات البرلمانية) پابەندیشی تیا نییە، مافێکیشە ئەدرێتە حزبەکە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاوەن پێشنیارەکە بووم، پشتگیری ئەو هەموارکردنەی کاکەڕەش ئەکەم، هەروەها ئەوەی کاک حسێن عارفیش کە ئەبێ دەقی هەبێت، ئەو مافە ئێمە لە پێڕەوی ناوخۆدا ئەرکمان پێ داوەو، یەک مافمان پێ نەداوە وئەو مافەش با دەنگی لە سەر بدرێت بۆ حزبەکان. هەروەها تێبینییەکی تریشم هەیە بۆ مام رۆستەم ئەویش ئەوەیە لێرە نوێنەری حزبی شیوعی نییە، بەرای من وا باشە ناوی حزبەکان بەم شێوەیە نەیەت، چونکە ئێرە پەرلەمانە، با نەبینە مینبەرێک بۆ قسەکردن لە سەر ئەو حزبانە، من خۆم بە بەرگری کاری گشت حزبەکان دەزانم لەوانەش حزبی شیوعی عێراقی، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ژمارەی دەنگەکان بەگوێرەی بەشداری کردنی گشتی لەهەڵبژاردندا، بەپێی یاسا تایبەتییەکان، ئاشووریەکان وتورکمان دەنگەکانیان جیایە، ئەگەر بەگوێرەی کورسی پەرلەمان بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمە ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو کۆمەکە لەدوای پێکهاتنی پەرلەمان وحکومەتی کوردستان دراوە ولە بودجەی حکومەتی کوردستان کاک دکتۆریش دانیشتوە، مەبلەغێک تەرخان کراوە بۆ کۆمەکی حزبەکان، تا ئێستا بەبێ بەرزەفتی (ضوابط) دراوە، زیاتر رای تایبەتی رۆڵی خۆی بینیوە، لە بەر ئەوە باشە ئەو شتە لێرە بکرێت بە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی تر لەلایەن بەڕێز د.کەمال ولەلایەن بەڕێز کاکەڕەشەوە هاتووە وبەم شێوەیە:(توزع المنح التي تخصص في ميزانية الاقليم للأحزاب وفق الضوابط التي يقررها المجلس الوطني لكوردستان العراق).

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەرزەفتییەک (ضوابط) دادەنێین، کە تائێستا نازانین ئەنجومەنی وەزیران بریار دەدات بیدات یان نا، ئێستا ئێمە بریارماندا کە حکومەت پابەند نەکرێت بیدات یان نەیدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان ئەگەرێمەوە بۆ هەمان بابەت، ئەگەر بودجە کۆمەکییەکی بۆ حزبەکان دانا، ئەوە ئەبێت

بەرێکی دابەش بکرێت بە سەر حزبەکان دا ئەو بەرزەفتی کردنەش شتێکی بۆ دابنرێت کە چۆن دابەش بکرێت.

**بەڕێز شـــمـــائیل ننو بنیـــامین:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

بەپێی یاسا دەنگمان لەسەردا کە وەک برگەیەک ئەنجومەنی وەزیران پابەند بکا، ئەمە هیچی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا / جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

من وادەزانم، کە مادام شتەکە هاتە سەر بودجە وئەوانە، لەکاتێکدا کە بودجە حکومەت هەڵی دەسەنگێنێ، ئەو برگەیە کۆمەکی تیا بوو بۆ حزبەکان، ئێمە ئەم کۆمەکە لە حکومەت داوا ئەکەین، هەڵبەت پێمان ئەڵێن چەندە؟ ئەو کاتە ئەڵێن دابەش کردنی ئەو کۆمەکە کە حکومەت پێشکەشی کردین. ئەو کاتە ڕەزامەندی لە پەرلەمان دا لە سەر (منحە)کە ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

دیسان ئەگەڕێمەوە بۆ هەمان خاڵ، ئەو یاسایە یاسای حزبەکانە، حکومەتی ئێمە یارمەتی ئەدات بە حزبەکان وتووشی هیچ گرفتێک نابێت ئەگەر ئێمە بەندێکی وا دابنێین لە بودجەدا، ئەگەر حکومەتی ئێمە پارەیەکی دانا با لە ئێستاوە بەرزەفتییەک دابنێین، تاکو تووشی گرفت نەبین. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟...(توزع المنح التي تخصص في ميزانية اقليم كوردستان للاحزاب وفق الضوابط المقررة في المجلس الوطني).

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ئەگەر مۆڵەت هەبێت دەبێ ئەو برگەیە لەگەڵ ئەو ناونیشانە رێک بکەوێت، ئەوانە هەمووی مافن، ئنجا وا بزانم کاک حسێن عارف شێوازێکی هەیە رەنگە سوودی لێ وەرگرین وناوەرۆکەکەی هەر ئەوە بێت، بەڵام بۆ نموونە بڵێـی (يحق للحزب التمتع بالمنح التي تخصصها حكومة الاقليم وفق....) مەبەستم تەنها ئەوەیە لە رووی داڕشتنەوە لەگەڵ برگەکانی تردا رێک بکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەوەی کە باس دەکرێت زۆر روونە، پەیوەندی بە کاروباری حکومەتەوە هەیە، پەیوەندی بەو پارەیەوە هەیە کە تەرخان دەکرێ یا کراوە بۆ حزبەکان، زۆر روونە ئەوەی کە باسمان کرد، (منح الاعانات الداخلية)، ئەوەی تریش روونە کە دەڵێ «منح التبرعات وفق القانون»، ئەوە لەگەڵ برگە(٥) رۆیشتوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە بودجەی ساڵی ١٩٩٣دا ئەگەر کۆمەک بۆ حزبەکان هاتبێت، دەکرێ ئێستا رێکی بخەین بە هەر بەندێک بێت، بەڵام ئەگەر بودجەی داهاتوو بێت ئێستا بڕیاری لەسەر بدەین، کە جاری نەبوە زۆر نەنگ دەبێت بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، سوپاس.
**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێستا لێرە بڕیارێک ئەدرێت گشتییە بۆ دووا رۆژ دەکرێ ئەو بودجەیە ببێت ولەوەیە نەش بێت لە بەر بارودۆخی ئابووری، لەبەر ئەوە دەکرێ بە بڕیارێکی گشتی ئێمە دیاری بکەین، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لە بودجەی ساڵی ١٩٩٣ دا پارە هەبووە بۆ حزبەکان، بەڵام گرفت ئەوەیە بەرزەفتی (ضوابط)ەکە نییە.
**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دیسان دەیڵێمەوە کە یاسا بۆ ئەمڕۆ نییە، بۆ دووا رۆژ دادەنرێت، ئەگەر لە بودجەی ئێستاش شتێک تەرخان نەکرابێت، لە داهاتوو دا تەرخان دەکرێت، لە بەر ئەوە چ زەرەرێکی نییە کە ئەوە دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادام وایە ئەیخەینە دەنگدانەوە وجارێ دەی خوێنیننەوە «تمنح المنح التي تخصص في ميزانية الحكومة للأحزاب وفق المواد المقررة من المجلس الوطني لكوردستان العراق»... کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بە زۆربەی دەنگ ئەمە پەسەند وجێگیر کرا. تکایە با لیژنەی یاسا وەکو مادەیەک زیادی بکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة الخامسة عشرة: يلتزم الحزب بالواجبات التالية:
١- نبذ الارهاب.
٢- إحترام القوانين والحفاظ على استقلالية القضاء.
٣- ان لا تكون له تشكيلات عسكرية أو شبه عسكرية ويحظر عليه امتلاك الاسلحة خلافا للقوانين..
٤- عدم ممارسة نشاط يخالف منهجه الفكري المعلن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم شت کە دەڵێ: (يلتزم الحزب بالواجبات التالية) وابزانم زۆر سەرکەوتوو نییە، بڵێین (يلتزم الحزب بما يلي) شتێکی لەم بارەیەوە بڵێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێت :(يلتزم الحزب في المنهاج بما يلي).

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزم کرد ئەوە بگوترێت، دارشتنێکی تری بۆ دابنرێت، بەو شێوەیەی کە هاتووە زۆر سەرکەوتوو نییە، ئەوانەی تر هەموو باشە تەنیا چوارەم نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مافەکانی حزب زۆر شتی تێدا بوو، بەڵام لە ئەرکەکاندا داوا دەکەم دوو شتی تر زیاد بکرێ، ئەگەر بێتو بەڕێزان ڕایان لەسەر بێت. یەکەم:( الاهتمام بالاخلاق والآداب العامة وعدم بث التحلل)... لەگەڵ برگەیەکی تر: (نبذ الدعوة الدكتاتورية أو الفاشية أو الانفراد في الساحة السياسية). لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسانەوە پێشنیارەکەی د.کەمال ئەکەم کە ئەو بەکورتی بریەوە. برگەی چوارەم، حزبێک بەرنامەی خۆی وپێڕەوەکەی دەگۆڕێ لە سنووری یاساکانی وڵات دا مافی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەک دا(نبذ الارهاب) دەبێ وشەی (نبذ) لابىرێت، چونکە مانای ئەوەیە ئەو حزبە ئێستا تۆقێنەرەو تۆقاندن بەکاردێنێ وداوای لێ دەکرێ وازی لێ بێنێ. بەڵام ئەوە دەبێ بەشێوەیەکی تر بڵێین بۆ نموونە:( الامتناع عن أي نوع من الارهاب). لە سەر برگەی دووەمیش تێبینییەکم هەیە کە دەڵێ:(استقلالية القضاء) ئەڵێین جوانترە بڵێین (عدم التدخل في شؤون القضاء)، سوپاس.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم ئەرکانەی کە لە سەر حزبەکان دانراون، بەڕاستی لەبەر ئەوەی هەندێ حزب لە مەولا مۆڵەتیان نەدرێتێ کە هەندێکیان پابەندیان نییە بە هەندێ ئادابی گشتی یەوە یان گەلێ بابەتی

تر، وەکو ئەوحزبانەی لە دەرەوەی سنوورەوە دێن ولە کوردستانی ئێمەش لە سەنگەرێک دا کوڕ وکچ پێکەوە دائەنیشن، کە ئەمانە بەپێی ئامانجی ئەو کۆمەڵەی کە ئێمە تێیدا ئەژین، شتێکی زۆر نا پەسەندە، لەوانەیە بیر بکرێتەوە حزب بەو شێوەیە دروست بکرێت، یان مۆڵەتیان پێ بدرێت، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک عەفان ئەکەم کە بە بڕگەیەکی تایبەتی بێت، لەو بابەتە کەپشنیاری ڕەوشت وئادابی گشتی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کــانەبی عــەزیز ئەحــمــەد دزەیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

لە پێشەکی مادەکە کە دەڵێ:(يلتزم الحزب بالواجبات التالية) بەرای من بکرێت بە (على الحزب ان يلتزم بالواجبات التالية: نبذ الارهاب)بە رای من زیادە بەو اعتبارەی لەبڕگە(٣) دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

دەربارەی بڕگەی یەکەم ڕستەی (نبذ الارهاب بكافة أشكاله) لەگەڵ ئەوەی بڕگە(٤) هەر نەمێنێ لەگەڵ سوپاس دا.

**بەڕێز نەجـمـەدین عـەزیز ئیـسـمـاعـیل:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە خاڵی چوارەم لابیرێت، سوپاس.

**بەڕێز حــەســەن عــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ئێمە وشەی ئەرکەکان (واجبات)مان داناوە، چونکە لە دنیادا دوو شت هەیە، حقوق هەیە هەر کەس مافێکی هەیە بەرامبەر ئەوە ئەرکێکی لە سەرە، لە بەر ئەوەی مافەکانمان دیاری کردووە، بۆیە وشەی واجباتمان داناوە. لە پاشان برادەران هەندێک خاڵ زیاد دەکەن وهەندێکیش خاڵ لادەبەن، ئەوە پەیوەندی بە یاساوە نییە وئەمە دەکەوێتە سەر پەرلەمان کە ئەو ئەرکانە هەبن یا نەبن، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــمــەد نەقـشــبــەندیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

من ڕوون کردنەوەیەکم لە سەر بڕگە(٤) هەیە. مەبەست لەو بڕگەیە ئەوەیە، لەوانەیە شتێکی ڕاگەیاندبێ بە کردەوەی خۆیشی شتێکی تربێ، نموونەش لە سەر ئەم جۆرە کردارانە زۆرن، سوپاس.

**بەڕێز کــاکــەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ئێمە هەموو حزبەکانمان پابەند کردووە کە هەر گۆڕانێک لەپرۆگرام یا لە پێڕەوی ناوخۆیان ببێت،

دەبێ ئاگاداری دەستەکە بکات یا ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر بێتو فیکرەکەی خۆی بگۆڕی لە ئیشدا، مانای وایە سەرپێچی دەقێکی یاسایی دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم دەقە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام یەک تێبینی بچووکی بەڕێز کاکەڕەش هەیەو دەڵێ: ئەگەر تەنها بنووسرێ (عدم ممارسة نشاطه خارج منهاجه) باشتر نییە؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر وابێ قەیناکا هیچی تێدا نییە، ئەگەر لە پرۆگرام لایدات ئەوە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا گفتوگۆ تەواو بوو، تەنها یەک تێبینی بچووک لەبارەی داڕشتنەوە هەیە، ئەگەر لیژنەی یاسا ماوەمان بدا تەنیا (یلتزم الحزب بالمنهاج من حيث الواجبات التالية) ئەگەر جێگیری بکەین وبنووسین (يلتزم الحزب). چ تێبینییەکی تر هەیە؟

**بەڕێز محسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا ئەزانم ئەو شی کردنەوەی کاک سەید حەسەن ووتی، وانەبوو. رای من وانەبوو، پێغەمبەری ئیسلام دەفەرمووێ نیوەی دینتان لە ئافرەتەوە وەرگرن، دەست نیشانی کردووە. هەروەها راوێژکردن لەگەڵیاندا وقسەکردن، ئەمانە قەت نەهاتووەتە سەر ئەوە کە ئیسلام قەدەغەی بکات، ئێمە ئەڵێین لە سەنگەرێک دا پێشمەرگەی تێدابێ، کور وکچ پێکەوە هەنە لە حزبەکاندا، لەدەرەوە، لەوانەیە رۆژێک لە رۆژان بێتە ناوسنووری خۆشمانەوە، لەوانەیە داوای مۆڵەت بکەن، کە ئەمە بوو، زۆر ئاساییە، لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین وەکو چۆن ریزی یاسا بگیرێ، ریزی ئادابی گشتیش بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قسانەی کاک عەفان وشێخ محسن کردیان، من لێیان وردبوومەوەو، جەخت لە سەر ئەوە دەکەم کە خاڵی دووەمی دەڵێ: (احترام القوانين والحفاظ على استقلالية القضاء) ئەمەشی بۆزیاد بکرێ (واحترام الاخلاق والآداب العامة) وابزانم بۆ کوردستان لەبرەوترە کە حزب لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە سەر بنەمای ئاداب ورەوشت وپاراستنی رەوشت دابمەزرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دێینەوە سەر مادە(١٥): (يلتزم الحزب فی منهاجه)، ئەمە مەسەلەیەکی زیادەیە.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

كـە دەڵێ (يلتزم الحزب في منهاجه ونظامه الداخلي) مانای دەقەكە تەواو نییە، (يلتزم) لێرەدا واتايەكی تری هەيە، پێويستە ڕوونتر بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

بەڵام چۆن دەتوانی ئەمە چەسپ بكەی لە سەر ئەو جۆرە پرۆگرامە؟، واتا ئەگەر لە پرۆگرامەكە جێگیر نەبێ چۆن دەتوانی بەكردەوەجێگری بكەی؟

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی لە پێڕەودا هاتووە لە سەر كاغەزەكە دەبێ بە (العمل على أن يلتزم بما جاء في النظام الداخلي) مەبەستەكە ئەوەيە لێرە جێگير دەكرێ، بەڵام كردەوەی پێ ناكرێ ئێمە دەمانەوێ كردەوەی پێ بكات، دەقەكە بۆ ئەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ئێستا برگە برگە پێدا دێين، دێينە سەر برگەی(١)، پێشنيار هەيە (نبذ الضغط والارهاب) زێدە بكرێ؟ جارێ بزانين كێ لەگەڵ ئەوەيە برگە(١) وەكو خۆی بمێنێتەوە؟... كێ لەگەڵ ئەوەيە بيگۆڕين؟... دەست بەرزكرايەوە... بەزۆربەی دەنگ بڕياردرا كە بگۆڕدرێ...(١٥) كەس لەگەڵ ئەوەدايە وەكو خۆی بمێنێتەوە، (٢٩)كەس دەيەوێ بيگۆڕين، پێشنيارێك هەيە دەڵێ:(نبذ الضغط والارهاب بكافة الاشكال) چ پێشنياری تر هەيە؟ تەنيا ئەمەيان هاتووە.

**بەڕێز د. كـەمـال عـەبدولكەريم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر بكرێ بە (نبذ الارهاب بكافة اشكاله) باشترە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

كاك عەبدولخالق دەڵێ: تەنيا بكرێت بە (نبذ الارهاب بكافة اشكاله). كێ لەگەڵ ئەوەيە بكرێت بە (نبذ الارهاب بكافة اشكالة)... كێ لەگەڵ نييە؟ دەست بەرز كرايەوە.. بەزۆربەی دەنگ ئەبی بە (نبذ الارهاب بكافة اشكالة).

برگە(٢) (إحترام القوانين والحفاظ على استقلالية القضاء) پێشنيار هەيە ودەڵێ ئەو (استقلالية القضاء) زيادە. كێ لەگەڵ ئەوەدايە برگە(٢) وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نييە؟ دەست بەرزكرايەوە، بەزۆربەی دەنگ وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

برگە(٣) (إن لا يكون له تشكيلات عسكرية وشبه عسكرية ويحضر عليه امتلاك الاسلحة خلافا للقانون) كێ لەگەڵ ئەم دەقەيە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نييە؟ دەست بەرزكرايەوە، بەزۆربەی دەنگ وەكو خۆی مايەوە.

برگـــه(٤):(عدم ممارسة نشاط يخالف منهاجه المعلن) پێشنیـار هەیە دەڵێ: ئەو برگـەیە هەڵبگیرێ. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتـەوە؟ کێ لەگەڵ نییـە؟ دەست بەرزکـرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ بریارد درا کە بگۆرێت. پێشنیارەکە دەڵێ:(عدم ممارسة نشاط يخالف منهاجه المعلن)کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە... دەست بەرزکرایەوە. بەزۆربەی دەنگ ئەو هەمووارکردنە پەسەند کرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجوومەن.**

المادة ١٦/ للحزب حل نفسه وفق احكام نظامه الداخلي.

**بەڕێز محسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجوومەن.**

تەنها ئەم پێشنیارە هەبوو کە کاک عەفان کردی (احترام الاخلاق والآداب العامة) نەخرایە دەنگدانەوە کە رازین یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجوومەن:**

(احترام القوانين)، ئایا (الآداب العامة)یش ناگرێتەوە، پێشنیاری تر لەم بارەیەوە هەیە؟

**بەڕێز محسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجوومەن.**

دەتوانین لە برگەی(٥) باسی (الاخلاق والآداب العامة) بکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجوومەن.**

من لە سەر مەسەلەی (ئەخلاق) یانی ئەخلاق بۆچوونێکی زۆر فراوانی هەیە، هەر کەسێ بۆ خۆی ئەتوانێ راڤەی بکات. ئەخلاق یانی چی؟ لە بەر ئەمە ناتوانین ئەو بۆچوونە دانێین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجوومەن.**

(احترام الاخلاق والآداب العامة) زۆر فراوانە، بەشێوەیەک هاتووە ئەگەر بلێین:(الأخلاق والآداب العامة) شتێک نییە کە هیچ کەسێک دژی بێ، رەنگە لێرە جێگای خۆی نەبێ، لێرە ( احترام الاخلاق والآداب العامة) زۆر فراوانە، لەگەڵ ئەمەش دا دژی ئەوە نیم کە ئەوە دابنرێ لەگەڵ سوپاس دا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە پرۆژەی پێشوودا ئەم خاڵەمان هێنا بوو( الاخلاق والآداب العامه)، بەڵام لە بەر ئەوەی

زۆربەی زۆری ئەو ڕایانەی کە هاتبوون، دەڵێن ئەمە زۆر فراوانە، زۆر بە ڕەهایی دێت هەموو کاتێک لەتواناداا هەیە تۆژینەوە لەگەڵ حزبەکاندا بکرێت، بەبێ ئەوەی شتێکیان کردبێ، چونکە سەرپێچی نیزام وئاداب زۆر بە ڕەهایی و فراوانی دێت، لە بەر ئەوە دەبێ خۆمانی لادەین لەو شتانەی کە تۆزێ پێچەوانە شت دروست دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا مەسەلەکە ئەوەیە نیزام کە دەڵێ (احترام النظام والآداب العامة) هەر یەک بە جۆرێک لێکی دەداتەوە. ئەگەر دوو پێشمەرگە لە سەنگەرێک دابن ئەوە ( مخالفة الآداب العامة)یە، بۆی هەیە بەنیسبەت هەموو حزبەکانەوە. لە ڕاستیدا پێشمەرگەی ئافرەت هەیە چەکی بە دەستەوەیە، لە بەر ئەوە ئەم شێوازە گشتییە بۆ حزبەکان، نابێ دابنرێ (احترام النظام والآداب العامة)، حەق نییە حزبە سیاسییەکان بەو جۆرە دیاری بکرێن، هەر چەندە (من حيث المبدأ) دەبێ هەموو کەسێ ڕێز لە ئەخلاق بگرێ هەروەها ئادابی گشتی ونیزامیش، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێ ( الاخلاق) لێرەدا مەبەست ڕەوشتی باشە، هەرگیز مرۆ بیری بۆ ئەوەی ناچی کە ڕەوشتی خراپ بێ، هەروەها لە ئادابی گشتی هەندێ شتی لێک نزیک لە ناو کۆمەڵانی میللەتی ئێمەی کورد دا دەبێ، کورد میللەتێکە ناسراوە بەوەی کەخاوەن مەبدەئە، بەئەخلاقە وئادابی گشتی خۆی هەیە، هەردەم جێی ڕێز بووە، کەم میللەت بە قەد کورد ڕەوشتی ئایینی پاراستووە. مەبەست لێرەدا ئەوە بوو کە مادام ئەمە خرایە ڕوو، پێویستە بکرێت بەبڕگەیەک وجێگیر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە هەیە کە دەڵێ:(احترام النظام والاداب العامة) بەم شێوەیە دوو ڕا هەیە، یەک دەڵێ: زیادە ویەکیش دەڵێ زیاد نییە.(احترام النظام والآداب العامة) بیکەین بە بڕگە(٥)، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ ... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ ئەم بڕگەیە چەسپێنرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(١٦) للحزب حل نفسه وفق احكام نظامه الداخلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١٦) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(١٧): ١- يجوز حل الحزب بقرار قضائي بناءا على دعوة تقام من قبل وزارة الداخلية، عن مخالفة الحزب لحكم من أحكام هذا القانون. ٢- يكون قرار المحكمة خاضعا للطعن تمييزا لدى الهيئة العامة لمحكمة تمييز اقليم كوردستان العراق خلال مدة(٣٠) يوماً من تأريخ تبليغه بقرار محكمة التمييز، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلامەوە سەیرە پێویست ناکات هەموو وشەیەکی وەزارەتی ناوخۆ بکەین بە وەزارەتی داد، لە یەکەم وامان کردووە وتومانە وەزارەتی داد لایەنی چاودێری نییە، بۆیە نابێ بەو شێوەیە هەموو جار وەزارەتی ناوخۆ بکەین بە وەزارەتی داد، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەختێک ئەوە گرانە (حل الحزب بقرار قضائي) ئەگەر بکرێ ببێتە (تجميد نشاط الحزب)، چونکە خۆی پێک هێناوە، بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە لە ناو بەرەی کوردستانین چۆن دەکرێ بە بڕیارێک حزبەکەی هەڵوەشێندرێتەوە؟. بڕیارەکە عەمەلی نابێ، چونکە حزبەکە خۆی هەڵناوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەیاسا هەڵی دەوەشێنێتەوە، چونکە ئەمە بەیاسا دەبێ، ئەو کاتە ئارەزووی خۆیەتی.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ ئەمە روون بێتەوە کە هەڵوەشاندنەوە زۆر چەشنی هەیە، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی حزب بە لێ سەندنەوەی مۆڵەتەکەی بەپێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو برگەیەی وەک کاک فرەنسۆ و د.کەمال وتیان هەڵوەشاندنەوەی حزب لەدەسەلاتی حزبەکە خۆیەتی، بەلام کێشانەوەی مۆڵەت لەدەسەلاتی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کاتە دەبێ بە حزبێکی نهێنی، دەبێ بە یاسا هەڵبوەشێندرێتەوە، چونکە یاسایی نابێ، ئەوە برا قانوونیەکان با روونی بکەنەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵوەشاندنەوە شتی تری بەدواوەیە وەک دەست بەسەرداگرتنی بارەگا وکەل وپەل، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەم دەستەیەی کە لێرە دانیشتووین نوێنەرایەتی یاسا دەکەین، لاری نییە برادەرانی ناو هۆڵ قسە بکەن، کەس ئەوەی لێ قەدەغە نەکردوون، تکامان وایە لە سەرۆکایەتی ئەوانەی یاساناسن وئەوانەی لێرە دانیشتووین لێمان بپرسن، تا بابەتەکە دەوڵەمەند بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە قسە دەکەن ناویان ئەنووسین، نەک وەک یاساناس، وەکو ئەندامی پەرلەمان کەیاساناس وشارەزایانی تریشیان تێدایە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەمە نییە ئێمە کە پرسیارەکە ئاراستە دەکەین، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، هەر ئەوەیە کە کاک عەبدولخالق وبرادەران گوتیان، ئێمە مەبەستمان لە حەل کردن، هەڵوەشاندنەوەی یاساییە کە کاریگەری یاسایی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر بڕگە(١) کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... ئێمە وتوومانە وەکو خۆی، واتا (ناوخۆ) کراوە بە (داد)، ئێمە لە سەرەتاوە لە هەر کوێ (وەزارەتی ناوخۆ) هەبوو بێ کردوومانە بە (داد) وەدەنگمان لە سەر دا و، لە هیچ بەندێک دا نەهاتووە بڵێ هەر (ناوخۆ) بمێنێتەوە. بڕگە(١) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێ. بڕگە(٢) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ بڕگە(٢) وەکوخۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (١٨): عند حل الحزب تصفى أمواله المنقولة وغير المنقولة وفقا لنظامه الداخلي.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا وتمان حەل دوو جۆرە جۆرێکیان حزب خۆی حەل دەکات، راستە بەو شێوەیە هاتووە، ئەی ئەگەر حەل کرا لەلایەن حکومەتەوە کە (تصفى أمواله المنقولة وغير المنقولة وفقا لنظامه الداخلي) دەگوترێ ئەمە ناگرێتەوە کە بڵێین {عندما يحل الحزب نفسه تصفى أمواله}، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لە وەختی خۆیدا جیاوازمان کردەوە وگوتمان، ئەگەر حزبەکە خۆی هەڵبوەشێنێتەوە یان بەهۆی دادگاوە هەڵوەشێندرێتەوە بێگومان ئەگەر بەدادگا هەڵوەشایەوە واتا دادگا حوکمی لەسەر دەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١٨) کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(١٩) (على الآحزاب القائمة تعديل اوضاعها وفق أحكام هذا القانون خلال مدة ثلاثة اشهر من تأريخ نفاذه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١٩) کێ تێبینی لە سەر هەیە؟

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ مانگ کەمە لەلانی عەمەلی یەوە، بەڕای من ئەگەر (٦) مانگ بێت ڕەواتر وباشترە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان پێشنیار دەکەم کە پێشتر لە بابەتی حزبەکانی بەرەی کوردستانی، پارتی ویەکێتی وئەوانەی تر کردم، بەڕاستی پێویستە لەو ماوەیەدا ئاماژەیەک بکرێ کە هەموارکردنەکە یاساییە، خۆی دەڵێ (على الاحزاب القائمە) مانای ئەوەش دانی پیاناوە کە ئەو حزبانە لەلانی یاساییەوە هەنە. لێرەدا کە دەگوترێ (على الأحزاب القائمة، تعديل اوضاعها وفق احكام هذا القانون خلال مدة ثلاثة أشهر من تأريخ نفاذه وعند ذلك تعتبر مجازة ممارسة نشاطه) نەک (قائمە) وەکو (تأسیس)، جیاوازی هەیە لەنێوان (تأسیس) و( ممارسەی نەشاط)، لێرەدا پێویستە لەلانی یاساییەوە ئاگاداری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیاری کاک بەختیار دەکەم، بەڕاستی دەبێ ئیعتوبارێک هەبێ بۆ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی، لێرە باشترین بڕگە دیاری بکرێ بۆ حزبەکانی بەرەی کوردستانی ئەوەی خاوەنی ئەم شۆڕشەیە، بەڕای من دوو بڕگەی بۆ زیاد بکرێ، یەکێکیان وابێ کە مافی لایەنەکانی بەرەی

کوردستانی دیاری بکرێ حزبی دیموکراتی کوردستانی دوێنێ کۆنگرەی بەستوە، چۆن داوا دەکەن لە ماوەی (٣) مانگ پرۆگرامی خۆی بگۆڕێ. لەبەر ئەوە بەڕای من حزبەکانی بەرەی کوردستانی، ئەوانەی کە خاوەنی مافن ئەوانە سوودمەند بن، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تعديل أوضاعها) لێرەدا مەرج نییە هەموو شتێ بگۆڕێ، بەڵام وەکو بزانین ئەو حزبانە بەشی زۆریان لە هەڵبژاردندا دەرچوون وخەباتیان کردووە، ئێستاش لە بارێکی تایبەتی دان ئەبی هەموو حزبێ باری خۆی بگۆڕێ، ئەگینا مۆڵەتی پێ نادرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا یەک گرفتی گچکە هەیە وەکو برادەران تێبینیان کرد، (الاحزاب القائمة) هەموو ئەو حزبانەیە کە ئێستاکە هەن وهی ناو بەرە وهی دەرەوەی بەرەی کوردستانیش، کە لەوانەیە زۆر شتیان نەگونجێ لەگەڵ ئەم یاسایەدا. پێشنیار وابوو ئەوە بکرێ بە حزبەکانی بەرەی کوردستانی، ئەگەر گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵە بکەین باشترە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو جەنابت فەرمووت ئەو حزبانەی کە (قائمن)، کە مەبەستمانە ئەو حزبانەی بەرەی کوردستانین لێ بەدەر (استثناء) بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە حزبەکانی بەرەی کوردستانی نەمێنن یا بنووسرێ (تعديل اوضاعها) با ئەم یاسایە بابەتەکە هەموار بکات، لێرە وەکو تأسیس مەبەستی ئەمەیە دامەزراندن ومۆڵەت پێدانی چالاکی بۆ (١٠٠) کەسێک داوای مۆڵەت پێدان بکەن، بلێ داوای دامەزراند پێشکەش بکات بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان یا حزبی شیوعی، یاخود یەکێتی نیشتمانیی کوردستان. بەلانی ئیعتوبارو لانی یاسایی، ئەم پەرلەمانە بەرەی کوردستانی پێکی هێناوە(٣-٤) حزب پەشدارن تێیدا، ئێستا بلێین وەرە داوای دامەزراندنی حزب پێشکەش بکەن، بلێ باری خۆتان هەموار بکەن ئیعتوبار بکرێن بە مۆڵەت پێ دراو، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کە ئەگەر ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە وحزبە (قائمە)ەکانی بەرەی کوردستانی لێ بەدەر بکرێن. چونکە وەکو ئەو هەموو راستیانەی کە کاک بەختیار حەیدەر باسی کرد کە ئەو حزبانە لە دانانی پەرلەمان دا ودانانی ئەم یاسایەدا بەشداربوون، بەڵام وەدەرنانیان لە یاسا دا

شتێکی ڕاست نییه، شێخ عدنان ئەویش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە شۆڕشی (١٤)ی تەمووز، ئەو حزبانەی کە بەشداریان تێدا کردووە، حزبی نیشتمانیی دیموکراتی، غەیری ئەو، کە یاساکە دەرچوو تێیدا هاتبوو کە ئەوان داوا پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بابەتێکی ترە کە ئێمە کردمان بە گفتوگۆ ئەو بابەتە نەبوو، خۆ ئەگەر بکرابایە بۆ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی مۆڵەتەکە دەبوو بە مۆڵەتی عەمەل نەک مۆڵەتی دامەزراندن واتا جیاوازی هەبایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێم وایە ئەم مادەیە گشتگیرە (على الاحزاب القائمة تعديل أوضاعها وفق احكام هذا القانون خلال المدة القانونية) لەنێوان سێ مانگدا ئەبێ چ حزبی (قائم)هەیە، ئێستا بارودۆخی خۆی لەگەڵ ئەم یاسایەدا بگونجێنێت.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنیا باسی مۆڵەت پێدان ناکەم، ڕاست کردنەوەوی باری خۆیان دەبێ لەگەڵ ئەو یاسایەدا بکرێ، من مەبەستم تەنیا مۆڵەتدانە، ڕێگادان وکارکردنی عەمەلی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئنجا یا برگەیەک زیاد بکەین، یان بڕیارێک دەربچێ ئەو حزبانەی لەناو بەرەی کوردستانیدان لەبڕگە (١)ی مادەی (٧) دەربکرێن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە ئەزموونێکی تازە نییە لە یاسای چاپەمەنیدا ئەو ڕۆژنامانەی کە ساڵ بە ساڵ دەردەچن بارێکی وایان تەرخان کردووە کە بەڕێوەبەری امتیاز وسەرۆکی تەحریریان بۆ دابنێن وئەوانەیان بۆ دانان. ئێستاش لەوە نەک استثنای پارتی ویەکێتی وحزبی تر بکرێ، بەڵکو ئەوان دەبێ ئەو یاسایە پیادە بکەن وبارودۆخی خۆیان ڕێک بخەن، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم لە ئەنجام دا شتێک ناگۆڕێ. ئەو حزبانەی هەن سەر لە نوێ مۆڵەت وەرناگرن، بەڵکو بەپێی ئەو یاسایە خۆیان دەگونجێنن، بەڵام پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمووز بەداخەوە وا نەبوو عەبدولکەریم قاسم داوای لێ کردن کە حزبەکان داوای مۆڵەت بکەن هەر چەند هەش بوون وئیشیان دەکرد. کە ئەو حزبانە داوای مۆڵەتیان کرد، مۆڵەت درا بە هەندێ حزب، بەڵام بە حزبی

شیوعی نەدرا، حزبی شیوعی کارتۆنی خۆی دروستی کرد ومۆڵەتی پێ دا. بەڵام ئێستاکە دیارە هەر حزبی هەبێ دەبێ بەپێی ئەو یاسایە خۆی بگونجێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئەوە بوو کە (أوضاع قائمة) یانی چی؟ ئایا لە مۆڵەتی دامەزراندن (اجازه تأسیس) (أوضاع) دەگرێتەوە؟.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەیگرێتەوە هەمان بەرنامە دەخاتە بەرنامەکەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا (تعديل أوضاعهم وفق أحكام هذا القانون خلال ٣ أشهر) ئەوجا دوای ئەوە داوای مۆڵەت دەکات، یا نایکات؟!.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا هەر ئاگادارییەک دەکا کەدەڵێ: کە حزبی ئێمە حزبێکی (قائیمە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو حزبێ کە ئێستا (قائیمە) ئەگەر وابێ ئەوە کەس داوای مۆڵەت ناکات. مەگەر دوارۆژ، ئەمە روون نییە، با بە شێوەیەکی روون وئاشکرا بیبڕینەوە، لەوانەیە دوو سێ شتی روون بێ لەلانی سەربازی وبێزاندنی تۆقاندن، بەڵام بەگشتی من ئەم برگەیەم لاروون نییە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە دەبێ بارودۆخەکە راست بکەنەوە، پارتی ویەکێتی پێش هەموو حزبێک دەبێ ئەوان بارەکە راستکەنەوە، وەکو کاک فرەنسۆ دەڵێ (اجازه ممارسه العمل) جیاوازی هەیە لەگەڵ (تأسیس) خاڵەکە لێرە وایە ولێرە دەبێ وابێ، دەبێ بارودۆخ راست کاتەوە وجێگیری بکەین لە ناو ئەم یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە خۆی روون وئاشکرایە لە پێشەوە دەبێ یەکێتی وپارتی (٥٠) کەس بێنن ومۆڵەت داوا بکەن وەکو حزبەکانی تر، ئەو کەسانە تەمەنیان لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێ، بۆچی ئەم جیاوازیی یە هەبێ، دەزانین رۆڵی حزبەکانی کوردستان چییە؟ پێویست ناکات دەقێکی یاسایی دانێین، بۆ ئەم جیاوازی یە هەبێ لە نێوان حزبەکاندا؟ بۆ ئێمە دەبێ یاسا پیادە بکەین وداوای مۆڵەتی دامەزراندنی بکەین لە وەزارەت یان ئەو دەستەیەی کە دانراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم مەسەلەکە بە خێرایی درێژ ئەکەینەوە، دەقەکە زۆر ڕێکو پێکە لە رووی یاساییەوە، کە ئەڵێین مۆڵەت وەربگرێ، سیفەتێکی یاساییان ئەدەینێ کە ڕاستە ئەو حزبانە هەنە، هەیە (١٠) ساڵە، هەیە (٥٠) ساڵە، بەڵام تاوەکو ئێستاکە ئەوانە سەنەدێکی یاساییان نییە کە لە دەسەڵاتێکی سەرەکی وەرگیرابێ، لە بەر ئەوە دەبێ داوای مۆڵەت بکەن وداوای مۆڵەتی کار کردن بکەن، بەو شێوەی کە هاتووە دەبێ باری خۆی هەموار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرە دوو ڕا هەیە. یەکەمیان دەڵێ:(علی أساس الأحزاب القائمة) پێویست ناکات داوای مۆڵەتی دامەزراندن بکات، ڕایەکی تریش هەیە کە دەڵێ: ( الاحزاب القائمة) دان پیانانێکە بە هەموو ئەو حزبانەی کە تاوەکو ئەو کاتە نەبوونە بە حزبی (قائم)، لە بەر ئەوە هەر حزبێ کە هەیە، مانای ئەوەیە بەدەری دەکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمێکە بیرم کردۆتەوە دەڵێم (الاحزاب القائمة) قائمەکە زیادە، چونکە ئەگەر بڵێین (الاحزاب القائمة) وەکو گوترا دان پیانانە بەزۆر حزب کە دانیان پیانەهاتووە وخۆیان بە (قائم) دەزانن، لە بەر ئەوە ووشەی(القائمە) زیادە وتەنیا بگوترێ( علی الاحزاب) پارتی ویەکێتی وهەموو بەرەی کوردستانی دەگرێتەوە، بەڵام کە ووتت (القائمە) ئەوە حزبە ئیسلامیەکان وئەو حزبانەش دەگرێتەوە کە تازە پێک هێندراون. دووەم کە دەڵێین مۆڵەتی کار بدەین، لە بەر یەک خاڵ، دامەزرێنەری پارتیمان بارزانی بووە وئێستا ئەو نەماوە، کە داواکاری پێشکەش دەکرێت بنووسرێ ئەو دایمەزراندووە، ئێمەش دەمانەوێ درێژە بە پەیرەوەکەی بدەین، مۆڵەتی درێژە پێدانمان دەوێ نەک مۆڵەتی دامەزراندن چونکە ئەو دایمەزراندووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا حزبەکانی بەرەی کوردستانی بەدەری بکەین لە برگەیەکی تایبەتی یاساکەدا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من دوو شت هەیە، یا حزبەکانی بەرەی کوردستانی وحزبە (قائم)ەکان ئیعتوبار بکەین، تەنیا داوایان لێ بکەین بارودۆخی خۆیان هەموار بکەن ومۆڵەتی کاریان پێ بدەین، یان ئەگەر بێت و نەیەنە ژێربار با ئەو حزبانەی کە هەنە ئیعتوباریان نەکەین (خاضع)ی مۆڵەت پێدان بن. ئەگەر وابێ بۆ داوایان لێ بکەین بارودۆخی خۆیان لەماوەی (٣) مانگ هەموار بکەن. هەر کاتێ

بێ، ئێستا بێ پاش هەفتەیەک بێ یا پاش (٣) مانگ یا هەر وەختێک پێڕەوی ناوخۆی خۆی هەموار بکات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رایەکەی من لەگەڵ د.کەمال یەک دەگرێتەوە، شتەکە زۆر روونە، ئایا ئەگەر ئەو حزبەی کە لە ناو بەرەی کوردستانی پالێوراوی هەبوایە لەم پەرلەمانە یا رابەری هەبوایە مەوقیعی چۆن دەبو؟ سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بێتو ئەو حزبانە بەدەر (استثناء) بکەین، مانای وایە هاودژی دەکات لەگەڵ مادە(٨)ی یاساکە چونکە مادە(٨) دەڵێ:(وتكون شخصية معنوية من تأريخ صدور الأجازة) ئێستا ئەگەر ئەوانە بەدەر بکەین مانای ئەوەیە کەسایەتی مەعنەوی نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم مادەیە زۆر گفتوگۆی لە سەر کرا، کێ لەگەڵ مادە(١٩)یە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة/ ٢٠ : لوزير العدل اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دیسان دووبارەی دەکەمەوە، تەنیا وەزیری داد تایبەتمەند نەبوو ئەگەر حزبەکان سەرپێچی بکەن، بۆیە بەڕێز، مادە بەمادە إقراری دەکەین ودەنگی لە سەر دەدەین،لە سەرەتا مادەیەکمان إقرار کرد ودەنگمان لەسەردا بۆمان نییە مادەکە بگۆڕین، (ناوخۆ) بکەین بە (داد)، نەک سۆز دەوری تیا بیبینێ وپەلەی تیا بکەین ولە دوایی دا پەشیمان ببینەوە، بۆ لەسەر ئەم یاسایە نەڕۆین ولە سەر بنەمایێکی راست نەڕۆین لەگەڵ سوپاس دا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سۆز لە کوێ یە، وەزیری ناوخۆ رێنمایی دەربێنێ لەو ماوەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ هەر (ناوخۆ) بکرێ بە (داد)، ئەوشتەی کەتایبەتمەندی وپەیوەندی بە وەزیری ناوخۆوە هەیە، پێویستە ئەویش بگۆڕن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە هیچ پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆوە نییە، ئەگەر وەزیری ناوخۆ مافی هەبێ، کەواتە وەزیری پیشەسازی و وەزیری رۆشنبیریی، هەموویان مافیان دەبێ، ئەوە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، بە لای وەزیری (داد)دا تێ دەپەڕێ، گفتوگۆ لەسەر مەرج ونامەرج دەکات، بۆ وەزیری ناوخۆ مافی هەبێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسا وپێرەوە رێنمایی دەربێنێ؟ یان وەزیری دارایی رێنمایی دەربکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادە( ٢٠ ) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەکەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة/ ٢١ : لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبنییەک هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة/ ٢٢ : على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا بزانم لیژنەی یاسا بڕیاریان داوە لە جیاتی(مجلس الوزراء)، (وزراء مختصون) دابنێن ئەوە پێویستی بە گۆڕین هەیە لە دەستەکە(وزراء مختصون) لە جیاتی ئەنجوومەنی وەزیران کە پەیوەندی یان بەیاساوە هەیە، وەکو وەزیری ناوخۆ، وەزیری داد، وەزیری پێشمەرگە، وەزیری دارایی، چونکە (وزراء مختصون) واتا ئەنجوومەنی وەزیران ناوەکەی بگۆڕین، حەز دەکەم لیژنەی یاسا ئەمەم بۆ روون بکەنەوە کە ئەمە ئەنجوومەنی وەزیران دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە دەڵێین(على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون) ئەو یاسایە لە پەرلەمان دەردەچێ لە سەر هەر وەزیرێک کە پەیوەندی هەبێ بەجێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، پێویستە لەگەڵ سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە یاساییەکان هەموویان هەر وابوون (على الوزراء المختصين) ئەنجومەنی وەزیران خۆی دەینێرێ بۆ وەزارەتی تایبەتمەند، بۆیە دەبێ بگوترێ (على مجلس الوزراء).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (٢٢): على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٢٢) کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٢٣): ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە مادەیەکمان لایە کە وتمان بۆ دانیشتنی ئایندە ئامادەی بکەین، کەوا بێ لەگەڵ ئەم مادەیەدا دوای دەخەین بۆ ڕۆژی یەک شەممە، سبەی دانیشتن ناکرێ. پێشنیارێک هاتووە ودەڵێ:

ئێستا تەرمی پیرۆزی نەمران دەگەنە ئێرە، بڕیار وایە بێتە پەرلەمان، سەرقاڵی ئەوەین، پێشنیار هەیە دانیشتن نەبێ، دوو سبەش پێنج شەممەیە لە بەر ئەوە یەک شەممە لە سەعات (٩)ی سەر لە بەیانی دانیشتنی داهاتوومان دەبێ.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

حزب رێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتی یەکی مەعنەوی یە و لە یەکگرتنێکی ئیختیاری پێک دێ لە نێوان کۆمەڵە کەسانێکی سروشتیدا کە چەند بیرو باوڕو ئامانجێکی هاوبەشی راگەیاندراو لە پرۆگرامی حیزبدا کۆیان دەکاتەوە و هەوڵ دەدەن بەرێوشوێنی دیموکراتی یانە بەدی یان بهێنن.

**ماددەی دووەم:**

١- هەر هاووڵاتی یەک لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عیراق و تیای دا نیشتەجێ بێ و مەرجەکانی تێدا هەبن، مافی بەشداریکردنی دامەزراندنی حزبی هەیە.

٢- هەر هاووڵاتی یەک لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عیراق یا هەر کەسێک کە نیشتەووڵاتی (اقامة)ی هەمیشەیی تیایدا هەبێ و هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ و لێهاتوویی یاسایی هەبێ (الاهلیة القانونیة) مافی چوونە ناو هەر حزبێک و لێ کشانەوەی بە پێ ی پەیرەوە ناوخۆکەی هەیە.

**ماددەی سێ یەم:**

سەربەستی دامەزراندنی حزبەکان مسۆگەرەو هەر حیزبێک بۆی هەیە بە تەواوی بە سەربەستی یەوە چالاکی ی خۆی بنوێنێ و ئەم یاسایە پارێزگاری لەوە دەکا.

**ماددەی چوارەم:**

مەرجە بیرو باوەرو ئامانجەکانی حزب ئەمانەیان تێدا بن:

١- چەسپاندن و پەرەپێدانی ئەو ماف و دەسکەوتانەی گەلی کوردستانی عیراق بەدی هێناون.

٢- چەسپاندنی بیروباوەڕی دیموکراتی و رێز لێ گرتنی ئەو مافانەی مرۆڤ کە لە راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیمان و باوەرنامەو بەیاننامە نێودەوڵەتی یەکاندا دیاری کراون.

٣- بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرێوشوێنی ئاشتیانەو دیموکراتیانەو باوەرهێنان بە دەستاو دەستکردنی دەسەلات (تداول السلطة) بەبێ پەنابردنە بەر توندو تیژی و ئیرهاب و لە خشتە بردن.

٤- بەکارهێنانی شێوازی دیموکراتیانە لە ژیانی حزبایەتیدا.

٥- بلاو کردنەوەی دووبەرەکی و جیاوازی لە رەگەزو ئایین و مەزەبدا.

**ماددەی پێنجەم:**

حزب پابەندی رێزلێگرتنی ماف و سەربەستی یەکانی هاوولاتیان و حزبەکان و رێکخراوە پیشەیی و میللی یەکان دەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

بۆ دامەزراندنی حزب و چالاکی نواندنی مەرجەکە:

١- داخوازیەک پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکرێ کە بە لایەنی کەمەوە (٥٠) ئەندامی دامەزرێنەر ئیمزایان کردبێ و تەمەنی ئەندامی دامەزرێنەر لە (٢٥) سال کەمتر نەبێ و بە تاوانێک (جنایە) یا کەتنێکی (جنحە) لە کەدار کەری شەرەف حوکم نەدرابێ و لەو تاوانانەدا بەشداری نەکردبێ کە دەسەلاتی داپلۆسێنەر نەخشەی بۆ کێشاون و لە کوردستاندا کردوونی دەبێ لێهاتوویی یاسایی هەبێ و خوێندنەوەو نووسین بزانێ و دەبێ بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی حزبەکەش لەگەل داخوازی ی دامەزراندنەکە دابێ.

٢- داخوازی یەکەی برگە (١)ی سەرەوە ناوو لەقەب و تەمەن و پیشەو شوێنی نیشتەجێی هەر ئەندامێکی دامەزرێنەری تێدا دەبێ لەگەل ناوی حزبەکە کە نابێ وەک ناوی هیچ حزبێکی تر بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

١- دەبێ وەزیری ناوخۆ دلنیابێ لەوەی کە داخوازی یەکەی دامەزراندن، ئەو مەرجە یاسایی یانەی تێدایە کە لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراون و ئەوسا لەماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی تۆمارکردنی یەوە داخوازی یەکە رەوانەی لای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بکا.

٢- ئەگەر داخوازیەکە مەرجە یاسایی یەکانی تێدا نەبوو دەبێ وەزیری ناوخۆ داخوازی یەکە

لەو مـاوە دیاری کـراوەی برگـە(١)ی سـەرەوەدا بگەڕێنێـتـەوە بۆ دامـەزرێنەران بۆ تەواوکردنی کەم و کوڕ ی یەکانی و لە گشت حاڵێکدا نابێ داخوازی یەکە لە یەک جار زیاتر بگەرێندرێتەوە.

٣- ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (٤٥) رۆژدا لە رۆژی تۆمارکردنی داخوازی یەکەوە لەلای بە پەسندکـردن یا بە رەت کـردنەوە بڕیار دەدا بە مـەرجێ لە حـاڵەتی رەتکردنەوەدا هۆیەکانی لە بڕیارەکەدا هەبن.

٤- ئەگەر سەرەرای بەسەر چوونی ئەو ماوەیە لە بڕگە (٣)ی سەرەوەی ئەم مادەیەدا دیاری کراوە هیچ بڕیارێک لەسەر داخوازی یەکە نەدرا وا دادەنرێ کە داخوازی یەکە بە حوکمی یاسا پەسەندکراوە

٥- وەزیری ناوخۆ بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بە ئەندامە دامەزرێنەرەکان رادەگەیەنێ.

٦- دامـەزرێنەران بۆیان هەیە لە مـاوەی (٣٠) رۆژدا لەو رۆژەوەی بڕیاری رەتکردنەوەیان پێـرادەگـەینرێ نارەزایی لەسـەر بڕیارەکـەی ئەنجـومـەنی وەزیران بەرەت کـردنەوە لە لای دەسـتـەی گشـتی دادگـای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردسـتـانی عـیـراق دەربـبڕن و بڕیاری دادگا بنبڕ (بتات) دەبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

حزب لە رۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەیەوە دەبێتە خاوەنی کەسایەتی ی مەعنەوی و بۆی هەیە چالاکی خـۆی بنوێنێ و لە پەیوەندی یە یاسایی یەکانی دا ئەو کـەسە دەبێـتـە نوێنەری کـە پەیرەوی ناوخۆی دیاری دەکا.

**ماددەی نۆیەم:**

١- پایتـەختی هەرێم یا مـەڵبـەندی یەکێ لە پارێزگاکانی هەرێم دەبێتە بارەگای سەرەکیی حـزب و بۆی هەیە لق لە هەرێم دا بکاتەوە بە مـەرجێ دەسـەڵاتی پەیوەندی داری لێ ئاگاداربکرێ.

٢- حـزب بۆی هەیە لق لە دەرەوەی هەرێمـدا بکاتەوە بە مـەرجێ وەزارەتی نـاوخـۆی لێ ئاگادار بکا.

٣- حزب نابێ بارەگا لە فەرمانگە رەسمی یەکان و دامودەزگاکانی حکومەت دا بکاتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

حزب دەشێ لەگەڵ حزبێکی تردا بەپێ ی پەیرەوی ناوخۆی هەردوو حزب تێکەڵ بەیەکتر ببن بە مەرجێ ئەنجوومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکرێ.

**ماددەی یازدەیەم :**

حزب دەبێ لە ماوەی (٣٠) رۆژدا ئەنجوومەنی وەزیران لە هەر گۆڕینێک لە پەیرەوی ناوخۆ یا لە بەرنامەیدا لە رۆژی روودانی یەوە ئاگادار بکا.

**ماددەی دوازدەیەم:**

١- نابێ دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵینەوەرانی دادگەری بچنە ناو حزبەکانەوە و هەر کامێکیان لە حزبێکدا بێ دەبێ لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی جێ بەجێ بوونی ئەم یاسایەوە واز لە فەرمانەکەی یا لە حزبەکەی بێنێ.

٢- نواندنی کاری حزبایەتی لە دامودەزگاکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە.

**ماددەی سێزدەیەم:**

حزب ئەم مافانەی دەبێ:

١- ئەو رێ وشوێنانەی راگەیاندنی هەبێ کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بە پێ ی یاسا رەچاوکراوەکان بەکاریان دێنی.

٢- سازدانی هەر کاروکردارێکی یاسایی و موڵکدارێتی هەر ماڵ و موڵکێکی گوازراوەو نەگوازراوە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی.

٣- سازدانی کۆبوونەوەو خۆپیشان دان و مانگرتن بە ئاشتی و بەپێ ی یاساو بە ئاگاداری دەسەڵاتی پەیوەندیدار.

٤- رێکخستنی میهرەجان و ئاهەنگ و کۆڕو ژیاندنەوەی بۆنەکان.

٥- کۆکردنەوەی پیتاک و قبوڵکردنی بەخشیش و یارمەتی ی ناوخۆ.

٦- قبوڵکردنی ماڵوموڵکی عەینی و کاش لە هەر لایەکەوە بێ، لە دەرەوەی هەرێم بە ئاگاداری ی ئەنجوومەنی وەزیران .

**مادده‌ی چوارده‌یه‌م:**

ئه‌و به‌خشیشـه‌ی له بووجه‌ی هه‌رێمدا بۆ حزبه‌کان ته‌رخان ده‌کرێ به پێ ی چه‌ند پێوانه‌یه‌ک که ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی دیاری ی ده‌کا دابه‌ش ده‌کرێ.

**مادده‌ی پازده‌یه‌م:**

حزب پابه‌ندی ئه‌م ئه‌رکانه ده‌بێ:

١- نه‌بزکردنی ئیرهاب به هه‌موو شێوه‌کانی یه‌وه.

٢- رێزگرتن له یاساکان و پاراستنی سه‌ربه‌خۆیی دادوه‌ری.

٣- دام و ده‌زگای سه‌ربازی و شێوه سه‌ربازی نه‌بێ و لێ ی قه‌ده‌غه‌یه چه‌کی به پێچه‌وانه‌ی یاساوه هه‌بێ.

٤- نه‌نواندنی چالاکی یه‌ک که پێچه‌وانه‌ی به‌رنامه راگه‌ینراوه‌که‌ی ده‌بێ.

٥- رێزگرتن له سیستمی گشتی و داب و نه‌ریتی گشتی.

**مادده‌ی شازده‌یه‌م :**

حزب بۆی هه‌یه به‌پێ ی حوکمه‌کانی په‌یره‌وی ناوخۆی، خۆی هه‌ڵوه‌شێنێته‌وه.

**مادده‌ی حه‌ڤده‌یه‌م:**

١- ده‌شی حزب به بریارێکی دادوه‌ری و له‌سه‌ر داوا (دعوی)یه‌ک که وه‌زاره‌تی ناوخۆی ده‌یکا به هۆی سه‌رپیچی یه‌وه له حوکمێک له حوکمه‌کانی ئه‌م یاسایه هه‌ڵبوه‌شێته‌وه.

٢- بریاری دادگا ملکه‌چی تانووت لێدانی پێداچوونه‌و ده‌بێ له لای ده‌سته‌ی گشتی پێداچوونه‌وه‌ی هه‌رێمی کوردستانی عیراق له ماوه‌ی (٣٠) رۆژدا له رۆژی پێراگه‌یاندنی بریاری هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌که‌وه و بریاری دادگای پێداچوونه‌وه بنبڕ (بات) ده‌بێ.

**مادده‌ی هه‌ژده‌یه‌م:**

له حاڵه‌تی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی حزبدا ماڵ و موڵکی گوازراوه و نه‌گوازراوه‌ی به پێ ی په‌یره‌وی ناوخۆی پاکو ده‌درێ.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

دەبێ ئەو حزبانەی کەهەن لە ماوەی سێ مانگ دا لە رۆژی جێ بەجێ بوونی ئەم یاسایەوە بارودۆخی لەگەڵ حوکمەکانیدا بگونجێن.

**ماددەی بیستەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە رێنماییی بۆ ئاسانی جێ بە جێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بکا.

**ماددەی بیست و دووەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حکومەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکا.

**ماددەی بیست و سێ یەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٠/١٠/١٩٩٣

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ١٠/١٠/١٩٩٣

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ١٠/١٠/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- تەواوكردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسای حزبەكان.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات، بەرنامەی ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر تەواو یاسای حزبەكان، ئەگەر تازە بابەتیش شتێک نییە با بێینە سەر بابەتەكە.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

تەنیا تازە بابەتێک هەیە، لە بارەی لیژنەی پەروەردە و گۆڕینی ئەندامێک بە ئەندامێكی تر لەلایەن فراكسیۆنی سەوزەوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە بەنووسراوێک كتلەكان ئاگادار دەكەین كە بیكەنە بەرنامەیەكەوە و، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ كردن لەسەر یاسای حیزبەكان، دوا شت وابزانم خاڵێک مابوو واتە یاسایەكە نزیكی تەواو بوونە. ئەویش دەست نیشان كردنی ئەو دەستەیەیە (هیئة)، لەم بارەیشەوە لەگەڵ هەردوو فراكسیۆن دانیشتووین، ئینجا پێشنیاری خۆتان دەكەن، یا ئێمە بیخەینە پێش چاو؟.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێمە هەردوو فراكسیۆن پێشنیار دەكەین ئەو دەستەیە لەوەزیری ناوخۆو وەزیری داد و وەزیری رۆشنبیری پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێشنیاری هەردوو فراكسیۆنە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەبەرئەوەی چەند رۆژێكی تر لەوانەیە چاوێك بەیاساكاندا بخشێنینەوە، لەبەرئەوە پشتگیری لە پێشمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ پێشنیاری پێك هاتنی دەستەیەك لەبەڕێزان وەزیرانی ناوخۆ وداد و رۆشنبیری كە لەلایەن هەردووكتلەوە كراوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە؟... كێ لەگەڵ نییە؟.. كەواتە بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە جێگیر كرا.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من رام وایە، ئێمە تۆزێك بە هەڵە رۆیشتین لەگەڵ مادەكاندا، لە كاتی خۆی كە دەنگیشمان لەسەردا دانگدانەكە بەو شێوەیە نەبوو، لەهەر جێگایەك ئەنجوومەنی وەزیران یان داد بێت، دەبێ وەزیری داد بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی بەرز بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، بەڕێز كاكەڕەش، لە سەرەتاوە وتمان ئەم ناتەواوییە لە كوێ یە؟ لەسەر ئەو بنەمایە دانیشتین و لەسەر ئەو بنەڕەتەش دەستەكە جێگیر بووە، جارێكی تریش چاو بەو یاسایەدا دەخشێنینەوە، وئەو رایەی كە جەنابت فەرمووت پێویستە هەموار بكرێ دەیخەینە پێش چاو. چونكە ئێمەكە دانگدانمان لەسەر كرد مادە بە مادە خوێندرایەوە ، ئەوە دەنگمان لەسەر داوەو جێگیر بووە، ئینجا لیژنەی یاسا باوەڕ ناكەم هەڵەیان كرد بێت، دوا مادەش(ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) دەنگی لەسەردرا وبەتێكرای دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

پاش هەمواركردن كێ لەگەڵ ئەوەیە كە وەك خۆی بمێنێتەوە. كێ لەگەڵ ئەوە نییە؟.. كەواتە بە زۆربەی دەنگ پاش هەمواركردنی یاسای حزبەكان پەسەند كرا؟

سەبارەت بەو پێشنیارەی كاك د.كەمال فوئاد دەربارەی پالاوتنی كاك عوسمان دزەیی بۆ لیژنەی پەروردە لەجیاتی كاك ئەحمەد تاهیر كێ لەگەڵ ئەوەیە جێگیر بكرێ لەبەرنامەی ئەمڕۆدا؟.. سوپاس. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا. كێ لەگەڵ ئەوەیە كاك عوسمان دزەیی ببێتە ئەندامی لیژنەی پەروەردە لەجیاتی كاك ئەحمەد تاهیر نەقشبنەدیی؟. بەمە دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو.. پیرۆزبایی لە هەمووان دەكەین.

سبەی كۆبوونەوەی لیژنەكانە، رۆژی سێ شەم رۆژی لێپرسینەوەی حكومەتەو بۆ باس كردنی ئەو راپۆرتەی كە پێیان گەیشتووە دەبێ بۆ رۆژی سێ شەم وەزیرە تایبەتمەندەكان لێرە بن بۆ گفتوگۆی ئەم راپۆرتە، چوارشەممەش دانیشتنی داهاتوومان دەبێ، با بزانین لیژنەی یاسا چی بۆمان ئامادە كردووە.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆمان هەیە ڕۆژی سێ شەممە پرسیار لە حکوومەت بکەین یان تەنها ئەو ڕاددەیەی دامان ناوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی تەنها ئەو ڕاپۆرتەیە.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێک ئەکەم، ئەگەر مۆڵەت هەبێ ئێمە وەفدی پێشوازیمان هەیە بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان، کۆبوونەوەی لیژنەکان یەک دوو سەعات دەخایەنێت. هەموو ڕاپۆرتەکان با دوای کۆبوونەوەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا / جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو ڕۆژە بڕیار وابوو بۆ ڕۆژانی یەک شەممەو دووشەممە و سێ شەممە و چوارشەممە پاش نیوەڕۆیان کۆبوونەوەی گشتی هەبێ بەنسبەت لیژنەکان لەو ڕۆژانە خۆیان دەسنیشانی ئەوە دەکەن کە ئەگەر کۆبوونەوەی گشتی نەبوو لەو ڕۆژانە کۆبوونەوە بکەن یان نا، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتیان لەسەر ئەوە کرد ڕەزامەندی بکەن تا سەرۆکایەتی دووشەممە و سێ شەممە لە هەموو هەفتە ئەندامان لەناو پەرلەمان دا ئامادە بن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دەزانن هەفتەی ڕابووردوو لەسەر بڕیاری پەرلەمان ڕەزامەندی کرا بچن بۆ ناوچەی بادینان. ئێمە بۆچوونێکمان هەیە بۆ ئەو وەزعە، هەندێک پرسیارمان هەیە ئینجا ئایا ئەو پرسیارانەی کە ئەیکەین لە حکومەتی بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وەفدەی کە ڕۆیشت ڕاپۆرتمان بۆ دەنێرێ، ئەو ڕاپۆرتە دەنێرین بۆ هەردوو کتلە وا حەز دەکەین ڕۆژێکیش دەست نیشان بکەن بۆ گفتوگۆ کردنی، بۆ نموونە چوار شەممە ئەو شتە باس دەکەین و ئەگەر بەرژەوەندی پێویست دەکات ئاگادارمان بکەنەوە، چ وەزیرێک پێویستە بۆ چوارشەممە بێت، ئەگەر بتوانن هەندێکیان بێن گوێ لەو ڕاپۆرتەی ئێوەش بگرن، ئینجا هەندێ گفتوگۆش هەبوو کە پێویستە بکرێ، با بزانین چ ڕاسپاردەیان هەیە، وابزانم بەو شێوەیە باشترە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوایەکم هەیە، ئێوە دەڵێن دیموکراتیەت لەناو خەڵکی ئێمە دەبێ زیاتر بایەخی پێ بدرێ، من قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بەڕێزان کاک فرەنسۆ و کاک دکتۆر کەمال لە مکتەبی سیاسی ڕێک

کەوتن لەسەر خاڵێک بکەن، بێتە ئێرە گفتوگۆ لەسەر ئەو خاڵە بکەین، ئێمە حەقمان نییە لەسەر خاڵەکە ڕێک کەوتوون، بەڵام ئەو خاڵە دەبێ لەپەرلەمـان باس بکرێ و برادەران ڕای خۆیان هەیە بیلێین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

من پێم وایە تۆ ئەڵێی کە قسەیان کرد قسەکانی خۆیان بەراستی و بەدروستی نەکرد، وەکو (لا تقربوا الصلاة وانتم سکاری) بەجێیان هێشت، ئێمە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین مامۆستا زۆر کەموکوڕی لەناو یاسای کارپێکراودا هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕیانە بڕیارماندا چاو بەیاساکاندا بگێڕینەوە، ئەو فیکرەی لەبۆچوونی جەنابتاندا هەیە ئێمەش دەری دەخەین، بەڵام نەمانویست زۆر لەسەری بڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن:**

لەراستیدا کەم لە پەرلەمان هەیە لەدونیادا بەقەدەر پەرلەمانی ئێمە دیموکراتیەت پیادە بکات و گفتوگۆ لەسەر شت بکات، بەو ڕاددەیەی کە زۆر جار ئێمە لێرە بە برادەران ئەڵێین لە بنەماکانی پەرلەمان دەرنەچن، کە زۆر شت وەها گفتوگۆ دەکرێ بەو شێوەیە کە لە زۆر پەرلەمانەکانی جیهان شتی وا نییە، هیوادارم ڕۆژێک زووتر بتوانین ئەو ڕاستییە بسەلمێنین بۆ ئەو برایانەی کە هێشتا هەست دەکەن بواریان نییە ڕای خۆیان دەربڕن، هەمووشتی لەبارەی ئەم یاسایەوە براندرایەوە وبەزۆربەی دەنگ بڕیاریان لەسەردرا.. لێرەدا دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو ئەبێ بۆ دوو شەمە، وەک وتمان ڕۆژی سێ شەمە ڕۆژی لێپرسینەوەی حکوومەتە، چوارشەممەش ئەو بابەتەی کە باسمان کرد، بۆی هەیە بابەتی تریشمان هەبێت کۆی بکەینەوە و هەمووی پێکەوە باس بکەین.. زۆر سوپاستان دەکەین ئەمڕۆ بۆ ئەو دەورەی کە بینیتان لە کاتی گەیشتنی تەرمی هەردوو نەمران بۆ پەرلەمان، بەراستی ئەزیەتی زۆرتان کێشا، زۆر زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لەپەرلەمانی کوردستاندا لەتەرمی نەمران کراو توانیمان بەجوانی بەڕێوەی بەین و هیوادارین هەموو کاتێک بەو شێوەیە تەبایی و برایەتی لە نێوانماندا هەبێت، مەناخێکی باشمان لە پێشە بەیاری خوا ئەو برایەتی و تەباییبە هێشتا بە هێزترو بە گوڕ تر دەبێت.. زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٢/ ١٠/ ١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٢/١٠/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٢/١٠/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دایشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەرووی ئابووری و هێمنی وئاسایشەوە.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین. وەک هەموو سێ شەممەیەک حکوومەت ئامادە دەبێ، ئەو ڕاپۆرتەمان لەبەردەمە لەسەر بارودۆخی کوردستان، بەتایبەتی باری ئابووری و وزە و هێمنی و ئاسایش، چەند ئەندامێک ڕاسپاردرابوون کە ڕاپۆرتێک ئامادە بکەن ئەوە بوو ڕاپۆرتەکە پێش ماوەیەک ئامادە کرا، ئێستاش وا دراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران وبڵاو کرایەوە بەسەر هەمووتاندا ئەمڕۆش ئەم دانیشتنە تەرخان کراوە بۆ ئەو ڕاپۆرتە، هیواداریـن بتوانین لەم دانیشتنەدا تەواوی بکەین، ئەگەر مایەوەش دەیخەینە دوای نیوەڕۆ بەڵکو ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە تەواو بکەین، بەڵام وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ڕایگەیاند دوو وەزیرمان لێرە نین، وەزیری وزە بەکاروباری ڕەسمی لە هەولێر دەرچووە. وەزیری شارەوانییەکانیش لەگەڵ ئەو وەفدە ڕەسمییە چووە بۆ بروکسل. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لێرەیە ڕەنگە قەرەبووی زۆر شتمان بۆ بکاتەوە کە هاتینە سەر گفتوگۆیەکە.. جا ئەگەر تازەبابەتیش هەیە.. فەرموون.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێ تازە بابەتیش هەیەو کۆنە بابەتیش هەیە، بەڵام ڕەنگە ئەمڕۆ جێگەی نەبێتەوە

لەبەرئەوەی بەرنامەکەمان هەندێ قەڵەباڵغە، ئەو راپۆرتەی کەوا نووسراوە، جارێ دەزانین لیژنەیەک پێک هاتووە بۆ ئەوەی ئەم راپۆرتە بنووسێ. بەڵام بەداخەوە لە بیریان چووە ئیمزاکەیان بکەن، نەیان نوویسوە لیژنەکە کێن؟ ئەندامەکانی کێن؟!.

دووەم: ئەو راپۆرتەی پێشکەش کراوە بەسەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەمە راستە، بەڵام ئەوانی تر هیچ لە جێگای خۆیدا نییە، ئەو لیژنەیە پێویست بوو بەرەو رووی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بکات. لە رێگەی ئەویشەوە بەرامبەر بە ئەندامان و وەزیرەکان، من لەم بارەیەوە پێشنیار دەکەم ئەو وەزیرانەی کە لێرەن لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەن ئەو برگانەی نوسراون بەرامبەر ئەوان بخوێندرێنەوە. پرسیاریان لێ بکرێ، ئەوانیش یەک بەیەک وەڵامیان بدەنەوە بۆ ئەوەی زۆر کاتی خۆمان نەکوژین بە خوێندنەوەی هەندێک پرسیار. کە هەندێک لە وەزیرەکان لێرە نین. مەبەستم لەوەیە ئێستە وەزیری پیشەسازی لێرە نییە ئەوەی پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆ هەیە، وەزیری شارەوانی لێرە نییە، وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و رۆشنبیری لێرەنە، وەزیری دارایی لێرەیە، ئەو پرسیارانە لە وەزیرەکان بکەین کە لێرە ئامادەن. وابزانم ئەوە زۆر کاتمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئێمەش وەڵامی پرسیارەکان وەردەگرینەوە، چونکە ئەو راپۆرتە بریارماندا ئامادە بکرێ، چونکە هەندێ پرسیار دەکرێ لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە، پرسیارەکان رەوان و ئەندامانی پەرلەمان وەک و نوێنەری میللەت پێویستە ئەو پرسیارانە بەرەو رووی کاربەدەستان بکەنەوە کە ئەنجوومەنی وەزیرانە بۆ ئەوەی کە بزانین ئایا ئەو بریارانەی کەوا دراون بۆچ جێبەجێ نەکراون؟ رەنگە لەلای خەڵک گرنگ بێ، هەندێ پرسیار هەیە، لەوانەیە خۆی لە خۆیدا راست نەبێ، پێویستە ئەویش راست بکرێتەوە بۆ خاوەن پرسیارەکان یا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، چونکە ئێمە مەبەستمان لە نووسینی ئەم راپۆرتە ئەوەیە کە راستی روون بێتەوە، جا ئەگەر بێتو وەزارەت بە وەزارەت دەست پێ بکەین، ئەو ئامانجەش بەجێ دەهێنین، هەروەها کاتیشمان بۆ دەگێڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تازە بابەت نییە، بەڵام مەسەلەی ناونیشان ئەوە شتێکی نیزامییە لە کاتی خوێندنەوە ئەگەر بەو شێوەیە پابەندی بکەین، بەڕێز سەرۆک وەزیران لێرەیە، رەنگە هەندێ شت پەیوەندی بەو وەزیرەوە بێ کە لێرە نییە، ئەگەر بخوێنرێتەوە خراپیش نییە، زۆر کەمیشە، لاپەڕەیەک، لاپەڕەو نیوێکە با پێیا بچینەوە بەڵکو لە لەنێوان قسەکردندا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بتوانێ وەڵامی هەندێ لەو پرسیارانە بداتەوە با شێوەیەکی گشتیش بێ، ئیتر ئەگەر زانیمان پێویستە، ئەو کاتە هەڵیدەگرین بۆ کاتێکی ترو بەشێوەی پرسیار دەینرێنەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بیدات بە وەزیری تایبەتمەند، بەڵام بە گشتی بەو شێوەیە بکرێ، مادام بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی لێرەیە بەڵکو چارەی هەندێ لەکێشەکانمان بۆ بکات و، وەڵامی هەندێ پرسیار بداتەوە، ئەو کاتە ئیشەکەمان بۆ ئاسان دەکات، وەک وتم ئەوانەی پەیوەندیان بەو دوو

وەزیرەوەیەکەمن، لەوانەیە لاپەڕەو نیوێک زیاتر نەبێ، تەنها خوێندنەوەیە، چونکە ئەو برادەرانەی نووسیویانە گفتوگۆ ناکەن، تەنها لێرە دەخوێنرێتەوە پاشان ئەندامانی پەرلەمان هەرەیەک لە بواری خۆی دەتوانێ گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکات و ناونووس دەکرێن.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەرئەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرەیە من بە دەرفەتی دەزانم کە بەراشکاوی بڵێم: هەر کۆنگرەیەک لە ئەوروپا گیرا وەزیرەکان بەغار چوونە ئەوێ. بەڵام ئەمە دوو مانگە شاری دهۆک بێ کارەبایەو هەندێک لەو وەزیرانە بەتایبەتی بۆ ئەم بابەتە لەو بارودۆخە سەردانی شاری دهۆکیان نەکرد، من داوای وەڵامی ئەو پرسیارە ئەکەم، بۆچی بۆ ئەوروپا خەڵک هەبێ بچن، بۆ بۆ خەڵکی ستەمدیدە ونەخۆشی کەس نەچێ سەریان لێ بدات؟ مەرج نییە وەزیری تایبەت مەند بێ، با جەنابی سەرۆک وەزیران داوا لە وەزیرێکی تر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی کاک ئیبراهیم، ئێمە دەرگای پرسیارمان نەکردۆتەوە، چونکە کۆبوونەوەکە تەرخان کراوە بۆ بابەتێکی دیاری کراو، فەرموو کاک عەبدوڵلا:

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک ئیبراهیم ئەو پرسیارەی کرد، چونکە ئەو رۆژە لەدەست پێ کردنەوەی دەورەی دووەمی پەرلەماندا باسی ئەوەم کرد کە (٤) ملیۆن دینارمان تەرخان کردیە بۆ کڕینی مولیدات لە بۆ پارێزگای دهۆک، بیستم کە من رۆیشتم کاک ئیبراهیم باسی کردووە گوتوویەتی (٢) ملیۆنە، ئێمە بۆ مەسەلەی کارەبای دهۆک ئەو رۆژەش باسم کرد یادداشتمان داوەتە ئەنجوومەنی ئاسایش، داومانەتە نەتەوە یەکگرتووەکان، بایی (٥ر٤) ملیۆن دینار مولیداتمان بۆیان کڕیوە (٥ر٢) ملیۆن دینار بە ئیمزای منە، (٢) ملیۆنیش بە ئیمزای کاک د.رۆژە، هەروەها چەندین مۆتۆری کارەباشمان لە دەربەندیخان و لە دوکان ولە سلێمانی ولەو شوێنانە دەستکەوتووە ناردیتمان، دەتوانم بڵێم ئێستاکە توانیومانە گرفتی ئاوی دهۆک چارەسەر بکەین بۆ ئەوەی ئاوەکەیان هەبێ، مەسەلەی کارەباش دیارە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، شتی تریش کرا کە لەوانەیە لە دەسەڵاتی حکوومەت نەبووە، دەست پێشخەری وا کرا کە کارەبا بدرێتەوە دهۆک و لێرەش لیژنەمان پێک هێناوە بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی پێویستی یەکانی دهۆک لەبارەی کارەبا و بەگەڕخستنەوەی بیرەکانی ئاوی ئۆردووگاکانی پارێزگای دهۆک.

دوێنێ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هاتبوو چاوی بە وەزیری وزە کەوتبوو، باسی کردبوو کە بطرس غالی و الیاسون طارق عزیزیان ئاگادار کردۆتەوە کە دەبێ کارەبای دهۆک بدەنەوە، ئەوانیش باسیان کردیە کە کارەبای عێراق بە گشتی خراپە. وتوویانە لیژنەیەک دەنێرین کە کارەبای عێراق بپشکنێ، ئەگەر لە عێراق هەمووی خراپ بووە ئەوە مەسەلەیەکە ئەگەر نا- دەبێ کارەبای دهۆک وا نەمێنێتەوە لە ئەنجامی ئەوە دیارە لەلایەن پەرلەمانیش یادداشتێک دراوە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە هەر وەفدێک و هەر نوێنەرێک کە هاتبێ سەردانی حکوومەتی کردبێ یادداشتمان پێ داوەو خۆشم بەتایبەتی زیاتر لەچەند جار پەیوەندیم لەگەڵ نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کردووە لە ئەمەریکا کە زۆر بایەخ بدەن بەو مەسەلەیە وەکو باسیشم کرد لەیەکەم کۆبوونەوەی خولی دووەم کە دهۆک گرنگییەکی جوگرافی و سیاسی هەیە لە کوردستانی عێراقدا، هەروەها دەزگایەکی ئەساسیشە بۆ ئێمەو پێمان وایە ئەو بارەی دهۆک (تحدایە) بۆ M.C.C و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر نا، ئاکرێ و شێخان و دەوروبەرەکەی کارەبای لەسەر موسڵە، بۆچی نەیانبڕیووە؟ هەتا ئەم قسەیەمان بە نوێنەری M.C.C و نەتەوە یەکگرتووەکان وراوێژکاری سیاسی گوت، سەفارەتی بەریتانی هەوڵی زۆری لەو بارەیەوە خەرج کردووە ، سەردانیشی کرایە، بەڵام وەفدێکی ترمان ئامادە کردبوو، کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆک و جێگرەکەی سەردانی دهۆک بکەین و ئەو مولیدانەش بیەینە ئەوێ، جگە لەوەی کە ناردوومانە، بەڵام هەندێ شت دێتە پێشەوە. بۆ نموونە کۆنگرەی پارتی و هێنانەوەی تەرمی بارزانی، و ئەو وەفدەش کە چووە بۆ ئەوێ تەنیا وەفدی پەرلەمان نەبووە، هی پەرلەمانی تێدایە، هی حکوومەتی تێدایە، ئی حزبەکانی تێدایە، ئەو کۆنگرەیەی برۆکسلیش کۆنگرەیەکی گرنگە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و یارمەتی دانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی وەزعی گوزەرانی خەڵکی کوردستان پێویستە، دەبێ بچن، مانای ئەوە نییە ئەو برا وەزیرانە بۆ خۆشی خۆیان بەسەردان چووینە یان بۆ گەڕان چووینە، هەندێکیان بە پەلە پەل راپۆرت و پێداویستییەکانی کوردستانیان ئامادە کردووە و بریکاری سەرەک وەزیران سەرۆکایەتی ئەو وەفدە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. هەروەک کاک عەبدوڵڵا روونی کردەوە وابزانم مانگرتن تەواو بوو. ئەوەی دووریانی (ئالۆکە) تەواو بوو ،دوێنێ بە ئامادەبوونی رێکخەریUN لە دهۆک و پۆلیسی دەوڵەتان وبەرپرسی یونیسیف و لەگەڵ کاربەدەستانی خۆمان لەوێ، گفتیان داوە وەک سەرۆکی وەزیران باسی کرد لە ١٠/٢١ دوو لێژانی ئەمریکی بگەنە وڵات بۆ مەسەلەی کارەبا، ئەگەر کارەبا خراپ بوو چاکی بکەنەوە، گفتیان داوە کۆمەڵێک (مولیدە) بنێرن، دوێنێ مانگرتن تەواو بوو و خەڵک گەڕانەوە سەر ئیشوکاری خۆیان.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان،**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ڕێزوسلاو:**

لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٩٣/٩/٢٧ی ئەنجوومەندا، دەربارەی باری ئابووری هەرێم چەند وچوون کرا، لەئاکامی ئەو لێوە دواندنەوە ئەم لیژنەیەمانی لێوە پێکهات، بۆ مەبەستی را کۆکردنەوە ویەک خستنیان لە دوتوێ ڕاپۆرتێکدا کە پووختەی بیروبۆچوونی ئەندامە بەڕێزەکانە، بەو بۆنەیەوە کە نوێنەرانی ئەم گەلە مەزنەن و لەنزیکەوە لەناخی بارو دۆخەکەیان ئاگادارن و ئەوەی خولیا وخەمی تێکڕای خەڵکەکەیە، لەدەقی ئەم ڕاپۆرتەدا دەژی، لەسەرەتاشەوە پێشتان دەکەوین، کەوە نەبی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بێ، یان لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ بێ، چونکە کورتی ماوەکە ئەو مەودایەی نەداین، ئەوەی لە ئەستۆی ئێمەشیان نابوو، زیاتر بۆ زانیاری کۆ کردنەوە بوو، نەک قووڵبوونەوە یان باسێکی تەواوەتی پێشکەش کردن، هەر بۆیە پتر خەستبوونەوەیە و نیشانە گرتنەوەیە بەپێی زانیاری تایبەتی بە وەزارەتەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بە پاڵ پشتێکی گەورەی ئابووری هەرێمەکەمان دادەنرێ، ئێمەش لایەنە ناتەواوەکان ودزێوە دیاردەکان، وچەوتە شێواز وخوار ڕەوتی وخراپ مامەڵەیی وڕێنمایندەی هەرەمەکی وکەمتەرخەمی وچاک بەڕێوە نەبردنمان بەسەر کردۆتەوە.

دەبێ بشڵێین کە ڕاگەیاندنی حکومەت بەشێوەیەکی گشتی نەیتوانیوە لەکارەکەیدا سەرکەوتووبێ، بۆ ئەوەی لە بواری گیروگرفتی ئابووریدا بتوانێ بەباشی کار لەرای گشتی ناو هەرێم بکات. هێشتا وەکو بەشێوازێکی تەواو سەرەتایی لەگەڕدایە، ونەیتوانیوە مۆرکی کەسایەتی سەربەخۆ بۆ خۆی بکێشێ، ونەیتوانیوە جەماوەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێ.

هەروەها دام ودەستگاکانی حکومەت نەیتوانی بڕیارو یاساکانی پەرلەمان بسەپێنێ وبچەسپێنێ، وەک پەیوەست نەبوونی بەو بڕیارەی کە تایبەتمەندی قەدەغە کردنی ئاودیو بوونی ماشێن وئامێر وکەل وپەلی بیناسازی بوو، جگە لەوەی گەلێک دەستگای بەڕێوەبەرایەتی لەخۆیەوە ڕەسم دەسەنێ وبەزۆرە ملێ پیتاک کۆ دەکاتەوە، بەپێچەوانەی یاسای پیتاک گەرییەوە.

هەروەها حکومەت نەیتوانیوە بڕیارەکانی بسەپێنێ وسنووریێ بۆ هەڵپەی دەرفەت بینە ڕەوان ببینێتەوە؟ بۆ نموونە زۆربەی بازگاکانی پشکنین کراونەتە شوێنی ڕاو ورووتکردنەوە وگیرفان پڕکردنی ئەوانەی لەوێدا کاردەکەن، وبێ سڵ وشەرمکردن لەڕۆژی نیوەڕۆدا و لەبەر چاوی خەڵکی پارە لەهاووڵاتیان دەسەنن، هەر چەندەش ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری بازگا کەمکردنەوەو نەهێشتنی گەلێکیانی داوە، بەڵام هێشتا وەکو مەرەکەبی سەر کاغەزەو چی دی!.

گەلێک لەدەستگاکانی وبەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت لەخۆیانەوە فەرمانی یاسا شکێنانە دەردەکەن وپەیڕەوەکان دەمێنن و لەکاریان دەخەن وبڕیاری ئەوتۆ دەردەکەن کەدەری دەسەڵاتیانە،

ئەمانە زیاتر دەبنە هۆی شێواندن وتێکدانی بارودۆخەکە، هەروەها ئاشکرایە کە دەستگاکانی حکومەت گرفتی زیادە کارمەندی تووش هاتووە وژمارەیەکی زۆر لەکارمەندانی بێ کارن، راژەکانیش سەقامگیر نین وهەمیشە لەبەرزبوونەوەدان، کەچی لەبری چارەسەری ئەو دیاردەیە دەبینن حکومەت بەبێ وەستان لیستی فەرمانی دامەزراندن دەردەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو وەزارەتانەی ئەوانەی بۆ دادەنرێن هیچ پێویستیەکیان پێیان نییە واتە هەر بۆ مەبەستی دامەزراندنە، ولەهەمان کاتدا بۆ گەڕاندنەوەی دەرکراوە سیاسییەکان هیچ ئاکامی دیار نییە!.

لەهەمان کاتیشدا بۆ نەگەڕاندنەوەی چەندین بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکن بیانووی نەدارایی دەهێنرێتەوە، هەروەها ئێستاش گیروگرفتی خانەنشینان بێ چارە سەرەوکێشەی مووچەی پێشمەرگە وخێزانی شەهیدان لەخانەی مەحاڵ دان، ئەوە دەست بلاویش لەو پەڕی دەخشان وپەخشانکردنی پارەدایە، وزیاد بوونی مووچە و سەرمووچە وچەشنەها زیادەی تەرخان مەندی بە بڕیاری سەر پێیی و بێ لێکۆڵینەوەی بابەتیانە دەدرێ، وئەمەش بەپێچەوانەی دەسەڵاتداری یاسا کار کەرەکانەوەیە، ئیدی ئەو سەرنجانەی دەربارەی وەزارەتی پیشەسازی و ووزەو ناوخۆ ودارایی وئابووری وکشتوکاڵ وئاودێری و لەگەڵ شارەوانی وگەشت وگوزار دەخەینە بەرچاو. لەو روانگەیەوە کە بەوانە بنچینەی ئابووری هەرێم دەتوانێ پشت ئەستوور بێ.

لەلایەن بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانەوە داوای راوەستاندنی ئەم راپۆرتە دەکرێ.

وەزارەتی پیشەسازی:

ئەوەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە دەربارەی وەزارەتی پیشەسازی تێبینی کراوە وباسی لێوە کراوە، پوختەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ:

یەکەم: وەزارەتەکە ژمارەیەکی باش لەدام ودەسگای پیشەسازی هەیە کە لەتوانای کارکردن و بەرهەمهێناندان، بەڵام دەبینرێ زۆربەیان لەکار کەوتوون، چ بە یەکجارەکی یان بە بەشێکی، کەم کەرەسەیی ونەبوونی پارچە وسوتەمەنی ناکرێنە بیانوو وبەپۆزش وەرناگیرێن، لەکاتێکدا دەتوانرا بەکۆمەککاری لایەنی تایبەتمەند (القطاع الخاص) ئەو کارگانە بخرێنەوە گەڕ، بەهۆی کارامەیی وشارەزایی وچاک بەڕێوەبەرایەتی وتوانای داراییانەوە، زیاتر لە بەڕێوبەرایەتی حکومەتیە بیرۆکراتییەکان، ئەمەش بەدروست کردنی کۆمپانیای هاوبەش، کە حکومەت راژەی زامنکەرەی دەسەڵاتداری خۆی بەسەریاندا بپارێزێ.

هەروەها ئەو کارگانەی هەنوکە لەکاردان، دەتوانرا وەک پێویست وزەی بەرهەمهێنەریان وەکار بخرێ، هەر لەسەر هەمان بیانوو هێنانەوەی لای سەرەوە ئەوقن، هاوولاتیانیش دەرکیان بەوە کردووە کە وەزارەت هیچ هەنگاوێکی بۆ دەربازبوونی ئەو گیربوون وتەنگییە نەناوە، جگە لەوەی وەزارەتی پیشەسازی بەپێی یاسای بووجەی هەرێم بڕیار بوو نزیکەی (٣٥٠ ملیۆن دینار) مسۆگەر ودابین بکات، بەڵام واساڵ روو لەکۆتایی بوونە ونەک ئەوەی ئەنجام نەگەیاند، بەڵکو ئەوەی گەیشتبێ بەشایانی ئەو مەزندەی داهاتەی کە بڕیار بوو ،شیاوی ناوبردن نییە.

دووەم: هێندەی سامانی سروشتی لەهەرێمدا هەیە گاڵتەی پێ ناکرێ وگەر بتوانرێ بەچاکی بەکار بهێنرێ ئەوا هاوولاتیان لەگەڵێک گیروگرفت وتەنگ وچەڵەمەی بارگرانی رزگار دەکات کە پێوەی دەناڵێنن، وەک نەوت، ئەگەر رێگرەی سیاسی بۆ ناردنە دەرەوەی هەبێ، ئەوا بۆ بەکار هێنانی خۆیی بروا ناکەین بەر بەست هەبێ، هەروەها خەڵوزی بەردین کە بەزۆری هەیە ودەتوانرێ بەکار بهێنرێ چ وەک هۆ گەرمکردنەوە، یان خۆراک لێنان، هتد، لەکاتێکدا دەبێتە جێگرەوە وباری شانی هاولاتیانیش سووک دەکات، هەروەها پانتاییەکی فراوان لەجەنگەڵستانەکان لەکۆتایی پێ هاتن دەپارێزدرێ، ولەخۆیدا دەبێتە چاوگێکی باشی داهات، هەروەها چەشنەها کانەبەردی هەمە جۆر هەن، لەو مەرمەرو بەردانەی کە ئەندازەیەکی جیهانی یان هەیە، دەتوانرا لەکار بهێنرێ ودەرهێنانیان بەشێوەیەکی ئابووری رێک بخرێ، هەروەها بەبێ هیچ هۆیەکی ماقووڵ، هەر چۆن ئەو باجەی لەسەر سەپێنراوە لەخووە کراوە وسەرپێچی کردنی یاسایە، وبەبێ ئاگای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کراوە، کە دەزانرێ گشت باج دانانێ، یاسایی بێ ویاسا پێندەری بێ.

سێ یەم: لەبارەی داهاتەوە، کارەبا بەچاوگێکی سەرەکی داهات دادەنرێ، بەلام وەک سەرنج دەدرێ، دزێوە دیاردەی، وزەی کارەبا دزین لەسەر جەمی شاروشارۆچکە ورێگاو بانەکاندا وبە بەرچاوی کارمەندانی بەرێوەبەرایەتییەکانی کارەباوە دەکرێ وسەیر دەکرێ تائێستا چ جولاندنەوەو هەڵوێستەیەک دەرحەقی نەکراوە، هەر چۆن بەپێی یاسای سزاکان بەرێوەبەرایەتی کارەبا دەبێ سەرپێچکەرەکان هەوالەی دادگا تایبەتمەندەکان بکات، ونەک تەنها لابردنی سەرپێچیەکەیان بە سەپاندنی پارە دانێک بەسەریاندا، هەموان دەزانن ئەم جۆرە دەست درێژیانە دەبێتە مایەی کەم کردنەوەی سەرچاوەکان، وەنەبێ بە باج سەندنێک لەسەر سەرپێچیی کەرەکە بتوانێ لەکارەساتی سەرپێچیەکە کەم کاتەوە، هێندەش لە رووی هونەرییەوە خراپ دەکەوێتەوە وبەتایبەت کە وزەیەکی زۆر بەفیرۆ دەبات.

بەلایەنی پارە وەرگرتنی کرێی کارەباوە، کارەکە زۆر بەشەکەتی بەرێوە دەچێ، بەشێوەیەک داخ بەدڵ دەگەینێ وهیوا بری دەبەخشێ.

وەک دەزانرێ لەراپەرینە مەزنەکەوە تا ئێستاکە، کرێی کارەبا سەر یەک کەوتووە وکۆنەکراوەتەوە، کەمێک نەبێ کە هیچ نییە بەرامبەر ئەو هەموو کۆبوونەوەیە، بەبیانووی ئەوەی گوایە ئامێری کۆمپیوتەر بۆ رێک خستنی فۆرمی کرێی کە نییە، کە دەشزانین لەعێراقدا هەر دەساڵێکە کۆمپیوتەر بەکار دەهێنرێ وگەلێک لەولاتانی جیهانی سێ یەم هێشتا وەکو هەر لەسەر شێوازە کۆنەکە کاروباری کرێی کارەبا نووسی و وەرگرتنی بەئەنجام دەدەن، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکەش لێمان ئاشکرایە کە سوپایە لەزیادە لەبوون وان لە وەزارەتی پیشەسازی و بێ کارن، دەتوانرێ ئەو ئەرکەیان پێ بسپێرێت.

وەزارەت دەیتوانی کاروباری کرێی کارەبا کۆکردنەوەی بەرێک وپێکی بێ و بەسەر دیاردەی وزە دزیندا زاڵ بێ، وژمارەی هاوبەشانی کارەبا کارکەر (٣٦٠/٠٠٠) بەشداره وگەر بێتوو حیسابی

تێکڕای کەم کرێی بەکار هێنانیشی هەر هاوبەشە مانگێ بە ( ٢٠ ) دینار دابنێین ئەوا داهاتی مانگانەی دەگاتە نزیکەی (٧ملیۆن دینار)، وە ئەگەر هاتوو سەربەک کەوتووەکانی پێشوش لێکدەینەوە ئەوا لەسەد ملیۆن دینار پتر دەبێ، بەڵام لەو بڕوایە داین کە مۆکەیەک نەبێ تا ئێستا چی دی کۆ نەکراوەتەوە، هەروەها هیچ هەوڵێکی چاکی ئەوتۆ نەنراوە بۆ پەیوەست کردنی شەبەکەی کارەبای هەرێم بەیەکدییەوە، هەر چۆن گەیاندنی کارەبای دەربەندی خان بەسلێمانییەوە زۆر بەخاوو خلیچێکی دەڕوا، گوایە نەبوونی بارامتەی داراییی ڕێگرە/ وەک چۆن بەیادمان کرد گەر داهاتەکانی وەزارەتی پیشەسازیی بەچاکی ئەنجام درا با دەیتوانی پشت ئەستووری خۆی بێ ودابین کردەی خەرجی ئەو پرۆژەیە بێ.

**وەزارەتی ناوخۆ:**

یەکەم: بڵاوبوونەوەی دیاردەی بازگا بەشێوەیەکی نەگونجاو لەتەکە گشت ئەندازەو پێداویستیەکی ئاسایش گەڕی دا، جگە لەوەی ئەوانەی کاری تیادا دەکەن بۆ مەبەستی ڕاو وروتکردنەوەو بەرتیل وەرگرتنە، هەرچەندە بەر لەمانگێک لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕیاری کەمکردنەوەو نەهێشتنی زۆربەیان دەرچووە، بەڵام تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە.

دووەم: دەست درێژی بۆ سەر یاساو نەجوڵاندن لەئاستیدا.

سێ یەم: کەمتەرخەمی ئاشکرا لەجێ بەجێ نەکردنی بڕیارو یاساکانی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا، وهەڵس وکەوت کردن بەپێچەوانەیانەوە.

چوارەم: هاتنە ژوورەوە وچوونە دەرەوەی بیانیان بۆ هەرێم تا ئێستا ڕێک نەخراوە.

پێنجەم: دەربارەی چاو پیاخشاندنەوەی ئەو مووچانەی بەئەفسەران وپلەدارانی پۆلیسی بۆ خزمەت گەراوە دراون، ئایە یاسا وپەیڕەوەکانی بۆ ڕەچاو کراوە؟ ودەربارەی ئەوانەش کە بەهۆی تەواوکردنی تەمەنی یاساییەوە دەبێ خانەنشین بکرێن چی کراوە؟ کە ئەمانە بوونەتە مایەی بارگرانی داراییی هەرێم.

شەشەم: ڕووداوی دزی شەوانە وئۆتۆمبێل فڕاندن وتاڵانکردنی بازاڕو دوکان، نیشانەی نەبوونی ئێشکگران وچاودێرییە.

وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار:

وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار بەو بۆنەوەیەی کە یەکێکە لەوەزارەتە خزمەت گوزارەکان و خاوەن موڵک وخانوو بەرەیەکی زۆرە، دەتوانێت کاریگەرێکی گەورە بێ بۆ زیاد بوونی داهاتی حکومەت، بەڵام بەهۆی یاری کردن بەموڵکەکانییەوە چ لەکاتی بەکرێ دانیان یان کارپێوە کردنیان، بەرێ ورەسمێکی رووکەشیانە لەنێوان فەرمانبەران وسوود لێ وەرگرانی دا وبەشێوەیەکی بەرەڵڵایی وبێ لێپرسینەوە ودوور لەچاودێری ئەنجام دەدرێ.

هەروەها هێشتا وەکو شارەوانییەکانن دوا کەوتووە لەرووی بەکار هێنانی دروستیانەی موڵکەکانیانەوە، بەشێوەیەک نییە کە داهاتی پێ زیاد بکات، بۆ لایەنی ڕێک خستنی شارەکان

ئەوا بازاری شاری هەولێر نموونەیەکی لەبەر چاو وئاشکرایە پیادە ڕێگاکان بوونەتە شوێنی تایبەتی وەستانی عەربانە، وشەقامەکانیش بوونەتە ڕێ پیادە ڕێگاکان و ئۆتۆمبیل و هۆیەکانی گواستنەوەش دەبێ خۆیان ڕێگا لەو نێوانەدا بکەنەوە، بەبێ ئەوەی ئازارو زیان، نە بەپیادە ڕەوانی چەقی شەقام ونە بەعەرەبانەکانی سەر پیادە ڕێگاکان بگەیینێ، لە کاتێکدا لەشارێکی وەک هەولێردا چەندین پانتایی پەرتووبلاو هەن دەتوانرێن بکرێنە شوێنی وەستانی ئەو عەرەبانانەو کرێ یەکی بەناویان لێ وەرگرن، هەرچەندە خەڵکی وای بۆ دەچێ گەر بەکرێ دانبێ کەسانێکی کە ناو کارەکە ببنە کرێ گرتە وئەوەی نەیگرێتەوە خاوەن عەرەبانەکان بن.

لەبارەی پارە کۆ کردنەوە ورەسم سەندنەوە حاڵی وەزارەتی شارەوانی لە وەزارەتەکانی پیشەسازی ودارایی باشتر نییە یان ئەوەتا هەر نییە یان وەک پێویست نارِوا بەرێوە، لە کاتێکدا دەتوانرێ چاو بەو رەسمانەی شارەوانیدا بخشێنرێتەوە ولەهەمان کاتدا بەپێی بارودۆخەکە رەسمی نوێ ببینرێتەوە، بەڵام بەمەرجێ یاسایی بێ نەک بەفەرمانی وەزاری وئیداری، هەروەها دەست درێژی بۆ سەر زەوی وزاری شارەوانی بەردەوامە وبێ راوەستان خانوو سازی دەکرێ وبەسەرپێچی نەخشەی بنچینەیی شارەکانەوە، ناوچە خانووگرەکان گۆڕاون بەناوچەی بازرگانی ودیاردەی کشک دروست کردن وقوتکردنەوەیان بە ئارەزووی سوود وەرگرەکە دەکرێ، بەبێ هیچ گوێ دانە یاساو پەیرەو ورێنمایی یەک جگە لەمانە زۆربەی شارەوانییەکان داهاتە رۆژانەکانیان هەواڵەی بانقەکان ناکرێن جگە لە دینارە دراوەکان نەبێ بەپێچەوانەی گشت یاسا وپەیرەوەکانی، ژمێریاری ودارایییەوە.

وەزارەتی دارایی وئابووری:

وا لەناو جەماوەردا باوەو ناسراوە کە ئاژاوە لەکاروباری دەستگاکانی داراییدا هەیە، خەڵکی هامشۆکەرو خاوەن مامەڵە بەئاسانی و روونی هەست بەو بارە دەکەن، سەرەڕای ئەوەی وەزارەتەکە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی راست ودروست سوود لەو یاسایانە وەرگری کە تایبەتن بەدارایی وژمێریاری یەوە کە لەحکومەتی ناوەندی یەوە بەر لەکشاندنەوەی دام ودەستگاکانی دەرچووە، کە لەگەڵ ئەوەشدا دەبینرێ باج یان رەسم دادەنرێ ودەسەپێندرێ بەشێوەیەکی هەرەمەکی وبەپێچەوانەی گشت یاساو پەیڕەوەکانەوە، هێشتا وەکو باج لەو کەل وپەلانە وەردەگیرێ، کە لەنێوان شاروشارۆچکەکانی هەرێم دا دێت ودەچێ، هەروەک لەنێوان وڵاتە و وڵاتدا بێ، ئەو شتانەی لەرۆژهەڵاتی هەرێمەوە بەرەو رۆژئاوای دەچێ جۆر باجێکی لێ دەسێنرێ پارەکەی جیاوازە لەوەی بەپێچەوانەوە دەچێ، گوناهی هاووڵاتی چییە باجدەری بەڕێوەبەرایەتییەکی حکومەت بێ کەدەستە کۆڵەیە لەئاستی هەستان بەکارو ئەرکی پێ سپێردراوی؟ رەنگە بووترێ پرۆژەی یاسای باجگیری پێشکەش پەرلەمان کراوە وتا هەنوکە تەواو نەبوو؟ وەک دەزانرێ ئەو پرۆژە یاساییە لەکاتێکدا پێشکەش پەرلەمان کرا کە خولی دووەمی ساڵی دووەمی پەرلەمان لەکۆتایی بووندا بوو، جگە لەوەی تەواو نەبوونی ئەو یاسایە واتای بەوە نابەخشێ کە ئاژاوە وهەرەمەکی باوبێ.

هەروەها دەستگاکانی دارایی حەدێکی تر بۆ دەست بڵاوی ودەخشان وپەخشانی ئەو پارەیە نەکردووە، کە لەلایەن بەڕێوەبەراتییە حکومەتییەکانەوە باوە، چ خوان خانی بێ یان زیادە خەرجی وچەشنەها (مخصصات) وسەفەرو ناردن وسووتەمەنی وئۆتۆمبیل زۆر کردن و ئاوەدان کردنەوەی ماڵ وخانوو ونووسینگە.

هەروەها وەزارەتی دارایی وئابووری تا ئێستا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە لەکۆکردنەوەی داهات بەشێوەیەکی راست ودروست، وتا ئەم دەمەش هەڵنەستاوە بەپێکهێنانی دام ودەستگای پێویست بۆ پشکنینی دارایی ئەوەی هەیە لەبوونێکی پەککەوتدایە وناتوانرێ وەک پێویست بجوڵێ، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەسکەوت (ضريبە الدخل) وەک پێویست بەکاری خۆیان هەڵنەساون وشێواوی پێوە دیارە، بۆیە ئەوانەی کە گەلێکن لە بازرگانی دەرفەت بینەرەوەی بارەکە لەپاش راپەرینەوە کە ملیۆنەهایان لەسەر حیسابی گەل هەڵچنیوە وچەندین بازرگانیان بەپارەو شتی دییەوە کردووە، تا هەنوکە دوورە دەستی (ضريبە الدخل)ن، نەلێیان پرسراوەتەوە تا دۆسیەی تایبەتییان بۆ بکرێتەوە وناو نیشان وزانیاری تیادا تۆمار بکرێ، جگە لەوە تا ئێستا کە وەزارەت پرۆژەیەکی یاسایی دەربارەی چاو خشاندنەوە بەڕاژەی باجەکاندا ئەوەی هەیە جگە لەو گومرگیانە یان چاو خشاندنەوەیە ئەو باجانەی کە کاتی خۆی حکومەتی ناوەندی پاش باش بوونی باری ئابووری بەخۆماڵی کردنی نەوت هەڵی گرتبوون، وەزارەت داوای لێ کراوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم لایەنە بەشێوەیەک کە باری سەر شانی چینی هەژار سووک کات وباج لەسەر قازانج مەندانی ئەم بارودۆخەی ئێستا زیاد بکات.

هەروەها وەزارەت بەرپرسیار دەکەین لەدابین نەکردن ونەدانی باربووی مانگانەی کاتیی خێزانی شەهیدانی ئازادی خوازی کوردستان لەپێشمەرگە، کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە وهیچ هۆیەک نابینین کە بیانووی دوا خستنی ئەم ماوە درێژە بێ، لەکاتێکشدا لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەن لەسەر داوای وەزارەتی دارایی وپەسەند کردنی ئەنجوومەنی وەزیران بووە.

کە دەبوو ئەو داهاتانەی دابین بکردایە تا ئەو بڕیارەی ئەنجام دایە بەرابەر دەنا بۆچی ئەو پرۆژەیەی پێشکەش ئەنجوومەن کردووە، لەبارەی موڵک وماڵی میرییەوە بەردەوام بەپێی بەکاری پاراستنی موڵکەکانی و بەپێی یاساش بەکاریان بهێنێ.

بەلایەنی سیاسەتی هێنان وناردنە دەرەوەی شتومەک، مرۆڤ بەئاشکرا هەست بە نەبوونی نەخشەو سیاسەتی دانراو بۆ ئەو مەبەستە دەکات شت هێنان تەنها بەویستی هێنەرەکەیە.

هەروەها تا ئێستا وەزارەت ئەو زیادەیەی بڕیار درا بخرێتە سەر مووچەی خانەنشینان، ئەوەی کە خانەنشینە کۆنەکانیش دەگرێتەوە، وئەوانەی هێشتا وەکو مووچەیان لەدەسەلاتداری ناوەندی وەردەگرن نەیداونەتێ، دەپرسن بۆ نەکراوە لەگەڵ ئەوەشدا کە بڕیاری ئەنجوومەنی بۆ دەرچووە؟

دانانی باج لەسەر سووتەمەنی بەو شێوە لەخۆوە کردەیە وبەبێ لێکۆڵینەوەو بەپێچەوانەی

دەسەڵاتی یاساییەوە ویاری پێکردنیان وجیاوازی بوون بەجیاوازی شارەکان بەپێی ئارەزووی لێپرسراوانی بەرێوەبەرایەتی، یان لیژنەی ئابووری، وپشتگوێ خستن وگوێ پێ نەدانی ئەو لایەنە، وتەریک بوون لێی ونەبزاوندن بەشێوەیەکی زانستییانە باری ئابووری هەرێمی پێ زەرەرمەند دەبێ، هەروەها ئەو لیژنەیە ئابووریانەی کە لەپارێزگاکاندا پێکهێنراون بەو شێوەیەی ئێستایان لەسەر بنچینەیەکی دروستی یاسایی دانەنراون، کەبە کەسانی نا شایستە ولێ نەهاتووە وەبەو کارە پسپۆر نین، سوورین لەسەر ڕەوای بڕیاریاندا لەکاتێکدا سەرپێچی یاسا دەکەن، وبۆتە مایەی زیادە ئاژاوە لەباری ئابووری هەرێمدا، لەبەر ئەوەی لەباری ئەو ئەرک وبوارەنین، هەر لەسەرەتاوە دروست بوونەکەیان لەسەر بنچینەیەکی نایاساییە هاوولاتیانی پێوە گیرۆدە دەبن، هەروەها وەرنەگرتنی دراوی کاغزینەی یەک دیناری لەلایەن دائرەکانی میرییەوە، ئەگەر بەبڕیارێکی وەزارەتی داراییە ئەوە کارەساتەو ئەگەر بە بۆچوونی تاکە کەسیش بێ ئەوە بەڵاکە گەورەترە، هەروەها نەبوونی ڕوونکردنەوەتان لەرێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە دەربارەی ئەو پارمەتییانەی لەلایەن کوێت تورکیاوە پێشکەش دەکرێن، چ چەندەیی پارمەتییەکەو جۆری دابەش کردنی وهۆی دواکەوتنی دابەشکردنی ولێ گەرانی بۆ دەسگا ڕاگەینەرە حزبییەکان کە بەئارەزووی خۆیان وخەیاڵیانە زلی دەکەن وپێوەی دەدوێن وبۆتە مایەی زیان بەخشین وخراپ ناو زڕانی دەستگاکانی حکومەت، لەبەر ئەوەی وەک واقیع دەرناچێ وسەرنجێکی باشە بەهاولاتیان نادات.
دوا کەوتنی دابەشکردنی سووتەمەنی وجیاوازی راوقسەی لێپرسراوان لەبارەیەوە، لەکەمکردن وزیاد کردنی تەرخانکراوی دابەشکردن وزیاتر چەند وچوون لەسەر کردن بەبێ هەنگاوی عەمەلی، خەڵکەکەی بەمەرەیەکی خراپ بردووە وبۆتە دەرووکەرەوەی ناڕەزایی وشپرزە بوون.
چونکە ڕوو لەسەختی زستانین وهاولاتیانیش لەئاکامی سەرمابوودەی ماڵ ومناڵیان دەترسن.
هەروەها نەمانی بوونی لێپرسینەوەی کارمەندانی خراپ کردە ئەوانەی یاری بەماڵ وموڵکی حکومەت دەکەن، وکەمتەرخەمن بۆ بەکارهێنانی ڕەوایی یاسا بەهۆی دادگاکانەوە، هەڵدەستن بەگواستنەوەیان یان جێ گۆڕکەیان، یان لەئاستیاندا دەم کووت دەبن، ئیتر بە هۆی حرب بێت یا هەر هۆیەکی دی، کارەکەی زیاتر ڕوچوو کردووە، ئەوە بەرتیل خواردن وبەتاڵانی کردن، دیاردەیەکی دیاروباوە هەرچۆن لەوەزارەتەکانی دیدا، پرسیارێکیش دەکرێ ئایا بۆچی زۆربەی جوتیارانی پارێزگای دهۆک بەتایبەتی وهەرێم بەگشتی ئەوانەی دانەوێڵەیان دا، تا ئێستا پارەیان نەدراوەتێ، لەکاتێکدا نرخی دولار لە هەڵپەزو دابەزیندایە؟
وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری:
دەتوانرا داهاتێکی باش لەو زەویانەی (چارەسەری کشتوکاڵی ـ الاصلاح الزراعی) بۆ خەزینەی حکومەتی هەرێم بەدەست بهێنرێ، چ لەرێگای بەکرێی دانیانەوە، یان دروست کردنی پرۆژەی کشتوکاڵی هاوبەشیانە، لەتەک لایەنی تایبەتیدا (القطاع الخاص) بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا ناتوانێ سوودێکی ئەوتۆ بەکۆی ئابووری هەرێم بگەینێ.

هەروەها وەزارەتەکە ژمارەیەکی گەورەی لەکارمەندان هەیە، مووچە وەردەگرن بەبێ ئەوەی کارو بەرهەمێکیان هەبێ، سەرباری گەڕاندنەوەی دەرکراوان بەبێ ئەوەی کاریان بۆ دابین بکرێ، نەشبوونی توانای چاندن وبەڕێوەبردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان، هەروەها وەزارەت نەیتوانی سەرکەتوو بێ لەئاستی دابین کردن وکڕینی گەنم لەپارێزگاکانی هەولێر وسلێمانی وکەرکوکدا، بۆ ئەیتوانی بەدەنگ پێویستی هاوڵاتیانەوە بچێ وەک لەدهۆک داچوو؟

هاوڵاتیان دەپرسن ومافێکی ڕەوای خۆشیانە کە بپرسن:

ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ وچاودێری سەبارەت بەپێداویستیەکانی کشتوکاڵی بۆ وەرزی نوێ چی بۆ کردوون؟ چ وەک تۆ وپەینی کیمیاوی وداو دەرمانی قەلاچۆی دەردە بەڵای کشتوکاڵی.

چ هەنگاوێکی دیاری ناوە؟ دەبێ ئەوەش بەیاد خەینەوە کە لەدابەشکردنی تۆوی وەرزی ڕابووردوو داد پەروەرانە نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا با تەواوی بکا، بەبۆچوونی من ئەگەر ڕاپۆرتەکە تەواو ببێ هەموو تێبینییەکان دەکەین بەسێ بەشەوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پێشەکییە زۆر غەدری لەحکومەت کردووە، هەروەها ڕێزم هەیە بۆ ئەو لیژنەی کە ئەمان نووسیویانە تا لەبەردەم خەڵکی کوردستان بیڵێین ئێمە هەموو شتمان تەواو کردووە.. دووەمین پەرلەمان چەند لیژنەیەکی هەیە، «١٥» لیژنەی هەیە، ئەو لیژنانە بۆچی ڕۆژێک، یەک ڕاپۆرتیان ئاراستەی حکوومەت نەکردووە، بڵێین لە فلان شوێن تێپەڕاندن هەیە، یاسا جێبەجێ نەکراوە. لەبەرئەوە من حەز دەکەم بە کورتی وەڵامی ئەم پێشەکییە بدەمەوە کە نووسراوە پێم وایە دەبوایە ئەم پێشەکییە بەشێوەیەکی تر بێ نەک بڵێین ئەو شتانەی حکوومەت کە کراوە بڕیاری سەرپێ نییەو، یان نایاساین، دیارە یاساکە لە کاتی خۆی داندراوە ئەو دەخشان و پەخشانەی حەڵاڵ کردووە، حەز دەکەم خاڵ بەخاڵی پێشەکییەکە وەڵام بدەمەوە دوایی کە هاتینە سەر وەزارەتەکان، وەزارەت بە وەزارەت بەڕێزەکان لێرەنە وەڵامی وەزارەتی خۆیان دەدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەتم بدەی، ئەم پێشەکییە لەسەر ناوەڕۆکی ئەم تێبینییانەیە کە لەسەر ئەو وەزارەتانە کۆیان کردۆتەوە گوێیان لێ بگرن.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم دەکرد یەکسەر بهاتباینە سەر وەزارەتەکان، بەڵام ئەو پێشەکییە وەک پەرلەمانی وڵاتێکی تر بێ، ئێمەش حکوومەتی وڵاتێکی تر بین، ئەو برادەرانە لەگەڵ ڕێزم بۆیان دیارە لە واقعی میللەتی

ئێمە باش تێنەگەیشتوون یان باش هەڵیان نەسەنگاندووە، وا مەزەندە دەکەن کە ئەوان دانیشتونە کە هەموو بڕیارو یاسایەک کە لێرە دەدرێ، دەبێ لەناو میللەتێک جێبەجێی کەی کە (١٠٠) ساڵە حکوومەتی هەیە، بیر لەوە ناکەنەوە هەموو رۆژێ تۆپبارانی حکوومەتی ئێران لەسەر سنوورەکان دەیان گوندو هەزاران خەڵکی دەربەدەر کردووە، هەموو رۆژێ تۆپ بارانی حکوومەتی عێراق و کۆنترۆڵکردنی ئەو سنوورانەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی دەکرێ، ئەو هێزەیە کە لە هێزی حزبەکان پێک هاتووە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ داهاتێکی وەرنەگرتووە کە سوپای پێ پێکەوە بنێ ئەو هێزەی کە هەیە لە حزبەکان کۆکراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەبۆچوونی من ئەگەر راپۆرەکە تەواو بێ، حکوومەت هەر تێبینییەکی هەیە لەسەر پێشەکییەکە.. پاشان دێینەوە سەری، چونکە ئەگەر ئێمە راپۆرتەکە بخوێنینەوە دەزانین مەسەلەکە چییە، بابزانین ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەکە رەچاوی حکوومەتیان کردووە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەگەر ئێمە تەماشای ئەو راپۆرتە بکەین هەتا ئێستاکە ئیمزای لەسەر نییە، ئەوەیەک. دووەم شت، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەیەکی بۆ کردین کە گوایە ئەم راپۆرتە هەندێ مەسەلەی چەند وەزارەتێکی هاتۆتە ناو کە لەناو گفتوگۆکەی پەرلەماندا نەکرابوو، پێویستە چاوی پیادا بگێڕدرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە رەچاوی ئەوەمان دەکرد اچاوی پێدا بگێڕدرێتەوە، لەسەر ئاستی ئەو گفتوگۆیەی لەناو هۆڵی پەرلەمان بوو، و دووەمین پێشەکی وا نووسرابۆوە لە کاتی وەرگێڕاندا زۆر شت زیاد کراوە، دوایی دەبینین لەسەر ئەوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەندامە بەڕێزەکان، بەراستی هەر کاتێک کە راپۆرتەکە رووبەرووی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێ، ئەو تاوانانەی لەگەڵدا نانووسرێ، دیسان من وەک ئەندامێکی ئەو لیژنەیە (تحفظم) لەسەر ئەوە هەیەو، لەوانەیە تحفظم لەسەر بابەتی تریش هەبێ لە وەرگێڕانداو، من ناڵێم بەدەست پاکییەوە نەکراوە، بەڵام دیارە هەندێ شتێ بۆ زیاد کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاست دەکەم، دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە (تحفظ) دەکەی، دوای ئەوەی (١٠) رۆژە راپۆرتەکە بڵاوکراوەتەوە بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان و گروپەکان و بەسەر ئەندامانی ئەو لیژنەیەشدا، دوایی تحفظی خۆیان نیشان داوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەو راپۆرتە کە نووسراوە بۆ ئەوەبوو کە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان ئاگاداریان

لەسەر هەبێ، بۆ ئەو پرسیارانەی کە ئەندامانی پەرلەمان دەیانکەن، پرسیارەکان لە نێوان ئەم راپۆرتەدا دەکرێ کەلای هەموویان هەیە. تا ئێستا نەبۆتە عادەت کە شتێک بنووسین راپۆرتەکە لێرە بنووسین و رۆژی سێ شەممە لێرە بیخوێنینەوە ئینجا ئێمە دەست بە قسە بکەین، ئەمە یەک..
دووەم/ حەق بوو ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەم راپۆرتەی بۆ چوو بەنووسین رووبەرووی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکردبایە بیگوتایە ئێمە لەگەڵ ئەو پێشەکییەدا نین، لەگەڵ ئەم راپۆرتەدا نین حەز لەو شێوەیە ناکەین، دوایی دانیشتنێکی دوو قۆڵی یان چەند قۆڵی بکرابایە بۆ ئەوەی بتوانین دانیشتنی خۆمانی لەسەر بکەین، ئێستاش من پێم وایە هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە هەموو لایەک باسی ئامادەکردنی ئەو راپۆرتەیان کردووە، ئێستا پرسیارەکان لە مێشکی خۆیان دایە، من نازانم بۆ لێرە بخوێنرێتەوە جارێکی تر بۆ لێرە گفتوگۆی لەسەر بکرێ؟ چونکە ئەنجوومەنی وەزیران لێی کۆڵیوەتەوە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان لێیان کۆڵیوەتەوە، بۆ راستەوخۆ دەست بە پرسیارو وەڵام نەکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک و دابێک لە پەرلەمان رۆژی سێ شەموان حکوومەت دێتە پەرلەمان، پرسیاری لێ دەکرێ لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجوومەن هاتوون کە پرسیار بکەن لەسەر ئەو نووسراوە وەڵامان داونەتەوە لەسەرەتای مانگی داهاتوو مانگی (١١) لێی دەکۆڵینەوە، وەڵامتان دەدەینەوە، چونکە پێویستی بەوە هەبوو بەراستی وردەکاری تیادا بکرێ، چونکە پێشەکییەکە هەندێک تاوانبارکردنی تیادایە هەتا هەمووتان وەڵام بدەنەوە و ئەمرۆ لەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە نەهاتووین کە ئەو پێشەکییە لێرە بخوێنرێتەوە، بەڵام ئێمە لارمان نییە، هەر پرسیارێک ئاراستەی حکوومەت دەکرێ وەڵامی بدەینەوە و وەڵامی ئەو پێشەکییەش دەدەینەوە، ئینجا لەبەر ئەوە حەز دەکەم مادام بە ئاشکرا پێشەکییەکەش خوێنرایەوە، سروشتیش نەبووە پێشەکی بخوێنرێتەوە کە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکرێ لە کۆبوونەوەیەکی بەئاشکرا بخوێندرێتەوە، جاری وا هەیە رووداوی نهێنی لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر توندە، ئایا دەبێ نووسراوەکانیش لە رۆژی حکومەتدا بخوێنینەوە؟ پێم وایە ئەو لیژنەیە لەگەڵ رێزم بۆیان ئیشەکانیان زۆر منتقی نییەو پێشەکییەکی زۆر بێ ویژدانانەیە ئەمەش وەڵامان بۆی هەیە، حەز دەکەم یانی بێ پێچ وپەنا وەڵامی خاڵ بەخاڵی بدەینەوە، چونکە ئەوە تاوانبارکردنی حکومەتە خۆشیان پێم وایە ئستیراد کراون خەڵکی ئەو وڵاتە نینە، ئەگەر نا خەڵکی ئەو وڵاتە بانا دەیانزانی ئەو میللەتە چۆنە؟ چ وڵاتێکی وێرانی لەبۆ بەجێ هێشتراوە، لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا چی کرایە چی نەکرایە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک چەند هەنگاوی چاکی هاویێشتووە بۆ پێشەوە، هەرنا هێزی پێشمەرگەی کوردستانی یەکخستووە، کە داواکاریەکی جەماوەری بوو یەک خستنی دارایی کە

دارایی کوردستان یەک بخرێ ئەوانە داواکاری جەماوەر بوون، هەڵوێستی سیاسی یەک بخرێ، ڕاگەیاندن یەک بخرێ کە ئەوانەش داواکاری جەماوەر بوون، لە برگەیەکی ئەو پێشەکییەدا هاتووە دەڵێ ڕاگەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لاوازە، بەڵێ منیش دەڵێم لاوازە، بەڵام لەبەرچی لاوازە؟، هەر حزبێک سێ تەلەفزیۆنی هەیە، سێ ڕۆژنامەی هەیە، هەموو هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن، لەکاتی خۆی داواکاری جەماوەر ئەوە بوو ڕاگەیاندن یەک خرێ، دەبا هەموو تەلەفزیۆنەکان و توانای کاردیرەکان بخەنە خزمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کات حەقتانە بڵێن ڕاگەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لاوازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدان (١٥)ئەندام بەشدار بوونە: کاک فەرسەتە، کاک ئەیادە، کاک دکتۆر سەلاحەدین حەفیدە، کاک ئەحمەد سالارە، دەقە عەرەبییەکەشی هەیە بەراوردی دەکەین، لەگەڵ ئەوە من دیسان جەخت دەکەمەوە تکایە کەس بابەتکە ڕانەکێشی بەلای خۆیدا، ئەمە ڕاپۆرتی چەند ئەندامێکی پەرلەمانە لە کورتەی گفتوگۆ و کۆمەڵێ شتی تریش، ئەمە کۆمەڵێک پرسیاری خەڵکە، هیچ بە سلبی وەرنەگیرێت ڕووبەڕووی کەسی نییە، کە ئەڵێن حکوومەتی کوردستان، حکوومەتی هەمووشمانە کە ئەڵێن پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی هەمووشمانە، وەکو هەر ڕاپۆرتێکی تر، من ئەڵێم با ئەم ڕاپۆرتە بخوێندرێتەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، دەرفەت بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بدرێت خاڵەکانی خۆی ڕوونکاتەوە. دەبێ هەلیش بە ئەندامانی پەرلەمان بدەین کەبیروڕای خۆیان دەرببڕن بەرامبەر ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە، پاشان بڕیارێکی لەسەر بدەن، بەڵام بەم شێوەیە واهەست دەکەم ناگەین بە ئەنجامێک، گفتوگۆ لەسەر گفتوگۆ، باشتر وایە ئێمە بەردەوام بین لەسەر ڕاپۆرتەکەی خۆمان ئەگەر ئێستا تەواو بوو، پاشان دەرگای گفتوگۆ کردن بکەینەوە، حکوومەتیش بۆی هەیە خاڵ بە خاڵ ڕای خۆی دەربڕێت بەرامبەر خاڵ بەخاڵی ئەم ڕاپۆرتە، ئەندامی پەرلەمانیش بابە ئارەزووی خۆی ڕای خۆی دەردەبڕێ.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو حکومەت وەڵامی پێشەکییەکە ئەدەینەوە، ئینجا دێینەوە سەر وەزارەت بە وەزارەت برگەکانی لەسەر وەزارەت بە وەزارەتە تا ئێستا پێشەکییەکە مافی خۆمانە، من پێم وانییە ئەوە چەندمان دەدەنێ کە حکوومەت قسە بکات و بەرگری لەوە بکات، ئایا ئەو ڕاپۆرتە ڕاستە یان ڕاست نییە؟ ئەوە پێمان وایە کە لەماوەی (٥) مانگ و (٢٠) ڕۆژی ڕابردوودا هەندێ ئیشی ئامانەتی تێدایە، بۆ نموونە دەڵێ بازگەکان هەمووی بۆ گیرفان پڕکردنن، ئێمە ناڵێین سلبیات نییە، ئەوەی دیار بێت لە بازگەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە سەدان ساڵە دەوڵەتن ئەو شتانە هەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو ڕای خۆت بەرامبەر بە پێشەکییەکە بڵێ، مۆڵەت بدەن با سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش

قسەی خۆی بکات، با بابەتەکە ببڕێتەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم چارەگێک (٢٠) دەقەیەک پشوو بدەین پاشان بێینەوە سەر بابەتەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ بەمەزەندەی من با حکومەت سەرنجی خۆی لەسەر پێشەکییەکە بڵێ من هیچ گرفتێک نابینم هەبێت، با ئەویش تێبینی خۆی لەسەر ئەو بابەتە بڵێ، یا بابەیەکجاری بچینە ناو بابەتەکەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەشێوەیەک وەڵامی پێشەکییەکە ئەداتەوە ئەمە هی پەرلەمانە، بەڵام ئەوەی هی پەرلەمان نییە من روونم کردەوە، ئەم راپۆرتە راپۆرتی پەرلەمان نییە چەند کەسێک دانیشتوون نووسیویانە ئەوانیش گومانیان هەیە لەسەر ئەوە، لەگەڵ ئەوەشا قسەکان کراون، واتا ئەگەر بە پێویستی ئەزانی با وەڵام بداتەوە. ئێمە بابێینە سەر وەزارەتەکان، واتا وەزارەتەکان بزانین چییە و چی نییە وەڵامی بدرێتەوە، بەڵام ئەم راپۆرتە ئەگەر بەهی پەرلەمان دائەنرێت بەراستی ئەمە هی پەرلەمان نییە. ئەبوایە دەنگی لەسەر بدەین جا بۆچی لە پێشەوە بریاری لەسەرئەدەین حەقە ئەو پێشەکییە هەر لە مەحزەری کۆبوونەوەکان بسڕێتەوە جا بێینەوە سەر وەزارەتەکان لەگەڵ ئەوەشا قسەکان کە کراون با وەڵام بدرێتەوە، جا ئەگەر هەر مەسەلە وەڵام دانەوەیە با وەڵام بدرێتەوە من حەز دەکەم ئەوە روون کەمەوە کە ئەوە هی پەرلەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وتم هێشتا نەمانوتووە ئەمە هی پەرلەمانە یان هی پەرلەمان نییە، ئەمە راپۆرتێکەو ئامادەکراوەو گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت، روونکراوەتەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش تێبینی لەسەر پێشەکیەکە هەیە، با ئەویش تێبینییەکانی خۆی بڵێ، ئەوجا ئەڕۆینە سەر وەزارەت بە وەزارەت و لەسەر ئیشی خۆمان بەردەوام ئەبین.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە رۆژی سێ شەممان کە حکوومەت دێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی نوێنەرانی میللەت ئەگەر پرسیاریان هەبێت لێرە وەڵامی بداتەوە، ئەم وەڵام دانەوەیە یان ئەو پرسیارو وەڵام دانەوەیە بۆ سوودی حکوومەت و پەرلەمان و میللەتەکە بێت، بەلای منەوە ئەو پێشەکییەی کە بڵاوکرایەوە،

من بەش بە حاڵی خۆم هەروا دەزانم وەکو جاران بێ، من پرسیارەکانی کەرووبەرووی وەزارەتی ناوخۆ کراون ئەوانەم دەستنیشان کردبوو و، نەشمانزانی ئاوا بەو شێوەیە دێت، بەلای منەوە پێشەکییەکە لەوانەیە هەندێ مەسەلەی وای تێدایە کە زۆر لەگەڵ بەرژەوەندی پەرلەمان و حکوومەتدا نییە، لە هەمان کاتدا کەوای لێ بێت لەوانەیە وەڵام دانەوەشی بەو شێوەیە بێت، بۆیە پێم باشە مەسەلەی پێشەکییەکە لابرێت ئەو پرسیارانەی کە دەستنیشان کراون بۆ وەزارەتەکان لەسەر ئەوەیە کە وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندی پەرلەمان و حکوومەت و میللەتەکە سوودی لێ وەربگیرێت نەک خوانەخواستە هەندێ شتی وا هەبێت مەترسی هەبێت کە ببێتە هۆی وره دابەزین یان تووشی هەندێ شتی تری بکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گفتوگۆمان لەسەر کردووە، جارێکی تر وتمان با بابەتەکە بکەینەوە یەک خاڵ، یا ئەوەتا ڕێگا بدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران، رای خۆی دەرببڕێت بەرامبەر بەپێشەکییەکە وئەوجا بچینە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، یا ئەوەتا دەبێت گفتوگۆیان لەسەر بکەین، بەم شێوەیەی ئێستا شێوەیە ناکرێت.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خوشک و برایانی بەڕێز پێشەکییەکە خوێنرایەوە ئەو پێشەکییە وەڵام دانەوەکەی لەوە ئەچێت هەویرێکەو ئاوێکی زۆری دەوێت، رەنگە ئەگەر بمانەوێ بەو ناوەرۆکە وبەو روحیەتە وەڵامی پێشەکییەکە بدەینەوە دەبێت پەنجە لەسەر هەموو ناتەواوییەکان دانێین، ئەمن لێرەوە دەڵێم ئەنجوومەنی وەزیران نەچێتە ناو ئەو یارییەوە ئێمە سووکایەتی بە میللەتی خۆمان نەکەین، سوکایەتی بە حزبە سیاسییەکانی خۆمان نەکەین، ئەگەر ئەو پێشەکییە پابەندیشی بۆ ئێمەیە، ئێمە قبوولی بکەین و داوا لە ئەندامەکانی پەرلەمان دەکەم کە ئەم پێشەکییە هەڵوەشێندرێتەوە، ئەگەر نا ئەنجوومەنی وەزیران هەڵەیەکی گەورە دەکات بێت هەموو پرسیارەکان وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ئەوەی کە راپۆرتەکە زۆر هەڵەی تێدایە وەکو لێرە زۆرمان باس کرد، بەڵام من دوو پرسیارم هەیە، یەکەمیان ئەوەی کاک کەمال فەرمووی لەگەڵ ئەوەی کاک فرەنسۆ کە ئەمە هەردووک سەرۆک کتلەکان ئەڵێن ئەمە هی پەرلەمان نییە، لیژنەکەش دەڵێ ئێمە ئاگامان لێ نییە، کەواتە هی دەستەی سەرۆکایەتییە، دوو، وەڵامەکەی جەنابی سەرۆکی وەزیران هاتووە کە ئەڵێت ئێمە بەنووسین داوامان کردووەو ئێمە لێی دەکۆڵینەوە و لەمانگی «١١» ئاگادارتان ئەکەین، مانای ئەوەیە دەستەی سەرۆکایەتی رەفزی پێشنیارەکەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات، بۆیە پێویست دەکات لەبەرنامەدا بێت،

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەدەبوو کەسانێک لەبەر هەر هۆیەک بێ پەشیمان وپاشگەز ببنەوە، ئەگەر ئەو بەڕێزانە لەبەشداری نووسینی راپۆرتەکە خۆیان وەلاوە دەنێن، ئەوا من دەڵێم لێی پەشیمان نابمەوە، بەدڵ وگیان وبیر پەیوەستی هەموو وشەو پیتێکیم، هەست دەکەم راستیم وتووە، دیارە تاڵبووو ئەوە حەقیقەتەکەیە، ئەوە لەسینەی هەموو کەسێکی ستەم دیدەی ئەم کوردستانە دایە، ئەوە ئەوەیە کە هەمووان هەستی پێ دەکەن ودەیانەوێ بیلێن، من ئا لێرەوە لەم کاتەدا گەلێک دڵنیامە، چونکە بەتەواوەتی هەست دەکەم نوێنەری ئەو خەلکەم، زمانی حاڵی ئەو جەماوەرەم ،کە ئاواتەخوازی ژیان وباری گوزەرانی چاکترە، هیچ پێویست بە چاوپۆشی وحەشاردان وشاردنەوە ناکات گەل وای دەوێ، لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەچاکی دەزانم وپێشنیار دەکەم، یەکەم بۆ بلاوکردنەوەی لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە وسڕینەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، هەروەها دووەم لەجۆری نووسینی راپۆرتەکە، کە ئەندامەکان رایان لەگەڵدا نییە بپیچرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بارای ئەندامە بەڕێزەکان وەربگرین، کێ لەگەڵە بلاونەبوونەوەیەتی لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە؟ کێ لەگەڵ بلاوبوونەوەیەتی؟ کەواتە زۆربەی دەنگ لەگەڵ بلاوبوونەوەیەتی.
بەم جۆرەش کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆ هێنرا.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

**چوارشەمە ڕێكەوتی ١٣/ ١٠/١٩٩٣**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## چوارشەمە ڕێکەوتی ١٣/ ١٠/ ١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٣/ ١٠/ ١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (١٠)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە راددەی یاسایی کۆبوونەوەکە چەسپێنرا. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- خوێندنەوەی راپۆرتی تایبەت بە سەردانی وەفدی پەرلەمان بۆ پارێزگای دهۆک لە ٤/ ١٠/ ١٩٩٣.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان راپۆرتی تایبەتە بە سەردانی وەفدی پەرلەمان بۆ پارێزگای دهۆک لە ٤/ ١٠/ ١٩٩٣دا، ئەوجا ئەگەر تازە بابەتیش هەبێت گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵێکی گرنگ هەیە باسی لێوە بکەین، ئەویش قوتابخانەکان وا دەکرێنەوە ئەگەر مشووری بەشی ناوخۆ بۆ قوتابییان نەخورێن بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی هەولێر دێن بۆ کۆلیژ وپەیمانگاکان گرفتێکی گەورە لەپێش خوێندنیان دروست دەبێ، بەڵکو هەوڵ بدرێت ئەمساڵ حکومەت، نەک حزبەکان، ئەو شوێنانەیان بۆ دابین بکات، من پێم وایە پێش چەند دانیشتنێک باسی کتێب کرا و لە تازە بابەتدا ئاماژەی بۆکرابوو، بەڵام تائێستا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باس کردنی بابەتی بەشە ناوخۆییەکان بۆ ئەو قوتابییانەی کە لە دەرەوە دێن، دەبێ پێشەکی

دەنگی لەسەر وەربگیرێ ئینجا باسی لەسەر بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە؟.. کێ دژە؟.. کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، باشە ئێمە ئاگاداری وەزارەت یان ئەنجوومەنی وەزیران نەکەینەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش ئامادەبن؟ یاخود گفتوگۆ دەست پێ بکەین دوایی ئەگەر چ راسپاردە هەبن ئاگاداریان بکەین، کاک فرەنسۆ تۆ خاوەن پێشنیارەکەی، فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەکاتی گفتوگۆ کردندا ئەگەر وەزارەتی تایبەتمەند یا وەزارەتی دارایی ئامادە بن باشە. چونکە دەبێ پارە دابین بکات، لەوەزارەتی پەروەردەش نوێنەریان ئامادە بیت، بەڵام مەسەلەکە پێویستی بەچارەسەر کردنێکی بەپەلەیە، چونکە قوتابخانەکان کراونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەوڵ دەدەین پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بکەین، ئەگەرچی ئێستاکە بەرای من زۆر درەنگە، بەڵام هەوڵێکە ودەیدەین وئەگەر توانییان نوێنەرێکیان بنێرن بۆ ئێرە پاشان ئەم گفتوگۆیە بکرێت، ئەمە پێویستی بە راسپاردەیە پاشان قسەی لەسەر بکەین. فەرموو کاک کەمال.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک فەرەنسۆ کە ئێستا لێرە فەرمووی، ئەمە پێش (١٠) رۆژ بوو لێرە باسمان کرد، جەنابیشت ئاگادار بووی، هەتا منیش گوتم ئەگەر ئێمە ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیران بکەین و وەزارەتی دارایی هەندێ پارە پەیدا بکات بۆ هەندێ شت، ئێستا دوو سێ بینایە چۆڵن بەرامبەر پەرلەمان، واتا ئەتوانرێت شوێنێک بۆ قوتابیان جێ بەجێ بکرێت، چونکە ئێستا ئیسلامیەکان ئەو قوتابییانەی زیرەکن، پەیوەندیان پێوە دەکەن وجێگەیان بۆدابین دەکەن، ساڵی پار حزبەکان هەڵیان سوڕاند بوو، وەکو کاک فەرەنسۆ گوتی، ئێستا دەبێت حکومەتی کوردستان ئەم کارە ئەنجام بدات، گرنگی یەکەی ئەوەیە کەنەختێ پەلەی لێ بکرێت وگرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێ بەتایبەتی بۆ ئەو قوتابیانەی کەلەدهۆک ولەسلێمانییەوە دێن، ئێمەش لەلیژنەی فێرکردنی باڵادا باسمان کردووەو، ئاگاداریی سەرۆکایەتی دەکرێ لەبارەی ئەم بابەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەهاتینە سەر ئەو بابەتە برادەران ناوی خۆیان و تێبینی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە بنووسن، ئێستاش دێینەوە سەر بابەتەکە، ئەگەر لە سەعات (١١) بتوانین بێین خراپ نییە، چونکە یەک دوو بابەت هەیە پێویستە لەسەری بدوێین، بێگومان پشوویەکیش دەدەین. فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەعات چەند؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای سەعات (١١) کۆدەبنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بتوانن ئێستاش بێن پێشی دەخەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، ئەگەر زووتر بکرێت یان دوابخرێت بۆ ڕۆژێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوان ئەتوانن سەعات (١٠) بێن تا (١١) هەر کاتێک هاتن ئێمە دانیشتنەکە تەرخان دەکەین بۆ ئەوان، چونکە ئەمە بابەتێکی گرنگە، ئەگەر نا دوای دەخەین بۆ کۆبووونەوەی ئاینده، لیژنەی یاسا ئەگەر بابەتی یاسای حزبەکان یەک دوو مادە ماون لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی کە ڕەزامەندییان لەسەر کراوە، ئەگەر ئەمڕۆ تەنها ئەو برادەرانەی کەسەردانی دهۆکیان کردووە باسی سەفەرەکەیان بکەن بۆ ئەندامانی پەرلەمان کەچیان بینیوە وچیان نەبینیوە، بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەنجامی ئەو سەردانە بن، ئەگەر لیژنەی یاساش ئەگەر سوود لەم هەلە ببینن خراپ نییە، بۆ ئەوەی بێینەوە سەر ئەو مادانەو، بیان خەینە دەنگدانەوە وتەواوی بکەین ویاسای حزبەکان تەواو بێت، جا ئەگەر لاریتان نەبێت، لیژنەی یاسا بۆ ماوەیەکی کورت ئەو بابەتەمان بۆ تەواو بکەن و، خاڵی سەرەکی ئەمڕۆمان باس کردنی سەفەری ئەو برادەرانە دەبێ کەبەناوی پەرلەمانەوە وەک وەفد بۆ دهۆک وەفد بوون، دیارە لیژنەی یاساش ئیشەکەیان ئامادە کردووە، هەر ماوە دەنگی لەسەر بدرێت. فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی ئەوەی بەڕێزتان دەربارەی یاسای حزبەکان فەرمووتان، من ئێستا وەرمگرت لەکاتی زەنگ

لیدانی هاتنه ناو هۆڵەوه، لەبەر ئەوەی ئەو برادەرانەی لیژنەی یاسا کەلێمەوه نزیک بوون ئاگادارم کردن، بەنیسبەت ئەو برادەرانەی کە ئاگادار نەبوون، بۆ ئەوەی ئاگاداربن پێمان راگەیاندن کە ئەمە نووسراوێکە لەلایەن دەسەڵاتی دەرهێنانەوه(اصدار)ەوه هاتووه وبەگوێرەی ماددەی (٦٨)ی پێڕەوی ناوخۆ کە مافی ئەوەی هەیە بۆ جارێک بەراوردکردنی دووبارە بکرێتەوەو، ئەگەر پەرلەمان پشتی پێ بەستبێ بۆ خۆی دەڕوات، ئەگەر نا ئەو هەموارکردنانەی کە رەزامەندیان لەسەر کراوه دێتە سەری کەوەکو خۆی لێ بێتەوه، بۆ ئاگاداریتان ئێستاش کەجەنابتان رێگا بدەن، برای بەڕێزم کاک سید حسن نووسراوەکەو ناوەڕۆکی یاسایەکە بخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە دەقی نووسراوەکەیە:

الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق:

نود أن نعلمكم انه بعد اطلاعنا على قانون الاحزاب لاقليم كوردستان العراق الذي تم اقراره من قبل المجلس في ١٠/١٠/١٩٩٢، وجدنا ان من المصلحة العامة اعادته الى المجلس مرفقاً بوجهة نظرنا حول بعض مواده كما هو مرفق طياً راجين اعادة عرضها على المجلس للنظر فيها استنادا لحكم المادة (١٦) من النظام الداخلي والمادة (١٤) من القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ وتقبلوا فائق الاحترام.

لیژنەی یاسا (اللجنة القانونيية)

التعديلات المقترح إجراؤها على قانون الاحزاب

اولا: الفقرة (١) من المادة السادسة:

نرى ان تحل وزارة الداخلية محل وزارة العدل باعتبارها الجهة التي يُقدم طلب تأسيس الحزب اليها.

ثانيا: الفقرة (١) من المادة السابعة:

احلال وزير الداخلية محل وزير العدل للتأكد من استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونيية المنصوص عليها في المادة السادسة وأن يكون احالة طلب التأسيس الى مجلس الوزراء بدلاً من الهيئة الخاصة المشار اليها في الفقرة المذكورة.

ثالثا: الفقرة (٢) من المادة السابعة:

- استبدال وزير العدل بوزير الداخلية.

رابعا: الفقرة (٣) من المادة السابعة:

استبدال الهيئة المشكلة من وزير الداخلية و وزير العدل و وزير الثقافة للبت في طلب التأسيس، بمجلس وزراء اقليم كوردستان العراق.

خامسا: الفقرة (٥) من المادة السابعة:

استبدال وزير العدل بوزير الداخلية لتبليغ الاعضاء المؤسسين والهيئة المختصة بمجلس وزراء الاقليم.

سادسا: الفقرة (٢) من المادة التاسعة:

استبدال الهيئة الخاصة بمجلس الوزراء.

سابعا: الفقرة (٢) من المادة التاسعة.

ان يكون اعلام وزارة الداخلية بدلا من وزارة العدل عند فتح فروع الحزب خارج الاقليم.

ثامنا: المادة الحادية عشرة:

احلال مجلس الوزراء محل الهيئة الخاصة.

تاسعا: الفقرة (٦) من المادة الثالثة عشرة:

ان يكون قبول اموال عينيية او نقدية من خارج الاقليم بعلم مجلس الوزراء بدلا من الهيئة الخاصة.

عاشرا: المادة السادسة عشرة:

استبدال وزارة العدل بوزارة الداخلية.

حادي عشر: المادة التاسعة عشرة:

استبدال وزير العدل بوزير الداخلية في اصدار التعليمات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەمە مادە بەمادە دەیخەینە دەنگدانەوە، یاخود بەتێکڕایی وبەیەک دەنگدان ئەنجامی دەدەین، چونکەڕەزامەندی لەسەر ناوەڕۆکی ئەو شتانە کراوە. فەرموو کاک کەمال.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دوو مەسەلە لەئارا دان، یەکێکیان ئەوەیە کە وەزارەتی داد بکرێتەوە بەوەزارەتی ناوخۆ، ئەوەی تریش، ئەو دەستە تایبەتییە کە ئەو وەختە نەمان زانی بوو ناوی چی یە، بیکەین بەئەنجومەنی وەزیران، ئینجا ئەتوانین بەدووجار دەنگیان لەسەر بدەین چونکە دوو مەسەلەی جیاوازن، دەشتوانین هەمووشیان بەسەر یەکەوە دەنگیان لەسەر بدەین، بەڵام پێویست ناکات مادە بەمادە باسیان بکەین، چونکە بەهەر حاڵ لەدوو بڕگە بەدەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

وەکو دکتۆر فەرمووی دوومادەیە، پێم وایە دوو جار دەنگی لەسەر بدرێت وببرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

باشە ئەگەر لیژنەی یاسا لاری نەبێت.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نـەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

منیش وام پێ باشە کە بە دووجار دەنگی لەسەربدرێت، جارەک وەزارەتی داد بکرێت بەوەزارەتی ناوخۆ، جارێکیش دەستەکە بکرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

لیژنەی ناوخۆ هیچیان نییە و رازین، جا یەکەمیان دەخەینە دەنگدانەوە کە دەڵێ (تحـــل وزارة الداخلية محل وزارة العدل) کێ لەگەڵ ئەوەیە لە هەر کوێ ناوی وەزارەتی (داد) هاتووە بکرێ بە (وەزارەتی ناوخۆ)؟ دەست بەرزکرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە، بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، کە لە هەر کوێ ناوی (وەزارەتی داد) هاتووە بکرێت بە وەزارەتی ناوخۆ ولەهەر کوێ ناوی دەستە هاتووە بکرێتەوە بەئەنجوومەنی وەزیران کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، بەمە یاسای حزبەکان لەگەڵ ئەو هەموارکردنانەدا تەواو بوو.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نـەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

ئەگـەر ئەوە تەواو بوو ئێـمـە بەپێی مـادە (٣٩)ی پەیڕەوی نـاوخـۆ، ئەگـەر مـاوە بدەن بە ئێـمـەی لیژنەی یاسا تۆزێک ئیش وکارمان هەیە، بمان بوورن لەوەی کە نەیەیین لەکۆبوونەوەکە ئامادەبین، ئەگەر بوارمان بدەن لەگەڵ برادەران بچین بۆکۆبوونەوەکەی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

بابەتەکەی دیکەمـان پەیوەندیی بە سەفەرەکەوە هەیە ودوایی برادەران بۆتانی باس دەکەن، بەمە یاسـای حزبەکـانیش تەواو، وهیـوادارین بە زووترین کـات پیـادە بکرێت، لەبارەی سـەفـەرەکەی دهۆکیش حەز دەکەین یەک، دوو برادەر کەرەم بکەن باسی سـەفـەرەکـەمـان بۆ بکەن وتێڕوانینی خۆیان لەبارەی سەردانەکەیان بۆ دهۆک دەربخەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەیەی پێک هاتبوو بۆ سەردانی شاری دهۆک، سەبارەت بە بە سەرکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی دهۆکی خۆڕاگر بە هۆی بڕینی کارەبا لەو ناوچەیەدا مان گرتنێک ساز درابوو لەلایەن کۆمەڵێک لە خەڵکی دهۆکەوە لەدووریانی مووسڵ ـ زاخۆ، ئەوە بوو بڕیار درا لێرەوە هەندێ پیتاک کۆکرایەوە وهەروەها سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشێکی تری ئەو یارمەتیەی بۆ مانگرتووەکان تەرخان کرد ودایە دەست لیژنەکەوە تاکو بیداتە ئەوان و، لیژنەکە پاش گەڕانەوەیان لەو سەفەرەی دهۆک ڕاپۆرتێکیان بەیەکەوە نووسی وئەمەش دەقی ئەو ڕاپۆرتەیە کە پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەم:

( بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، لیژنەیەکی پەرلەمانی پێک هات بۆ سەردانی مانگرتووەکانی دهۆک لەدووریانی مووسڵ ـ زاخۆ و سەردانی (M.C.C) لە زاخۆ، لیژنەکە لەڕۆژی ٤/ ١٠/ ١٩٩٣ بە ڕێکەوت کارەکانی بەم جۆرە ئەنجام دا:

١- سەعات (٥)ی دوای نیوەڕۆ، لیژنەکە لەگەڵ پارێزگاری دهۆک کۆبۆوە ولەکێشەی کارەبا، واتە : بڕینی کارەبا لەپارێزگای دهۆک لەلایەن ڕژێمی بەغداوە ولەمەسەلەی مانگرتووەکانی کۆڵیەوە.

٢- سەردانی مانگرتووەکان و (M.C.C)ی کرد وئەو یارمەتی یەی پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمانی دا بەلیژنەی مانگرتنەکە و، برووسکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بەڕێز مەلامحمود دێرشەوی یەوە خوێنرایەوە وهەروەها برووسکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان و un لەلایەن بەڕێز ئەندامی پەرلەمان کاک حازم یوسفی یەوە خوێنرایەوە، لەڕۆژی دوایی دا پارەی لیژنەکە (٥٠) هەزار دینار بوو تەسلیم بەلیژنەی سەرپەرشتی کرا.

٣- لەڕۆژی ٥/ ١٠/ ١٩٩٣ لەسەعات (٩)ی سەر لەبەیانی لەدیوانی پارێزگای دهۆک، وەفدی پەرلەمان لەگەڵ بەڕێزان پارێزگارو جێگری پارێزگار وقائمقامی دهۆک کۆبوونەوە بەئامادە بوونی نوێنەری لقی (١) ی پارتی دیموکراتی کوردستان وهەروەها نوێنەری مەڵبەندی چواری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ولێ پرسراوی بەرەی کوردستانی شاری دهۆک ئامادە بوون و، لەوکۆبوونەوەیەدا بەتێروتەسەلی باسی کێشەی بڕینی کارەبای ئەو ناوچەیە کرا وباسی مانگرتووەکانیش کرا.

٤- سەردانی (M.C.C) لیژنەیەک لە بەڕێزان حازم یوسفی و دکتۆر ڕزگار و بامەرنی وحسێن عەلی کەمال و بوترس سخریا پێک هات ولەڕۆژی ٥/ ١٠ لەسەعات (٤)ی ئێوارە سەردانی

(M.C.C)یان کرد لەشاری زاخۆ ولەوێ دا وەفدەکە لەلایەن نوێنەری نووسینگەکە پێشوازی کرا بەسەرۆکایەتی کۆلۆنیل تۆمس، سەردانەکە بەم شێوەیە ساز درا، یەکەم یادداشتی پەرلەمان بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش و un بە بەڕێز کۆلۆنیل تۆمسن بە (٤) نوسخە تەسلیم کرا، دووەم ئەندامانی لیژنە جەختیان لەسەر ناوەڕۆکی یادداشتەکە کرد وجەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کەبڕینی کارەبا لەکۆمەڵانی خەڵکی دهۆک پێشێل کردنی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایشە وپێویستە زیاتر بەغدا بایەخ بەو مەسەلەیە بداو پاڵەپەستۆیەک بخرێتە سەر رژێمی بەغدا بۆ ئەوەی کارەبای دهۆک بگەڕێنێتەوە یان لەجیاتی ئەوە چارەسەریەکی بەپەلە بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە وکارەکە لەلایەن ئەوانەوە ئاسان بکرێت، هەروەها بایەخێکی سەرەکی بدرێتە ئەم کێشەیە، بەشێوەیەک بگاتە رادەی ئەوەی کە عێراق ناچار بکرێت بەگەڕاندنەوەی کارەبا، لەوەڵام دا (M.C.C) ئەم خاڵانەی خوارەوەیان راگەیاند:

أ – خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی سەبارەت بەم سەردانەو، پێشکەش کردنی ئەم یادداشتە.

ب– جەختیان کرد کە دەبوایە پێش ماوەیەکی زووتر ئەم سەردانە وئەم یادداشتە پێشکەش بەوان کرابایە، چونکە هەتا کاتی سەردانی ئەم وەفدەی پەرلەمان هیچ وەفدێکی رەسمی سەردانی نەکردوون، بێ لەوەفدی پارێزگایەک، کەهاتن گوتیان دوای دوومانگ یادداشتێک ئامادە دەکەن وپێشکەشی دەکەن.

ج– ئەوان پەیوەندییان بە وڵاتانی خۆیانەوە کرد وئێستا گفتوگۆ لەنێوان وڵاتانیاندا هەیە سەبارەت بەچارەسەر کردنی ئەم کێشەیە.

د– جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە ئەمان زۆریان بایەخ بەم مەسەلەیە داوە، هەروەها بەڵگەش بۆ ئەم مەسەلەیە ئەوەیەکە درێژەدان بە ئابلووقەی ئابووری لەسەر عێراق هۆی یەکەمی بڕینی کارەبای دهۆک بوو.

هـ– تەرخان کردنی بوجەیەک بۆ دابین کردنی ئاو بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێ یەکان لە رێگەی دابەش کردنی بەتانکەری ئاو، هەروەها کڕینی شەمەکی یەدەگ وکڕینی مولیدە لەسنووری پارێزگای دهۆک، هەروەها هەمان لیژنە سەردانی بازگەی ئیبراهیم خەلیلی کرد وچاویان بەتۆماری حسێبەکانیان کەوت وچەند پرسیارێکیان ئاراستە کردن لەبارەی داهاتی ئیبراهیم خەلیل.

٥– لیژنەیەکی تایبەت لە بەڕێزان جلال جوهر وحاکم سفر واياد حاجی نامق وئەحمەد علی ودکتۆر فائق محەمەد وکاک برهان جاف پێک هات بۆ سەردانی بازاری دهۆک بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان بدرێتەوە لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵانی خەڵکی دهۆک وگوزەرانی خەڵکی شار پاش بڕینی کارەبا ومانگرتنی جەماوەر لەدووریانی مووسل ـ زاخۆ، هەروەها لیژنەکە

سەردانی خەستەخانەی ئازادی کردو لەسەر دانەکەی دا ئەم تێبینی یانە رەچاو کران:

أ- ژمارەی نەخۆشیەکانی زگ چوون و رشانەوە بەتایبەتی لەناو منداڵاندا زیاد بووە پاش برینی کارەبا، بەهۆی ئەوەی ئاوی خواردنەوە پاک ناکرێتەوە وکارەبا نییە بۆ پاراستنی خواردن وژمارەی مردوو لەناو منداڵان دا لەماوەی ئەم دوومانگەی دوایی دا نزیکەی (٢٠٠) منداڵ مردوون.

ب- نەخۆشخانە پێویستی بەکارەبای بەردەوام هەیە، خەستەخانە دوو مۆتۆری کارەبای هەیە لەگەڵ یەکێکی پەک کەوتوو، پێویستە پەک کەوتووەکە چاک بکرێتەوە یان یەکێکی تریان بۆ دابین بکرێ، چونکە هەر (٦) سەعات جارێک داینەمۆیەکە بەکار دەخرێت.

ج- دەرمان وکادیری پزیشکی کەمن، پێویستە زیاد بکرێن، بەتایبەتی لەو کاتەدا، چونکە بەهۆی نەبوونی کارەبا نەخۆشی لەزیاد بوون دایە.

پێشنیاری لیژنەی پەرلەمانی ئەوەیە کە وەزیرە پەیوەندیدارەکانی پیشەسازی و وزە وشارەوانی و تەندروستی روون کردنەوەیەک لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان بکەن سەبارەت بەو هەنگاوانەی کەپێویست بوو بیان ناباو، بۆ نەنراوە؟ هەروەها لیژنەکە پێشنیاری ئەوە دەکەن کەوا بۆماوەی (٢٤) سەعات کارەبا لەهەموو کوردستان ببرێت بۆ پاڵپشتی کردنی کۆمەڵانی خەڵکی دهۆکی خۆڕاگر، هەروەها گشت بازگەکان ببەسترێن لەگەڵ رژێم بۆ ماوەی ئەم (٢٤) سەعاتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو تێبینی گچکە هەنە لە بارەی بابەتی ئەو یارمەتییەی کەنارردرا بۆ مانگرتووەکان ولێرە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پیتاک کرابوو و، بەهەمووی گەیشتە (٢٥) هەزار دینار ولەگەڵ هەردوو فراکسیۆن ودەستەی سەرۆکایەتیش پێکهاتنێکی وامان هەبوو کەچەند پیتاک کۆبکرێتەوە، بەرامبەر بەوە دەستەی سەرۆکایەتیش شتێ بخاتە سەری بۆئەوەی لەگەڵ وەفدەکە بنێردرێ وبدرێت بەمانگرتووەکان.

پێش ئەوەی گفتوگۆی ئەم بابەتە دەست پێ بکرێت، دەمانەوێ پێتان رابگەیەنین کە ئەو مانگرتنە پێرێ ئێوارە تەواو بوو، هەر بۆیە ئاگادارتان دەکەین کەهەندێ پێشنیار وتێبینی لەبارەی مانگرتنەکەوە هاتوون بۆ گفتوگۆ کردن، بەڵام ئەوا مانگرتنەکە کۆتایی هات وئێستا هەندێ گفتیان پێ دراوە، کە دوێنێ سەرۆک وەزیران هەندێ شتی لەو بارەیەوە باس کرد، تەنها بۆ ئاگاداری ئێوە. ئێستاش ئەگەر چ تێبینییەک، یاخود قسەیەک لەسەر ئەم بابەتە هەیە، با برادەران ناوی خۆیان بنووسن، لەپێشەوە کاک صلاح، د.فائق، مام رۆستەم، دەیانەوێ قسە بکەن.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە ولەو برادەرانەی دەکەم کە راپۆرتەکەیان نووسیوە وپێشکەشیان کردووە، دەڵێ سەردانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ پارێزگای دهۆک لە (بەرواری)! ئینجا نازانم مەبەستی ئەم برادەرانە (بەرواری بالآیە) یان (بەرواری ژێرییە؟)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی گوتنا کاک دکتۆر کەمال تەعلیقی لەسەر بەرواری بالآ یان بەرواری ژێری! وا دوومانگە لەسەر یەک، ناوچەیەک کارەبای براوە نەپەرلەمانی کوردی ونەحکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان لە ناوچەکە نەگەیاندووە وهەتا مرۆڤی بیانی تعلیقی هەبووە وگوتویانە ئافەرین، لەپاش دوو مانگ ئەوجا دێنو یادداشتێکی دوو لاپەرەیی پێشکەشی ئێمە دەکەن بەراستی جێی داخە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ماوەم بدەن تەنیا روون کردنەوەیەکم هەیە لەسەر بەشی پەرلەمان، مامۆستا گوتی پەرلەمان هیچ ئاگای لەوەزعەکە نەبووە ، لەم بارەیەوە(٢)خاڵ هەیە، خاڵی یەکەم: لێرە کە کارەبای دهۆک برا لە ٨/٥ دا پەرلەمان لە پشوودان بوو، هەر سێ رەنگی ناو پەرلەمانیش نوێنەریان هەیە لەناوچەی دهۆک، وابزانم هەندێکیان سەردانی وەزعەکەیان کردو، پێم وایە برووسکەشیان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی کرد چەند ئەندامێکی پەرلەمانیش رۆیشتن وداوایان کرد کە ئێمە رامان چییە بەرامبەر بەم بابەتە وهەتا داوایان کرد سەردانی (M.C.C) بکرێت، بەناوی پەرلەمانەوە، من لەگەڵ برای بەڕێزم کاک نژاد وکاک فەرسەتدا باسی ئەم بابەتەمان کرد، کاک فەرنسۆش وابزانم لێرە بوو، نازانم کاک دکتۆر کمال لێرە بوو یان نا؟ کە ئەو بابەتە باس کرا، وەلاممان دانەوە وگوتمان زۆر باشە وپیرۆزە، هەوڵ بدەن، وابزانم برووسکەیەکی دیکەشیان کرد ورۆیشتن وئەنجامی دیدەنی یان لەگەڵ (M.C.C) بەکورتی بۆ ئێمە نارد، هەروەها لەسەرەتای دانیشتنی پەرلەماندا کە لە (٢٦) ی ئەم مانگەدا دەستمان پێکرد وئەم خولە کرایەوە، یەکێ لەو پرسیارە بەپەلانە ئەوەبوو کە وەزیری پیشەسازی ووزە هاتە ئێرە وزۆربەی زۆری پرسیارەکان پێشکەش کران وگفتوگۆ لەسەر مەسەلەی کارەبای دهۆک کراو، ئەوە دەرخرا کەچیان کردووە وچیان نەکردووە و، لەئەنجامی ئەوەش گەیشتنە ئەوەی کە ئەم وەفدە بروات، جا لەبەر ئەوەندەی کەپەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە وای بۆ دەچم کە وەکو پێویست بەئەرکی سەرشانی خۆمان هەستاوین، وەکو ئەندامی پەرلەمان وئەوەی کە بۆ ئەم بابەتەش کرا روون ئاشکرایە.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئەنجـــــــومــــــــەن.**

من خەریک بووم هەمان قسە بکەم، چونکە من دەزانم بەڕێز مامۆستا مەلامحمود، یەکێک لەوکەسانە بوو کەسەردانی m.c.c یان کردووە بەناوی نوێنەرانی پەرلەمان چوونەتە ناوچەکە وپەیوەندیان بە m.c.c کردووە، من لێرە دا رەخنەم هەیە، لەوانەیە رەخنەکەم لەوەزیری پیشەسازی و وزە بێ، کەوەک پێویست بەدەوری خۆی هەڵنەستابێ، رەخنەم لەوەزیری تەندروستی یە، چونکە باسی نەخۆشخانە کرا دەبوایە وەزیری تەندروستی سەری بدابایە، وەزارەتی شارەوانی دەبوایە دەوری خۆی ببینێ، وەکی دی بەگشتی چ ئەنجومەنی وەزیران وچ بەرپرسەکان چ مام جەلال چ کاک مەسعود هەر وەفدێکی بێگانە هاتبێ، یەکەم خاڵی لەگەڵیان باس کرابێ باسی کارەبای دهۆک بووە، کە بطرس غالیش لەگەڵ طارق عزیز وئەوانە دادەنیشێ لەسەر ئەوە نییە کە ئەو وەفدە چووە بۆ دهۆک، نەخێر لەسەر ئەوە بوو کە زۆر هەوڵ دراوە وخەڵکی دهۆک حەقیانە واهەست بکەن، چونکە بەچاوی خۆیان نەیان بینیوە کە خەڵک چی بۆکردوون ویان چی بۆ نەکردوون، بەڵام من پێم وایە جگە لە وەزیرە تایبەتمەندەکان نەک ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو وەزیرە تایبەتمەندانە وەزیری پیشەسازی و وەزیری تەندروستی وەکو باسم کرد وحەتتا وەزیری شارەوانییەکان لەوانەیە ئەوانە وەکو پێویست بەدەوری خۆیان هەڵ نەستابن، هیچ نەبێ بۆ هاوکاری لەناو خەڵکەکە جارێک بیان دیبان، کاک امین مولود و وەزیری تەندروستی وبەرپرسی کارەبا هاتوونە دهۆک وپرسیاری وەزعی کارەبایان کردووە، بەڵام دەبوایە دەوری خۆیان باشتر ببینن، ئێمە ئەوەی لەدەستمان هاتووە کردوومانە ویادداشت پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە ویادداشتی تر بۆ زۆر جێی دیکە پێشکەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. فـــــایەق مـــــحـــــمـــــەد گـــــوڵپی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئەنجـــــــومــــــــەن.**

لەبارەی ئەو تێبینی یانەی لەسەر نەخۆشخانەکان دەربران، زۆربەی بابەتەکە پەیوەندیی بەمنەوە هەیە، چونکە من وەکو دکتۆر لەناو ئەو برادەرانە دا بووم کەچووینە خەستەخانە من داوایەکم هەیە ئەگەر ئەو پێشنیارە وەکو پێشنیارەکانی تر کە بەراپۆرت دراوە یان گفتوگۆی لەسەر کراوە یان لێرەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، ئەگەر وەکو ئەوانی تر بێت، ئەوە هەر دەیکێشمەوە، ئەگەر جێ بەجێ نەکرێت یان ئەگەر نەدرێتە لایەنی خۆیەوە.

لەبارەی ئەو منداڵانەی کەنەخۆش کەوتوون، لەوکاتەوە کە کارەبا براوە ژمارەیان لەزیاد بوونە ولەبارەی چەندایەتی وچۆنایەتی یەوە نەخۆشی یەکانی منداڵان لەزیاد بووندان، چونکە ئاوی خواردنەوە پاک نییە ویەخچاڵ (ثلاجە) نییە تاکو شیرەکەیان بەپاکی لەناو سەلاجە بۆ بپارێزرێ

لەگەڵ زۆر بابەتی تر کەکاریگەریان لەسەر ئەو نەخۆشیانەی منداڵان هەیە، پرسیارمان کرد، لەمانگی (٨)تەوە بۆ مانگی (٩) بینیمان ئەو نەخۆشی یانە زیادیان کردووە کەدەبوایە کەمی بکردایە، چونکە نەخۆشی منالان وەک باوە لەمانگەکانی (٧ ـ ٨ )دا زیاد دەکات، کەچی بینیمان لە مانگی (٨ و ٩)وە تا مانگی (١٠) لە زیاد بووندایە ئەمەش پەیوەندی یەکی راستەوخۆی بەکارەباوە هەیە، ئەم بارەش کاری کردۆتە سەر وەزعی تەندروستی ناوچەکە، دەبێت لایەنی پەیوەندیدار یان وەزارەتی تەندروستی ئەوانەی کە لەو شوێنە بەرپرسن، تۆزێ وردتر لەم وەزعە بکۆڵنەوەو بەدەری بخەن، چونکە ئەم مەسەلەیە کاریگەرییەکی لەسەر رێکخراوە بێگانەکان ورای گشتی جیهانی هەیە، ئەمە خاڵێک وخاڵی دووەمیش بەنیسبەت کارەبا کەیانەوە واتە نەخۆشخانە لەهەموو شوێنێک پتر پێویستی بەکارەبایە، هەموو کەسێک دەزانێ دوو موحەویلەیان هەیە بە (٦) سەعات جارێ دایدەگرسێنن بۆئەوەی بەرگە بگرێت، مەحەویلەیەکی دیکەیان هەیە سووتاوە ئەوەیان بۆ چاک بکەنەوە، چونکە ئەگەر کارەبا لەشوێنەکانی تر پێویست بێت، ئەوا لە نەخۆشخانە گەلێک پێویستترە، بەنیسبەت داو دەرمانیشەوە، وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی بریاری دابوو کەوا عەمەلیاتی (باریزە) لەهەولێر ودهۆک وسلێمانی بوەستێنێ، لەهەولێر وسلێمانی ئێستا کراوەتەوە، بەلام لەدهۆک هێشتا نەکراوەتەوە، مانای وایە هۆیەکەشی ئەوەیە کەداو دەرمانیان نییە، ئەمە جگە لەوەی کەوا لێرە پێویستیان بەزیاتر گرنگی پێدانە، هەروەها بابەتێکی دیکەش هەبوو ،من لەگەڵ برایانی بەرێز ئەندامانی پەرلەمان لە سنووری دهۆک باسم کردووە و کە ئەمساڵ کاتێ دکتۆرە موقیمەکان دابەش دەکرێن بەسەر پارێزگاکاندا، دەبینین لەپارێزگای دهۆک دکتۆرە موقیمەکان کە ئەم ساڵ دەرچوون لەبەغدا وموصل وشوێنەکانی تر کەسیان پێشکەشی نەکردووە بۆ دهۆک بێت، کۆمەلێک دکتۆر هەن کەخەلکی دهۆکن وئەم ساڵ دەرچوون هیچیان نەگەراونەتەوە، من داوا لەپەرلەمان ولە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، نالێم بەگوشار و ناچار کردن، بەلکو بەهۆی بەرنامەیێکی باش ئەو دکتۆرانە لەبەغدا وموصل بکێشێتەوە بۆ دهۆک، چونکە دکتۆرەکانی سلێمانی وکەرکووک وهەولێر بەزەحمەت دەچن بۆ دهۆک لەوێ جێگیر بن، لەبەر ئەوە حەز دەکەین ئەوەش رەچاو بکرێ، چونکە شتێکی گرنگە.

هەروەها برادەرانی راپۆرتەکە ئاماژەیان بۆمەسەلەیەک نەکرد، ئەویش مەسەلەی هەلوێستی بازرگان و فرۆشیارەکانی دهۆکە، کەئەم رووداوە ناخۆشە لە ئارادایە کەچی ئەوان بەو شێوەیە نرخی شتومەکیان بەرز نەکردۆتەوە، داواش لەو بازرگان و فرۆشیارانەی پارێزگاکانی تری کوردستان دەکەم، چاو لەوانەی دهۆک بکەن ونەچن لەگەڵ هەرشتێکی ساکار لەسەر سنوور یەکسەر نرخ دووقات وسێ قات بەرز بکەنەوە، حەقە خەلکی بازار وبازرگانی دهۆک تەقدیر بکرێن بۆئەوەی

هانی خەڵکی پارێزگاکانی تریان پێ بدەین، لەبەر ئەوە پێم باش بوو لەراپۆرتەکەدا ئەوەشیان زیاد بکردایە، کە ئەو بارزگانانە تەقدیر بکرێن کە نرخیان بەرز نەکردۆتەوە، راستە نرخ لەوانەیە تۆزێک گۆڕانکاریی بەسەردابێ، بەڵام لەچاو ئەوەی کەمانگرتن بووە وچەند رۆژ سنوور گیراوە لەگەڵ حکومەتدا نەبووە، گازو بەنزین وشتی لەو بابەتە نەهاتووە و، لێرەوە شت نەرۆیشتووە، کەچی نرخی شتومەک بەرزنەبۆتەوە ،گوتمان نرخ چۆن بەرز دەبێتەوە؟ گوتی پەیوەندی بەدۆلارەوە هەیە، بە راستی ئەوە هەست بەنیشتمان پەروەریی کردن وهەڵوێستێکی شۆرشگێریی یە لەو خەڵکانە من نموونەیەک دەهێنمەوە، ( ٥٠ ) لیتر بەنزینم کردە ئۆتۆمبیلەکە بە ( ٢٠٠ ) دینار کەهاتمەوە، کەچی لێرە ئەگەر ئەو ( ٥٠ ) لیتر بەنزینەم کردبایە ئۆتۆمبیلەکەم بە ( ٤٠٠ ) دیناریش نەیان دەدامێ، هەمووش سەعاتێک جیاوازیان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر تێبینییەکمان هەیە، جەنابت چیت پێشکەشی ئەم پەرلەمانە کردووە وبریاری لەسەر نەدراوە وپشتگوێ خراوە؟ هەر شتێکیش بریاری لەسەر بدرێ، چ بەیاسا دەردەچێ یان بکرێ بە راسپاردەیەک یان بە پرسیارێک دەنێردرێ بۆ لایەنە تایبەتمەندەکان وئەگەر ئەو لایەنانە وەڵامیان نەدایەوە، ئەوا ئەرکی جەنابتە کەخاوەن پرسیاری بەدوایدا بچیت وداوا لەم پەرلەمانە بکەی کەمەسەلەکە چی بەسەر هاتووە؟ ئەگەر نەشیکەی ئەوە خۆت بەرپرسیاری.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە ئەوە ئەڵێم بێگومان بەڵگەنامەم هەیە لەسەر ئەو مەسەلانە، جارێکیان بریارتان دا لیژنەیەکی پەرلەمانی وحکومەتی بچێت بۆ پارێزگای دهۆک، لیژنەکە پێک هێندرا، کە د.نەبەز و بەندە بووین لەگەڵ نوێنەرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، چوومە لای کاک فەرسەت هەتا باسی ئۆتۆمبیلیشم کرد، وتی: بچۆ وەزارەت ئەوان.وەزعیان باشترە، ئەوان ئۆتۆمبیلتان دەدەنێ، هەستام چوومە وەزارەتیش پرسیارم کرد لەم لاو ئەو لا، نموونەیەک دێنمەوە لەو نموونانەی کەپێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان بوو کە لیژنەیەکی تەندروستی بچێ بۆ دهۆک، کەچی وەزارەتی تەندروستی جێ بەجێی نەکرد، ئەوە نموونەیەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جێ بەجێی نەکردنی چ ئیجرایەکی بەرامبەر کرا؟ ئێوە وەکو لیژنەیەک چ تان کرد؟ هاتنە ئێرە بیخەینە روو لەرێگەی فراکسیۆنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی پەرلەمانەوە، یا وەکو پرسیارێک لەحکومەتی بکەینەوە؟

**بەڕێز د.فـــایەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ببوورن من جـارێکی تریش ئـاماژەم بۆ ئەم مەسـەلەیە کـردووە وغوونەش زۆرن، هیـوادارم لەمـەولا وانەبێت لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیـم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشنیارێکیان کردبوو نازانم دەڵێن دوو ڕۆژ کارەبا نەبێت وسنوورەکانیش دوو ڕۆژ داخرێن، من لەگەڵ ئەوە نیم کـارەبا نەبێت، چونکە لەو دوو ڕۆژە مەسەلەی تەندروستی وکـارگـەکان وهەم فـەرمـانگـەکان پەکیان دەکەوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەم هەموو سنوورەکان داخرێن وکۆنترۆڵ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز ســـیـــروان مـــحـــەمـــەد نەورۆڵی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێم وانییـە ئەو کـارەبایە وا بەئاسـانی بگەڕێتـەوە، جا ئێـمـە بۆ گـوشـارێـک نەخـەینە سـەر حکومـەتی ڕژێم ئەویش گـرتنەوەی ئاوی دەربەندیخـانە، لەراسـتـیـدا ئەگـەر ئاوی دەربەندیخـان بگرینەوە لەوانەیە بەملیـارەها دۆلار زەرەر لەوانەن بکەوێ، لەوانەیە خـەڵکەکـە بوروژێن وبکەونە گیانی ڕژێم، جا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کەشتێکی وا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبو بەکـر حـەسـەن بامـەڕنی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە پێشنیارێکمان کردووە جا نازانم ئەگەر پێشنیـارەکە پەسەند دەکەن من قسەی خۆم بۆ ئەو کاتە هەڵدەگرم کە هەرسێ وەزیری تایبەتمەند بێنە ئێرە، هەندێ پرسیـارم هەیە، چونکە هەمـوومـان باش دەزانین کـە توانـای حکومـەتی خـۆمـان چەندە، بەتایبـەتی لەدابین کـردنی کـارەبا کـەمـە ودەسـتـمـان بەسـتـراوە، پرسیـاری ئێـمـەش ئەوە نییـە بڵێین بۆ کـارەباتان بۆ دهۆک نەهێنایەوە؟ چونکە دەزانین لەتوانا وتاقەتی حکومەتی ئێمەدا نییە، بەڵام پرسیارەکـانی ئێمە ئەوەیە، لەئەنجـامی ئەوکـارەبایە چەندەها شت هاتۆتە پێشەوە هەتـاکو ئێستا، یەک بەرپرسی ئێمە لەهەرێم ناڵێم لەناوچەکە نەچووەتە ئەوێ من یەکێک لەو ٥ کەسە بووم کەچووینە سەردانی m.c.c زۆر بەزەقی بەئێمەیان گـوت: هەتا کـو ئێستا لەیەک وەفدی رەسمی، یەک ڕاپۆرت بۆ ئێمە نەهاتووە لەحکومـەتی هەرێمەوە، هەر باشە دوای دوو مـانگ توانیـوتانە ئەم دوولاپەرەیە بکەن بە ڕاپۆرت وپێـمـان بدەن، من حـەز دەکـەم ئەوە بڵێم ئەگەر تەمـاشای دنیـا بکەین خۆ لە سـەرۆکی ئەمەریکا کەسێکی گەورەتر نییـە، کەچی کە لافـاوێک لەرووباری میـسیـسـپی رووی دا دووای دوو ڕۆژ سـەرۆک کلنتـۆن خۆی چووە ئەوێ و بۆ

سەردان وپشتگیری خەڵکەکە، بۆیە من حەزم دەکرد کەبەڕێز کاک امین مولود لێرەبایە هەتا پێی بڵێم کەئێمە داوا دەکەین وەزیر بچێتە ئەویّ ئەمە قسەیەکی سۆز ئامێز نییە، وشەیەکی تر هەیە لەقاموس دا پێی دەڵێن (تضامن) ئەو هاوکارییە زۆر زۆر دەوری لەوە زیاترە کەتۆ بتوانی هەندێک گفتیان لە هەولێر پێ بدەیت، ئەمە یەک وحەز دەکەم ئەمە روون بکەمەوە ونموونە بێنمەوە وەک ئەوەی کە ئەگەر نیو ملیۆن (مەڕ) هەبوایە ونەخۆشی کەوتبایە ناویان، ئەوان شوانەکەیان دەچوو لەهۆی ئەو نەخۆشی یەی دەپرسی وبۆ نەخۆشی کەوتۆتە ناویان؟ من حەزم دەکرد بەوەزیری تەندروستی بلێم: ئەگەر دکتۆر فایەق گوتی: زیاتر لە (٢٠٠) منداڵ لەمعدەلی مردووان بوون، نەک تەنیا (٢٠٠) منداڵ بەڵکو ئەگەر (٢٠٠) گیسک بمردبایە خاوەنی دەچوو ودەی گوت ئەریّ بۆ گیسکەکانم مردوون؟ من حەز دەکەم بزانم وەزیری شارەوانییەکان ئەگەر ئەمە (٧٠) رۆژە هەندێک کۆمەڵگە هەنە نەئاویان هەیە، نەکارەبا، بۆ نەچووە لەهەواڵیان بپرسیّ؟ من حەز دەکەم بزانم بۆ نەچوون وچیان کردووە، چونکە لەتوانای فەرمانگەی کارەبا نییە کارەبایان بداتیّ، من حەز دەکەم ئەوە بلێم کە لە m.c.c دەعوەتەک دەبیّ، هەموو وەزیرەکان یەک لەدوای یەک دەچن بۆ m.c.c وەزارەتەکانی ئێمە لێرە چۆڵ دەبن، من دەپرسم بۆ هەندێکیان لەوی هاتۆچۆیان کردووە لەو ماوەیەدا کەچی تەنانەت لەرێگاش لایان نەداوە تا بزانن گرفتیان چی یە؟ جا بۆیە زۆر ناخۆشە بۆ من وەک نوێنەری ئەو پەرلەمانە بەوەفد بچمە ئەویّ وکابرای m.c.c بلێ من لەتۆ بابەتی کارەبام گرنگتر وەرگرتووە، چونکە هەتاکو ئێستا یەک وەفدی رەسمی راپۆرتێکیان پێشەکەش نەکردووە واتە ئەمە گرنگی پێدانی ئێوە نیشان دەدات، حەز دەکەم ئەم پرسیارانە بکەم، من حەز دەکەم رۆژی سیّ شەممەی داهاتوو ئەو (٣) وەزیرە بێنە ئێرە وئەم پرسیارانە یان لیّ بکەین، چونکە ئێمە موتمانەمان بەو وەزیرانە داوە، ئەگەر ئەو شتەی لەسەر شانی خۆیانە کە جێگای موتمانەی ئێمەیە، بەرپرسییەتی خۆیانە کە نەتوانن بیکەن، لەوانەیە زۆرمان بیربکەینەوە ئەوە موتمانەیە جێگای رەزامەندی ئێمە نەبیّ. دوو: وا (٧٠)رۆژە گرفتی کارەبا تەواو نەبووە، گرفتی ئاو تەواو نەبووە گرفتی نەخۆشخانە تەواو نەبووە ومەسەلەی بنەڕەتی هەر ماوە، ئەو هەر بەردەوام منداڵ دەمرن لەشاری دهۆک، ئینجا بزانە لەزاخۆ چۆنە؟ لەئامێدی چۆنە؟ بێگومان زیاترە لەو (٢٠٠) منداڵە کە هەموویان مردوون، چونکە توانایان نەبووە بیان بەنە خەستەخانە، بەراستی ئیش وکاری ئەوانە دەبوایە (اضعف الایمان) برۆن وهاوکاری خۆیان پیشان بدەن، دەبیّ ئێمە بەخۆماندا بچینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ جەماوەری خۆ راگری پارێزگای دهۆک، وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان بۆ کرد

مانگرتنەکە تەواو بووە، بەڵام لەرووداوی وەها دا کەلێژنەیەک هەبێ لەسەر ئاستی بەرز بۆ هەڵسەنگاندنی ئیجابیات وسەلبیاتی ئەو حاڵەتانە ودەست نیشان کردنی خاڵی لاوازی ئەو حاڵەتانە، بۆئەوەی لەکێشەکانی داهاتوو سوودیان لێ وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم بۆ یەکەم جارە جەماوەر پێش پێشڕەوی خۆیان دەکەونەوە، ئەوانیش کە حزبەکانن، بۆ یەکەم جار لەدهۆک جەماوەر بەو مانگرتنە هەستاون وحزبەکان پێی هەڵ نەستاون، وەزیرێک لەوەزیرەکانی ئێمە لە هەر (٣) وەزیری بەرپرس وەک کاک ئەحمەد فەرمووی بووە (٧٠،٦٠) رۆژ نەیتوانێ بچێت، ئەگەر دەعوەت هەبایە لەدهۆک دەچوو من ئەوە دەجار دەڵێمەوە، دەعوەتەک لە m.c.c هەبوایە یان بۆ دەرەوەی وولات رایان دەکرد ولەدهۆکەوە تێ دەپەرین وبۆ ئەو دەعوەتە دەچوون، بەڵام بۆ نەخۆشی نیو ملیۆن کەس، کەسیان نەچوونە ئەوێ، چونکە ماوەی ئەو (٦) سەعات رێگایە چەند تاسەیەکی تێدایە، نەک نەخۆش بکەون وئەزیەت بکێشن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئیبراهیم، بۆ دەعوەتیش تاسەکە دەبینێ، بەڵام جیاوازی چی یە؟ رێگا هەر هەمان رێگایە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام رەنگە خۆشتر بێ، مانگرتنەکە تەواو بوو، گرفتەکەش چار دەکرێ وکارەبا دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە حەزم دەکرد زیاتر لەسەر بابەتەکە بڕۆم، بەڵام بەیاری خوا کۆتایی دێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئێمە فێرین هەر باسی خاڵی سەلبی بکەین، هەرگیز باسی خاڵێکی ئیجابی ناکەین، من وەک بزانم وەزیرێک چووە کەسیش باسی ناکات ئەویش بەڕێز (مأمون بریفکانی)یە، سەردانی زۆربەی زۆری ئۆردوگاکانی دهۆکی کردووە، هاریکاری لەگەڵ خەڵکەکە کردووە وهەوڵی داوە هەندێ شتیان بۆ دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رەخنە گرتنەکە لە وەزیرە تایبەتمەندەکانە، بەڵام ئەم وەزیری ئاوەدان کردنەوەیە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەو راپەڕینەی جەماوەری بادینان گلەیەکم لەپەرلەمان ولەحکومەتی هەرێمی کوردستان نییە،

پەرلەمان رەنگە هەر ئەوەی لەدەست بێ کە کردوویەتی، حکومەتیش ئەوە باس کرا، بەڵام گلەیی روو دەکاتە حزبە سیاسی یەکانمان، ئەمە یەکەم جارە لەمێژووی بادینان دا راپەرینی جەماوەری وا ببینین. ناوچەی بادینان لەهەموو شۆرشە چەکدارەکانی کوردا جێگەی دیار بووە، لەشۆرشی شێخ عوبەیدوڵلاوە تا دوا شۆرشی کوردستان، جێگەیان لەشۆرشی چەکداریدا دیاربووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بازێری گەورە لە ناوچەی بادینان نەبووە، بادینان ئەڵێم، تا دروست بوونی پارێزگای دهۆک لەپاش ساڵی ١٩٧٠ ئەوەی بەبیری من بێ تەنیا ساڵی ١٩٤٩ مانگرتنی قوتابیانی دار المعلمین ریفی لەدهۆک کراوە، ئەوە کارێکی جەماوەری بوو، بەڵام کاری جەماوەری خەڵکی شار ئەمەیەکەم جار بوو توانرا لەسنووری کارەبا دەرچێت وبکرێ بەراپەرینێک وپشتگیری گەورەیان بکرێت لەلایەن حزبەکانەوە و(٤) خۆپیشاندان لەسلێمانی ولەهەولێر ولەرەواندز ولەشوێنی تر بکرێت، خەڵکی بادینانیش یەکەم جارە، بۆیە هەست بەو خەمباری یە دەکەن، هەست بەوە دەکەن کە تاک بوون، ئەگەر کاری جەماوەری لەهەموو لایەک بۆیان بکرایە کارێکی چاک دەبوو، لەوانەش بوو ئەگەر تەقدیرمان بۆیان تۆزێک زیاتر بوایە کارەکە لەسنووری کارەباوە زیاتر دەربچوایە وبمان توانیایە هیچ نەبێ دوژمن لەهەندێ شوێنی نزیک لەبادینان راماڵین ولەفایدە وشوێنی تر هێزی رژێم دەر بکرایە بەکارێکی جەماوەری گەورە لە هەموکوردستاندا، لەبەر ئەوە رووی گلەیی ئەکەمە حزبەکانی کوردستان کە ئەبوایە ئەوان ئەوکارە بکەن وجارێکی کە خەڵکی خۆراگری بادینان وا هەست نەکەن کەلەو مەیدانەدا تەنیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک د.عیزەدین، وابزانم بادینان ئەوە یەکەم جار نییە رابپەڕێ.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستم ناو شارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناو شاریش ئەمە یەکەم راپەرینی نییە، ناو شاریش چەندەها خۆپیشاندانیان بینیوە، ئەوشارە وەکو شارەکانی تری کوردستان لەراپەرینە گەورەکان دا بەشی خۆیان قوربانییان داوە، بەڵێ شاری گەورەیان نەبووە، بەڵام بەشی خۆیان ئەوانیش قوربانیان داوە لەراپەرینەکانی کوردستاندا، خاڵی دووەمیش: کاک د.عیزەدین بۆ راماڵینی دوژمن لەسنوورەکان وابزانم تەنیا فایدە نزیک نییە، زۆر جێگای تریش هەیە وهەمووش هەر نزیکن، ئەوە پێویستی بە بریارێکی سیاسی هەیە ولە دەستەڵات وهەڵویستی حزبێک ودووحزبیش نییە، نەبەدەستی خەڵکی دهۆکە ونەبەدەستی پارتی یە ونەبەدەستی یەکێتیشە، کۆمەڵێک پێوەندی دەوڵەتانیش لەم بارەیەوە هەیە، هیواداربن رۆژێک

دابێ ئێمە بتوانین سەرتاسەری کوردستان رزگار بکەین، بەڵام با ئەمە نەکرێت بەو بابەتە کەبەو شێوەیە باس بکرێت.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ ئێمە باسی دەوری ئیجابی حکومەتی هەرێم وپەرلەمانیش بکەین بۆ چارە سەرکردنی کێشەی کارەبا، ئەو زانیاری یەی کەپێمان گەیشتووە، گوایا (بطرس غالی )سەرنجی نوێنەری عێراقی راکێشاوە بۆ ئەم بابەتە بۆ ئەوەی بزانێ کارەبای بۆچی تائێستا بچراوە؟ وەڵامی رژێمی عێراقیش ئەوە بووە گوایە لەبەر لانی هونەری ونەبوونی کەرەسەی پێویستی کارەبا ئەم کێشەیە لەسەرانسەری عێراق دروست بووە، ئەوانیش وابەتەمان لیژنەیەکی پشکنین دابنێین بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەبای عێراق هەمووی وبۆ ئەوەی کارەبای دهۆکیش بدرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەو دەورەی کە پەرلەمان وحکومەتی هەرێم وحزبە سیاسی یەکان وبەڕێزان کاک مسعود ومام جلال بینیویانە دەورێکی کاریگەر بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوێنێ گوتمان بەپێی ئەو هەواڵەی کەگەیشتووە لەپاش ئەو دیدارەی کە کراوە لەگەڵ مانگرتووەکاندا بڕیارە لەرۆژی ٢٠/١٠ دوو لێزانی ئەمەریکی بێنە موسڵ، واتا لەسەر بابەتی کارەبا گفتێکیان داوە، گفتەکەش ئەوەیە کە (٣) نوێنەری یۆنیسێف ونوێنەری u.n لەدهۆک وبەرپرسی پۆلیسی دەوڵەتان لێرە، جا هیواداریین دوای ٢١/١٠ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئێمە مافی چاودێری کردنی دام ودەزگای هەرێمی کوردستانمان نییە وەکو برادەران جەختیان کرد، راستە مانگرتن تەواو بووە، بەڵام کێشەکە تەواو نەبووە وهێشتا کارەبا نەگەڕاوەتەوە.

ئێستاش وا بزانم ئەو برادەرانەی کەویستیان قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن تەواو بوون، ئەو راپۆرتەش کە برادەران ئامادەیان کردبوو خوێنرایەوە وهەندێک پێشنیاریان کردووە، یەکێک لەو پێشنیارانە پەیوەندی هەیە بە وەزارەت وحکومەتەوە، وەک مەسەلەی برینی کارەبا بۆ ماوەی (٢٤) سەعات لەهەموو لایێکی کوردستان، بەرای من لەوانەیە ئەمە کاردانەوەیەکی سەلبی ببێ، باپرسیارێک لە ئەنجوومەنی وەزیران بکەین وپرسیار لە لایەنێکی پسپۆڕ بکەین، تابزانین ئەگەر هاتوو بڕیارتان دا لەسەر شتێکی وەها، کاردانەوە سەلبییەکەی چەندە؟ بۆیە من وای بۆ دەچم ئەم بابەتە دوا بخەین بۆ ئەو رۆژەی کەپێشنیار کراوە وەزیرەکان بێنە ئێرە بۆ باس کردنی ئەو بابەتە باشترە ئێمە لەرێگەی پسپۆڕانەوە باسی خاڵی دووەم بکەین ئەویش مەسەلەی گرتنی ئاوی

دەربەندیخـانە، ئەویش بەرای من شتێکی هونەرییە، ئێمە ناتوانین بڕیارێکی وا لێرە بدەین، بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی هونەری، ئەویش حکومەتی هەرێمی کوردستان ولایەنە پسپۆرییەکانییەتی، ئەوان دەزانن ئایا دەکرێ ئێمە ئاو بگرین، بەرای من ئەوە کاردانەوەی هونەری لەسەر بەنداوەکە دەبێ کە چەند توانای گلدانەوەمان هەیە؟ کۆمەڵێک شت هەنە کە کاردەکەنە سەر ئەم مەسەلەیە، من ئەم دووتێبینییەم لەسەر ناوەڕۆکی ئەو دوو پێشنیارە هەبوو.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی راستی نەشێوێنرێ حەز دەکەم ئەم روون کردنەوەیە پێشکەش بکەم، برینی کارەبا ومان گرتن لەدژی، راپەڕین ناگرێتەوە و، ئەگەڕێینەوە بۆ دوو مانگ پێش ئێستا، لەو بارەیەوە کەم وزۆر هاوکاری پیشان دراوە بەرامبەر بەم کارە ولەوانەیە کەم وکووڕی هەبێ وزۆر پرسیاری رەوا کرا لەم کۆبوونەوەیەدا ئەمە زۆر باشە ئەگەر بێتو لەو رۆژەدا باس بکرێ کە نوێنەرانی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە ئامادە دەبن، بەڵام ئەگەر راپەڕین مەبەستی لەوە بێت کەوا رێگەکانیان بڕی، ئەوە بەگەرم وگوڕی وەردەگیرێت، لەپەرلەمان زۆر بەدوور ودرێژی لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا وئەوە بوو وەفدێک لێرەوە بەرێ کەوت وچوون بۆ ئەوێ، هەروەها لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران ولەلایەن دام ودەزگا سیاسی یەکانەوە ولەو بارەیەوە هەوڵ وکۆششێکی زۆر دراوە بۆ ئەو مەسەلەیە وپەیوەندی بە m.c.c یەوە کرا وبرووسکە بۆ هەموو لایەک رەوانە کرا، بۆ هەموو سەرۆکی دەوڵەتە گەورەکان لەدنیادا، هەر لەسەرۆک (کلنتۆن)ەوە بیگرە هەتا وەکو جۆن مێجەر ومیتران وکۆل وکۆمەڵێک کەسانی تر لەووڵاتانی دەرەوەو ئەو بەدەنگەوە هاتنەی کەهەبوو خراپ نەبوو، رژێمی بەغدا ناچار کرا کەوا هەڵوێست وەربگرێ وئەوە روون بکاتەوە، کەمەسەلەکە پەیوەندی بەهەندێک گیروگرفتی تەکنیکی یەوە هەیە ئەوان پێیان ناکرێت ئەو خەلەلە چاک بکەنەوە، ئەمەش بێگومان بیانووێکە و جێگای بڕوا پێ کردن نییە، بەڵام ئەوە دەگەیەنێ کەوا ناچار کران بۆ ئەوەی وەڵامێک بدەنەوە لەژێر ئەو هەموو گوشارەی کە کرایە سەریان، ئینجا لەو بارەیەوە ئەگەر کەم وکووری یەک کرابێت وچ پرسیارێک هەبێ وابزانم بۆ ئەو رۆژەی هەڵگرن کەدانراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، لەو کۆبوونەوەیەدا پێویستە روون بکرێتەوە، مەسەلەکە بەم شێوەیە نییە، حکومەتی بەغدا کارەبای بڕیوە، بێگومان کارێکی زۆر خراپی کردووە، پێویستە تاوانبار بکرێ و پێویستە هەموو هەوڵێک بدرێت حکومەتی بەغدا ئەو هەڵوێستەی خۆی بگۆڕێ یان چارەسەرێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە، ئینجا ئەگەر کەم وکوڕی کراوە ئەوە جێگەی لێ پرسینەوەیە، پاش ئەوە خەڵکی چوونەتە سەر جاددەکانیان گرتووە، ولەوکاتەوە وەکو ئێمە بیستوومانەتەوە، لەلایەن دام ودەزگا سیاسیەکانەوە

وخۆشمان لێرە شاهیدی دەدەین کە لەهۆڵی پەرلەمان دا بایەخێکی تایبەتی دراوە بەو مەسەلەیە و وەفدی بەرێ کردووە، ئینجا با وەکو کاک فرەنسۆ گوتی هەر لایەنە سەلبی یەکان باس نەکرێت ونەختێ قسەی باشیش بۆ خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە بەتێروتەسەلی باس کرا، با ئەو پرسیارانە و ئەو پێشنیارانە هەڵگرین بۆ رۆژی سێ شەممەی ئایندە کە وەزیرە تایبەتمەندەکان لێرە ئامادە دەبن وباگوێمان لەوەڵامی ئەوان بێت، پاشان ئەگەرشتێک بە بەرژەوەند زانرا، بریاری لەسەر بدرێت، وابزانم بڕۆینە سەر خاڵێکی تر باشە وئێستاش دەکەوینە سەر خاڵێکی بەرنامەی ئەمرۆمان ئەمیش مەسەلەی بەشی ناوخۆیە، ئەو قوتابییانەی کە لەدەرەوەی هەولێرەوە هاتوون ولە زانکۆ وپەیمانگاکان دەخوێنن، لێرە کاک فەرەنسۆ ئەم پێشنیارەی کردووە، خراپ نییە ئەگەر ئەو دەستی پێ بکات بۆ ئەوەی بزانین کێ لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکات؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم رێگا بەو برادەرانە بدرێت کەناوی خۆیان نووسیوە، با ئەوان زیاتر قسەی لەسەر بکەن لەگەڵ رێزو سوپاسماندا.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەروەک کاک فرەنسۆ ، حەزم کرد ئەو کەسانەی کەوا خۆیان ناو نووس کردووە قسە بکەن بە تایبەتی لە فراکسیۆنی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کێشەیەکی زۆر گرنگە پێویستی بە چارەسەرێکی دەستبەجێ هەیە، ئەوخەڵکانە، بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی هەولێر توانای ئەوەیان نییە کە شوققە وخانوو بۆ خۆیان بگرن، کێشەیەکی تریش هاتۆتە پێشەوەو کۆمەڵێک قوتابی گەرمیان بەتایبەتی هی کفری ودەربەندیخان وچەمچەماڵ وکەلار لە زانکۆی دهۆک وەرگیراون، واتا بۆی نییە ئەو قوتابییانە بتوانن دەوام بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەنێوان نیو سەعاتدا، ئەگەر لە ئەنجومەنی وەزیران، بەلانی کەمەوە وەزیری دارایی بێت،

بەئامادە بوونی ئەوان گفتوگۆیەکە بکەین بەسوودتر دەبێ، ئەگەر بزانین ئەوان دێن، حەسانەوەیەکی چارەگە سەعاتێ بۆ دەکەین، یا وەڵامەکە بێتەوە پاشان بەردەوام دەبین.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زانکۆی موسڵ بڕیاری دا (٤٠) خوێندکاری کورد بگوێزرێنەوە بۆ خوارووی عێراق، وەکی ئەوانە هاتن وسەردانی (زانکۆی سەلاحەدین) یان کرد، لێرە دەگوترێ جێگامان نییە وئێمە خۆمان ئامادە نەکردووە ولەم حاڵەتەدا ئەم (٤٠) قوتابییە بێ بەری دەبن لەخوێندن، جا هیوادارم (لیژنەی فێرکردنی باڵا) بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ بنووسێ کە ئەو چەند قوتابییە وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بابەتی بەشە ناوخۆییەکانمان هەیە کاک رەجەب.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەویش پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەواندا (٤٠) قوتابی دێن وداوای وەرگرتن دەکەن وبێ بەری دەبن لە خوێندن، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا ئەم قوتابییانە لێرە وەرگیراون؟

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر وەرنەگیراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێشتا وەرنەگیراون، هەندێ زانیاریم لەسەر ئەم بابەتە پێ گەیشتووە هەندێ لەکۆلیجەکان جیاوازن ولێرە کۆلیجی هاوتایان نییەو، ئەمە پێویستی بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا هەیە، بەڵام ئێستا گفتوگۆ لەسەر بەشە ناوخۆییەکان دەکەین، ئەگەر ئەو قوتابییانە وەرگیران بێگومان ئەوەی پەیوەندی بە بەشی ناوخۆە هەبێت، ئەوانیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساڵی پار موعاناتی قوتابییانمان زۆر بیست، کەبەکیلۆ ئاردیان دەکری لەبازار بۆ ئەوەی بتوانن بەشەو بیکەن بەصمون، ئەمە سەرەڕای موعاناتی خوێندنیان، موعاناتی ژیانیش ئەرکێکی زۆر

قورس بوو بۆ هەمووان، ئەوە بوو کە زۆر لە ڕێکخراوەکان ئەو مەسەلەیان قۆستەوە، وەک اغاثەی ئیسلامی یان حزبی پارێزگاران دەچوون یەخەی قوتابیانیان دەگرت ودەیان گوت وەرن یارمەتیتان بدەینێ وسەردانیشمان بکەن، ئەوە پیشەی ئەو ڕێکخراوانە بوو لەساڵی پاردا، بەڵام لەراستی دا دەبێ بەواقیعی چارەی ئەوانە بکەین، وەزارەتی پەروەردە ڕاستەوخۆ لێ پرسراوە بەرامبەر بەهەڵگرتنی ئەرکی ژیانی قوتابییان، ئینجا بەکۆکردنەوەی کۆمەک یاخود بەتەرخان کردنی بودجەیەک بۆ دابین کردنی بەشە ناوخۆییەکان وەک تەرخان کردنی بینا وشوقەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لەقوتابییان تێیان دا بحەوێنەوە. جا ئێمەش داوا لەوەزارەتی پەروەردە دەکەین، کۆمەک کۆبکاتەوە لەو دەوڵەمەندانە کەوا منداڵی خۆشیان لەزانکۆ یا قوتابخانەکانن بۆ ئەوەی یارمەتی قوتابی یە هەژارەکان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساڵی پار حزبەکانی بەرەی کوردستانی دەوریان لەیارمەتی دانی قوتابیاندا هەبوو، ئەمساڵ ئەم شتەش نییە، نرخی شتومەکی گوزەران وکرێ بووەتە دووقات، هەندێ قوتابیمان لێرە هەنە، پار بەنرخێکی هەرزان، بەڵام ئەمساڵ لەهەمان تەلاردا بەنرخێکی زۆر دانیشتوون ئەوانە (٦٠ ـ ٧٠) قوتابی خەڵکی دهۆکن هەمووشیان کورە هەژارن، بەباشی دەزانم حکومەت یارمەتی یەکی ئەو قوتابییانە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری دارایی وئابووری بەرێگەوەیە ئامادە دەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە، جا تاکو دەگات با ئێمە پشوویێکی چارەگە سەعاتی بدەین.

## دوای پشوودان:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورن تۆزێک دواکەوتین، چونکە وەزیری دارایی وئابووری خۆی درەنگ گەیشت، گوتمان کەدێینە ژوورەوە با وەزیرمان لەگەڵ دابێ، بۆ زانیاری جەنابی وەزیری دارایی وئابووری، ئەمڕۆ پێشنیارێک لەتازە بابەت هاتووە کەباسی کێشەی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان بکەین وپێشنیارەکە لەو ڕووەوە بوو کەحکومەت بتوانێ چارەسەری ئەم وەزعە بکات وقوتابییەکانمان ڕزگار بکات لەو ناخۆشییەی کە پار وئەم ساڵیش توشیان بووە، چونکە ئەو گرفتە زۆر لا دەیقۆزنەوە ولە بەرژەوەندیی گشتی قوتابییان دا نییە، لەسەر ئەم کێشەیە ئەوانەی هەتا ئێستا قسەیان کردوە بەو لایەدا دەشکێننەوە کە حکومەتی کوردستان هەوڵ بدات خۆی شتێک بکات

کەئەم بەشە ناوخۆییانە بخاتە بن دەستی خۆی وکێشەی قوتابیان لەو بارەیەوە چارەسەر بکات و، ئێستا دێینە سەر باقی ئەو برادەرانەی کەدەیانەوێ قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن. کاک عیزەدین بابەتێکی هەیە لەلایەن خوێندنی باڵاوە چی کراوە، بۆ ئەوەی وێنەکە روون بێت، چونکە لەلایەن ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاوە باسی ئەم بابەتە کراوە، د.عیزەدین ئەگەر جەنابت روونکردنەوەیەک پێشکەش بکەی خراپ نییە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەو کەم وکووڕی یە ولەم مەسەلەیە ئەوا لەبنەڕەتدا دەستمان تێدا نییە، چونکە رژێمی بەعس لەو ساڵانەی دوایی دا بەشە ناوخۆییەکانی لەهەموو عێراق دا هەڵوەشاندەوە، مەبەستیشی ئاشکرا بوو، کۆمەڵێک ئیجرائاتیان کرد، (نیزامی عبوریان) لابرد وکۆمەڵێک شتیان کرد بۆ ئەوەی قوتابی کەمتر بخوێنێ وراسب بێ وببێ بەسەرباز بۆ شەڕی عێراق وئێران وشەڕی کەنداو، ئێمە کەهاتین یەک بەشی ناوخۆ لە کوردستان نەبوو، بێجگە لەوەی کە لەعێراقیش نەبوو، بەڵام یەکەم بەشی ناوخۆ لەلایەن لیژنەی بەرەی کوردستانی کەلەزانکۆی سەلاحەدین دروست ببوو، یەک دوو برادەر کە لێرەن وئەندامیش بوون لەو لیژنەیە، یەکەم بەشی ناوخۆی ئێمە دروستمان کرد، پارەکەیشی بەهۆی بەرەو لە دەوڵەمەندێکی هەولێر سەنرا وئەم بەشی ناوخۆییەی کچان دروست کرا، بەڵام بەداخەوە کەحکومەت دروست بوو ئێمە تەسلیمی زانکۆمان کرد وزانکۆ شتێکی بۆ تەرخان نەکرد کەبەردەوام بێت، ئەم ساڵ حزبەکان خۆیان وابزانم پارتی ویەکێتی هەندێ بەشی ناوخۆیان کردەوە، یەکێتی قوتابیان ویەکێتی خوێندکاران بەشی ناوخۆیان کردەوە، بەڵام دیارە ئەمانە زیاتر بەحکومەت دەکرێ، ئێمە ئەمساڵ تازە ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا دووجارکۆبۆتەوە ولەکۆبوونەوەی دووەم دا بڕیاردرا کە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا دەست بەسەر بەشە ناوخۆییەکاندا بگرێ وبکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەنجوومەنەوە، ئینجا ئەگەر لەهەر زانکۆیەک بەشێک بۆ بەشە ناوخۆییەکاندا بکرێتەوە، یان وەکو جاران راگرێکی قوتابیان دابنرێ وپارەش تەرخان بکرێ، لەلاییەکی ترەوە هەوڵێکی ناوخەڵکیش بدەین، چونکە رەنگە هەر بەحکومەت نەکرێ خەڵک هەروەکو لەدەوری بەرەی کوردستانی یارمەتییان داین، ئێستاش یارمەتیمان بدەن، بۆ ئەوەی پارە کۆبکرێتەوە وچەند بینایەکیش هەیە، هەندێکیان ئامادەن هی خەڵکن، ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا وئەنجوومەنی وەزیران خەریکن پەیوەندیان پێوە بکەن تا ئەو بینایانەیان بدەنێ وبکرێن بەبەشی ناوخۆ، وابزانم داوا لەوەزارەتی دارایی وئابووری کراوە کە پارەی زیاد تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی ئەمساڵ فریای قوتابیان بکەوێ، بەڵام بەشی

دووەمی قسەکانی برای بەڕێز کاک سەلاحەدین عەبدولحەمید، مەسەلەی وەرگرتن (قبولە)، ئەوە تکا لەپەرلەمان بکرێ، ئەنجوومەنی خوێندنی بالا، ئێمە پێڕەوی قبولمان هێشتا دانەناوە وهەر پێڕەوەکەی (قبولى مرکزی) ی بەغدایە، کەئەمەش پێڕەوێکی هەڵەیە، دیسانەوە لەعەقڵیەتەوە زۆری دژی کورد بووە، قوتابی کوردیان دەنارده بەصره وموصل، ئێمەش لێره زانکۆی سەلاحەدین بەشی زۆری قوتابی کورد نەبووە وقوتابی عەرەب بووە، هەتا لە هەندێ ساڵ قوتابی عەرەبی ناعێراقی، سوودانی وصومالی وفەلەستینی...بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دکتۆر ئەگەر ماوە هەبێ، ئەم بابەتە هەڵ دەگرین بۆ کاتی خۆی وئێستا باسی بەشە ناوخۆییەکانە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەیوەندیی بەوە هەیە، ئەمانە لێره زیاتر قبولْ دەکرێن لەچاو موصل وبەصره، ئێستاکە پێڕەوی قبوولەکە کە قوتابیان هێشتا دەوامیان نەکردووە، چاوێکی پیابخشێنینەوە هەندێ لە قوتابی سلێمانی کە لەدهۆک وەرگیراون، بابچنەوە هەمان کۆلێجی خۆیان لەسلێمانی، ئەوەی دهۆک لە سلێمانی وهەولێر بچێتەوە دهۆک، ئەوە بکرێ بەشێکی گرفتەکە کە چارە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی پەیوەندی بەجەنابتەوە هەیە، وابزانم دوو ئەندامی پەرلەمان، ئەندامن لەلیژنەی خوێندنی بالا، لەوێ پێشنیار بکرێ وپرۆژەیەکمان بۆ بنێرن لێی دەکۆڵینەوە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە لیژنەی خوێندنی بالای پەرلەمانیش باسمان کردووەو، کۆمەڵێک تێبینیمان هەیە، کە ئەم تێبینییانە لەرێی سەرۆکایەتییەوە دەدرێن بەوەزارەتی پەیوەندیدار. ئەوە لە لیژنەی پەرلەمانیش باس کراوە، بەلام لێکۆڵینەوەی دەوێ وپارە وهیمەتی خەلکەکەشی دەوێ، کەخەلکیش بێنە ئەم مەیدانەوە ویارمەتیمان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەشە ناوخۆییەکان بەلای منەوە زۆر گرنگن، چونکە قوتابی ئێمە بە(١٢) ساڵ خوێندن تەواو دەکات، ئینجا دێتە کۆلیج، ئەو ١٢ ساڵ خوێندنە ئەگەر یارمەتی یەکی نەدرێ، ئێستا ناتوانێ قۆناغی خوێندن تەواو بکات وئەو هەوڵ کۆششەی ئەو ١٢ ساڵەی ماڵەوە وقوتابخانە بەفیرۆ

دەروات، لەلایێکی ترەوە مەسەلەی قبولّ وەک د.عیزەدین ئاماژەی بۆ کرد بەراستی نیزامێکی چاک نییە، لەبەر ئەوە ئەو قوتابی یەی پۆلی (٦) تەواو دەکات ولەجێگەیەک وەردەگیرێ وەکو سەربازێک یان وەکو پێشمەرگەیەک وایە، چۆن ئێستا ئێمە نانی پێشمەرگە دەدەین بۆ پارێزگاری حکومەتی هەرێمی کوردستان وخاکی کوردستان، ئەوهاش یارمەتی ئەو قوتابی یانە بدەین، نانیان بۆ پەیدا بکەین وژیانیان بۆ دابین بکەین بۆ ئەوەی بتوانن لەو قۆناغە رزگاریان بێت، ئەگەر قوتابی پشتگوێ بخرێ بەتایبەتی لەم رۆژەی کە ئێمە تێیدا دەژین، لەوانەیە زۆر لەو قوتابی یە زیرەکانە لەبەر بێ گوزەرانی کۆلیجی خۆیان بگۆڕن لەکۆلیجێکی بەرز بۆ کۆلیجێکی نزمتر، لەبەر ئەوە داوا دەکەین لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمان ئەم پێشنیارە بکات ولەراستیشدا دەبوایە مانگێک لەمەوبەر ئەم پێشنیارەیان کردبایە تاکو چارەسەری بکرابایە.

ئێستا باسی بابەتێکی تریش دەکەم، لەبەر ئەوەی ماوەی خوێندن واخەریکە خۆی دەگرێ ودوایی قوتابی وەرناگیرێ، ئەو پێشنیارەی کاک رجب کەباسی قوتابیانی موسلّ دەکات، من ئەوەندەی شارەزایم هەیە ئەگەر ماوەیەک لەکۆلیجە زانستییەکان تێپەڕێ، قوتابی وەرناگرن بۆ نموونە بەشی ماتماتیک وبەشی کیمیا وبەشی بایولۆجی ـ ئەندازیاری ـ پزیشکی ئەگەر ماوەیەکیان بەسەردا رۆیشت، قوتابی لە شوێنێکی تر بێ، زانکۆ وەری ناگرێ و لێرەش ئەگەر لە رێگەی لیژنەی خوێندنی بالاّ و رۆتینی یەکەی ئەو قوتابییانە وەرگرن، سالّی خوێندنیان لەکیس دەچێ، حەز دەکەم مامۆستا رەجەب لیستێکی رێک وپێک بەناوی ئەو قوتابی یانەی کەدەیانەوێ لەزانکۆی سەلاحەدین یان سلێمانی یان دهۆک بخوێنن بداتە لیژنەی خوێندنی بالاّ لەپەرلەمان رەزامەندی لەسەر بکرێ ولەکۆلیجەکان وەربگیرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرفتی بەشە ناوخۆییەکان گرفتێکی زۆر گرنگە ولەم وەزعە ئابوورییەی کە تێیدائینە، بەشێکی نانی نییە خۆی بیخوات، چۆن دەتوانێ کوڕەکەی بەخێو بکات وبینێرێ بۆ شارێکی دوور خانووی بۆ بگرێ ومەسرەفی لێ بکات، مەسەلەی بەشی ناوخۆ لەپێشدا چارەسەر کرابوو، بینایان هەبوو بۆ قوتابیان، بەو جۆرە خۆیان مەسرەفی خۆیان دەکرد، گرفتەکە هەر ئەوەی زانکۆ نییە، هی وەزارەتی پەروەردە وهی هەموو زانکۆکانە، وەزارەتی پەروەردە جاران بەرزەفتییەکی تایبەتی هەبوو بۆ ئەو قوتابییانەی کە لە دێهاتەکانەوە دەچوونە شارەکان جێگەیان بۆ دابین دەکردن وبەرزەفتییەکی وا هەبووقوتابی یە یەکەمەکان لە قوتابخانەکان لەبەشی ناوخۆ وەردەگیران وهەموو مەسرەفێکی ژیانیان بۆ دابین دەکردن، جا پێویستە وەزارەتی پەروەردە بزانێ چەند قوتابی هەیە وپێویستی

یەکانیان چەند دەکات، ئینجا لەگەڵ وەزارەتی دارایی لەوە بکۆڵنەوە بە (لغە الارقام) نەک بە سۆز(عاطفە)، دەربارەی زانکۆش گرفتی لەوە زیاترە، ئەگەر بێتو زانکۆی سەلاحەدین ودهۆک وسلێمانی وپەیمانگەکانیشیان بخەینە پاڵ، نزیکەی (١٠) هەزار قوتابی دەبن ولەو (١٠) هەزارە نزیکەی (٣) هەزاری خەڵکی سلێمانی ودهۆک وهەولێرن، ئەوانی تر هەمووی خەڵکی ئەم لاو ئەو لان، جا ئەو (٧) هەزار قوتابی یە چۆن دەتوانرێ مەسرەفیان بدرێ، جاران وابوو، بەڵام دوای راپەرین وەک دکتۆر عیزەدین فەرمووی بینایان بۆ دەگرتن وئەوکاتە خرابوونە ئەستۆی کۆلیجەکان کە نزیکی ئەو کۆلیجانە بن، لەبەر مەسەلەی هۆیەکانی هاتوچۆ، چونکە ئەگەر دوور بن ئەوەش مەسرەفێکی تر بۆ ئەو قوتابییانە زیاد دەکات. دەبێ شتەکە مەرکەزی بێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرێگەی زانکۆکان و وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ وەزارەتی دارایی بیکەن، با ئەوەی دەیەوێ تبرع بکات، یان ئەو حزبەی دەیەوێ یارمەتی بدات با بچێ لەوێ بیدات بەناوی حزبێک نەبێت کەوا خەڵک استغلال بکرێ، جا مەسەلەکە بەو جۆرەیە، ئەو بابەتەشی خراوەتە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاوە، لەم بارەیەوە شتەکە دەبێ بەژمارە لێی بکۆڵدرێتەوە، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێ، وەزارەتی دارایی، ئایا دەتوانێ ئەم شتە بکات یان نەیکات؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم شتێکی تر زیاد بکەم، ئەویش ئەوەیە، نەبوونی بەشەکانی ناوخۆیە، ئێستا لەبەر باری ئابووری دوو جۆرە قوتابی پەیدا بووە، قوتابی یەک بەحوکمی ئەوەی کە خەڵکی هەولێرە هەموو دەزگای کۆلیجەکان وئەوانەی بۆ کراوەتەوە، چونکە دەتوانێ بخوێنێ، ئەوانەی لەدەرەوەی هەولێر هاتون واتە لە دهۆک یان سلێمانی، ئەوە پێویستە بچێ بەڵگەنامەکانی پێشکەش بەکۆلیجی کشتوکاڵ بکات لەو کۆلیجە بخوێنێ، واتا ئەو قوتابی یەی خەڵکی دهۆکە یان سلێمانی یان خەڵکی قەزاکانە، دوو رێگای لەبەرە، یان کورەکەی واز بێنێ لەخوێندن یانیش بڕواتە ئەو زانکۆیەی کەلەشارەکەی خۆیدا هەیە، بۆ نموونە زۆر خەڵک لێرە هەنە قوتابی دهۆکن یان جێگەیەکی تر، لەکۆلیجی ئەندازیاری یان پزیشکی وەرگیرابوون، هەموویان وازیان لەخوێندن هێناوە وچوونەتەوە دهۆک پێشکەش بەکۆلیجی کشتوکاڵیان کردووە، چونکە تاکە کۆلیجە لەوێ، ئەم رەوشە نا دادوەری دروست کردووە، قوتابی لەپۆلی (٦) دەردەچێ، هەندێکی دەتوانێ لەخوێندنەکەی بەردەوام بێ، کە ئەویش خەڵکی هەولێرە، ئەوەی تر پێشەکی دەزانێ پێی ناکرێ تەواوی بکات یان دەبێ لەو پەیمانگایە بخوێنێ کە لەشارەکەیدا هەیە، ئەم نادادگەرییە، لەئەنجامی رەوشەکەدایە با هەندێ بناغە دابنێین وهەنگاوی تر بهاوێین بۆ چار کردنی، لەساڵێکی

تر یا دووساڵی تر، ئێستا هیچ نەبێ دەست پێ بکەین، خاڵێکی تر هەیە ئەویش بزووتنەوەی ئیسلامی یە، بەشی ناوخۆییان کردۆتەوە ومەرجیان لەگەڵ ئەو قوتابیانەی دەچنە ئەو بەشە ناوخۆییانە کردووە کە دەبێ ریش بەردەنەوەو، ئەو کچەی کەدەچێتە ئەو بەشە ناوخۆییانە دەبێ سەرپۆشی هەبێ وهەردەم خۆی داپۆشێ وئەم مەرجانەی ئەو بزووتنەوەیە، جێگەی مەترسی یە، چونکە ئەگەر ئەوە لەسەریان بسەپێنێ بێگومان گەلێ جۆر مەرجی تریشیان بەسەردا دەسەپێنێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کەچۆن چارەسەر بکرێ، من بەحوکمی ئەوەی لێ پرسراوی ناوچەی زانکۆم، ئاگادارم لەگەلێ جۆر لەبەشە ناوخۆییەکان، لەکاتی خۆی دا یارمەتی بۆ زانکۆی سەلاحەدین هات، یارمەتی نەمسایی، هەموومان ئاگادارین لەکاتی دابەش کردنی ئەو پارەیە کەئەنجوومەنی زانکۆ کۆبووەوە لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کەپێک هاتبوو لەنوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی ویەکێتی، هەروەها منیش ئامادە بووم لەگەڵ ئەو برادەرەی کە لێپرسراوی لیژنەی زانکۆیە، لەوێ پارە تەرخان کرابوو بۆ قوتابییان لە ٥ ٪ی ئەوپارەیە کە دەکاتە نزیکەی نیو ملیۆن دینار تەرخان کرابوو بۆ قوتابییان، شێوەی دابەش کردنەکە دایان نابوو کەبەیارمەتی بیان دەنێ، ئەوە بوو ئێمە پێشنیارمان کردو گوتمان با بدرێتە بەشە ناوخۆییەکان و پەسەند کرا وبڕیاری لەسەر درا کە زانکۆ خۆی ئەو ئیشە ئەنجام بدات، پار حزبەکان بەشی ناوخۆییان کردەوە، پارتی جێگەی گرت ویەکێتی گرتی ویەکگرتن گرتی، دیار بوو هەرچەندە جێگە بۆ دانیشتنی قوتابیان دابین کرا، بەڵام نیمچە بەرەڵڵایی یەکیان تێدا بوو، گرفتێکی زۆری خولقاند، ئەگەر بێتوو زانکۆ خۆی ئەم ئیشە بکات زۆر رێک وپێکتر دەبێ، چونکە شێوەی رەسمی دەکەوێتە سەر، وەک کاک د.حەمە نەجم فەرمووی دوور دەبێ لەململانێ وقۆستنەوەی پێویستییەکانی مرۆڤ، لێرەدا ئەو پارەیە تەرخان کرا، بەڵام کەمتەرخەمی هەبوو لەجێ بەجێ کردن و ئامادە کردنی ئەو بەشە ناوخۆییانە، سەرۆکایەتی زانکۆ (٤ ـ ٥) مانگ پێش ئێستا جارێ دەوام مابوو و، پشوو دەستی پێ نەکردبوو کەئەم قسەیەکرا بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ بەشی ناوخۆ بۆ قوتابیان دابین بکرێ، کەوا دەوامیش دەستی پێ کردەوە تەنیا یەک بەشی ناوخۆی بۆکچانی گرتووە بۆ کوڕانیش هەروا خەریکن وبەدوای دا دەگەڕێن، داوای ئەوەش دەکەن ودەڵێن حزبەکان یارمەتیمان بدەن، ئەگەر ئەوان مەبەستیان بێ، ئەو نیو ملیۆن دینارە بەسە، ئێمە ساڵی پار وەک پارتی چەند بەشێکی ناوخۆمان گرتبوو، تێکڕای کرێی نەگەیشتە (١٠٠) هەزار بۆ ئەو (٨) مانگەی خوێندن، واتا ئەو پارەیە بەشی هەموو بەشە

ناوخۆییەکان دەکات بۆ هەموو ئەو قوتابیانەی کەلەدەرەوەی هەولێر بۆ خوێندن دێن.
پێشنیاری ئەوەش دەکەم جگە لەو (١٠٠) دینارەی کە پار دەدرا وحکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانی کردبوو، دیسان تەرخانی بکاتەوە بۆ ئەو فێرخوازانە، جێگەشیان لەلایەن زانکۆوە بۆ دابین دەکرێ، هەروەها ئەوەشیان بدرێتێ نەختێ لەباری ژیانیان سووک دەکات.
پێشنیارێکی تریشم هەیە، تا بتوانین بەکردەوە چارەسەری بکەین، د.عزالدین ئاماژەی بەوە کرد کە ئەنجوومەنی فێرکردنی بالا لە ئەنجوومەنی وەزیران خەریکە ودەیەوێ خۆی دەست بەسەر ئەو شتە دابگرێ، ئەوە شتێکی خراپ نییە، بەلام کاتێکی زۆری پێ دەوێ، تەنیا خۆی وەکو ئەنجوومەنێکی فێرکردنی بالا هەر ئێستا ئەمرۆ هەردوو بەرێزان د.عیزەدین و د.حمە نەجم داوای کۆبوونەوەیەکی فێرکردنی بالا بکەن، نەک چاوەرێ بکرێ کەی کۆبوونەوە دەکرێ، هەر بەیانی بچن داوای کۆبوونەوەیەک بکەن ودووشتی سەرەکی چار بکەن:
١- بابەتی بەشەناوخۆییەکان، سەرۆکی زانکۆ ئەندامە لەئەنجوومەنی فێرکردنی بالا، لەوەزعەکە باش ئاگادارە ویا چاودێرییەکی بارودۆخەکە بکەن، چونکە ئەوپارەیەی کە تەرخان کراوە پارەیەکی زۆرە.
٢- بابەتی ئەو قوتابییانەی لەموسڵ دەرکراون وبۆ شوێنی تر گوێزراونەتەوە، دەتوانن بریارێکیان بۆ بدەن، چونکە بریاری ئەوان دەروات ئەگەر زانکۆ بڵێ من لە (٩/١) وە بواری قوتابی وەرگرتنم نەماوە، راستە وەک وەرگرتنی ناوەندی بوار نەماوە، بەلام وەک وەرگرتنی بەدەرکراو (استثنائی) لەدەستی ئەنجوومەنی فێرکردنی بالادایە، دەتوانن چارەسەری بکەن، سوپاس.

**بەرێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران باسی گرنگی بەشە ناوخۆییەکانیان کرد، من پێشنیارەکەم ئەوەیە بە زووترین کات لیژنەیەک دروست بکرێ ولەگەڵ لیژنەی خوێندنی بالای ناو پەرلەمان وئەنجوومەنی فێرکردنی بالا ونوێنەری وەزارەتی پەروەردە با بە زووترین کات دابنیشن وچارەسەرێکی بکەن چونکە لەراستیدا وەخت زۆر درەنگە وقوتابیان هەموویان هاتوونەتەوە. هەندێ لەو قوتابییانە پەیوەندیی یان پێوە کردین ودەڵێین: ئەگەر چارەیەکمان نەکەن لەوانەیە مانبگرین وبێینە سەر جاددەکان، ئێمەش نامانەوێ بگاتە ئەم رادەیە، چونکە حکومەتی هەرێم وپەرلەمان وقوتابیان وخوێندکاران هەموویان هی خۆمانن وهیچ جیاوازی یەک لەنێوانیان دا نییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک کەمال ئەم لیژنەیە بۆچی یە؟

**بەڕێز کـــەمـــاڵ ئیـــبـــراهیم فـــەرەج شـــاڵی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بۆئەوەی:

١- داوا لە وەزارەتی دارایی بکرێ بڕێک پارە تەرخان بکات بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی بەشە ناوخۆییەکان، هەندێ بیناو شوققە کەدەستی خراپکاری گەیشتوونێ، لەوانەیە بە پارەیەکی کەم چاک بکرێتەوە لیژنەیەکی ئەندازەیی بۆدروست بکرێ بەئاگاداریی بەڕێوەبەریەتی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بکەن، ئەوان نووسینگەی ئەندازیاریان هەیە بە تەنسیق دەکرێ، ئێستا بەرامبەر پەرلەمان دووسێ بینایەی گەورە هەنە رەنگە هەر پەنجەرە ودەرگـای بوێ، لەزۆر جێگەی تر هەیە، هەمـووی بینای حکومەتین، بەراستی دەبێ ئەوە پەلەی لێ بکرێ.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەو لیژنەیە بۆ بەشە ناوخۆییەکان بێ؟ یان بۆ شتی تریش هەر ئەو کارەی هەبێ؟

**بەڕێز کـــەمـــاڵ ئیـــبـــراهیم فـــەرەج شـــاڵی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دووەم لیژنەکە وەکو دکتۆر گوتی: دانیشتنێ بکرێ بۆ کۆکردنەوەی پارە لەو دەوڵەمەندە کورد پەروەرانەی ناو شاری هەولێر وشارەکانی تر بە پێی بانگەوازێک کە بۆ ئەم مەبەستە بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها وەک کاک بەختیار گوتی ئەو پارەیەی کە لەنەمسا هاتبوو، ئەو پارەیە بۆ ئەوە نەهاتبوو دابەشی بکەن بەسەر مامۆستایاندا و بدرێت بەفەرمانبەران، بەڵکو بۆ ئەوە هاتبوو لەبەشە ناوخۆییەکان و ئەزمونگەکان خەرج بکرێت، بەڵام ئەوان دابەشیان کردووە بەسەر مامۆستا وفەرمانبەران ویەکی (١٠٠) دۆلار، (٢٠٠) دۆلار یان وەرگرتووە کە بە رای من ئەم کارە لەجێی خۆی دا نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـاڵ عـەبدولـکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەو مەسەلەیە دوو مەبەست هەیە، یەکێکیان چۆن بتوانین یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەین کە لەدەرەوەی شوێنی خوێندنیان هاتوون، یان مانگانەیان بۆ ببڕێتەوە، یان پێویستە جێگەی نووستن وشوێنی خواردنیان بۆدابین بکرێ.

دووەم: هەندێ لایەنی سیاسی هەن، ئەوا خۆیان بۆ خۆیان بەشی ناوخۆیان کردۆتەوە، ئێمە پێویستە هەڵوێستێکمان هەبێ بەرامبەر بەوانەو، وابکەین کەوا هیچ لایەنێکی سیاسی مافی

ئەوەی نەبێ کەخۆی بەشێکی ناوخۆ بکاتەوە لەرێگای دام ودەزگای حکومەتی هەرێمەوە نەبێ، ئینجا ئەوە ئیتر ئەنجوومەنی خوێندنی بالآیە یان لایەنێکی حکومەتی ترە؟

ئێستا لێرەدا وەزیری دارایی هاتووە، وابزانم تەنیا ئەوەندە بەرەو رووی ئەوە دەبێتەوە کەیارمەتییەکیان بۆ خەرج بکات، پێش ئەوەش ئەمە پێویستی بەبریار هەیە وئەو بریارەش پێویستە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە یان لە ئەنجوومەنی خوێندنی بالآوە دەربچێ، زۆر پشتیوانی لەبیروڕاکەی کاک بەختیار دەکەم، لەهەمان کاتیش دا حەز دەکەم ئەوە بلێم ئەگەر راست بێ ٥ ٪ یان بۆ یارمەتی دانی قوتابییان یان بۆ دابین کردنی بەشی ناوخۆ تەرخان کردبێ لەو یارمەتی یەی کەلە نەمساوە هاتووە، ئەوە بەلای کەم (٨٠٠) هەزار دینار دەگرێتەوە نەک نیو ملیۆن، ئەوە مەبلەغێکی زۆر زۆر باشە بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتی خوێندکارانی پێ بدەن بەشێوەیەکی زۆر باش وفراوان. لەو لایەنەشەوە پێویستە بەرێوەبەرایەتی زانکۆکان بەتایبەتی زانکۆی سەلاحەدین وای لێ بکرێ، دەست بکات بەجێ بەجێ کردنی ئەو بریارانەی کە پێشوو دەدران، بەتایبەتی ئەوەندەی پەیوەندی بە ئاوەدان کردنەوە وئەوەندەی پەیوەندی بە پرکردنەوەی پێویستی یەکانی کۆلیج وبەشە زانستی یەکانەوە هەیە، ئەوەندەی پەیوەندیی بەمامۆستا وخوێندکارانەوە هەیە، ئەوەش زۆر پێویستە لەلایەن ئەنجوومەنی خوێندنی بالآوە باس بکرێ، وبریارێکی بەپەلەی لەسەر بدرێ، حەز دەکەم بەم بۆنەیەوەش بلێم ئەو هەڵبژاردنەی زۆر دەمێکە زانستگاکان چاوەرێ ی دەکەن بە تایبەتی زانستگای سەلاحەدین، بریارێک لەسەر ئەوە بدەن وکاتی هەڵبژاردنەکە دەست نیشان بکەن، بۆ ئەوەی زانستگا بتوانێ دەست بکات بەکارو بارەکانی خۆی بەشێوەیەکی چالآک وگونجاو، سوپاس.

**بەرێز شێخ دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاشکرایە کێشەکەمان هی ئەو قوتابییانەیە کە لەدەرەوەی پارێزگاکانن ودێنە ناو پارێزگای هەولێر و یان سلێمانی یان دهۆک، کێشەکە هەموومان دەگرێتەوە چارەسەر کردنەکەیشی دیسان پێویستی بەبریار وتواناوە هەیە. دەتوانم لەرووی مەبدەئی یەوە بلێم چارەسەر دەکرێ، بەلآم هەتاکو ژمارە نەکرێن ونەزانین چەندی تێ دەچێ ناتوانین چ بکەین، چونکە ئەوە پەیوەندی بەپارە وبودجەوە هەیە، ئەو کاتە ئەنجوومەنی بەرێز دەتوانێ بریارێک بدات بۆ جێبەجێ کردنی، چونکە ئەویش شتێکە لەدەرەوەی بودجەیەدایە، پێشتر حسابی بۆ نەکراوە، لەبەر ئەوە وپێویستی بەبریارێکی بەرێزتان هەیە، بۆیە داواکارم کە داو لەلیژنەی خوێندنی بالآ بکرێ لێکۆڵینەوەیەک ئامادە بکات بەزووترین کات وژمارەی ئەو قوتابیانەی کە پێویستیان بەمە هەیەو، یارمەتییان گەرەکە،

لەهەرسێ زانکۆکـان دیاری بکات، ئەوکـاتە دەبێ حـیـسـابی ئەوەش بکەین چەندی تێ دەچێ؟ چونکە ئەگەر مەسەلە یارمەتی مانگانەی کاش بێ، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر ئاسانە ودەتوانین بڵێین ئەوەندە هەزار قوتابییەمان هەیە، هەر یەکە مانگی ئەوەندەی دەوێ، ئەگەر پێمان بکرێ ئامادەی دەکەین ئەگەر پێمان نەکرا بۆتان روون دەکەینەوە بۆچی؟

بەڵام ئەگەر مەسەلە پەیدا کردن و، چاک کردنەوەی خانوو بێ وکەلوپەل بۆ دانان بێ، ئەوەش حیسابی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێ لیژنەی تایبەتی وپشکنینی بۆ دەربچێ، حیسابی ئەوەش بکەین کە ئایا ئەو خانووانە دەکرێن، یاخود دەبێ خانووی بۆ بەکرێ بگرین؟، ئەوەش جۆرە تێچوونی تری هەیە، لەبەر ئەوە پێشەکی پێویستی بە لێتۆژینەوە هەیە، پاشان من زۆر پشتگیری لەپێشنیارەکەی کاک دکتۆر کەمال دەکەم ئەوە باشترین چارەیە بەرای من وبەرای وەزارەتی داراییش، ئەو کاتەش دەتواندرێ لێکۆڵینەوەکە ئامادە بکرێ، بەڵام پەلەی لێ بکرێ چونکە بەرای ئێمەوە زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجامی گفتوگۆ کردنەکە روونە، ئێستاکە چی بکرێ؟

١- ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا کۆبێتەوە وتۆژینەوەیەک لەسەر ئەوبابەتە بکات وبەزووترین کات بریارێک بدات.

٢- ئەوەی ئێستا خرایەروو و ئەوەی کەهەیە، ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بریارێکی لەسەر بدات، بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر دەستی زانکۆکان یاخود زانکۆی سەلاحەدین یان ئەو لایەنەی دروست دەبێ لەزانکۆی سەلاحەدین دا.

٣- بۆ مەسەلەی ئەو قوتابییانەی کە لە زانکۆی موسڵ گوێزراونەتەوە بۆ خوارو ئەویش دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بریارێکیان بۆ وەربگرێ، ئەگەر ئەو بریارە پێویستی بەگۆڕین هەبوو، ئەوە شتێکی یاساییەو لەهەفتەی ئایندەدا بێگومان سەرپشکی پێ دەدرێ، بەڵکو بەزووترین کات بگەینە ئەنجامێک.

لەناو پەرلەمان پێشنیارێکی تر هەبوو، کەلیژنەیەک لەخوێندنی باڵا دروست بکەین، وابزانم یەک لیژنەمان هەیە لەگەڵ وەزاراتە پەیوەندیدارەکان، ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاش بۆ ئەوەی لەو بارودۆخە بکۆڵێتەوە، بەڵام پێشەکی باجارێ پێشنیاری یەکەم بکەوێتە ئیش، چونکە ئیشەکە ئێستا لای ئەنجوومەنی خوێندنی باڵایە، با ئەوان لە وەزعەکە بکۆڵنەوە، لەبەر رووناکی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا ئاگادار دەکرێینەوە، ئەوکاتە ئێمە دەیخەینە بەردەستی لیژنەی خوێندنی باڵاوە، لێرە با ئەوان راوتێبینی خۆیان پێشکەش بکەن، ئەگەر پێویستی بە بریارێکی وەها بوو ، ئەوکاتە

وەک دکتۆر کمال باسی کرد بڕیارێکی لەسەر بدەن.
وابزانم ئێـمـە ناتوانین هیچ بڕیارێک بدەین، چونکە ئەوە راسـپـاردەیە بۆ هەردوو برادەران کـە ئەندامی پەرلـەمانن وکاک داروش نوێنەری ئەنجـوومـەنی وەزیرانە بۆ ئەوەی تۆزێک پەلە بکەین بۆ ئەم کـۆبوونەوەیە، دوای ئەمـەش من لەگـەڵ سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیراندا قـسـە دەکەم، بەڵکو بایـەخـێکی تایبـەتی پێ بدرێ وکـۆبوونەوەکـە بکرێ وبڕیارێک بدەن لەبەر رۆشنایی ئەوە، تاکـو ئەوەی پێویست بوو، لەپەرلەمان بکرێ، شتێکی باشە.
ئێـسـتـەش پێشنیـارێک لەوەزارەتی گـەیاندنەوە هەیە کـە لیـژنەیەکی باڵایان دروست کـردووە بۆ دووبارە ناونووسـینی شەقام وجـاددەکان و،ئەو شتـانـە، دیارە لەکۆمـەڵێـک خـەڵکی پسـپـۆڕ پێک هاتووە، ئەمـڕۆ بەتەلەفۆن داوایان کـرد ونووسراویشـمـان بۆ دێ کـە (٣) ئەندامی پەرلـەمان دەست نیـشـان بکەین بۆ ئەوەی ببن بەئەندام لەو لیـژنەیەدا بۆ ناولێنانەوەی شەقـام وژمـارە بۆ دانانیـان، کـەبەشێـوەیەکی شـارسـتـانی ئەنجـام بدرێ، جا ئەگـەر برادەرانی سـەوزو پارتی ویەکێ لەبرادەرانی مۆریشیان تێ دابێ، ئەو سێ ناوەمان پێ بدەن بۆ ئەوەی کە نووسراوەکەیان هات، ئێمەش یەکسەر وەڵامیـان بدەینەوە وناوەکانیان بدەینێ، ئەگەر ناوەکان بۆ رۆژی شەممە ئامادە بکرێن شتێکی باشە وسوپاستان دەکەین.
رۆژی یەک شەممە دانیشـتنی داهاتوومـان لە سەعات (١٠)یە، لیـژنەی یاسا چەند شتێکی ئامادە کردووین، سوپاستان دەکەین، ئەم دانیشتنەشمان لێرەدا کۆتایی پێ هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەوزاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## دووشه‌مه ڕێکه‌وتی ١٨/ ١٠/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٨/ ١٠/ ١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٨-١٠-١٩٩٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای کۆمەڵەکان.***

***٢- بەرچاو خستنی بڕیاری حسێب کردنی ساڵی خوێندنی ١٩٩١ ـ ١٩٩٢وەک خزمەتگوزارییەکی دووباد بۆ مامۆستایان.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین.

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوو خاڵی سەرەکییە.

١- یاسای کۆمەڵەکان.

٢- بەرچاو خستنی بڕیاری حسێب کردنی ساڵی خوێندنی ١٩٩١-١٩٩٢، وەک خزمەتگوزاریەکی دووباد بۆ مامۆستایان.

تازەبابەت شتێک هەیە؟!

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی یاسای مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە کە (٦-٧) مانگ پێش ئێستا هاتە پەرلەمان ئێمە لە پەرلەمان رەتمان کردەوە لە ڕێگەی سەرۆکایەتی، ئێستا لە خوارەوە وەزارەتەکەمان یاسای

مووچەی نییە، تاکە وەزارەتیشە کە ئەوەی لە سالّی رابردوو بۆ جێبەجێ نەکراوە ئەمە بۆتە حالّەتێکی پێچەوانە بۆ پێکهاتەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و خەلّکێکی زۆر وازی لێ دێنێ، جا من داوا دەکەم دەستەی سەرۆکایەتی داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوبراو بکات بە زووترین کات قانوونەکەیان بنێرن بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر کاک عەبدولکەریم کاکەحەمە شتێکمان بۆ بنووسێ.

**بەرێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلّێ باشە.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ویستم باسی بابەتی بەندیخانەیەکی ناوەندی بکەم بۆ ئەو کەسانەی حوکم کراون، چونکە خەلّک هەیە حوکم کراون لە شارەکانی خۆیان ماون، هی وا هەیە حوکم درایەو رادەکا- پێشنیار دەکەم کە داوا لە حکومەت بکرێ بەندخانەیەکی ناوەندی بۆ حوکمدراوەکان بکرێتەوە، یان حەز دەکەن لێرە قسەی لەسەر دەکەین وەک برادەران دەیانەوێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەندیخانەی ناوەندی تازە بابەتە، جا حەز دەکەی کە دەرگای گفتوگۆمان کردەوە ئەو کاتە دەچەسپێنین. چونکە باسێکی تری تازە بابەت هەیە، ئەوەی کاکە شێخ خستییە روو، بەنامەیەک قایل دەبین لەدەستەی سەرۆکایەتییەوە، ئەگەر زانیمان شتێک بوو.

**بەرێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر پێویست ناکات پاشان لەگەلّ برادەرانی لیژنەی پێشمەرگە بەرێک کەوتن شتێکی باش دەنووسین و دەیدەین بە سکرتێر، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، مەسەلەی بەندیخانەی ناوەندی بخەینە بەرنامەی ئەمڕۆ؟.. کێ لەگەلّ ئەمەیە بیخەینە بەرنامەی ئەمڕۆ؟ .. کێ لەگەلّ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ ئەم خالّە لە بەرنامەی ئەمڕۆ دانرا.

بڕیارێک هەیە خالّی «٢» بکەین بە «١» کە بابەتی حساب کردنی خزمەتگوزاری مامۆستایان

بەدوو بەرامبەر ، واتا ئەوە پێش بخەین ئەگەر لاریتان نییە ، دوای ئەوە دێینەوە سەر یاساکە ، چونکە لەوانەیە ئەمڕۆ تەواو نەبێ.

خاڵی یەکەم ئەو بڕیارەیە کە ئەنجوومەنی وەزیران ناردوویەتی دەربارەی مامۆستایان ئەگەر لیژنەی یاسا بفەرموون دەست پێ بکەن، پاشانیش دێینەوە سەر یاسەکە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/

تاريخ القرار/

« قرار »

استناداً لأحكام الفقرة « ١ » من المادة « ٥٦ » من القانون رقم « ١ » لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء ، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ (  ) ما يلي :

١- اعتبار الفترة من ١/١٠/١٩٩١ ولغاية ٣٠/٩/١٩٩٢ خدمة مضاعفة لاغراض العلاوة والترفيع لكافة معلمي و مدرسي اقليم كوردستان العراق.

٢- على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٣- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێشنیارێکە کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە دەربارەی ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢، ئەگەر شتێک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە فەرموون، بەڵام تکایە ئەوانەی دەیانەوێ تێبینییەکانی خۆیان با بڵێن ناوی خۆیان بنووسن.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر بەکورتی نازانم مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدینی یان پەیمانگاکانی بۆ تێدا نییە؟ ئەوانیش لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ ئەوانەی ماونەتەوە ئەرکیان کێشاوە وەک و مامۆستاکانی تر، لەبەر ئەوە پێشنیارێک دەکەم ئەگەر دەفەرموون بەنووسین پێشکەشتانی دەکەم ئەوەشی تیادابێ (وتدريسي جامعة صلاح الدين والمعاهد الفنية والمعاهد الذين كانوا في التدريس في تلك

الفترة في كوردستان) بۆ ئەوانەی لەو سەردەمە لە کوردستان بوون نەک ئەوانەی بەم دواییە هاتوونەوە، هەمووشتان نرخی مامۆستایانی زانکۆ دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر ڕێز لەم بڕیارە دەگرین زۆر بەلامانەوە شتێکی چاکە بەڕاستی ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ مامۆستایان ماوەیەکی زۆر بێ مووچە مانەوە، ئێستاش کاتی دەوامە تۆزێک نارەحەتی لەناو مامۆستایاندا هەیە، دەتوانین ئەمە بکەین بە بیانوێک بۆ هاندانیان بۆ ئەوەی درێژە بە دەوام بدەن، ئینجا لەو بارەیەوە من زۆر پەسندی ئەو بڕیارە دەکەم بەلاشمەوە زۆر شتێکی چاکە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری کاک د.عیزەدین و کاک عەفان ناکەم، چونکە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی لیژنەی پەروەردە بەدواداچوونی کردووە من داوا دەکەم مێژووی (رجعی) هەبێ لە ساڵی خوێندنی ئەمساڵەوە لە (٩/١) نەک لە مێژووی بلاوکردنەوەی لەوکاتەوە بۆی حساب بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مێژووەکە دەڵێ ١٠/١٧ هەتا (٩/٣٠) بۆیان حساب دەبێ جا هەر کاتێ دەرچێت یا دواکەوێ گرفتێکی گەورە نییە، ماوەکە دیاری کراوە، ئەگەر رازیشن هەر ئەمڕۆ ئاگاداری لەسەر بلاودەکەینەوە، بەڵام پەخشکردنی لە پەخشنامەی (پەرلەمان) دوا دەکەوێ یان پێشکەوێ ئەوە کاری لەسەر ناکات، ئەمڕۆ ئەگەر تەواو بوو و هەردوو فراکسیۆن لەسەری پێک هاتین، ئێمە شتێک دەردەکەین، یا با لیژنەی پەروەردە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی بکات.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک شتێکی بەدەرکراو (استثنائی) با بڕیارەکە لە ڕۆژنامەکان بلاوبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بڕیارێکی چاکە زۆر لە جێگای خۆی دایە، مامۆستا عیزەدینیش دەربارەی ئەوانەی لە زانکۆ کاردەکەن باسی مامۆستایانی کرد، چونکە (معید)یش هەنە لەبەرئەوە هیوادارم ئەو بڕگەیە زیاد ببێ «والقائمین فی سلک التعلیم بالجامعات والمعاهد فی اقلیم کوردستان» هەتاکو مامۆستا و (معید)یش بگرێتەوە ئەوانەی لە (سلک التعلیم) لە زانکۆ وپەیمانگە هونەرییەکانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بابەتەكە بۆ ئەوانەیە كە مامۆستایانی دانیشگاو پەیمانگەن، بەڵام وابزانم شتێكی وا هەیە كە ئەوان بە بەردەوام مووچەی خۆیان وەرگرتووە لەو ماوەیەدا، ئینجا وابزانم ئەمە یەكێكە لەو هۆیانەی كە تەنها تەرخان كراوە بۆ مامۆستایانی قوتابخانەكان و، دانیشگای لێ بەدەركراوە، بۆ دانیشتگا ئەمڕۆ ئەنجومەنی خوێندنی باڵاش ئەگەر بەشتێكی باشی بزانن و هەست دەكەن كە ئەوان مغدور دەبن، با ئەوانیش پێشنیاری خۆیان پێشكەش بكەن، ئێستاش ناردوومانەتە شوێن وەزیری پەروەردە بابێ ئەو بابەتەمان بۆ روون بكاتەوە.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بڕیارەكە زۆر لە جێگای خۆیەتی رێزلێنانێكی معنوییە بۆ مامۆستایان، پێش ئەوەی تقدیری ماددی بێ، حەق وایە زۆر پشتگیری لێ بكرێ، ئەگەر وەكو مامۆستایان ئیمام و وتارگۆیەكانی تیادا بووایە، وەكو مامۆستا عیزەدین باسی ئەوەی زانكۆ ی كرد، ئینجا پرسیارێكم لە لیژنەی یاسا ئەوەیە: ئایا ئەو مامۆستایانەی كە خانەنشین بوون لەساڵی (٩٣) یان ئەوەی لە سلكی پەروەردە دەرچووە لەساڵی ١٩٩٣ ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مامۆستا توێژێكی مغدورە ، هەرچەند حەزمان دەكرد كەوا مووچەیان زیاد ببێ، بەڵام ئەم بڕیارە بە جارێك دەبێتە هاندەرێكی باش بۆ ئەم ساڵە كەوا دەوامی خۆیان بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە خەبەرمان ناردووە بۆ وەزیری پەروەردە ئەگەر بتوانێ بێ بۆ هەندێك روونكردنەوە سەرمان لێ بدات.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەم پرۆژەی یاسایە كە دانراوە پێویستە وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە پرۆژەیەكی تایبەتی مامۆستایانە و لە خۆیەوە نەهاتووە هەروەك و خۆشتان روونتان كردەوە لەوەزارەتی پەروەردە كە هاتووە لێی كۆڵدراوەتەوە، ئەگەر بەرامبەر مامۆستایانی زانستگاكان یان ئیمام وخوتبەگۆیەكان وەكو هەندێك پێشنیاریان كرد ئەوە دەتوانرێ بكرێت بە پرۆژەیەكی جیاواز ، بەڵام با ئەمە وەك و هەیە بڕیاری لەسەر بدەین باوەڕ ناكەم هیچ پێویستی بە دەستكاری و زیاد كردن و كەم كردنەوە

هەبێ، بەشی زۆری ئەوانەی قسەشیان کرد ئەو پرۆژەیان بەلاوە پەسندە، ئینجا ئەو تایبەتمەندییەتییەی ئەم پرۆژە یاساییە هەیەتی با وەکو خۆی بمێنێتەوە لەسەر ئەوە دەنگ بدرێ و ئیتر هیچ کەم و زیادی نەخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وادەزانم ئەو بابەتە تەرخان کراوە بۆ مامۆستایان، ئێستا ئەو تێبینییانە تەواو بوون، دوو شت هەیە بۆ ئەوەی چاوەڕێ بکەین وەزیری پەروەردە روونکردنەوەیەک بدات، یان بیخەینە دەنگدانەوەو، ئەم بڕیارە تەواو بێ، باوەڕ ناکەم وەزیری پەروەردە چ زیادەیەک بخاتە سەر ئەوە، چونکە پێشنیاری خۆیانە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پرسیاری مامۆستا مەلا طاهر لە جێی خۆی بوو، کە ئایا مامۆستایانی خانەنشینیش دەگرێتەوە یان نا؟ لێرە لە پرۆژەی یاسایەکە نالێ ئەو مامۆستایانەی لە خزمەتگوزاری راستەقینە بوون، هەر دەڵێ فلان ساڵە لە ئەوەندە بۆ ئەوەندە بۆ مامۆستاکان، خزمەتگوزاری راستەقینە (خدمەی فعلی) حساب بکرێ، واتا دیارە خانەنشینەکانیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ، خانەنشین چۆن دەگرێتەوە؟. کە من خانەنشین بووم، واتا ئەو ساڵە لە خزمەتدا نەبوومە کە من خانەنشین بووم ترفیعم چۆن دەکرێ؟، سەرمووچەم چۆن پێ دەدرێ؟ چیم بۆ حسێب دەکرێ بۆ مەبەستی خانەنیشین بوون؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام باس نەکراوە، پرۆژەی قانوونەکە گشتییەو وەنەبێ دیاری کرابێ بۆ ئەو مامۆستایانەی کە خزمەتگوزاری راستەقینەیان کردووە بۆ ئەو ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وەکو من بێ کە مراجعەکانم دیوە دەڵێن ساڵی ١٩٩٠ پاش ئەو ماوەیە خانەنشین بوون، ئێستا بەپێی یاسا دەچێتەوە سەر ساڵی خزمەتگوزارییەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئاشکرایە ئەوەی لە ١٩٩١/١٠/١ هەتا ١٩٩٢/٩/٣٠ لە خزمەتدا بووە ئەم مادەیە

دەیگرێتەوە، ئەوانەی کە پێش ئەوە خانەنشین بوون نایانگرێتەوە، برگەکە روونە، گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە تەواو بوو، ئێستا ئەم بڕیارە هی وەزارەتی پەروەردەیە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەم بڕیارە زۆر رەهایە لەو ماوەیە مامۆستا هەیە چۆتە بەغداد ساڵێک دانیشتووە پاشان گەڕاوەتەوە، هەیە لە ماڵێ دانیشتووە خزمەتی ئەو وەزعەی نەکردووە، حەز دەکەم رەچاوی ئەو خاڵە بکرێ لە بڕیارەکاندا، ئەوەی لەو ماوەیەدا بەردەوام بوو بێ لە خزمەتدا تەنیا ئەو بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەی زۆر لە جێیە، راستە گشتیی دەگرێتەوە. کاک سەعید ئەو بابەتەت باس کرد، پێشنیار چییە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المستمرین في الخدمة، الذین استمروا في الخدمة اثناء هذه الفترة)، ئەوانە هەموو دەزانرێن و لە ملاکات دیارن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێ دەگەم مەبەستت چییە؟ بەڵام بۆ شێوازەکە دەگەڕێین.

**بەڕێزد.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئەو (التباسە) نەمێنێ، هەر چەند شتەکە زۆر روون و ئاشکرایە، کە مەبەست چییە، بەڵام دەتوانین لە پاش (مدرسي اقلیم کوردستان العراق الذین کانوا في الخدمة الفعلیة في تلك الفترة)، دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری وەڵامەکەی د.کەمال فؤاد دەکەم، ئەگەر برگەیەکی بچووکی بخەینە سەر بڵێین: (الذین کانوا في الخدمة الفعلیة)، چونکە ئەم پشتگیرییە لە قوتابخانەکانەوە دەچێ بۆ پەروەردە، دەبێ ئەم قوتابخانانە بنووسێ ئەم مامۆستایە لەو ماوەیەدا راستە خزمەتی کردووە، ئەوەی رای کردبێ چوو بێ بۆ بەغداو چووبێ بۆ شوێنیکی تر قوتابخانەکەی ناینووسێ یان پەروەردە بۆی نانووسێ، ئەوە تەنیا رێگەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینییە زۆر لە جێی خۆیەتی، ئەگەر بەوشێوەیە نەبێ تووشی (التباس) دەبین، چونکە لەوکاتە زۆر کەس ڕۆیشتن و وازیان لە قوتابخانە هێنا لە ماڵەوە دانیشتن، کەسانی تریش هاتووچۆیان دەکرد بۆ لادێکان بە پارەی خۆیان، جا گوناحە ئەوەی لە ماڵەوە دانیشتووەو ئەوەی دەوامی کردووە وەکو یەک بن، لەبەرئەوە دیاری بکرێ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مووچەی خۆیان وەرگرتووە حکومەتی کوردستان (٥) مانگ قەرزی حکومەتی بەغدایان لەسەر بوو دایانەوە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەرزەی هەبوو لەسەر مامۆستایان لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە درا نەک لەلایەن حکوومەتی عێراقیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جیاوازیەک هەیە، ئەو مامۆستایانە لەسەرەتاوە بێ مووچە ئیشیان دەکرد، بەڵام ئەوانی تر مووچەی خۆیان وەردەگرت، من ناڵێم ئەنجوومەنی وەزیران دراسەی ئەو لایەنەی کردووە، ئێستاش وەکو کاک د.کەمال فؤاد ئەڵێ ئەگەر زانکۆ و پەیمانگاکان وابزانن، یان خوتبەگۆیەکان ئەگەر بزانن شتێکی وا هەیە ئەوان دەتوانن پێشنیار بکەن لە ڕێگای لایەنی ڕەسمییەوە بۆ ئەوەی لێی بکۆڵنەوە، ئەمە تەنها تەرخان کراوە بۆ (معلمین ومدرسین).

ئەو پێشنیارەی کە کرا بۆ جێگیر کردنی تەنها ئەوانەی لە خزمەتگوزاری ڕاستەقینەدان (اعتباراً من فترة ١/١٠/١٩٩١ ولغاية ٣٠/٩/١٩٩٢ خدمة مضاعفة لاغراض العلاوة والترفيع و التقاعد لكافة المعلمين والمدرسين الذين كانوا في الخدمة الفعلية داخل اقليم كوردستان العراق) واتا ئەم ڕستەیە پێشنیار کراوە (الذين كانوا في الخدمة الفعلية داخل اقليم كودرستان العراق).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە مادەیەکە زۆر گونجاوە دەستی لێ نەدەین، چونکە دەڵێین (معلم)، ئەو معلمەیە کە دەوامی کردووە کە مامۆستایەک دەوام نەکا خدمەی بۆ ناژمێردرێ کە چووە بەغدا (معلم) نییە

مادەکە وەکی خۆی بمێنێتەوە زۆر باشە دەستی لێ نەدرێ (خدمە مضاعفە) ئەو کاتە کە (خدمەی اصلی) بۆ حساب کرا بۆی زیاد دەکرێ، ئەگەر نا زیاد ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لام وایە ئەگەر بڵێین (لكافة المعلمين والمدرسين المستمرين في الخدمة الفعلية في اقليم كوردستان العراق) لەگەڵ کاک سەید حەسەن نیم، چونکە لەوانەیە سبەی بارودۆخ بگۆڕێ لە بەغدا حکومەتێکی نیشتمانیی پێک بێت، کەسێک رای کردبێت لەوانەیە بەپێی ئەو یاسایە داوای خزمەتگوزاری دووباد بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابت باسی (المدرسين والمعلمين)ت کرد، ئەی معلمات و مدرسات چی بکەن؟، لێرە (مؤنث ومذکر) هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوەی بەڕێز کاک سەید حەسەن باسی کرد ئەو برگەیە راست بوو، ئێمە یەکەم جار پشتگیریمان کرد کە (من المستمرين في الخدمة) بێ، بەڵام مافی زۆر کەسان بزر دەکات، لەوانە بۆ نموونە کەسی وا هەیە مۆڵەتی نەخۆشیان هەبوو مجبوریش بووە کە مۆڵەتی نەخۆشی وەرگرێ بەپێی یاساش ئەتوانرێت کە مۆڵەتی هەبێ یەک. دوو مۆڵەتی دایکایەتی هەیە، مۆڵەتی لەدایک بوون هەیە، ئەوانە شتێکن کە مرۆڤ بەدەستی خۆی نییە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی بەتایبەتی مۆڵەتی دایکایەتی کە دانانرێ بە خزمەتگوزاری راستەقینە، نازانم ئەگەر مامۆستایان روونکردنەوەیەکیا لەسەر بێ کە من گوتم ئەوە نەک پێکداچوونێک دروست بکات شیاوی لێکدانەوە بێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زیادەیەکم هەیە، لەوانەیە هەموو لایەکتان بەرەوای بزانن، باشە فەراشی قوتابخانە لەگەڵ ئەوان دەوامیان کردووە بۆ ئەوانیش حساب نەکرێ؟ ئەو خەڵکەی کە خزمەتیان کردووە لەگەڵ مامۆستاکان من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوانیش بژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بابەتە ئەگەر وابێ بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەکان و پەروەردەش دەبێ، ئەمە پێشنیارێکە کە حکوومەت کوردوویەتی بۆ توێژێکی دیاریکراو، لەماوەی ١/١٠/١٩٩١ تا ٣٠/٩/١٩٩٢

سەرەتاش بێ مووچە دەوامیان کرد، بابەتەکە دیاریکراوە ئەگەر وای لێ بێ، مادام پێشنیار بکرێ بۆ هەموو فەرمانبەری حکومەتی کوردستان لە ماوەیەک کە ماونەتەوە، ئەنجوومەنی وەزیران ئەم پێشنیارەی کردووە، باسی فەراشی نەکردووە بۆ ئێمە بیکەن با ئەوەش هەر ئەوان بیکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاوەن پرۆژەکە بابێ گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە هەیە بەو شێوەیە دەبێ (اعتبار الفترة من ١/١٠/١٩٩١ ولغاية ٣٠/٩/١٩٩٢خدمة مضاعفة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد لكافة معلمين ومدرسين من الذين كانوا في الخدمة الفعلية في اقليم كوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم زیادەیە بۆ دیاریکردنی خزمەتگوزاری راستەقینەیە (فعلی)، بۆ زیاد کردنی ئەم برگەیە لە پرۆژەکە نییە ئەگەر چی هۆیەک نییە بۆ ئەوەی جێگیر بکرێ، ئەم برگەیە زیاد بکرێ پەیوەندی بە بریارەکەوە نییە کە کێ دەگرێتەوە (من الذين كانوا في الخدمة الفعلية).

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک پرسیارم هەیە لە لیژنەی یاسا، ئەگەر هاتوو ئێمە بنووسین (في الخدمة الفعلية)، ئەوانەی لە مۆڵەتدا بوونە مغدور دەبن، ئەگەر ئەوان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو مۆڵەتی ساڵ کە بەبێ مووچەیە بەخزمەت دەژمێردرێ، مانای ئەوەیە خزمەتی راستەقینەیە، بەڵام ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە غایبن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مۆڵەتی بێ مووچە بە خزمەتی راستەقینە دانانرێت بەپێی یاسا، ئەو ساڵانەی کە بە مۆڵەتە درێژەکان دادەندرێن تەنها مۆڵەتی دایکایەتی و ئەوانە مۆڵەتن بە خزمەتی راستەقینە دادەنرێن، چونکە ئەوانە لە خزمەتدان و مافێکی یاساییان بەکار هێناوە، لەبەرئەوە بەڕای من دەقەکە دەستی

لێ نەدرێت باشە و (خدمەی مضاعفە) مانای وایە ئەوی خزمەتی بۆ بژمێردرێت دەبێتە دووقات ئەوی خزمەتی بۆ نەژمێردرێت، واتای وایە ئەوەی یەکەمی بۆ نەژمێردراوە و دووەمەکەی بۆ نازمێردرێت، وشەی (مستمرين في خدمة) برێک کێشەمان بۆ دروست دەکات، بە رای من واتای بابەتەکە پشتگیری مدرسەکان و فلان و ئەوانی دی کردووە کەچی ئەوەی دەستگای پەروەردە و دەستگای خۆیەتی و ملاکات خۆی ئاساییە سەربەخۆ هەر معلمێ سەرمووچە وەربگرێت سالێکی بۆ زیاد دەکات ئەو مدرەسەی سەرمووچە وەربگرێت سالێکی بۆ زیاد دەکات، لەراستیدا ئەوە شایەنی هاندان بێت بەرای من زۆر بابەتەکە روونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەرووی مەنطیقەوە وایە، لەراستیدا ئەوەی کە سەرمووچە وەربگرێت ساڵەکە ئەبێت بە دوو سەرمووچەی بۆ بژمێردرێ، ئەوەی ترفیعی کرد بێت دەبێ ئەویش بە دوو ترفیع بۆی بژمێرێ، چونکە کە تۆ مافی سەرمووچەت هەبێت واتە خزمەتت کردووە، ئەوە وەکو جەنابت فەرمووت مەسەلەی خۆیەتی دەزانێ منطقی تیادا هەیە، ئینجا ئەوەی لە دەرەوەی هەرێم بوو بێ مانای ئەوەیە ئەو ساڵە دەوامی نەکردووە، مانای ئەوەیە سەرمووچەی وەرنەگرتووە، واتای ئەوەیە ترفیعیش نەکراوە، کەواتە ئەم ماوەیە نایگرێتەوە، مادام خۆیەتی بۆی حساب نەکردبێ ئێمە ماوەکەمان دیاری کردووە لە ١/١٠/١٩٩١ هەتا ٣٠/٩/١٩٩٢ ئەگەر سەرمووچە و ترفیعی بۆ هاتبێ، ئەوا هەقە دووجار پێی بدەن ئەگەر وەری نەگرتبێ، ئەگەر لە دەرەوە بوو بێ و خۆیەتی دایبنێ ئەوە خەتای خۆیەتیە، خەتای یاساکە نییە، برگەکە ئاشکرایە (اعتبارا من ١/١٠/١٩٩١ ولغایە ٣٠/٩/١٩٩٢)، جا ئەگەر ئێمە وردی بکەینەوە زۆر شتی تیایە، بۆ نموونە نووسراوە (لکافة معلمي و مدرسي اقليم كوردستان العراق) نالێ (خارج)، ناوی (خارج اقليم کوردستانی) نەهێناوە، ئەگەر ئەسڵەکەی بخوێنینەوە ئەوەی لە بەغدا دامەزراوە چ ئیشی بە ئێمەیە؟ کەواتە ئێستا دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێک برگە (١) وەک خۆی بمێنێتەوە، رایەکی تریش هەیە ئەوەی خوێندرایەوە (الذين كانوا في الخدمة الفعلية داخل الاقليم) با جاری بیبرێنینەوە، ئەوەی پەیوەندی بەفەراشەوە هەیە با بۆ دەسەڵاتی وەزیری بهێڵینەوە.

**بەڕێز فەرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاک کاریش با لەولا بێ لە دواناوەندییەک (نووسەر) هەیە، لەناو هەمان بنایە دەوامیان کردووە لەگەڵ مامۆستاکان معاناتیان بووە، پابەندی دەوام بوونە، بۆ بۆ ئەوان بکرێ بۆ ئەوانی تر نەکرێ؟ چونکە پاشان تووشی گیروگرفت دەبین لەگەڵیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وای لێ بێ فەرمانبەرانی پەروەردەش دەگرێتەوە، نووسەر لەکوێ دەوام دەکات ئەگەر فەرمانبەری پەروەردە دەوام نەکات؟ وابزانم بابەتەکە ئاشکرایە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو پرۆژە بۆ لیژنەی یاسا بەم شێوەیە هاتووە، خاوەنی پرۆژەتان داواکردووە بابێ بەرگری لە پرۆژەکەی خۆی بکات، دەبێ هەبێ، بۆ وا هاتووە؟ شتێکی تریان بۆ زیاد نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نەهات چی بکەین؟

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من خاوەنی پرۆژەکە کەدێ پێویستە لەدوای لێکۆڵینەوە بێت، دێین ئێمە شت زیاد دەکەین مانای ئەوەیە (تبعاتی مالی) پەیدا دەکات، پێویستە ڕای ئەنجوومەنی وەزیران لەخاوەنی پرۆژە پێویستە ڕای وەربگیرێ، چونکە وەکو جەنابتان فەرمووتان فەڕاش زیاد بکەین وئی مدرسی زیاد بکەین فەرمانبەران هەموو دەوامیان کردووە دواتریش هەموو کەس بەجێی هێشت مانای ئەو کەسانەی نەڕۆیشتن و نەچوونە دوو ڕژێم هەموو بۆیان بژمێرین ئەوەش کردارێکی دارایی گرانە، بەڕای من پێویست نییە گەنجینە باربکەین، شتێکی دیاریکراوە (مامۆستا) زۆر باسکرا کە ڕێزی لێ بندرێ مامۆستایان ماوەیەک (٥) مانگ چوونە قوتابخانەکان و وانەکانیان گووتەوەو درێغیان نەکرد، ڕێزلێنانەکە لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە بەڕای من وەک خۆی بڕوات، ئەگەر برادەرانی تر هەبن مستحق بن لە پرۆژەی تر بۆی هەیە بپالێوترێن لێرە لێی دەکۆڵدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە وشەی (مدرس) وەک و کاک ئەیادیش نیشانی داوە لە هەردوولا بەکار دێ، لەوەزارەتی پەروەردە لە دواناوەندییەکان دەڵێین فلان مدرسی ئینگلیزییە، واتا سەربە وەزارەتی پەروەردەیە، لە زانکۆکانیشدا هەر (مدرسە)، ئینجا لێرە بۆ ئەوەی (التباس) نەبێ شتێک بنووسین کە جیای بکاتەوە کە تەنیا پەیوەندی بە مدرسی پەروەردەوە هەبێ، نازانم راتان چییە بۆ ئەوەی ئەم (التباسە) نەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو لیژنەی پەروەردە لێتان نەکۆڵیبۆوە، دەبوایە پێشتر لێتان بکۆڵیبایەوە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەکانی جەنابت و هەمووان دیاردەکەوێ خۆمان دەزانین مەبەست لەم پرۆژەیە چییە، ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ناردوویەتی مەبەست تەنها مامۆستا (معلم)ە ئەمە پاڵنەرێکی معنوی و پاداشتە، ئینجا با نەیکەین بەم لاو بەو لادا خۆمان تێی دەگەین، پرۆژەمان هەیە بۆ خەڵکی تر با بەیاسایەکی تر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی مامۆستا گوتی راستە لە زانکۆش مدرسین هەنە، ئەوە گیروگرفتە، شتی ئێمە ورد نییە، کە دەڵێی (مدرس) دەڵێ منیش مدرسم، منیش مافم هەیە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پەیوەندی بەوەزارەتی پەروەردەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەنووسراوە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابۆی زیاد بکەین وەزیری پەروەردە بێ، هەرچی فەراش و مودەریسەکانن، بەراستی بۆ ئەویش (احراج)ە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (مدرس) گشتییە، کاتێ باسی مدرسی پەروەردە دەکرێ، بەتایبەتی لەگەڵ «المعلمین والمدرسین» ئەم مدرسانە هی پەروەردەن نەک هی زانکۆ، چونکە پێکەوە گرێدراو نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمانبەر بەشێوەیەکی گشتی مەغدورە، بەڵام لێرە لێپرسراویەتی دیاریکردووە کە دەڵێ (معلمین و مدرسین) ئەوانە لێپرسراوێتییان زیاترە لەفەراش و فەرمانبەرانی پەروەردە، لەبەرئەوەی

سەرمووچەی بۆ ئەوان تایبەت کردووە، ئەمە مەسەلەی لێپرسراویەتی ئەو زیاتر دەوریان بینیوە، لەبەر ئەوە فەرمانبەرەکانی پەروەردەی بەگشتی نەگرتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پرۆژەکە لە بنەڕەتدا لە وەزارەتی پەروەردەدا هاتۆتە ئەنجومەنی وەزیران، مامۆستایانی دواناوەندی و سەرەتاییش دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر زیادەیەکی وەزارەتی پەروەردەی لەسەر بێ ڕەنگە ئەو (التباسە) نەمێنێ بڵێین ئەو کەسانە دەگرێتەوە (في وزارة التربية) یان ناونیشانی مامۆستای زانکۆ جیاوازە لەگەڵ مودەریسەکانی وزارەتی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە زۆر یاسایەکی ڕێکوپێک و باشە بەنیسبەت مامۆستایانەوە، ئێمە کۆمەڵێک مامۆستامان هەنە، لەبەر حاڵەتی نەخۆشی ئیش ناکەن، ئینجا ئەگەر ئەوانە نەگرێتەوە تۆزێ گرفت دروست دەکات بۆ ئەمانە، دوای ئەوە فەرمانبەرانی پەروەردەش هەر دەوامیان کردووە، ئەو ماوەیە خۆیان گلەییان لەوەیە کە مامەڵە کردن لەگەڵ مامۆستا جیاوازە لەگەڵ ئەوانە، ئینجا ئەوانیش بگرێتەوە زۆر شتێکی ڕێکوپێک دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهەر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من بڕگەیەک زیاد بکرێ، ئەو بڕگەیەش تیادا ئەوە روون بکرێتەوە (يشمل هذا القرار المعلمين والمدرسين) ئەوانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەروەها پێشەییەکانیش واتە پیشەسازی و بازرگانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا خراپ نییە بڕگەیەک زیاد بکەین لە جیاتی بڕگە (٢)و، بوترێ (لوزير التربية او الوزير المختص اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القرار) ئەوکاتە باوەزیری تایبەتمەند ڕێنمایی دەربکات کە کێ دەگرێتەوە، کێ ناگرێتەوە، ئەم شتە ئاسانکاریمان بۆ دەکات یان بۆمان ناکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێنمایی بۆ ئەوەیە یاسا روون بکاتەوە، ئێستا بەگوێرەی ئەو گفتوگۆیانەی ئێمە دەیبینین یاساکە

خۆی روون نییه چییه؟ بەڕای ئێمه وەک لیژنەی یاسا زیادەکەمان له دەقەکه کرد بەڕای دەستەی سەرۆکایەتی روون نییه مەبەستی چییه، ڕێنماییش به حوکمی یاسا وەزیری پەروەردە ئەگەر ئەم روونکردنەوەیه بکات، بەڵام ئەگەر وەزیری پەروەردە بیکات دەکەوێته سەر (اجتهادی) شەخسی، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وابێ باشتره که دەڵێ (اعتبار الفترة خدمة مضاعفة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد لكافة معلمي و مدرسي المدارس في اقليم كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەم شتانه تۆزێک ورد بکەینەوە، ئەوسا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ دەستەی پەیمانگاکان چ بکەین؟ پەیمانگەی مامۆستایان چ لێ بکەین؟ پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان چ لێ بکەین؟.

ئێستا دوو را هەیه.. رایەک هەیه که ئەو برگەیه زیاد بکرێ، رایەکی تریش هەیه که وەکو خۆی بمێنێتەوە. ئەگەر دەتانەوێ ئێمه دوای دەخەین بۆ کاتێکی تر و هەڵی دەگرین بۆ وەزارەتی پەروەردە، بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە و رای لەسەر بدات.. ئێستاش دێمەوە سەر برگەی سەرەکی، برگەی یەکەم: کێ لەگەڵ ئەوەیه بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەمە و بڕیارێکی لەسەر بدەین؟ کێ لەگەڵ نییه؟ به زۆربەی دەنگ دەیانەوێ بەردەوام بین لەسەر ئەمە. مادام وایه دێمەوە سەر برگەی یەکەم.

رایەک هەیه که ئەو شته زیاد بکرێ که ئێستاکه خوێندمانەوە، جارێ پێشەکی کێ لەگەڵ ئەوەیه برگه (١) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییه؟.. به زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

برگه (٢) على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

کێ لەگەڵ ئەم بەندەیه؟... کێ لەگەڵ نییه؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.

برگه(٣) (ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)، کێ لەگەڵ ئەو برگەیه؟ کێ لەگەڵ نییه؟ .. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئێمه پێش دەنگ وەرگرتن بڕیارماندا که بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی، نەک بڕیار بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستمان ئەوە بوو، دوای بخەین یان گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەردەوام بین دوو پێشنیارمان لە پێش بوو.

پێشنیارێک ئەوە بوو کە بڕگە (١) بگۆڕین یاخود زیادی بکەین، زۆربەی دەنگ دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوامان کرد لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار گفتوگۆی لەسەر بکەین، مەبەست ئەوە بوو کە وەزیری تایبەت بێ گفتوگۆی لەسەر بکەین، لەسەر چ بنەمایەک ئەو پێشنیارەی کردووە بۆ هەندێک کەس ناویان نەهاتووە بۆ هەندێ کەس لە هەمان بنایە کە لەوێ ئیش دەکەن بۆ سەرموچە بۆ ئەوان ناژمێردرێ، دەمانویست لەوە بکۆڵینەوە چونکە ئەو دەبێ ئەو یاسایە شی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک فرەنسۆ پاش ئەو هەموو گفتوگۆیانەی کە کران ئەو رایەی جەنابیشت لەگەڵ رایەکانی تر بەو رێگەیە خرایە دەنگەوە، ئایا دوای بخەین یاخود بەردەوام بین لەسەری؟ یەکەم بەردەوام بوون لەباسکردنی یاساکە کە زۆرینەی وەرگرت مانای ئەوەیە دوای بخەین هەتا وەزیر دێت، مانای ئەوەیە رەفز بۆوە، لەبەرئەوەی کە زۆر زۆریش باسکرا ئینجا کەوتە گفتوگۆ، کە خاڵی یەکەم کێ لەگەڵەو کێ لەگەڵ نییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتمان خاڵی یەکەم کێ لەگەڵ گۆڕینە؟ ئەگەر زۆرینەی دەنگ لەگەڵ گۆڕین بووایە، ئەو کاتە دەمانتوانی فەڕاش وکریکارو فەرمانبەرانی پەروەردەی بخەینە سەر، بەڵام زۆربەی دەنگ دەڵێ وەکو خۆی بمێنێەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتمان بەردەوام بن لە سەر گفتوگۆکردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بڕیارە دەنگی لەسەر وەرگیرا، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ یان نەکرێ وەک و گوتمان خاڵی یەکەم کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ئەگەر برادەران بیانوویستبا گفتوگۆ لەسەر خاڵی

یەکەم بکەین یان بیگۆڕن، ئەو کاتە ئێمە دەرگای گفتوگۆمان دەکردەوە، زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەبوو خاڵی یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە مانای ئەوەیە گفتوگۆی چی بکەین؟ ئیتر چونکە ئەم یاسایە خۆی یەک خاڵە ئەویش دەڵێ بۆ معلمین و مدرسین لەوەندە تا ئەوەندە، زۆربەی دەنگ نایەوێ پاک کارو نووسەر و شتی لەگەڵدا بێ، گوتمان کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوە نەبووایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوکاتە ئێمە ناچار بووین دەرگای گفتوگۆمان دەکردەوە یاخود پێشنیاری تر دەهاتنە پێشەوە خۆزگە زۆربەی دەنگ بیگوتبایە نەخێر، ئێمە نامانەوێ لەگەڵ خاڵی یەکەم بێن بیگۆڕین، بەمە ئەم بڕیارە تەواو، دەچینە سەر ماددەی ترمان ئەویش یاسای ڕێکخراوەکانە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دوێنێ وەک فراکسیۆنی کەسک زۆر بەدوورو درێژی لەو یاسایەمان کۆڵیییەوە، ئەوەی بۆمان دەرکەوت کە لێرە پێویستمان بە چەند یاسایەک هەیە لەبارەی ڕێکخراوەکانەوە یەکێکیان ئەوکۆمەڵانەن کەوا ناسراون بە کۆمەڵانی پیشەیی و دیموکراتی، ئەوانی تریش کۆمەڵە فریاگوزاریەکانن، ئەویش دوو جۆرن هی ناوخۆ هەیەو هی بێگانە هەیە، ئینجا لەو بارەیەوە ئێمە بە پێویستی دەزانین کە یاساکە باشتر لێی بکۆڵینەوە بخرێتە قاڵبێکی واوە کە هەر یەکێک لەو ڕێکخراوانە لە خانەی تایبەتی خۆیدا دابنێین چونکە ئەگەر وا نەبێ تێکەڵ و پێکەڵیەک پەیدا دەبێ، بۆیە ئێمە بەلامانەوە باشە ئەو گرفتانەی باسمان کردن بەشی زۆری یاساییە، بەڕاستی ئێمە زۆر هەوڵماندا بەو شێوەی ئێستا نەمانتوانی لە قاڵبێکی یاساییدا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دابڕێژرێت ک یەکێک لەو جۆرە کۆمەڵ و ڕێکخراوانە جیابکرێتەوەو بارێکی تایبەتی بۆ دابنرێ، لەبەرئەوە وا باشترە ئەگەر بێتو ئێمە ئەو پڕۆژەی یاسایە بدەینەوە بە لیژنەی سەرۆکایەتی لێی بکۆڵدرێتەوە بە هاوکاری لەگەڵ ئەو لیژنەی کە هەیە بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە، چونکە هەندێک لەو ڕێکخراوانەی تیایدا باسی دەکرێن ڕێکخراوی بێگانەن یان پەیوەندیان هەیە لەگەڵ ڕێکخراوە بێگانەکان، بەتایبەتی ئەوانەی ڕێکخراوە خزمەتگوزاریەکانن، جا پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە ئەو پڕۆژەیە جارێکی تر لەلایەن لیژنەی یاساو بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە باس بکرێت وە بەشێوەی دوو، یا سێ پڕۆژە بێ بۆ بەردەمی ئەنجوومەن بۆ ئەوەی لێی بکۆڵینەوەو بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

- ئێمەش لەگەڵ ئەو پێشنیارەین و پشتگیری لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

بۆ ئاگاداری ئەندامانی پەرلەمان، دوێنێ من لەگەڵ کاک دکتۆر بە تەلەفۆن هەندێ قسەمان کرد، قەول بوو ئەمڕۆ پێش دانیشتن یەکتر ببینین، بەڵام کاک دکتۆ درەنگ هات، دوو شت لەیەک جیاواز هەبوون، وابزانم دوێنێش تارادەیەک لەسەر ئەو بابەتە لەرووی مەبدەئەوە گەیشتینە شتێک، ئەوەی کاک دکتور کەمال فؤاد باسی دەکات دوولایەنە، لایەکی ئەوان کتلەی سەوز گفتوگۆیان کردووە دەربارەی کۆمەڵانی دەرەوە ئەو رێکخراوانەی کە ئێستاکە هەڵدەستن بە کاری ئاوەدان کردنەوەو هەندێ شتی ترو خزمەت گوزاری لەگەڵ رێکخراوی (NGO)ی دەرەوە لەگەڵ رێکخراوی پیشەیی وجەماوەری و دیموکراتی خۆمان، ئەوان لە کتلەی سەوز نەگەیشتوونەتە دەرکەوتەیەک کە چۆن ئەمانە پێکەوە ببەستن بەیەکەوە، من لەگەڵ دکتۆردا قسەم کرد پێشنیاری ئەوەم کرد ئەو بابەتانە لەیەکتری جیاوازن ئێمە ناتوانین لەم یاسایە رێکخراوی (کراو، کرۆو، شلتەر)و کۆمەڵێک شتی وامان هەیە هەموویان پێکەوە ببەستین لەگەڵ یاسای رێکخراوەکان، کە تایبەتە بۆ رێکخراوی دیموکراتی و پیشەیی خۆمان، ئەم رێکخراوانەی کە باسمان کردن سیفەتێکی کاتیان هەیە کە پەیوەندە بە بارودۆخی ئێستاوە، ئەمانەی کە ئێستا باسیان دەکەین رێکخراوی دیموکراتی و پیشەیین و سیفەتێکی هەمیشەییان هەیە، بۆ ئەوەی خۆمان پێشنیارم کردبوو کە ئێمە ئەم یاسایە تەرخان بکەین تەنها بۆ رێکخراوی پیشەیی وجەماوەری خۆمان وادەزانم ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە بۆ ئیشەکە بڕۆین ئەوا گفتوگۆی ئەو لایەنە باشترە، ئەکرێ ئێمە لە یاسایەکدا هەموو ئەمانە تێکەڵ بکەین؟ رێکخراوەکانی دەرەوەی بێگانە و رێکخراوی خۆمان، بۆ ئەوەی ئیشوکاری ئاوەدان کردنەوە و ئەرکەکانی خۆیان رابپەڕێنن، لەگەڵ رێکخراوێکی پیشەیی و دیموکراتی و ئەوانی تری خۆماڵیدا، ئەگەر وا بکەین بە بۆچوونی من گیروگرفتمان زۆر کەمتر دەبێ.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

کێشەکە تەنها رێکخراوەکانی دەرەوە و خێرخواز نییە، ئەو کۆمەڵانەی کە لێرەش هاتوون هەندێکیان یاسای تایبەتی خۆی دەبێ ئەویش پێویستە لیژنەی یاسا خۆی ئامادە بکات، لەم بارە بکۆڵێتەوە، خۆی پێویستی بە یاسای تایبەت هەیە بۆ ئەوەی بۆی ئامادە بکەین نەک هەر هی

ڕێکخـراوی دەرەوە، هەندێ شـوێن هەیە کـە بە یاسـای خـۆی دەبێ، بۆیە من لەگـەڵ ئەوەم کـە بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

دەربارەی قسـەکانی جەنابت و کاک کەمال لە فراکسیۆن زۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە کرد، ڕاستە بۆ ئەو ڕێکخراوانە و یانەکان و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و دەزگا خێرخوازەکان کـە (ذات صفة دائمية)ن، بەڵام بە هۆی باری ئێستای کوردستانیش ئەو کۆمەڵانەی کە هەمانە ئێستا بەدەیانمان هەیە، و ئەوانەی توانای زۆر باشیان هەیە، بۆ ئەوەی خەڵکی لەم برسییەتییە ڕزگـار بکەین ئەم (کرۆو کاردۆ)و ئەمانە بەباشترین ڕێکخراو دەزانن، بۆیە ئەم پێشنیارەی کـە لەلایەن جەنابتانەوە هات کـە وەزارەتی مـرۆڤایەتی پرۆژەیەک ئامادە بکات بەتایبەتی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی خۆمان، ڕێکخراوی بێگانە ئێمە ناتوانین بە یاسا پابەندیان بکەین، بڕیارێکیان بۆ دەرکەین، یان ئەنجوومەنی وەزیران پێوەندییان پێوە بکات، بەڵام بۆ ئەوانەی خۆمان بەڕاستی حساسن، چونکە پارەو توانای زۆریان لەلایەو، پرۆژەی زۆر هەنە لە کوردستان کە بێزارییەکی زۆر بەرامبەریان هەیە هەتا هەرێم چیەتی پێ دەکرێ، حزبایەتی پێ دەکرێ، بۆیە ئەم پێشنیارەی کەلەلایەن جەنابتەوە هات و ئەو گفتوگۆیەی دکتۆر کەمال وپشتگیری کاک فەرەنسۆش دەکەم ئەم پرۆژەیە بگەڕێتەوە، گەڕانەوەکە بۆ ڕێکخراوەکانی کوردستانی بێ، ڕاسپاردەکە وادەرچێ کە ئێمە ئەوە پابەند بکەین، وەزارەتی مرۆڤایەتی یان لیژنەی پەیوەندییەکانی خۆمان لێرە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەڕای من ئەو بابەتە برادەران وکاک دکتۆر باسیان کرد ئەوە چارەسەرە، لە بڕگە (٢) لە مادده (١) هەموو شتەکانمان شی کردۆتەوە، دەڵێن ئەوانە دادەنرێن بە ڕێکخراوی (مالم يتناول تنظيمها قانون خاص) دەڵێن ئەو ڕێکخراوانە ڕەخساوی ئەم یاسایەن (مالم يتناول تنظيمها قانون خاص) هەر یاسایەک بەنیسبەت هەر کۆمەڵێک سەبارەت هەر شتێک یاسایەک دەربچێ، کە یاساکە دەرچوو لە حـوکـمی ئەوە دەردەچێ، چونکە یاسـایەکی تایبـەتی پێ دەردەکـرێ بنەمـایەکی کارپێکراویشە دەڵێن (الخاص يقيد العام) لەبەرئەوە بەڕای من ئەو یاسایە ڕێگر نییە لە پێش ئەوان، یاسای وەزارەتی مرۆڤایەتی کەی دەرچوو، شتێکی زۆر سروشتییە ئەوانە دەردەچن لەژێر باری یاسای ڕێکخراوەکان، باوەڕ ناکەم ئێستاکە شتەکی ئاڵۆز بێ، پرۆژەکان لە تواناندا هەیە

ئاماده بکرێن، پەیتا پەیتا یەک لە دوویەک و هەرچی پرۆژەکە تشریع کرا لەوێ دەردەچێ (مالم یتناول تنظیمها قانون خاص) بەرای من گرفت نییە ئەگەر ئێمە ئەو یاسایە بروێنین و نێبی بکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با یەک بگرێتەوە بۆ ڕێکخراوە خێر خوازەکان وەکو (کرۆو، کرا) و شتێک بکرێت بۆ ئەو ڕێکخراوانەی لێرە ئیش دەکەن، ئێمە ناتوانین یاسایان بۆ دابنێین، چونکە پابەندی یاساکانی خۆیانن، بەڵام هەندێک شتیان بۆ دابنێین بە هاوکاری لەگەڵ حکومەت، بەرای من ئەوەش قبوولە، هەموویان پێیان باشە، چونکە بۆچوونەکە بەو شێوەیە بەتایبەتی لەدوومانگی رابردوودا لەناو حکومەتەکانی دەرەوە هەموویان بۆچوونیان بەو شێوەیە، بەڵێ پێویستە هاوکاری لەگەڵ حکومەت بکەن، ئەگەر ئەمە بەس بۆ ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراتییەکانی بێ ئەوە بابەتێکی ترە، ئەگەر ئەمە بۆ هەموو ڕێکخراوە خێرخوازەکان بێ لەوانەش کرۆو کرا ئەوە شتەکانیان جیاوازە.

لەبەرئەوە چونکە ئەگەر ئەوە بکەینە یاسایەکی دیکە وەزارەتی مرۆڤایەتی تاکو یاسایەک دائەنێت دوایی ئەچێتە ئەنجوومەنی وەزیران بێگومان ئەبێتە مانگی (٣) ،چونکە فریاناکەوین، بۆیە ئێستا بۆ ئێمە کات زۆر گرنگە بەتایبەتی لەسەرەتای مانگی «٣» یان لەسەرتای بەهار کە زیاتر پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و شتی وا دەست پێ دەکات و زۆربەی زۆری ئەو کاتانە نزیکەی (٦) مانگمان لە کیس ئەچێت، ئینجا پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە پێداچوونەوەیەک بکرێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو لیژنانەی کە تایبەتن بەوەوە لیژنەی کۆمەڵایەتی لیژنەکانی رۆشنبیریی و لیژنەی ئێمە لیژنەی خۆی لەوەزارەتی ناوخۆ هاتووە پێکەوەین و خۆمان ڕێک بخەینەوە، واتە ئەتوانرێت جیاوازیەکی وامان نەبێت لەسەر ناوەڕۆکەکەی، بەڵام دووبارە پۆلینی بکەین و هەریەک بە ڕوونی بیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من تەنیا یەک بابەت هەیە ئەگەر ماوە بدەن، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە چۆن بزانین ڕێکخراوێک پێڕەوی ناوخۆی لەگەڵ ئەم یاسایە ناگونجێت؟، ئەگەر (١) ڕێکخراوەکە خۆی ئاشکرای نەکات (٢) ئەگەر پێڕەوی ناوخۆی پێشکەش بەلایەنی جیاواز نەکات؟ ٣- ئەگەر لایەنە جیاکان بریار نەدەن ئەمە ئەگونجێت لەگەڵ ئەم یاسایە؟ واتە وەکو ئەڵێن ئەسپ بۆ عەرەبانە ئامادە ئەکەن یان عارەبانە بۆ ئەسپ ئامادە دەکەن؟ ئێمە یاسای گشتی ڕێکخراومان دەرکردووە کە ئیشەکانی ئەو ڕێکخراوانەی وەک(NGO) وغەیری (NGO)دیاری کران ئەوکاتە ئەگەر ئەو ڕێکخراوە پێڕەوی

ناوخۆی خۆی پێشکەش بکات بۆ لایەنە تایبەتەکان، ئەگەر زانیان ئەگونجێت لەگەڵ ئەم یاسایە کە ئێستاکە ئێوە رەزامەندی لەسەر دەردەبڕن ئەوە دەیگرێتەوە، ئەگەر نا پێویستی بە یاسای تایبەتە لە یاساکە برگە (٢) ئەڵێت (مالم يتناول تنظيمها قانوون خاص بها)، ئەو کاتە ئەگەر ئێمە بزانین بۆ (NGO) یەکان پێویستیان بە یاسایەک هەیە، با لایەنی پەیوەندیدار پێشنیارێک بکەن وبلێین بۆ (NGO) بۆ رێکخراوی تر (کرا و کرۆ) پێویستیمان بە کاتە ئەو یاسای تایبەتییە لەسەر ئەوان.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان وتتان ئەمە بەش بەش بکرێت هینی رێکخراوی (NGO)یەکان جیابکرێتەوە ئەوە هیچ کێشەیەک نییە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئەوەی (NGO)یەکان تێکەڵ بکەین لەگەڵ ئەم یاسایە ئەوە گیروگرفتێکی یەکجار زۆر بۆ رێکخراوەکان دروست دەبێت ،چونکە دەستی بەستنەوەی تیایە بۆیان، راستە لە هەموو لایەکەوە زۆربەی برادەران هێرشێکی زۆریان هەیە لەسەر (NGO)یەکان، لەوانەشە هەڵەیان هەبێت، بەڵام ئەوەشمان نابێت لەبیر بچێت کە تاقە لایەنن کە ئیشێکی زۆریان بۆ کوردستان کردووە، ئیتر حکومەت نەیتوانیوە زاڵ بن بەسەریدا ئەوە گرفتێکی ترە، دوای ئەوە ئێمە بۆ پێمان ناخۆش بێت رێکخراوێکی کوردی یا هەر رێکخراوێک بێت، لقێک لەو لقە رێکخراوە ئاوروپیانە هەن کە ئیش ئەکەن و خزمەت ئەکەن لە هەموو ولاتاندا، بۆ بەو پێوەندانە بیانبەستینەوە؟ لەبەرئەوە بەراستی حەقە ئەوە بگێردرێتەوە ولێکۆڵینەوەیەکی تر بکرێت، ئینجا پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بزانین لیژنەی یاسا رایان چییە؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا کاری لیژنەی یاسا لەو دەقیقەیەوە دەست پێ دەکات، کە پرۆژەیەک دێتە بەردەمی ئێمە برادەران چ سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن چ برادەرانی تر بوارێکی فراوانیان هەبووە، ئەگەر تێبینییان هەبێت بە راستی ئێمە تا ئەم دەقیقەیە هیچ تێبینییەکمان بۆ نەهاتووە وەکو پرۆژە تەماشامان کردووە، لایەنی یاساییەکەی تەماشا ئەکەین پرۆژەکە هیچ عەیبی نییە شتێکی رێکوپێکە و ئەو دەقەی کاکەرەش ئاماژەی پێکرد زۆر روونە وشایەنی شی کردنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستاکە رایەک هەیە کە دەڵێ ئەم پرۆژەیە رێکخراوەکانی تریش دەگرێتەوە وتێکەڵ و پێکەڵە، پێشنیار چییە بۆ چارەسەر کردنی؟!.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم تێکەڵ و پێکەڵیەکەی هەستمان پێ نەکردووە لە نێوان بینینی یاساکە تەنها وشەی تێکەڵ و پێکەڵ هاتووە با ئاماژە بەوە بکەن کە لە کوێیە؟ خۆ گفتوگۆمان لەسەر یاساکە نەکردووە تا بزانین لە کوێیە؟ هاتووەو دیومانە شتێکی باشەو خۆشی هەر پرۆژەیەو ئەمێنێتەوە سەر رای ئێوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کاتی خۆی تێبینم داوە (جەنابی کاک شێخ عەدنان) لێرە نەبوو لەدەرەوە بووە بە کاک شێروانم دابوو، واپێدەچێ ئەویش لەو کۆبوونەوە کە کۆتاییان پێ هێناوە ئامادە نەبووە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم و هەر هەمان رام هەیە کە جارێکی دی بگەڕێتەوە لیژنەی یاساو ئێمەش و فراکسیۆنی تر چ تێبینیمان هەیە بیاندەینێ بۆ ئەوەی بەتێروتەسەلی لێی بکۆڵدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوای دەخەین بزانین لیژنەی یاسا دەڵێن چی.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە لایەنی یاساییە، هیچ گرفتێکمان نییە، ئێمە چی بڵێین بەراستی شتێکی یاساییە دوو سەرۆکی فراکسیۆن بڕیاریدا دەکەوێتە سەر رای ئێوە، ئەگەر دەتانەوێت دوا بخرێت ئێمە لاریمان نییە، تێبینی ترمان بۆ بێتەوە دووبارە تەماشای بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیەی کە ئەنجومەنی وەزیران ناردوویەتی لە ١/١٤ وە گەیشتۆتە ئێمە و دراوە بە لیژنەی یاساو لیژنەی کاروباری ناوخۆ، لە ١/١٤ گەیشتۆتە پەرلەمان و بەسەر هەموو ئەندامەکاندا بڵاوکراوەتەوە و لە ١/١٦ دراوە بە لیژنەی یاساو لیژنەی کاروباری ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە ئەم پرۆژەیە هاتۆتە بەردەم ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ بەڕاستی هەروامان زانیووە ئەمە بۆ ئەو ڕێکخراوە دیموکراسی وپیشەییانەیە کە لە کوردستاندا هەنە نەک بۆ ڕێکخراوەکانی دەرەوەیە، لەسەر ئەو بنەمایانە ئێمە ڕای خۆمان وتووە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ بەڵام وابزانم هیچ هێمایەک لەپێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا نییە، نە ئەوەی لیژنەی یاسا، کە ئەمە پەیوەندی هەیە بە غەیری ئەو ڕێکخراوانەی کە لە کوردستانن هیچ ئاماژایەک نییە کە پەیوەندی بە ڕێکخراوی بێگانەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا ئێستا (١٠)ی مانگە پرۆژەیەک دابەش کراوە بەسەر ئەندامەکان و بەسەر لیژنەکاندا و بەو شێوەیە کە داڕێژراوە، بەڵام هەتا ئێستا کەس گفتوگۆی لەسەر نەکردووە، دیسان دوای دەخەینەوە بۆ ماوەیەکی تر، نازانم ئێمە چی زیاد دەکەین؟ لە کاتێک کە ڕای لیژنەی یاسا وا دەگەیەنێ کە هیچ بەندێک نییە مەترسی ئەوەی لێ بکرێت کە دەستی (NGO)کان ئەبەستێتەوە، ئەگەر لە کاتی گفتوگۆدا بۆمان دەرکەوت کە بەندێکی وا هەیە کە ڕێی دەستی (NGO)کان دەگرێ ئەو کاتە حەقە لە شوێنی خۆیا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پێشنیار دەربارەی پێشکەش بکرێت، نەک بگەڕێینەوە بۆ لیژنەی یاسا کە هەمان ڕایان هەیە لەسەر ئەو بابەتەو ئەوە خۆشیان لێرەن..

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی من وا بوو کە بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی یاسا، بۆ ئەوەی بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە دائەو مەسەلانە لەیەکتری جیابکەنەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی خۆمانەوە هەیە ڕێکخراوی پیشەیی و دیموکراتی پرۆژەی یاسایەکی بۆ دەردەچێت، ئەوی تریش بۆ ڕێکخراوە خێرخوازەکان، هەردووک فراکسیۆنەکەش ئەتوانن لەو بارەیەوە هەر لەو ماوەیە بیروڕای خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە کە هاتە بەردەمی ئەنجوومەن ماوەیەکی کەمتر لێی بکۆڵرێتەوە و بتوانن بڕیارێک لەو بارەیەوە وەربگرن، هەروەکو بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی زەردیش ڕوونی کردەوە پێویستە ئەو پرۆژەیەی ئێستا لەبەردەستایە دەستکاری بکرێت پێویستە بەشێوەیەکی وای لێ بکرێت کە زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت کە کامەیان بۆ ڕێکخراوە دیموکراتی و

پیشەییەکانەو، کامەیان بۆ ڕێکخراوە خێرخوازەکانە، ئینجا ئەوە هیچ شتێکی تیادا نییە ئەگەر چەند ڕۆژێک دوا بکەویت، گرنگ ئەوەیە کە پرۆژەکە کە هاتەوە بەردەمی پەرلەمان ڕێکوپێک کرا بێت بۆ ئەو کاتەش کەمتر ئەخایەنێت ئەگەر هاتوو لەمەوپێش باس کراو و لێی کۆڵدرابەوە، لەبەرئەوە من جارێکی تر ئەڵێم پێویستی بە جیاکردنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕێزم هەیە بۆ هەردووک فراکسیۆن بۆ ئەو تێبینیانەیان، بەڵام دیسان ئەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کە لیژنەی یاسا ئەڵێت لەو بابەتە هیچ مادەیەک نییە دەستی (**NGO**)کان ببستێتەوە، جا ئەگەر هاتوو لە کاتی گفتوگۆشدا شتی وا دەرکەوت ئەو کاتە هەقە ئەو پێشنیارە بکەین و، دووەمیش من نازانم پێش (١٠) مانگ ئەم پرۆژەیە دابەش کراوە، حەق نییە نەفراکسیۆنەکان نە لیژنەکان و نە ئەندامانی پەرلەمانیش کە پرۆژەکان ئەکەویتە بەردەستیان بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵکو دەبێ هەر هەمان کات بخرێتە پرۆگرامەوە، ئەو کاتە پێشنیار ئەکرێت یان دوا ئەخرێت یان ئەگەر پێداچوونەوەیەکیش بکرێت باشە، بەڵام ئەوە (١٠) مانگە ئەکرا ئەو پێشنیارە دەوڵەمەند بکرێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت؟ ئێستا ئێمە ئەوە دوو ڕۆژی ترو (١٠) ڕۆژی تر دوامان خست، ئایا دەتوانین چی بکەین؟!. من تەنها ئەوە دەڵێم بۆ ئەوەی جارێکی تر لەدواڕۆژ تووشی ئەم جۆرە دواخستنانە نەبین یان لە فراکسیۆنەکان ئەم بابەتانە لەکاتی خۆیدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیارێکی لەسەر بدەن، نەک لە ڕۆژی گفتوگۆ یان پێش ئەوەی بە ڕۆژێک گفتوگۆی لەسەر بکرێت ودەنگی لەسەر بدەن داوا بکرێت دوا بخرێت، بەهەر حاڵ لیژنەی یاسا دیسان جەخت دەکات ئەڵێن هیچ خاڵێکی تێدا نییە کەدەستی (**NGO**)کان ببەستێتەوە، ئێمەش ئەیگەڕێنینەوە بۆیان بزانین وایە یان وانییە، بەهەر حاڵ گرفتێک نییە. کۆبوونەوەی ئەمڕۆ دوا دەخەین و ئەم بابەتەش دەینرێنەوە بۆ لیژنەی یاسا، بۆ هەفتەی ئاییندە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

دانیشتنی ئەمڕۆشمان لێرەدا کۆتایی پێ هات، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٤/ ١٠/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٢)

## یەک شەممە رێکەوتی٢٤/ ١٠/ ١٩٩٣

***کاتژمێر ( ١٠ )ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ٢٤/ ١٠/ ١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە راددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پالاوتنی بەڕێز سیروان کاکەیی بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لەجیاتی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە.***

***٢- پالاوتنی بەڕێز بطرس سخریا هورمز بۆ ئەندامیەتی لیژنەی دارایی وئابووری لەجیاتی بەڕێز شەهید فرەنسیس یوسف شابۆ.***

***٣- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای کۆمەڵەکان.***

***٤- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمرۆمان سێ خاڵی سەرەکی یە بێجگە لە تازە بابەت. خاڵی یەکەم پالاوتنی بەڕێز سیروان کاکەییە بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە جیاتی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە کە ئەمرۆ ئامادەیە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەوە. خاڵی دووەم پالاوتنی بەڕێز بطرس سخریا هرمزە بۆ ئەندامیەتی لیژنەی دارایی وئابووری لە جیاتی بەڕێز شهید فرنسیس یوسف شابۆ. خاڵی سێ یەمین یاسای کۆمەلەکانە. ئەگەر لەخاڵی چوارەم تازە بابەت شتێک هەیە، فەرموون.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە تازە بابەت فراکسیۆنی سەوز روون کردنەوەیەک دەربارەی رووداوەکانی دەربەندیخان و چەمچەماڵ بە پەرلەمان بگەیەنن، وەزیری ناوخۆش لێرەیە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە لە دوا دانیشتنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێشنیارمان کردبوو کە بەندیخانەیەکی ناوەندی بۆ ئەو کەسانەی کە حوکم دەدەرێن و، پێشم وایە لێرە بڕیاری لە سەر درا کە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئنجا پێشنیار ئەکەم کە بەندیخانەیەکی ناوەندی بۆ سەرتاسەری حوکم دراوەکانی کوردستان باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لەراستیدا ئەوە لە بەرنامەکانی پێش ئەو کۆبوونەوەیەدا بوو، باشتر وایە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران شتێک باس بکەین. پێش ئەوەی بیخەینە گفتوگۆی ناو پەرلەمانەوە وەکو خاڵێک لە پرۆگرام دا هەیە، چونکە بەندیخانەیەکی ناوەندی پێویستە، بەڵام دەبێ مرۆ لە هەر دوولاوە تەماشای بکات، لە رووی توانای تەکنیکی و لە رووی مادیشەوە، پێش ئەوەی لێرە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەراستیدا ئەو زانیارییەی کەلای ئێمە هەیە دەربارە ئەم دوو سێ رۆژە، لەو رووداوانەی کە روویان داوە وبەپێی ئەو زانیاریانەی بە ئێمە گەیشتووە، رۆژی پێنج شەممە وابزانم ئۆتۆمبیلێک بەیەکێک لە بازگەکانی ئاسایشدا رەت دەبێت، دیارە گومانیان لەو کەسانە هەبووە کە لە ئۆتۆمبیلەکەدا بوون، وادیارە لە برادەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی بوون، ئامادە نەبوون پێناسەکانیان نیشانی ئاسایش بدەن و ئامادەیی خۆیان پیشان داوە کە بچن بۆ دایرەکەی ئاسایش لە ناو دەربەندیخان، ئەوانیش نەیان ویستووە کە پەرەبسەنێ، ووتویانە با بچین، بۆ شەوێ چوونەتە ناو بارەگای خۆیان واتا «بزووتنەوە» دوایی ئاسایشی دەربەندیخان داوای کردووە کەنوێنەرێکی بزووتنەوە بێت، چونکە هەندێک زانیاریان پێگەیشتووە کەسانێک هاتووچۆ ئەکەن جێگای گومانن، دیار بوو نوێنەرێکیان ناردووە پاش گفتوگۆ ودەرچوونی نوێنەرەکە، ئەو کەسانەی کە حمیایەی بوون لەگەڵ نوێنەرەکە تەقەیان لە پاسەوانەکانی ئاسایشی چەمچەماڵ کردووە، وەکو زانیاری کە بۆ ئێمە هاتووە بۆتە هۆی شەهید بوونی دوو ئەندامی ئاسایش وبریندار بوونی سێ کەسی تر، لە ئەنجامی ئەوە تەقە لە هەر دوولا دەستی پێ کردبوو، دوو سێ رۆژیش بە هەموو لایەک خەریک بووین وەزعەکە ڕابگرین، ئەوانەی تاوانبار وبکوژن تەسلیم بکرێن، پارێزگاری کەرکووک زۆر پێوەی خەریک بوو، هەتا دەزگاکانی تری ئاسایش ودامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بەردەوام بووە بۆ راگرتنی وەزعەکەو تەسلیم کردنی بکوژەکان، بەڵام بەداخەوە وەکو دیارە، وەکو پێویست ئەنجام نەدراوە، بکوژەکان تەسلیم نەکراون، دوێنێ وابزانم تەدەخولی کاک مەسعود بارزانی لە سولەیمانی بووە وهەوڵدراوە لیژنەیەک پێک بێت وکێشەکە کۆتایی پێ بێت، کەچی

دیاره ئەم بەیانی یە بەداخەوە تا سەعات «٣٠و٦» شەڕ لە ناوچەی چەمچەماڵ زۆر بە سەختی دەستی پێ کردووە، ئەو زانیاریانەی کە هەنە، هەر ئەوەندە بوو، عەرزم کردن ئێستاش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان سەعات «١٢»ە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەیە تا لە سەر ئەو مەسەلەیەش بدوێین وبزانین دوا ئیجرائات چی دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو روون کردنەوەیە لەلایەن بەڕێز وەزیری ناوخۆییەوە بوو، کاک شێخ عەبدولکەریم ئەگەر شتێکی تر نییە با بچینە سەر خاڵێکی تر.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ روون کردنەوەکەی جەنابی وەزیری ناوخۆ، هیوادارام لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش دا گرنگیەکی تایبەتی پێ بدەن، ولە ئاکامی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بەیانێکی حکومی دەرچێت لە سەر ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێینەوە سەر خاڵی یەکەم، بەر چاوخستنی پالاوتنی بەڕێز سیروان کاکەیی بابفەرمووێ بۆ رێورەسمی سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز سیروان کاکەیی:**

«بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان، سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا رەچاو کراوەکانی بگرم و بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پیرۆزی بێ وهیوادارم کاک سیروان کاکەیی لە ئیش وکارەکانی دا سەرکەوتوو بێت لە ناو پەرلەمان دا، جارێکی تریش بەخێر بێی.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە ناوی فراکسیۆنی سەوزەوە پیرۆزبای لەکاک سیروان دەکەین، هیواداریین هاتنی تەکانێکی چاک بێت بۆ ئیش وکارەکانی پەرلەمان وئەوەی جێی دڵخۆشی یە هەر چەندە کاک فەلەکیش کەڵێنی خۆی دیار دەبێت لە پەرلەمانەکەماندا برادەرانی فراکسیۆنی زەرد (کاکەیی)یەکیان بەکاکەییەک گۆڕیوەتەوە کە ئەوەش گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە کۆمەڵگای کودرەواری دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پالاوتنەش وابزانم لەلایەن لیژنەی ئابووریەوە کراوە کە لە جیاتی شەهید فرنسیس برادەرێکی

تر دابندرێت، بەپێی ئەوەیشی کە کاک بطرس لە جیاتی شەهید فرنسیس بووە بە ئەندامی پەرلەمان، بۆیە لیژنەش هەر ئەوی پێشنیار کردووە.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وادەزانم کاک فەرسەت ئەمەی بە (تحصیل حاصل) حساب کرد، پێشنیار دەکەم ئەمە زیاد بکرێ کە مامۆستا بطرس جێگای مامۆستا ئەکرەم دەگرێتەوە لە لیژنەی پەروەردەدا، چونکە مامۆستا ئەکرەم دەیەوێ بچێتە لیژنەی نەخشەکێشان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەربارەی ئەم بابەتە بۆمان بنووسە، تا بیخەینە پرۆگرامی دانیشتنی داهاتوومانەوە، ئەگەر مونافیسی نەبێ دەگۆڕدرێ، لەبەر ئەو هۆیە دوادەخرێ، ئێستا شتێکی ترت هەیە؟.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نا، هەوڵماندا لەگەڵ کاک جەمیل قسە بکەین لەرووی مەبدەئەوە پێک هاتین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەروەک گوتمان داواکارییەک لەم بارەیەوە پێشکەش بکەن بەشێوەیەکی رەسمی، تا بیخەینە بەرنامەی داهاتوومانەوە، ئەمە کۆتایی هات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای ئەوەی لە ناو ئەنجوومەن گفتوگۆ لە سەر ئەو یاسایە کرا بڕیار وابوو کە بچین لەگەڵ لیژنەی پەیوەندی یەکان ولیژنەی ناوخۆ دانیشین و، بەڵکو ئەو خاڵانەی کە پێویستن بووترێن یان دەقێکی تر بسەپێندرێ، رۆژی چوارشەممە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا دانیشتین «٣» لە لیژنەی پەیوەندی یەکان هاتبوون دەنا ئەوانی تر کەس نەهاتبوو، مانای وایە نەمانتوانی هیچ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە کۆبوونەوەی دوایی بڕیارمان دا تا رۆژی یەک شەممە چ تێبینییەک هەیە بدرێت بە لیژنەی یاساو لێرە پێک هاتین و وتمان تا رۆژی یەک شەممە ئەم بابەتە باس دەکرێت. ئەگەر لیژنەی ناوخۆو پەیوەندییەکان چ تێبینیان نەبوو، ونەیان داوە بە لیژنەی یاسا ئێوە هیچ گوناهێکتان نییە، یا ئەندامانی پەرلەمانیش ئەگەر هیچ تێبینییەکیان نەبووە، ئەوە ئێستاش ئەو پرۆژەیە لە بەر دەممانەو خستومانەتە بەرنامەوەو هیچ پێویست ناکات چاوەڕێی زیاتر بکەین، ئاگاداریشم کە نوسراویشتان لە ١٠/٢٠ بۆ هەر دوو فراکسیۆن نوسی، کە هەرچی تێبینیان هەیە بۆتان بنێرن، ئەوە ئێستا پێشنیارەکەم لە بەر دەستە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە کۆبوونەوەی پێشوو وەکو بێتەوە یا دم وامان پێشنیاز کرد بوو کە بەڕێزتان ڕاتان سپارد کە لیژنەکانی ناوخۆ وپەیوەندیەکانی یاسا دەسکاریەکی پرۆژەکە بکەن وبە ئامادەکراوی بیهێنینەوە، ئەو کۆبوونەوەیە نەکراوە، ئەنجا من لەگەڵ ئەوە دام لەگەڵ گرنگی یاساکە کە خۆی هەیەتی، ئەگەر بکرێت کۆبوونەوەکە ئێستا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجا وەکو وتم، لیژنەی ناوخۆ وپەیوەندییەکان کە ئامادە نەبوون، دیارە تێبینییان نییە، ئەوە«١٠» مانگە ئەم پرۆژەیە ئامادە کراوە. بواریشمان دا وتمان هەتا ڕۆژی یەک شەم بخرێتە بەرنامەوە، بەڵام کە تێبینی نەبوو لیژنەی یاسا چ بکات؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە تێبینی خۆمان داوەتە نوێنەری خۆمان لە لیژنەی یاسا، کاک شێروان لێرەیە کاکەڕەش وکاک عەدنان لێرە نین، ئێمە تێبینی خۆمان داونەتێ دیارە لیژنەی یاسا دانەنیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ لیژنەیەک پابەند نییە بەخودان کردنی رایەک، ئەوان لیژنەن ولێی دەکۆڵنەوەو شتی خۆیان جێگیر ئەکەن لە سەر ئەم پرۆژەیە، ئەو برادەرەشی کە پێشنیاری کردووە دەبێ لێرە گفتوگۆی لەسەر بکات ورای خۆی روون بکاتەوە، ئەوکاتە کە بووە دەنگ دان زۆربە یا لەگەڵ پرۆژەکەیە، یان لەگەڵ رایەکی تردایە. لیژنەی یاسا پابەند نییە ١٠٠٪ پێشنیارێک خودان بکات.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک فرەنسۆ تێبینی یەکانی خۆی پێش ماوەیەک دا، بەڵام پاش دوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، من ئەندامێکم لە هەشت ئەندامی لیژنەی یاسا، مەرج نییە هەر تێبینییەک بدرێت بەمن کۆمپیوتەرم لابێت بزانم چییە. ئەوەش بزاندری ئەو ڕۆژەش من حازر نەبووم. پاش کۆبوونەوەی ئەنجوومەن هەموومان کۆبوینەوە بەتێکرای دەنگ بریارمان دا ئەو نووسراوە ئاراستەی هەر دوو فراکسیۆن بکەین لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکان وناوخۆدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئێمە ئەو بابەتە دوای کۆبوونەنەوەی پەرلەمان خرایەروو، ئەوە بوو شی کردنەوە هەبوو بۆ یاساکە راڤەیەکی تایبەت بەقانونی دیموکراتی جەماوەری. رایەکی تریش هەبوو لەلایەن بەشێک لە لیژنەی یاساوە کە ئەمە پەیوەندیشی هەیە بە رێکخراوی مرۆڤایەتی وکۆمەلایەتییەوە، ئەوجا لە

بەر ئەوە ئێمە لیژنەی پەیوەندییەکان، لەگەڵ لیژنەی یاسا کۆبووینەوە، بەداخەوە سەرۆکی لیژنەکەمان لێرە نەبوو، لەسەفەر بوو ئەوجا ئێمە دانیشتین لەگەڵیان دا ئێمە لیژنەی پەیوەندییەکان خۆمان کۆبوونەوەی فەردیمان کرد بوو پێش رۆژێک ورامان پێشکەش بە لیژنەی یاسا کردبوو کە تەنیا رێکخراوی دیموکراتی وجەماهیری بێت ئەوەکەی تریش دائەنێین هەتاکو بڕیاریشمان وەرگرت لەگەڵ وەزارەتیش دەربارەی ئەم بابەتە دابنیشین، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە نەبووم برادەر کاک عەبدولخالق وەکو لیژنەی پێوەندی ئامادە بوو باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو روونکردنەوەی سەید حەسەن کردی هەر ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئەو کاتەی کە قسان دەکەم، بە نووسین لە لیژنەی یاساوە شتێک بۆ ئێمە نەهاتووە، ئەوەی من کە دوایی درایە لیژنەی یاسا، هەر لە ژوورەوە لێرە سەرۆکی لیژنەکە کە شێخ عەدنانە تێبینی خۆم پێ داون. من ناڵێم دەبێت رەچاو بکرێت. بەڵام کۆبوونەوەیان نەکردووە وتێبینی ئێمە لە ناو کۆبوونەوەی لیژنەی یاسا نەخراوەتەروو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە گرفتێک نییە کە باس نەکراوە ،لەوانەیە وابزانن کە ئەم تێبینیانە پێویست نین، ئەم پرۆژەیە هەفتەیەک زیاترە کە جەختمان لە سەر کردوە وئێستاکە لیژنەی سەرۆکایەتی گەڕاندویەتییەوە، بۆ ئەم بابەتە گوێیان لەگفتوگۆکانیان بووە، ورای خۆیان دەربڕیوە، نوێنەری لیژنەی ناوخۆش لێرە بوو کە گوترا ئەم پرۆژەیە بەگشتی پەیوەندی بە رێکخراوە دیموکراتیەکانەوە هەیە، بەڵام بۆ N.G.O یەکانی ناوەوە ودەرەوە، ئەوە وا بە بەرژەوەند زانرا کە بڕیارێکی تایبەتی بۆ دەربکرێت.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو روون کردنەوەی پرۆژەی کاکەڕەش، ئەگەر ئەمە تایبەت بێت بەوانەی کە هەمیشەیین، کەواتە N.G.O یەکانی کوردی دەگرێتەوە. راستە سیفەتەکانیان هەیە، بەڵام وەزعی کورد وابڕوات ئەوە دوو ساڵیان تەواو کردووە «٥٠» ساڵی تریش ئەو N.G.O یانە وەکو ئەوانەی تری لێ دێت، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەم یاسایە کە زۆر وردەکاری تیا ئەکرێت ئەو N.G.O یانە لێرە جێ بکرێنەوە گەر ئەوە بکەین پێشنیاز هەیە هەرسێ گروپەکە کۆبوونەوە بکەن، ناوخۆ و، پەیوەندی یەکان و، یاسا، بۆ ئەوەی کە بەیانی زۆر گفتوگۆی لەسەر نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە بەندێک زیاد ئەکەین ،ئێمە کۆکین کە ئەم یاسایە N.G.O یەکانی ناوەوەو دەرەوە نەگرێتەوە، لە جیاتی ئەوەش بەندێک زیاد ئەکرێت ئەڵێن ئەمەی ناوەوەو دەرەوە بە یاسایەکی تایبەتی دەرئەچێ، بەوەش گرفتەکەمان چار دەکرێت.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەرویستم وا بڵێم، لیژنەی ناوخۆ ئێمەش هەمان رامان هەبوو کاک ئەحمەدیش لەو کەسانە بوو کە ئەمانەویست N.G.O یەکان لەناو ئەو قانونە دابن دوایی خۆشی قەناعەتی هێنا کە ئەمە بۆ رێکخراوە پیشەییە دیموکراتییەکانە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچی یاسایێک نۆرەی خۆی وەرگرت بەگوێرەی گرنگیَ خۆی بوو، کەیاسای کۆمەڵەکان کە دەرکرا مەبەستی لە رێکخراوەکانی N.G.Oیە بوو، مەبەستی رێکخراو وکۆمەلانی دیموکراتی نەبوو، من وابزانم ئەگەر وەختی ئەوەهات ئەو گرفتە چارە بکرێت لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببورن ئەم یاسایە زیاتر بۆ رێکخراوی جەماوەری تەرخان کراوە، کە لێرە رێکخراوی پیشەییە، ئەوەی تری کە جەنابت باست کرد ئەوەش گرفتێکی ترە ، ئەگەر ئەوە بە یاسایەکی تایبەتی چارەسەر بکرێت باشترە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب- المجلس الوطني لكوردستان العراق- القرار

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة« ٥٦ » من القانون رقم واحد لسنة ١٩٩٢ وبناء على ما عرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / اصدار القانون الآتي:

قانون رقم« ... » لسنة / /١٩٩٣ قانون

الجمعيات لاقليم كوردستان العراق

المادة الاولى/ ١ـ الجمعية: جماعة ذات صفة دائمة مكونة من عدة اشخاص طبيعية أو معنوية لغرض غير الربح المادي.

٢- تعتبر النوادي والمنظمات والاتحادات والمراكز الثقافية والاجتماعية والنقابات و

المؤسسات الخيرية جمعية تخضع لاحكام هذا القانون ما لم يتناول تنظيمها قانون خاص بها.

٣- اذا استهدف الجمعية غرض علمي او اجتماعي او مهني او فني او رياضي او خيري او نفع عام فعندئذ تصنف الجمعية بحسب ذلك الغرض.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک تێبینیم هەیە ـ تکایە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکە تۆزێک ڕێک بێت، ئەو برادەرانەی کە ناویان ئەنووسن تەنها ئەوانە مافیان هەیە لە سەر ئەو مادەیە قسە بکەن.

**بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من لەسەر دوا خاڵە، لێرە وابزانم کە N.G.O یەکانی تێدا نەما ئەو ڕێکخراوانەی تری تێدا نەما، لە بەر ئەوە لێرە دامەزراوە خێرخوازەکان زۆر دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوانەیە لەداهاتوودا چەند ڕێکخراوێکی خۆمان دروست بێت ئەوە لە N.G.O یەکانی دەرەوەدا باس بکرێ باشترە، واتا لەکۆتاییدا بە مادەیەک بیبڕێنینەوە.

**بەڕێز هێرو ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام یاساکە ئەوە ناگرێتەوە کە ڕێکخراوەکانی (الرفق بالحیوان) هەبن، وانووسراوە کە بۆ مرۆڤە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕێکخراوە خێرخوازەکان، وابزانم چ گرفتێک دروست ناکات، تەنها ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە یاساکە جیا بکەینەوە لە ڕێکخراوەکانی تر.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەڵێین «لغرض غیر الربح المادی» ئەوە ناتواندرێت مەرج بێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو کۆمەڵانە هەیە کاتێک کە پۆلێن دەکرێن، ئەوکاتە جێگەیان ئەکرێتەوە زۆربەی ئەوەی کە هەیە ٧٠٪ ی پاش دەرکردن خەرجی ومەسرەفی بەسەر کەسانی هاوبەش لەو کۆمەڵەدا دابەش دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵەیەکی هونەری بێت یا لایەنێکی تر بێت ئەو وەختە ٣٠٪ یشی ئەخرێتەوە سەر، زۆربەی وا ڕۆیشتووە ئەگەر هاتوو ئەو لە ٧٠٪ی تێدا نەبوو واتا قازانج دابەش نەکرا بەسەر هاوبەشان دا ئەو کاتە ئەچێتە خانەی «نفع»ی گشتییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی سێ یەم ئاشکرا نییە کە دەڵێ: «فعندئذ تصنف الجمعية بحسب ذلك الغرض»، کێ

کۆمەڵەکە پۆلین دەکا؟ ئەبێت دیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی(١) لە مادەی یەکەم بەبۆچوونی من ناتەواوە، چونکە ئەگەر بەوردی تەماشای بکەین دەڵێین «الجمعية:جماعة ذات الصفة الدائمة المكونة من الاشخاص الطبيعية أو المعنوية لغرض غير الربح المادي» ئایا بۆچی کۆبوونەوە؟ ئایا ئامانجێکیان نییە؟ ئایا لەچ قازانج نەکا؟ سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من سۆراغە لە لیژنەی یاسا، بەتایبەتی لەیانەی وەرزشی، کاتی خۆی یاسایەک هەبوو یاسای ژمارە(١) ئی ساڵی «١٩٧٠»یاسای یانە وەرزشییەکان بوو، جا پرسیارەکەم ئەوەیە. ئەو یاسایە هەڵوەشاوەتەوە یان ماوە؟ ئەگەر ئەو یاسایە هەڵنەوەشێتەوە لەوانەیە ئەو برگەی سێ یەم (اذا استهدفت الجمعية غرض علمي او اجتماعي أو مهني أوفني او رياضي) ئەوە هاودژ بێ لەگەڵ ئەم برگەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەترسی یەکە هەمووی N.G.O یە، لێرە کەناوی ڕێکخراوەکان دێت یەکسەر بۆ مەسەلەی N.G.O ئەچین ئەگەر ئەوانە لێرە لابەین وابزانم ئەو گرفتە لەو برگەیەدا نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگە یەک لە مادە «یەک» «الجمعية: جماعة ذات صفة دائمة مكونة من عدة اشخاص طبيعية أو معنوية لغرض غير الربح المادي» پێویستە بنووسرێ:«تعمل لغرض غير الربح المادي»، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولڕەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بابەتی NGOیە، بەراستی یەکەم جار ئەو پێناسەی مادە (یەک) بخوێنینەوە، وادەزانیت کە «NGO»ش دەگرێتەوە، بەرای من ئەگەر برگەیەک هەر لێرە زیاد بکرێت کە «NGO» نەگرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەر خاڵی یەکەم پێشنیار دەکەم پاش وپێش بکرێت «جماعة مكونة من عدة اشخاص ذات صفة دائمة لغرض الربح المادي» لێرە ئەوە مادەی «٩» خاڵی چوارەم دەڵێت «الايرادات الاخرى

التي تحصل عليها الجمعية نتيجة نشاطاتها واستثمار اموالها » ئايا ئەمە لەگەڵیدا هاودژ نابێت؟ سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە زۆربەی کۆمەڵەکان ویانەکان ئەیانەوێ قازانج بکەن، جا من داوا ئەکەم کە «غرض الربح المادی» نەمێنێت بووترێ «لغرض هدف المشروع» ئەوە خاڵیک،بڕگەی دووەم، تەنیا ناوی کۆمەڵە (جمعیة) بەتاکی هاتووە ئەوانی تر بە کۆمەل(جمع) هاتوونە، ئەوجا لە بەر ئەمە بکرێ بە«جمعیات» ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک عیزەدین دەڵێ « عندئذ تصنف الجمعیة بحسب ذلك الغرض » کێ ئەو پۆلینە دەکات؟ یاسایەکە خۆی ئەو پۆلینە دەکات، دەڵێین «اذا استهدفت الجمعية غرض علمي » واتا کۆمەڵەکە زانستییە، کاک جەلال دەڵێت یاسای یانە وەرزشییەکانی ساڵی ١٩٧٠ هاودژی لەگەڵ ئەمە ناکات، چونکە ئێمە دەقێکمان هەیە دەڵێت هەر کۆمەڵێک یاخود هەر شتێکی تر کە رێک بخرێت بە یاسایەکی تایبەتی ملکەچی ئەو یاسایە نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێینەوە سەر مادە (یەک). کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (یەک) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية/

١- تتمتع الجمعية التي تؤسس وفقا لاحكام هذا القانون بالشخصية المعنوية ولها ان تباشر جميع التصرفات التي تتعارض مع اهدافها ولها حق تملك الاموال المنقولة وغير المنقولة لتحقيق اغراضها.

٢- لا يتمتع بالشخصية المعنوية قبل الغير الا بعد ان يتم اعلان نظامها الداخلي في الجريدة الرسمية بطلب منها، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تتمتع الجمعية)پێویست دەکا بووترێت (تؤسس وفق احکام هذا القانون)، ئێمە باسی کۆمەڵە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. قــاسم مــحــەمــەد قــاسم:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

هەمان تێبینیم هەبوو واتە تێبینی کاک نەژاد، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەرای من ئەوەی کە لە مادەی یەکەم، برگە(یەک)دا هاتووە. (الجمعية جماعة ذات صفة دائمة مكونة من عدة اشخاص طبيعية او معنوية) ئەوە بەسە، لێرەش برگە دوو دووبارە کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیــبــراهیم ســەعــیــد مــحــەمــەد:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

لەسەردەمی ڕژێمدا ساندیکا ویەکیەتییەکان هەبوون ناشەرعی بوون ئەوانە موڵکیان هەبوو، باسی ئەو موڵکانە ناکەن؟ ئایا بۆیان بگەڕێتەوە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێــز حــەســەن عــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

رایەکەی کاک نەژاد لەراستیدا وەکو رووکەشەکەی (مەظهر)ەکەی تەماشای دەکەی بڵێین (تتمتع الجمعية بشخصية معنوية) بەسە لە پرۆژە ئەسڵەکەی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە، ئەوەی کاک شێخ ئەحمەد دەڵێ (الشخصية المعنوية) زۆر جیاوازە لەگەڵ (الشخصية الطبيعية) ئەمە دەڵێین (تتكون من اشخاص طبيعية ومعنوية) یانی لە مرۆڤ وفەرمانگەکان پێک دێت، سوپاس.

**بەڕێــز ئەیـاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەراستی کاک ئیبراهیم سەعید خاڵێکی ورووژاند، پێم وایە کە لە سەری بوەستین، یان ئەگەر بکرێت لە لەپەڕاگەندەکان زیادەیەک بکرێت ئەو یەکیەتی وساندیکایانەی پێش بەردەوامی ئەو یاسایە دامەزراون شمەکەکانیان چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

تێبینییەک هەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە، هەر کاتێک گەیشتنە ئەو جێگایەی کە پێویستی بوو وەک پێشنیار بخرێتە روو، مادە/٢، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکوخۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێــز ئەیـاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

المادة الثالثة/ يمثل الجمعية امام المحاكم والجهات الرسمية، أو غير الرسمية، رئيس مجلس ادارتها او من يخوله، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لە سەر مادە «٣» هەیە؟... کێ لەگەڵ ئەو مادەیە واتە مادە «٣» وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟..

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە نووسراوە «والجهات الرسمية وغير الرسمية رئيس مجلس ادارتها..»، بەڵام ئەم کۆمەڵانەی لە کوردستان دا هەن زۆربەیان سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنیان نییە نەژنان، نەقوتابیان، نە هیچ ڕێکخراوێک هەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتوانین بڵێین (من يقوم مقامها) چونکە خۆی دەبێت کەسێک هەبێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(من يخوله الجمعيه) مافی خۆیەتی کێ تەخویل دەکات کە لە پێش دادگاکاندا نوێنەرایەتی بکات مافی خۆیەتی، ئەگەر ئەنجوومەن هەبوو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن تەخویل دەکات، ئەگەر نەبوو بەرپرسی هەرکێی تەخویل کرد نوێنەرایەتی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوەی (رئيس مجلس ادارته أو من يخوله) دەگرێتەوە، یان (او من يخوله أخرى) زیاد بکرێت ئەوکاتە پەیکەری ڕێکخراوی کۆمەڵەکە بە چ شێوەیەک بێت ئەو لایەنەی تەخویل کردووە سکرتێرە یاخود دەستەی سکرتاریەتە یا سەرۆکی کۆمەڵەیە یا بەڕێوەبەریەتییە یا بەرپرسە، بە هەر ناوێک بێت ئەوکاتە تەخویلە کە ئەو کەسە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کاکە سەید زۆر روون نییە ئێستا ئەمە وای لێ کراوە وەک بڵێین لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردندا هاوبەشە ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەنە، بۆ نموونە سکرتێری گشتییان هەیە، لیژنەی باڵا هەیە، کە ئاوا دیاری بکرێت، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن ئەوە جیاوازی ئەکات (أو من يخوله) ئەبێت هەر سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن رای سپێرێ تەخویلی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی تر هەیە دەڵێت بۆ ئەوەی دیاری نەبێت بوترێ «أو من يخوله بموجب النظام الداخلي للجمعية».

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان کۆمەڵە ناتوانێت هیچ کەسێک تەخویل بکات بەبێ ئەوەی سەرپێچی (مطابق) نەبێت

لەگەڵ (أؤ من يخولە) بۆ سەرۆكی ئەنجوومەن دەگەڕێتەوە بڵێین (او من يخولها) بۆ (جمعيە)كە ئەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەی ئەگەر كۆمەڵە سەرپێچی كرد وتەخویلی نەدا چی بكەین؟ نابێت بەپێی پێڕەوەكە ئیمزا بكرێت؟ دەبێ بەندێک هەبێت كە ئەمە چارەسەر بكات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بەو شێوەیە بێت «أو من يخوله الجمعية بموجب النظام الداخلي» ئەو كاتە جێگرەوەی پەیكەری ڕێكخستنی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیارێكە بەو شێوەیە، گرنگ ئەوەیە پێشنیارێک هەبێت كە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ پابەند بكرێت كە ئەمە كێشەی دادگاكانە بەو حسابەی ئێمە دەوڵەتی یاساین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

المادة الثالثة، يمثل الجمعية امام المحاكم والجهات الرسمية و غيرالرسمية رئيس مجلس ادارتها يخوله أو من يخوله الجمعية بموجب نظامها الداخلي، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

مادەی/٣ بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوە هەڵەیە تكام وایە وەكو مادەكەی پێشوو مەكەن، پێشنیارم پێشكەش كرد بەنووسینیش وبەقسەش باسم كرد كەم وكووڕی تێدا بوو تێپەڕبن ودەنگی لەسەر درا. سەرۆكی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن یان سەرۆكی كۆمەڵە ئەو مخەوەلە بە حوكمی یاساكە نوێنەرایەتی دەكات، ئەگەر ئەو نەچوو پێویستە ئەو تەخویلی بكات، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دوور نییە كۆمەڵەیەک هەبێت ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی نەبێت وەكو خوشكە هێرۆ باسی كرد، بەرەئی من ئەگەر وای لێ بێت «أو من يخول النظام الداخلي» ئەوكاتە ئەگەر كۆمەڵە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنیش نەبێت، هەیكەلەكە جیاواز بێ لە كۆمەڵەی تر دەقەكە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

«يمثل الجمعية امام المحاكم والجهات الرسمية وغير الرسمية رئيسها أو من يخوله» بەكورتی

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ مادە/٣ بەو شێوەیە جێگیر کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة/ يشترط في اهداف الجمعية مايأتي:

١- ان لا تخفي اهداف غير مشروعة.

٢- ان تكون اهدافها الحقيقة معلنة و واضحة.

٣- خدمة مجموعة معنية من شعب كورستان العراق.

٤- لا تستهدف بث الشقاق والتفرقة العنصرية او الدينية أو المذهبية.

٥ - ان لا تتعارض مع المبادئ الديمقراطية والاعلان العالمي لحقوق الانسان.

٦- ان لا تكون مخالفة للنظام العام والآداب. سوپاس.

**بەڕێز تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی «٦» لە جیاتی ئەوە (ان لا تكون مخالفة للكتاب والسنة)دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من بڕگەی(١و٢) یەک مانا دەدەن، ئەگەر بێتو هەردووکیان لەیەک بڕگەدا کۆبکەینەوە بەو شێوەیە بێت «ان تكون اهدافها»، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر پێشنیازەکەی کاک بەختیارم لا پەسەندە، بەڵام نەک بکرێ بەیەک، بەڵکو جێ گۆرکێ یان پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارم وایە ئەو کوردستانی عێراقە لاببرێ وەهەر «خدمة مجموعة معينة من كوردستان» بەسە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە«٢»گوتیان (أن تكون اهدافها الحقيقية معلنة وواضحة) مانای وایە هەندێک ئامانجی راستەقینەن وهەندێکیان راستەقینە نینە (ان تكون اهدافها وواضحة...)، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــایەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵبی:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مادەی چوارەم برگەی چوارەم وپێنجەم ( لا تستهدف بث الشقاق) خاڵی پێنجەم بەراستی ئەمانە دوو مەرجی سیاسین کۆمەڵە خۆی لەوانەیە کۆمەڵەیەکی سیاسی پیشەیی بێ ئەو خەڵکانە کە لە جێگایەک کۆدەبنەوە ئامانجی پیشەیی یا جەماوەری کۆیان دەکاتەوە، تێبینی تر لەسەر خاڵی شەشەم، من وا ئەزانم وەکو پێشنیارێک بۆ ئەمە وەک کەلەپچەیەک وایە وبەدەستی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوەیە، هەر کاتێ بیەوێ دەرگای ئەو کۆمەڵە داخاو دای دەخا، سوپاس.

**بەڕێز هێـــرۆ ئیـــبـــراهیم ئـەحـــمـــەد:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لێرە لە خاڵی سێ یەم دا «خدمة مجموعة معينة من شعب كوردستان العراق» لێرە ڕێگا لە کۆمەڵەکانی (بەزەیی هاتنەوە بەگیانداران) دەگرێ، سوپاس.

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کۆمەڵێک لە خەڵکی کوردستان کۆمەڵەیەک پێک دێنن کە بەرگری لەگیانداران بکەن، ئەوە کەسانێک پێکی دەهێنن نەک گیانداران.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من هەر لەبنەڕەتەوە برگەی «١» بەپێویست نازانم، چونکە برگەی «٢» ئاشکرایە ئەڵێ: «ان تكون اهدافها معلنة وواضحة) برگە «٢» خۆی ببێتە «١»، برگەی «یەک» هەر پێویست نییە، سوپاس.

**بـەڕێــز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێز مامۆستا مەلا تەها «ان لا تكون مخالفة للكتاب والسنة» لە برگەی «٦» «ان لا تكون مخالفة للنظام العام والاداب» ئێمە شتێکمان هەیە وەکو یاساناس، هەردەم خستنەڕووی یاسایی بەو شێوەیە هەتا لەیاسای حزبەکان هەمان ڕەخنە کرا، بۆیە پێمان باشە هەر هەمان دەقەکەی خۆی بێنێتەوە، چونکە (کتاب وسنە)، مەبەست کتاب وحديث گرنگن، بەڵام (توراة و انجيل)یشی دەبێ تێ بکەین، شتەکەمان ڕوون تر دەبێ. کاک بەختیار دەڵێ برگە (١. ٢) لێک بدرێ، بەراستی مامۆستا عوسمانیش هەر هەمان قسەی لەسەر برگە «١-٢» هەیە کاک عەبدولخالق لە سەر برگە «١»هەمان قسەی هەیە بۆیە یەک وەڵام دەدەینەوە. برایان: ئامانجی کۆمەڵەکان لە برگە «١» زۆر جیاوازە لەگەڵ برگە«٢» برگە «١» شاردنەوەیە برگە «٢» اعلانە نازانم بۆ شاردنەوە واعلان لێک بدرێ چ پێویست نییە وبەو جۆرە نەهاتووە، هەردووکی بکەینە یەک مانایەکی لێ نەگۆڕایە، کاک بەختیار دەڵێ شتێکی لە مانایەکە نەگۆڕاوە، بەلای ئێمەوە «ان لا تخفي اهداف غير مشروعة» شتێکی باشە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەگەڵ پێشنیارەکانی کاک حەسەنم تەنیا یەکێ نەبێ، ئەو شتانەی خرانەروو بلێین، (ان تکون اهدافها معلنة وواضحة). یانی بەراستی بۆچی بلێین (اهدافها الحقیقیة)؟ (اهدافها) زۆر ماقوول ترو روون ترە کە لەوێدا داینێن واتا (اهدافها الغیر حقیقیة)ش هەیە، بلێین (معلنة وواضحة)، پێم وایە ئەگەر وای لێ بکرێ (ان تکون اهدافها معلنة وواضحة)، سوپاس.
**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو پێشنیارەی کاک نەژاد زۆر لە جێیەتی، بەڵام شتێکی بخرێتە سەر، (المشروعة، ان تکون اهدافها معلنة وواضحة ومشروعة) ئەو گرفتە مان لەکۆڵ دەکاتەوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی یاسا یەک، دوو پێشنیار هەنە کە ببێت بەیەک برگە: (ان تکون اهدافها معلنة وواضحة) ئەگەر لاریتان نییە.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
برگەی (٢) وەکو بەڕێز مامۆستا نەژاد دەڵێ واتا (اهدافها معلنة وواضحة) جێی خۆیەتی یانی حەقیقەتە،کە من وای پەسەند دەکەم برگە دوو ببێت بە برگە(یەک) یانی بێتە جێی،( وأن لا تخفی اهداف مشروعة) هەر بمێنێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
یاساناسەکان چۆن راڤەی دەکەن؟ « إنما الاعمال بالنیات»یش وابزانم (لا یعلم الغیب الا الله) چۆن دەزانی لە دڵی ئەم کۆمەڵەیەدا چی هەیە؟ ئەوانە تۆژینەوەیان لەگەڵ دەکرێ لە سەر ئامانجەکانیان، ئەگەر شتێکیان کرد لە بەرنامەکەیان رانەگەیاندرا بوو و دژی یاسا بوو، یاسا دەبێ لێیان بپێچێتەوە، با بزانین لیژنەی یاسا بزانین چ دەڵێین.؟
**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا بوار بدەن، من کاتی خۆی لە ناو لیژنەی یاسا ئەو پێشنیارەم کرد بەراستی پێم وایە (أن تکون اهدافها معلنة وواضحة ومشروعة)، دەقێکی زۆر روونە ئەوەی کاک بەختیار گوتی ولە جێگای هەر دوو برگە (١و٢) بێ وئێمە لەو گرفتە دەردەچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
پێشنیارێک هەیە کە برگە (١و٢) بکرێ بەیەک ودەقەکەی ئاوای لێ بکرێت «ان تکون اهدافها

معلنة وواضحة ومشروعة» به إعتبار ئەگەر گوتت (موعلەنە) مەسەلەیەک چارەسەر دەکات کە دەبێ ئەوکاتە مەشروع بێ، جا ئەم پێشنیارە هەیە: ١و٢ ببێ بەیەک، وەزارەتی ناوخۆ هیچیان هەیە لەسەر ئەوە؟ «ان تكون اهدافها معلنة وواضحة ومشروعة» ئەمە لە جیاتی «١و٢» ئەبێ بەیەک لە بەر ئەوەی (غير مشروعة) بەکار نەهێنێ.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیار لە کاک حەسەن دەکەم، من :گوتم الكتاب هەر کتابێک هەبێ پێی ناوێ بڵێین (التوراة، الانجيل)، الكتاب هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(١و٢) بەو شێوەیە بێ (ان تكون معلنة وواضحة ومشروعة) لەبەر ئەوەی لە مادە «٤» (يشترط في اهداف الجمعية)، (اهداف)ەکە هاتووەو پێویست ناکات دووبارە ببێتەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە جێگیر بوو وبڕگەکانی (١و٢) بوون بەیەک. وەکو مادە (٤)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە پاش ئەوهەموارکردنە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە پاش ئەو هەموارکردنە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: على الجمعية اتباع الوسائل الديمقراطية والسلمية لتحقيق اغراضها وفق القوانين المرعية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە/ ٥، چی تێبینی هەیە لەسەری؟

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بچنەوە بۆ دوواوە مادە (٤) بڕگەی (٥) «ان لا تتعارض مع المبادئ الديمقراطية» هەر مادەی پێنج دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان پێشنیارم هەبوو «ان لا تتعارض عن المبادئ الديمقراطية» لە خاڵی «٥» مادە«٤» هاتووە مادە «٥» (اتباع الوسائل الديمقراطية) ئەگەر هاودژی دیموکراتییەت نەبوو، مانای وایە بەڕێگای سلمی ودیموکراتی دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لەبڕگە «٥» مادە «٤» هاتووە (ان لا تتعارض مع المبادئ الديمقراطية) يانى (الاهداف ان لا تتعارض)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ ئەگەر بێتە ئێرە. بەو شێوەیە ئەو دوو تێبینیە هەیە، پاش ئەو دوو، سێ تێبینییە کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە «٥» وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە .. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/٦ (للجمعية حق التجمع والتظاهر والاضراب وتنظيم المهرجانات والاحتفالات وامتلاك وسائل الاعلام وفق القوانين المرعية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی/٦ ، ئایا هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمەڵەکە مافی کۆبوونەوەو مانگرتن وخۆنیشاندان و ڕێکخستنی ئاهەنگ ومیهرەجانەکانی دەبێ، پێشنیار دەکەم بنووسرێ «بعلم السلطات المختصة» واتا دەسەڵاتی خاوەن تایبەتمەندی، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عززەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من لێرە (للجمعية حق التجمع والتظاهر والاضراب) ئەمە زیادە ئەم مافە دراوە بۆ هەر هاووڵاتیەک لەبەر ئەوە بەباشی نازانم ئەو مافەی بدرێتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت ئەوەیە کە کۆمەڵە مافی ئەوەی نەبێ، وانییە؟.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو مادەیەک بێ دەربارەی (تجمع و تظاهر). لە هەموو دونیادا یاسای تایبەتی خۆی هەیە پێویستە ئێمەش یاسایەکمان هەبێ، ئی ئەو حاڵەتانە ئەگەر واش نەبێ مافی مانگرتن پێویستە نەبێ، چونکە دژی کێ مان بگرێ؟ دژی ئەندامەکانی خۆی؟ کۆمەڵە چەند کەسێکن، هزرێکی تایبەتی بە کاردێن بۆ خزمەتی ئەندامانی خۆیان، مانگرتن یان نا، ئەمە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە وهۆیەکانی راگەیاندیش یاسای تایبەتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوماددەی «شەشەم» پێشنیارم وایە هەر نەمێنێ، مەسەلەی مانگرتن وخۆنیشاندان لەمەوپێش باسمان کرد کۆمەڵە خۆی کە توێژێکی بچووک و بێ لایەنە خۆنیشاندان زۆر جار شێوازی توند دەێنێتە گۆڕێ، ئێمە دەڵێین بەرێگای ئاشتی و دیموکراتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە هۆیەکانی ڕاگەیاندن زۆر رەهایە (مطلقە) هەموو هۆیەکانی راگەیاندن دەگرێتەوە. رۆژنامە بێت، بەخشنامە بێت،گۆڤار بێت، ئێستگە بێت لێرە ئەوانە هەموو دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک جەنابی کاک فەرسەت فەرمووی دەربارەی هۆیەکانی راگەیاندنەوە پێویست ناکات، ئەگەر ببێت لەرێگای یاساییەوە خۆی داوا بکات کە رۆژنامە یا گۆڤاری پێ بدرێت، بەڵام ئەمە بەربڵاوە پێویست بەبوونی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر روونکردنەوەێکم هەبوو لەسەر مافی مان گرتن، بۆ مافی مانگرتنی نەبێت؟. دەبێ مانگرتن لەدژی کێ بێ؟ بۆ نموونە یەکێتی مامۆستایان کێشەیەکیان هەیە لەوەزارەتی پەروەردە بۆیان چار ناکات مافێکی سروشتی خۆیانە مانبگرن نەک لە دژی ئەندامی خۆیان ئەیکەن، ئەمە مەرج نییە بۆ ئەم حکومەتە کە یاسایێکە دانراوە بۆ هەموو کاتێکە، ئنجا ئەوە ئەو مافە نابێ لەو کۆمەڵانە وەربگرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەدواداچوونێک لەسەر قسەی کاک نەژاد، من دژی ئەو مافە نیم، دژی خۆنیشاندان ودامەزراندنی کۆمەڵە نیم، من رەئیەکم هەیە، ئەو جۆرە مافە لە هەموو دەوڵەتانی دونیادا یاسای تایبەتی بۆ دەرچووەو پێویست نییە ئێمە ئەو قانونە تەقدیر بکەین ودابەشی بکەین لەسەر کۆمەڵەیەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەو تێبینییانەی کە برادەران گوتیان تەواو، ئەگەر شتێکی تر هەیە با بفەرموون؟

**بەڕێز کانەبی عزیز ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی «اتباع الوسائل السلمیة» لە مادەی«٥»دا هاتووە ئەگەر خۆنیشاندان ومانگرتن

ومیهرەجان رەوا بێ بەرێگایەکی ئاشتییانە و وەزارەتی ناوخۆ لێی ئاگادار بێ، من پشتگیری دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو دەستەواژەی (بعلم السلطات) کە برادەران دەڵێین زیاد بکرێ، (واو)ی عطف هەیە (وامتلاك وسائل الاعلام وفق القوانين المرعية)، یانی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان هەمووی دەگرێتەوە، تجمع، تظاهر، اضراب، تنظيم مهرجانات، احتفالات وسائل الاعلام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم زۆر باس کرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادە وەکو خۆی بمێنێتەوە ؟.. کێ لەگەڵ نییە ؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/٧ يشترط لتأسيس الجمعية تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقع من اعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن ١٥ عضوا متمتعين بالاهلية القانونية الكاملة على ان يرفق به نظامها الداخلي مشتملا على البيانات التالية :-

١- اسم الجمعية والغرض منها ومركز ادارتها على ان يكون في اقليم كوردستان العراق.

٢- اسم كل عضو من المؤسسين ولقبه وجنسيته وعمره ومهنته ومحل اقامته ومؤهلاته العلمية.

٣- شروط العضوية وفقدانها.

٤- الموارد المالية للجمعية ومصادرها.

٥- الهيئات التي تمثل الجمعية وتقوم بادارتها واختصاصات كل منها وطرق انتخابها وانتمائها، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە/٧، چ تێبینی هەیە لە سەری؟.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ کۆمەڵە هەن زۆر کۆمەڵەی بچوکن بۆ نموونە کۆمەڵەیەک دروست بووە بۆ ئەو مندالانەی کە نەخۆشی (شەکرە)یان هەیە ژمارەی ئەندامانی دامەزرێنەر یەکجار زۆرن ئەوانە ڕەچاو بکەین بڵێین لە (٩) تا (١٥) ساڵ ماقووڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هەر پرسیارێک هەبوو ئەبێ دامەزرێنەرەکان ژمارەیان لە (١٥) ئەندام کەمتر نەبێ، باسی

ئەوە نەكراوە كەتەمەنیان چەند بێ (١٤) بێ یا (١٣) ساڵ بێ؟ سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

تەنها یەک تێبینی هەیە ئەویش ئەوەیە ئەو (١٥)یە بكەینە لەنێوان (٩) تا (١٥) ساڵ، دێینەوە سەر مادەكە بۆ ئەوەی كە بیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیارێک هەیە دەڵێ بكرێ بە (٩) تا (١٥)ساڵ؟. یاساناسەكان ئەڵێن ئەبێ دیاری بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە مادە «٧» وەكو خۆی بمێنێتەوە؟... كێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ مادە«٧» وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێـز ئەیـاد حـاجی نامـق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

المادة/٨ :

١- على وزير الداخلية البت في الطلب خلال مدة ٣٠ يوما من تأريخ تسجيله لدى الوزارة.

٢- لوزير الداخلية في حالة عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية اعادته الى المؤسسين خلال المدة الواردة في الفقرة(١) اعلاه لاكمال النواقص. وعندئذ يبدأ سريان مدة البت اعتبارا من تاريخ تسلم الطلب.

٣- في حالة عدم البت في الطلب رغم مضى المدة المذكورة في الفقرة(١) اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

٤- اذا رفض وزير الداخلية طلب التأسيس لاي سبب كان فللاعضاء المؤسسين تمييز قرار الرفض لدى الهيئة العامة لمحكمة تمييز كوردستان العراق خلال مدة «١٥» يوما من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتا.

٥- تتبع الاجراءات الواردة في الفقرة اعلاه في حالة تعديل النظام الداخلي لجمعية قائمة، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

چ تێبینیەک هەیە؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە كە مادە «٨» وەكو خۆی بمێنێتەوە؟... كێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرزكرایەوە. بەتێكڕای دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێـز ئەیـاد حـاجی نامـق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

المادة/٩ تتكون مالية الجمعية من:

١- بدلات انتساب الاعضاء. ٢- بدلات الاشتراكات السنوية للاعضاء. ٣- المنح والطلبات التي تحصل عليها الجمعية نتيجة نشاطاتها واستثمار اموالها، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

مادە/٩، چ تێبینی هەیە لەسەری؟

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لێرە خاڵێک پێشنیار دەکەم ئەویش (اضافة الحفلات)، لەوانەیە ساندیکایەکی کرێکاران ئاهەنگێک بگێڕێ وەکو کۆمەڵە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوە چالاکییە، ئاهەنگ نییە وابزانم مادە(٤) چارەسازی کردەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە «٩» وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرز کرایەوە. بەزۆربەی دەنگ مادە «٩» وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة/ ١٠:

١- تدير الجمعية اموالها بنفسها من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وتنفيذها وفق النظام المحاسبي المعتمد لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٢- تخضع حسابات الجمعية لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان العراق. سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

چ تێبینی لەسەر مادە/ ١٠ هەیە؟

**بەڕێز گـەلاوێژ عـــەبدولجـەبار مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پرسیارێک ئەکەم ئەڵێ (تخضع حسابات الجمعية لتدقيق الرقابة المالية لاقليم كوردستان العراق) هەر کۆمەڵەکە مادام خۆی پارەکە پەیدا دەکات حکومەتی هەرێم هیچ منحەیەکی نەداتێ؟ بۆچی ئەو پارە لە ژێر چاو دێری ئەوانەدا بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز کـــانەبی عـــزیـز ئـەحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە مادە/ ١٠: ئەم چاودێرییە داراییە شتێکی پێویستە هەبێ، نەک لەلایەن ئەندامانییەوە دەستی تێوەردرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مادە/ ١٠/، کێ لەگەڵ ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرزکرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێـز ئـەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگر ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید بتوانین لێرە چارەی بکەین ولەدوایی ماددەکان

دەنگی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش پێشنیارێکە حەز دەکەی بیخوێنینەوە، برادەران کەم تەرخەمییان کرد ئێرە باشە بۆ زیاد کردنی. ئەمە لەحوکمە پەڕاگەندەکانی یاسایە لەدواییدا بێت باشترە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة/ ١١ على كل جمعية وفروعها ان تمسك السجلات المبينة ادناه على ان تكون مصدقة من كاتب العدل:

١. سجل الاعضاء وتدون فيه اسماء اعضاء الجمعية وعناوينهم واعمارهم وجنسياتهم ومهنتهم ومؤهلاتهم العلمية والفنية وتاريخ انتمائهم.

٢. سجل القرارات ويدون فيه قرارات كل من مجلس ادارة الجمعية والهيئة العامة موقعا عليه من قبل مجلس ادارة الجمعية.

٣. سجل الحسابات ويدون فيه الايرادات والمصروفات.

٤. سجل الاموال ويدون فيه ما يعود للجمعية من اثاث واموال منقولة وغير منقولة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە/ ١١، چ تێبینی لەسەر هەیە؟ بەڵام تێبینیەک لەدەستەی سەرۆکایەتییەوە لەسەرخاڵی (یەک) نووسراوە (سجل الاعضاء تدون فيه اسماء الاعضاء الجمعية وعناوينهم واعمارهم وجنسياتهم)، پرسیارە کە ئەوەیە کە ئەو (جنسیانە) بۆچیە؟ وابزانم برگەیەک هەیە کەدەبێ لە کوردستانی عێراق بێت ئەمە پەیوەندی بەنێرو و مێوە هەیە کە وابزانم زیادە وپێویست ناکات.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاساکەدا هیچ مەرجێک نەهاتووە ئەندام خەڵکی کوردستان بێت یا کورد بێ، من پێم وایە کە بوار هەیە هەر کەسێک بێ کە توانی ئینتماء بکات وئەوە تەواوە لە جێگای خۆیەتی، لێرە ئەگەر سەیری یاسایەکە بکەین کە هیچ مەرجی تێدا نییە هاووڵاتی کوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو جنسیانەوە لەوانەیە ئی لای خۆشمان بگرێتەوە، لێرە هەنە جنسیەی شوێنی تریان پێ یە، لەوانە کوردن هاونیشتمانی ئێرەن، بەڵام جنسیەی تریان هەیە لێرە کۆمەڵەیەک دابمەزرێنن، لەوانەیە مەسەلە ئەوە بێ، بۆیە ناوی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ، یاسا رێگای ئەوانە دەدات؟

**بەڕێز کـــــانەبی عـــــەزیز ئەحـــــــمـــــــەد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەڕای من مادەکە وەکو خۆی بمێنێ لە بابەت جنسیەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟.. نییە؟ مادام وایە دێینەوە سەر مادەکە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادە وەکو خۆی بمێنێ؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــــاجی نامق مـــــەجـــــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

المادة/١٢ للهيئة العامة للجمعية ان تقرر حل الجمعية حلا اختياريا بعد موافقة ثلثي اعضاء الهيئة، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

مادە/١٢، چ تێبینی هەیە؟.. نییە.؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە «١٢» وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــــاجی نامق مـــــەجـــــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

المادة/١٣ يجوز حل الجمعية بقرار من محكمة البداءة محل الجمعية بعد اكتسابه درجة البتات بناءً على طلب يقدم من قبل وزير الداخلية او من يخوله وذلك في الحالات الاتية:

١- اذا مضى على تأسيس الجمعية سنة واحدة ولم تباشر اعمالها المنصوص عليها في نظامها الداخلي او انقطعت عن ممارسة اعمالها المذكورة بدون اسباب تبرر ذلك.

٢- اذا خالفت في نشاطاتها الاغراض والوسائل المدرجة في المادتين (الرابعة والخامسة) من هذا القانون.

٣- اذا اصبحت الجمعية عاجزة عن الوفاء بتعهداتها أو خصصت اموالها او ارباح اموالها لاغراض غير التي أنشئت من أجلها.

٤- اذا خزنت الاسلحة او المواد القابلة للانفجار او المتفرقعة في مركزها أو مركز احد فروعها.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

مادە (١٣)، چی تێبینییەک هەیە؟

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەراستی تەنیا لاریم لەشێوازەکەیەتی، برادەرانی لیژنەی یاسا بەم شێوەیە دایبرێژن (يجوز حل الجمعية بقرار من محكمة البداءة محل الجمعية بعد اكتساب درجة البتات) رێک نەهاتووە باشترە بووترێ (يجوز حل الجمعية بقرار مكتسب لدرجة البتات صادر من محكمة بداءة محل الجمعية) شتێکە رێکۆ پێکتر دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لیژنەی یاسا دایدەڕێژن.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو مادەیە برگەی یەکەم ماوەی سالێکی داناوە بۆ دەست بەکاربوون دەڵێن سالێک زۆرە، پێشنیاری من ئەوەیە کە (٦) مانگ بێت، کە پاش شەشەش مانگ دەست بەکار نەبوو، چونکە سالێک بۆ کۆمەڵە زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش با بۆ دارشتن بمێنێ لەگەڵ ئەمەی سەرەوە پاش ئەو دوو تێبینییە رەچاو بکرێن، دێینەوە سەر مادە (١٣)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە لەگەڵ ئەو دووتێبینییەدا دابرێژرێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/ ١٤ ١ـ تنظر المحكمة في طلب الحل بصفة مستعجلة ويعلن قرار المحكمة في الصحف المحلية خلال اسبوع من تاريخ صدوره وللمتظلم تمييزه لدى الهيئة العامة لمحكمة تمييز غير اقليم كوردستان خلال ثلاثين يوما من تاريخ الاعلان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٤)، چی تێبینی هەیە؟

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لە سەر مادە (١٤)برگە (المتظلم لدى الهيئة العامة) ماوەکەی هەفتەیەک، کەمە، بکرێتە مانگێک دوو هەفتە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان تێبینیم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا پێشنیار دەکەم (متظلم) ببێ بە (متضرر)، چونکە (متضرر) فراوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا (وينظر في طلب الحل بصيغة سريعة ويعلن القرار في

الصحف المحلية) من ئەڵێم (اعلان) وەکو (تشدید) ئیجرائاتی (تشدید) و(بەتیش) ببێتە بڕیارێکی کۆتایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها یەک تێبنی هەیە ئەڵێ (متضرر) لەجێی خۆیدا نییە، بەڵکو (متظلم)لەبارترە وپێشنیاری تر هەیە کە هەفتەیەک کەمە و بکرێ بەمانگێک.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ لاری نییە (متضرر) جێی خۆیەتی (متظلم) بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە (متظلم ) وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە سەرنجی بدەی وەزیری ناوخۆ داواکاری پێشکەش دەکات، ئەمەش ملکەچی فەرمانە، یەکەم جار (تظلم) بکات پاشان تەمییزی بکات قۆناغێکە لەقۆناغەکانی تانووت (طعن)، لە بەر ئەوە بەرای من وشەی (تظلم) وەکو خۆی بمێنێ یاسای (مرافعات) ئەو حالەتانە چارە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرفتەکە گەورە نیپە لەسەر (تظلم).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(طلب) مانای عەریزە نییە واتا داوا، جا (متضرر) بمێنێ ئەگەر (متظلم) نەبێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاسای (مرافعات) شتەکە زۆر روونە داواش هەیە وعەریزەش هەیە، هەندە داواکاری، بە (دعوی) دەکرێ هەندێکی تر بە عەریزەیە، رێگاکانی تانوون (طعن) وداوا، جیاوازن لەرێگاکانی عەریزە، یەکەم جار (تظلم) دەکەی (تمییز)ی دەکەی (دعوی) شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر بڕگە(١) کە ئەو ماوەیە تێیدا هاتووە تێبینی لە سەرە، پێشنیار هەیە کە بکرێ بە مانگێک، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماوەکە بکەین بە مانگێک؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەو هەفتەیە دەکرێ بە مانگێک. پاش ئەو هەموارکردنە کە هەفتەیەک بوو بە مانگێک، کێ لەگەڵ مادە (١٤)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە پاش ئەو هەموارکردنە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

المادة/ ١٥ «اذا حلت الجمعية عين لها مصفي أو اكثر يقوم بهذا التعيين الهيئة العامة للجمعية ان كان الحل اختياريا او الهيئة العامة لمحكمة تمييز اقليم كوردستان العراق، ان كان الحل قضائيا وتقوم محكمة البداءة بوضع اليد فورا ريثما تجري التصفية، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

چ تێبینی لەسەر مادە (١٥) هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەمەیە مادە (١٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

المادة/١٦ بعد اتمام التصفية يقوم المصفون بتوزيع الاموال الباقية وفقا لنظام الجمعية الداخلي. فان لم يوجد في هذا النظام نص بشأن ذلك او وجد ولكن طريقة التوزيع كانت غير ممكنة فحينذاك يجري تحويل اموال الجمعية المنحلة الى الجمعية والجمعيات التي يكون غرضها هو الاقرب الى غرض هذه الجمعية اوالى اية جهة خيرية يعينها مجلس الوزراء، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجـــەب شـــەعـــبـــان تەیب:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

وابزانم لێرە جێگای پێشنیاری کاک ئیبراهیم هات کە لێرە زیادی بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەی (١٦)یە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

المادة/١٧ : ١- لوزير الداخلية ان ينبه أو ينذر الجمعية عن المخالفات القانونية. ٢- يجوز للجمعية الاعتراض على قرار وزير الداخلية امام الهيئة العامة لمحكمة تمييز اقليم كوردستان العراق خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

مادە/ ١٧، چی تێبینی هەیە لە سەری؟

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

بەبۆچوونی من مادام تنبیە هەیە، پێویست ناکات ئەو بابەتانە بدەینە دادگای تەمییز بۆ دەستەی گشتی ئەو هەموو پسپۆڕی و تانووت و مەسەلانە بچنە وێ، بابەتی چارەکردن نییە تەنیا (تنبیە)ە، سوپاس.

**بەڕێز کـــانەبی عـــەزیز ئەحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

تێبینیم نییە؟، ئەگەر کۆمەڵە مافی هەبێ ئیعتیراز بگری لە سەر بڕیاری وەزیری ناوخۆ ئەمە بە دادگای دەستەی پیاچوونەوە (تەمییز) بێ، یا دادگای تێهەڵچوونەوە بێ جیاوازی نییە، رای برایان چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

منیش لەگەڵ رای کاک بەختیارم، بەڵام زیاتر بۆی دەچم دەڵێم ئەگەر پسپۆڕیەتی دادگای بەرایی بێ باشترە، چونکە بۆ دادگای تەمییزو، تێهەڵچوونەوەو دەستەی گشتی بەو شتانە خەریک بکەین، ئەگەر تەماشا بکەین (تنبیە وإنذار ) ئەنجامی یاسایی لەسەر جێگیر نابێ، واتا تەنیا سزاێکی سەر پێ یییە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

وابزانم ئەو (تنبیە)و (انذارە) لەوە هاتووە، چونکە ئەسڵی مادەکە وەکو لەوەزارەتی ناوخۆ ئەڵێ (لوزیر الداخلیة ان ینبه أو ینذر الجمعیة عن المخالفات القانونیة التي تقدم بها وله بموجب ذلك علی اشـراف). ئەگەر ئەمە کامل بوایە ئەوەی تر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە. دوو (یجوز لجمعیة) دەلالەتی ئەمەیە سەرپەرشتی (اشراف)ی دەکات کە لاری بێ لە سەر ئەوەش، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

وابزانم جیاوازییەکە لە سەر ئەوە نییە، برادەران پێشنیاریان لە سەر دادگای تەمییزە، کە پێویست ناکات دادگای تەمییز بخەینە ناو ئەم بابەتەوە.

**بەڕێز شـــیـــروان ناسح عـــەبدوڵـلا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

دەربارەی (تەنبیەو ئینذار) لێرە سزا نییە، هەروەکو کاک فـەرسەت ووتی تا ئیعتـرازی لەسەر بگیرێ ئیعتـرازەکە لە سەر ئەوە دەگیرێ هەندێ لەبڕیارەکان روونە دەیدات یا پارێزگار دەیدات، ئەگەر کۆمەڵەکە مافی لاری بوونی لە سەر بڕیارەکانی وەزیری ناوخۆ هەیە لە دادگادا، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادەی/ ١٧ وەکو خۆی بمێنێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

المادة/ ١٨ ١- کل قرار تصدره الهیئة العامة مخالف للقانون او النظام الداخلي للجمعیة وکل

عمل يقوم به مجلس ادارة الجمعية ومجالس ادارات الفروع متجاوزاً به حدود اختصاصاتها أو مخالفة فيه احكام القانون أو نظام الجمعية او قرارات الهيئة العامة يجوز ابطاله بحكم من محكمة البدائة التابع لها مركز الجمعية بناءاً على طلب اي شخص ذي مصلحة وذلك في ظرف ستين يوما من تاريخ صدور القرار او القيام بالعمل وينطبق ما جاء اعلاه على الحقوق المدنية فقط.

٢- دعوى البطلان لايجوز توجيهها ضد الغير حسني النية الذين يكونون قد كسبوا حقوقا على اساس القرار اوالعمل المطعون فيه، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەر بڕگەی دوایی کە ئەڵێ (يراعي في ذلك حسن النية أو حسن النية في ذلك) ئەو ڕەهاييە (اطلاقە) خراپە وهەروەها لە مادەی پێشەوە پرسيارێک لە ليژنەی ياسا کرا، نازانم وەڵامی نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز ئيبراهيم سەعيد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٩) بڕگە (٣) ئەڵێت (تراعي احكام مادة ١٨ من هذا القانون) ئێستا مادەی (١٨) دەخوێنينەوە هيچ پەيوەندی بەم بڕگەوە نييە ڕەنگە پەيوەندی بە (١٩) بێت (١٨)وە نەبێت ئاگاداری ئەوە بکەن تکايە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەريم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوو لە مادەی /١٨ (دعوى البطلان لا يجوز توجيهها ضد الغير حسني النية الذين يكونون قد كسبوا حقوقا على اساس القرار والعمل المطعون فيه) پێويست نييە کۆمەڵەيەک بڕيارێکی دەرکرد ئەو بڕيارە پێچەوانەی ياسا يا پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆ بوو ئەو لايەنەی کە زەرەر لەو بڕگانە دەبينێ مافی خۆيەتی لە دادگای بەرايی بچی شکات بکات بڵێ ئەو بڕيارە ڕاست نييە تانووتی لێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عزيز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

مادە ١٨ کێ لەگەڵ ئەوەيە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نييە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مايەوە.

**بەڕێز ئەياد حاجی نامق مەجيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/١٩ لايجوز لاية جمعية أن تنتسب أو تشترك أو تنظم الى جمعية أو هيئة أو نادي أو اية مؤسسة مقرها خارج اقليم كوردستان العراق الا باذن من مجلس وزراء الاقليم كما لا يجوز لها

ان تستلم او تحصل على اموال أو مبالغ من اي نوع من خارج الاقليم ولا ان ترسل شئيا مما ذكر الى اشخاص او جهة من الجهات من خارج الاقليم الا باذن من مجلس الوزراء، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

من زۆر جاریش گوتومە ئێمە کە یاسا دائەنێین یاسا بۆ ڕۆژێک ودوو ڕۆژ نییە، یاساکانی خۆشمان کەدادەنێین بۆ هەرێمی کوردستانە ئەم مادەی (١٩) یاسای ژمارە (١) ساڵی (٨٠) لە عێراقێکی سەربەخۆ دەوڵەتێک وەرگیراوە ژمارە (١) ساڵی (٦٠) کۆمەڵەکانی عێراقی تەنها یەک شتیان لێ گۆڕیوە لەیاسای کۆمەڵەکانی عێراقی دەسەڵات دراوە بەوەزیری ناوخۆ نەک ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمان ئەوەی لە یاسای کۆمەڵەکانی ژمارە (١) ساڵی (٦٠) عێراق گۆڕاوە، وەزیری ناوخۆ کراوە بەئەنجوومەنی وەزیران بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم مادەیە ئەسڵەن نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

ئەو روون کردنەوەی کەبرای بەڕێزم کاک فرەنسۆ کردی دەقاودەق ئێمەش پشتگیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

ئێستا هەر دوو فراکسیۆن لەم رایەدان ،کێ لەگەڵ ئەمەیە مادە (١٩) هەڵوەشێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ هەڵوەشایەوە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

لەبڕگە(٣) مادە (١٩) (المنح والهبات والهدايا والتبرعات والوقف من افراد وجهات) هەروا دەمێنێ ئەوەی تر هەڵدەوەشێتەوە کە لە مادە (٩) نووسراوە لەبڕگەی (٣) (على ان تراعي مادة ١٩) ئەم رستەیەش هەڵدەوەشێتەوە. المادة/١٩ لايجوز تأسيس جمعيات عسكرية أو شبه عسكرية غير حكومية كما لايجوز تأسيس جمعيات حرفية أو مهنية الا من اشخاص يمارسون حرفا او مهنا متشابهه، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

چ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆ بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

المادة/ ٢٠ تعفى الجمعية من رسوم التأسيس ورسوم تصديق سجلاتها، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسا هەوڵ دەدا یاسا بەشێوەیەک دابڕێژێ کە هەرێم سوودی لێ وەربگرێ، کە گوتت (استیراد وتصدیر) دەگرێتەوە رەسمەکان زۆرن دەگاتە ملیۆنەها لە بەر هەندێ ئەوە فت (شطب) بکەین تەنها ئەوە بمێنێ (تعفى الجمعية من رسوم تصديق سجلاتها) بەسە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برای بەڕێزم کاک ئەیاد سەیری دەقی رەشنووسەکە بکات، وابزانم ئێمەش وامان کردووە لە لیژنەی یاسا ووتومانە (تعفى الجمعية من رسوم التأسيس ورسوم تصديق سجلاتها)، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

پرسیارێک هەیە ئەم کۆمەڵە جاری وا هەیە ئاهەنگ دەگێرێ پارەی دەست دەکەوێ، ئەوە تێناگەم بۆچی ئەم کۆمەڵە رەسم نەدات؟ بۆچی عەفو بکرێ؟ دەبێ لیژنەی یاسا بیر لەمە بکاتەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی زۆری ئەو کۆمەڵانە لەوانەیە بەو پارانە بژین کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆیان تەرخان دەکرێ، لە بەر ئەوە ئەو داهاتەی کە بۆی دێت چ نییە، هەر لە سەر ئەو بنەمایەیە، پێم وایە لیژنەی یاسای عەفووی کردوون کە رەسم نەدەن، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی منیش لەگەڵ پێشنیاری (کاک جەمیل وکاک حازم)یشم بەو شێوەیە بێ لەبنەڕەتەوە لیژنەی یاسا دایڕشتووە تەنیا لە رەسمی تصدیقی سجلات ببەخشرێن، بەڵام لەشتەکانی تر نا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک حازم فەرمووی ئەوەی کاک جەمیل بۆی چووە دەقاودەق لیژنەی یاسا وای بۆ چووە (تصفى الجمعيات من رسوم التأسيس وتصديق سجلاتها)، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

(تعفى الجمعية )نەک ( الجمعيات من رسوم التأسيس ورسوم تصديق سجلاتها) با زیاد بکرێ باشترە پاش ئەم هەموارکردنە، کێ لەگەڵ ئەمەیە ئەم مادە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

المادة/ ٢١ يعاقب كل عضو من اعضاء مجلس ادارة الجمعية ومجالس ادارات الفروع بغرامة لاتزيد على خمسمائة دينار ولاتقل عن مئة دينار اضافة لمسؤوليتة تجاه الجمعية اذا ثبت ان الجمعية:

١- لم تمسك السجلات المنصوص عليها في هذا القانون او لم تراع الشروط المبينة فيه.
٢- لم تقم بتبليغ الجهة المختصة بالامور التي نص القانون تبليغها به.
٣- قبلت عضوا لم تتوفر فيه شروط العضوية المنصوص عليها في نظامه الداخلي، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

مادە/ ٢١ تێبینی هەیە؟ نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

المادة/٢٢: ١- على الجمعيات القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم واحكام هذا القانون خلال ستة أشهر من تاريخ نفاذه.

٢- تعتبر الجمعيات التي لم تلتزم بحكم الفقرة (١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ تێبینی هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

لێرە چەندین کۆمەڵە ویەکیـەتیتـان هەیە ئەم یاسایە ڕەنگە بیـان جولێنێ، یاخود هەندێ کـار لە مەعنەویاتیان بکات، بۆ مەسەلەی (مؤهلات) پێشنیار دەکەم بکرێ بە (٦) مانگ، سوپاس.

**بەڕێز گــەلاوێژ عــەبدولجـەبار مــەجــیــد:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

من پرسیـاری ئەوە ئەکەم، ئەگەر هاتو وەزعەکـانیـان هەمـوار نەکرد ئایا چی دەکـەین؟ وەدەکرێ کۆمەڵەکە داخەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هـەریری:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک عەبدولکەریم ئەکەم کە بکرێتە شەشێ مانگ، سوپاس.

**بەڕێـز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

تێبینیمان نییە، بەڵام تەنها ئەگەر ئەو کۆمەڵەیە وەزعی خۆی هەموار نەکرد اعتبار ناکرێ بە کۆمەڵە بەپێی یاسا دەکرێ شکایەتی لێ بکرێ ودابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

باشە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم سێ مانگە بکرێ بە (٦) مانگ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەزۆربەی دەنگ بووە شەش مانگ.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەنسبەت ئەو پێشنیارەی کاک ئیبراهیم سەعید کردی، ئەگەر جێی بکرێتەوە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بکات باشە، پاش ئەو مادەیە جێی نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەرای من ئەگەر مادە (٢٣) ببێتە دوو بڕگە، بڕگەی (١) وبڕگەی (٢)، چارەی ئەو بابەتە بکەین کە کاک ئیبراهیم دەست نیشانی کرد چارەی بابەتی ئەو کۆمەڵانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەپێی یاسا ئەوەی کاک فەرسەت بۆی چوو نابێ، چونکە شتێ حەل دەکەی کە هەبێ، کۆمەڵەکە هەبوونی نەبێ چۆن (حەل)ی دەکەی؟ مۆڵەتی نەبێ چۆن (حەل)ی دەکەی؟، سوپاس.

**بـەڕێـز فــــرەنســـــۆ تـۆمــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

وەلامەکەی کاک سید حەسەن دەدەمەوە، بەڵام پێش ئەوەی وەلامەکەی بدەمەوە من ڕەخنەیەک لە د. عیزەدین دەگرم هەموو جار کە بەعەرەبی قسە دەکرێ هەڵدەستێ بۆ عەرەبییە کە، لە بەیانیەوە باسی (NGO )دەکرێ هەڵنەستا معارضە بکا، جا من لە جیاتی ئەو لاریم هەیە حەقە بە کوردی باسی ڕێکخراوەکان بکرێ. ئەوەی کاک سید کەدەڵێ زۆر یانە هەنە وەزارەتی ڕۆشنبیری مۆڵەتیان پێ دەدات کە ئێستا (قائمن)، بەڵام ئەبێ لەماوەی شەش مانگ وەزعی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو یاسایەدا ئەگەر نەیگونجێنن ئەو کاتە ئیجرایان لەگەڵدا دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

لە مادەکەدا دەڵێ (الجمعیات القائمة) ئێستا مەوجودە ئەمە بارودۆخی ڕێک دەخات لە نێوان چ مانگێکدا تا ئێستا پاش ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم کرا یەکێ لە یاساناسەکانمان شێوازێکی بۆ دانەناین بۆ ئەوەی ئێستا باسی بکەین، سەید حەسەن ئەوە لێرەیە

شێوازێک دانەنرا، پێشنیارێک لە سەرتاوە کرا کە بۆ ئەو کۆمەڵانەی کە پەیوەندیان بەمەرکەزەوە هەبووە ئەو شمەکانەیان چی لێ دێ؟ شێوازێک دانەنرا بۆ ئەوەی ئێستا بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارەکەی بەڕێزتانم لاپەسەندە بۆ ئەو پێشنیارەی کاک ئیبراهیم، بەڵام پێشنیارەکەی (NGO) کاک فرەنسۆ باسی کرد دەقیکی وا دانێین کە ئەوانە بە یاساش چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

(NGO) کە ئەکەین بە مادە (٢٣) مادەیەکی تایبەت بێ.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەویش ئەو مادەیە بەو پەلەپەلە نابێ، بادوایی لیژنەی یاسا خۆیان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ وپەیوەندیەکان بڕیارێک بدەن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

ئەم کۆبوونەوەمان کۆتایی پێ دێنین سبەی سەعات (١٠) کۆبوونەوەمان دەبێ، لیژنەی یاسا دوو شێوازمان بۆ ئامادە بکات، شێوازێکی ئەوانەی کە لە ماوەی شەش مانگ ناتوانن باری خۆیان بگونجێنن، دوو پێشنیاری کاک ئیبراهیم کە ئەم یاسایە (NGO) کانی دەرەوە وناوەوە ناگرێتەوە.

ئێستاش کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥/ ١٠/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥/ ١٠/ ١٩٩٣

*کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥/ ١٠/ ١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

***١- تەواو کردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای کۆمەڵەکان.***

***٢- گفتۆگۆ کردن لەسەر دروست کردنی بەندیخانەیەکی ناوەندیی هەرێم.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی کاری دوێنێمان، وابزانم یەک دوو برگە لە مادە (٢٢) و یەک دوو مادەی ترمان لە یاسای کۆمەڵەکان ماوە، ئەگەر شتی تریش وەک مەسەلەی بەندیخانەی (ناوەندیی) کە پێشنیار بوو ودەنگی لەسەر درا وپێشتر خرایە بەرنامەی دوو دانیشتنەوە، ئەگەر ئەو برادەرانەی فراکسیۆنی پارتی ئامادە بن کە پێشنیاریان کردووە، ئەویش دووەم خاڵە، تازە بابەتیش ئەگەر هیچ هەیە با باس بکرێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت تازە بابەت، بابەتی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانە وەکو (صمود)و ناوچەی (گەرمیان)، مامۆستا مەلا تاهیر ئەگەر لێرە بێت، باسی لێوە بکات، ئەگەر نا، خۆم ناچارم باسی لێوە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بارەی تازە بابەتەوە، کاک شەوکەت وەکو ئەندامی پەرلەمان کە لە هەندەران بووە، چالاکییەکی

هەیە، ئینجا ئێستا یان بەقسە یان بە نووسین دوایی عەرزی سەرۆکایەتی بکات بۆ ئەوەی گرنگی پێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر شتێکمان بۆ بنووسێت خراپ نییە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کورتەیەکی باس کراو دوایی بیهێنێتە بەردەمی بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر شتێکمان بۆ بنووسن پاشان بیدەن بە لیژنەی پەیوەندی بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە کاتێ باس کرا، بۆ ئەوەی ئەندامانی لیژنە بەلای کەمەوە ئامادە بن بۆ پرسیارو وەڵامدانەوە شتێکمان بۆ بنووسن، پاشان ئێمەش تەماشایەکی ئەکەینەوە و لە دواییدا ئەیخەینە بەرنامەی کاری ڕۆژێکەوەو ئەگەر زانیمان جێگەی باسە دەیدەین بە لیژنەی پەیوەندییە گشتییەکان، ئەوانیش مافی خۆیانە شتێک لەو بابەتە بزانن، دەربارەی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانیش پێشنیارێک هەیە کە باسی لێوە بکرێت، بەوەوە ئەبێتە دوو خاڵ. ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی زۆر جار باسی تازە بابەتمان کردووە، هەندێ لە تازەبابەت دوو شتن، یەک ئەوەیە کە شتێکی زۆر گرنگ و کتوپڕ بقەومێ داوا بکرێت بخرێتە ناو بەرنامەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەویش بۆ شتێکی دەست بەجێ و بەپەلە. لەبارەی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانەوە بەگشتی یاخود دوو سێیەکیان، گەلێ گرفتیان هەیە. گرفتی ئاویان هەیە، گرفتی خواردنیان هەیە، پاشان چ بکەین باشە؟ واتا دەتوانین لێرە بڕیارێک بدەین. بڵێین ئاویان پێ بدرێت و ئەتوانین ئێستا بڕیارێک بدەین و بڵێین دەبێ ئازووقەیان پێ بدرێت. بۆ ئەم جۆرە بابەتە حەقە هەردوو فراکسیۆن لەمەسەلەی تازە بابەت بکۆڵنەوە، ئەوسا پێشنیاری بکەن.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو خستنەسەرێک بۆ قسە بە نرخەکانی برام کاک جوهر، پێم وایە کە زیاد لەوەی کە پێشنیاری تازەبابەت بکرێت ئەو فراکسیۆنەی کە پێشنیار دەکات، پێویستە خۆی بە هۆی ئەندامانیەوە لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە، بۆ نموونە دەڵێین ئۆردوگاکان یان بەندیخانەی ناوەندیی دەرس بکرێت و بزانرێ چەند بەندیخانە هەیەو چەند کەسی تێدایەو وەزعە ناخۆشەکە چییەو چۆن چارەسەر دەکرێت؟ ئەم بەندیخانە تازەیە ئەگەر بکرێتەوە چەندی تێ ئەچێت؟ واتا دوای لێکۆڵینەوەیەکی باش ئەدرێت بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەن، ئەو کاتە لە پێشنیارەکە بەباشی ئەکۆڵرێتەوە و ئەدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران و داوا دەکرێت وەزیری تایبەتمەند ئامادە بێت و باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەم بابەتە وەکو تێبینیەک بوو لێرە لەدەستەی سەرۆکایەتی باسمان کردووە، بۆ ئەوەی شێوازێکی باشتر بدۆزینەوە بۆ تازە بابەت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش سوود لە خاڵی تازەبابەت وەربگرین وا باشە کە هەر پێشنیارێک هەبوو، پێشتر بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بابەتی ئەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانە، جاری یەکەم لە فراکسیۆنی ئێمە باس دەکرێت بە دیاری کراویش بابەتی ئێمە لەسەر نەبوونی ئیدارەکانە لەو ئۆردووگایانە، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ دانیشتوانیان زۆر دەبن و دەوڵەتی تێدا نییە، هیچ کەسێک بەرپرس نییە. لەپەرلەمان بڕیار هەیە کە بەڕێوەبەرییەکان بگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان بەڕێوەبردنێکی تازە پێک بهێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بابەتی وا نەوەزیری ناوخۆ لێرەیە و نەحکوومەت کەسیان لێرەن، بڕیارێکی پەرلەمان هەیە بەگێڕانەوەی بەڕێوەبەرییەکان. ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە ئاماژە بەو بڕیارە بکات و، وەک پرسیارێک ئاراستەی حکوومەتی بکات. ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان پێشنیارێکە، کە باسی لێ بکرێ. جا کێ لەگەڵ ئەوەیە، ئەوە لەبەرنامەی ئەمڕۆدا جێگیر بکرێ و کێش لەگەڵدا نییە؟ بەزۆربەی دەنگ قەبووڵ کرا بخرێتە بەرنامەی کارەوە. ئیستاش لیژنەی یاسا با کەرەم بکەن بۆ ئەوەی بابەتی ئەم یاسای کۆمەڵەکان تەواو بکەین، کە خاڵێک، دوو خاڵ مایەوە پاشان دێینەوە سەر هەردوو خاڵی دانیشتنی ئەمڕۆمان، یەکەم لەسەر باسی بەندیخانەی ناوەندیی و ئەوەی تریشیان لەسەر ئۆردووگا زۆرە ملێیەکانە. وئێستاش لیژنەی یاسا چیتان ئامادە کردووە فەرموون.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٢٢) ئەوەی دەنگی لەسەردراوە وەکو خۆیمان هێشتەوە، بەڵام وەک تەواوکەرێکمان بۆ تەواو کردووە، شتەکە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لێرە دەنگی لەسەردرا (٣) مەسەلە بوو:

١- سەبارەت بە هەڵوێستی ئەو یاسایە چ دەبێ؟ بەرامبەر بەو کۆمەڵانەی کە هەنە وبارودۆخی خۆیان هەموار ناکەن، ئەویش بەم شێوەیە چارەمان کرد (علی جمعیات القائمة تعدیل اوضاعها بما ینسجم واحکام هذا القانون خلال «٦» اشهر من تأریخ نفاذه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەنگی لەسەر دراوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام بە ڕەزامەندی پەرلەمسان ئەوە زیاد کراوە (وبخلافه تعتبر الجمعية محلولة بحكم القانون) ئەمە یەکەم مەسەلە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەنگی لەسەر درا کە دەڵێ: (محلولة بحكم القانون) ، کاک ئەیاد ئەمە بڕگەیەکە مادە لە (٢٢)، هەمووتان بەیەک بڕگە تەواو کردووە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ڕاستە دەنگی لەسەر دراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەنگ لەسەر ئەوە وەرگیرا کە چارە بکرێ، لێرەدا تەنیا مەسەلەی داڕشتنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد دەڵێ:(على الجمعيات القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم واحكام هذا القانون خلال «٦» اشهر من تأريخ نفاذه) ئەو بڕگەی (١) تەواو و دەنگی لەسەر دراوە، بۆ بڕگە(٢) چ پێشنیارتان کردووە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(بخلافه تعتبر الجمعية محلولة بحكم القانون) ئەگەر دەڵێین دەیکەینە بڕگە(٢)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ ئەوەمان بۆ دابڕێژن، چونکە ئەو بڕگەیە نووسراوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپەرلەمانەوە بڕیار دەرچوو کە ئەو مادەیە تەواو بکرێ، ئینجا ئەم تەواوکردنە بەیەک بڕگە بێ یان دوو بڕگە، هەر تەواوکردنە، گرنگ ئەوەیە ئەو دەقانەی کە دەنگی لەسەر دراوە نایان گۆڕین و، وەک خۆیان دەمێننەوە، لەدواییدا دەنگی لەسەرنەدراوە، بڵێین نابێ لەناوەندیوە تێی هەڵکێشین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەید حەسەن ئەگەر لەبیرت بێ ئێمە لەدانیشتنی دوێنیدا دەنگ لەسەر(على الجمعيات القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم واحكام هذا القانون خلال (٦) اشهر من تاريخ نفاذه) درا و، گوتمان ئەمە دەکەینەوە برگە (١) ،دوو برگەی تر هەنە زیادیان دەکەین، یەکیان لەبارەی (NGO)کانە و ئەوی تریان پەیوەستی ئەو ڕێکخراوانەیە کە پەیوەندییان بە مەرکەزەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە دەقێکی هاوبەشمان هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (٢) (تعتبر الجمعيات التي لم تستجب لحكم الفقرة (١) من هذه المادة ضمن المدة القانونية محلولة وفق القانون).

پێشنیاری دووەم (في حالة عدم التزام اية جمعية قائمة بما ورد في الفقرة الاولى اعلاه تعتبر الجمعية منحلة بحكم القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەمە دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین (تعتبر الجمعيات التي لم تستجب لحكم الفقرة (١) من هذه المادة ضمن المدة القانونية محلولة بحكم القانون).

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە ببێ بەبرگە (٢)؟ جارێکی تر دەیخوێنمەوە پێشنیار ئەوەیە، گفتوگۆی لەسەر کرا (تعتبر الجمعيات التي لم تلتزم بحكم الفقرة (١) من هذه المادة ضمن المدة القانونية محلولة بحكم القانون).

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماوەی بۆ چییە؟ برگەکە ماوەکەشی تێدایە و لەبرگەی پێشوشدا ئەو ماوەیەی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە با بەو شێوەیە دابڕێژرێ. گرنگ ئەوەیە برگە(٢) ئامانجەکەی ئاشکرا بێت، دەڵێین ئەگەر هەڵوەشێتەوەش گرفتێک نییە، چونکە لە برگەی (١)جێگیر کراوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشنیارەکە بەم شێوەیەیە (تعتبر الجمعيات التي لم يلتزم بحكم الفقرة (١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون)، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەم بڕگە دایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ دەبێتە بڕگە (٢) لە مادە (٢٢)دا و سوپاستان دەکەین.

وابزانم بڕگەیەکی تریش ماوە، مادە (٢٢) تەواو بوو، بڕگە (١) و بڕگە (٢) تەواو بوون، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٢٢) وەک دەنگمان لەسەردا وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئێمە مادە (٢٣)مان بەپێی پێشنیاری پەرلەمان زیاد کردووە و مادەکەش بەم شێوەیە:(تستثنى المنظمات الانسانية الكوردستانية غير الحكومية العاملة في حقل الاغاثة والاعمار من احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

ئەوانەی تێبینییان هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە بەڕێزان(شێخ عەبدولکەریم و کاک سەلاحەدین عەبدولحەمید)ن.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

مادەکەم زۆر لا باشە، بەڵام دوو تێبینیم هەیە لەسەری، یەکەمیان وشەی (حقل) بکرێتە (مجال) فراوانترە، دووەمیان (استثناء) ئەگەر لاببرێ یاسایەکی لە پەرلەمان بۆ دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز سـەلاحـەدین عـەبدولحـەمـیـد عـەبدوڵلا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

منیش پێم باشترە کە بڵێین (تعالج امورالمنظمات الكوردستانية العاملة في حقل الاغاثة الاجنبية)، چونکە ڕێکخراوە بیانییەکانیش هەر ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دەخەنە ئەستۆی خۆیان. ئەو ڕێکخراوە بێگانانەش هەر لەگەڵ ئەم یاسایە پەیوەست بکرێن، لەبەر ئەوە من پێم باشە وشەی (اجنبی) بێگانەش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من هیچ پێویست ناکات ئێمە ئەو ڕێکخراوانە بەدەر (استثناء) بکەین، لێرە ئاماژەی بۆ بکەین، چونکە ئاشکرایە ئەو یاسایە هی ئەو ڕێکخراو ویەکییەتی وکۆمەڵانەیە کە لە کوردستاندا ئیش دەکەن، وەک بڵێین ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، پێویست ناکات ئێمە ئاماژە بەوانی تر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک برادەرانیش گوتیان ئەگەر بەدەرمان کردن و ئازادی زیاترمان پێدان ئەو بڕگەیە گرفتێکی زۆر دروست دەکات، لەبەر ئەوە بابەتەکەیان ئەوەتانێ کە لەبڕگەی(٢)ی مادە (٢)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەدەرکردنیش هەبێت بۆ ڕێکخراوەکان، پێویستە بڵێن (المنظمات الانسانية غير الحكومية القائمة قبل اصدار هذا القانون) چاکتریش ئەوەیە بەشێوەیەکی تر بگوترێ (سيصدر قانون خاص بالمنظمات الانسانية غير الحكومية في حقل الاغاثة والاعمار)، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەپێویستی نازانم ئەو بڕگەیە لێرە ئاماژەی بۆ بکرێ، چونکە بڕگە (٢)پێناسی کراوە، مادام پێناس کراوە بۆ یاسا دەرچێ؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ قسەکانی کاک بەختیار و کاک رزگار، ئێمە دوێنێ دەنگمان لەسەردان، دەبێ دەربارەی ئەم بابەتەی دووەم پاساو هەبێ، رەنگە (١٠-١٥)لەم بابەتە هەبن، هەتا پەرلەمان ئەمە جێبەجێ دەکەن (١٠-١٥)ی تریشیان بەدوادا دێن، بۆیە من بە کاتییان نابینم، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رایەی کاکەڕەش کاتی خۆی دەری بڕی بەجێیە، بەڵام مادام ئەم یاسایە دەردەچێ، ئەگەر هێمایەک نەبێ بۆ ئەم ڕێکخراوانە هەتا ئەو یاسایە دەردەچێ، ئەو ڕێکخراوانە ئەم یاسایەیان بەسەردا پیادە دەکرێ، چونکە یاسایەکی تریش نییە لەجیاتی ئەمە دەرچووبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەش بەحاڵی خۆم ئەڵێم ئەگەر نەتوانین لەماوەی (٦) مانگ یاسایەک دەربکەین بۆ ئەو ڕێکخراوانە، ئەوا دەبێ فاتیحە لەسەر خۆمان بخوێنین، من پێم وایە دەتوانین لەماوەی هەفتەیەکدا یاساییێک بۆ ئەو ڕێکخراوانە ڕێک بخەین، ئەویش پاش کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەو پسپۆڕانەی لەو مەیدانەدان و لەگەڵ نوێنەری حکوومەت و پەرلەمان دانیشن و لەو باردۆخە بکۆڵنەوە، لەماوەی هەفتەیەک یا دوو هەفتە دا کەوا مەزندە دەکرێ مرۆڤ بتوانێ شتێک سەبارەت بەم یاسایە ئەنجام بدات، بەڵام گرفتەکە مەسەلەی کات نییە، ئەگەر بمانەوێ قانوونێک بۆ ئەوانە دابنێین لەدەستمان دێ، فەرموون با ئێستا بڕیارێک بدەین، لێرە چەند پسپۆڕێک لەحکوومەتیش داوا بکەین لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تر و، هەر لەئێستاوە کاتێکی دیاری کراویان بۆ دابنێین، بەتەئکید لەماوەی دوو هەفتە ئەنجامێکمان پێ ئەدەن، بۆیە مەسەلەی کات نییە، ئێمە کۆمەڵێک ڕێکخراوی مرۆییمان هەیە لێرە ئێش دەکەن، ئەمانە هیچ یاساییێکیان بەسەردا پیادە نابێ وەتا ئێستاکە بەئارەزووی خۆیان دێن و ئێش دەکەن، نازانین چی دەکەن؟ هەتا حکوومەتی ئێمەش هاوار هاواریەتی بەدەستیانەوە، چونکە هیچ چاودێرییەکیان بەسەرەوە نییە، پرسیارەکەی ئێمەش ئەوەیە هەتاکەی ئەم هەڵڵایە بەردەوام دەبێ؟ ئێمە وەکودەستەی سەرۆکایەتی. ئەمەیان دەخوێنینەوە ئەگەر پێشنیارێکتان هەیە بەرامبەری دەری ببڕن (يتم تنظيم شؤون المنظمات الكوردستانية العاملة في مجال الاغاثة والاعمار بقانون خاص).

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المنظمات المتعلقة بالاغاثة الكوردستانية والاجنبية) من لەو ڕایەدام ناوی (الاجنبيه) بێت، چونکە لە کۆنگرەی (برۆکسل) بڕیارێکی وا دەرچووە و کاروباری ڕێکخراوەکانی ئەورووپی ڕوونکردۆتەوە لێرەدا ڕێکخراوە بیانییەکان وەکو کۆمپانیای بیانی ئەوان پارە دێنن لە کوردستان خەرجی دەکەن، دەبێ پەیوەندیەکیان بەهەرجۆرێک بێ بەم یاساوە هەبێت و تێیدا دەستنیشان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە لیژنەی یاسایین و دانیشتین ئەم دەقە لێ بەدەرکراوە (استثنائيیه) بنووسین لەسەر ئارەزووی لیژنەی یاسا نەبوو، چونکە بەلای ئێمەوە، لەمادە (١)ی بڕگە (٢) ئەمە هاتووە و دەڵێ:(مالم يتناول تنظيمها قانون خاص) ئەوە یاسا تایبەتییە کە هەموویان دەگرێتەوە، واتا ئەو ڕێکخراوانەی کە بە یاسای تایبەتی ڕێکدەخرێن، لەبارەی ڕایەکەی (کاک د.سەلاح)یشەوە کە دەڵێ ڕێکخراوی بیانیش بنووسن ئێمە وامان پێ باش بووە کە ڕێکخراوی بیانی داخیلی ئێرە

نەکەین، چونکە یاسایەک هەیە کاروباری ڕێکخراوە بیانییەکان ڕێک دەخات، کەبیانییەو پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئێمە تەنیا ئی خۆمان ڕێک دەخەین بەیاسایەک، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێکخراوە بیانییەکان ئەگەر لە وڵاتێکدا کاربکەن، پێویستە یاسایەک هەبێت بۆ ڕێکخستنی کاروباریان با لەو یاسایەدا دەستی ئەو ڕێکخراوانە نەگیرێت، کەواتە تەگەرە لە کاروباریان نییە، بەڵام پێویستە یاسایەک هەبێت و، جارێکی تر ئەگەر ڕێگەم بدەن دەقەکە ئەخوێنمەوە کە دەڵێ (كما اقر المؤتمر ضرورة دعوة البرلمان الكوردستاني الى سن قانون ينظم العلاقة بين المنظمات الكودرستانية غير الحكومية لجهة والمنظمات الاوربية لجهة اخرى)، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولڕەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بڕیاری کۆنگرەی (بڕۆکسل)ە، ڕاستە داوای هاوکاری دەکەن لە نێوانی ڕێکخراوە ئاوروپاییەکان وڕێکخراوەکانی (NGO)ش دەکات، بەڵام دەربارەی ئەو پێشنیارەی کە دەڵێ: (يتم تنظيم شؤون المنظمات الكوردستانية العاملة في مجال الاغاثة والاعمار) ئەگەر یەکەم جار بیخوێنیتەوە دەبینی غەیری حکومی یەکان (NGO)ش دەگرێتەوە، چونکە ڕێکخراوی دیش هەیە، بۆ نموونە: لە تەندروستی هەڵگرتنەوەی (مین) (اغاثە) وئاوەدان کردنەوە ناگرێتەوە دوا بەشی ئەمەش پێشنیارێکی دیکەم هەیە ئەویش کە دەڵێ (يتم تنضيم شؤون المنظمات الانسانية غيرالحكومية العاملة في الاقليم من احكام هذا القانون) واتا هەموو ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، ئەو کاتەی کە یاسایەکەمان بۆ ڕێکخستن، ئەتوانین ڕێکخراوەکانی (NGO)ی خۆشمان و هی ئەورووپیش پەیوەندییەکەی بۆ ڕێک خەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا پرسیارێک لەو برادەرانە هەیە کە ڕاقەی برگە (٢) دەکەن لە یاساکە. لیژنەی یاساش بەگشتی ئەمە ڕایانە، واتا ئێمە (٦) مانگ بوارمان داوە، لە ماوەی (٦) مانگ ئەو کۆمەڵانەی کە ئێستاکە (قائیمن)، ئینجا (NGO) بن یاخود مرۆیی بن کاروباری خۆیان ڕێک بخەن و ئەم قانوونەیان لەسەر پیادە بکرێ، باشە پرسیارێک هەیە ئیمە لەم پەرلەمانەی کوردستان ناتوانین بە (٥-٦) مانگ یاسایەک بۆ ڕێکخراوەکان دەربهێنین؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم بەدەرکردنە (استثنایەی) کە لێرەدا هاتووە شتێکی زۆر ئاسایی یە کە لەهەر یاسایەک بێت، واتا ئەمە چارەی بارودۆخێک بە استثناء دەکەی، ئەوەی تر بە مادەی ئاسایی

هاتووه، (عـامـه)كـه چارەسـەری بارودۆخی تر دەكـات، بەڵام ئێـمـه لێـرەدا ئەگـەری ئەوەمـان هەیە لەمـاوەی (٦) مـانگ بۆ نموونە كـۆنگرەی ڕێكخـراوەكـانی ئیـغـاثەی كـوردسـتـانی پێ ڕانـاگـات بڕیارەكانی خۆی جێبەجێ بكات، چونكە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەوانەوە هەیە، ئەمەیان یەكەم. دووەم مەسەلەی كۆنگرەی برۆكسل و بڕیارەكانیەتی كە پابەند نییە بۆ پەرلەمانی كوردستان و بۆ هەموو ڕێكخراوە دەوڵەتییەكان، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

جا ئەوە گرفتێک نییە، ئێمە پێوەندیمان بە (كۆنگرەی برۆكسل)ەوە نییە، پەیوەندیمان بە كۆمەڵە ڕێكخـراوێكی (NGO)ی كوردستانەوە هەیە و هەموو ئەندامانی پەرلەمان وحكوومەتی ئێمەش وتوویانە كە ڕازی نین لەو وەزعـە و دەبێ چارەسـەر بكرێت، ئەمە یەكـەم و، دووەمـیش هەتا لە ڕێكخراوی بیـانیش كێ مـاف بە ئێـمـە نادات كە خۆمـان یاسایێک دابنێین و پەیوەندی خۆمـان لەگـەڵ ڕێكخـراوی بیـانی ڕێک بخـەین؟ حـەز دەكـەم ئەمـە ڕوون بێت، ئێـمـە وەک وەفـدێكی پەرلەمـانی (٧) دەوڵەت گـەڕاین، كەس بە ئێمـەی نەگوت مـافـتـان نییـە، ئەوە یەكـێک بوو لەو كێشانەی كە خستمانە ڕوو لە هەموو كۆبوونەوەیەكدا، بۆیە لەڕاستیدا كـەس دەستی ئێمە ناگرێ كـە پێـوەندیمان ڕێک بخـەین لـەگـەڵ ڕێكخـراوی بیـانی، كـەس دەسـتی ئێـمـە ناگـرێت ئەگـەر پەیوەندییەكانی (NGO)ی خۆمان ڕێک بخەین.

**بەڕێز حــــســـــەن عـــــەبدولكەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

ئێـمـە ئێـستـا بارێكی خراپ وئاڵۆزمـان لەبەردەمدایە، ئێمە یاسایەک دادەنێین بۆ ڕێكخـراوەكـان وكۆمەڵەكان، بۆچوونی هەموو پەرلەمان و برادەران ئەوەیە كە ئەم یاسایە تایبەتە بەو ڕێكخراوانەی كە لە كوردسـتـان هەنە بەتایبەتی ڕێكخراوەكـانی وەک پیشـەیی (میـهـەنی)، یاسا ناڵـێ منظمه (N.G.O)یەكان بەیاسا ڕێک نەخرێن، بەڵكو مەبەست ئەوەیە یاسایەكی تایبەتی یان بـۆ دابنرێ و شـتـێكی ئاسـاییـشـە و هەر گـرفت نیـیـە و ئەو یاسـایە دادەنرێ و بیـانیـیـەكـانی ناوخـۆش پەیوەندییەكانیان بەو یاسایە ڕێک دەخرێ، سوپاس.

**بەڕێز عــــەدنان مــــحـــمــــەد نەقــشـــبــــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

لەبەر ئەوەی دوێنێ لێرە نەبووم، بەدواداچوونم نییە، بەڵام بەڕای من ئەگەر بڕیاری پەرلەمـان ئەوە بێ كە استثنایەكە بكرێ ئەوە وەكو دەڵێ پتر لەكەوان دەرچووە، ئەوە بابەتێكی ترە، دەبێ ڕێز لە ڕای پەرلەمـان بگیرێ. بەڵام بەڕای من ئەو استثنایە ئەگەر نەش بێ ئەو ڕێكخراوانە چۆنیـان كـار كردووە هەروای بكەن، تا ئێمە بە زووترین كات یاسایەكیان بۆ دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو شێخ عەدنان باسی کرد لێرە دەرچووە ئەمە خۆی گرفتەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەیەک هەیە دەڵێ (یتم تنظیم)، ئەگەر سوورن لەسەر ئەوەی بەدەربکرێت واتا (ئیستسنا) بکرێ، ئەوا بڕگەیەک هەیە بۆ چارەسەری ئەمە کە دەڵێ:«یتم تنظیم شؤون المنظمات الكوردستانية العاملة في مجال الاغاثة والاعمار بقانون خاص» کێ لەگەڵ ئەو پێشینارەیە و کێ لەگەڵدا نییە؟ بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشیناره پەسەند کرا.

رای لیژنەی یاسا، ئەوەی خستیانەروو پێویستی بەم بەدەرکردنە (استثنايە) نەدەکرد، مادە (١) بڕگە (٢) زۆر روونە، وا ساڵ و نیوێک، دووساڵە شت بە ئاژاوە رۆیشتووە، دەمانتوانی پەلە لە دانانی یاسایێک بکەین بۆ ئەو رێکخراوانە. ئێستاش راسپادەی ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەیە پەلە بکەین لەدەستنیشان کردنی لیژنەیەکی پەرلەمانی و قسە لەگەڵ حکومەت بکەین تا ئەوانیش دەستنیشانی چەند پسپۆڕێکی حکومەتی بکەن ولەگەڵ چەند کەسێکی دەرەوەی هەردوو دەزگا، بۆ ئەوەی پەلە بکەین لە دانانی یاسایێک بۆ (NGO) کانی خۆمان و پێشنیاری ئێمە ئەوەیە لەهەمان یاسادا چارەسەری پەیوەندییەکانی نێوان رێکخراوەکانی ئێمەو (NGO)کان و حکومەتی خۆمان بکات، چونکە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ و دەنگمان لەسەر ئەم بابەتە دا وتەواو بوو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون (لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢٤)، کێ تێبینی لەسەر هەیە؟

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە و ئاراستەی لیژنەی یاسای دەکەم و دەربارەی ئەو یاسایەی کە یانەی وەرزشی رێک دەخات یاسایێکی تایبەتی هەیە کە دەیگرێتەوە، لێرە ئەم بڕگەیە کە دەڵێ (لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون) نازانم چۆن ئەو یاسایە ناگرێتەوە کە یانە وەرزشییەکان رێک دەخات؟ تکایە روونی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی د.فایەق وابزانم دوێنێش هەمان پرسیاری کرد و هەمان وەڵامیشمان دایەوە، لەبڕگە (٢)ی

ماده (١)دا دەڵێ هەر کۆمەڵێک ڕێک بخرێ بە یاسایەکی تایبەتی ئەو ناگرێتەوەو پەیوەندی پێوە نییە، پەیوەندی بەم یاسایەوە نامێنێ، یانەی وەرزشی یاسای خۆی هەیەو ساڵی ١٩٧٠ بەناوی (قانون الاندیة الریاضیة)وە دەرچووە ئەم یاسایەش نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەید. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ کاک دکتۆر ئەوە بزانێ کە ئەم یاسایە ناکۆک نییە لەگەڵ ئەو یاسایەدا، چونکە ئەو یاسایەی ناوی لێرە هاتووە دەڵێ:(لا یعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القانون) ئەگەر یاسایەکی تایبەتی هەبێ چارەسەری کۆمەڵەی کردبێ ناکۆک نییە لەگەڵ ئەو یاسایەدا، چونکە یاسایەکە هەر لەئەسڵەوە ئاماژەی پێکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەم مادەیە وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والعشرون: (لوزیر الداخلیة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی (٢٥)، چ تێبینی لەسەر هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟...بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون (علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەک خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــیـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

المادة السابعة والعشرون (ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية).

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٢٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

پاش ئەوەی یاساکە مادە بە مادە گفتوگۆی لەسەر کرا، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم یاسایە پەسند بکرێ وەکـو هەیە؟ کێ لەگـەڵ نییـە؟.. کـەواتە بەتێکڕای دەنگ ئەم یاسایە بڕیاری لەسەر کرا و جێگیر کرا. ( یاساکە تەواو).

**بەڕێز کــاکــەڕەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەو دەقەی کە فەرمووتان (يتم تنظيم هذه المنظمات بقانون خاص) من دەستم بەرز کردەوە و بوار نەبوو قسە بکەم، ئەی هەتا یاساکە دروست دەکرێت کێ چارەسەری دەکات؟ چونکە ئێستا چۆتە ناو یاسای کۆمەڵەکانەوە بەو دەقەی کە دەڵێ هەتا یاسایەک دەردەهێندرێ، چونکە ئێمە دەڵێین (مالم يتناول تنظيمها قانون خاص) واتە: هەتا ئەو یاسایە دەرنەهێندرێت، دەبوایە دەقەکە بەم جۆرە بێ وبمان گـوتبـایە (لاتسري احكام هذا القانون على) فلان شت، ئەوجا ئەوا یاسایان دروست دەکرد، بەڵام کە دەڵێین (ينظم بقانون خاص) ئەمەیان مانای وایە ملکەچی یاسای کۆمەڵەکانن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس، بابەتەکەمان باس کردووە و ڕای ئێوە وابوو کەپێویست ناکات، بەڵام کە دوێنێ شتێکی واتان کردووە (٦) مانگ هەیە، ئەو(٦) مانگە ئەو کۆمەڵانە دەتوانن سوودی لێ وەرگرن، دەبێ ئێمەش لەماوەی ئەو(٦) مانگەدا هەوڵ بدەین یاسایەکیان بۆ ئامادە بکەین، گفتوگۆی ئەم یاسایەش تەواو بوو، سوپاستان دەکەین. ئێستا دێینە سەر بڕگەیەکی دیکە لە مەسەلەی بەندیخانەی ناوەندیی کە لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە خرایەڕوو، جا ئەگەر ئامادەن با شتێکی خەستی لەسەر باس بکرێ بۆ ئەوەی بکەوینە ناو گفتوگۆ کردنەوە.

**بەڕێز عــەدنـان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەڕاستیدا سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد ئەم بابەتەی خستۆتەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەمەوێ کورتە باسێکتان بۆ بکەم، بەندیخانەیەکی ناوەندی پێویستە، چونکە هەموو کەسێک دەزانێ بەندیخانە بۆ ئەوەیە چارەسازی ئەم خەڵکە بکات، ئەوانەی کە لە ڕێگای ڕاست لادەدەن، ئەو کەسانەی کە بەتاوانێک حوکم دەدرێن کە کاری لەسەر خووڕەوشتی کۆمەڵ هەیە، ئەو جۆرە کەسانە لەگەڵ ئەوانەی کە بۆ چەند ڕۆژێک (تەوقیف) دەکرێن تێکەڵاو دەبن و ئەمەش شتێکی زۆر خراپە و

جگە لەمەش ئەو کەسانەی چەند رۆژێک (تەوقیف) دەکرێن جیاوازییان زۆرە لەگەڵ بارودۆخی ئەوانەی حوکم دراون بە تاوانی خەتەرناک، بێگومان لەبۆ چوونی مافی مرۆڤیشەوە، ئەمە شتێکی خراپە، چونکە جێگای حەپسەکان زۆر قەرەباڵغە، لەبەرئەوە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریان نییە، پێمان باشە ئەگەر بەندیخانەیەکی ناوەندی بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو بەندکراوانەی کە پێیان دەڵێین (موقوف) لەگەڵ ئەوانەی کە حوکم دراون لێک جیابکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین کێ تێبینی هەیە؟ بەڵام تکایە بە چڕی وەکو وتم، بەتایبەتی ئەوە بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لێرەن.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوداواکارییە زۆر لەجێی خۆیەتی وزۆر رەوایە و من تەنیا یەک خستنەسەرم هەیە ئەویش ئەوەیە: ئەگەر لە هەمان کاتدا هەوڵ بدەین بەندیخانەیەک هەم بۆ ژنان و هەم بۆ منداڵانیش جیابکرێتەوە، چونکە بەراستی وەزعی ئەوانیش زۆر خراپە و زۆر خەڵک لە دەرەوە رەخنە لەو وەزعە دەگرن کە ئەو منداڵ و ژنانەی تێدان، بەڵام یەک شتی تر ئەگەر بتوانین بیکەین، ئەویش وابزانم شتێکی زۆر بەکەڵک و باشە کە پاسەوانەکان ژن بن، چونکە هەندێ کاری نارەوا، بەداخەوە لە بەندیخانەکاندا کراوە، من لە برادەرانی ماف پەروەریشم پرسیوە ئەڵێن: بەپێی یاسا هیچ تەگەرەیەک نایەتە رێ بۆ ئەوە کە ژن یاساولی ئەو گیراوانە بن، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ئەنجامی ئەو سەردانەی کە بۆ بەندیخانەی سلێمانیمان کرد و، پێشنیاری خۆمان بە راپۆرتێ بەرزکردەوەو لەگەڵ جەنابی وەزیری دادیش قسەمان کرد و سەریشمان لە دادگای سلێمانیدا بۆ ئەوەی ئەو هەڵاوسانەی (تەضەخومە)ی کە لەنێوان (محکووم و موقووف) پەیدا بووە چارە بکرێ چونکە شتێکی زۆر ناپەسەندە، هەتا خەرجییەکی زۆریش دەکەوێتە سەرحکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەربارەی دوا کەوتنیان و کەڵەکە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە تاونباران کە T.N.T یان تەقاندۆتەوەو بووەتە هۆی کوشتنی (٥٠) کەس، لەگەڵ منداڵێکی بچووک دا گیرابن، ئەمە هیچ رەوای حەق نیە، بۆیە ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە داوامان وایە چارەسەری ئەم بارە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە من وام زانی پێشنیارەکە هی سەرۆکی فراکسیۆنە، کەچی هی کاک سەفەرە، ئەگەر ماوەی بدەنێ تا لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک شێخ عەدنان گوتی ئەم پرسیارەم لە سەرەک فراکسیۆن کردبوو، بەراستی زۆر گرفت هەیە کە هەتا ئێستا بەندیخانەیەکی ناوەندی نییە، هەتا بووەتە هۆی ئەوەی کە چەند تاوانبارێکی حوکم کراو بەسزای قورس رایان کردووە، چونکە گرتوخانەکان زۆر قەرەباڵغن و گیراوی ئاسایی کە بۆ چەند رۆژێک دەگیرێ دەچن لەگەڵ حوکمدراوێکی (٢٠) ساڵی یا (١٠) ساڵی دادەنێن، جگە لەمەش لەوانەیە گرفتی رەوشتی دروست ببێ، چونکە تێکەڵاو بوونی گەورە و گچکە یاریدەی خوڵقانی ئەم جۆرە گرفتانە دەدەن و، لەوانەیە ئەمەش هەبێ هەر حوکم دراوێک مامەڵەکردنی خۆی هەیە و، مافی خۆی هەیە و، دەبێ ئەوانەی بەخنکاندن یان هەتاهەتایە حوکم دراون ئێشک لێ گرتنێکی باشیان هەبێ لەچاو گیراوەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لەسەرەتادا باسمان کرد، ئەم کێشەیە لەبەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا هاتووە کە بایەخی بە دروست کردنی بەندیخانەیەکی ناوەندی بدرێ، چونکە وەک باس کرا زۆر جار سەر لە بەندیخانەکان دراوە و بینراوە حوکمدراو و راگیراو بەیەکەوەن و جێگەیان نییە، بەڵام ئەمە بەراستی پێویست بوو حکوومەت، واتە نوێنەری وەزارەت لێرە بوایە تاکو زیاتر بگەیشتینایە ئەنجامێک. جا من ئەوە پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەکی هاوبەش پێک بێ لە پەرلەمان و لە نوێنەرانی وەزارەت، نوێنەرانی وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە و نوێنەری وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی تێدا بن و لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی لەسەر بکرێ و چارەسەری ئەم گرفتە بکەن، کە چی بکەن باشە؟ ئێستا بۆ نموونە سلێمانی بەندیخانەکەی کەوتۆتە ناو شار، لێکۆڵینەوەیەک هەیە ئەو بینایەی بەندیخانە بفرۆشرێ، چونکە بۆتە ناو بازار، بخرێتە مەزادەوە، کێ ئەیکرێ حکوومەت سوودمەند دەبێ، تاکو گرتوخانەیەکی بەرینی پێ دروست بکات. بەڵام ئەو بەندیخانە بەرینەی گوایا لەرێی دوکانەو بریتییە لە قەڵایەکی گەورە و ئێستا سەربە سەرکردایەتی ناوچەی سلێمانییە، چۆڵ بکرێ، ئەو سجنانە ببەنە ئەوێ و باسی چەند باسێکی ئاوا دەکرێ، بەڵام با لێکۆڵینەوەیەکی بەکردەوە بکەین و بزانین چی بکەین باشە؟. لە کابینەی دووەمی وەزارەت تا ئێستا بۆ ئەم مەسەلەیە چی نەکراوە، ئەو گرفتانەی کە لە سجنەکان روویانداوە هەمووی لەوەوە هاتوون کەچ حوکمدراو وراگیراو، چ منداڵ و ژن هەموو بەیەکەوەن و ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی گەورە و تێروتەسەلی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی هێرۆ خان دەکەم، چونکە پێرێ سەردانی بەندیخانەی ئێستگە (محطە)م

کرد، بەتایبەتی ئافرەتەکان وەزعێکی زۆر نالەباریان هەیە، منداڵی چوار مانگی تا (٥) ساڵییان لەگەڵدایە. نزیکەی (٦٠-٧٠) ژن لەیەک قاوشدان، هەموو باری تەندروستی یان زۆر خراپە، هی وا هەیە (٧) کەسی بریندار کردووە و (٣) کەسی کوشتووە لەگەڵ یەکێک گیراوە کە (تەوقیفە)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوونی بەندیخانەیەکی ناوەندی زۆر پێویستە و برادەرانیش زۆر بەتێروتەسەلی باسیان کرد و، دەبینین زەلامێک ٢٠ ساڵ لەسەر (T.N.T) حوکم دراوە یەکێکیش لەسەر گولە بەرۆژە گیراوە و پێکەوە لە ژوورێکدان، بەرای من بەندیخانەکە بکرێت بەهۆبە هۆبە شوێنی باش و لە بارمان هەیە بۆ بەندیخانە، بۆ نموونە لە سلێمانی یەکێ لەو قەڵایانەی لای سووسێ قەڵاییێکی گەورە هەیە بۆ بەندیخانە لەبارە، لەبەر دوو سێ هۆ، ئەو بەندیخانە زۆر باشە بۆ نموونە: لایەنە حزبییەکان گەر بیانەوێ گیراو برفێنن بواریان نابێ و تکاشم وایە کە ئەو بەندیخانە ئامادە کرا کۆمەڵێ خەڵک و پاسەوانی زۆر باشیان لێ دابنێن و امتیازیان بدرێتێ و بەو مووچەیە نەبێ کە پۆلیسی ناو بازار هەیەتی. چونکە ئەمانە شەو و رۆژ لەوێنە (امتیازاتێکی) وایان بدرێتی کە نەتوانن بیان غەڵەتێنن، سوپاس.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو پێشنیارەی دوێنێ پێشکەش بە کاک فرەنسۆم کرد، دروست کردنی بەندیخانەی ناوەندی زۆر پێویستە خۆم سەردانی بەندیخانەم کرد و هەروەها سەردانی بەشی کاروباری کۆمەڵایەتی تەندروستیم کرد، مەبەست لە گرتنی حوکمدارو چارەسازکردنییەتی، نەک کۆمەڵێک گیراو وحوکم دراو تێکەڵ بکرێن، بەراستی ئەم وەزعە بووەتە قوتابخانەیەک بۆ فێرکردنی تاوان، بەندیخانەکە هیچ مەرجی تەندروستی تێدا نییە، بۆیە دەڵێم پێویستە گرتوخانە پۆلێن بکرێ حوکم دراو بەجیا و هەر جۆرە حوکمدراوێکیش بەجیا بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو دەردەکەوێ گفتوگۆکە بۆ ئەوە دەچێ کە لیژنەیەک پێک بێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە، بە بۆچوونی ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی، مادام رای برادەران بەرامبەر بەم گرفتە، پێکهێنانی لیژنەیەکە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار بکەین بایەخ بەمەسەلەی بەندیخانە بدەن، دەبێ ئەو لیژنەیەش بەکاری خۆی هەستێ و لێکۆڵینەوەیەک ئامادە بکات.

**بەڕێز سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پەرلەمان لەم بابەتە بکۆڵێتەوە و ئێمەش لێرە بڕیاری لەسەر بدەین، ئەو کاتە دەسەڵاتی

راپەڕاندن کە حکوومەت جێبەجێ کردنی لە ئەستۆیە، هەروەها دەربارەی خاڵی سەربازگەکان واتا: ئەم کەمپانەی کە هەن، ئەمانەش لە راستیدا پێویستیان بەلێکۆڵینەوە هەیە، ناکرێ هەریەک لێرە هەستێ لەخۆیەوە قسە بکات لەگەڵ ریزم بۆیان، چونکە هەندێکیان لێکۆڵینەوەیان، تۆژینەوەیان هەیە، بەڵام زۆر کەس لە خۆیەوە قسە دەکات بەبێ ئەوەی لەسەر بناغەیەک بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس دکتۆر، بابەتەکە بەو شێوەیە پێک بێ و پەرلەمان ئامادەی بکات و دەیخەینە گفتوگۆوە. دەگەڕێینەوە بۆ هەمان بابەت گەر ئەو لیژنەیە دروست بوو با لێکۆڵینەوەی خۆی بکات و ، ئەو لێکۆڵینەوەیەش دەدەرێ بە ئەندامانی پەرلەمان، با گفتوگۆی لەسەر بکەن، بابەتەکە دەدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە روونە، گفتوگۆکان بەرەو کوێ دەچن.

**بەڕێز عەبدولکریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر مەبەست لیژنە بێ، لیژنەی ناوخۆ و کۆمەڵایەتیمان هەیە ئیشی خۆیانە، وەزارتەکانیش تایبەتمەندن بەوانە، وابزانم هەر لە ئێستاوە داوایان لێ بکەین ودوایی، دوو لەمان و دوو لەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رازین لیژنەیەک پێک بێ و دەست بەئیش بکات؟ چونکە(٢٠-٣٠) برادەر ناویان نووسیوە تا قسە بکەن.

**بەڕێز عەبدولکریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دامەزراندنی لیژنەکە کارێکی زۆر باشە و ئەرکی ئەو لیژنەیەش بەدواداچوونی وەزارەتی تایبەتمەندیشە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من قسەیەکم لەسەر تازە بابەت هەیە، کە سەرۆکایەتی گوتی و، دکتۆر سەلاحیش گەرایەوە سەری، ئەم تەرتیبەی تازە بابەت کە هەیە ئێمە تا ئێستا وا رۆیشتووین، لەبەر ئەوە لەوانەیە کاک دکتۆر نەزانێ ئێمە لە فراکسیۆن لەو بابەتەمان کۆڵیوەتەوە، ئەمە یەک، دووەمیان، دوو لیژنە هەنە کە پێوندییان بەمەوە هەیە:

١- لیژنەی ناوخۆ، ٢- لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی. لیژنەیەکی تێکەڵ لەم دوو لیژنەیە پێک بێت وابزانم جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کە لیژنەکە لێکۆڵینەوەیەکمان بۆ دەکات هەرچی پێشنیارێک هەیە ئەو کاتە دەدرێت بەو لیژنەیە

که وەک گوتمان لیژنەی کۆمەڵایەتییەو بەرپرسیارە بەرامبەر بەم بابەتە و لەناو پەرلەمانە، هەروەها لیژنەی ناوخۆیش بۆ مەسەلەی تۆژینەوەو گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتدا، لەوانەیە لیژنەی داراییشی تێدا بێت و لەوانەیە لیژنەی یاساشی لەگەڵدا بێ. بەڕای من ئێمە دەبێ قسە لەگەڵ نوێنەری هەردوو فراکسیۆن بکەین، ئەو کاتە شێوازێک دەدۆزینەوە بۆ پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، تاکو هەموو لایەک بەشدار بن لەم بابەتەدا.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم یەکێ لە برادەرانی مافی مرۆڤیشی تیادابێ، بەراستی من دووسێ جار لەگەڵ وەزیری داد قسەم کردووە و، وەزیری دادیش دوو سێ لیژنەی دروست کردووە و پشکنینێکی زۆریشیان کردووە لەسەر ئۆردوگاکان و پارەیەکی زۆری دەوێ، یەکێ لەو ئۆردوگایانە(٥) ملیۆنی گەرەک بووە، بۆ ئەوەی بکرێتە بەندیخانە، یەکێکی دیکەیان (٢) ملیۆنی پێویست بوو، لەبەر ئەوە، ئەم بابەتە ئەگەر مافی مرۆڤیشی تێدابێ، وابزانم دەتوانێ یارمەتیان بدات، بۆ ئەوەی ئەوپێشنیارانە جێ بگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤمان نییە، دەمێنێتەوە لەسەر گرووپەکان خۆیان چەند برادەرێک دەستنیشان بکەن باسیفەتی مافی مرۆڤیان لەسەر بێ، ئەگەر لەدەرەوەی پەرلەمان هەیە، ئەوە گرفت نییە بەبۆچوونی من دوای ئەم دانیشتنە لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن وتووێژێکی گچکە بکەین، بەڵام وەک بنەما هەقە (٤) ئەندامی ئەو لیژنە هەمیشەییانەی ناو پەرلەمانی تیابێ، بەتایبەتی (کۆمەڵایەتی، ناوخۆ، دارایی)، نازانم ئەگەر لیژنەی یاساشی تیا بێ چۆنە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەداخەوە من حەزم دەکرد خاوەنی پێشنیارەکە لێرە بوایە، چونکە هەم خاوەنی پێشنیارەکە بوو، هەم خۆی زیاتر لە واقیعەکەدا دەژی. لەراستیدا من بەش بە حاڵی خۆم حەزدەکەم ئەوەی ئۆردوگای زۆرەملێ بێ نەمێنێ، هەر خانووەکانیش نەمێنن، بەڵام واقیعێکە و بەسەرماندا سەپێندراوە، ئێستا ئۆردوگای هەیە لە ناوچەی گەرمیان وەک ئۆردوگای (صمود) خەڵکێکی زۆری تێدایە، ئێمە نیزامی ئەنجوومەنی (دێهات)مان نییە و نە بەڕێوەبەرییەکانی لێیە. دوێنێ لە تەلەفزیۆن بەڕێز کاک مەسعودم دی لە گەشتێکیدا خەڵک سەردانیان کرد بۆ هەمان مەبەست، هەتا یەک لەوانە گوتیان ئۆردوگایەک لە ئۆردوگاکان، خەڵک خۆیان (١٨) کەسیان هەڵبژاردووە کە حاڵی خۆیان بەڕێوەببەن. من داوا لەسەرۆکایەتی دەکەم کە ئەنجوومەنی وزەیران ئاگادار بکات بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی وا بکەن بەڕێوەبردنێک بۆ ئەو ئۆردوگایانە دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەم پێشنیارە، لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار دەکەین، هەر کاتێک وەڵامیان هاتەوە ئاگاداری ئێوەش دەکەینەوە، وابزانم ئەم بابەتە چ گفتوگۆی لەسەر نەکەین، چونکە باشترە بەو شێوەیە بێ، بەمە بەرنامەی ئەمڕۆمان تەواو بوو، ئەگەر فراکسیۆنەکان یاخود لیژنەکان لەئیشوکاری خۆیان بەردەوام دەبن بۆ دانیشتنی ئاسایی ئێمە بە برووسکە لەڕێی فراکسیۆنەکانەوە ئاگادارتان دەکەینەوە کە دانیشتنی داهاتوومان کەی دەبێ، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

١- کۆمەڵە: کۆمەڵە کەسێکە سیفەتێکی هەمیشەییان هەیەو بریتین لە چەند کەسێکی ئاسایی یان مەعنەوی بۆ مەبەستێک کە قازانجی ماددی تێدا نەبێ.

٢- هەموو یانەو ڕێکخراو یەکێتی و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و سەندیکاو دەزگای خێرخواز، کۆمەڵەن و حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە. تەنیا مەگەر ڕێکخراوەکەی یاسایێکی تایبەتی بیگرێتەخۆ.

٣- ئەگەر کۆمەڵە مەبەستێکی زانستی یا کۆمەڵایەتیی یا پیشەیی یا هونەریی یان وەرزشیی یان خێرخوازیی یان سوودێکی گشتیی هەبوو لەو کاتەدا ئەو کۆمەڵانە بەو پێیە پۆلین دەکرێن و هەریەکەیان بەپێی مەبەستی خۆی.

**ماددەی دووەم:**

١- ئەو کۆمەڵەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێن کەسیەتیەکی مەعنەویی دەبێ و دەتوانێ هەموو کارو چالاکییەکی خۆی بنوێنێ و بۆی هەیە ماڵ و موڵکی گوێزراوەو نەگوێزراوەی لە پێناوی بەدی هێنانی مەبەستەکانی خۆی هەبێ.

٢- کۆمەڵە ناتوانێ ببێتە کەسیەتییەکی مەعنەوی تاکو پێڕەوی ناوخۆی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا لەسەر داوای خۆی بڵاونەکرێتەوە.

**ماددەی سێ یەم:**

سەرۆک یا ئەو کەسەی کە دەستەڵاتی پێ دەدات نوێنەرایەتی کۆمەڵە دەکات لەبەردەم دادگا و لایەنە ڕەسمی و نارەسمییەکاندا.

**ماددەی چوارەم:**

ئامانجەکانی کۆمەڵە دەبێ ئەم مەرجانەیان هەبێ:

١. دەبێ ئاشکراو روون و شەرعی و رەوا بێ.
٢. خزمەتی کۆمەڵێکی دیاری کراوی گەلی کوردستانی عێراق بکات.
٣. نابێ کەرتکاریی و جیاوازی رەگەزەیی و ئایینی و مەزهەبی بکاتە ئامانج.
٤. نابێ لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ناگونجاو بێت.
٥. نابێ دژی دابو دەستووری گشتیی و رەوشت بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە کۆمەڵە رێبازو هۆی دیموکراتی و ئاشتیی بگرێتە بەر بۆ بەدی هێنانی مەبەستەکانی بەپێی یاسای رەچاوکراو.

**ماددەی شەشەم:**

کۆمەڵە مافی کۆبوونەوەو خۆپیشاندان ومانگرتن و میهرەجان و ئاهەنگ سازدان و پەیدا کردنی هۆیەکانی راگەیاندنی بەپێی یاسا پەیرەوکراوەکان هەیە.

**ماددەی حەوتەم:**

بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە مەرجە داوایەک پێشکەش بەوەزیری ناوخۆ بکرێت لەلایەن ئەندامە دامەزرێنەکانەوە ئیمزاکرابێ، بەمەرجێ ژمارەیان لە «١٥» ئەندام کەمتر نەبێ و هەموو بەپێی یاسا شیاو بن و پێرەوی ناوخۆی پێوەلکابێ و ئەم زانیارییانەی تێدا بێت:

١. ناوی کۆمەڵەکەو مەبەست لە دامەزراندنی و، مەڵبەندنی بەرێوەبردنی و دەبێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بێت.
٢. ناوی هەموو ئەندامە دامەزرێنەرەکان و نازناو و رەگەزنامە و پیشەیان و شوێنی دانیشتنیان و بروانامە و پلەی زانستیان.
٣. مەرجەکانی ئەندامێتی و نەمانی.
٤. سەرچاوەکانی دارایی کۆمەڵە.

٥- ئەو دەستانەی کە نوێنەرایەتی کۆمەڵە دەکەن و کاروباری هەڵسووڕاندنی دەگرنە ئەستۆ و تایبەتمەندیی هەر یەکێکیان و ڕێگای هەڵبژاردن و کۆتایی پێ هێنانیان.

**ماددەی هەشتەم:**

١- دەبێ وەزیری ناوخۆ لەماوەی «٣٠» ڕۆژ لەمێژووی تۆمارکردنی داواکە لە وەزارەت بڕیارێک لەبارەیەوە بدات.

٢- وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ئەگەر داوای دامەزراندنەکە مەرجی یاسایی تەواوی تێدانەبوو، بیگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی دامەزرێنەران لەو ماددەی کە لەبڕگە «١»ی سەرەوەدا هاتووە بۆ تەواوکردنی نا تەواوییەکانی و لەگەڵ ڕۆژی پێشکەش کردنەوەی داواکەش ماوەی سەیرکردن و بڕیار لەسەردانی یا نەدانی دەست پێ دەکات.

٣- کاتێک کە داواکە لایەک بەلایەک نەکراو ئەو ماوەیەی کە لە بڕگە «١»ی سەرەوەشی بەسەردا تێپەڕێ. ئەوە بەپێی یاسا داواکە بەپێی یاسا پەسەندکراوە.

٤- ئەگەر وەزیری ناوخۆ داوای دامەزراندنەکەی لەبەر هەر هۆیەک ڕەت کردەوە، ئەوا ئەندامانی دامەزرێنەر بۆیان هەیە لەماوەی ١٥ ڕۆژ لە پێڕاگەیاندنیان بڕیاری ڕەتکردنەوەکە تەمییزبکەن لەلای دەستەی باڵای دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەو کاتە بڕیاری دادگا دوا بڕیارە.

٥- ئەو کارانە لەکاتێکش دا دەکرێن کە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەیەکی مۆڵەتدارو هەموار بکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

داراییی کۆمەڵە لەمانە پێک دێن.

١- ئابوونەی بەشداربوونی ئەندامان.

٢- ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان.

٣- بەخشیش و دەست و دیاری و پیتاک و پارەکۆکردنەوە و لە قەبەڵ کردن لە

لایەن کەس و لایەنی دیکەوە.
٤ـ دەستکەوتی دیکە کە کۆمەڵە لە ئەنجامی چالاکی و خستنە مامڵەتی پارەکانیەوە چنگی دەکەوێ.

**ماددەی دەیەم:**

١ـ کۆمەڵە ماڵ و دارایی خۆی بۆ خۆی بەڕێوەیان دەبات لە ڕێگەی بوودجەی ساڵانەی کە بەپێی سیستەمی ژمێریاری کە لەلای فەرمانگە ڕەسمییەکانی هەرێم پەیڕەو دەکرێ ڕێک دەخرێ و جێبەجێ دەکرێ.
٢ـ هەموو حساباتێکی کۆمەڵە دەکەوێتە بەر چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی یازدەیەم:**

پێویستە لەسەر هەر کۆمەڵەو لقەکانی ئەم تۆمارانەی خوارەوە ڕێک بخات و، بەمەرجێ لەلای دادنووس (کاتبی عەدل) تەسدیق کرابن.
١ـ تۆماری ئەندامان: ناوی ئەندامانی کۆمەڵە و ناونیشان و تەمەن و ڕەگەزنامەو پیشەو بڕوانامەی زانستی و هەونەربی و مێژوویی هاتنەناو کۆمەڵەی تێدا تۆمار بکرێ.
٢ـ تۆماری بڕیارەکان: و ئەمەش هەموو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و دەستەی گشتی تێدا تۆمار دەکرێ و لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەوە ئیمزا دەکرێن.
٣ـ تۆماری ژمێریاری و هەموو داهات و خەرجییەکی تێدا تۆمار دەکرێ.
٤ـ تۆمار ی کەلوپەل و ماڵ و هەرچی موڵکی کۆمەڵەبێ لە کەل و پەل و موڵک و ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوەی تێدا تۆمار دەکرێ.

**ماددەی دوازدەیەم:**

دەستەی گشتیی کۆمەڵە بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی دوای ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆمەڵەکە هەڵوەشێنێتەوە.

**ماددەی سێزدەیەم:**

دەشێ کۆمەڵە بە بڕیارێکی دادگای بەرایی (بیدائە) هەڵوەشێتەوە دوای بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی، ئەمەش لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ یان ئەوەی دەسەڵاتی پێ دەدات دەبێ و لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- ئەگەر ساڵێک بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا ڕەت بوو بوو، دەستی بەو کارانەی نەکردبوو کە لەپێڕەوی ناوخۆیدا هاتوون، یان بەبێ هۆ لە جێبەجێکردنی کارەکانی وەستابوو.

٢- ئەگەر لە چالاکییەکانیدا لەو هۆیانەی لادا کە لەماددەکانی «چوارەم و پێنجەم»ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٣- ئەگەر کۆمەڵە نەیتوانی بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ یاخود پارەکەی خۆی، یان قازانجی پارەکانی بۆ غەیری ئەو ئامانجانە تەرخان کرد بۆی دروست بووە.

٤- ئەگەر چەک و تەقەمەنی لە مەڵبەند یا لە یەکێک لە لقەکانی خۆی دا عەمبار بکات.

**ماددەی چواردەیەم:**

١- دادگا بەگورجی سەیری داوای هەڵوەشاندنەوەکە دەکات و بڕیارەکەی لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان دا لەماوەی هەفتەیەک لە مێژووی دەرچوونیەوە بڵاو دەکاتەوە، ئەوەی مەغدووره بۆی هەیە ئەو حوکمە لەلای دەستەی باڵای دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لەمێژووی بڵاوکردنەوەی تەمییزی بکات.

٢- ئەگەر دادگا داواکەی هەڵوەشاندنەوەی ڕەت کردەوە، ئەوە بۆی هەیە کرداری تانووت لێدانەکە لەکار بخات.

**ماددەی پازدەیەم:**

کاتێک کۆمەڵەکە هەڵوەشێنرایەوە، پاکتاو کەرەوەیەک یان زیاتری بۆ دادەنرێ و، ئەم دانانەش دەستەی گشتیی کۆمەڵە دەیکات ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکە بە

ئارەزووی خۆیان بێ. یاخود دەستەی گشتیی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق دایدەنێ ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکە قەزایی بێت و دادگای بەرایی «بداءە»ش هەر ئەو دەمە دەستی بەسەر دادەگرێ تاکو پاکتاوەکەی دەکرێ.

**ماددەی شازدەیەم:**

دوای تەواکردنی پاکتاوکردنەکە، پاکتاوکارەکان دەست دەکەن بە دابەش کردنی ئەو پارانەی کەماون بەپێی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە. ئەگەر بۆ ئەمەش دەقێک لەناو ئەو پێڕەوەدا نەبوو، یاخود هەبوو، بەڵام رێگەی دابەش کردنەکەی لەتوانا بەدەربوو، لەو کاتەدا ماڵی ئەو کۆمەڵە هەڵوەشێنراوەیە بۆ ئەو کۆمەڵەیە یان ئەو کۆمەلانەی کەئامانجیان نزیکە لە ئامانجی یاخود دەدرێت بە هەر لایەنەکی خێرخواز کە ئەنجوومەنی وەزیران دەستنیشانی دەکات.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

١ـ وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە کە لەهەر لادانێکی یاسایی کۆمەڵە ئاگادار بکاتەوە.

٢ـ کۆمەڵە بۆ هەیە ئیعتزار لە بڕیاری وەزیری ناوخۆ بگرێ لەبەردەم دەستەی گشتیی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی ٣٠ رۆژ لە پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە.

**ماددەی هەژدەیەم:**

١ـ هەموو بڕیارێکی دەستەی گشتیی کە لەگەڵ یاساو پێڕەوی ناوخۆ دروست نەبێ و یا هەرکارێکی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە و ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردنی لقەکان بیکەن و لەسنووری کاری خۆیان دەربچێ یاخود نادروست بێ لەگەڵ حوکمەکانی یاسا و پێڕەوی ناوخۆ یان بڕیارەکانی دەستەی گشتیی، دەشێ بە حوکمی دادگای بەرایی «بداءة» کە مەڵبەندی گشتیی کۆمەڵە سەر بە ئەوە، لەسەر داوای کەسێکی خاوەن بەرژەوەند هەڵوەشێنرێنەوە. ئەمەش لەماوەی ٦٠ رۆژ لەدەرچوونی بڕیارەکەوە دەبێ، یاخود لەرۆژی دەست

بەکاربوونەکەیەوە. ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە هەمووی تەنیا لەگەڵ مافی شارستانییدا دەگونجێ.

٢- ناتوانرێ داواکردنی بەتاڵ کردنەوە ئاراستەی کەسانی نیاز پاک بکرێ، ئەوانەی کەهەندێ مافیان چنگ کەوتووە لەسەر بنچینەی بڕیارو کارە تا نووت لێدراوەکان.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

نابێ کۆمەڵەی سەربازیی یا نیمچە سەربازیی ناحکوومەتی دابمەزرێ هەروەها نابێ کۆمەڵەی پیشەیی پێک بهێنرێ، تەنیا مەگەر لەو کەسانە دابمەزرێ کە هاوپیشەن.

**ماددەی بیستەم:**

کۆمەڵە لە رەسمی دامەزراندن و لەرەسمی تەسدیق کردنی تۆمارەکانی دەبووردرێ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

هەر ئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن بەڕێوەبردنی کۆمەڵەو ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردنی لقەکانی بەلێ سەندنی گوژمە(مبلغ) پارەیەک سزا دەدرێ بەمەرجێ لە ٥٠٠ دینار زیاتر نەبێ و لە ١٠٠ دیناریش کەمتر نەبێ.

١- ئەو تۆمارانەی رێک نەخست بێ کە لەم یاسایەدا هاتوون و گوێی بە مەرجە دیاری کراوەکانی نەدابێ.

٢- ئەگەر لایەنی تایبەت بەو کاروبارانەی ئاگادار نەکردبێتەوە کە بەپێی یاسا دەبێ پێی رابگەیەنرێ.

٣- ئەگەر ئەندامێکی وەرگرت بێ و مەرجی ئەندامێتی بەپێی پێڕەوی ناوخۆی لێ نەیەتە جێ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

١- پێویستە لەسەر ئەو کۆمەڵانەی کە هەنە باری خۆیان لەماوەی ٦ مانگ

لەرۆژی بەکارکەوتنی ئەم یاسایە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بگونجێنن.

٢ـ هەر کۆمەڵەیەکی کە خۆی بەخوکمی برگە «١»ی ئەم ماددەیە نەبەستێتەوە بەپێی یاسا بە هەڵوەشاوە دادەنرێ.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

کاروباری رێکخراوە کوردستانییەکانی کە لەبوواری یارمەتیدان و ئاوەدانکردنەوە کار دەکەن، بەپێی یاسایێکی تایبەت رێک دەخرێن.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

بەهیچ دەقێکی تر کار ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە بۆ ئاسانکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە رێنمانیی پێویست دەربچوێنێ

**ماددەی بیست و شەشەم:**

دەبێ وەزیر ە تایبەتەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمی دا کاری پێ دەکرێ

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**